رۆمان

# دووره وڵات

نووسینی: ع. قاسمۆف
گۆڕینی له فارسییه‌وه: حه‌مه‌که‌ریم عارف
٢٠٠٠

*- ناوی کتێب: دووره وڵات
*- بابەت: رۆمان
*-نووسەر: ع.قاسمۆف
*- وەرگێڕ: حەمه کەریم عارف
*- پیتچنین: رزگار حەساری
*-چاپی یەکەم : ۲۰۰۰

# فەسڵی یەکەم

ڕۆژی یەك شەممەیەكی زستان بوو، پیرەمێردێك بە سەتڵە شكاوێك‌و فڵچەیەكی ئەستوورەوە هێدی هێدی بە شەقامەكانی "تریست"دا دەگەڕا، ردێن هاتوو، دەموچاوی تاوەسووتی لەبەر چڵكنی هێندەی دی ڕەش هەڵگەڕا بوو، بێتاقەتی لە سیمای دەباری. بەبێ تاقەتییەوە سۆڵە شڕەكانی بە نێو قوڕەلیتەی ئاوێتەی بەفرا بكێش دەكرد، گەییشتە شەقامی "سانت ژاكوب"ی گەڕەكی كرێكاران، لە بەردەم دینگەیەكدا وەستا، فڵچەكەی بە سەتڵەكەدا كرد، هەندێ كەتیرەی لە بەردێكی ساف‌و ڕێكی دینگەكە هەڵسوو، ئیعلانێكی پێوە چەسپاند.

ئیعلانەكە بە هەردوو زمانی ئەڵمانی‌و ئیتاڵی نووسرابوو، بە خەڵكی "تریست"ی ڕادەگەیاند كە خەڵاتێكی سەد هەزار ماركی بۆ دەستگیركردنی میخائیلۆی پارتیزان، تەرخان كراوە.

بەردەم ئیعلانەكە قەرەباڵغ بوو، غەڵبە غەڵبی سەرسامی گەییە گوێ.

– ئۆ! سەد هەزار!

– بەڵێ! كەم نییە...

– ئافەرین، میخائیلۆ!

– سەد هەزار مارك بە خۆڕایی هەڵناڕێژرێ، دیارە چاكی تەزاندوون.

– بزانە چۆن دەستیان لە خۆ بەرداوە!.

كابرای پیرەمێرد بە خەمساردییەوە چاوێكی پێدا گێڕان‌و كەوتە ڕێ.

هەموو شەقامەكان پڕ بوون لەم ئیعلانە. دیواری ماڵان، قەدی درەختان، بێڵاو باڵەخانەی شار، چەپەرو تەیمانی باخان، جامخانەی موغازە بەتاڵەكان، جامی پاس‌و تراموای، دامودەزگای بەندەرەكان‌و تەنانەت كەلاوەی هۆڵی كەوناری شانۆی شاریش سەرو ئیعلانیان پێوە هەڵواسرا.

خەڵكی شار ئیعلانەكەیان دەخوێندەوەو هەوڵیاندەدا سیمای میخائیلۆ لەبەر چاوی خۆ بەرجەستە بكەن، كێیە؟ كوێندەرییە؟ چتۆ قەدو قەڵافەتێكی هەیە؟... نیشانەكانی سەر ئیعلانەكە كەم‌و ئاڵۆز بوون: "باڵا نەختێ لە ناوەنجی بەرزتر، ڕەشتاڵە، پێڵووی چاوی كەمێك هەڵماساو، چاو رەش، ناوەڕاست چەناگە هەندێ چاڵ..."

لە هەندێ شوێندا ئیعلانەكەیان لە پاڵ بڵاوكراوە سوپاییەكانی ئەڵەمانەوە هەڵواسیبوو، بڵاوكراوەكان، باسی پێشڕەوی هیتلەرییانی لە بەرەی ڕۆژهەڵات‌و داگیركردنی شارانی لەلایەن هیتلەرییانەوە دەكرد. بەڵام ئیعلانەكە بە ئاشكرا لاف‌و گەزافی نێو بڵاوكراوەكانی بە درۆ دەخستەوە.

دوو ڕێبوار، یەكێكیان پیاوێكی دەستە باڵا، دەموچاو باریك‌و ماندوو، ئەوی تریان پیرەمێردێكی لاوازی پشت چەماوە بوو، لەبەردەم ئیعلانەكەدا وەستان. پیرەمێردەكەیان چاوێكی بە ئیعلانەكەدا خشاند، بە دەم بزەیەكی تەوسامێزەوە گوتی:

– بەڵێ "... تۆ چ دەڵێی! ئەگەر نازییەکان ڕاستدەکەن‌و ئەو هەموو فەتح‌و فتوحەیان لە بەرەی ڕۆژهەلاَت دا کردووە، بۆ لە چەند پارتیزانێك، لە تاقە میخائیلۆیەك دەترسن‌و دنیایان لێ بووە بە چەرمی چۆلەکە؟

کابرای دی، شانەکانی هەڵتەکاند، بە هەمان نەزمی هاودەمەکەی گوتی:

– ڕاستدەکەی. خەڵکی بە چ باوەڕ بکەن، بە بلاَوکراوەکان یا بە ئیعلانەکە... من بە خۆم گوێم لە رادێو بوو کە ڕووسەکان حەشر بە ئەڵمانەکان دەکەن...

پیرەمێردەکە بە ترس‌و دوو دڵییەوە ڕوانییە دەوروبەری خۆی، لەبن لێوانەوە بە هاودەمەکەی گوت:

– گوتت بە چ باوەڕ بکەن؟ کەسێ خۆی خەشیم نەکا، بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ... هەفتەی پێشوو لەشکرێکی "SS" بۆ ئیسراحەت لایان دابووە "سوزانا"، لە پڕ هۆڵی سینەماکەی وێندەریان بەسەردا تەقییەوە. دەڵێن هەشت دانە سەعاتی خشت هەر جەنازەی هیتلەرییانیان لە بن دارو پەردوو دەرهێناوەتەوە... با چیدی کەس بەم قسانە باوەڕ نەکات....

کابرای دەستە بالاَ، ئای لە خۆشیا بوو ئای لە ترسا بوو، هاواری کرد:

– ئەمە کاری میخائیلۆیە!

پاشان هەمدیس چاوی بە ئیعلانەکەدا گێڕاو لەسەری ڕۆیی:

– باشە بەم نیشانانە دەدۆزرێتەوە!

کابرای پیرەمێرد بە دوو دڵییەوە پرسی:

– حەز دەکەی بیدۆزیتەوە ؟

کابرای دەستە بالاَ بەدەم زەردە خەنەوە وەلاَمی دایەوە:

– زۆر....

ئەوجا بە ئاستەم لێوی لەبەر یەك هەڵێنان‌و بە چپەوە گوتی:

– دەمەوێ ئەو دەستانەی بگوشم.

ئەفسەرێکی شیك پۆشی ئەڵمانیا، جانتایەکی چەرمی بە شانیا کردبوو، هاتە بەردەم یەکێك لە ئیعلانەکان. یەخەی پاڵتۆکەی هەڵدایەوە، دەفتەرێکی یادداشتی لە بەرکی دەرهێناو بەکاوەخۆ کەوتە نووسینی نیشانەکانی پارتیزانەکە.

لە پشتەوە دەنگێکی تەوس ئامێزی بەرگوێ کەوت:

– جەنابی مولازم ئەوەل، دەتەوێ سەد هەزار مارکەکە حەلاَڵ بکەی؟

مولازم ئەوەلەکە بێوەی ئاوڕ بداتەوە، بە هێمنی وەلاَمی دایەوە:

– بۆ نەء جەنابی مولازمی دووەم.

دەفتەرەکەی داخست، خستییەوە بەر باخەڵی و ڕووی کردە ئەفسەرە لاوازەکە، هێندە باریك و بنێس بوو دەتگوت لەقلەقە. ئەفسەری نێو براو بەسەرسامی‌و خێرا گوتی:

– ببوورە جەنابی مولازم ئەوەل، چۆن دەرەجەکەمت زانی؟

مولازم ئەوەلەکە بە خۆ پەسندییەوە بزەیەکی کردو چاوێکی بە شەقامەکەدا گێڕاو گوتی:

– لێرەدا مرۆڤ دەبێ پشتی سەری خۆیشی بدینێ. ئەمەت قەت لە بیر نەچێ!

مولازم دووەمەکە هێشتا هەر سەرسام بوو: ئەقڵی بەوەدا نەشکا کە مولازم ئەوەڵەکە، ئەستێرەکانی سەرشانی ئەوی لە نێو مەڕمەڕی دینگەکەدا دیتون.

مولازم دووەمەکە بە پەلە گوتی: "هایل هیتلەر" و ڕۆیی.

مولازم ئەوەڵەکە بزەیەکی تەوس ئامێزی کردو قەدەرێك لە دواوە سەیری کرد.

مولازم ئەوەڵەکە بەژنی لە مام ناوەندی بەرزتر بوو، چوارشانە، تەمەنی ٢٥ ساڵێك دەبوو، ڕەشتاڵە، پێڵوی چاو نەختێ هەڵماساو، چاوانی ڕەش، چەناگەی هەندێ چاڵ بوو. تەواوی نیشانەکانی ناو ئیعلانەکە لەودا هەبوون، ئەگەر هەندێ خۆپەسەندیو فیز نەنیشتبایە سەر سیمایوسیمای تاریك نەکردبایە، لەوە بوو زۆر کەس گومانی لێبکەن.

مولازم ئەوەڵەکە باوێشکێکی داو سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد.

لەلای ئەوەوە هێڵی قەراخ کەنارە بەرد ڕێژەکە دەبینرا. کەشتییەکان لوتیان نابوو بە کەنارەکەوە. کەشتییە جەنگییەکان لولەی تۆپو پەدافەندەکانیان کردبووە هەوا. ئەپارتمانی پارێزگاو ئوتێلی "ئەکسلسیو" کە لە ڕۆخی کەنارەکەدا چوو بوون بە هەوادا، لە دوورەوە چەشنی سێبەرو تارمایی دەهاتنە بەرچاو.

هەوای ئەو ڕۆژە –بۆ مانگی یەك– یەکجار گەرم بوو.... ئاسمان سپی واڕو زستانی، بەڵام ساف بوو، تیشکی هەتاو بە سەخاوەتەوە خۆی دەگەیاندە هەموو شوێنێ: شاری گەورە کە داساسا دەوری کەنارەکەی دابوو، ماڵەکان، کۆشکەکان، کڵێساکان، مۆزەخانەکان، ئوتێلەکان، کارخانەی ترومبێل سازیو چنین کاری قەراخ شار، کەشتی لەنگەرگرتووی کەنداوەکان، هێڵی ئاسنی نێوان "ئوپچینا"و ناوەندی شار، هەر هەموو لەبەر تیشکی ئارام بەخشی هەتاودا هەڵاژا بوون.

ترامواییەکی سەوزی چکۆڵە. عەینی گەمەو یاری منداڵان، بەوێدا هەڵدەگەڕاو، دادەگەڕا، بە تاقە سەرنجدانێکی تەلارەکان، تێکەڵو پێکەڵیو ناڕێکی شێوازە جۆراوجۆرەکانی تەلارکاری بەدی دەکران، شێوازی ڕۆمانی، بورجی گوتیك، سەردەری بیزانسی، کۆنە کڵێساو ئاپارتمانی شەش پاڵۆییو شووشەیی تێکڕا بە ئاسوودەییو هێمنی سەریان نابوو بە یەکەوە.

مولازم ئەوەڵەکە سەیرێکی سەعاتەکەی سەردەستی کرد، پێدەچوو، نەزانێ چۆن کاتەکە بقەتێنێ، بۆیە هێدی هێدی قەدبڕ بە مەیدانێکدا ڕەت بوو.

دەستە پاسەوانێکی "S,S" بە تەنیشتیا ڕەت بوون، ترێلەیەکی پڕ لە کرێکاری شەکەتو ماندوو کە دوو سەربازی ئیتاڵی پاسەوانیان بوون، بە تەقە تەق ڕەت بوو. ڕاهیبەیەکی لاوازی جبەڕەشیی سەراپا دوگمە داخراو هەنگاوی وردی بەگژ شەقامەکەدا دەکرد. ڕیزێکی درێژی ژنان لەبەر دوکانچەیەکی ئازوقە فرۆشیدا نۆرەیان گرتبوو. جووتیارو دێهاتییان بە جلی تەپۆتۆزاوییو هێدی هێدی بەسەر شۆستەکاندا دەڕۆیشتنو دەیانڕوانییە ژمارەی خانوەکان. چەند ترومبێلێکی "فیات"ی بریقەدار لەبەردەم کۆشکێکی گەورەدا چاوەڕێی خودانی خۆ بوون.

مولازم ئەوەلەکە زوو بە زوو گەییە گەڕەکە کرێکارنشینەکانی شار. خانوو وەمەیخانەکانی ئێرە هەموو بە بەردو کەرپوچ دروست کراون، چونکە لە "تریست"دا دارو تەختە یەکجار گرانن.

تەنکە بەفرێکی پێشێل کراو بەرە بەرە دەتوایەوەو شەقامەکە چەو رێژەکەی دادەپۆشی...

هەر چەندە ڕۆژی یەکشەممەو تەعتیل بوو، بەڵام چ جۆش‌و خرۆش‌و قەرەباڵغییەکی تایبەتی لە شارا هەست پێنەدەکرا: تەنیا لە مەیخانەکانەوە غەڵبە غەڵب‌و دەنگی بەرز بە گوێ دەگەیین. لە چیغەکانەوە یا لەو ڕایەڵە زنجیرانەی بەر مەیخانەکانەوە کە لە بری دەرگا دانرا بوون، زەوی تاریک‌و شێدارو ئاوپرژێنکراوو مێزی ڕووتی کرێکار لە دەور خڕەوەبوو، دەبینرا. فەوجێك لە هیتلەرییەکان بە شڵپەشڵپی پۆستاڵی ناڵچە کراوەوە بێدەنگی شەقامەکەیان شڵەقاند، وەختێ کە ئەوان ڕەت بوون دووبارە کپی‌و بێدەنگی باڵی بەسەر شەقامەکەدا کێشایەوە.

دەوروبەری بازاڕەکە قەرەباڵغترو جەنجاڵتر بوو.

دەیان دەست بەرەو مولازم ئەوەلەکە درێژکران، پەیکەری بزن‌و فیل کە وەستایانە لە دارو تەختە دروست کرا بوون، دەموچاوی بەرجەستە، کە لە تەپەدۆرو بە ئەندازەی ناو لە پێ چێ کرابوون‌و زۆربەیان دەموچاوی پیاوێکی قەڵەوی کەپوو سووریان دەنواند کە پەرداخێ بیرەی لە لێوە شۆڕەکانی نزیك دەکردەوە، بە بەرچاویا ڕەت بوون. مولازم ئەوەلەکە گەییە ناوەندی شار.

دیارە شار لە بەهارو هاوینا جوان‌و رازاوەترە: بە تۆ بی نە بە بخۆی نە بخەوی هەر سەیری قەدو باڵای درەختانی چڕو سەوزو گەشی ئاقاقیاو و شا بە ڕووی ئەم بەرو ئەو بەری شەقامەکان بکەی، دارخورما لە مەیدان و بولوارەکاندا بە عیشوەو ناز خۆیان دەنواند.

بەڵام ئێستا، دارخورماکان هەموو سیس و ژاکاون‌و دیمەنی یەکنەوای شار ناڕازێننەوە. بەڵام تەنێ بیناو ئاپارتمان‌و دارخورما دیمەنی شاریان خەمناك‌و مەحزون نەدەکرد، شار بەر لە هەر شتێك خەڵکەکەیەتی.

خەڵکی شار، سەریان دانەواندبوو و بە سەر شۆستە باریك و تەسکەکاندا پیاسەیان دەکرد.خەم و نیگەرانی بە سیمایانەوە دیار بوو.

داخی داگیردن، بە سیمای هەموانەوە دەبینرا. قیرتاوی شەقامەکان لە ژێر زنجیری ریزە تانکی بەردەوامدا چرچ‌و لۆچ بوو بوون. ئەو کرێکارانەی لە کارخانەکان دەگەڕانەوە، پاسەوان وەکو مەڕ وە پێشیان دەدان. ئیعدام کراوان بە لقی درەختانەوە هەڵواسراون‌و بە دەم باوە جۆلانە دەکەن. کراسی یەکێکیان خەڵتانی خوێنەو پەتەکەی ملی بە تەواوی گرێی خواردووە، پێدەچێ لە کاتی هەڵواسیندا پەتەکەی گەردنی چەند جارێ پچڕابێ.

مولازم ئەوەلەکە، لە پیاسەکردنی نێو شەقامەکان وەڕەز بوو. "S،S"ەکان لەبەردەم تەلاری "رووڵتلو"داو بە سەرپەرشتی چەند ئەفسەرێك خێرا خێرا تابلۆکانی مۆزەخانەی هونەری شاریان لە پیکابێکی دوو تەنی باردەکرد. هەڵچوون‌و گرژبوون سیمای رەشتاڵەی مولازم ئەوەلەکەیان تەنی.

کەمانچەژەنێکی هەژار بەخۆو کەمانچەکەیەوە لەبەر دەرگای مۆزەخانەکەدا راوەستا بوو، مولازم ئەوەلەکە لێی چووە پێشێ‌و بە ئیتاڵیاییەکی شەق‌و شڕ لێی پرسی:

- ئەریٚ ریٚی سان جوستۆ لە کوێوەیە؟

کەمانچەژەنی قژ سپی، سەرە بژەکەی هەڵبڕی‌و بە دەست ئیشارەتی کرد:

- ڕاست!

مولازم ئەوەلەکە ملی ڕێگای گرت.

ئێستا لەبەردەم کلێسای سان جوستۆدا بەرامبەر بە وێنەیەکی حەزرەتی مریەم کە لە نێوان دوو فریشتەدا لەسەر تەختێك دانیشتووەو نەوزادەکەی لە باوەش گرتووە، ڕاوەستاوە.

مولازم ئەوەلەکە بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانیٚ نیگای لەسەر ئەم شاکارە هونەرییە کەونارایە بگوازێتەوە. جاریٚ چەند هەنگاویٚ لە وێنەکە دوور دەکەوێتەوەو پاشان لێی نزیك دەبێتەوەو بە ئەشقێکی گەورەوە چاوی بڕیوەتە وێنەکە. قامکێکی بەو مەڕمەڕە بیزانسیە حیرەتئەنگێزەدا خشاند کە وێنەکەی بەرجەستە دەکرد. هەنووکە سیمای توڕەو خوپەسەند نەبوو، بەڵکو ناسك‌و گەنجانە دەهاتە بەرچاو. چاوەکانی لەسەر سامیدا دەبریقانەوە، بە بێدەنگی لێوی دەبزواند، ئەگەر لەلاوە سەیری ئەم ئەفسەرەیان بکردایە، وای بۆ دەچوون کە پیاوێکی بە ئیمان‌و خوا پەرستەو حاڵی حازر لە بن لێوانەوە وێردونزا دەخوێنیٚ، بەڵام ئەم قسانە وێرد نەبوون، بەڵکو ئافەرین‌و دەست خۆشی‌و سوپاسگوزاری بوو، کە هەمیشە بە دیتنی هونەری بەرزو شاعیرانە لە دڵی کەسانی هەستیارو ناسکدا دێنە جۆش. ئەنجام ئەفسەرەکە وەئاگاهات‌و بۆی دەرکەوت کە زیاد لە پێویست بە دیار وێنەکەی حەزرەتی مریەمەوە ڕاوەستاوە. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. خەڵکێکی زۆر لە کلێساکەدا نەبوون، چەند "ئستوارێکی" ئەڵەمانی کە بەبیٚ خەمی پیاسەیان دەکرد، پیرەمێردێکی قەڵەوی چەتر بە دەست، دوو کچۆڵەی ترساوو هەراسان کە تیٚ دەکۆشان خۆ لە چاوی سەربازەکان بدزنەوە، قەشەیەکی پیرو ئەندام وردیلەی دەموچاو لۆچ عەینی سێوی سیسەوە بوو. دەرگاوانێکی پیر کە دەموچاوی وەکو نەخۆشان زەرد بوو، تاك‌و تەرا داوی درێژ بەسەرییەوە بوو بە سەرسامی دەیروانییە ئەم ئەفسەرە تەڕپۆشە. جگە لە کەشیشە پیرەکە کە بۆ جاری دووەم هاتبووە ئەم کلێسایە، ئەم ئەفسەرە تاقە کەسێك بوو کە بەم درەنگە هاتبووە کلێساکەو ئەم دۆستایەتییە گەرمەی سەبارەت بە هونەر دەنواند.

ئەفسەرەکە بەرەو پیری کەشیشەکە هات سەری دانەواندو داوای دودعای خێری لێکرد. کەشیشەکە هێمای خاچی بە رووبا کێشاو پاشان گفتوگۆییەکی نائاساییان کەوتە نێوان. ئەفسەرەکە پرسی:

- باوکی موقەدەس، تۆش حەزت لە پەیکەرسازی‌و نیگارکێشی هەیە؟

- منیش؟.. ئا.. بە ڕای من گەر تۆ وەختی خۆ لە (( زولداتن هایم= یانەی فراڤین خواردنی سوپاییان))*ی شەقامی ڤیاگاگا بقەتێنی گەلێك خۆشترە.

- باوکی موقەدەس، من هەندیٚ شتم لە بارەیەوە ژنەوتووە. مرۆڤ لە چ سەعاتیکا بچێتە وێندەر چاکترە؟.

- لە سەعاتی دووی دوا نیوەڕۆدا: لەو کاتەدا هاوسینفەکانی تۆ لەویٚ فراڤین دەخۆن.

- سوپاست دەکەم.

مولازم ئەوەلەكە پاش چەند دەقیقەیەك گەییە شەقامی گاگا، لە تەنیشت دەلاكخانەیەكی بچووكەوە وێستا، دیاربووو چاوەنۆڕی یەكێكی دەكرد.

دەستە دژبانێكی "انضباط" "٢٠" نەفەری هیتلەرییان بەكڵاوخودەو قەیتان بەشان بە شەقامەكەدا تێدەپەڕین. هەموو كەسێكی سوپاییان ڕادەگرت و سەیری تەسكەرەو مۆڵەتنامەكانیان دەكردن.

بەڵام مولازم ئەوەلەكە، چ بایەخێكی بەو دژبانانە نەدا كە وردە وردە لێی نزیك دەبوونەوە. چاوی بڕی بووە سەربازێكی ئەڵمانی كە بە شۆستەكەی ئەو بەردا دەڕۆیی. سەربازی گۆڕین بە دەستێكی جانتایەكی قورسی ئەفسەرێكی هەڵگرتبوو و دەستەكەی دیكەشی خستبووە سەر شانی كیژێكی ئیتالیایی كەزی ڕەش .

دەموچاوی سەربازەكە سپییەكی شملاوی بوو، برۆكانی كاڵ و چاوی شین بوون، برۆكانی كاڵ و چاوی شین بوون، منداڵكار دیار بوو، ئەو پەڕەكەی ١٩- ٢٠ ساڵان دەبوو. سەربازەكە لە هەوای خۆدا بوو، شای بەسەپان نەدەگرت، قاقای پێكەنینی دەگەییە حەوت گەڕەكان، كیژە ئیتالییەكەی بەخۆوە دەقەرساندو ناوە ناوە دەمی دەبن گوێی كیژێ دەناو، كیژی تاین بە جۆرێ ڕادەچڵەكی و كۆڵوانەكەی لە خۆوە دەپێچا دەتگوت لەرزی لێهاتووە.

بزەیەكی بە ماناوە، كەوتە سەر لێوی مولازم ئەوەلەكە.

سەربازەكە بەرەو دژبانەكان دەڕۆیی. بەڵام بەر لەوەی بگاتە وان تەقی بە رووی مولازم ئەوەلەكەدا.

سەربازەكە وەكو تاوانبارێك چاوەكانی تروكاندو هەردوو دەستی بە پانتۆڵەكەیەوە چەسپاند، بەڵام تازە كار لە كار ترازا بوو. مولازمەكە بە جۆرێ كەوتە جنێودان كە دژبانە بە تەجروبەكانیش كەوتنە سەیركردنی یەكدی و بە دوو دڵییەوە لە دووری وان ڕاوەستان.

ئەفسەرەكە، سەربازەكەی شت! جا چ جنێوێك ما پێی نەدا: بەراز، هیچ و پوچ، نانەجیب و ناكەسبەچە... بەرەڵڵا هەرگیز لە خەمی ئاغای خۆیدا نییەو ئەوی ناچاركردووە دوو سەعاتان بە شارا بسوڕێتەوەو تاقیبی خزمەتكارەكەی خۆی بكات. لە قسەكانی ئەفسەرەكەدا ئەوە بە دیار دەكەوت كە سەربازەكە بەردەوام لە مەیخانەكانی تریست دا دەسوڕێتەوەو هەمیشە بەسەرخۆشی لەگەڵ ژناندا دەیبینن -خوێڕییەكی ئەوتۆیە مەگەر بە زللەو شاپان كاری خولامییەكەی پێ ئەنجام بدرێ.

ئەفسەرەكە بە هەڕەشەوە بۆ كیژەكە چوو، كیژێ خۆی دایە پاڵ دیوارێك و بەرەو نزیكترین كۆڵان غاری دا.

گۆنای چەپی سەربازەكە دەلەرزی، كە ویستی شتێك بڵێ، زمانی كەوتە تەتەڵە. بەڵام لێشاوی تازەی تەكتیروجنێوی ئەفسەرەكە، ناچاری كرد بێدەنگ بێ و چ پاكانەیەك نەكات.

ئەفسەرەكە دەی نەڕاند:

- بەس گۆنات بلەرزێنە ئەحمەق! من دڵنیام لە شەڕا وات لێنەهاتووە، بەڵكو لە مەیخانە و بیرە خواردنەوەدا وات لێهاتووە. سەلا لە ئەقڵی من كە تۆم لەبەر خاتری وەرگرتنی میداڵی خاچی

ئاسن‌و بریندار بوون، لەبەر خاتری باوکت، تۆی گەوجم ناو ناوە کوڕك! کێ باوەڕ دەکا سەرگوردی هێزی ئێس ئێس کوڕێکی وا گەوجی هەبێ ؟ فیسقە گولە! بکەوە دووم!

لە ڕاستیا میدالێکی خاچی ئاسن بەسەر سینگی کوڕەکەوە بوو کە بە هیچ جۆرێ لەگەڵ سیمای گەوجانەو بێ دەسەلاتانەیدا نەدەگونجا.

ئەفسەرەکە لە ڕقا لێوەکانی دەکرۆشت، بێئەوەی تاقە نیگایەکی دژبانەکان بکا، کەوتە ڕێ. خولامەکەشی "مراسل" جانتاکەی بە شانیاداو کەوتە دوای ئەو.

سەرۆکی دژبانەکان لە فکران ڕاچوو، بە پەنجە توتەی کەوتە خوراندنی نێوان هەردوو برۆی. ئەم ئەفسەرە کۆتایی وشەکان زۆر قورس‌و قەبە دەدرکێنێ، دیارە نابێ خەڵکی با ڤاریا یا پومرانی بێ. خوا دەزانێ ئێستا چەند لە ئەڵمانیانی خەڵکی سودت ومەجەرستان و ئەلزاس‌و پۆڵەندا لە سوپادا خزمەت دەکەن.

نەك هەر ئەڵمانییان –حاڵی حازر وەرگێڕان‌و لژیۆنەران، ئەوەندە زۆرن لە سوپادا لە تۆ ویە خێزەرەی مێشی دەوری هەنگوینن. هەمووی ماوەیەك لەمەوبەر زەلامێکی ڕەشتاڵەی گەوجی گرت کە نەیدەزانی دوو قسەی ڕێك‌و پێك بکا، گرتی، بەلام لە پاشان دەرکەوت یارۆی گیراو یەکێکە لەو مل ئەستورانە، نەوەی یەکێك لە پاشایانی عوسمانلییەو لە بەرلیندا کۆلیجی ئەفسەری خوێندوەو هەنووکە لە سەرکردایەتیدا وەکو تەرجومان کار دەکا. چ گلاراوێکێتی کە لێرەدەسوڕێتەوە، ئەگەر بۆ خۆی لە ئەستەمبۆڵ یان ئەنکارە دانیشتبا چاکتر نەبوو. کێ دەزانێ،ئگەر ئێستا ڕێ بەم ئەفسەرە تورەیە بگرێ لەوەیە ئەمیش جنێو باران بکا. دیارە پشتی ئەستورە، دەنا هەموو مولازم ئەوەلێك ناتوانێ بە کوری سەرگوردی ئێس ئێس بڵێ فیسقە گولە.

دژبانەکە دەستی لە خوراندنی نێوان برۆکانی هەڵگرت، دوو سەربازی جانتا بە دەست بەپەلە بەرەو وێستگای هێڵی ئاسن دەچوون، گازی کردن‌و بە ڕووگرژییەوە داوای مۆڵەتنامەکانی کردن.

مولازم ئەوەلەکەو خولامەکەی "مراسل" گەیشتنە کۆنە ئەپارتمانێکی پێنج نهۆمی. جاران هەموو خەڵکی ئەم شەقامە شانازیان بە جوانی‌و مەزنی ئەم ئەپارتمانەوە دەکردو ئەگەر بیانویستبا ئەدرەسی ماڵی خۆیان بە ڕێبوارێ دابایە دەیانگوت:" "شەقامی گاگا" کە گەییشتییە سەر پێچەکە بە دەستە چەپا هەڵگەڕێ... یەکسەر ئەپارتمانێکی پێنج نهۆمی زۆر جوانت دێتە ڕێ. سێ خانوو لەولای ئەپارتمانەکەوە... ماڵی ئێمەیە" کەچی ئێستا دانیشتوانی کۆنی شەقامی گاگا هەوڵیان دەدا تەنانەت سەیری ئەم ئەپارتمانەش نەکەن.

ناوی ئەم ئەپارتمانە نووکە کرا بوو بە "زوڵداتن هایم"و دانیشتوانی شەقامەکە بە شومترین ئەپارتمانی شاریان دەژمارد. پیرەژنان بە دەم نەفرەت‌و تووك کردنەوە دەیانگوت: "بریا ئەم ئەپارتمانە هەر نەدەبوو!" وەك بڵێی ئەم ئەپارتمانە ئەڵمانەکانی بۆ تریست هێنا بن.

وەختێ مولازم ئەوەلەکەو خولامەکەی چوونە "زوڵداتن هایم"ەوە، پیرێژنێکی سلاڤی کە بەبێ تاقەتی بەسەر شۆستەکەدا رەت دەبوو، بە چاوانی سەوزی فرمێسکاویەوە لە دواوە سەیرێکی

کردن‌و بە جۆرێ کە کەس چاوی لێ نەبێ تفێکی لێکردن‌و گوتی: "ئیلاهی ئەم ئەپارتمانە وێران بێ، بەسەر ئێوەی نەحلەتیدا وێران بێ! ئەگەر ئێوەی پیاوکوژ نەبان میتری من دەما!".

قاڵدرمەیەك لە نێو دالآنێکی یەکجار پاکەوە دەچێتە نهۆمی سەرەوە. ئەو دینگانەی لە مەڕمەڕی سپیواژ دروست کراون رووناك دەنوێنین. چلچرای گەورە مرۆڤ بە شەوارە دەخەن. دەنگی مۆسیقاو خشەخشی کۆنە بەکرەیەکی گرامافۆن لەلایەکەوە دێتە گوێ. بۆنی موبەق کەپو پڕ دەکا. ئەفسەرێکی کورتە باڵا پاڵتۆکەی داکەندووەو خەریکە بە چاکلایەکی بەرزیا هەڵدەواسێ، ژنانی پێشخزمەت بە بەرهەڵبێنەو نیوتاجی تۆڕییەوە، بە پەلەو تەنانەت بە نەرمە غار بە بەردەم ئەودا ڕەت دەبن. ئەم ژنانە بە گشتی ئەڵمانین. تەنیا ئەڵەمانیان بۆیان هەیە بێنە ئەم ئەپارتمانەوە. ئەفسەرە کورتە باڵاکە یەکێك لەم پێشخزمەتانە رادەگرێ‌و بە شۆخییەوە دەستێك بە ژێر چەناگەیدا دێنێ. بزەیەکی پڕ حەوسەڵەو خزمەتگوزاری دەنیشێتە سەر سیمای ژنە پێشخزمەکە.

مولازم ئەوەلەکەو "کوڕك" لەبەر دەرگای یەکەم هۆڵدا کە خوارنگای سەربازان‌و دەرەجەدارانە راوەستان. لێرەدا تازە دەستیان بە ئامادەکردنی فراڤین کردبوو. چەند سەربازێك بە دیار گرامافۆنەکەوە کەڵەکەیان کردبوو و چاویان بڕی بووە بەکرەکەی ، لە تۆ وایە دەتوانن گۆرانی بێژە ڕوومانگەکەی ئەم گۆرانییە کۆمیکە ببینن.

یەکێك لە سەربازەکان گوتی:

– باشە وەرە لای ئێمە خانم!

باقی سەربازەکان لە قاقای پێکەنینان دا. پاشان لە پڕ زانیان کە چاوانی ڕەشی مولازم یەکەمەکە، لە نێوان پێڵوە هەڵماساوەکانییەوە دەڕوانێتە ئەوان.. سەربازەکان تێکڕا جووتە پێ وەستان و کڕ بوون.

مولازم ئەوەلەکە بەبێ موبالاتییەوە چاوێکی بە هۆڵەکەو مێزە جوان ڕێکخراوەکاندا گێڕا، ئەوجا تەماشایەکی ئەو دیوارەی کرد کە چەکەکانی پێوە هەڵپەسێردرا بوو.

دەموچاوی مولازم ئەوەلەکە جدی‌و سارد بوو. سەربازەکان زاتی جوڵانیان نەبوو. تا مولازم ئەوەلەکە گەڕایەوەو بە قاڵدرمەکانی نهۆمی سەرەوەشدا هەڵگەڕا، سەربازەکان هەر لە جێی خۆیان جووتە پێ وەستا بوون. "کوڕك" چاوێکی لە سەربازەکان داگرت‌و وەدووی ئەفسەرەکە کەوت.

مولازم ئەوەلەکە لە نهۆمی دووەمدا وێستا، چاوێکی بە تارمەو هۆڵە چۆڵەکەدا گێڕاو ئەوجا سەیرێکی کوڕکی کرد کە بە بێدەنگی بەرەو تەختێکی سووچێکی هۆڵەکە چوو، بەدەم ڕێوە قەڵەم ڕەساسێکی لە گیرفای بەر یەخەی باووزەکەی دەرهێنا وبەدەم بیرکردنەوەوە کەوتە جوینی سەری قەڵەمەکە، ئەوجا بەستەیەکی لە جانتاکەی دەرهێناو قەڵەمەکەی ئاخنییە نێو بەستەکەوە. ئەوجا گەڕایەوە نك ئاغای، ئێستا بەستەکەی پێ نەبوو، بە دوو قۆڵی بەرەو نهۆمی سەرەوە چوون.

بێدەنگی باڵی بەسەر نهۆمی سێیەمیشدا کێشا بوو. پەردەی قاوەیی ئەستور دەروازەی هۆڵەکەی داپۆشی بوو. مولازمەکە بە بێموبالاتی پەردەکەی وەلادا خست.

تیشکی خۆر لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە ژووریٚ‌و مێزە رازاوەکان، گوڵدانە کریستاڵەکان‌و تابلۆ کۆن و ناشیرینە زەیتیەکانی قەد دیوارەکانی ڕووناك دەکردەوە. نیگای مولازم ئەوەلەکە لەسەر تابلۆیەکی "دیڤەرز" گیرسایەوە کە ناوی "سەری کچۆڵە" بوو. ئەوجا زیاتر پەردەکانی وەلاخست‌و چووە هۆڵەکەوە.

ئەفسەرەکە کە بە بەینی مێزەکاندا رەت دەبوو هێندە بە وردی سەیری جۆری رازاندنەوەیانی دەکرد، لە تۆ وایە دەیەویٚ تەواو دڵنیا ببیٚ کە داخوا هەموو شتێکیان بە باشی بۆ فراڤین ئامادەکردووە یان نا. قامکی بەو کلینیکسانەدا هێنا کە خرابوونە پەرداخی سەر مێزەکانەوە سووکە بزەیەکی بەماناوەی کرد و بە دەنگی بەرز خولامەکەی "مراسل" گاز کرد:

– کوڕك من حەزم لەم دەستەسڕانە نییە، خشەخش دەکەن.

دەمی کوڕك، خەریك بوو لەسەر سامیدا دابچەقیٚ. بەڵام ئەفسەرەکە بە خۆی هات بۆ لای ئەو، بەستە کاغەزێکی گەورەی لە جانتاکەی دەرهێنا.

بە پەلە دەستەسڕی سەر مێزەکانیان گۆڕی‌و لە هۆڵەکە هاتنە دەریٚ‌و پەردە ئەستورەکانیان وەکو خۆی دادایەوە.

– کوڕك، تۆ پێویستە بەر لە نیوە رۆژە دەستت بشۆی؟

سەربازەکە سەری ئەرێی بۆ لەقاند. ئیدی گۆنای نەدەلەرزی.

ئەفسەرەکە گوتی:

– پێموایە دەست شۆرەکە لەو سەری ڕاڕەوەکەیە.

لەو سەری راڕەوەکەدا، تابلۆیەکیان بەسەر یەکێك لە دەرگاکانەوە هەڵواسی بوو لێی نووسرا بوو "تەنیا بۆ ئەفسەرانە".

مولازم ئەوەلەکەو کوڕك، خۆیان خستە لاوەو رێیان بۆ سەرگوردێکی S،S کردەوە کە لە ئاودەستەوە دەهاتە دەریٚ. سەرگورد، پیاوێکی ڕەقەڵە بوو، بەدەم رێوە خۆی کووڕ دەکردەوە. مولازم ئەوەلەکەو کوڕك تەمەنایەکی سوپاییان بۆ کردو ئەوجا لە پشت دەرگای ئاودەستەکەوە ون بوون.

سەرگوردەکە ویستی سەربازەکە ڕاگریٚ‌و نووسراوی سەر تابلۆکەی نیشان بدات، بەڵام لە خۆڕا ژێوان بۆوە: سەرگورد ئوتوفون شولتس لەم شارە شوومەداگرفتاری زۆری هەبوو ، نەیدەتوانی وەختی خۆی بە باسی زەبت‌و ڕەبتەوە بە فیڕۆ بدا، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم سەربازە قڕسپییە چ خەتایەکی کردووە؟ لەم شتانەش خراتر ڕوو دەدەن... بۆ نموونە دوێنیٚ کە بۆ یەکەمجار لە شارا کەوتە پیاسە کردن‌و گەڕان، دوو سەربازی بینی لەسەر چوار ڕیانێك قسەیان لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی ئەو ناوەدا دەکرد. ئوتوفون شولتس ترومبێلەکەی ڕاگرت‌و پرسی: "ئێوە لە کام وەحدەن؟"

– "وەحدەی سەربەخۆی زۆزانین، دەوریٚین".

- "باسی چی دەکەن؟"

- "هانس جەمەلۆن سازەو ویستی لەم خەڵکە بپرسێت کە چۆن بە شایگەری ڕەنگاو ڕەنگ سەری خانووەکانی خۆیان دەگرن"

- "تۆش جەمالۆن سازی؟"

- "نەء ، من وەستای کۆك کردنی پیانۆم".

پێویست بوو کە یارۆی جەمالۆنسازو وەستای کۆککرنی پیانۆ بۆ ماوەی رۆژێك لە ئۆردوگادا تەوقیف بکات تا تەمیّ خواردوو بن وبۆ لەمەودوا بزانن کە ئەرکی دەورەیەی ناو شار چییەو چۆن ئەنجام دەدرێ. بەڵام ئێستا نموونەی ئەمانە لە سوپادا زۆرن!، بەڵام ئیستا وەختی پەروەردەکردنی ئەم ناکەس و چروکانە نییە: ئەوەندە بەسە کە بچنە شەڕەوەو تەقە بکەن‌و بکوژرێن. فون شولتس دەبێ خۆی بۆ کاروباری گرنگتر هەڵگرێ.

سەرگورد خۆی بە هۆڵێکی نزمدا کرد.چەند ئەفسەرێك لەبەر کافەکەدا وەستا بوون‌و بەر لە دەست پێکردنی فراڤین شەرابیان دەخواردەوە.

سەرهەنگێکی پیری مل باریك کە بە ئانقەست سینگی دەرپەڕاندبوو لە بەر دەرگای هۆڵەکەدا راوەستا بوو. سەرهەنگەکە هێمن‌و ئارام بە مقەستێکی بچووك سەری جگەرەکەی دەقرتاندو رێکی دەخست.

شولتس چەرخەکەی دەرهێنا، دای گیرساندو لەبەر جگەرەکەی سەرهەنگدا ڕای گرت.

سەرهەنگ گوتی: سوپاس.

سەرهەنگ قەدری هەموو جۆرە رێزگرتنێکی لەلا بوو، جا ئەو رێزگرتنە بەهەر شێوەو لەلایەن هەر کەسێکەوە بایە. راستە کە سەرهەنگ مامورانی پۆلیسی خۆش نەدەویست‌و ئەستێرەکانی سەرشانی سەرگوردیش ئەوەیان نیشاندەدا کە ئەو سەر بە وەحدەکانی پارێزگارییە و بە لای سەرهەنگیشەوە پارێزگاری پۆلیس بوون، بەڵام هەر چۆنێ بێ رێزو ئەدەب‌و نەزاکەت هەمیشە خۆشە.

بە وردی روانییە سەرگورد. برۆکانی کەمێك هەڵبڕین.

- فون شولتسی؟

شولتس بە رێزەوە سەری دانەواند..

سەرهەنگ لە قوڵایی گەروویەوە گوتی:

- ئاه.... بیرمە تۆ خوێندکاری کۆلیجی ئەفسەری بوویت‌و هێشتا مووت لێ نەهاتبوو. ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم یەکەمجار لە مولکەکەی بابتدا یەکدیمان بینی. من دڵنیام لە زەین روونی خۆم‌و بە دەگمەن هەڵە دەکا.

شولتس دووبارە سووکە ئیکلامێکی کرد: بەڵێ ڕەنگە هەر هەموو ئەم قسانە دروست بن.

سەرهەنگەکە پرسی:

- دەمێکە هاتووی بۆ تریست؟

- نا ئێستا گەییمە جێ.

– به ئیمتیازو دەسەڵاتی تایبەتییەوە؟
– نەء ، وەکو یاریدەدەری تایبەتی سەرۆکی گوشتاپۆ، بۆ سەرکوتکردنی پارتیزانانی ناوچەکە.
سەرهەنگ خاکیانە دەستێکی بە شانیا داو گوتی:
– چاکە، هیوام سەرکەوتنتە.
ئەوجا بێ هیچ بۆنەیەك درێژەی بە قسەکەی دا:
– بەڵام بابی مەرحومتان جەنەراڵێکی زۆر چاك بوو، بەڵێ زۆر چاك!
هەڵبەتە قسەکانی سەرهەنگ لەمەڕ بابی شولتس‌و ناسینی ئەو، چ شتێکیان تێدا نەبوو کە مایەی گلەیی بن، بەڵام ئەو (تەوسە) پەنامەکییەی کە سەرهەنگ دەری بڕی بوو شولتسی بە تەواوی تورەکرد. شولتس دەیزانی کە مەبەستی سەرهەنگ ڕێزگرتنی بابی ڕەحمەتی نەبووە، بەڵکو زیاتر ویستوویەتی– هەرچەندە تا ڕادەیەك بە پەنامەکی بوو – ئەوە دەربڕێ کە بە داخەوەیە شولتسی میراتگری خێزانێکی پروسی خزمەت‌و پلەی پۆلیسی بەسەر خزمەت‌و پلەی سوپاییدا پەسند داوە.
نووکە شولتس ئامادە بوو دەمی لێ بەرەڵڵا بکاو بە ئارەزووی خۆی جنێوان بدا. زۆر جار وا هەڵدەکەوت تووشی فس فس پاڵەوانی بێ ئەقڵ‌و چەنەبازی وەکو ئەم سەرهەنگە بێ. ئەوانە خۆیان بە تەوەرێك دەزانن کە دەبێ دنیا بە دەوری ئەواندا بسوڕێتەوەو چینێکی هەڵبژاردەی ئەوتۆن کە گەیوونەتە لوتکەی ئەقڵ‌و زانست‌و هەموو زانستەکەشیان بریتییە لە: هێرش، پەلامارو ئابلۆقەدان.
بابی ئەو، گوستاف فون شولتس جاران نوێنەری شایستەی ئەم چینە بوو. شانازی بەوەوە دەکرد کە توانیویێتی لە تەمەنی (٥٥) ساڵیدا لەشولاری خۆی وەکو لاوان بپارێزێ‌و ڕابگرێ، لە ژووری کارکردندا لەسەر قەرەوێڵەی سەفەری دەنوست، هاوین و زستان بە ئاوی سارد حەمامی دەکرد، دەفتەری یادداشتی لەگەڵ خۆدا هەڵنەدەگرت، هەموو شتێکی بەزەین‌و مێشك دەسپارد.
لە پروسی باکووردا زەوییەکی دە هەزار هکتاریان هەبوو و تاقە بستێکی ئەم زەویانە بە بەیاری نەمابۆوە، نێو ژوورەکانیان تەختەڕێژو بۆیە کراو بوو، تاقە پەڵەیەك بەو تەختانەوە نەدەبینرا.
ژەنەراڵ "ئیلزافون هاوزن"ی خواست کە لە هەموو بارێکەوە: لە باری خانەدانی، بەژن‌و باڵاو لە باری وردبینی‌و سەلیقەوە هاوکوفی ئەو بوو. ئیلزا سێ منداڵی بوون: کوڕێك‌و دوو کیژ، ڕێك ئەو ژمارەیەی کە جەنەراڵ دەیویست.
سەرهەنگ "ئۆتۆ"شی ناچار دەکرد کە بەیانیان بە ئاوی سارد حەمام بکا، کە "ئۆتۆ" خۆی کووڕ کردباوە زۆر بە توندی بە پشتیا دەکێشا، بە دەنگێکی یەکنەواو بێ هیچ چەشنە ڕوونکردنەوەیەك سروودەکانی کلاوزتشی بۆ دەگوت، هەوڵی دەدا کوڕەکەی بەوە تەڵقین بدا کە لە مێژوودا چ کەسێك لە فەردرێکی یەکەم‌و بسمارك‌و مولتکە گەورەتر نییە.لە هەموو بۆنەیەکداو زۆرجار بێ چ بیانو و بۆنەیەك بە دەنگی نزم‌و زیقن هاواری دەکرد:
– دەبێ هەموو دنیا بکەوێتە سایەی ئەڵمانەوە.

لەشکرەکەی جەنەراڵ "کوستاف فون شولتس" لە پۆڵەنداو لە دەوروبەری سیدانو لە روسیادا تەفرو تونا کرا.

ژیانی چۆن تەواو بوو؟ لە رۆژی ئیستیقالەی تزاری ئەڵماندا، جەنەراڵ جلەکانی ژێرەوەی خۆی گۆڕی، ڕدێنی تراشی، چووە ژووری کارکردنەکەی خۆیو گوللەیەکی نا بە لاجانگی خۆیەوە.

"ئۆتۆ" هەرگیز سڵی لەوە نەدەکردەوە کە جار نا جارێ پشت بە سەرجەلەی جەنەراڵی خۆی ببەستێ. بە مەرجێ ئەو کارەی قازانجێکی تێدا بێ. "ئۆتۆ" زۆر لە بابی قازانج بین تر بوو. کابرایەکی بە هەواو لوت بەرز نەبوو، کاتێ عەریفە شێتو کەللە شەقەکە حوکمی ئەڵمانیای گرتە دەست، ئەو وەکو هەندێ کەس خۆی بە شەرمەزارو بچووك نەدەزانیو خوتەو بۆڵەی نەدەکرد. چ شەرمەزارییەك لە گۆڕێ دا نەبوو، خۆ بە کەم زانی مەعنایەکی نەبوو: ئامانج و بەرژەوەندی ئەوو عەریفەکە هاوبەش بوو و لە کاری واشدا ئاساییە ئەسڵو نەسەب پشت گوێ بخرێ. زەمانە گۆڕاوەو ئێستا زۆرو دەسەڵات لە هەموو شتێك پتر مایەی رێزە.

"فـون شـولتس"ی لاو موڵـك و زەویو زاری بنەماڵەکـەی فرۆشـتو سـەرمایەکەی خـۆی لـە "کونسرن کروپ"دا خستە کار وا چاکە- قازانجی زۆرترو سەریەشەی کەمتر.

فون شولتس پەیوەندی بە حیزبی ناسیونال سوسیالستەوە کرد، گەلێك لە سوپاییانی بە تەمەنو تەنانەت هەندێ لەو کەسانەش کە لە رووی دەرەجەی سوپاییەوە زۆر لەو گەورەتر بوون سەرەتا رێزیان لێدەناو تەمەننایان بۆ دەکرد.

"ئۆتـۆ =فـون شـولتس" بـەرەو لوتکـەی بـەرزی هەڵدەکشـا. بـە هـێمنیو سـەرکەوتووانە ئامۆژگارییـەکانی بـابی جێبـەجێ دەکـردن - مەبەسـت لـە حـەمامی ساردو جۆری ڕیو رۆیشـتن نییە..

بابی دەیویست کوڕەکەی پایەیەکی پتەوی هەبێ؟ بە تایبەتی سوور بوونو بە کاری رێگەیان بە "ئۆتۆ" دەدا لە ناوچە داگیرکراوەکاندا دژوارترین کار ئەنجام بدات.

دەبـێ هیـوای بـەوە هـەبێ کـە ئـەو لێـرەدا، لـە تریسـت کـە پارتیزانـەکان دەورو خـولی دەدەن ئابڕوی ناچێت.

بـابی دەیویسـت کوڕەکـەی زاخـاو بداتو قـاڵی بکاتـەوە؟ کوڕەکـەی دەتـوانێ شـانازی بـە قـاڵ بوونی خۆیەوە بکات. ئەو بە خۆی رێبەری تیرباران کردنی خەڵکی شارو دێهاتەکانی ئوکرانیای دەکـرد، سـەربازەکانی ناچـار دەکـرد، کوژراوەکـان رووت بکەنـەوە، پرچـی ژنـان بـبڕنو بـەیانیش وەکو یەکێك لەبەردەم فرۆشگایەکی گەورەدا وەستا بێ تەماشای: جلو بـەرگ، کراسـی منـداڵان، پێڵاوو چاکەتو پانتۆڵو سەعاتو خشڵی تالان کراوی، دەکرد.

بابی فێری زەبتو رەبتی دەکرد؟ فەرموون ئەمەش زەبتو رەبت.چما بیرۆکەی دەزگای ناسراو بە "ژووری مرۆڤکوژی"ی کە ئێستا لە زۆر ئۆردوگای تەوقیفدا بە کاردەهێنرێ، داهێنانی ئەو نییە؟ ئەم دەزگایە بریتیە لە قەرەوێڵەیەك رێك بە ئەندازەی لەشی مرۆڤ، کێردێکی ئۆتۆماتیکی و مەرزیبێك بۆ خوێن ڕۆییشتن. دەزگا لەمە رێكو پێکتر دەبێ؟!

جەنەراڵ دەیویست "ئۆتۆ" ببێ بە پیاوێکی گرینگ؟ سەنگی مرۆڤ لە کۆمەڵدا بە ئەستێرەکانی سەرشانی دیاری ناکرێ. ئۆتۆ دەتوانێ هەست بە وەزعو حاڵەکان بکاو پێشوەختە بزانێ کە تای تەرازووی زۆرو دەسەڵات بەکام لادا قورسە. لەوەیە سبەینێ تای تەرازووەکە بە قازانجی عەریفە شێتەکە قورس نەبێت . لە هەموو حاڵێکا خەڵکانی دەسەڵاتداری تازە پەیدا دەبن کە ڕێگەی "ئۆتۆ" لەگەڵ ڕێگای ئەواندا یەکانگیر دەبێتەوە.

کاتی فراڤین نزیک دەبووەوە.

ئەفسەرەکان بەرە بەرە دەچوونە هۆڵە گەورەکەوە.

کاتێ زەنگی سەعاتە گەورەکەی نێو چوارچێوەیەکی دارگوێزی ڕەشی نەخشێنراو، سەعات دووی دوا نیوەڕۆی ڕاگەیاند، گەورە ئەفسەران بەپێی زەبتو ڕەبتی ئەڵمانی لە پشت مێزەکانی خۆیاندا دانیشتن. ئۆرکستەرێکی بچووک کەوتە مۆزیک لێدان، گارسۆنەکان کەوتنە پەلەپەل، کورسییەکان قرچە قرچیان لێ هەستا، هەندێ سوعبەت و سووکە گاڵتەکران.

مولازم ئەوەلەکەو خولامەکەی لەم کاتەدا خۆیان بە هۆڵەکەدا کرد. مولازم ئەوەلەکە ئێستا چ جانتایەکی بە دەستەوە نەبوو.سەیری کرد مێزێکی نزیک چۆڵ بووە ئیشارەتی خولامەکەی کرد کە دووی بکەوێ. دوو بە دوو دانیشتن. خولامەکە جانتا قورسەکەی لە شانی داگرت، جانتاکەی ڕێی لێدەگرت، خستییە بن مێزەکەوەو ئەوجا بە ئیسراحەت پشتی بە کورسییەکەوە دا.

کارەکەرێکی ڕەقەڵە هاتە کنیانو گوتی:

– ئەم هۆڵە هی ئەفسەرانە، تۆ دەبێ بچیتە هۆڵەکەی خوارەوە.

مولازم ئەوەلەکە بە دەنگێکی وشک، بەڵام نەزاکەت ئامێزەوە گوتی:

– تۆ هەقت نەبی، با ئەفسەرەکان خۆیان ئەمە دیاری بکەن.

لە پڕ دەنگێکی زلو گڕ لە پشتیانەوە هەستا:

– ڕابە!

کوڕک ڕاچڵەکی، هێندە بە خێرایی هەستایە سەر پێ کە کورسییە قورسەکەی کەوتە سەر زەوی. گەلێک لە ئەفسەرەکان بە بیستنی تەقوهۆڕەکە ئاوڕیان دایەوە.

مولازم ئەوەلەکە بە ئەسپایی ڕابوو، بە هێمنی ڕوانییە سەروانە باڵا بەرزەکە، دەموچاوی ناسک، قژی بە جۆرێ چەور کردبوو دەتگوت پێڵاوی تازە بۆیاخ کراوەو دەبریسکێتەوە.

سەروانەکە بە هەمان دەنگی نێروگڕ هاواری کرد:

– تۆ چۆن زاتت کردووە بێیتە ئێرە؟

ڕەنگی کوڕک هەڵبزڕکا، گۆنای ڕاستی کەوتە لەرزین، لەگەڵ لەرزینی گۆنایدا دەمی خوار دەبووەوە.

سەروانەکە شاڵاوی بۆ بردو دووبارە هاواری لێکرد.

– چۆن....ن؟ بۆ دەمت خوار دەکەیەوە؟

مولازم ئەوەلەکە، کوڕکی خستە پشت خۆیەوەو زۆر بە هێمنی گوتی:

– جەنابی سەروان، دەم خوار کردنەوەی سەربازێك لە بەردەم کەسایەتی "ڕایش مارشال"دا کارێکی جوانی نییە، تکایە یەکدی بناسن، ئەم سەربازە نێوی کوڕکە.

سەروانەکە بە فیزێکەوە ڕوانییە مولازم ئەوەلەکە:

– تێناگەم!

مولازم ئەوەلەکە لەسەری ڕۆیی:

– کوڕك گیانی منی ڕزگارکردووە. کە گوللە تۆپی ڕووسییان بەسەرماندا هاژەی کرد، ئەم خۆی بەسەر مندا دا، بەڵام بۆ خۆی سەقەت بوو. بە ڕاستی قارەمانە!

– ئەمە ڕێی ئەوەی نادات ببێ بە هاوسفرەی ئێمەو لەگەڵ ئێمەدا فراڤین بخوا. ناڵێی گیانی تۆی ڕزگار کردووە؟ باشە، دەتوانی لە هەر خوارنگەیەکی وڵاتی خۆت میوانداری بکەی!.

دەیویست بەم قسەیە ئەوە بڵێ کە بە پێی شێوەی قسەکردنی ئەم ئەفسەرە، ئەوان خەڵکی وڵاتی جیاوازن. سەروان کورسییەکەی خۆی هێنایە پێشێو لە پشت مێزەکەی وان ڕۆنیشت.

مولازم ئەولەکە، سەیرێکی کوڕکی کرد. بزەیەکی بە ڕوویادا، دەستێکی بە پشتیدا داو گوتی:

– کوڕك تۆ دەبێ ئێمە بە جێ بێڵیو بچییە نهۆمی خوارێ... دەی هەستە با بڕۆین، بە خۆم لە نهۆمی خوارەوە دات دەمەزرێنم، نەوەك لە وێندەرش بت ڕەنجێنن. جەنابی سەروان نووکە دەگەڕێمەوە.

سەروان بێدەنگ بوو. وەختێ مولازم ئەوەلەکەو سەربازەکە لە هۆڵەکە وەدەرکەوتن، سەروانەکە ڕووی کردە سەرهەنگێکی پیر کە چەندین خاچی بە برۆکەوە بوو ولە پشت مێزەکەی تەنیشتییەوە دانیشتبوو،و بە دەنگی بەرز گوتی: – تەماشای ئەم تازە پێداکەوتووە؟ ئەمە ڕەفتارە؟

سەرهەنگەکە وەڵامی دایەوە:

– دەبێ قسەی لەگەڵدا بکرێ. پاش فراڤین من قسەی لەگەڵ دەکەم.

– ڕێگەم بدە خۆم قسەی دەگەڵ بکەم، بزانە چۆن سەرو دڵی دەگرم.

دەستیان برد بۆ ئەو دەستەسڕە کاغەزانەی کە کوڕك خستبوونیە نێو پەرداخەکان.

لەپڕ غەڵبە غەڵب کەوتە نێو هۆڵەکە... سەرهەنگە پیرەکە سەرنجی لەسەر ئەو نووسینە گیرسیایەوە کە لەسەر دەستەسڕە کاغەزەکان نووسرا بوو. دەستەسڕەکەی ساف کردەوە، عەینەکەکەی کردە چاویو بە پەلە نووسراوەکەی خوێندەوەو ئەوجا بە دەنگێکی بەرزی ئەوتۆ کە هەموو گوێیان لێ ببێ دەستووری دا:

– دەستەسڕی سەر مێزەکان بپشکنن!

موسیقاکە بێدەنگ بوو، خشەخشی کاغەز بەرز بۆوە، هەر یەکێك لە ئامادەبووانی هۆڵەکە، دەستەسڕی بەردەم خۆی هەڵگرتو ئەم سێ وشەیەی خوێندەوە: "مەرگ تۆڵەی مەرگە"و لە ژێر ئەوەوە ئەم ئیمزایەی بینی: "تۆڵە ئەستێنانی خەڵك".

شولتس (کە تازە وەژوور کەوتبوو) یەکێك لە دەستەسڕەکانی هەڵگرتو هەستی کرد سووکە تەزوویەکی بە پشتدا هات. لەبەر خۆیەوە گوتی: "عەجایەب! خۆیان گەیاندۆتە ئێرەش!...."

هاوارێکی ترسناک هاتە گوێ:

– بەڕێوەبەر بێنن!

سەرهەنگ هاواری کرد:

– دەرگاکان داخەن‌و مەیەڵن کەس لێرە وەدەرکەوێ.

بەڕێوەبەری خواردنگەکە کە کابرایەکی ئیتاڵیایی کورتە باڵای قەڵەوی خریلانەی دەموچاو هەڵماساو بوو، بە ترس‌و لەرزەوە وەژوورکەوت، هەر ئەوەندەی لە دەست دەهات بە پچڕ پچڕ بپرسێت:

– چی بووە؟ چی قەوماوە؟ چی ڕوویداوە؟....

سەربازەکان غاریان دا بۆ ئەوێ. هەموو کارگوزاران‌و گارسۆنەکانی "دویچە زولداتن هایم" ڕژانە وێندەر....

دەرگاکانی ئەپارتمانەکەیان داخست، پاسەوانیان لەبەر دەرگاکان دانا. هەموو بە گومانەوە دەیانڕوانییە یەکدی.

تەحەڕی و پشکنین دەستی پێکرد. هیتلەرییەکان هێندە زۆر بوون بە هەزار حاڵ لەو هۆڵە گەورەیەدا جێیان دەبۆوە.

***

بەڵام لەم کاتەدا ژیانی ئاسایی سەردەمی جەنگ لە شەقامەکانی تریست دا بەردەوام بوو.

تراموای شار بە ئەسپایی بەکێوەکەدا هەڵدەگەڕاو مولازم ئەوەلەکەو خولامە قژ سپییەکەی لەگەڵ باقی ڕێبوارانددا دەبرد.

ترامواکە وێستا، ئەوان بەرەو دەرگای دابەزین چوون. ڕێبوارەکان خۆیان وەلادەداو ڕێیان بۆ وان دەکردەوە. کاتێ سەرباز یا ئەفسەرێکی ئەڵەمانی بە تەنیشت خەڵکی شارا ڕەت دەبوو، ڕق‌و توڕەیی چارەی گرژو مۆن دەکردن.

ئەفسەرو کوڕک لە خەتی ترامواکە دوورکەوتنەوە، بەو تاوێرە زەردباوو جوانانەندا کە ڕۆژگارێ شەپۆلی دەریای ئەدریاتیک دەی شتنەوە، هەڵگەڕان.

بە دەستە چەپیاندا دیمەنی دەشت دیار بوو. ڕەزی سەوز ئەو دەرو دەشتەی داپۆشی بوو. خانووە ڕێک‌و پێکەکان لێرەوە زۆر بچووک دیار بوون. کێوی بەرزو سەخت وبەڕەوەز لەپشت ماڵەکانەوە بەرەو قوڵایی ئاسمان هەڵکشا بوون‌و تاک‌و تەرا دارکاژ لە لوتکەکانیان دا ڕووا بوو.

ئێرە "ئۆپچینا"ی پێ دەگوترا.

ئێستا ئەفسەرەکەو سەربازەکەی لە پەنای تاوێرێکی ڕک‌و گەورەدا وێستاون. مولازمەکە ڕووی کردە کوڕک‌و بە ئەسپایی گوتی:

– ڤاسیا، بە ڕاست بە چ خەیاڵێ لەگەڵ ئانژلیکادا دەست لە ملان بە شەقامەکانی تریستدا دەسوڕایتەوە؟

ڤاسیا، بزەیەکی لاسارانەی بۆ کردو گوتی:

– هەموو ئەڵەمانەکان وا دەکەن.

– ڤاسیا، پێویست بەم کارە ناکا. لەوەیە ئەم کارە ڕقی خەڵکەکە لە ئانژلیکا هەستێنی.جگە لەوەش ئانژلیکا بە خۆی کیژێکی زۆر جوانەو ئەم کارەی تۆ دەبێتە مایەی ئەوەی سەربازەکانی دیکەش چاو لە تۆ بکەن.

ڤاسیا، ڕەنگێکی هێناو برد، برۆ تەنکەکانی وێکهێنانەوەو گوتی:

– زۆر چاکە، ئەگەر وابێ چیدی ئانژلیکا لە ئامێز ناگرم.

ئەفسەرەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: "بەڕاستی هێشتا منداڵە!"، سەعاتەکەی بەر باخەڵی دەرهێناو سەیرێکی کرد:

– سەیرە... دەبێ چ بووبێ؟

– چەندی بەسەردا ڕۆییوە؟

– سی و یەك دەقیقە.

– سی دەققە کافی بوو.

بە پەشۆکاوییەوە سەیری یەکتریان کرد.

لە پڕ لە پشتەوە دەنگێکی هێواشی پڕ سۆزیان هاتە گوێ:

– ڤاسیا!

هەردووکیان ئاوڕیان بۆ لای دەنگەکە دایەوە. ئانژلیکا لە نزیکیانەوە وێستا بوو. گۆناکانی لە شپرزەیی دا سوور هەڵگەڕا بوون. نووکە ئانژلیکا لە جوانیا بێ نەزیر بوو. – بە هەرحاڵ لەبەر چاوی ڤاسیادا وادیار بوو. ئانژلیکا خۆی گەیاندە نك وان‌و پرسی: باشە، چی بووە؟

ئەفسەرەکە دیسان تەماشای سەعاتەکەی کردەوە.

ڤاسیا پرسی:

– چەند ڕەت بووە؟

مولازم ئەوەلەکە بەچارەی گرژەوە گوتی:

– سی و سێ دەقیقە.

سیمای ئانژلیکا لێڵ بوو، نیگای پرسیار ئامێزی بە ڤاسیاو ئەفسەرەکەدا دەگێڕا. مولازم ئەوەلەکە گوتی:

– سەرم لەمە دەرناچێ. باشە تۆ لە ئاودەستەکەدا کەپسولەکەت چاك شکاند.

– بەڵێ... سی دەقیقەیی بوو... و کەپسولەکەم ئاخنییە نێو دینامیتی ناو جانتاکەوە.

ئانژلیکا بەبێتاقەتی پرسی:

– ئەدی بۆ نەتەقییەوە؟

ڤاسیا گوتی:

– تۆ بڵێی بەو جانتایەیان زانیبێ کە خستمانە ژێر مێزەکە؟

– باوەڕناکەم. ئەمە جگە لەوەی خۆ هەموو دینامیتەکە لە ژێر مێزەکەدا نییە، لە ئاودەستەکەدا هەیە، لە ژێر کورسییەکە هەیە، لە نهۆمی دووەم هەیە، لە پشت شۆڤاژەکەوە هەیە...

هێشتا قسەکەی تەواو نەکرد بوو کە دەنگی تەقینەوەیەکی هێواش کە پتر لە دەنگی تۆپخانەی دوور دەچوو هاتە گوێ. هەر سێکیان روانیانە خوارێ، ڕوانیانە ئەو شوێنەی کە شار خۆی دە ئامێزی خزاند بوو. لوولە دوکەڵێکی زەدرباو لە دەوروبەری شەقامی گاگاوە چوو بە حەودا، دووکەڵەکە بەرەبەرە رەش هەڵگەڕاو بەسەر شارادەهاتە خوارەوە: دەتگوت دەستێك روپۆشێکی ترسناك بەسەر شارا دەدا.

ئانژلیکا بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

– بژی!

دووکەڵوتەپ و تۆز وردە وردە کەوتە ڕەوینەوە...

ئانژلیکا بزەیەکی کردو بە دەنگێکی هێندە هێواش وەك بڵێی رازێکی یەکجار نهێنی بۆ دۆستەکانی بدرکێنێ، گوتی:

– هاوڕێ میخائیلۆ دەزانی خەڵکی ناوچەکە چ ناوێکیان لێناوی؟ ناویان ناوی سپارتاکۆسی خۆیان....

لە پڕو لە پشت تاوێرەکانی نزیك وانەوە زەلامێکی کەتەی پاڵتۆ لەبەری شەپقە لەسەر دەرکەوت. بە قەڵەمبازێك خۆی گەیاندە وان‌و هەر سێکیانی دوای خۆی خست بۆ پشت تاوێرەکی قووچی بردن.

ریزە پاسەوانێکی ئەڵمانی بە شڵپە شڵپی پۆستاڵەوە بە تەنیشت ئەو شوێنەدا رەت بوون کە تۆزێ لەمەوبەر ئەوانی لێ وەستا بوون.

کە پاسەوانەکان رەت بوون، کابرای نەناس رووی کردە میخاوئیلۆو بە روسییەکی شکاو گوتی:

– لاۆ، کاتێ تەلاران دەتەقێنییەوە، دەبێ ورياتر بی!

میخائیلۆ خێرا خۆی قیت کردەوە، چاوی بڕییە چاوە کەوەکانی کابرای نەناس‌و بە خۆ پەسندییەوە بە زمانی ئەڵمانی گوتی:

– تێناگەم!

کابرای نەناس بزەیەکی کرد:

– دەرفەتی قسەمان نییە، من هاتووم شتێکی گرینگتان پێ ڕابگەینم.

میخائیلۆ بێدەنگ بوو، کابرای نەناسی دابووە بەر نیگا. کابرای نەناس، بە دوو دڵییەوە روانییە ڤاسیاو ئانژلیکا. میخائیلۆش سەیرێکی کردن. ڤاسیاو ئانژلیکا بە بێدەنگی دوور کەوتنەوە.

کابرای نەناس بە دەنگێکی پڕ متمانەوە گوتی:

– بە سەرکردایەتی تیپ ڕابگەیەنە کە ئەوڕۆکە فڕۆکەکەمان نایەتە سەر بەرزایی ژمارە حەوت. با کاتێکی دی بۆ دیدار دیاری بکەن.

میخائیلۆ هێندە بە وردی دەیڕوانییە کابرای نەناس وەك یەکێك بیەوێ بچووکترین رەفتاری بە هزر بسپێرێ‌و لە یادی نەکا.

کابرای نەناس دەستی بە گیرفانەکانیا کردو قوتووە جگەرەکەی دەرهێناو جگەرەیەکی داگیرساند.

میخائیلۆ سەرنجی داو بۆی دەرکەوت کە جگەرەکەی ئیتاڵیاییە، وێنەی جووتێ پێی ژنانە بە قەڵەمی ڕەش لەسەر قوتووی جگەرەکە نەخشێنراوە. ئەمە بۆ ئیستا گرینگ نەبوو، ئەوەی لە هەموو ئەمانە گرنگتر بوو ئەمە بوو کە کابرای نەناس میخائیلۆی لە کوێ دەناسیو تەنانەت ئەوەشی دەزانی کە دەبوایە ئەوڕۆ فڕۆکەیەك بەسەر بەرزایی ژمارە حەوتدا بفڕێ.

کابرای نەناس بزەیەکی کردو پرسی:

– وەڵامت چییە؟

میخائیلۆ گوتی:

– هیچ

کابرای نەناس بە مەحزونییەوە ئاهێکی هەڵکێشا:

– متمانەم پێ ناکەی؟ بە داخەوە، ئەم ڕەفتارە شایانی هاوپەیمانان نییە. تۆ روسیت؟

میخائیلۆ ئەمجارەش بێدەنگ بوو، ئەویش جگەرەیەکی دی داگیرساند. میخائیلۆ دەیویست وەختەکە بگوزەرێنێ تا بتوانێ بە چاکی بیر لە مەسەلەکە بکاتەوە.

کابرای نەناس بزەیەکی دۆستانەی بە روویا داو گوتی:

– چاکە، کەوتە خوا حافیز، دەبێ لە ڕێگای کەسانی دییەوە، هەوڵی خۆ بدەم.هیوام سەرکەوتنی زیاترتانە!

کابرا دەستێکی هەڵتەکاند، گەڕایەوەو کەوتە ڕێ. هێشتا لە چەند هەنگاوێ پتر نەڕۆیی بوو کە میخائیلۆ گازی کرد: بوەستە!

کابرای نەناس وەستا. میخائیلۆ بە شێوەیەکی بنج بڕ گوتی:

– من چ جۆرە پەیامێك ناگەیەنم. تۆش بۆ هیچ جێیەك ناڕۆیو دەبێ لەگەڵ مندا بێی بۆ سەرکردایەتی تیپ. ڕێگا دوورەو ئەگەر پێکەوە بین خۆشتر دەقەتێ.

ئەم بڕیارە کارێکی خەتەر بوو، مەعلوم نەبوو ئەم کابرا چاو کەوەیە چ کارەیە.بەڵام میخائیلۆ بڕیاری دابوو کە ئەم ڕیسکە بکا. ئەگەر کابرا دۆست بێ ئەوا هەموو کارەکان بە بە دڵی خۆی دەبێ. خۆ ئەگەر دوژمن بێ.... ئەوا میخائیلۆ نابێ لە دوژمن بترسێت! میخائیلۆ بەوە راهاتووە رووبەڕووی دوژمن ببێتەوەو ئەم جۆرە رووبە ڕووبوونەوانەش نەیان دەترساند بەڵکو وای لێدەکرد دڵە پڕ جۆش و خرۆشەکەی توندتر و خێراتر لێ بدات.

پێشنیازەکەی میخائیلۆ، کابرای نەناسی خستە بیرکردنەوەوە، پاشان بە خۆشحاڵییەوە دەستێکی بە شانی میخائیلۆدا داو گوتی:

– باشە، با وابێ! بیرێکی خراو نییە... نەڵێم خۆت لە رووی، بەڕاستی خۆشیم پێتدا چووە...

کاتێ کە بە دەم قسە کردنی دۆستانەوە لە پشت تاوێرەکە وەدەرکەوتن ڤاسیاو ئانژلیکا بە سەرساممییەوە ڕوانیانە یەکدی.

***

ئێستا لە شوێنی ئەپارتمانی "دویچە زولداتن هایم"دا وێرانەیەکی دووکەڵاوی دەبینرا کە سەربازانی ئەڵمانیو ئیتاڵیایی تێی کەوتبوونو جەنازەیان لە ژێر دارو پەردووەوە دەردەهێنا. بریقەی ترومبێلی بێ حیساب، لیولیوی ئەمبولانس، هاتو هاواری شێتانەی پیاوانی "S.S"، گریانو شیوەنی منداڵو ژنان (مامورانی "S.S" هەموو دانیشتووانی ماڵە نزیکەکانیان هێنابووە سەر شەقامەکە) ئەو تەپوتۆزەی کە هێشتا نەنیشتبووەوەو هەمووانی خستبووە کۆکە کۆكو پژمین، هەر هەموو ئەمانە دیمەنێکی پڕ هەراو هەنگامەی دروست کردبوو.

سەرۆکی دەستەی پاسەوانان لە نێو بەردو کەرپوچو دیرەکی رەشو دوکەڵاویدا دەگەڕا. قوتوە جگەرەیەکی دەستکردی سەربازانی دۆزییەوەو هەڵیگرت، کاغەزێکی چوار قەدکراوی تێدا بوو، سەرۆکی پاسەوانانی ناوشار قوتووەکەی کردەوە، کاغەزەکەی دەرهێناو ساف کردەوەو ئەم وشە سامناکانەی خوێندەوە: "مەرگ تۆڵەی مەرگە!" دەموچاوە زبرو بەرد ئاساکەی بوو بە لیمۆی زەرد، تەنیا نووسینەکە سامناك نەبوو، بەڵکو ئەمەش کە سەربازێکی ئەڵمانی ئەم کاغەزە بە نهێنی لای خۆی هەڵبگرێ هەر مایەی ترسو نیگەرانی بوو. چ کارێکی بەم کاغەزە بووە؟ ئایا ویستویەتی بە نهێنی بۆ سەربازەکانی دیکەی وەخوێنێ؟ سەرۆکی پاسەوانان هەرچەند بیری لەمە دەکردەوە موچڕکەی پێدا دەهاتو پاشان وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی کەوتە خوراندنی نێوان هەردوو برۆی.

سەربازەکان لە پڕ چاویان بە دەستی لەرزۆکی کەسێك کەوت کە بە دیرەکێکی نیوە سووتی هێشتا گەرمەوە چەسپیووە. پاش زەحمەتێکی زۆر توانیان ئەفسەرێکی نیوە گیانە لە بن دارو پەردووەوە دەربهێنن. ئەم ئەفسەرە ئۆتۆفۆن شولتس بوو. تا ماوەیەکی زۆر گێژو کاس ئاگای لە دنیا نەبوو، پاشان بە ڕقەوە هاواری کردو چەند مامورێکی "S.S" کە گوێیان لە دەنگی ببوو خۆیان گەیاندێ. لە کاتێکا سەربازو مامورەکان گەردو تۆزی جلەکانی ئەویان دەتەکاند، ئەو پڕ بەزاری جنێوی دەدانیو لە خۆی دووری دەخستنەوە وەکو ئەوەی ئەوان سەبەبکاری ئەم رووداوە بن.

پاش دەقیقەیەك ترومبێلێکی تایبەتی لەبەردەم واندا ڕاوەستا، دوو زەلامی "S.S"و پزیشکێکی گەنجی لێ دابەزین، بە سیمای ترس لێ نیشتووەوە لەبەردەم شولتسدا ڕەق ڕاوەستان.

پزیشکەکە لە ڕێ دا شولتسی معایەنەو دەرمان کردو بە سەرسامییەوە گوتی:

– شوکور بۆ خوا! لەشت سەلامەتەو تەنانەت تاقە شوێنێکی نەڕوشاوە–پزیشکەکە هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشاو بە شولتسی گوت: –جەنابی سەرگورد پێویستتان بە ئیسراحەتە. ناچێتە ئەقڵی چ کەسێکەوە بەم سەلامەتییە لەو بەڵایە خەلەسابی. تەنیا پێویستتان بە ئیسراحەتەو هیچی دی... بە یارمەتیت بابە ترومبێلەکە بتان گەیەنم قوربان...

بەڵام شولتس ژێر دەستەکانی خۆی دانە لاوەو بە پێیان کەوتە ڕێ. "S، S"کانیش پاش دەقیقەیەك شپرزەیی شوێنی کەوتن.

شولتس سەرەتا هێندە بە خێرایی دەڕۆیی لە تۆ وایە دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە کەسێک و دەستگیری بکا.... خوێن بەری چاوی گرتبوو و چارەی لە ئاگری غەزەب و تووڕەییدا دەسووتا. بەوردی دەیڕوانییە هەموو ڕێبوارێک، دەوەستاو بە ڕقەوە سەرنجی دەداو هەوڵی دەدا ئەوە وەبیرخۆی بێنێتەوە کە داخوا ئەم ڕێبوارە، لە یەکێک لەو کەسانەی ئەمڕۆ لە "دویچە زولداتن هایم"دا دیتونی، دەچێ یان نا ؟ لەوەیە یەکێک لەو کەسانەی کە ئەمڕۆ لەوێدا نیوەڕۆژەی کردووە پارتیزان بووبێ، دوور نییە خودی میخائیلۆش بووبێ، لەگینە! ئەم پیاوە بە ئەزموونەی گوشتاپۆش هەر ئاگای لێ نەبووبێ! بە بەرچاوی ئەوە ئەم کەتنە گەورەیە کراو تاوانباریش وەکو بەرزەکی بانان بۆ دەرچوو، لەوەشە ئێستا شادو دڵخۆش بە شەقامەکانی شاردا بگەڕێ.

گەلاّبەی پڕ لە لاشەی سەربازو ئەفسەران بە تەنیشت شولتسدا ڕەت دەبوون. شولتس بەرە بەرە هەنگاوەکانی سووک دەکردەوە، ئەو شەقامانەی شولتس پێیاندا ڕەت دەبوو دەم و دەست پڕ دەبوون لە ماموورانی "S.S" هەر کەسێک کەمترین گومانی لێ کرابا خێرا دەیان گرت و بەرەو دایەرەی گوشتاپۆیان دەبرد.

چەندین خەڵکی لە میخائیلۆ چوویان گرت، تەنانەت دە میخائیلۆ ناویش خرانە ڕەشچاڵە تاریک و نوتەکەکانی گۆشتاپۆوە .

شولتس خۆی لە هیچ کارێک هەڵنەدەقورتاند، مات و بێدەنگ بە شۆستەکەدا ڕێی دەکرد... تەنانەت گاردەکانی خۆیشی گومانی ئەوەیان دەکرد کە ئاغایان شێت بووە، بەلاّم شولتس هەر چەندە غەرقی دەریای بیری خەمناک و شووم ببوو لەگەڵ ئەوەشدا وریا بوو... لە یەکەم دەققەکاندا دەیویست تریست ژێرو ژوور بکا، بەر دەسرێژی بدات، ئاگری تێ بەردا، وێرانی بکا، بەلاّم دوایی ڕقەکەی دامرکایەوەو ترسی لێنیشت... لە دڵی خۆیدا گوتی: "لەم شارەدا تووشی چەرمەسەری و ناڕەحەتی زۆر دەبم." هەر خۆی بە خۆی گوت: "بەلاّم ئێستا کوا ئاسوودەیی، ئاسوودەیی لە کوێ هەیە؟ کێ دەتوانێ بە ئاسوودەیی بژی؟... ئێستا هەموو شوێنێک وەکو ئێرەیە".پارتیزانانی نەعلەتی! پەلامار، شەبەیخون، وێرانکاری، تەقاندنەوە – لەوەیە هەوڵی گرتنی شاریش بدەن. جا بۆ نەء.، هەر ڕۆژو سەعاتێ ئەم کارە بکەن دەیکەن! لێیان دەوەشێتەوەو کارێکی چاوەنۆڕ نەکراو نییە، خوا نەکا ئێرەش وەکو جەبهەی ڕۆژهەلاّتی لێ بێ... تەحا! تەنانەت بیر لێکردنەوەشی سامناکە... شولتس لەپڕ وەکو ئەوەی سەرمایەکی ناخۆش چووبێتە ناو لەشی، تەزوویەکی پێداهات. بۆ ساتێک ئەو دیمەنانەی کە لە دوا سەفەریا بۆ بیلەروسی نزیکی شاری بارانوفچی دیتبوونی، هێنایە بەرچاوی خۆی: ئەو هەموو تانکانەی کە نیشانەی خاچی شکاویان پێوە بوو و لە سەریان نووسرا بوو: "بەرلین، باکۆ، بۆمبای" هەموو سووتا بوون و لە سەرلا کەوتبوون، دەشت ودەر پڕ ببوو لە جەنازەی سەربازو ئەفسەرێن هەڵبژاردەترین لەشکرێن هیتلەری.... پەح پەح!.ڕاستە تریست شارێکی شوومە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا وەزع و حاڵی ئێرە چاکترە...

چاوی بە ئیعلانەکەی لەمەڕ میخائیلۆ کەوت. دەبێ پارەی خەلاّتی سەری ئەم پارتیزانانە زیاد بکرێ. پێناچێ ئەم هەنگاوە وەزع و حاڵەکان چاک بکا. هەوڵ و کۆششی جدی تری گەرەکە،

پـارتیزانن هێزێکـی ترسـناکن، بـەڵام ئایـا بـەبێ رووسـەکان بـەهێز دێنـە ژمـاردن؟ رووسـەکان شێلگیرانە بەرەو سنوورەکانی خۆیان دێن، یانی بەردەوام لە ئەڵمانیاو ئەوروپا نزیکتر دەبنەوە. بەڵێ ئەمە سەرچاوەی کارەستاکەیە. وەزعەکە گەلێك دژوارە . ئەوجاش دەبێ پارەی خەڵاتەکە پتر بکرێ...

پاش کەمتر لە سەعاتێك تریست هێدی بۆوە، شار ئارامی گرت، هەراو هۆریاو دەنگە دەنگ نـەما، خـەڵکی لەگـەڵ تەقـەو تەقینـەوەدا ڕاهـاتبوون. هـەر ئـەو بـێلاو کۆشـكو باڵەخانانـە دەتەقێنرانەوە کە لە ئیختیاری هیتلەرییەکاندا بوون. چ خەتەرێك لەسەر خەڵکانی ئەهلی نەبوو. خەڵکی بە تەقینەوەکان گەشکەیان دەکرد، بەڵام ناچار بوون شادی خۆ وەشێرنو هەوڵیان دەدا لەگەڵ هەر تەقینەوەیەکدا خۆ لە فاشییەکان بدزنەوەو بەر دەست نەکەون. تەنێ منداڵانی زیتەڵەو بزێوی تریست نەبێ کە دەچوونە سەربانەکانو لەوێندەرەوە هاواری شادیان بە گوێی خەڵك و خوادا دەدا. کە هیتلەرییەکان بۆیان دەچوون تا بیانگرن، بە سەربانەکاندا غاریان دەداو خۆیان ون دەکرد.

ژیانی ئاسایی شار دەستی پێکردەوە. لە شوێنێکەوە دەنگی ساز دەهاتە گوێ... هەراو هۆریای فاشیانی مەستی نێو بارە ژێر زەمینییەکان دەنگی دەدایەوە.سەگانی بەرەڵڵای ترساو لەم دوا تەقینەوەیە، وەدەرکەوتنو هاتنە بەردەم قەسابخانەکان، ئەو قەسابخانانەی کە بە دەگمەن گۆشتیان تێدا دەبینرا.پیرێژنێکی فاڵچی بەخۆو کاغەزە چڵکنەکانیەوە لە پاڵ تەلارێکی کەرپوچی نیوە وێران ڕۆنیشت. مێر منداڵانی رۆژنامە فرۆش، کۆنە رۆژنامەی فرێ دراوی سەر شەقامەکانیان کۆ دەکردەوەو هەوڵیان دەدا بە خەڵکانی دیکەی بفرۆشنەوە. کە چاویان بە مامورانی S، S" کەوت بە شەقامەکەدا رەت دەبوون، لە کەفلەکونێکدا خۆیان دایە پەناو پاسارو لە چاو ون بوون...

شولتس هێشتا هەر بە شەقامەکانی تریستدا پیاسەی دەکرد. تەقینەوەکە هەراسانی کردبوو، هەستی بەدڵ تێکهەڵهاتنێکی ناخۆش دەکرد. شولتس ئاقیبەت پەی بە بێهودەیی پیاسەکەی خۆی بردو بڕیاری دا ئیسراحەتێ بکا. بەرەو دایەرەی گوشتاپو وەڕێکەوت. لە ڕێگادا تووشی دوو سەرباز بوو، هەمان ئەو سەربازانەی دوێنێ بوون کە بەشێوەیەکی دۆستانەو ئاشتی خوازانە لەگەڵ خەڵکەکەدا داخاوتن. ئەگەر سەری نەیەشاباو دڵی تێك هەڵنەهاتبا، بێگومان غەزەبو تووڕەیی خۆ بەسەریاندا هەڵدەڕشت.

سەربازەکان هەر کە شولتس یان بینی، بە پەلە خۆیان بەکۆڵانێك دا کرد کە سەڵبەندی سپی کرابوو. ناوەندی کۆڵانەکە بە جۆرێ هەڵتۆقی بوو لە تۆ وایە پشتی ماسییە. لە دوورەوە دەنگی مۆسیقا دەهات.

سەربازی یەکەم بە دەنگی بەرز گوتی:

– پیانۆیە. ئەریخ، دەنگی پیانۆو ئێرە کوجا مەرحەبا.

ئەریخ، قسەکەی بۆ راست کردەوە:

– نا، هانس ئەمە پیانۆ نییە، کلاوسنە. "سۆناتی مانگە شەوی"ی بیتهۆڤن لێدەدەن.

هانس، چیدی لەسەری نەڕۆیی، چونکە ئەریخ موسیقازانەو چاکتری لێدەزانیٚ.

زۆر بە وردی گوێیان رادەدێراو هەوڵیان دەدا سەمتی دەنگەکە بدۆزنەوە. ئەریخ دەرگایەکی خواربووی حەوشەیەکی کردەوەو دوو بە دوو وەژوورکەوتن. خانوویەکی دووکەلاٚوی پەنجەرە تارک لەو سەری حەوشە تەسکو باریك و چەو ڕێژەکەدا هەبوو.

دەنگی مۆسیقاکە لەم خانووەوە دەهات.

ئەریخ چووە بەر هەیوانەکە.

هانس کە نەیدەویست لە دۆستەکەی بەجیٚ بمێنیٚ، پرسی:

– تۆ بۆ دەڕۆی بۆ ئەویٚ؟

ئەریخ لە بن لێوانەوە گوتی:

– هەروا... دەزانی کۆکی کلاوسنەکە تێك چووە.

هانس گوێی لە قسەکانی ئەریخ نەبوو، بەلاٚم دوای کەوت.

پاش دەقیقەیەك خۆیان لە بەردەم ژنێکی قژ سپی گەنجدا بینییەوە کە بە ترسەوە خۆی خزاندبووە ژوورێکی نیمچە تاریکی تەقریبەن خالّی لە هەر ناومالّێك.دیواری ژوورەکە بە کاغەزی مەیلەو وەنەوشەیی هەرزان بایی  داپۆشرا بوو. کەلوپەلی نێو ژوورەکە بریتی بوو لە: سوپایەکی ئاسنین کە لوولە سپییە خوارو خێچەکەی لە کونی پەنجەرەکەوە دەچووە دەریٚ، شڕە سەندوقێك کە کۆنە قالیچەیەکی کالّەوەبووی بە سەرەوە بوو.کۆنە جەزوەیەکی مس کە بەسەر مێزێکەوە بوو.کلاوسنێك کە لە سووچێکی ژوورەکەدا دانرا بوو.

ئەریخ پرسی:

– تۆ کلاوسنت لێدەدا؟

ژنەکە بەترسو لەرزەوە گوتی:

– من... چما قەدەغەکراوە؟... ئەگەر قەدەغە کراوە ئیدی لێی نادەم...

ئەم سەربازانە بۆچی هاتوونەتە مالٚ ئەو؟ چ نەگبەتییەك لە کەللەی دا کە پەنابەرێتە بەر کلاوسنەکەو لە ڕێگای مۆسیقاوە هەندیٚ داخی دلٚ هەلّڕێژیٚو باری سەر شانی سووك بکا ؟

سەربازی فاشیست روو لە هەر مالیٚ بکەن، تووشی کارەسات و مەینەتی دەکەن، کیٚ داکۆکی لەم ژنە تەنیاو بێکەس و سلۆکە دەکا؟ جاران باش بوو، دەچووە مالاٚنو بە دەرس وتنەوەی مۆسیقا ژیانی خۆی دابین دەکرد، بەلاٚم ئێستا تەواو ئومێد بڕ بووەو نازانیٚ لەم شارە شوومو مەینەتبارەدا چی بکا، روو بکاتە کویٚو پەنا بۆ کیٚ بەریٚ؟ ژنەکە لە پالٚ مێزەکەدا وشك ببوو، بیری لە چارەیەك دەکردەوە، بە ترسەوە بیری لەوە دەکردەوە کە چ دەقەومیٚ.

یەکێك لە سەربازەکان لە بن لێوانەوە گوتی:

– کۆکی کلاوسنەکەت تێکچووە.

ژنەکە بە ئەسپایی لێوی لەبەر یەك هەلّێنان: بەلیٚ...

لەم کاتەدا شتێك رووی دا کە تەنانەت پاش رۆییشتنی سەربازەکانیش ئەو ژنە نەیدەتوانی باوەڕ بە چاوانی خۆی بکا.

سەربازێکیان لەسەر سندووقەکە رۆنیشت، ئەوی تریان تفەنگە ئۆتۆماتیکەکەی خۆی دایێو بەرەو کلاوسنەکە چوو، شارەزایانە قەپاغی کلاوسنەکەی لابردو شوێنی کۆکەکەی کردەوە.

هانس کە لەسەر سەندوقەکە دانیشتبوو، پرسی:

– زۆرت پێ دەچێ ؟

ئەریخ بەدەم بیرکردنەوەوە وەڵامی دایەوە:

– نەء ،هەر ئێستا چاکی دەکەم.

ئەوجا رووی کردە ژنەکە:

– پارچەیەکت نییە؟

ژنەکە گوێڕایەڵانە وەڵامی دایەوە:

– پەیدای دەکەم... هەر ئێستاپەیدای دەکەم.

ژنەکە پارچەیەکی نەرمی کە عادەتەن کلاوەکەی خۆی پێ پاکدەکردەوە، بۆ هینا. ئەریخ کەوتە پاککردنەوەی کلاوسنەکە، ٢-٣ ئاوازی کورتی لێداو کۆکەکەی تاقیکردەوە.

هانس بە کونجکاوی سەیری دەستی ئەریخی دەکرد.

دەستە زبرو قڵیشاوەکانی ئەریخ دەتگوت لە هەوادا دەفرن، چارەی گرژی بە تەواوی رووناك ببوەوە.

ئەریخ لە کاری خۆیدا وەستا بوو. ژێ وتەلەکانی توند دەکردن، خاوی دەکردنەوە، بە ئەسپایی سەری پەنجەی لێدەدان، قامکی شادەی بەسەردا دێنانو دەبرد.

ژنەکە هێشتاش نەیدەتوانی هێور بێتەوە.

ئەریخ کۆکەکەی بەستەوە، قەپاغی کلاوسنەکەی نایەوە، کورسییەکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو لەسەری رۆنیشت.

دیسان ئاوازێکی خۆشو دڵگیر لە کلاوسنەکە هەستا، ئەریخ دوا بەشی "سوناتی مانگە شەوی" لێدا، قەباغی کلاوسنەکەی بەست و بەخۆشییەوە گوتی:

– چاك بوو.

هانس بە بێتاقەتیەوە لەسەر سەندوقەکە هەستا، تفەنگەکە ئۆتۆماتیکەکەی کەوتە سەر زەوی، دەنگی کەوتنی تفەنگەکە هەردووکیانی ڕاچڵەکاند.

ئەریخ تفەنگەکەی خۆی هەڵگرت، دوو بە دوو بێئەوەی تاقە قسەیەکی دی بکەن بەپەلە ماڵەکەیان بەجێ هێشتو بەرەو شەقامەکە چوون.

ژنەکە بەغار دوویان کەوت، بەڵام پاشان گەڕایەوە بۆ ژوورەکەو بێ دەسەڵاتانە خۆی بەسەر سندوقەکەدا داو ئێستاو ئەوسا هیچی بۆ دەرنەکەوت.

ئەریخ و هانس دەرگای حەوشەیان لە دوای خۆیانەوە داخستو بە نێو کۆڵانەکە کەوتن. ئەریخ گوتی:

– هانس بمبورە، دەستەکانم خەریك بوون بۆ کار باڵیان دەگرت. نەمتوانی خۆم بگرم.

هانس وەڵامی دایەوە:

– تێت دەگەم دۆستی ئازیزم. لەو دەمەدا کە تۆ خەریکی کلاوسنەکە بووی من... من بە خەیاڵ چوو بوومە سەربانێکی یەکجار بەرز، چینکۆم قەد دەکردو بە چەکوشی دار دەم کوتییەوە... زۆر چاك هەست بە حاڵی تۆ دەکەم.

***

میخائیلۆ هاوڕێکانی و میوانەکەی چاوەڕوانیان کرد تا دنیا تاریك بوو، ئەوجا لە شار وەدەرکەوتن. دەبوایە بەسەر خاڕێز وبارستایی ژێر ڕێگا ئاسنەکەدا بپەڕنەوە.ئانژلیکا چوو بوو ڕێگاکە تاقیبکاتەوەو بزانێ ئاخۆ چ مەترسییەکیان لە ڕێدایە یان نا، ماوەیەك بوو چاوەڕێی ئەو بوون. ئەنجام دەنگی پێی سەر بەستەڵەك بە ئاستەمێك هاتە گوێ. ئانژلیکا بە بێدەنگی و ئەسپایی دەستی ڤاسیای گرت و ڕایکێشاو ئەوانی دیش وەدوایان کەوتن. کاتێ کە بەسەر ڕێڵەکاندا دەپڕینەوە لە دوورەوە تیشکی لایتی دەست پاسەوانەکانیان بینی کە لە دوورەوە هەڵ بوو وپاشان لە تاریکییەکەدا ون بوو.

میخائیلۆ ویستی میوانەکەی بناسێت، لە پرسیاری گرت، بەڵام میوانەکە بە نەزاکەتەوە پرسیارەکانی ڕەت کردەوەو گوتی کە دەبێ لە تیپشدا وەڵامی هەمان ئەم پرسیارانە بداتەوە، بۆیە پێویست ناکا دووجار ئەم کارە ئەنجام بدات. ئەویش هیچ پرسیارێکی دی نەکرد. دوای دوو سەعاتە ڕێ دەنگی سەگوەڕێکی دووریان هاتە گوێ. دەنگی سەگەکە بەرە بەرە بەرزتر دەبوو.ئەوجا تروسکەی کزی چەند چرایەکیان لێ بە دیارکەوت، پاش نیو سەعات گەییشتنە نێو ئاوایی "پروسك".

میخائیلۆ لە بەردەم خانوویەکی بچووکدا وەستا، عەمارێکی یەکجار گەورە بە پاڵ خانووەکەوە دروست کرابوو. ئانژلیکا بە ئەسپایی لە شووشەی بەفر گرتووی پەنجەرەی خانووەکەی دا! پاش دەقیقەیەك پیاوێکی پۆستین لەبەری خەواڵو بەدەم سەرخوراندنەوە هاتە بەر دەرگا.

ڤاسیا بە ئەسپایی گوتی:

– ئێمەین.

خاوەن خانووەکە خاچێکی کێشا:

– زۆر شوکور خوایە! هەموو ساغ وسەلامەتن؟

ڤاسیا بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– هەموومان.

خاوەن خانووەکە لە داڵانەکەوە هاتە خوارێ و چووە پشتی خانووەکەوەو دەرگای عەمارەکەی کردەوە، جیڕەجیڕی دەرگاکە کابرای قەڵس کرد، بە ئەسپایی جنێوێکی دا، جگە لە میخائیلۆو کابرای جووتیار ئیدی هەموویان چوونە عەمارەکەوە.میخائیلۆ زۆر بە ئەسپایی پرسی:

– خەبەرو باس؟

کابرای جووتیاریش زۆر بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە:

– هاتبوونە ئێرە.

– ئیٚ؟

– هەمووماڵەکان گەڕان. کەسیان نەدۆزییەوە، هیچیان دەست نەکەوت تەنیا چێڵی هاوسێکەی من نەبێ کە بردیان...

میخائیلۆ بۆ هاندان و دڵدانەوەی ئەو گوتی:

– قەیدی نییە. کە شەڕ تەواو بوو.....

خاوەن ماڵەکە هەڵیدایێ:

– میوانت لەگەڵن ؟

میخائیلۆ سەری لەقاند.

– وێ دەچێ... باشە، تۆ بڕۆ ئیسراحەت بکە.

جووتیارەکە گوتی:

– نانووم. شەوباش... دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست.

میخائیلۆ دەنگە شقارتەیەکی داگیرساند. ڤاسیا لەوسەری عەمارەکەوەو لەسەر گەڵای پایزە جێی بۆ خۆی چاك دەکرد. میوانەکە بە وردی دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی و پێدەچوو بۆ جێگایەکی چاکتر بگەڕێ، بەڵام چ جێگەیەکی چاتری بەرچاو نەکەوت، ئەویش بە ناچاری لەسەر گەڵاکان ڕاکشا.

کولانە مریشکێك لە سەرووبانەوە بوو، هەرکە وان وەژوورکەوتن مریشکەکان کەوتنە قدە قد. ئانژلیکا خۆی لە پاڵتۆکەی ڤاسیاوە پێچا بوو و لە سوچێکی دووری عەمارەکەوە باوەش باوەش گەڵای دەهێنا. شقارتەکە کوژایەوە. میخائیلۆ دەنکە شقارتەیەکی دی داگیرساندو دەموچاوی ئانژلیکای کە بەلای ئەوا تێدەپەڕی، روناك کردەوە. تەنکە بەفرێکی سپی و ناسك نیشتبووە سەر کێسووی و وەکو ژنێکی قژ سپی دەهاتە بەرچاو.

میخائیلۆ بە ئەسپایی گوتی:

– ئانژلیکا...

ئانژلیکا نیگایەکی پرسیار ئامێزی کرد.

– تۆ زۆر ماندوو بوویت... تۆ بڕۆ ژوورەوە. ئێمە بە خۆمان کارەکان دەکەین.

ئانژلیکا زمانی بە لێوە لە سەرما شین هەڵگەڕاوەکانیا هێناو گوێ رایەڵانە سەری دانەواند.

دەنگە شقارتەی دووەمیش کوژایەوە.

ئانژلیکا گوێی بۆ دەنگی پێی میخائیلۆ هەڵخست. میخائیلۆ چووە ئەوسەری عەمارەکەو دەنکە شقارتەیەکی دی لەوێ هەڵبوو، ئانژلیکا سیمای میخائیلۆی نەبینی. بەڵام بۆی دەرکەوت کە ڤاسیا بە نەوازشەوە سەیری ئەو دەکات. ئانژلیکا بزەیەکی کرد، لە عەمارەکە وەدەرکەوت و دەرکەکەی تواند داخست.

میخائیلۆ لە نێوان ڤاسیاو میوانەکەدا درێژ بوو. دەنکە شقارتەی سێیەم کوژایەوەو تاریکی باڵی بەسەر عەمارەکەدا کێشا.

میخائیلۆ و ڤاسیا بە نۆرە دەخەتن. بڕیاریان دابوو ئاگایان لە میوانەکە بێ، بەڵام میوانەکە بەردەوام لەسەر گەڵاکان جینگڵی دەدا...

ڤاسیا هەر زوو هەموویانی هەستاند، دەبوایە بکەونە ڕێ.

خانەخۆییەکەیان شیری گەرمو کولیچەی ئاردی گەنمەشامی بۆ هێنان. میخائیلۆ سوپاسی کردو لە عەمارەکە وەدەرکەوتن.

تەم.. تەم هەموو لایەکی گرتووەوەو دنیا دەڵێی لە ژێر چەرچەفێکی ئەستووری سپیدا نووستووە. بەڵام هێشتاش هەر هەست بە نزیك بوونەوەی سپێدە دەکرێ. تەمەکە جارێ کەوەیی دەنوێنێ‌و جارێ سەوزی تۆخ. زنجیرە کێوی کاژ بە کۆڵ‌و بەفر لەسەر نیشتوو لە نێو تەمەکەوە سەرتاتکێیانەو دەڵێی دێوێکی زەبەلاحەو بەتەمەڵییەوە لە خەو ڕادەبێ‌و چەرچەفە ئەستوورە سپییەکە لەسەر خۆی لادەباو خۆی کێشمان دەدات . دوا پەڵە تەم لول دەخۆن‌و بەرەو داوێنی کێوەکە دەخزێن... قۆڕەی گاو و دەنگی پێچکەی عەرەبانە دێنە گوێ...

ڕێگای کوێستانییەکە سات بە سات دژوارتر دەبوو. ڕێبوارەکان ناچار هەنگاویان سووك کردەووە. ئانژلیکا لە پێش هەموویانەوە دەڕۆیی، زۆرجار لە کوێرە ڕێگا بەفرگرتووەکاندا ڕەتی دەبرد ویان دەخزی‌و، ڤاسیا کە لە پشتییەوە بوو، دەیگرتەوە. میخائیلۆ لە پاش هەموویانەوە بوو. هەندێجار لە تەمەکەدا ون دەبوون‌و پاش تۆزێك دەردەکەوتنەوە. دیمەنی تایبەتی کەنارەکانی تریست دەکەوتە بەرچاویان: کۆمەڵێك شاخی سەخت‌و گەردن کەش دار کاژو سنۆبەرو لێرەو لەوێ ئاڵوباڵوی کێوی گرتبووە باوەش، گڵاکانی خۆیان لە پایزەوە تا زستان پاراستبوو. لەمبەرو لەو بەرەوە، ناوە ناوە ،دارکونکەرەی لە مرۆڤ ترساو هەڵدەفڕین. سمۆرەی زیتەڵ بە لق‌و پۆپەکاندا هەڵبەزو دابەزیان بوو.

لە دوورەوە، لە قوڵایی دۆڵەکەدا کانەکانی ئایدریا دەبینرا، سەربازی ئیتاڵیایی پاسەوانی ئەم کانانەیان دەکرد، بەڵام هیتلەرییەکان بەردی کانەکانیان دەبرد. گوندی ئەشتینال لە دوورەوە دەرکەوت. تاوێری زەردباوی تابن لوتکە لە بەفرا نیشتوو،ئەم گوندەیان گرتبووە باوەش، گوندەکە لە دوورەوە لە قەڵایەکی بەرزی سەر قوللەی شاخێك دەچوو. ڕێبوارەکان بە دەوری گوندی نێو براوا پێچیان کردەوەو هاتنە سەر ڕێگایەکی دی. میخائیلۆ پێشنیازی کرد کە پشوویەك بدەن. تەواو لە دەشتی ڤیبافوی نزیکی تریست دوور کەوتبوونەوە.

پاش نیو سەعات کەوتنەوە ڕێ. هەمدیس کێوو گوندیان لێ بە دیاردەکەوت.هەندێ لە دێهاتەکان چوار پێنج ماڵێك بوون. کوێستانیان بە گەرمی پێشوازییان لە میخائیلۆ و هاوڕێکانی دەکرد. شیری گەرمو کولیچەی ئاردی گەنمەشامی‌و گۆشتی کوڵاوی بزنیان دەدانێ. خەڵکی تریست بە زمانی ئیتاڵی قسان دەکەن، بەڵام زمانی باوی ئێرە زمانی سلاڤییە. گوندانی زۆزانی بە زۆری کەوتوونەتە ئەم بەرو ئەوبەری کوێرە ڕێیەکەوە، بۆیە تەنیا یەك ڕێی چوونە نێو گوند ویەك ڕێی دەرچوون لە گوند هەیە.

ڕێبوارەکان لە پێچێکی کوێرە ڕێگاکەدا، تووشی کیژێکی خورتی کورتە باڵای سربیایی بوون کە تەواو ترسا بوو وهانکە هانکی پێکەوتبوو. کیژەکە هەواڵی دانێ کە هیتلەرییەکان بۆ تاقیبی

پارتیزانەکان. پەلاماری گوندی ترنونویان داوەو چەند ماڵێکیان سووتاندووە. کیژەکە دەستی بۆ پێشەوە ڕاکێشا. میخائیلۆ لە نێو درەختەکان‌و لە بەینی تەمومژی ئەو سپێدەیەوە ڕەنگدانەوەی ئاگرەکەی بەدی کرد. ڕەنگی تەمەکە سپیواژ نەبوو، بەڵکو ئەرخەوانی بوو. بەڵام هیتلەرییەکان لە بیانوو بوون و ئەو شوێنانە نەدەگەڕان کە جێی گومان بوو. چونکە لەم کاتەدا هێزێکی تیپی سێیەمی پارتیزانەکان لە دەوروبەری ئایدریادا خەریکی چالاکی بوو. پاشان میخائیلۆ لە سەرکردایەتی تیپدا بۆی دەرکەوت کە چالاکی پارتیزانەکان هەرچەندە هەندێ زیانیان وێ کەوتبوو، سەرکەوتووانە بووە.

میخائیلۆ بە ڤاسیاو ئانژلیکای گوت کە لە گوندی پلاڤا وەمێنن.کە میخائیلۆو میوانەکە لە سەرکردایەتی تیپ نزیک دەبوونەوە، دنیا بەرەو تاریک بوون دەچوو و تاك‌و تەرا ئەستێرەی درشت ، لێرەو لەوێ بە دیاردەکەوتن.

***

مەقەڕی سەرکردایەتی تیپی زاربەی لەشکری گاریباڵدی پارتیزانەکان لە هاوینەهەوارێکی چۆڵدا بوو. ئەم هاوینە هەوارە جاران هی کابرایەکی کارخانەداری دەوڵەمەندی تریستی بوو. هەفتا کیلۆ مەترێك لە شارەوە دوور بوو، کەوتبووە سەر کێوێکی بەرزی چڕە دارستانی کاژەوە.

ئەم سوپایە ،چەند تیپ‌و دەستەیەکی سەربەخۆو جیا لە یەکدی هەبوو، بۆ نموونە دەستەی وا هەبوو ژمارەی ئەندامەکانی نەدەگەییە سی کەس، کەچی دەستەی واهەبوو ژمارەی ئەندامانی لە سەد کەسیش تێدەپەڕی . سەیرت دەکرد یەکێك لە تیپەکان بریتییە لە فەوجێکی نیشان شکێنی پارتیزانی، کەچی تیپێکی دیت دەبینی پتر لەم فەوجێکی ڕێك‌و پێکی سوپایی دەچوو و تەنانەت تۆپخانەشی هەبوو.پێکهاتەی خەڵکی ناو تیپەکانیش هەمە جۆر بوو: ئیتاڵی، سلاڤی، مەجەڕ، روس، بوڵغاری، فەرەنسی‌و هەر میللەتێکی دیت ویستبا!

تۆڕێکی قەرەوڵخانە و کۆمەڵێك بنکەی ئێشکگری بە دەوری سەرکردایەتی تیپی زاربەوە بوو . ئەم قەرەوڵخانەو بنکە ئێشکگرییانە زاڵ بوون بەسەر هەموو ئەو ڕێگاوبانانەوە کە بەرەو چیا دەڕۆیین. باریکە ڕێگایەکی داوە دەزوو ئاسا بە بەینی کێوەکاندا رەت دەبوو، ئەم باریکە ڕێگایە لە هەموو ڕێگاکانی دی پتر لە ژێر چاودێریدا بوو، چونکە ڕێگای تایبەتی پێوەندی سەرکردایەتی‌و بەشە سەرەکییەکانی تیپەکە بوو کە لە دارستانەکەی تەنیشتەوە پەنهان بوون.

ئێوارە بوو،موغەیرییەکانی نێو هاوینەهەوارەکە نێڵە نیل دەسووتان، کتری‌و قاپلەمەی پارتیزانەکان بەسەر ئەو سێکوکانەوە بوون کە لە ناو موغەیرییەکان دانرابوون ، بڵێسەی ئاگر سێبەرێکی لەرزۆك و سەیری بەقەد دیوارە گەچکاریەکان و تاقی ژوورەکانەوە کە نەخش و نیگاری زۆریان تیاکرابوو دروستدەکرد.

مۆمی سەر پلەکان‌و سوچی ژوورەکان روناکییەکی کزیان بڵاودەکردەوەو ناوبە ناو تیشکی لایتێ یا ئاگری جگەرەیەك لێرەو لەوێ دەبریسکایەوە.

ئەو پارتیزانانەی کە تازە لە ماموریەتێکی دژوار گەڕابوونەوە لاڵ‌و پاڵ لێی کەوتبوون‌و لە هەموو جێیەك: لەسەر قەرەوێڵەکان، کورسییەکان، بەر پەنجەرەکان‌و تەنانەت لەسەر عەردەکەش

خەویان لێکەوتبوو ئەمما خەو. خۆیان نەگۆڕی بوو بە قەمسەڵەوە، بە پاڵتۆی بارانییەوە، بە پاڵتۆی سەربازییەوە، بە قاپووتی جووتیارییەوە، بەچاکەت و پانتۆڵەوە خەوتبوون‌و تفەنگەکانیان لە پاڵ خۆیاندا دانا بوو.

ئەوانەی زۆر ماندوو نەبوون، چەکیان پاك دەکردەوە، جلیان ئوتو دەکرد یان دەدرۆوە، چایان دەخواردەوە، تەراشیان دەکردو هەوڵیان دەدا بە بێدەنگی هەموو ئەو کارانە بکەن و ئەوانی دی زڕخەو نەکەن.

پیرەمێردێکی زامدارو بێهۆش لەسەر تەختێکی پان درێژ ببوو. چەند کچێکی پەرستارو دکتۆرێکی سپی پۆش بە دیارییەوە بوون‌و سەرگەرمی کار بوون.

لە پڕ دەرگا کرایەوەو یەکێك هاواری کرد:

– میخائیلۆ هاتەوە!

جۆش‌و خرۆش کەوتە نێو هاوینەهەوارەکە، هەواڵی هاتنەوەی میخائیلۆ ژوور بە ژوور، هۆڵ بە هۆڵ‌و قاڵدرمە بە قاڵدرمە بڵاوبۆوە.

دوای دەقیقەیەك پارتیزانەکان یەك یەك کەوتنە دەست گوشین‌و خێر هاتنەوەی میخائیلۆ.

میخائیلۆ جلی ئەڵمانی لەبەر بوو، چاکەتە ئەفسەرییەکەی داکەندو بە بلوزە خورییەکەیەوە کە سینگە پان‌و پۆڕەکەی تەواو داپۆشی بوو لەسەر پلەکان وەستاو دەستەکانی خستبوونە نێو گیرفانی پانتۆڵەکەی‌و شەرمنانە بزەی بە ڕوویان دەدا.

میخائیلۆ ئیشارەتی بۆ لای ئەو کابرا شەپقە بەسەرەی ،کە بە تەنێ لەبەر دەرگاکە وەستا بوو، کردو گوتی:

– میوانێکمان لەگەڵ خۆدا هێناوە. تکایە پێشوازی بکەن!

میخائیلۆ چەند پلەیەك سەرکەوت و بە دەم ڕێوە بە ئەسپایی بەلاوێکی دەمانچە بە قەدی جزمە لە پێی گوت:

– سیلویف ڕێزی تایبەتی میوانەکە بگرن !

ئەم قسەیە مانای ئەوە بوو کە کابرای میوان، میوانێکی ئاسایی نییەو دەبێ زۆری قەدر بگرن‌و ئەوپەڕی وریایی وپارێز رەچاو بکەن .

سیلویف بێئەوەی لات کەلام بکا بە پلەکاندا دابەزی‌و چووە نك ئەو پارتیزانانەی کە دەوری میوانەکەیان دابوو.

میخائیلۆ ڕاڕەوەکەی بڕی‌و گەییە ئەو سەری ودەرگای ژوورێکی کردەوە،لە پشت مێزێکەوە کە مۆمێن پێوی خالیسە ڕووناکیان دەکردەوە ودەستە کاغەزو نەخشەێن جۆراوجۆری لەسەر کەڵەکە بووبوو، پیاوێکی چل ساڵەی نێوچەوان پان‌و نیگا میهرەبان وئاقڵ، دانیشتبوو، هەرکە چاوی بە میخائیلۆ کەوت لەبەری هەستا.

میخائیلۆ بە دەنگێکی زەنگدار گوتی:

– هاوڕێ سەرهەنگ: یارمەتی هەیە؟

سەرهەنگ چ وەڵامێکی نەدایەوە. شادو لێو بە خەندە بەرەو پیری میخائیلۆ هات، بە پشتی دەست لێوی سڕی و ئەملاو ئەولای میخائیلۆی ماچ کرد، توند باوەشی بە شانیا کردو گوشی بە خۆیەوەو گوتی:

– ئافەرین مەهدی!

مەهدی، بە هەڵچوون و شەرمەوە بەرەو سەرهەنگ رۆیی وجارێکی دی باوەشیان بەیەکدیدا کرد.

گەڕانەوە سەر مێزەکە.

سەرهەنگ بە دلۆڤانی ڕوانییە سیمای میخائیلۆو گوتی:

– سەلامەتی، بە کەیفی، چاکی؟

– سیریگی نیکۆلایوڤیچ، کارەکان بە کەیفی تۆن.

– بەڵێ دەزانم!

نیکۆلایوڤیچ ئیشارەتی بۆ پارچە کاغەزێکی سپی‌و باریکی سەر مێزەکە کرد کە نامەی هاوڕێ "پ"ی ڕێبەری ڕێکخراوی نهێنی تریست بوو.

– لە یەك جێ دوای شەش سەدو سی سەربازو ئەفسەرت بڕیوە! لە کوێ هەموو ئەو هیچ وپوچانەی کە لە زولداتن هایم مژوولی سك لەوەڕێنی بوون تاك‌و تەرایان لێ دەرچووە.وەرە دانیشتە.

میخائیلۆ دانیشت.

– ئەمڕۆ لە تریستدا میوانخانەیەکی ئەفسەرانی هیتلەری دەتەقێننەوەو کەشتییەکی نەوت کێشیش لە بەندەرا دەسوتێنن. ئەم کارانە بە جۆرێ ئەنجام دەدەن کە هیتلەرییەکان وا تەسەوربکەن ئەمانەش کاری میخائیلۆیە!... دەبێ ئەوەش بڵێم کە هیتلەرییەکان باوەڕ ناکەن زۆری وا تەڕدەست و جەربەزەمان هەن....با وا بیربکەنەوە کە لە تریستدا تەنیا تۆ خەریکی ئەم کارانەی.

– بۆچی وا بیربکەنەوە؟

– مەهدی، دەزانی تاقیبکردن‌و ناسین‌و گرتنی میخائیلۆی خەیاڵی زۆر قورسترە... ئەدی ڤاسیا کوا؟

– ڤاسیا لە گوندی بلاڤادا پەنهانە ، چاوەڕوانی من دەکا، رۆژی هەینی دەچینە ماموورییەتێکی تازە.

– جوابی بۆ بنێرە با بێتەوە بۆ ئێرە. فەرتەنەیەکی واتان لە شارا نە ناوەتەوە کە بتوانن بەم زووانە بچنەوە شار، بەلای کەمەوە دەبێ مانگێك چاوەڕوان بکەن.

میخائیلۆ بەرپەرچی دایەوە:

– سێرگی نیکۆلایوڤیچ، دەتوانین. هەردووکمان جلی سەربازی لەبەر دەکەین. خۆ دەخەینە قاڵبی سەربازانی مەست‌و سەرخۆشەوە.

مەهدی بزەیەکی کردو لەسەری رۆیی:

–هەڵبەتە ئیدی گۆنای ڤاسیا نالەرزێ. ئەمە جگە لەوەی دوێنێ دەرفەتم بۆ رەخساو سەرانسەری شار گەڕام و ئێستا بەبێ نەخشەو وەسف هەموو کون و کەلەبەرێکی شار شارەزام...

سێرگی نیکۆلایوڤیچ بە نەرمی، بەڵام بنج بڕانە دووبارەی کردەوە:

– مەهدی، ناکرێ. چما لەم ماوە کورتەدا چەند دەور دەبینرێ! کوڕەجووتیار ، سەردەستە، مولازم ئەوەل و ئێستاش دەتەوێ دەوری سەربازی مەست ببینی....

سەرهەنگ بە شۆخییەوە گوتی:

– شەڕ تەواو دەبێ، هەموو دەچینەوە ماڵی خۆو دەترسم تۆ نەبی بەنیگارکێش بەڵکو ببی بە ئەکتەر.

مەهدی بەدەم جگەرە پێکردنەوەو زۆر بەجدی گوتی:

– نا، سێرگی نیکۆلایوڤیچ. دەستبەرداری نیگارکێشی نابم. بۆ نموونە دوێنێ هەرچییەکم کرد خۆم پێ کۆنترۆڵ نەکراو ئاخری چووم بۆ کلێسای سان جوستو.باوەڕ بکە دەتوانم رۆژێکی تەواو لەسەریەك پێ لەوێدا بوەستم...

– یەك رۆژی تەواو؟

– باوەڕ بکە سیرگی نیکۆلایوڤیچ!

– باشە، هەرچەند تۆ حەز لە موبالەغە دەکەی، بەڵام باوەڕت پێدەکەم...فەرماندەت بینی؟

– بینیم. ئەو دەچوو بۆ لای سەرۆکی سەرکردایەتی پاسداران و ئێمەش لەو کاتەدا بە تەنیشتیا رەت بووین. سێرگی نیکۆلایوڤیچ من بە تەنێ نەهاتووم .

– ئەدی لەگەڵ کێدا هاتوویت ؟

– کابرایەکم لەگەڵە یا ئینگلیزە یا ئەمریکایی.

مەهدی کورسییەکەی خۆی لە سیرگی نیکۆلایوڤیچ نزیك خستەوەو بە چەند وشەیەکی کورت چۆنێتی دیتن و هێنانی کابرای نەناسی بۆ گێڕایەوە.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ لە فکران ڕاچوو:

– کەواتە ئاوها... مەهدی، بڵێ بزانم لەسەر چ ئەساسێك بۆ ئێرەت هێنا؟

– سیرگی نیکۆلایوڤیچ، من ڕیسکێکی ئەوتۆم نەکردووە. ئەگەر دۆست بێ بۆ لێی بترسین؟ خۆ ئەگەر دوژمنیش بێ ئەوا لەبەر دەستماندایە.

– ئەگەر هەڵاتبا!...باشە تۆ بیرت لەمە نەکردەوە؟ خۆی لە دەستتان دەرباز دەکردو نهێنی شەوو شوێنی دیداری ئێمەی لەگەڵ خۆدا دەبردو رێك دەی خستە چنگی ئەڵمانەکانەوەو پاك و پوختە دەیان خستینە داوەوە!

مەهدی دانیشتبوو، بڕۆی هاتبوونەوە یەك، بە جۆرێ لێوی دەکرۆشت چیوای نەمابوو خوێنیان لێ بێت .

– ئێوە لاتان داوەتە ماڵی دۆستەکانی خۆمان، بە کوێرە رێگا نهێنییەکانی خۆماندا بۆ ئێرە هاتوون.؟

– ئا، بەڵێ..

هەردووکیان بێدەنگ بوون. ئەوجا مەهدی بە ئەسپایی سەری هەڵبڕیو لێبڕاوانە گوتی:

– هەق بە تۆیە سیرگی نیکۆلایوڤیچ. من کەمتەرخەمییەکی گەورەم کردووە.

سەرهەنگ پشتی بە کورسییەکەیەوە داو بزەیەکی کرد:

– نا، مەهدی وا نییە! تۆ کارێکی چاکت کردووە کە کابرای نەناست لەگەڵ خۆدا هێناوە بۆ ئێرە.

تۆ دەتتوانی بە من بڵێی: هاوڕێ سەرهەنگی ئازیز، بە خۆڕایی ئیرادم لێ مەگرە، ئەم پیاوە بە خۆی شارەزا بوو، دەیزانی لە کوێوە رەت دەبین. پێشوەختە ئاگاداری تەقینەکەوەکە بووەو مەحاڵە لە رێگای ئەڵمانەکانەوە ئەوەی زانی بێ: چونکە ئەگەر وابایە ئەڵمانەکان دەیانگرتمو رێی ئەو کارەیان نەدەدامو زولداتن هایم نەدەتەقییەوە. کەواتە دەبێ یەکێ لە خۆمان ئاگاداری کردبێتەوەو زۆر شتی دیکەشی زانیوە. بۆیە ئەگەر هەر بە تەنیاش بوایە رێگای ئێرەی دەدۆزیەوە. خۆ ئەگەر من خۆم تێی نەگەیاندبایە لەوە بوو شتێك رووی دابا. ئەمە جگە لەوەی کە زۆر دوورە بەکرێ گیراوی ئەڵمانەکان بێ، دەنا دەیتوانی بماندا تە دەستەوە، هیچی پێ نەکرایە، ئەمەی پێ دەکرا، مەهدی تۆ دەتتوانی وام وەڵام بدەیەوە. دەتتوانی شتی دیکەش بڵێی. بەڵام ئەمانەت نەگوت...

– ئەقڵم بەم شتانەدا نەشکا...

– چونکە ئەقڵت هەر شتێکی بڕی، بێ لێکدانەوە دەیکەی، مەهدی ئەمە کارێکی خراپە!.

– کەواتە تۆ بە ئانقەست منت خستە مەحەکەوە؟

– ئەدی چی! یەکسەر لە قسەکانتا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە زۆر لە کارەکەی خۆت رازیت. مەهدی ئەمە یەکەمجارت نییە.. من دەمێکە ئەوەم بۆ دەرکەوتووە: تا خەتەرو موغامەرە پتربێ تۆ خۆشحاڵتر دەبی. مەگەر خوێنت هاتۆتە جۆش مەهدی؟.. بەڵام لەوەیە وا رێك بکەوێ لە کاتێکا ئازایانە مل بە خەتەرەوە دەنێی نەك هەر ژیانی خۆت بەڵکو ژیانی خەڵکانی دیکەش بخەیە خەتەرەوە! خۆ مەسەلەی پاسدارەکەت لە بیرە؟....

مەهدی ویستی شتەکە بخاتە قاڵبی گاڵتەوە:

– سیرگی نیکۆلایوڤیچ، ئەوەی چوو، چوو. شتی کۆنم بە ڕوودا مەدەوە.

– بۆیە بە ڕووتیا دەدەمەوە، چونکە بیرت چووە.

مەهدی لە بیری نەچوو بۆوە، زۆر چاکی بیر مابوو. ئەوسا بە کەنار مەقەری پاسداراندا ڕەت دەبێ، سەیر دەکا حەرەسی ئاڵمانەکان لە غورابی خەودایە، هەر لە لینگی دەنەوێ و توڕی دەداتە رووبارەکەوە. کە سەرهەنگ بەمەی زانی بوو، مەهدی بانگ کردبوو و بە توڕەییەوە پێی گوتبوو: گاڵتەبازی کاری کچۆڵانە، بەڵام مەعلوم نەبوو و بۆ هەموویان (بە تایبەتی سەرهەنگ ئەوەی گوت:"مەعلووم نییە بۆچی" مەهدی بە پارتیزانێکی کارامەو زرینگ دەژمێرن.

دەبوایە ئەوەی لە بیربێ کە ڕەنگە ئەڵمانییەکان هەست بە نەمانی حەرەسەکەیان بکەنو ئاگاداربینەوەو ئاژیری خەتەر لێبدەن و ئیدی ئەوسا مەهدی نەیدەتوانی سەربازخانەکە بتەقێنێتەوە. سیرگی نیکۆلایوڤیچ بە هێمنی قسەی دەکرد. بەڵام مەهدی پڕ بە دڵ حەزی دەکرد

کە سەرهەنگ هاواری بەسەردا بکا. مەهدی دەیویست بەم قسەیە پاکانە بۆ خۆی بکا: چما سیرگی نیکۆلایوڤیچ پێی ناخۆشە یەکێك لە فاشیستەکان کەم ببێتەوە؟

سەرهەنگ گوتی:

– بە هەرحاڵ تۆ بە تەنێ ناتوانی هەموو فاشیستەکان لە نێو بەری. تۆ دەبێ بیر لە شتێکی دی بکەیەوە، بیر لە سەرکەوتنی ماموریەتەکەت بکەیتەوە.

نەخێر، مەهدی هیچ شتێکی لە بیر نەچووە! تەنانەت ئەوەشی بیر ماوە کە سەربازخانەکە بە هەر جۆرێ بوو تەقێنرایەوە، بەڵام چۆن تەقاندنەوەیەك، لە بن و بناغەوە هەڵتەکی و لەگەڵ عاردیدا تەخت بوو.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ لەسەری رۆیی:

– بیرتە کاتێ کە گوێت لە هاواروفریادی کەسێك بوو چۆن بەپەلە لەگەڵ ئانژلیکادا بەرەو ناوەندی گوند غارت دا؟

– ئاخر وامزانی...

– دەزانم بیرت لەچی دەکردەوە مەهدی، بەڵام گریمان یەکێکیان لەوێندەر ئیعدام دەکرد، هەرگیز بە تۆ نەجات نەدەدراو بە خۆشتان دەکەوتنە داوی هیتلەرییەکانەوە.

مەهدی گوتی:

– سیرگی نیکۆلایوڤیچ، بۆ هەر کارە خراپەکانم بیر دەخەیەوە! کە وابێ هەرکارێ کە من دەیکەم لە ڕووی نەفامی و سەرکێشییەوە دەیکەم؟ بۆ باسی ئەوە ناکەی کە چۆن دۆستەکانی خۆمان لە ئۆردوگای ئەسیران نەجات دەدا، هیچ هەڵەیەکم کرد؟....

چاوانی مەهدی بریسکانەوە :–وای کە پارێزم بەلاوە ئەستەم بوو! بەڵام وێڕای ئەوەش هەر جڵەوی خۆم گرت.

سەرهەنگ پێکەنی و گوتی:

– فەرموو، بەم قسەیە رنجایت. مەهدی تۆ لە بەنزینی باکۆکەی خۆتان دەچی: هەرکە ئاوری لێ نزیك بخەنەوە گڕ دەگرێ. بەڵێ کاری ئۆردوگای یەخسران چاك بوو، یەکجار چاك بوو! تۆش بە دەگمەن لەو کارە چاکانە لا دەدەی، بەڵام دەڵێی چی جار جارە وا رێك دەکەوێ.. نابێ شتی واهی ڕوو بدات. دەبێ هەمیشە وریابی، بە حیلم بی! مەهدی ئاخر تۆ ماموری اکتیشاڤی. مەسئولیەتی زۆر شتت لە ئەستۆیە. پێویستە حسێب بۆ هەر هەنگاوێکی خۆت بکەی و هەر بڕیارێکت دەیان جار هەڵسەنگێنی! سەرکێشی؟ بەڵێ، بەڵام سەرکێشی وریایانە.پارێزو وریایی، بە تایبەتی بۆ ئێستا یەکجار پێویستە، ئاخر "فرەرۆ" بە گاڵتە فەرمانی ئەوەی دەرنەکردووە کە دەبێ دوو هێندەی جاران وریایی رەچاو بکەین.مەهدی ئەوەشت لە بیر نەچێ کە تۆ لێرەدا رەمزی وڵاتی ئێمەی. ئەوانی دی چاو لە تۆ دەکەن و تۆ بەسەر مەشق ی خۆیان دەزانن.جا تۆش ئەو کەسە بە کە لە هزرو خەیاڵی ئەواندا بەرجەستە بووە.

سەرهەنگ، لەسەر کورسییەکەی هەستا، هاتە تەنیشت مەهدی، دەستی خستە سەرشانی و گوتی:

– وایە مەهدی گیان.

بە شۆخی وبە دەنگێکی سەرزەنیشت ئامێزەوە لە سەری ڕۆیی:

– وایە سەربزێو.

مەهدی بێدەنگ بوو. مەسەلەی ئەو کاغەزانەی کە لە "دویچەزولداتن هایم"بلاوی کردنەوە بە تەواوەی لەبەرچاوی بەرجەستە بوووە. دانانی کاغەزەکانو هەلگرتنەوەی دەستەسڕەکان پێویست بوو؟ئیستا دەیتوانی قەناعەت بە ڤاسیا بێنێ کە ئەو کارەی بۆ ڕێ بزری کرد، بۆ ئەوەی کرد کە سەرنجی هیتلەرییەکان بە لاڕێدا بەرێت و سەراسیمەیان بکا.بەلام ئاخۆ ئەو دەمەی کە بە ڤاسیای گوت کاغەزەکان لە جانتاکەی دەربێنێ، ئەم نەخشەو پلانە ماقوولەی لە خەیالدا بوو؟ مەهدی هێند کەللە ڕەق بوو، تەنانەت نەیدەویست لە دلی خۆشیدا دان بە حەقیقەتدا بنێ. بەلام دەنگێك لە کانگای دلییەوە هەلدەستاو ئەوەی دەسەلماند کە لەو دەمەدا تەنیا بەو خەیالەوە دەژیا کە نووکە بەزمێك دەنێتەوە، هەموو ئەو جەلادانە وڕو کاس بکا! خۆ ئەگەر ئێستا سەرهەنگ هۆی ئەو کارەی لێ پرسیبا، ئەو چ وەلامێکی پێ نەبوو.خۆشبەختانە سەرهەنگیش بێدەنگ بوو و چ پرسیارێکی نەکرد.

لەم کاتەدا دەرگای ژوورەکە کرایەوە، "لویچی فرەرۆ"ی فەرماندەی تیپو "کارانتی"ی سەرۆکی سەرکردایەتی تیپ وەژوور کەوتن. فرەرۆ پیاوێکی دەستە بالا بوو، دەستەکانی گەورەو زبر، سمێلە پڕو سپییەکەی تا ژێر چەناگەی هاتبوو، کارانتی، سەرۆکی سەرکردایەتی تیپ، کابرایەکی ئیتالیایی خوێن گەرم و چالاك بوو، لە کاتی پێویستدا هێمنو وردبین بوو، لەبەر شارەزایی تەواوی لە کاروباری سەرکردایەتی دا، مایەی ڕێزی هەموومان بوو.

فرەرۆ چاكو خۆشی لەگەل سەرهەنگدا کردو لە مەهدی پرسی:

– میخائیلۆ، ئەمڕۆ کێت لەگەلدا هات؟.

مەهدی سور هەلگەڕا:

– بە تەواوی نازانم... خۆی دەلێ هاوپەیمانان ناردویانە. لە ڕێگای ئەوەوە هەوالیان ناردووە کە دوو سبەی دینامیتەکان دەنێرن.

فرەرۆ هەناسەیەکی هەلکێشا، بەدەم جوینی سەری سمێلە درێژەکەیەوە بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆو. ئەوجا چاوە نیگەرانەکانی بڕییە نیکۆلایوڤیچو بە ئەسپایی گوتی:

– ئەرێ... بەڕاست، خەریك بوو لە بیرم بچێ... مارکوسو کوڕەکان بە نیازی ماموریەتن. تۆ قسەیان لەگەل ناکەی؟

سەرهەنگ سەرێکی تەکان دا، بلوزەکەی ڕێك خستو لە ژوورەکە، وەدەرکەوت.

فرەرۆ کورسییەکەی راکێشایە پێشەوەو دانیشت. کارانتیش هەمان کاری ئەوی کرد. فرەرۆ دەستی بە قسان کرد:

– میخائیلۆ، بە خۆت وەزعمان دەبینی، مانگی ڕابردوو ئازووقەمان نەمابوو، بەلام بە فڕۆکە دەرمانیان بۆ هەل داینە خوارەوە....

ئیشارەتی بۆ لای ڕەشاشێکی کەنار دیوارەکە کردو گوتی:- ئەمە دەبینی، دوێنێ شەو "١٠" ڕەشاشی، دوا مۆدیلیان بۆ هەڵداینە خوارەوە. بەڵام تاقە یەك فیشەکیان لەگەڵ هەڵندایە خوارەوە...

پایپەکەی پڕکردوگیراندو لەسەری ڕۆیی: - ئێستاش وادیارە کە ئەمڕۆکە دینامیتەکەمان فریا ناخەن و خستوویانەتە دوو سبەی. بەڵام شەمەندەفەرە ئەڵمانیەکان سبەی دەکەونە ڕێ.جا دۆستی ئازیز، کاروبارەکان بەم شێوەیەیە...

بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان.

کارانتی پرسی:

- چۆن بکەوێنە تەحقیق لەگەڵ ئەو کابرا ئینگلیزە... یا ئەمریکاییە؟

سیرگی نیکۆلایوڤیچ کە هاتبووەوە بۆ ژوورەکە خەریکی داخستنی دەرگاکە بوو، گوتی:

- ئەمریکاییە. من دەیناسم.

ئێستاش وەکو هەموو دەمێکی هەڵچوون، ئێسکەکانی دەموچاوی بەرجەستە ببوون و توڕەییان لێ نیشتبوو، بەرەو مێزەکە چوو و لە شوێنەکەی خۆی دانیشت.

فرەرۆ بە نەباوەڕییەوە پرسی:

- سەرهەنگ تۆ لە کوێ دەیناسیت ؟

- ئەوم لە تەقیفخانەدا دیتوە، لەو تەوقیفخانەیەدا کە لێوەی رام کردو خۆم گەیاندە کن ئێوە... هاتبوو بۆ ئەو تەقیفخانەیە تا ئەمریکاییەکان لەوێ دەرکا.

میخائیلۆ لەسەر کورسییەکە ڕاپەڕی و بێ ئیختیار گوتی:

- کە زرینگە!

فرەرۆ بە دڵ پاکییەوە پێکەنی و گوتی:

- دانیشە، دانیشە. سەرهەنگ چۆنت لە بیر ماوە؟

سیرگی نیکۆلایوڤیچ بە دڵنیاییەوە گوتی:

- زۆر چاکم لە بیرماوە! نامەیەکی گوشتاپۆی پێ بوو، هاتە ژوورەوەو هەموو یەخسیرە ئەمریکاییەکانی ،جگە لەرەش پێستەکان ، لەگەڵ خۆیدا برد.

کارانتی برۆکانی هەڵبڕی:

- کارێکی خراپی کردووە کە ڕەش پێستەکانی هێشتوونەتەوە... بەڵام لەگەڵ ئەوەدای کە خۆی گەیاندۆتە تەقیفخانەی نازییەکان، کارێکی ئازایانەی ئەنجام داوە؟

سەرهەنگ هەڵوەستەیەکی کردو ئەوجا بە ئەسپایی و ڕاشکاوی گوتی:

- ئەم کارە تەنیا بە یەك مەرج دەهاتە کرن، ئەویش پەیوەندی کردن بوو بە سەرانی گوشتاپووە! من بریندار، لە سوچێکا کەوتبووم، بە سەرما دانەوییەوە، چارەو چاوە کەوەکانی و نیگا ساردو سڕەکەیم بە هزری خۆم سپارد.

فرەرۆ هەڵیدایێ:

- لەوەیە بە هەڵە بی، تۆ بە خۆت دەڵێی کە بریندار بووی و تات لێ بوو...

– نەخێر مەحاڵە بە هەڵەدا چووبم. دڵنیام کە هەمان کەسە!
فرەرۆ بە مڵچەملچ کەوتە مژ لێدانی پایپەکەی.
کارانتی سەری رەزامەندی لەقاند:
– لەوەیە سەد دەر سەد وابێ. تۆ پێت وایە بە مەبەستێك بۆ ئێرە هاتووە...
سیرگی نیکۆلایوڤیچ دووپاتی کردەوە:
– دەبێ پەی بە مەبەستەکانی ببرێ! دەبێ چاودێری بکرێ، دەبێ ئەو زانیاریانەی لەوەوە بە دەست دێن لەگەڵ ئەو رووداوانەدا بەراورد بکرێ کە دێنە رێمان.مەسەلەکە لەوە ئاڵۆزترە کە وێنای دەکەین. بۆ نموونە یەکەم زانیاری لای ئەو ئەمەیە کە دوو سبەی دینامیتمان فریا دەخەن، حاڵبوکی ڤیتاری هیتلەرییەکان سبەی دەکەونە رێ...
فرەرۆ گوتی:
– قسەی یاریدەدەرەکەم دروستن؟
کارانتی گوتی:
– بەڵێ، وایە.
فەرماندە گوتی:
– جارێ تەحقیقێکی لێبکە. تەحقیقێکی چاك.
کارانتی دەست بەجێ لە ژوورەکە وەدەرکەوت. ئەو هەرگیز جێبەجێ کردنی فەرمانی دوا نەدەخست.
***
کارانتی، لە ئاخرو ئۆخری شەوا کابرای شەپقە بەسەری پاڵتۆ کەوەی ،هێنایە نێو حەوشەی هاوینەهەوارەکە.
حەرەسەکان کە لە سەرما سڕ ببوون، سەرۆکیان، بەڵام ئەو وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی نهێنی شەوی بە گوێدا دەچپاندن و وەڵامی لێ دەوەیستنەوە.دوای ئەوەی وەڵامی وەرگرتەوە ئەوجا کابرای شەپقە بە سەر پێشی خۆی دا.
کارانتی لە دوای ئەوەوە دەڕۆیی.
ئەو کوێرە رێیەی کارانتی و میوانەکە گرتبوویانە بەر لە کەنار تاوێرێکی ڕکدا دەبڕایەوە. لە رێگادا تووشی حەرەسی تازە بوو، دیسان کارانتی نهێنی شەوی پێگوتن و هێدی هێدی کەوتنەوە ڕێ .
کابرای پاڵتۆ کەوە بە ئەسپایی گوتی:
– ئیستا دەتوانم قسە بکەم؟
کارانتیش بە ئەسپایی گوتی:
– ئێستا دەتوانی. جارێ پێم بڵێ چۆن تووشی میخائیلۆ بوویت؟.
– ئەو هەواڵەی ناردبووت کە "زوڵداتن هایم" لەلایەن میخائیلۆوە دەتەقێنرێتەوە، پێمان گەیی. پێوەندیمان بە سەرانی خۆوە کرد، دوای راوێژو تەگبیر بڕیارمان دا ڕێ لە پارتیزانەکان نەگرین و

با چەند سەد کەسێکی دی لە ئەڵمانەکان بکوژن. تا روس و ئەڵمانیان پتر بکوژرێن بۆ ئێمە باشترە!

– ئەمانە لە تۆ باشتر دەزانم. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرینگە ئەمەیە کە چۆن توانیت لە تریست دا بمێنییەوە؟

جان، تۆزێ بێدەنگ بوو و ئەوجا وەڵامی دایەوە:

– تەسکەرەی ئەڵمانیام هەیە. من ئەندازیاری زەوی ناسیم‌و لە بەرلینەوە هاتووم‌و کانەکانی ئایدریا لە ژێر سەرپەرشتی مندایە. تەواوی رۆژەکە لە دەوروبەری "زوڵداتن هایم" دەسوڕامەوە. میخائیلۆو هاوڕێکەی زۆر زوو لەوێ وەدەرکەوتن. من بە دەموچاو نەمدەناسین، بەڵام بە مەزندە دەمگوت دەبێ ئەمانە هەو بن. ئەگەر پێشتر ئاگادار نەبام‌و ئیعلانی ئەڵمانییەکانم نەخوێندباوە، نەمدەتوانی پارتیزانەکان، بناسم. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەڵمانەکان نیشانەی تەواویان لە ئیعلانەکەی خۆیاندا نە نوسیووە. ئەم میخائیلۆیە یەکجار کارامەیە! ئیدی کەوتمە تاقیبیان، چوون بۆ ئۆپچیناو لەوێ کیژێك بەگەڵیان کەوت. کە ئەوەم بینی ئیدی بڕیارم دا بچمە کنیان. بەڵام سەبارەت بە متمانەی ئەوان... بۆچوونێکی تایبەتیم لەو لایەنەوە نییە. کە لە عەمارەکەدا خەوتبووم وام هەست کرد کە میخائیلۆو هاوڕێکەی بە نۆرە دەخەوتن...

جان لە پڕ وێستاو، بە ترس‌و لەرزەوە روانییە دەوروبەری خۆی.

کارانتی بە هێمنی گوتی:

– مەترسە، کەس گوێی لێمان نابێ.

– باشە بۆ ستایش وئافەرینی من ناکەی؟

– لەبەرچی؟ تۆ قەت زیرەکی و وریایی تەواوت نەبووە.

– چارلز، واز لە گاڵتە بێنە.

– گاڵتە ناکەم. ئەدی چی لە مەڕ دینامیتەکان دەزانی؟

– دینامیتەکان دوو سبەیش فریا ناخرێ. قیتارە ئەڵمانییەکان دەبێ بە سەلامەتی و بێ هیچ لەمپەرو ترسێك ڕەت بن. دەبێ تیپەکە بەرەو چوار گۆشەی ژمارە "١١" ببرێ. تۆ دەبێ ئەم چوار گۆشەیە لە نەخشەدا بدۆزیتەوە – لەشکرێکی ئەڵمانی بۆ وێندەر دانراوەو تیپەکە لە نێو دەبات. بە هەر نرخێ بووە فەرمانده بفەوتێنەو خۆتیش هەوڵبدە خۆت بگەیەنیتە سەرکردایەتی سوپا.

ئێمە ناتوانین رێگای رووسەکان بدەین بێنە ئێرە! باقی دەستورەکانت لە رێگای ئاساییەوە پێدەگا.

– تەواو بوو؟

– تەواو بوو. شەیتان بە نەحلەت بی. ئەوە کێوە دەچین، ئێرە هەڵدێرە.

کارانتی گوتی:

– جان، ڕوو بکە من.

جان رووی بۆ لای ئەو وەرگێرا. لە بن دار کاژێکی بەرزی کەنار هەڵدێرەکە وەستا بوون. تازە مانگ بە کزی لە پشت چیاکەوە هەڵدەهات.

کارانتی بە ئەسپایی گوتی:

– جان، ئێستا دوعاو وێردی خۆت بخوێنە، دەبێ بتکوژم.

جان گوتی:

– چالز، واز لە شۆخییان بێنە...

بەڵام کارانتی لوولەی حەوتیرەکەی تێکرد.

جان بە جارێ قەڵەمی دەست و پێی شکا. دیار بوو چۆن لینگە لەرزێی پێ کەوتبوو.

کارانتی گوتی:

– جان، تۆیان ناسیوە. خۆت دەزانی چەندم زەحمەت کێشاوە تا بگەمە پلەی سەرۆکی سەرکردایەتی تیپ...

جان بە هەزار زەحمەت و هەناسەبڕکێ گوتی:

– باشە، دەرفەتی فێرارکردن نییە؟

کارانتی بە ساردییەوە گوتی:

– مەحاڵە، دەست بەجێ دەتگرن، بەڵام من دەبێ لە هەموو جۆرە گومانێکیان بە دووربم.

جان وەك نێچیرێك کە تاژی بە دواوە بێ، بە ترسەوە دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی.

کارانتی وەکو کەشیشێك کە وەعز دابدا گوتی:

– جان، من دەزانم تۆ کوڕێکی چاکی... بەڵام بە خۆت دەزانی هەر ڕۆژێکی مانەوەی من لێرە بەرامبەر بە یەك سەفتە دۆلاری ئەستوورە. جان من ناتوانم دەست بەرداری ئەم دۆلارانە ببم.

جان پەلاماری دا، بەڵام دەنگی گوللە بەرز بۆوەو جەستەی جان لە هەڵدێرەکەوە خل بۆوە. دوو حەرەس بەرەو تاوێرەکە غاریان دا.

کارانتی بە کاوەخۆ دەمانچەکەی لە کیفەکە نایەوەو دوگمەی کیفەکەی داخست.

## فەسڵی دووەم

نیوە شەو بوو، سیرگی نیکۆلایوڤیچ بۆ ئەوەی جەنگاوەرەکان زڕخەونەکا، زۆر بە ئەسپایی بەڕاڕەوەکەدا ڕەت دەبوو. لە دڵی خۆیدا زۆر خەمی ئەوەی بوو کە کۆنە پۆستاڵەکانی لە پڕ کەوتنە جیڕە جیڕ.لە تۆ وایە دوێنێ ئەو پۆستاڵانەیان لە عەماری فەوجی هێزی هەوایی نزیکی پاڵتاڤا وێداوە.کە پۆستاڵەکانی تازە بوون زۆریان جیڕە جیڕ دەکرد، دۆستەکانی شۆخیان دەگەڵ دەکرد، فڕۆکەوانە گەنجەکان لە دوورەوە جیڕەی پۆستاڵە نوێیەکانیان دەژنەوت بە ئەسپایی بە یەکیان دەگوت: " قۆمیسەر بۆ ئێرە دێت". ئەویش بە مۆنییەوە بە تەکیاندا ڕەت دەبوو، سلاوی دەسەندنەوە. جیڕەی پۆستاڵەکانی وەکو ئێستاکێ ناڕەحەتی دەکرد.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ، بەردەم شەوقی لایتەکەی داپۆشی بوو و بەو وریاییەوە بەسەر لاقی پارتیزانیکی گەنجدا کە لە ناوەندی ڕاڕاوەکەدا ڕاکشا بوو، تێپەڕی. تیشکی کزی لایتەکە سیمای پارتیزانە نوستووەکانی ڕووناك دەکردەوە... " نوستوون، بەلام نەك وەکو یەکێك لە ماڵی خۆیدا نووستبێ. هەر یەکێکیان ماڵێکی هەیە... یا هەی بووە... ئەم پیرەمێردەو ئەم بولغارییە خورتەو ئەم ئاندریە دویزە بە جەرگ و ڕەشتاڵەیەی خەڵکی دوڕگەی کورسش، هەر یەکەیان بۆ خۆ ماڵ‌و حاڵێکیان هەبووە. ئاندریە دویزە دەڵێی سیلێتی، دەکۆکێ. هەمیشە سوورییەکی نا ئاسایی لە گۆناکانی نیشتووە... ئازا ئەم ژنەیە: لیدیا پلانیچکایە – ئەم ژنە چیکییەیە . دەبوایە ئێستا لە موبەقدا خەریکی کاربایەو شیوی بۆ شووەکەی ئامادە کردبا، کە چی لە خەویشدا چەك دانانێ و لێی جیا نابێتەوە. هەفتەی ڕابردوو لە شەبەیخونێکی پارتیزانەکاندا بۆ سەر ئۆردوگایەکی ئەڵمانەکان، مێردەکەی کوژرا. جوزپیە: مامۆستاو مرۆڤێکی ناسك بوو. لیدیا هەنووکە هەم لە بری خۆی‌و هەم لە بری شووەکەی دەجەنگێ. جوزپیە زۆر جار دەیگوت چاوەڕوانی یەکەم منداڵیانن، یەکەم منداڵیان بەڕێوەیە. بەلام پێدەچوو بە هەڵەدا چووبێ، چونکە هیچ نیشانەیەکی سکپڕی ژنەکەی دیار نەبوو .

قسەکانی جوزپیە لەمەڕ نۆبەرەکەیان ، کارێکی قوڵی لە ناخی سەرهەنگ کرد.

ئاخر سەرهەنگیش ماڵی هەبوو، ژنی هەبوو، کوڕێکی هەبوو، کوڕەکەی ناوی پیتەر بوو،کاتێ کە کوڕەکەی منداڵێکی زیتەڵەی بزێوی حەوت ساڵان بوو، سەرهەنگ بە پیتەر سیرگیوڤیچ گازی دەکرد، بەلام نووکە دەیگوت: پتنکا....

سیرگی نیکۆلایوڤیچ، بە دەستە چەپا گەڕایەوە، بە زەحمەت خۆی گەیاندە کۆتایی ڕاڕەوەکە. بە بێدەنگی دەرگی ژوورێکی کردەوەو وەژوور کەوت، هێشتا پەستی جیڕە جیڕی پۆستاڵەکانی بوو.

دەنگێکی ئەسپایی هاتە گوێ:

– سیرگی نیکۆلایوڤیچ؟

سیرگی نیکۆلایوڤیچ بە هەمان هێواشی و بە دەنگێکی نەختێ گیراوەوە پرسی:

– مەهدی، ئەوە نە نوستووی ؟
– خەوم نایەت.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ لایتەکەی هەڵکرد، نێو ژوورەکە رووناك بۆوە. ئەم ژوورە حەمامێکی نهۆمی دووەمی هاوینەهەوارەکە بوو، دیوارەکانی بە کاشی سپیواژ ،کاشی کرابوون و حەوزێکی چکۆڵە لە ناوەندی ژوورەکەدا دروست کرا بوو. گەڵای خەزان حەوزەکەی پڕکردبوو. مەهدی حەزی دەکرد لەسەر ئەم دۆشەکە نەرمە ئیسراحەت بکا.

لە دەرێڕا زستان بوو، بەڵام ژوورەکە بۆنی گەڵای خەزانی لێدەهات، خەزانی مەنگ و مات و کپ و نەختێك حەزین.

کە مەهدی خۆی بە لای ڕووناکییەکەدا وەرگێڕا، خشە خشێکی وشك و مردوو لە گەڵاکان هەستا.

مەهدی هێشتا لە تاو تیشکی لایتەکە چاوەکانی هەڵدەگلۆفت، خۆی خستە سەر شان و روانییە نیکۆلایوڤیچ. سیرگی نیکۆلایوڤیچ گەیشتە کەنار حەوزەکە، دانیشت و لایتەکەی کوژاندەوە. ژوورەکە تاریك بوو. تریفەی زەردی مانگ جار جار لە بن پەڵە هەورەکانەوە وەدەردەکەوت و دەیدا لە دەلاقە خرەکەی ژوورەکە کە لە قەمەرەی کۆنە کەشتیەك دەچوو و ناو ژوورەکەی بە حاڵ ڕووناك دەکردەوە.

مەهدی دووبارەی کردەوە:

– هەرچییە دەکەم خەوم لێناکەوێ و ناکەوێ. بیرم لای تابلۆکەمە. بەم زووانە دەستی پێدەکەم...
– دەتەوێ چ دیمەنێك لە تابلۆکەتدا وێنە بکێشی.
– سیرگی نیکۆلایوڤیچ، دەمەوێ کۆتایی جەنگ بەرجەستە بکەم. نێوەرۆکەکەی زۆر سادە دەبێ، بریتی دەبێ لە سەربازێکی خۆمان کە چۆن لە جەنگ دەگەڕێتەوە و خاك بە خۆشییەوە پێشوازی لێدەکا. بەڵام دەبێ تابلۆکە زۆر بە جوانی ڕەسم بکرێ، هەموو ئەو ڕێگایانەی تێدا بەرجەستە بکرێ کە مرۆڤی کۆمەڵی ئێمە بڕیونی و ئەو ژیانە وێنە بگرێ کە جەنگ شێواندویەتی و ئێستا سەربازەکە دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی.
– بەرجەستە کردنی تابلۆیەکی وەها، زۆر قورسە.
– زۆر! لەوەیە من ئەو توانایەم نەبێ... بەڵام هەر دەبێ بەو شێوازە بکێشرێ!... ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت کە تەماشای تابلۆیەکی چکۆلە دەکەی، بەڵام دیمەنی سەرانسەری وڵات و هەموو ژیانی خۆت لەبەر چاوت بەرجەستە دەبێ...

مەهدی باسی وڵاتی هێنایە گۆڕێ... هەردووکیان لە فکران ڕاچوون.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ زۆر شتی هاتەوە بەرچا، سیبیریای زێدی خۆی، روبارێکی پانی باوەشی بەهاری دەبینی، یەکەمین یەکشەممەی گەلەکاری دارگواستنەوەی کومسمولی هاتەوە بەرچاو. تاتانیای هاتەوە بەرچاو کە کڵاوێکی پەڕپەڕی لە سەر بوو قەمسەڵەیەکی لۆکەچنی لەبەردا بوو و کزەبای بەهار گۆناکانی سوور هەڵگەڕاندبوو.

"تانیا!"–" نا، نا سیریۆژا، من تۆم خۆش ناوێ... خۆشمناوێ ی!"

تانیا دەترسا سەیری چاوانی ئەو بکاو سیرگی باوەڕی بە قسەکانی تانیا نەدەکردو باوەڕی نەدەکرد خۆشی ناوێ... بەڵام سیرگی لەو سەروبەندەدا چ ئاگرێ بوو! چ هارو هاجو بزێویك بوو! وەکو با بەسەر دەستەکی دەم ئاوەڕۆی روبارەکەیا پەڕییەوە و خۆی گەیاندە ناوەندی رووبارەکە!

دەستەك‌و لەوحە دارەکانی لێکدی جیا دەکردەوەو دەیدانە دەم ئاوەکەوە تا بە رێگای دروستا بڕۆن‌و رووبارەکە پەنگ نەخواتەوە. دەستەکێك بە توندی هات‌و خۆی کێشا بەو لەوحەدا کە سیرگی لەسەری وەستا بوو خەریك بوو بکەوێتە ئاوەکەوە. ئاوەڕۆی رووبارەکە سیرگی بە دەستەك‌و لەوحەکانەوە بەرەو خوار ڕادەماڵی. تانیا ڕەنگ هەڵبزڕکاو، بەسیمای ترساوەوە بە کەنار رووبارەکەدا غاری دەداو یەك بە خۆی هاواری دەکرد: (سیریوژا سیریوژا!). تانیا قولاپێکی بۆ هەڵدا. سیریوژا قولاپەکەی گرتەوە. لە یەکەمین درەختی، کە هاتە سەر ڕێی و لە قەراخ نشێوی روبارەکە بە شێوەیەکی تەقریبەن ئاسۆیی رووابوو، گیری کرد. کاریتەکانی بن پێی وەرگەڕان‌و کەوتن بە کەنارەکەداو سیریوژایان هەڵدایە سەر چەوولمی کەنارەکە... سیرگی لەم کاتەدا تانیای بە شێوەیەکی تەواو جیاواز بینی. تانیا بەدەم ساتمەدانەوە بەرەو ئەو غاری دەدـ تانیا دەستە پاچەو بێدەسەڵات بوو، دیمەنێکی سەیرو پێکەنین هێنەری هەبوو. پانتۆڵەکەی لە لینگی دەئالاو رێی غاردانی لێدەگرت. دەتگوت پەرۆشی سەلامەتی‌و ساغی ئەوە، هەرکە گەییە ئاستی ئەو هەردوو دەستی بە ڕوومەتەکانییەوە چەسپاندو بە دەنگێکی نزم و لەرزۆك گوتی: "سیریوژا!"و لە پڕمەی گریانی دا. دوو بە دوو بە کەناری رووبارەکەدا هەڵدەگەڕان‌و سەیری ئەو هەزاران کاریتەو لەوحە زلانەیان دەکرد کە ئازادانە بە سەر رووبارەکەوە مەلەیان دەکرد، داریان بۆ یەکەمین ئەپارتمانی گەورەی وڵاتە یەکگرتووەکانی سۆڤیەت دەگواستەوە. دەشتو دەری بێ کۆتایی زێد دەوری دابوون. دونیا بێ ئەندازە مەزن بوو، ئەوانیش بەوپەڕی ئازادییەوە لەو دونیایەدا دەژیان...

... لەم دەمەدا دەنگی تێکەڵ‌و پێکەڵی تەپڵ لە دنیایەکی دوورەوە هاتە گوێی مەهدی، کە کرا بە پێش قەڕەوڵی تیپی دیدەوانی هەر هەشت یا نۆ ساڵان دەبوو، هاوڕێکانی بە ئاشکرا بەغیلیان پێ دەبردو، کە لە پێش ڕێزەکەوە مەغروورو سەربەرز هەنگاوی دەنا بە حەسوودیەوە تەمەشایان دەکرد. کە دەوەستان منداڵەکان لە دەوری خڕدەبوونەوە، بە تامەزرۆییەوە دەستیان بۆ تەپڵەکەی دەبرد. ئەویش رێی لێنەدەگرتن دەست لە تەپڵەکەی بدەن، تەنانەت هەندێجار رێی دەدان تەپڵیش لێبدەن. لە باکۆدا، ئازەر، روس، ئەرمەن‌و گورجی وەکو ئەندامی خێزانێکی تەبا لە تەك یەکا دەژیان. منداڵانیش وەکو باو باپیرانیان بەو پەڕی تەبایی‌و دۆستایەتی لە تیپی دیدەوانی دا بەشداریان دەکرد ودەژیان.

مەهدی کە لە زمان فێربووندا زۆر زەینی رۆشن بوو، لە ماوەیەکی کەمدا نەك هەر روسی فێر بوو، بگرە گەلێ وشەی ئەرمەنی و گورجیشی هەڵگرتەوە.

لە تیپی دیدەوانی دا "فرقه الکشافه" هەندێ وشەی تازە فێر ببوو، زۆری شانازی بەوەوە دەکرد کە دەتوانێ ئەو وشانە لە ماڵەوە بەکار بێنێ‌و خوشکەکانی سەرسام بکا. مەهدی رۆژانی

جەژنی مانگی ئایاری پێخۆش بوو، منداڵان لەم ڕۆژانەدا دەچوونە سەر لوتکەی کێوەکانی باکۆ، لەوێوە بە شادییەوە دەیانڕوانییە شارو دەریای پیرۆزەیی و لەنگەرگای ئیلیچ کە بەردەوام بورج ڕیکی تازەی نەوتی لێ قوت دەبووەوە. مەهدی حەزی دەکرد لە بەردەم ئاڵای تیپی دیدەوانی دا ببێ بە حەرەس تا ئەگەر هاوڕێکانی بەوێدا ڕەت ببن سەلامیان بۆ بکات. مەهدی منداڵێکی جدیو لە هەمان کاتدا زیتەڵ و بزێو بوو. ڕۆژێ کاتێ قوتابیەکی ئەقدەم قاوەڵتی منداڵێکی لە منداڵەکە سەند، مەهدی بێ سێ و دوو بە کۆڵەمشت کەوتە وێزەی ئەولۆزەندەرە، شەلم کوێرم تێی بەر ببوو، بەدەم خوتەوە بۆڵەوە شتێکی نامەفهومی دەگوت، لە توڕەییدا زمانیشی تێك ئاڵا بوو. هەموو سەروچاوی کوڕەی شین کردەوە ،تا هەفتەیەك هەر لەزگەی لێنا، خیشی کردوو و قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد. مەهدی، دەیتوانی تەنانەت بەگژ مامۆستاکانیشدا بچێت ، ڕۆژێ مامۆستایەکی لە دەرس دەری کردە دەرێ، ئەمە کارێکی نەهەق بوو. مەهدی بە پەلە خۆی گەیاندە لای بەڕێوەبەری قوتابخانەو پێی لێداگرت کە دەبێ مامۆستاکە دان بە ناڕەوایی کارەکەی خۆیدا بنێ... مەهدی بێباك بوو. چ سنوورێکی بۆ خۆی ڕەوا نەدەبینی، دەیتوانی گرێو بکا کە لەبەیانییەوە تا ئێوارێ لەبەر هەتاوی گەرمدا ڕابکشێت. ڕۆژێ چوو بوون بۆ هاوینە هەواری خانووە تازەکان، هێندە لەبەر هەتاو ڕاکشا بوو هەموو بەدەنی ببوو بە تلۆقە. بەڵام هەرگیز خۆی نەدەبردە ئەو بارەی کە ئازاری هەیە. هاوڕێکانی نێویان نابوو "سەربزێو."

سیرگی نیکۆلایوڤیچ یەکەم سەفەری خۆی وەبیر هێنایەوە. بە ناچاری دەستی لە کۆلیجی کرێکاری هەڵگرتو رووی کردە ئورال تا بەشداری لە دروست ردنی کارخانەیەکی گەورەی ئاسن توانەوە بکا. زۆربەی کومسمولەکان بەو شێوەیە کاریان دەکرد.

هەموو وڵات لە ژێر ئاوەدانکردنەوە بوو.

... ئەم ڕووداوە لە پلاژی مەلەوانی شاردا رووی دا. مەهدی گوێی لێبوو کە چۆن منداڵانی لە خۆی گەورەتر باسی ئەوە دەکەن: " کێ دەتوانێ. بچێ لەو سەربانەوە خۆی هەڵداتە نێو حەوزەکەوە ؟". مەهدی چاوەڕوانی ئەوە بوو کە داخوا کێ ئەم کارە دەکا؟ کەس زاتی نەکرد، مەهدی بە قاڵدرمەکاندا سەر کەوتو تاترامپلینی سێیەم نەوەستایەوە کە نەك هەر منداڵەکان بەڵکو زۆربەی گەورەکانیش نەدەوێران لەوێوە خۆی هەڵدەنە ئاوەکەوە.

خەڵکێکی زۆر لە سەربانەکەو لە خوار مەهدییەوە لەبەر هەتاوەکە هەڵاژا بوون گوایە خۆیان دەدایە هەتاو. کە مەهدی سەیری کرد ئاسۆ وەك بڵێی بەرز بۆتەوەو ئاوی دەریا بە خۆڕ دادەکشێ،ترسێك دڵی داخورپاند، سەیرێکی ئەو شوێنەی کرد کە دەبوا خۆی بۆی هەڵبدا، دەریا شین نەدەچۆوە، بەڵکو لە گیژەنگێکی ڕەشی کەفاوی دەچوو. ئەگەر دەققەیەکی تری پێچوبا ڕێو ڕێ دەگەڕایەوە. بەڵام لە ژێرەوە سەدان چاوی تێبڕابوو، هاوپۆلەکانی هەڵهەڵەیان بۆ لێدەداو هانیان دەدا، شانازیان بە ئازایەتی ئەوەوە دەکرد، ناکرێ دۆستەکانی بە درۆ بخاتەوەو چاوی ڕەشیان کاڵ بکاتەوە. هەر هەڵسوڕایەوەو بێ سێو دوو بە دەم تەقڵەلێدانەوە سووك و جوان خۆی هەڵدا... ئاوەکە بێوەی بشڵەقێ، مەهدی لە باوەش گرت. مەهدی لە بن ئاوەکەوە وەدەرکەوتو هەراو هوریاو هاواری ستایش وتەنانەت چەپڵە لێدانی ئامادەبووانی ژنەوت.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین قارەمانێتی ئەو بووبێ ؟

... تانیاو سیرگی بەوپەڕی سادەیی دەژیان. کابینەیەکی بچووکو بێستانێکیان لە کەناری دەریادا هەبووو، چوار دەوریان دارستان بوو. وێڕای ئەوەی کارکردن لە کاری ئاوەدان کردنەوەو لە هەمان کاتدا دەرس خوێندن لە کۆلیجی کرێکاریدا ئاسان نەبوو، ئەوجاش دەبوو هەندێ کاری لاوەکیش بکەن.

سیرگی چۆن دەیتوانی لەم چەشنە کارەدا بەشداری نەکا.... ئاخر یەکەم بەلەمی ماتۆڕدار نێردار بۆ ماسی گرەکانی دراوسێی ئەمان. بەلاَم بەلەمەکە بێسوود لە سووچێکا کەوت، کەس نەیدەزانی کاری پێبکا. پاشان دەرکەوت کە ماتۆڕەکەی تەواو نییە. سیرگی ناچار بوو هەموو کاتی دەستبەتاڵی خۆی بۆ چاککردنی بەلەمەکە تەرخان بکاو بیخاتەوە کارو لێی بخوڕێ. تانیا دەیویست پرتەو بۆڵە بەسەر مێردەکەیدا بکات. بەلاَم ئەو بە خۆیشی زۆرجار لەم چەشنە کارانەی دەکرد. بۆ نموونە قوتابخانەی گوندەکەی تەنیشتیان مامۆستای کەم بوو، تانیا سەرباری ئەو سێ پۆلەی کە لە گوندەکەی خۆیان بە ملییەوە بوو، دەرسی جوگرافیای بە سێ پۆلی قوتابخانەی گوندەکەی تەنیشتیانیش دەوتەوە. دەیگوت:

– چار چییە؟ خۆ ناکرێ منداڵەکان بێ مامۆستا بن.

ئەنجام سیرگی نیکولایوڤیچ ماتۆڕەکەی خستەوەکار، ماسیگرەکان بە هەڵهەڵەی شادییەوە دەوریان دا. ئەوجا گرفتێکی تازە هاتە پێشێ: کیهەیان بەلەمەکە باژوێ؟ سیرگی ناچار ئاژۆتنی بەلەمەکەی لە عۆدەی خۆ گرت تا شاگردەکەی کە ماسیگرێکی تۆکمەی ڕیشن بوو بە نێوی تیخۆنا، فێری بەلەمڕانی و کارە تازەکەی خۆی بوو...

.... خەیاڵی مەهدی لەسەر خانووە چکۆلە دوو نهۆمییەکەی شەقامی قاسم ئیسماعیلۆف گیرسایەوە. مەهدی لەم خانووەدا دەژیا، داربییەکی ناسك لە کەناری ئەم خانووەدا ڕووا بوو. قوتابخانەی ژمارە "١٩"ی سەرەتایی کە مەهدی لەوێندەر دەیخوێند، بەرامبەر بەم خانووە بوو. مەهدی یەکێك لە مامۆستاکانی خۆی زۆر خۆشدەویست، مامۆستاکەی سلێمان سانی ئاخوندوڤ نووسەری ئازربایجانی بوو. هەر لەبەر ئەمەش بوو مەهدی لە منداڵی دا دۆستایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئەدەبیاتدا پەیدا کرد .(لە وانەکانی تری وەکو کیمیاو ماتماتیك تەمەڵ بوو)و هەر بە منداڵی کەوتە شیعر نووسین، یا باشتر بڵێن کەوتە هۆنینەوەی نەقڵی کێشداری وەك "کەروێشکی دژە گورگ" و "کەڵەشێری جاڕچی"و ... هتد. بەلاَم نەبوو بە شاعیر... ئەو وێنانەی بیر خۆی هێنانەوە کە بۆ دیوارنامەی "نشره جداريه" قوتابخانەکەی خۆیانی دروست کردبوون، نیگارکێشی دیوارنامەکە بوو، وێنەکانی بریتی بوون لە: "یەکەم ڤیتاری نێوان باکۆو کۆمپانیا نەوتەکان"، کاریکاتێری زریانێکی سەیروتوڕە و لە هەمان کاتدا کۆمیدی و دزێو کە دەستی داوەتە کوتەك لە یەکەمین کاڵخوزەکان، "یەکەم ئەندازیاری ژنی ئازربایجانی پشت تربیون". ئەمانە وێنەو پۆستەری کاریکاتێری بوون دەربارەی بابەتێن توندو تیژی ڕۆژو بۆ ئەو کاتە هەموویان هەر تازە و یەکەم بوون. لەو ساڵانەدا وڵات بۆ یەکەمجار دەستی بە دامەزراندنی کەلخوزان کردو بۆ یەکەمجار سەدان ئەندازیارو پزیشك و ئەندازیاری

کشتوکاڵی ئازربایجانی کۆلیجیان تەواو دەکرد. مەهدی بە چاوی خۆی ئەمانەی بینی... دایکی مرد. مەهدی بە خۆشەویستییەکی پترەوە خووی دایە پوری، یانی خوشکە گەورەکەی بابی رەحمەتی،کە هەرچەند ژنێکی زۆر پیر بوو، بەڵام لەش ساغ و میرەبان بوو. هەموو بە داپیرە گازیان دەکرد. پوری باسی بابی بۆ دەکرد کە چەند قارەمان بووەو چۆن دژبە گێرەشێوێنانی سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی شورەوی مەردانە خەباتی کردووە، کە چەند میداڵی ئازایەتی و دلاوەری وەرگرتووە. یەك یەك میداڵەکانی دێنا و پیشانی مەهدی دەدان.

جارێکیان مامۆستایەکی قوتابخانەکەیان بە ماموریەت چوو بۆ دەوروبەری زۆزانەکانی ئازربایجان،بەڵام بە مردوویەتی هێنایانەوە. خەڵکی دەیانگوت یاغی و گێرەشێوێنان کوشتویانە. مەهدی ئەو رووداوەی بە چاوی خۆی بینی و دڵنیا بوو کە دوژمنان هەن و خەڵکی دەکوژن... رۆژی دوایی مەهدی عەرزوحاڵێکی نووسی کە لە کۆمسومولدا وەربگیرێ، بەڵام لەبەر کەم تەمەنی وەرنەگیرا... پاشان چووە هونەرستانی نیگارکێشی... ژیانێکی نوێی دەست پێکرد.ئێستا لەسەر گەڵا وشکەکان هەڵژاوەو یەکێك لە یەکەم تابلۆکانی خۆی وەبیر دێنێتەوە: ڕەشچاڵێکی تاریك و نوتەك، بیست و شەش ڕێبەری تیا زندانی کراون، رووناکییەکی تیژ لەسەر دەستی یەکێکیان بوو کە دەی نووسی: "کومونارەکان".... مەهدی ئەم تابلۆیەی بە وردی کێشا بوو. بەر لەوەی دەست بە کێشانی تابلۆکە بکا، هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە پێوەندیان بە تیربارانکردنی غەدارانەی کۆمیسەران و ڕێبەرانی باکۆیی بە دەسیسەی دەستدرێژکەرانی هاری ئینگلیزی بە وردی تاوتوێ کرد. مەهدی دەیویست سیمای دڕندانەو گورگ ئاسای رۆشنبیرو شارستانیان، کە بە تەمای داگیرکردنی سامانی وڵاتەکەی و پێشێل کردنی ئازادی و شادی خەڵك وخوای وڵاتەکەی بوون، لەبەر چاوی تەمەشاڤانان بەرجەستە بکا. هەرچی کارەسات و تاوان و خیانەتێك کە ئیمپریالیزمی ئینگلیزو ئەمریکا بەسەر خەڵکیاندا هێنا بوو!و لە زەینی خەڵکەکەدا نەخش بووبوو،مەهدی بە زمانی تابلۆکەی دەیگوت: "ئێمە هەرگیز ئەم کارەساتانە لەبیر ناکەین".

...دەیسا بە دوعا ئەی کۆلیجی کرێکاری! تانیا گوتی: "دەبین بەخاوەنی کوڕێك" تانیا هەمیشە گازاندەی ئەوەی بوو کە لاقی دەئاوسێن و پێڵاوەکانی پێی ئەزیەت دەدەن. سیرگی نیکولایوڤیچ بڕیاری دا کە ئەگەر کوڕیان بوو نێوی بنێ پیتەر.

... مەهدی لە بەردەم کومسومولەکاندا وێستا بوو،بە جۆش وخرۆشەوە سەربوری خۆی دەگێڕایەوە: باسی خۆی، باسی تیپی دیدەوانی، باسی بابی دەکرد کە چتۆ کۆمۆنیستێکی کارامە بووە و چۆن ئەم لە هەڕەتی منداڵیدا بابی لە دەست دابوو. بەڵێنی دا کە ببێ بە نیگار کێشێکی ریالیستی. پاش ئەو کومسومولێکی دی بە ناوی ئادیگزالوف دەستی بە قسان کرد، زۆری لەسەر رۆیی. ئەنجام گوتی: مەهدی پێویستە واز لە "سەرکێشی و ملهوڕی" بێنی. بەڵام مەهدی لە ڕاستیا تەنانەت لە یارییەکانی تیپی دیدەوانیشدا دەیویست شتێکی جیاواز بێ و کام شتە زۆر خەتەر وتاوکەیە ملی پێوە بنێ، هەرگیز لە چوار چێوەی ئەو پێوانانەدا ئۆقرەی نەدەگرت کە سەرپەرشتەکانی بۆیان دیاری دەکرد، بزێو بوو بزێو!.. ئادیگزلوف دەیگوت دەبێ

مەهدی "بە جۆرێکی بنچ بڕ" و "بەشێوەیەکی ریشەیی"و "بۆ هەمیشە" خۆی بگۆڕێو خۆی وەکو ئامادەبووان بە تایبەتی وەکو خودی ئادیگزلوف لێبکا. مەهدی خۆی پێنەگیرا، هەر راپەڕیو بە توڕەییەوە گوتی: "خۆی ناگۆڕێ"و نایەوێ وەکو ئادیگزلوف لێ بێ، چونکە ئادیگزلوف "ترسنۆکوبێ زاتە". ئادیگزلوف داوای کرد کە مەهدی قسەکانی خۆی بسەلمێنێ. مەهدیش کۆمەڵێ بەڵگەی بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆی هێنایەوە. کۆبوونەوەکە درێژەی کێشا. ئەنجام مەهدی لە کۆمسومول وەرگیراو داوا لە ئادیگزلوف کرا خۆی چاك بکا.

نێوی شاری نوێ دەکەوتنە سەر نەخشەی وڵات. سوپای سوور کەناری دەریاچەی خاسانی لە ژاپۆنییەکان پاك کردەوە. لەو سەروبەندەدا سیرگی نیکولایوڤیچ لە زانستگای هێزی هەوایی وەرگیرا. دوو بە دوو لەگەڵ تانیا دا کە پیتەری ساڤالۆکی بە باوەشەوە بوو، لە مۆسکۆ لە مەیدانی پوشکینەوە رەت دەبوون. پیرەمێردێکی ریشن، میزڵدانی رەنگاورەنگی دەفرۆشت. پیتا دەستی بۆ میزڵدانەکان درێژ کرد. میزڵدانێکی سووریان بۆ کڕی. دوای تۆزێك میزڵدانەکە لە دەستی پیتەر بەر بوو و چوو بە حەوادا، بەرە بەرە بچووك‌و بچووکتر دەبووەوە... پیتەر دەستی بە گریان کرد. کریان کردەوەو بەڵێنیان دایێ کە میزڵدانێکی دی بۆ بکڕن.

... مەهدی کە بە مەیدانەکەی بەر وێستگای ئاسنی کورسکیدا رەت دەبوو بە خۆی دەگوت: "... مۆسکۆ چەند قەرەباڵغە!" کچۆڵان دەیانڕوانییە حەواو سەرگەرمی تەماشا کردنی شتێك بوون. "چی روویداوە؟".

– تەماشا، تەماشا میزڵدان

مەهدیش سەری هەڵبڕی. کەوت بەسەر کچۆڵەیەکی بەستەنی فرۆشا. کچۆڵەکە لەو وێنەیە دەچوو کە جاران لەسەر پاکەتە جگەرەی "یوژانکا"دەینکێشا.

– ببورە

– قەیدی نییە بەستەنی بکڕە

– ناتوانم، دەستم گیراوە.

تێپەڕ بوون بە شەقامە قەرەباڵغ‌و درێژەکانی مۆسکۆدا، بە تایبەتی بە جانتای قورس‌و چوارچێوەو کانفاز وستاندەوە کارێکی زەحمەت بوو." مۆسکۆ چ جەنجاڵێکە!" تەکسییەکی راگرت. تازە ئۆتۆمبیلی "ئۆمکا" لە مۆسکۆدا پەیدا ببوو. مەهدی گوتی: " بۆ وێستگای لینینگرادسکی، بەڵام تۆزێکم بەشارا بگێڕە." دەگەیشتنە هەر مەیدان‌و تەلارێکی مێژوویی، شوفێرەکە بە تێرو تەسەلی بۆی شرۆڤە دەکرد، زوو بە زوو بوون بە دۆست. ئەم سەرەوژێرییە دەچێ بۆ کوزنتسکی موست. ئێرە پترۆفکایە...

مەهدی لە پڕ هەستی بەوە کرد کە کابرای شوفێر زۆر بە ترومبێلە ئۆمکاکەیەوە دەنازێ.بە شوفێرەکەی گوت کە ئوتومبیلەکەی بە بەنزینی باکۆ کاردەکات. پاشان بە غرورەوە ئەم قسەیەی بە شوفێرەکانی دیش دەگوت. دەتگوت پاش ئەوەی چاوی بەو هەزاران ترومبیلە کەوت ئەوجا پەی بەوە دەبرد کە باکۆی ئازیز وخۆشەویستی ئەو چ بایەخێکی لەژیانی وڵاتدا هەیە. لە باکۆدا پێیان دەگوت گەورەترین ئاپارتمانی ئاخوتنی ریاو تەلارە دوو نهۆمییەکەی مەقەڕی

سەندیکاکانە، بەڵام دیارە شۆخییان دەگەڵ کردبوو، چونکە مەقەڕی سەندیکاکان لە چاو ئەپارتمانە گەورەکەی ئوتێلی مۆسکۆو ئەپارتمانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی نیشتمانیدا بە حاڵ دەبینرا، پاشان مۆزەخانەی مێژوویی و دیواری کرملینی بینی. دڵی کەوتە لێدانێکی نائاسایی... لە پڕ چاوی بە مەیدانی سوورو ئارامگەی لینین کەوت: "بوەستە!". شوفێرەکە وەڵامی دایەوە: "وەستان لێرە قەدەغەیە، کە دابەزیت دەتوانی بەپیاسە بێی بۆ ئێرە." پەلەی بوو، دەبوا فریای بڕینی پلیت بکەویٓ‌و هەر ئەمڕۆ بە قیتاری خێرا(استریلا) بچیٓ بۆ لینینگراد. مەهدی بەخەمبارییەوە پشتی بە کورسییەکەوە دا. چاوی بە سەعاتەکانی سەر بورجی سپاسکایاو کلێسای ڤاسیلی پلاژنی‌و ئەوجا رووبارەکە کەوت... لە لینینگرادا دیدەنی یەکێك لە هاوڕیٓ باکۆییەکانی کرد، زۆر بەم دیدارە خۆشحاڵ بوو. هەردووکیان خۆیان بۆ داخڵ بوونی کۆلیجی هونەرە جوانەکانی لینینگراد ئامادە دەکرد، هاوڕێکەی لە تاقیکردنەوەی کنکۆر دەرچوو و قەبوڵ کرا، بەڵام مەهدی لە کۆلیج وەرنەگیرا. تەواوی شەوەکەی لەگەڵ هاوڕێکەی دا بە پیاسە کردنی سەر رووباری نوڤاو گویٓ گرتن لە شوتی کەششتیان، قەتاند. مەهدی سەری داخستبوو و رێی دەکرد. هاوڕێکەی هێند بە دڵسۆزییەوە کەوتبووە دڵدانەوەی لە تۆ وایە ئەو بۆتە هۆی وەرنەگرتنی مەهدی لە کۆلیجی هونەرەجوانەکان. مەهدی شەرمی دەکرد بەناکامی بۆ باکۆ بگەڕێتەوە. خەم لە دڵی نیشتبوو. بەڵام هەوڵی دەدا پیاوانە خۆی لەبەر ئەو کۆستە ڕابگریٓ. زۆر کەس ستایشی کۆلیجی زمانانی بێگانەی لینینگرادیان دەکرد. مەهدی چووە کۆلیجی زمانانی بێگانە لە لینینگراد. پاراوی‌و رەوانی زمانی مەهدی هەر لە هەوەڵ ساڵەوە سەرنجی مامۆستاکانی ڕاکێشا. رۆژ بە رۆژ دۆست‌و ئاشنای زۆرتر دەبوون. سادەیی‌و پاکی‌و متمانە بە خۆبوونی هاوڕێیانی ڕووس سەرنجیان ڕاکێشا. زۆر شتیان لێوە فێر بوو.مەهدی بوو بە سکرتێری دیوارنامەی "لینگویست"ی کۆلیجەکەی خۆیان. ئەم دیوارنامەیە چەندین جار لە پێشبڕکێی دیوارنامەکانی لینینگرادا خەڵاتی وەرگرتبوو... هەموو هاوڕێیان مەهدییان بە خۆیی‌و لینینگرادی دەژمارد. بەردەوام هاتوچۆی ئەستێڵی زستانەی دەکرد. لە پێشبڕکێیەکی مەلەی سەرانسەری شورەوی دا، یەکێك بوو لە دە یەکەمەکە. ئەستێڵەکە کەوتبووە شەقامی پراڤدای لینینگرادەوە... زۆرجار سەری مۆزەخانەکان،کۆشکی پترهۆڤ، موزەخانەی ئارمیتاژی دەدا، ماوەیەکی زۆر بەسەرسامی لە بەردەم کارە هونەری و فلیڤانییە نوازەکاندا ڕادەوەستا. هێشتاش لە ناخا مەیلی هونەری نیگارکێشی دانەنابوو، بە تەمی ئەوە بوو رۆژیٓ لە رۆژان بگەڕێتەوە سەر هونەری نیگارکێشی. لە هەموو دەرسەکانیا باش بوو تەنیا لە دەرسە سوپاییەکاندا نەبیٓ کە نمرەکانی مام ناوەندی بوون، بە خۆی پێی وابوو لەگینە هەر کارێك بکات تەنیا کاری سوپایی نەبیٓ. هەندێجار بە ئانقەست دەرسێکی پشت گویٓ دەخست‌و بایەخی زیادی بەدەرسێکی دی دەدا. بۆ نموونە کۆششی زیادی لە دەرسی مێژوودا دەکرد، وەڵامەکانی دەبوونە مایەی رەزامەندی مامۆستاکەی، کەچی دەرسی لوژێکی پشت گویٓ دەخست‌و مامۆستاکەی دەڕەنجاند. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاك خۆی بۆ تاقی کردنەوەکان ئامادە دەکردو بە باشی دەرەقەتی‌هەموو تاقیکردنەوەکان دەهات . مەهدی زستانان دەچووە ئەسکی بازی "تزلق"،

یەکەمجار کیژێکی قژ ڕەشی میهرەبان بە ناوی "ژانیا" فێری ئەسکی بازی کرد. کەچی پاش ساڵێك مەهدی بوو بە مامۆستای ئەو وبە نشێوی وایدا دەبرد هەناسەی توند دەبوو. مەهدی تا ئەم کاتە زمانی فەرەنسی، ئەسپانیو ژەرمەنی فێر ببوو... دووبارە گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. مۆسکۆ لە دەریایەکی نور دەچوو. شار گەورەترو شەقامەکانی پانتر ببوو. مۆسکۆ کانیاوی هەڵقوڵیوی ژیان بوو. مەهدی بە شەقامە ئاشناکانداپیاسەی دەکرد و نەیدەناسینەوە. چ ترامواییەك لە "ئاخونتی ریاد"دا نەما بوو، لە بری ترامواى "ترولیبوس"ی نەرمو ئارام لە هاتووچۆدا بوو. مەهدی سواری ترۆلیبۆسێکی دووقات بوو، بەرەو پیشانگایەکی کشتوکاڵی، کە تازە کرابۆوە، کەوتە ڕێ. مەهدی بەڕێزو ستایشەوە دەیڕوانییە ڤیللای کۆمارییەکان، ڕۆژنامەنووسە بێگانەکان پێکەوە لە بەر ژووری بلوروسی دا وێستا بوون.

یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکان کە وێڕای گەرمی دنیا، قەمسەڵەیەکی چەرمی زنجیرداری لەبەر بوو، لووتی گرژ کردو لێوی هەڵقورتاندو گوتی: "بەڵێ بەهەشتی بەرینیان دروست کردووە، بەڵام ئایا هەموو شوێنێکی وڵاتەکەیان وایە؟".

ڕۆژنامە نووسەکە بە زمانی فەرەنسی قسەی دەکرد، بەڵام فۆنۆتیکەکەی دیاربوو کە فەرەنسی نییە. هاوڕێکانی پێکەنین. مەهدی کە لەم کاتەدا بەلای ڕۆژنامە نووسەکاندا ڕەت دەبووو، گوێی لە دوا قسەی ڕۆژنامە نووسەکە بوو بێئیختیار وێستا. ڕۆژنامەنووسەکان گازیان کرد بۆ نك خۆ. مەهدی چووە کنیان. ڕۆژنامەنووسە قەمسەڵە لەبەرەکە، چاوێکی بە سەراپای مەهدیدا گێڕا. مەهدی فانیللەیەکی هاوینەی شینو پانتۆڵێکی کەتانی لەبەر بوو، جووتێ نەعلی لە پێدا بوو.

ڕۆژنامەنووسە قەمسەڵە لەبەرەکە بەدەم گەڕان بۆ وشەی گونجاو، چەقەنەیەکی لێداو گوتی: "توا، توا..." مەهدی قسەکەی بڕیو گوتی: "بە فەرەنسی قسان بکە، تێدەگەم." ڕۆژنامەنووسەکە بەسەرسامییەوە بە فەرەنسی گوتی:"ئێ، ئێ! لە کوێ فەرەنسی فێر بووی؟".

– لە زانستگا.

–زۆر سەیرە!.

مەهدی بزەیەکی ناسکی بۆ کردو گوتی:

– بۆ سەیرە!

– بڵێ بزانم ئایا ئامادەیت وەڵامی چەند پرسیارێکم بدەیەوە؟

– ئەگەر بتوانم وەڵامت دەدەمەوە.

ڕۆژنامە نووسەکان دەفتەری یادداشتەکانیان ئامادە کرد. لەم کاتەدا دوو کوڕی گەنج کە یەکێکیان ئۆکرانیو ئەوەی دیکەیان ئۆزبەکی بوو وقاپووتێکی ڕەنگاو ڕەنگی لەبەر بوو، لە مەهدی نزیك بوونەوە. ڕۆژنامە نووسە قەمسەڵە لەبەرەکە بە تەوسەوە سەرنجی جلە سادەکانی مەهدی داو بە زمانی ئینگلیزی شتێکی بە هاوڕێکانی خۆی گوت. هەرچەندە مەهدی ئینگلیزی چاك نەدەزانی، بەڵام بە فۆنۆتیکەکەیا بۆی دەرکەوت کە کابرای ڕۆژنامە نووس ئەمریکاییە: "ئایا ئێ... ئێ.. وە لە ژیاندا چ شتێك بە سەرەکیو بنەڕەتی دەزانن، سامان؟ سەرکەوتن؟ یان کار؟" مەهدی بێ سێو ڕۆژنامەنووسەکە بە پێکەنینێکی تەوس ئامێزەوە لەسەری ڕۆیی:

دوو وەڵامی دایەوە: "من ئامانج ڕوونی لە هەموو شتێك بە سەرەکی تر دەزانم". ڕۆژنامە نووسەکە پرسی: "ئامانج روونی؟ بەڕای تۆ ئامانج روونی چییە؟" چاوانی مەهدی بریسکانەوە: "نازانم چۆنت بۆ باس بکەم... ئێمە دەڵێین دەبێ شاری تازە دروست بکرێ، ناوی شاری تازە دەکەوێتە سەر نەخشە. ئێمە دەڵێین دەبێ مەعدەنی پتر بەرهەم بێت، تراکتۆرو ئۆتۆمبیل‌و تۆربینی تازە دروست دەکەین. ئێمە باسی خەبات لە پێناوی هەرزانی و زۆر بوونی بەروبووم دەکەین‌و ئاکامی ئەم خەباتە دەخەینە ڕوو.... ئەمە ئامانج روونییە... حاڵی بوویت؟".

ڕۆژنامە نووسە ئەمریکاییەکە گوتی: "زۆر نا". مەهدی بزەیەکی کرد: "بەداخەوە ... دەمزانی حاڵی نابیت!" ڕۆژنامە نووسەکە چ شتیکی لە دەفتەرەکەیدا تۆمارنەکرد. مەهدی بە گەڵ ئۆکرانی‌و ئۆزبەکییەکە کەوتوو، تێکەڵاوی خەڵکە شادو بەختیارەکە بوون. ئۆکرانیەکە گوتی: دۆستی ئازیز! ئەوە باسی چیت بۆ ئەوانە دەکرد؟

– سادەترین شتم بۆ باس دەکردن، بەڵام یا حاڵی نەبوون یا نەیاندەویست حاڵی بن.".

بە سێ قۆڵی چوون بۆ چایخانەیەکی نزیکی کۆشکی کۆمارە یەکگرتووەکانی سۆڤیەت، شادو بەختیار دەستیان بە خواردنەوەی چای شیرین کرد...

... پاشان ساڵی ١٩٤١ هاتە بەرەوە. شەڕ دەستی پێکرد... تانیاو پیتا، سیرگی نیکۆلایوڤیچ یان بەرەو بەرەی شەڕ بەڕێ دەکرد. سیرگی کرابوو بە بەرپرسی سیاسی گروپێکی سوپایی هێزی ئاسمانی. پیتا بە دەنگێکی بەرزو بنجبڕ گوتی: "خەمی دایەتان نەبێ". گەلێ لەوانەی کە هاتبوون کەسوکاری خۆیان بەڕێ بکەن، ئاوڕیان لە پیتا دایەوەو حەماس گرتنی. تانیا بە چاوانی فرمێسکاویەوە بزەیەکی کرد...

مەهدی چووە فێرگەی سوپایی تەفلیس ، لە حیزبا وەرگیرا. سوێندی خوارد کە تا دوا هەناسە لە پێناوی وڵاتا بخەبتێ. کوڕە کۆمۆنیست، تەپڵ لێدەری چکۆلەی تیپی دیدەوانی، نیگارکێش‌و زمانزان، بوو بە کۆمۆنیست‌و جەنگاوەر.بۆ بەرگری لە ئازادی و ئابڕووی وڵات کەوتە کەنارەکانی ڤۆڵگا. لێرەدا، لە جەبهەدا، توانی ڕەمەکی مەردم بە باشی بناسێت.

خەڵکی لێرەدا، دوور لە ماڵ و کەسوکارو خزم‌وخوێش وقەوم وقیلە زووتر لێکدی نزیك دەبوونەوەو ئاشنایەتیان پەیدا دەکرد. مەهدی لە جەبهەدا نامەی یەکێك لە دۆستە باکۆییەکانی پێگەیی. لە سەنگەرەکەیدا دانیشت‌و سێ جاران نامەکەی خوێندەوە. ڕابەر سیاسی فەوجەکە هاتە کنی. ڕابەری سیاسی دەیویست قسە لە تەك جەنگاوەرەکانا بکا، بەڵام گرمەی تۆپخانە هەموویانی هێڕ کردبوو.مەهدی، نامەکەی دایە ڕابەر سیاسییەکە. نامەی گۆڕین سەنگەر بە سەنگەر وکەوێڵ بە کەوێڵ گەڕا. دۆستەکەی مەهدی بۆی نووسی بوو! ئێستا لە گەڵ کۆمەڵێك ئەندازیارا لە هەرێمی ناوەندی ئازربایجاندا لە نزیکی گوندێکی چکۆلە بە ناوی "مینگە چایور" سەرقاڵی کارەو لە ناوچەیەکدا کەوتوونەتە یەکەمین لێکۆڵینەوە دەربارەی بەربەستێکی گەورە کە بەم زووانە لەم ناوچەیەدا دەست بە دروستکردنی دەکرێ و، لە ڕووباری "کوا"وە ئاوی بۆ دەهێنرێ تا هەم دەشتە دێمەکانی پێ ئاو بدرێ‌و هەم کارەبای بیرە نەوت‌و کارخانەو فابریقەکان دابین بکا. نامەکە دەستاو دەستی دەکرد. ڕووی جەنگاوەرەکان دەگەشایەوە. هەر چەندە شەڕو

وێرانکاری دەوروبەری گرتبوون و مەرگ بەسەر سەریانەوە باڵە فڕکێی دەکرد بەڵام خەڵکی وەکو هەمیشە هەر لە بیری ژیان و داهێنان و ئایندەدا بوون... دەبوایە بۆ وەدەست هێنانی ئەم ئایندەیەش کۆ لە خۆبەخت کردن نەکەنەوەو لە پێناوی خاکی وڵاتا بجەنگن. مەهدیش بەوپەڕی تووڕەیی و دلاوەرییەوە دەجەنگی. کە بیستی ئەڵمانەکان دڕندانە کەوتوونەتە بۆردومانی لینینگرادی خۆشەویستی ئەو و "پترهوف" وێران بووەو بۆمبایەك بەر "ئارمیتاژ" کەوتووە، ئازای گیانی بوو بەو ئاگری رق و کینەو لە دڵیا بڵێسەی سەند. خەڵکی لینینگراد وەکو بەربەستێکی لەشکان نەهاتوو هەستا بوون و کەوتبوونە بەرگری لە شارەکەی خۆیان . مەهدی بەجۆرێ شانازی پێوە دەکردن لە تۆ وایە هەموویان کەس وکاری ئەون... لە یەکێك لە شەڕە قورسەکان دا وەحدەکەی مەهدی کەوتە گەمارۆی دژمنەوە، هەرچەندە مەهدی بە خەستی بریندار ببوو، بەڵام هێشتاش هەر شەڕی دەکرد.کاتێ ئەڵقەی گەمارۆی فاشیستان تەواو تەسك بووەوە، مەهدی کە دژمنی لە پێنج شەقاوی خۆیەوە بینی. لوولەی تفەنگە ئۆتۆماتیکەکەی کردە سینگی خۆی و پەنجەی بە لە پیتکەدا نا... دنیا لە بەرچاوی لێڵ بوو، دنیا کپ بوو و ئاگای لە هیچ نەما... مەهدی لە بینایەکی نامۆدا بە هۆش هاتەوە. دەوروبەری پڕ بوو لە ئەڵمانیان. دەنگی هەنگاونان ودەستووری توند و تیژی ئەوان و ناڵەو هاواری خەڵکی دەبوو... ژنێکی سیما ژاکاوی لێوبەبار کە ڕەفتەیەکی ڕەشی بەسەرەوە بەستبوو، هاتە دیاری و دانەوییەوە.ژنەکە پارچەیەکی تەڕی نایە سەر زامەکەی مەهدی... مەهدی بە دەنگێکی کزو غەریب کە دەتگوت لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێ پرسی: "من لە کوێم؟" ژنەکە بە ئەسپایی گوتی: "نابێ... باش نییە لێرە...لێرە نابێ... لێرە دەبێ بێدەنگ بی..." ژنەکە بە روسییەکە تێکشکاو قسانی دەکرد. مەهدی پاشان بۆی دەرکەوت کە ئەم ژنە پۆڵەندییەو لە ئۆردوگای یەخسیران دان. مەهدی تکای لێکرد کە: "ژەهر... ژەهرم بۆ پەیدا بکە..." بەڵام ژنەکە دووپاتی دەکردەوە: "نابێ... نابێ... قسە مەکە..." مەهدی زۆر زوو چاك بۆوە. ئێستا زوو زوو بۆ تەحقیقیان دەبرد. مەهدی لە هەموو تەحقیقێکا دەیگوت دوای بریندار بوونەکەی مێشکی خرابووەو شتی ڕابردووی باش لە بیر نەماوە. مەهدی زمانی ئەڵمانی بە چاکی دەزانی و فۆنەتیکێکی ڕەوان و پاك و بێ عەیبی هەبوو. فاشستەکان ئەم خاڵەیان لە لای خۆ نووسی.

مەهدی لە هەنبەر ئەواندا خۆی نەەشکانەوە،ئازاد و سەربەرز، منەتی لێ نەدەزانین، باکی لە مەرگ نەبوو، ئەم ژیانەی ئێستای، ژیانی نێو ئۆردوگای یەخسیرانی، لە مەرگ پێ ناخۆشتر بوو. مەهدی دلاوەرانە ڕەفتاری دەکرد وبێ پەروا دەیڕوانیە مەرگ... زۆرجار فاشیستەکان دەهاتنە سەر ئەو قەناعەتەی کە هەقە هەموو یەدەگی دەمانچەکانیان لەودا خاڵی بکەن. بەڵام ئەو هێمن و ئارام و بێ باکانە بەرانبەریان دەوێستا. ئەڵمانەکان ناچار رەفتاری خۆیان لە تەکیا گۆڕی...و پاشان...

مەهدی سەری هەڵبڕی و پرسی:

- سیرگی نیکۆلایوڤیچ، بیر لە چی دەکەیەوە؟

سیرگی بە دەنگێکی تامەزرۆ و پڕ لە خۆزگەوە گوتی:

– له مۆسكۆ... ئێستا به شەقامەكانی مۆسكۆدا دەگەڕام... دەچووم بۆ تەلەگرافخانەكەی شەقامی گۆرگی تا ئەو نامەیە وەرگرم كه تانیوشاو پتنگا به پۆستەبەردا بۆیان ناردبووم. دیاره پتیا هەنووكه فێری نووسین بووه... جاران هەر نیگارەكانی بۆ دەناردم، زۆر عەنتیكه بوون....

مەهدی به تاسەوه پرسی:

– ئەدی نەچووی بۆ شەقامی مانژ؟ خۆ مانژیش به تەنیشت كرملینەوەیه.

– مەهدی،چوومه وێندەرش، به مەیدانی سووریشدا ڕەت بووم، سەرێكم له مۆزەخانەی ترتیاكوفسكایا"كه ی تۆش دا....

– مەیدانی پوشكینت له بیره ؟

– ئەی مەعنای چی!وشەقامی پترۆفكاش كه هەمیشه قەرەباڵغێكی سەیره...

له پڕ هەردووكیان به یەك دەنگ گوتیان:

– ئەدی شەقامی سادو ڤیەكالتسو.

هەردووكیان سەرسامو مەنگ، كڕبوون... ئێستا وڵاته پانو بەرینەكەیان چەشنی ماڵێكی ئاوەدانو ئاسوده دەهاته بەرچاویان كه ئەوان وەكو یەك خێزانێكی تەباو دڵسۆز تێیدا دەژیان. ئەو ماڵەی كه ئێستا كەوتبووه بەر هەڕەشەی مەترسی وخەتەرەوه یەكجار گەورەو خۆشەویست بوو. سیرگی ئاهێكی هەڵكێشا: نا، نووكه وەختی خۆ لاواندنەوه نییه! ئەوجا وەكو بڵێی بیرەكانی سەرڕێژ بووبنو هاتبنه سەر زمانی گوتی:

– مەهدی دەزانی... پێناچیّ ئەو بابەت و تیمەیەی كه بۆ تابلۆكەی خۆتت داوەته چاو زۆر دروست بیّ. هێشتا كۆسپ و تەگەرەیەكی زۆر له ڕێی سەربازەكەتدا هەن.

– چ قەیدییه، گریمان وایه!... بەڵام سەربازەكەم سەربەرزانه هەموو ئەزموونەكان دەبڕیّ! هەتاوێكی پرشنگدار لەبەردەم خۆیا دەبینیّ!

سێرگی نیكۆلایوڤیچ به وردی ڕوانییه مەهدی و له دڵی خۆیدا گوتی: ڕوحێكی پڕ جۆشو دڵێكی پڕسۆزت هەیەو وەكو ملیونان كەسی دی به هیوای ئاشتیت، بەڵام ئاشتی بەم ئاسانییه به دەست نایەت...

مەهدی پتر هاته جۆشو گوتی:

– سوپای ئێمه بەره بەره له سنوورەكان نزیك دەبێتەوه. شەڕ بەم زووانه تەواو دەبیّو ژیانی ئاشتیانه دەست پێدەكا، ئەوسا ئاسۆیەكی ڕووناكو بەرین له بەردەم سەربازی تابلۆكەی مندا هەڵدیّ! وانیه سیرگی نیكۆلایوڤیچ ؟

سیمای سەرهەنگ گۆڕا:

– هەڵبەته دروسته، مەهدی... بەختەوەری بەڕێوەیه. بەڵام ئەوەندەش ئاسانو سادەنییه وەكو تۆ دەیبینی. مەهدی مەسەلەكه ئەوەندەش ساده نییه... تۆ ئێستا تەنیا دژمنەكەی بەرانبەرت دەبینیو وا دەزانی ئەگەر ئەوت لەنێو برد ئیدی هەموو شتێك دەبڕێتەوەو تەواو،دنیا دەبیّ به شامی شەریف! بەڵام مەهدی تۆ بڕوانه دوورتر. ئاخر هونەریش هەمان "دووربینیو دوور ڕوانییه"، وانیه ؟

مەهدی شانەکانی هەڵتەکاند:

– منیش لە هەوڵی ئەوەدام بڕوانمە دوور، وەکو تۆ ئایندە تاریك و لێڵ نابینم.

– تاریك و لێڵ؟... نا، من دەمویست تەنیا ئەوە بڵێم کە مەسەلەکە ئەوەندەش سادەو ئاسان نییە...

سەرهەنگ دەنگی نزمتر کردو پرسی:

– مەهدی، دەزانی "کارانتی" میوانەکەی تۆی کوشتووە ؟

– دەزانم... بەڵام بۆ ؟

– چونکە پێشنیازی ئەوەی کردووە کە ئەگەر کارانتی ئێمە بەرێتە چوار گۆشەی ژمارە "١١" یەك ملێون پوڵی دەدەنێ. دیارە سەرۆکی سەرکردایەتی سیکتری کردووەو، یارۆش کە زانیوێتی نەخشەوپلانەکانی هەڵوەشاونەوە. بە شتێك کارانتی بریندار کردووەو ویستیویەتی هەڵێ. کارانتیش تەقەی لێکردووە. بە هەر حاڵ کارانتی بەخۆی ئەمەی بۆ گێڕامەوە.

– برینەکەی سەختە؟

– نێوچەوانی تۆزێ بریندار بووە. بەڵام ئەگەر یەك تۆز خوارتری گرتبا چاوێکی کارانتی کوێر دەبوو.

مەهدی تۆزێك بێدەنگ بوو، ئەوجا هەڵیدایێ:

– تێناگەم، چ پێویست بووە کارانتی ئەوەندە دووری بخاتەوە؟

– منیش ئەم پرسیارەم لێکرد.

– ئێ، چی گوت؟

– گوایە میوانەکە ویستویەتی دەوروبەری مەقەرەکە ببینێ و ئەو شوێنە دیاری بکا کە فرۆکەکان بۆی دێن و دینامیتەکە دەخەنە خوارەوە.

– سەیرە... بەشەو شوێنی خستنە خوارەوەی دینامیتەکان دیاری بکەن!

– ئەمەشم لە کارانتی پرسی. دەیگوتئەمشەو مانگە شەوەو هەموو شتێك دەبینرێ. میوانەکەش دەرفەتی نەبووەو دەبوو ئەمشەو بگەڕێتەوە...

بێدەنگی باڵی بە سەردا کێشان.

میخائیلۆ پرسی:

– ئەدی سەبارەت بە چوار گۆشەی ژمارە "١١"؟

– هاوڕێ "پ" هەواڵی فەوری بۆ "فرەرۆ" ناردووە کە ئەڵمانەکان بەتەمان لەشکرێکی گەورە بنێرن بۆ چوارگۆشەی ژمارە "١١".

– یانی کارانتی ڕاست دەکا؟

– بەڵێ.

مانگ لە پەنجەرە خڕەکەوە دەیدا لە ناو ژوورەکە، دەتگوت گوێی لە قسەکانی ئەوان راگرتووە. پاشان پەڵە هەوری ئەستوور مانگیان داپۆشی و تاریکی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشایەوە.

مەهدی لە فکران ڕاچوو، ئەوجا گوتی:

– کەواتە فرۆکەکان دینامیتمان بۆ ناخەنە خوارەوە ؟ باشە تەگبیری شەمەندەفەرە ئەڵمانییەکان چییە؟ یانی هەنووکە بە بێ ترس ڕەت دەبن؟.

– نا مەهدی. ڕەت نابن. هاوڕێ "پ" بەڵێنی داوە تاکو بەیانی دینامیتمان فریا بخا.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ هەستا، ویستی لە ژوورەکە وەدەربکەوێ.

مەهدی لێبڕاوانە گوتی:

– منیش دێم بۆ ئۆپەراسۆنەکە .

– نەخێر تۆ دەبێ ئیسراحەت بکەی.

مەهدی بزەیەکی ڕەنجاوی کەوتە سەر لێوان و گوتی:

– دیارە دەترسن کارەکەتان لێتێکبدەم؟

سیرگی نیکۆلایوڤیچ زۆر سادە گوتی:

– نەء ، نازانم چۆن بۆتی ڕوون بکەمەوە، بەڵام پڕ بەدڵ حەز دەکەم لێرەبمێنی.

مەهدی کەمێك ڕاماو پرسی:

– سیرگی نیکۆلایوڤیچ، تۆ گومانت لە کارانتی هەیە؟

سەرهەنگ بەجدی گوتی:

– نەء ، خۆ لە شوێنێکی نا مەعلومەوە نەهاتووە، سەرکردایەتی سوپا بۆ ئێرەیان ناردووە.

– کەواتە بۆ من لێرە بم ؟

– مەهدی، پێم گوتیت ناتوانم چۆنت بۆ روون بکەمەوە.... ڕەنگە هەستی شەشەم....

مەهدی شانەکانی هەڵتەکان:

– باشە، دەمێنمەوە.

سەرهەنگ سەرێکی لەقاندو گوتی:

– ئا، بمێنەوە. من دڵنیات دەکەمەوە کە چ گومانێکم لە کارانتی نییە. بەڵام مەسەلەی ئەو کابرا ئەمریکاییە دەبێ بە تەواوەتی روون بکرێتەوە، ئەم مەسەلەیە هەندێ ئاڵۆزەو پێدەچێ ئەو ماستە مووەکی تێدا بێ.

مەهدی بە دەم خوتەو بۆڵەوە گوتی:

– دیارە کارانتی هەست بەمە دەکاو لە من دەرەنجێ. ئاخر بە خۆی چاك دەزانێ تۆ هەمیشە بۆ عەملیاتە گرینکەکان من لەگەڵ خۆدا دەبەی، دیارە کابرا وریایەو هەست دەکا کە بە خۆڕایی منیان لێرە لای ئەو نەهێشتووەتەوە.

مەهدی بۆ چرکەیەك بێدەنگ بوو، پاشان بەدەم بزەیەکی بەماناوە گوتی:

– با ئەوەشت بخەمە مشت کە زۆر ناشیانە ڕەفتار دەکەم، لێگەڕێ با گومان بکا کە چاودێری دەکرێ. دیارە کە بەمە ڕقی هەڵدەستێ و کە ڕقی هەستا هەنگێ ناچار دەبێت هەقانیەتی خۆی بە تەواوەتی بسەلمێنێت.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ بزەیەکی کردو گوتی:

– دیسان سەرۆوئیلهام هاتنە جۆش! خۆ بیرێکی خراو نییە. من لە شوێنێکا خوێندومەتەوە کە: " تەقینەوە ئاگری لێدەکەوێتەوەو لەبەر رۆشنایی ئاگردا هەموو شتێك بە خۆی دەردەکەویّو دەبینرێت."

– بەڵام شانەکە لەسەری منا دەشکێت! کارانتی لێم دەچیّ بە قیناو یەك ساڵی تەواو بە غەزەبەوە سەیرم دەکا.

– خۆزیا دەردی ئێمە هەر ئەمە بوایە... بەڵام مەهدی وریابە. ئێمە لێرەدا دەبیّ هەرچاوێکمان بکەین بە چوارچاو. بیر لە چەند نەخشەیەکی کارکردن بکەوەو ئەوجا چاکترینیان هەڵبژێرە. من دەزانم کاری ئێستای تۆ بڕیارت فەوریو بروسکە ئاسای دەویّ، بەڵام بیرت نەچیّ کە دەبیّ زۆر وردبی! نەك لەبەر خاتری گیانی خۆت، بەڵکو لەبەر خاتری سەدان کەس. مەهدی.... جاریّ شەوباش.

– شەوباش هاوڕیّ سەرهەنگ. راستتر وایە هیوای سەرکەوتنی بەیانیتان بۆ دەخوازم.

سیرگی لە ژوورەکە وەدەرکەوت. مەهدییە قووڵی لە فکران ڕاچوو:

" سەرهەنگ هەقێتی! مەسەلەکە ئەوەندەش سادە نییە. من ئەو پیاوە چاوکەوەیەم هێنایە ئێرە. دژمن دەرچوو. ئێستا ئەو کوژراوەو من دەبیّ لای سەرۆکی سەرکردایەتی بمێنمەوە. رەنگە کارێکی بێهودە بیّ.... کارانتیان لە سوپاوە بۆ ئێرە ناردووە. هەڵبەتە ئەوان چاکترینو متمانە پێکراوترین کەسیان هەڵبژاردووە.کارانتی پیاوێکی بەئەزموون و کارامەو بیّ فیزە. پێدەچیّ سەرهەنگیش حەزبکات هەندیّ زیادی پێوە بنێت . بەڵام خۆ تابلۆکەی منیشی پەسند نەکرد... باشە تیمەکەی باش نییە ؟ دنیا لە شەڕ بێزار بووە. هەمووومان، سیرگی نیکۆلایوڤیچ، فرەرۆ، من و سەربازی تابلۆکەشم چاوەڕێی تەواو بوونی شەڕین.... بەم زووانە، سەربازەکەم شادو بەختەوەر، بە نیگای گەشەوە بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە... دەبیّ بۆیە پەیدا بکەم... برادەران وەعدیان داومەتیّ چاکترین بۆیەم بۆ پەیدا بکەن!... بەڵیّ، وەختی ئەوە هاتووە دەست بە کێشانی تابلۆ بکەم..."

مەهدی بەدەم ئەم بیرانەوە خەوی لێکەوت.

***

هێشتا کازیوە بوو. تاریکیەکی سپیواژی خۆ نەگر هەموو شتێکی لە باوەش گرتبوو.

پارتیزانەکان بە ڕابەری سیرگی نیکۆلایوڤیچ بە داوێنی چیاکەوە دادەگەڕان. سێبەری لێڵو درێژی پارتیزانەکان بە قەد چیاکەوە بە چاکی دەبینرا. پارتیزانەکان پارچە لبادیان لە پێڵاوەکانیان پێچا بوو تا نەخزێن. شەویّ بەفرێکی زۆر بە بارانەوە باری، دەمەوبەیانی دنیا زۆر ساردی کرد و ڕێکردنی سەر بەفر ئەستەم بوو. دەلیلەکان لە پێشەوە دەڕۆیشتن و ڕێگا نا هەموارو پێچو پەنا خەتەرەکانیان بۆ پارتیزانەکان دەست نیشان دەکرد.

دەستەکەی سیرگی نیکۆلایوڤیچ، لە شوێنێکا ئەو دینامیتەیان وەرگرت کە هاوڕیّ "پ" ناردبووی.

که تاریکییه شینباوەکه به تەواوی ڕەوییەوەو چیاێن له بەفرا هەڵکشاوی سەر به تەنکه دووکەڵی سوپای ماڵه جووتیاران، که بەنێو لق وپۆپی دارکاژێن بەفراویدا دەچوو به ئاسمانا دەرکەوت.ئیدی دەستەی پارتیزانەکان گەیی بوونه پێدەشتێکی تەختو هەموارو مەسافەیان وەرگرتبوو. ئەو پیرەمێردو گەنجانەی که له ڕێگادا تووشیان دەبوون، پێیان رادەگەیاندن که ڕێگا کراوەیه .

ڕێڵی ڕێگای ئاسن به شێوەیەکی سەیر به نێو پێچی کێوەکاندا دەوریان دەکردەوە. قیتارێکی ئەڵمانی پڕ له سەربازو ئەفسەرو چەكو تەقەمەنی دەبوا بەم ڕێگایەدا بڕوا. ئەڵمانییەکان دەیانزانی هەموو ئەم ڕێگاوبانانه له ژێر کۆنترۆڵی پارتیزاناندایه. بۆیه بەرنامەی حەرەکەتی قیتارەکانیان وا ڕێکخستبوو که تەنیا بەیانی زوو بێرەدا رەت ببێ، چونکه پارتیزانەکان به زۆری شەوان چالاکیان دەکرد.

سێرگی نیکۆلایوڤیچ پارتیزانەکانی کرد به چەند گروپێکەوە. هەموو له پێدەشتەکەدا بڵاوبوونەوەو کەوتنه تەداروك دیتنی تەقاندنەوەی قیتارەکه. له چەند شوێنێکا دینامیتیان دانا، هەر چەند قیتارەکه زۆر گەورە بوو، بەڵام لێبڕا بوون دوا فارگۆن بتەقێننەوە. دینامێتو کەپسولی تایبەتیان بۆ مەکینەی قیتارەکه ئامادە کرد، به جۆرێ ئامادەیان کردبوو که هەر پێچکەی مەکینەکەی پێ بگا، دینامیتەکانی دیش بتەقنەوەو دوا فارگۆن داغان ببێ.

دنیا گەلەك سارد بوو. زەوی نێوان لەوحەکانی ژێر ڕێڵەکان بەستبووی و پاچ و بێڵ کاری لێنەدەکرد. ناچار بوون نوێڵ به کار بێنن. کارەکەیان به سستی دەڕۆیی. هەرچەند دنیا سارد بوو، کەچی پارتیزانەکان گەرم ڕاهاتبوون هێندێکیان جلی سەرەوەیان داکەند.

ئاخری توێژه بەستووەکەی زەوییەکەیان هەڵکەند، هەنووکه کارەکەیان به چاکی دەڕۆیی. پارتیزانەکان وەرەیان بەرز بووەوەو کەوتنه شۆخییان.

پارتیزانەکان خەڵکانی مجێز جیاوازیان تیا بوو.هەندێکیان له سوعبەت و شۆخیان زویر دەبوون و بۆڵه بۆڵیان دەکرد،هەندێکی دی که حازروەڵام و زیتەڵتر بوون،بۆ هەر شۆخییەك تەعلیق و وەڵامێکیان هەبوو. هەموویان زۆر به ئەسپایی پێدەکەنین تا نەبا دەنگیان زۆر بڕوات.

سێرگی نیکولایوفیچ به قەراخی سکەکەدا دەڕۆیی و به وردی چۆنیەتی کارەکەی تەمەشا دەکرد. دەستووری بجبڕی دەدا و به دیاریانەوە دەوەستا و تا له دروستی ئەنجامدانی کارەکه دڵنیا نەبوایه ندەچوو بۆ لای گروپێکی دی.

هەر پازدە بیست دەققەیەکی بۆ هاتنی قیتارەکه مابوو. پارتیزانەکان دەبوایه لەو ناوە دوور بکەونەوە تا له چاوی پاسەوانانی نێو مەکینەی قیتارەکه به دوور بن.

سێرگی نیکولایوفیچ فەرمانی کۆتایی کارەکەی دا.پارتیزانەکان، خێرا زەوییه هەڵکەندراوەکەیان به بەفر داپۆشێوە، بێڵو پاچو کەرەستەکانیان کۆ کردەوەو له پشت پێچی ڕێگاکەوە ون بوون. لەو دەمەدا که به چیاکەدا هەڵدەگەڕان له نێو لقو پۆی چڕی درەختەکانەوە قیتارێکی یەکجار درێژیان بەدی کرد، که خاوە خاو بەرەو گۆڕی خۆی دەهات. پارتیزانەکان وێستانو له نێو دەوەنەجاڕەکەدا ڕاکشان .

چەند چرکەیەکی دی تێپەڕی...

تەقینەوەکە، کێوەکانی ئەو ناوەی هێنایە لەرزە، تەقینەوەکە لە تریستشدا دەنگی دایەوە.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ هەستی بە لەرینەوەی زەوییەکەی ژێر پێی کرد.

گڕو دووکەڵ لە هەموو فارگۆنەکان بەرز بۆوە. ئەو ئەڵمانیانەی کە فریا کەوتبوون، بە شپرزەیی خۆیان هەڵدابووە خوارێ ،کوێرانە کەوتنە تەقەکردن بە ئاسماندا. گڕ گەییە تەقەمەنی ناو فارگۆنەکان، تەقینەوەی تازە دەستی پێکرد. ئەڵمانییەکان کەوتنە هەڵاتن، کوڕ ئەو کوڕە بوو خۆی دەرباز بکا.

سەربازێکی ئەڵمانیی کە هەراسان ترساو بە خاکرێژەکەدا خل بۆوە، یەکراست لەو چاڵەدا گیرسایەوە کە "لیدیا پلانیچکا" خۆی تێدا مەڵاس دابوو. هێشتا فەرمانی تەقە کردن نەدرا بوو، لیدیا تفەنگەکەی هەڵدایە لایەکەوەو ئامبازی سەربازە ئەڵمانییە شێت ومەنگەکە بوو عاردی تەختی کرد . رق و کینە، کینەی گڕگرتوو، هێزی بە گیانی ئەم ژنە دەبەخشی. لیدیا سەربازەکەی نابووە ژێرو سەربازەش هەرچییەکی دەکرد نەیدەتوانی خۆی لە دەستە بەهێزەکانی ئەم ژنە بخەڵەسینێ.

سەرهەنگ کە بە درێژایی ئەم ماوەیە بە ئارامی چاوەڕێی دەرفەتێکی لەبار بوو، ئەنجام فەرمانی دا کە تەقە لە ئاڵمانییەکان بکەن.

***

دەمەوبەیان، ئانژلیکا، لە سەرما خۆی لە شاڵێکی خانەخانەی گەرمەوە پێچابوو ژنی خانەخوێیەکەی شەوێی ئانژلیکا بە خوایشتی خۆی و لە رووی میهرەبانییەوە ئەو شاڵەی دابوویە. بەو شاڵەوە، کەوتە سەر تولە رێگایەك و بەغار بەرەو ماڵەکانی سەروتر هەورازبووەوە. هەرکە گەییە وێندەر بەسەر چەپەری نزمی خانوویەکی یەك نهۆمیدا کە بۆیەیەکی سەوزی تۆخ کرابوو بازی دا،( ئاخر ئەم ڕەنگە خانووەکەی لە نێو دار کاژەکاندا دەشاردەوە) ئانژلیکا خۆی گەیاندە بەر هەیوانەکەو لە دەرکی دا، ئانژلیکایان بردە ژوورێکی بچووکەوە کە بۆ ڤاسیایانترخان کردبوو. خاوەنی ماڵەکە سلاڤی بوون. ئەو ژنە کامڵەی کە دەرگای لە ئانژلیکا کردەوە، بزەیەکی بە تۆێکڵی بە ڕووی، ئەو کیژەدا دا کە بەم بەیانی زووە هاتبووە دیداری میوانەکەی ئەو.

ڤاسیا هێشتا لە غوڕابی خەودا بوو. ئانژلیکا بە ئەسپای و بێخشپە لای پێیەوە دانیشت، ڤاسیا چەشنی مندالان بێ خەم و خەیاڵ خەوتبوو.

ئانژلیکا دەستی درێژ کردو کەوتە وەلاخستنی قژەکەی سەر هەنیەی ڤاسیا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا زۆر منداڵە". دەستی ئانژلیکا لە سەرما تەزی بوو. ڤاسیا بە خاوە خاو چاوانی هەڵێنان، کە چاوی بە ئانژلیکای لێو بە خەندە کەوت،کێشمانێکی خۆی داو لەسەر جێگاکەی دانیشت.

ئانژلیکا گوتی:

– تەمەڵ.

ڤاسیا برۆ تەنکەکانی هێنانەوە یەك و گوتی:

– یانی چی، چما نابیَ لە ژیانما تاقە جارێك بە كەیفی خۆ بنووم.
– هەستە، ڤاسیا، هەستە.

ڤاسیا، جارێكی دی كێشمانی خۆی دا. چاوانی هەڵگڵوفتن. باوێشكێكی دا. لەپڕ بە دڵپاكی و سادەییەكی منداڵانەوە گوتی:

– ئانژلیكا، چ خەوێكم دی!... لە خەوما لە دەوروبەری شاری سمولینسك دەگەڕام.لە خەوەكەمدا دنیا بەهارە، گوڵی مرواری و بەیبوون و من فەرامۆش مەكە لە هەموو شوێنیَ شكۆفەی كردووە . گیا لە قەف و گوڵایە، تابڵێی دیمەنێكی خۆش ودڵگیرە!...

كەیبانۆی ماڵەكە وەژووركەوت و خولقی كردن كە شیری گەرم بخۆن.

لە ژووری كەیبانۆكەدا، پیرەمێردێكی سەرو ڕدێن تاشراو لەكەنار پەنجەرەیەكاو لەسەر تەختێك كە لە كۆنیدا ڕەش هەڵگەڕابوو دانیشتبوو. زۆربە ئاسانی دەناسرایەوە، هەمان ئەو كەشیشە بوو كە میخائیلۆ لە تریستدا قسەی دەگەڵ كرد. كەشیشەكە تەختەیەكی بەدەستەوە بوو، خەریكی دروست كردنی كارژۆڵەیەكی ریش عەنتیكە بوو، چەند كارژۆڵەیەكی دروست كرد بوون و لە قەراخ پەنجەرەكەدا ریزی كردبوون.تائانژلیكاو ڤاسیا لە ژوورەوە بوون، ئەو چ قسەیەكی نەكرد، جار جار سەیرێكی دەكردن و بزەیەكی كاڵ و میهرەبان دەكەوتە سەر لێوەكانی.

ئانژلیكا دەیزانی ئەم پیرەمێرە لە نێو پارتیزانەكاندا قەدرو حورمەتێكی زۆری هەیەو مەعلوماتی چاك و بەنرخی بۆ دەهێنان. ئانژلیكا ئەوەشی دەزانی كە ئەم پیرە كەشیشە هەندێجار جلكی كەشیش فڕیَ دەداو خۆی دەكا بە پەیكەرسازو بە بیانوی فروشتنی پەیكەری كارژۆڵانەوە كاری خۆی دەكا. دەشی زانی ئەم كارژۆڵانە چ دەورێكی گرینگ دەبینن بۆ مەعلومات و هەواڵ گەیاندن بە پارتیزانەكان.

ڤاسیاو ئانژلیكا سوپاسی كەیبانۆكەیان كردو هاتنە نێو حەوشەكە. لێڕان كەمێك پیاسە بكەن، زۆری پێنەچوو كە گەیینە سەر كویرە رێیەكی شاخاوی، هەر چوار نكالیان چیای سەركەش بوو، تاكو تەرا داركاژ لە بناریانا ڕوا بوو. خاڵ خاڵ لێرەو لەویَ بەفر بەم شاخە بەرزو بۆرانەوە مابوو. دەوەنی دڕكاوی لە نشێوەكانەوە قوت ببوونەوە. پارچە زەوی بچووك و ڕەقەن، هەتیو ئاسا لە داوێنی كێوەكاندا مات بوو بوو، كەمیَ لەخوارترەوە دێهات دەبینرا، هەمووخانووەكانیان یەك نهۆمی و لە بەردو گڵ دروست كرابوون (بەدەگمەن خانووی دوو نهۆمی بەرچاو دەكەوتن) خانووەكان تەواو پێكەوە چەسپی بوون و وەكو گەلە هەژاریَ پەلاماری نێچیر بدەن، لە نێو زەوی و زارە كشت وكاڵییەكاندا كەڵەكە ببوون. دارستانێكی تەنك لە خوار ماڵەكانەوە بوو. دارستانێكی ڕەش و، تاریك بوو دەتگوت زریان و تۆفانێكی سەیرو كوشندە لێی داوەو گەڵاكانی هەڵوەراندوون و قەدی دارەكانی كردووە بەزوخاڵ... لە بن بەفرەكەوە خوڕەی ئاوێك دەهات، خەڵكی ناوچەكە بە شانازییەوە دەیانگوت: "ئەمە روباری ئێمە یە".

خەڵكی ئێرە بە نیمچە برسێتیدەژیان . بەدەگمەن نان لەسەر خوانیان دەبینرا. ئاخر لە كویَ دانەوێڵەیان بچێنایە ؟ هەموو لایەك هەر بەردو بەرد بوو... تەنیا لە دەشتە تەخت و هەموارەكاندا باخاتی سەر سەوزی زەیتون خۆی دەنواند، گوێزو بەڕوو لەویَ دەڕوا.كوێستانیان، بەغیلیان بە

دەشت نیشینان دەبرد، چونکە ئەوان لە پایزدا هەرمێی عال، گوێزو شابەڕوو سێوو تەنانەت پرتەقاڵیان هەیە. بەڵام زۆر لێرەوە دوور، رێك لە کەناری دەریادا، خەڵکی خەریکی ماسی گرتن بوون و دەستکەوتەکانی خۆیان لەگەڵ دراوسێکانیاندا دەگۆڕییەوە.

لەو کوێستانانەدا بەدەگمەن کلێسایەکی ئەرتەدۆکسی یان کاتولیکی دەبینرا. گەر بش بینرایە مەگەر خوا بیزانیبا کە کەی لەم قەدپاڵەدا دروست کراوە. زۆربەی کلێساکان لە مێژ بوو تەرك کرا بوون، بەڵام هەندێکیان ئێستاش لە گەڕدا بوون و ناقوسێك، بە ئەندازەی سەتڵێکی ئاسایی بەسەر بورجەکانیانەوە بە دەنگێکی کزو مردەلۆخ و یەك نەوا زەنگی لێدەدا.

دیمەنی ئەم قەد پاڵانە مات و خەمبار بوو، هەموو پێك دەچوون. بەڵام خەڵکی ئەم زۆزانانە میهرەبان و ئازا بوون. دوا کولێرەی خۆیان لەگەڵ پارتیزانەکان دابەش دەکرد. بە جۆرێ ئەم کارەیان دەکرد لەتۆ وایە هەموو شتێکیان: ئاردی گەنمە شامی، شەراب و گۆشتیان بە ئەندازەی کافی هەیە... پارتیزانەکان بە دەگمەن دیارییان لێوەردەگرتن، چونکە لە هەموو کەسێك چاتریان دەزانی کە ئەم ناوچەیە چ جێیەکە...

ڤاسیا بە دەم بیرکردنەوەوە گوتی:

– من هەر لە بیری ئەمەدام کە ئێوە چۆن لێرە دەژین؟ بستێ زەوی نابینرێ، هەمووی بەردو، تاوێرە.

ئانژلیکا هەناسەیەکی خەمناکی هەڵکێشا:

– وەکو بە خۆت دەبینی دەژین. ڤاسیا،دەزانی دروست کردنی باخێ یا جێ بێستانێکی بچووك چەندی زەحمەت دەوێ؟ دەبێ لە دووری رۆژە رێیەکەوە بە گونی گڵ بۆ ئێرە بهێنرێ. باپیری من پشتی شکا تا بە کۆڵ سێ هەزار گونییە خۆڵی بۆ ئێرە هێنا، خۆشی خۆیشی بوو بە خاوەن زەوی خۆی، کەچی رۆژێك گالیسکەیەك بە ئێرەدا تێپەڕی و دەستوریان بە باپیرم دا کە بارووبنەی بپێچێتەوەو باربکا، چونکە کۆنتێکی نەمساوی دەیەوێ لە زەوییەکەی ئەودا کۆشك دروست بکا..

ئانژلیکا بە حەرەکەتی دەست شاخەکانی دەوروبەری نیشاندا و لەسەری رۆیی:

تەمەشاکە، هەموو شوێنێ قەسرو باڵەخانەو ڤێلای بێگانانە! سروشت زەوی بە ئێمە نەداوە، بەڵام کە خەڵکەکەی دەکەونە ئەوەی هەڵەی سروشت چاك بکەونەوە، ئەوا خەڵکی هەوڵ دەدەن زەوییەکانیان لە دەست دەربێنن. کۆمەڵێ ئاغای تەماحکارو چاوچنۆك پەیدا دەبن و دەست بەسەر ئەو زەویانەدا دەگرن کە بەو هەموو زەحمەتە لە چنگی سرۆشتیان دەرهێناون.

ئانژلیکا سەیرێکی ڤاسیای کرد:

– ڤاسیا، دیارە لە وڵاتی ئێوەدا زەوی زۆرە؟

– یەکجار زۆرە ئانژلیکا! بێ حەدو حیسابە!... لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە بەخۆمان خاوەن و ئاغای زەوییەکانین!

ئانژلیکا بزەیەکی کرد:

– بەڵام تۆ لە هیچ شتێکا لە ئاغا ناچی!

– وێڕای ئەوەش هەر ئاغام.

ڤاسیا هەناسەیەکی پڕ تاسەی هەڵکێشا:

– چەند حەزدەکەم بە هاران بەغار بە ناو مەزرایان بکەوم، دوای ئەوەی تێر غار دەدەی‌وبا لە دەموچاوت دەدا، شەکەت‌و ماندوو خۆت بە عاردی دا دەدەی، یەک تەختە بە پشتا لەسەر سەوزەگیا رادەکشێی‌و دەنواڕیتە ئاسمان، ئاسمانی قولْ کە پەڵە هەور چەشنی تۆپەڵە بەفری نێو دەریا، مەلەی تێدا دەکا... بۆنی بەهارت بەسەرا دێ. زیکزیکان دەکەونە زیکەزیک... ئەوجا لە پڕ گورانییەکی چەشنی مەزراکان بێ کۆتایی‌و چەشنی ئاسمان قولْ، بالْ بەسەر هەموو مەزراکان دەکێشێت! گۆرانییەکی رووسی...

سیمای ڤاسیا لەم دەمەدا دڵگیر بوو. هەر چەند برۆکانی تەنک بوون‌و بە حالْ دەبینران، هەر چەندە دەموچاوی شملاْوی بوو، هەرچەند چاوە کەوەو درشت‌و گەشەکانی لە نێو برژانگە چڕو کاڵەکانیا خێرا خێرا دەتروکێن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر جوان دەهاتە بەرچاو. جلەکانیشی ناشیرین بوون: چاکەتێکی لۆکەی ئاسایی لەبەر بوو، مل پێچێکی یەکجار کۆنەی گولْ سپی وردی عەینی خاڵەکانی دەموچاوی بە شەپڕێوی لەمل پێچا بوو. بەلاْم سیمای ڤاسیا بەجۆرێ بە تیشکی دڵو دەروونی روناک بووبووەوە ،زۆر دوور بوو ئەڵمانەکان بە سەربازێکی گێل‌و گەڵحۆی قژ سپیی ئەڵمانی بزانن .

ئانژلیکا گوتی:

– ڤاسیا، لە مێژە مەهدی دەناسیت؟

– ماوەیەکە، نزیکەی چوار مانگێکە.

– بەلاْم من وام هەست دەکرد کە لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە بوون.

– ئێمە لە یەک ولاْتا گەورە بووین.

ئانژلیکا سەرێکی لەقاند.

هێدی هێدی بەکێوەکەدا هەڵدەگەڕان.

– مەهدی ئازەربایجانییە ؟

– بەڵێ، خەڵکی باکۆیە.

ئانژلکا لە فکران ڕاچوو. دەستی بە لقی ئاوێزانی کاژەکانەوە دەگرت‌و بەرەبەرە هەوراز دەبووەوە، ڤاسیاش لە دوایەوە بوو.

– ڤاسیا، ئەرێ داب و نەریتی ئەوان چۆنە ؟

ڤاسیا بزەیەکی کرد:

– وەکو لە هەڵس‌و کەوتی مەهدیدا دیارە، داب و نەریتێکی چاکیان هەیە.

ئانژلیکا گوتی:

– بەڵێ... پێموایە چەند سەرکێش و بێباکە ... ئەوەندەش دڵپاك و میرەبانە.

پاشان ئانژلیکا دووبارەی کردەوە:

– بڵێ تەنیا چوار مانگە یەکدی دەناسن؟

– چوار مانگە.

ئانژلیکا گوتی:

– دەزانی زۆر لە یەکدی دەچن و...

بە پەلە لەسەری رۆیی:

–... لە یەکدی ناچن... تەنیا لە میهرەبانی ودلێریدا وەکو یەکن، دەنا لە یەك ناچن...

دیار بوو ڕوونکردنەوەی لێکدی نەچوونەکەیان بۆ ئانژلیکا قورس بوو، بۆیە بێدەنگ بوو.

دەنگی تەقینەوەیەکی نزم و پاش ماوەیەکی کەم دەنگی دوورە تەقە هاتە گوێ.

ئانژلیکا نیگەران بوو:

– ئەو دەنگە چی بوو؟

ڤاسیا بە ئەسپایی لێوی لەبەریەك هەڵینان و بە جدی گوتی:

– مەرگ تۆڵەی مەرگە!

– چوزانی کە ئەم تەقینەوەیە کاری هاوڕێیانی خۆمانە؟

– دوێنێ مەهدی پێی گوتم کە بە تەمان قیتارێکی ئەڵمانەکان بتەقێننەوە. داوام لێکرد کە منیش لەگەڵ خۆدا بەرن کەچی گوتی: "تۆ ئیسراحەت بکە."

– مەهدییان لەگەڵە؟

– نازانم. تۆ تەسەور دەکەی کە لەگینە شتێکی لێ بێ؟

ئانژلیکا بزەیەکی خەمناکی کرد:

– ڤاسیا، من هەرگیز بیر لەم شتانە ناکەمەوە. ئەم شتانە لە ڕێی هەموواندایە. چما هەر یەکێك لە ئێمە کە بۆ ماموریەتێك دەچێ، نازانێ بەرەو پیری مەرگ دەچێ؟... کەم خەڵکی چاکمان لەگەڵ بوون و نەمان؟

ڤاسیا بە سەرساممییەوە گوتی:

– کەواتە دیارە کە تۆ بەم شێوەیە...

– بەڵێ ڤاسیا، خۆشحاڵم کەوام لێهاتووە. دەزانی کاتێ ئازیزێکی مرۆڤ بۆ عەملیاتێکی قورس دەچێ، مرۆڤ وەکو ئەوەی لەسەر ئاگر دانیشتبێ قەرارو ئۆقرەی لەبەر دەبڕێ، پەیتا پەیتا بە خۆی دەڵێ: "هێشتا ماوە... هێشتا ماوە..." تەحەمول کردنی ئەم وەزعە زۆر زەحمەتە.

– تۆ ئێستا سەبارەت بە هیچ کەسێك وا بیر ناکەیەوە: ... کە "هێشتا ماوە"؟

ئانژلیکا دەست بەجێ وەڵامی نەدایەوە:

– پێم گوتیت نە .

– ئانژلیکا تۆ کیژێکی نازدار و نازەنینی.

ئانژلیکا بە ئەسپایی گوتی:

– تۆش مرۆڤێکی نزەنینی.

پاشان لەسەری رۆیی و هێواشتر گوتی:

– مەهدیش نازەنینە .

ڤاسیا پرسی:

– هەر پێت نە وتم کە ئێمە لە چ ڕوویەکەوە لێکدی ناچین ؟

ئانژلیکا ڕووی بۆ لای ڤاسیا وەرگێڕا، قەدەرێك لێی ڕاما، دەتگوت دەیەوێ بزانێ کە لە چ ڕوویەکەوە لە مەهدی ناچێت. هەستێکی ئاڵۆزو نادیار دڵی ئانژلیکای گرتبوو. ئانژلیکا بە خۆیشی نەیدەزانی بۆ لە پڕ گوتویەتی کە ئەم دوو گەنجە دلێرە لە یەك ناچن. هەموو وا سەیری ڤاسیاو مەهدی یان دەکرد کە گیانێکن لە دوو جەستەدا ،کەچی ئانژلیکا لە پڕ لێکدی جیاکردنەوە... هۆی ئەمە چ بوو؟

ئانژلیکا هەندێجار بە تەنێ بە ماموریەت دەچوو بۆ لای هاورێ "پ" یا بۆ شوێنێکی دی. کە لە کارەکەی دەگەڕایەوە پێشی هەر کارێ چاوی بۆ مەهدی دەگێڕا، کە نیگایان لێکدی هەڵەنگوت، دڵی ئانژلیکا دادەخورپاو بە شێوەیەکی نا ئاسایی دەکەوتە لێدان. مەهدیش وەکو چۆن پێشوازی لە هەموو ئەو پارتیزانانەی کە لە ماموریەت دەگەڕانەوە دەکرد، بەو ئاوایە پێشوازی لە ئانژلیکاش دەکرد. ڕەفتاری مەهدی لەگەڵ ئانژلیکادا هەمیشە وشکتر بوو لە ڕەفتاری لەگەڵ پارتیزانەکانی دیدا... بەڵام پێدەچوو ئانژلیکاش هەر ئەوەندەی مەبەست بێ کە مەهدی ببینێ، بیدینێ کە چۆن لەگەڵ هاوڕێکانیا دەئاخفێ، چۆن پێدەکەنێو تەنانەت چۆن نانیش دەخوا. ئانژلیکا پێی وا بوو کە دەبێ هەموویان وەکو مەهدی ڕەفتار بکەن، پێبکەنن، نان بخۆن، گاڵتەو شۆخی بکەن. لەبەرچی؟ ئانژلیکا نەیدەوێرا ئەم پرسیارە لە خۆی بکا.

مەهدی، ڕۆژێك پەڕە کاغەزێکی ئامادە کردو ئانژلیکاو گاز کردە نك خۆیو پێی گوت:

– لێرە، لەسەر ئەم کۆتەرە دارە دانیشە، دەمەوێ ڕەسمێکت بکەم...

ئانژلیکا بە شەرمێکەوە پرسی:

– بۆ ؟ دڵی بە هەراسانییەوە کەوتە لێدان.

– ناتەوێ؟ باشە ڕەسمی کەسێکی دی دەکەم.

ئانژلیکا، لەسەر کۆتەرە دارەکە ڕۆنیشت.

– بیکە، بەڵام دوایی ڕەسمەکەم پێشکەش دەکەی؟

– ئەگەر باش دەرچوو، پێشکەشتی دەکەم!

مەهدی بە نیگای وردو شارەزاوە چاوی تێبڕی.

ئانژلیکا تەحەمولی ئەم نیگایەی نەدەکرد. بۆ یەکەمجار ڕاستەوخۆو ڕووبە ڕوو ڕوانیە چاوانی زیتەڵ و هۆشن ومیهرەبانی مەهدی. وای هەست دەکرد خەریکە لەم چاوانەدا نقووم دەبێ... ئانژلیکا، ڕووی وەرگێڕاو دەستی بە پێکەنین کرد.

مەهدی خۆی تورە کردو کەوتە بۆڵە بۆڵ:

– بەسە، ئەم ڕەفتارە مندالأنەیە چیە!

ئانژلیکا بە خۆییشی نەیدەزانی بۆ لە پڕ پێکەنین گرتیو، کوڵی پێکەنینی نەدەینشتەوە. ئاخری بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، کە لە پێکەنین کەوتو چاوە درشتەکانی،کە لە ئەنجامی پێکەنینەکەدا بە حاڵ ئاویان تێزابوو و سووکە ترسێکیان لێ نیشتبوو، بڕینە مەهدی...

مەهدی جۆش و خرۆشی پێکەوت:

– ئەها، ئاوا باشە! زۆر باشە!

دەستی مەهدی بە گورج و گۆڵی بەسەر کازەکەدا کەوتە حەرەکەت. چاوەکانی دەتگوت هەندێ شت لە ئانژلیکا دەپرسن و هەر بۆ خۆیان وەڵامەکانی ئانژلیکا هەڵدەمژن و لەگەڵ جوڵەی دەستیا دەیخەنە سەر کاغەزەکە... ئانژلیکا لە فکران ڕاچوو و وای هەست دەکرد کاتێ مەهدی وێنەکە تەواو بکا، ئەو (ئانژلیکا) لە بری وێنەی خۆی کۆمەڵێ پرسیارو وەڵام لەسەر کاغەزەکە دەبینێ، ئەو پرسیارانەی کە چەندین جار سووریان هەڵگەراندووە مەحاڵ بووە بێنە سەر زاری، مەگەر تەنها لە چاوەکانیا خوێندرابنەوە... نزیکییەکی کپ و بێدەنگ لە نێوانیاندا چێبوو، ئانژلیکا خوا خوای بوو مەهدی هەر بەردەوام بێ و زوو وێنەکە تەواو نەکا... بەڵام کارەکەی مەهدی بەرەو تەواو بوون دەچوو.کاتێ مەهدی وێنەکەی پێشاندا، ئانژلیکا حەپەسا: رێك وەکو خۆی بوو، دەتگوت زیندووە!... ئەوەی لە هەموو شتێ پتر ئانژلیکای حەپەساند بوو ئەوە بوو وێنەکە ئەو گێژ شەرمنە نەبوو کە چەند دەققەیەك لەمەوبەر لەبەردەم مەهدی دا رۆنیشتبوو، بەڵکو کیژێکی ڕندو شۆخ و بە دەماغ و دلێر لەبەر چاویا بوو.

مەهدی رەسمی ئەو ئانژلیکایەی کردبوو کە لەگەڵیا دەچووە ماموریەت و عەمەلیاتی پڕ خەتەر... پێدەچوو کە لە بوونی ئەم کیژەدا ئانژلیکایەکی دی نەبینێت!مەهدی هەست و بۆچوونی تەواوی پارتیزانەکانی تیپی فرەرۆی سەبارەت بە ئانژلیکا،بەرجەستەکردبوو. ئانژلیکا کە پێکەنینەکەی تۆزێ لەمەوبەری خۆی و ئەوشەرمنۆکییە نابەجێیەی کە لە کاتی دانیشتنەکەی لە هەنبەر مەهدی‌دا گرتبووی بیرکەوتەوە، تەریق بۆوە. شەرمە، دەبێ ئەو کچە بێ کە مەهدی وێنەکەی کێشاوە...

هەڵسوکەوتی ئانژلیکا لەگەڵ ڤاسیادا سادەتر بوو تا لەگەڵ مەهدی. دۆستایەتی وان وەکو دۆستایەتی دوو قوتابی سەرەتایی بوو، زۆر خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا بوو... ئانژلیکا کە لەگەڵ ڤاسیادا خۆی بە منداڵ دەزانی، بەڵام کە لەگەڵ مەهدیدا دەبوو هەستی دەکرد کچێکی گەورەیە و بە هیچ جۆرێ نەیدەزانی ئەم دوو حاڵەتە کامیان چاترە.

بەڵێ،بە لای ئەوەوە، مەهدی و ڤاسیا لیچکدی نەدەچوون . ئایا ئەم جیاوازییە زادەی ئەوە نەبوو کە ئانژلیکا بە یەك چاو سەیری نە دەکردن؟ ... چۆن ئەم حاڵەتە بۆ ڤاسیا روون بکاتەوە؟ ئانژلیکا وەڵامی پرسیارەکەی ڤاسیای نەدایەوە، سەرێکی باداو گوتی:

– نازانم، ڤاسیا، نازانم...

خشپەی پێی یەکێك هات. کوڕیژگەیەکی لاواز لە نێو دار کاژەکانەوە وەدەرکەوت. کوڕیژگەکە لە دوورەوە ڤاسیا و ئانژلیکای بینی و بەغار بەرەو پیریان هات. بەدەم دەست ڕاکێشان و ئیشارەت کردنەوە، بە خۆشحاڵییەوە هاواری کرد:

– گوێتان لێبوو؟

ئانژلیکا بە روویەکی خۆشەوە پرسی:

– یانکۆ! تۆش لەگەڵیان بووی؟

– نه ، من لەو نزیکانه بووم‌و هەموو شتێکم بەم چاوانەم بینی. ئای ئەگەر دەتانزانی چەند ئەڵمانی له کەنار ڕێگاکه کەوتوون! بەڵام من پاشان رام کرد.

ڤاسیا پرسی:

– بۆ ڕات کرد؟

یانکۆ، وەکو یەکێك تاوانێکی کردبێ چاوێکی تروکاندو برۆی وێکهێنانەوەو له بن لێوانەوه گوتی:

– ئاخر سەرهەنگ سیرگی نەیهێشت لەگەڵیان بچم.

ڤاسیا به گازاندەوه گوتی:

– ئەوجاش هەر چووی؟ ئاخر تۆ هێشتا منداڵی، دوای دەکەوییه ژێر دەست‌و پێوه...

یانکۆ بێباکانه به سەراپای ڤاسیایدا هەڵڕوانی. دیاربوو جیاوازییەکی ئەوتۆی له نێوان خۆی‌و ڤاسیادا نەدەبینی و فێڵبازانه گوتی:

– جا چییه! خۆ تۆشیان لەگەڵ خۆدا نەبرد!

ڤاسیاو ئانژلیکا سەیرێکی یەکتریان کرد. ئانژلیکا دەستی یانکۆی دەنێو دەستی خۆ نا، دەستەکانی هێند سارد بوون دەتگوت بەفرن. ئانژلیکا گوتی:

– دەزانی، هەر ئیستا هەڕو بۆ ماڵ‌و خۆت گەرم بکەوه.

یانکۆ گوتی:

– باشه دەڕۆم، بەڵام به سەرهەنگ نەڵێی که دوایان کەوتبووم.

ئانژلیکا پرسی:

– چما لێرەوه دەگەڕێنەوه؟

– بەڵێ، بەڵام پێی نەڵێی، باشه؟ نزیکەی سەعاتێکی دی دەگەنه ئێره. چیبکەن، دەبێ شوێن پێی خۆیان له نێو دارستانەکه دا گوم بکەن.

که یانکۆ به غاردان لەوان دوور کەوتەوه، ڤاسیا به ئانژلیکای گوت:

– دەزانی ئەم کوڕه زۆر له تەمەنی خۆی فامیدەترو وریاتره!

– لێره هەموو زیرەك‌و فامیدەن...

ڤاسیا پێشنیازی کرد:

– وەره با بچینه پێشوازی پارتیزانەکان.

ئانژلیکا رازی بوو،و بەرەو ئەو شوێنەی که یانکۆی لێوه هاتبوو کەوتنه ڕێ.

کڵێسایەکی بچووك له بەرزترین لوتکەی کێوەکەدا گیرسابۆوه. دیار بوو له مێژ بوو که کەس سەری پێدا نەکردبوو. ناقوسەکانیان بردبوو.

ڤاسیاو ئانژلیکا بۆوەی پارتیزانەکان له دوورەوه ببینن به پله باریکەکاندا سەرکەوتنه سەر بورجی ناقوسی کڵێساکه. سەرانسەری دۆڵەکه لەوێوه دیار بوو. توله ڕێی دنیا به نێویەکدا چوو بوون‌و بۆ ناو دارستانی کوێستانەکه درێژ دەبوونەوه. کەس نەیدەزانی ئەم توڵه ڕێیانه له کوێ تەواو دەبن! هێشتا پارتیزانەکان دیار نەبوون.

ڤاسیا و ئانژلیکا بەدەم چاوەڕوانی هاتنی پارتیزانەکانەوە دانیشتن‌و لاقیان بە دیوارە بەردین وساردەکەدا شۆڕ کردەوە. گۆناکانی ئانژلیکا لە سەرما سوور هەڵگەڕا بوون‌و دەتگوت گوڵن، هێند جوان بوو کە ڤاسیا خۆی پێنەگیراو باوەشی پێدا کرد. ئانژلیکا، ڤاسیای نەدایە دواوە، بەڵام چ ڕەزامەندییەکیشی نەنواند. ئانژلیکا گوتی:

– ڤاسیا، باسی ئاشنا بوونی خۆت و مەهدیم بۆ بکە.

ڕەنگە ئەگەر کەسێکی دی لە جێی ڤاسیا بوایە، دەستی لە گەردنی ئەم کیژەی کە لە تەنیشتیا دانیشتبوو،بەڵام بیرو خەیاڵی لای کەسێکی دی بوو، هەڵگرتبا. بەڵام ڤاسیا لەو قسەیەی ئانژلیکا نەڕەنجاو چ شتێکی خراپی تێدا نەدەبینی. چما ئەم بە خۆیشی بیری لای مەهدی دۆستی نەبوو؟

ڤاسیا زۆرجار باسی ئاشنا بوونی خۆی و مەهدی بۆ پارتیزانە هاوتەمەنەکانی خۆی گێڕابووەوە. ڤاسیا کە کڵاوەکەی خوار ببوو، ڕاست کردەوەو کەوتە گێڕانەوە.

– بەڵێ، ئانژلیکا، من شازدە ساڵان بووم کە ئەڵمانەکان بەرەو ئەڵمانیا ڕایان پێچام.

– ئەمە دەزانم، خۆت بۆت باس کردووم. پاشان هەڵاتی و دووبارە گرتیانیتەوە....

– بەڵێ... بە کورتی بۆ ئێرە، بۆ تریستیان ڕاپێچام...

ڤاسیا و هاوڕێکانی لە تریستدا خاکڕێژی هێڵی ئاسن‌و پردەکانیان چاك دەکردەوە. ڤاسیا ئەم کارەی پێ خۆش بوو، چونکە هەر کە پردێکیان چاك دەکردەوە، خێرا دەتەقێنرایەوە. گورج‌و گوڵانە کاریان دەکرد... بەڵام زۆر بێخواردن بوون، مەگەر جارجارێ ژنە سلاڤییەکی دڵسۆز توانیبای بە دزییەوە چۆڕێ شیر یا لەتێ نانیان پێبگەیەنێ....

ڕۆژێ ژنێك بە تەنیشت ڤاسیادا ڕەت بوو و کولیچەیەکی لە کاغەزەو پێچراوی لێکەوت. ڤاسیا ژنەکەی گازکرد، بەڵام ژنەی تاین هەر ئاوڕیشی نەدایەوە. هەنگێ ڤاسیا بۆی دەرکەوت کە ژنەکە بە ئانقەست ئەم کولیچەیەی فڕێ داوە. کولیچەکەی هەڵگرتەوە، کاغەزەکەی لێکردەوە، خەریك بوو لە گەڵ هاوڕێکەیدا بەشی دەکرد کە لە پڕ دەستێك پڕی دایێ‌و کولیچەکەی ڕفاند. ئەم دەستە دەستی یاساوڵە ئەڵمانییەکە بوو. وای کە ڤاسیا برسی بوو!... ڤاسیا بینی کە یاساوڵەکە، کولیچەکەی خستە نێو کۆڵەپشتییەکەیەوە، کەوتە تاقیبی. یاساوڵەکە کۆڵەپشتیەکەی لە کەنار فارگۆنێکدا داناو خۆی چووە ناو فارگۆنەکەوە.

ڤاسیا بێ خشپە خۆی گەیاندە لای فارگۆنەکە، خێرا کۆڵە پشتییەکەی کردەوەو کولیچەکەی خۆی دەرهێنایەوە. بەڵام هێشتا لە فارگۆنەکە دوور نەکەوتبووەوە کە تووشی ئەڵمانییەکی دی بوو، ئەفسەریارێکی چوارشانەی گەنم ڕەنگ بوو. ئەڵمانییەکە بەوردی دەیڕوانییە ڤاسیا. ڤاسیا هەستی کرد تووش بووە... ئێستا دەکەونە ئەشکەنجەدانی‌و دەیکوژنن... ئەفسەریارەکە بە تووڕەییەوە هاتە لای ڤاسیاو دەستوری دایێ کە دوای بکەوێ... پازدە شەقاوێك لە خاکڕێژی سکەکە دوور کەوتنەوەو ئەفسەریارەکە ڕووی کردە ڤاسیاو بە زمانێکی پاراوو ڕەوانی رووسی پێی گوت:

– کوڕۆ، تۆ نێوت چییە ؟

ڤاسیا بە سەرسامی وەڵامی دایەوە:
– ڤاسیا.
ئەفسەریارەکە پرسی:
– باشە ئەڵمانەکان داك‌و بابی تۆیان نەکوشتوە؟
بەڵێ وایە. بەڵام ئەفسەریارەکە بۆ بە تایبەتی ئەمەی بیر دەخاتەوە؟ کوڕێژگەکە مەنگ ببوو، یەکەمجاری بوو کە ئەو ئەفسەریارەی دەبینی. بەڵام ئەفسەریارەکە بە جۆرێ قسەی دەگەڵ دەکرد، دەتگوت لە سمولنسگدا دراوسێی ڤاسیا بووە، زۆر شتی وردی لەمەڕ ژیانی ڤاسیا دەزانی. ئەفسەریارەکە لە پڕو بە ئەسپایی گوتی:
– کەوایە چۆن دەتوانی کار بۆ ئەڵمانەکان بکەی؟!
ڤاسیا دەیتوانی چ وەڵامێکی ئەم پرسیارە بداتەوە؟ دەیتوانی بڵێ بە کەماڵی ئارەزوو ئەم کارە دەکات،چونکە پارتیزانەکان دەست بەجێ کارەکەی ڤاسیاو هاوڕێکانی ڤاسیایان دەتەقاندەوەو هەرجارەی چەند ئەڵمانیەکیشیان هەواڵەی ئەو دنیا دەکرد. بەڵام ڤاسیا بێدەنگ و دوو دڵ دەیڕوانییە ئەفسەریارەکە.کابرایەکی ئەڵمانی سەیر بوو! ڤاسیا لە فکران ڕاچوو: "ڕەنگە بە ئانقەست ئەم قسانە بکاو بیەوێ دەمو دووی من تاقیبکاتەوەو لە خۆڕا خۆم کەشف بکەم؟".
ڤاسیابریاری دا لە وەڵامی ئەودا تەنیا بپرسێت:
– یارمەتیم دەدەی بچمەوە سەر کارەکەی خۆم؟
ئەفسەریارەکە بە وشکییەوە گوتی:
– بڕۆ!
ڤاسیا چۆوە سەر کارەکەی خۆی.
ڤاسیا ماوەیەکی زۆر لە فکران ڕاچوو،بیری لەوە دەکردەوە کە ئایا ئەفسەریارەکە داوێکی بۆ نەناوەتەوە، کێ دەزانێ، ڕەنگە سبەینێ ئەویش، وەکو ئەو یەخسیرانەی کە بە ئاشکرا ناڕەزاییان لە وەزعی ئۆردوگا دەردەبڕی، بە بەر چاوی هەمووانەوە تیرباران بکەن.
سبەینێش بردیانن بۆ سەر کارو دیسان ئەفسەریارەکە هاتە کن ڤاسیاو بە دزییەوە نان‌و کەرەی بۆ درێژ کرد. بەڵام ڤاسیا وەری نەگرت. ئەفسەریارەکە گوتی:
– ڤاسیا، وەری بگرە.
ڤاسیا هەستی بە لەرزینی دەنگی ئەفسەریارەکە کرد. ڤاسیا تەریق بۆوەو نانەکەی وەرگرت‌و تەپاندییە گیرفانییەوە... ئەفسەریارەکە بە میهرەبانی گوتی:
– تۆ ئەم نانە مەشارەوە، بیخۆ دەنا دیسان لێتی دەستێنن.
ڤاسیا کەوتە نان خواردن. ئەفسەریارەکە لە بەینی پێڵوە هەڵماساوەکانییەوە بە وردی دیقەتی دەدا. ئەفسەریارەکە بە ئەسپایی گوتی:
– ڤاسیا، دەزانی سمولنسکیان ئازاد کردووەوە.
دڵی ڤاسیا داخورپاو کەوتە تەپەتەپ.
ئەفسەریارەکە لێی پرسی:

– حەز ناکەی بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت؟

ڤاسیا، کە گوێی لە دەنگی ئەفسەریارەکە بوو،هەستی بە گەشکەیەکی خۆشەویستیو خۆییکرد. نا، ئەم ئەفسەریارە وەکو ئەڵمانییەکانی دی نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ڤاسیا بەگومانەوە سەیری دەکرد.

– ڤاسیا، تۆ نانی خۆت بخۆو گوێ بدە من.

ڤاسیا سەری لەقاند.

– کوڕو کاڵی باشتان لەگەڵە ؟

ڤاسیا بێ ئیختیار وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ!

شتێك لەم ئەفسەریارەدا هەبوو کە مرۆڤی ناچاردەکرد متمانەی پێبکا. نیگاو دەنگی شتێکی تایبەتی بوون، ڤاسیا وای هەست دەکرد کە ئەم دەنگەی زۆر بیستووە، رەفتاری هێدیو ئارام، سیمای ئاشنا دەهاتە بەرچاو. هەندێ روخسار هەن کە مرۆڤ بۆ یەکەمجار دەی بینێ دڵبەندی دەبێو وا هەست دەکا دەمێکە دەیناسێت . ڤاسیا خەمێکی چەشنی خەمەکەی خۆی، خەمی دوورە وڵاتی، لە سیمای ئەفسەریارەکەدا خوێندەوە. دەنگو نیگای ئەفسەریارەکە پتر ڤاسیای بۆ لای خۆی رادەکێشا. حەزی دەکرد زیاتر لێی نزیك بێتەوە، بەڵام ئەم هەستە پتر زادەی سۆز بوو تا زادەی ئەقڵ... بەڵام جلو بەرگی ئەفسەریارەکە، کە جلو بەرگی سوپای ئەڵمانی بوو، ڤاسیای دڕدۆنگ دەکرد....

ڤاسیا پاش ئەوەی گوتی: "بەڵێ!" بێدەنگ بوو، چونکە پێی وابوو بەم تاقە وشەیە زۆر شتی درکاندووە.

ئەفسەریارەکە بە هێمنی پێی گوت:

– زۆر چاکە، بڕۆ خەریکی کارەکەی خۆت بە.

ڤاسیا بەوپەڕی نیگەرانییەوە رۆیی بۆ سەر کارەکەی.

رۆژی سێیەم دیسان ئەفسەریارەکە پەیدا بۆوە. ئەمجارەیان ڤاسیا خۆی چوو بۆ کنی. دوو بە دوو چوونە کەنارێکەوە و دوورکەوتنەوە. ئەفسەریارەکە لە رووی پلەوە لە یاساوڵ گەورەتر بوو، بۆیە کەس خۆی تێنەگەیاندن. جگە لەوەش، پاشان ڤاسیا بۆی دەرکەوت کە ئەفسەریارەکە بەڵگەنامەیەکی هەبوو کە گوایە لە دەزگای جاسوسی ئەڵمانەکاندا کار دەکا.

ئەفسەریارەکە گوتی:

– ڤاسیا، من....

بە وردی ڕوانییە ڤاسیاو ئەوجا لێڕاوانەو بێباك لەسەری رۆیی:– من خەڵکی شورەویم.

ئانژلیکا بە ئەسپایی هاواری کرد:

– ئەم ئەفسەریارە، مەهدی بوو!

– بەڵێ، ئەو بوو. ئانژلیکا مەگەر هەر خوا بزانێ کە وشەی شورەوی چ جۆشو خرۆشێکی خستە نێو دڵو دەروونم! ئەژنۆم کەوتنە لەرزین. هێزم لەبەر بڕا،کەوتمە سەر ئەرزەکەو لەسەلای

گریانم دا. باوەڕ ناکەم هەرگیز ئەوەندە بە کوڵ گریابم. فرمێسك وەکو تاوە بارانی بوهار لە چاوم دەبارین.

ئەفسەریارەکە نێوی راستەقینەی خۆی بە ڤاسیا گوتو تکای لێکرد کە لەگەڵ هەموو کوڕە متمانە پێکراوەکانی دیدا قسە بکا. ئەفسەریارەکە دەیویست یارمەتیان بدات کە هەڵێنو خۆ بگەیەننە ریزی پارتیزانانی خۆیی .

هەموو ئەوانەی کە ڤاسیا باسی هەڵاتنی لەگەڵ کردبوون تا بەیانی چاویان لێك نەنا. دیمەنی وڵات ونیشتمان لەبەر چاوی هەر یەکێکیان بەرجەستە ببوو. پڕ بەدڵ حەزیان دەکرد بە ئەسپایی سروودێك بڵێن! بەلآم هەموویان بێدەنگ بوون... مانگی یازدە بوو، شەوەگاری درێژ نەدەبڕایەوە. بەبێ قەرارییەوە چاوەڕێی سپێدە بوون. ئەنجام دنیا ڕوناك بۆوە. پارتیزانەکان شەوی پێشوو پردی هێڵی ئاسنی سەر دۆڵێکیان تەقاندبۆوە. بەیانی لە ئۆردوگادا کەوتنە نێو یەخسیرەکانو بۆ ئەم دۆڵەیان ناردن. ئەفسەریارەکە هات، یەخسیرەکان لە دوورەوە چاویان لێبوو. ئەفسەریارەکە چوو بۆ نك یاساوڵەکەو کاغەزێکی لە بەرکی دەرهێناو بە غرورو خۆپەسندییەوە بۆی درێژ کرد. یاساوڵەکە چاوێکی بە کاغەزەکەدا خشاندو پاشان گەڕایەوە بۆ لای ئەو یەخسیرانەی کە سەرقاڵی کاربوون . ڤاسیا زانی کە ئەمە لیستی ناوی وانە... یاساوڵەکە کەوتە خوێندنەوەی ناوەکان،.هەر ئەو ناوانەی گازدەکرد کە ڤاسیا دابوونی بە ئەفسەریارەکە. ئەوانەی ناویان خوێندرایەوە یەك یەك دەستیان لە کار هەڵگرتو لە دەوری یاساوڵەکە کۆبوونەوە. ئەوجا یاساوڵەکە ریزی کردنو لێوە باریکەکانی جوڵاندو گوتی:

– جەنابی ئەفسەریار دەتان با بۆ کارێکی دی. دەبێ باش کار بکەن ها!

ئەفسەریارەکە بە یەخسیرەکانی گوت دوای بکەون. لە دەرێی شارا سواری تراموای کۆێستانی کردن و ترامواکە، یەخسیرەکانی بەرەو ئوپچینا برد. لەوێش تێپەڕین. ئەفسەریارەکە بە درێژایی رێگا بێدەنگ بوو. یەخسیرەکانیش هەر بێدەنگ بوون، جارجار نیگایەکی نیگەران و پرسیار ئامێزی یەکدیان دەکردو مات دەبوون.

کیژێك لەبەر دەرگای خانوویەکدا لەسەر سەکۆیەك دانیشتبوو، پێدەچوو چاوەنواڕی کەسێك بێو نیگەرانی و دڵتەنگی خۆی بە چنینی گۆرەوی رەنگاو رەنگ و بەنەخش و نیگار بڕەوێنێتەوە. ئەفسەریارەکە لە بەردەمیا وەستا. کچەکە بە دزییەوە ئیشارەتێکی دایێ کە درێژە بە رێی خۆی بدا. ڤاسیا پاشان لە گوندەکانی دیدا ژمارەیەکی زۆری لەم کیژانە بینیو بۆی دەرکەوت کە بێهودە دانەنیشتوون و خەریکی گۆرەوی چنین نین.دیوارێکی نزمو درێژیان لێ دەرکەوت. ئەفسەریارەکە کردنییە حەوشەوە. خانوویەکی چکۆڵەی سەربان تەخت بە دیار هەڵدێرێکی هەزار بە هەزارەوە هەڵ نیشتبوو، دیوارەکانی بە تاوێرە بەردی زل زل دروست کرابوون، دیوارەکان لە کۆن دەچوون، گیای سەوز لەبەینی بەردەکانییەوە سەری دەرهێنا بوو.

قەدی ڕووت و رەشباوی مێوی چڕ، تێکئاڵا بوونو ساباتێکی بەرزو ئاساییان لەسەر حەوشی خانووەکە دروست کردبوو.

ڤاسیا بە خۆی گوت: "دەبێ هاوینی ئێرە زۆر جوان بێ" لەپڕ بەدەنی نیشتە سەر ئارەقەیەکی سارد. چەند ئەڵمانیەکی چەکداری لە حەسارەکەدا بینی.

ڤاسیا لەدڵی خۆیدا گوتی: "تازە کەوتینە داوەوە!" ئامادە بوو دەست بخاتە بینی ئەفسەریارەکەو بیخنکێنێ، بەڵام ئەفسەریارەکە لە پڕ یەکێکی گازکرد، پیرێژنێکی سلاڤی لە ژوور وەدەرکەوت و هات بۆ نك ئەمان، نێوی "مارتاکوبیل" بوو. ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین بانگی یەکێکی ژوورەوەی کرد کە شەراب بۆ میوانەکان بێنێ.

ئەفسەریارەکە گوتی:

– هیچ خەمتان نەبێ، وا بزانن لە ماڵی خۆتانن.

لەسەر بەردی خەنەتیلکە گرتووی نێو حەوشەکە دانیشتن. دوو کیژی عازەب بە دەبەیە شەرابەوە لە ژوور وەدەر کەوتن و سەرو پەرداخیان بۆ دانیشتوەکان تێکرد. ئەفسەیارەکە لەگەڵ سەربازەکاندا هاتە نك یەخسیرەکان. ئەویش پەرداخەکەی خۆی هەڵبڕی و گوتی:

– دۆستان، بە سەلامەتی ئێوە!

ڤاسیا پەرداخەکەی خۆی هەڵگرت، نیگای لەسەر نووسینێکی سەر پەرداخەکە گیرسایەوە. خوێندییەوە: "پایەدار بێ ئازادی!".

دیسان یەخسیرەکانیان ریز کردو کەوتنە ڕێ. خۆر ئاوا بوو، تاریکی وردە وردە هەواری هەڵدا. هێڵی ئاسنیان لێ وەدەرکەوت، زۆر لە گوین بوو تووشی حەرەسە ئەڵمانیەکان بېن. هەناسەیان لە خۆ بڕی بوو و بەبێ خشپە دەڕۆییشتن، لە هێڵی ئاسن پەڕینەوە. ڕێگایەکی دوورو درێژیان بڕی.. گەیینە دەوروبەری گوندێك، لە پڕ دەنگێکی توند، دەنگی دان:

– بوەستن!

ئەفسەریارەکە نهێنی شەوی پێگوتن.

لە نێو تاریکییەکەوە وەڵام درایەوە:

– هاوڕێ میخائیلۆ ئێوەن! وەرنە ژووری.

گەیشتنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیزانەکان. خواردنیان دانێ، هەموو ئۆقرەیان لێ بڕابوو، دەتگوت هێڕ بوون.

هەموویان بردن بۆ مەقەڕی سەرکردایەتی تیپ. بوون بە پارتیزان. ئای کە بە شادیو خۆشییەوە بۆ یەکەمین شەڕ دەچوون! کە زرێپۆش و تانك و هێڵی ئاسنی دژمنیان دەتەقاندەوە چ گرێکی رق و کینە لە چاویانا بڵێسەی دەسەند! مەهدی هەمیشە لە پاڵ ڤاسیادا بوو، لە کاتی خەتەردا سینگی خۆی بۆ دەکردە قەڵغان. ڤاسیا پێی ناخۆش بوو، حەزی دەکرد چڕوچاوی ئەڵمانیەکان ببینێ، چەکی هەڵگرت و سوێندی خوارد تا دەتوانێ فاشییان بکوژێ، تۆڵەی دایك و بابی و هەموو خەڵکی شورەوی، خەڵکی ئازار چەشتووی دەستی فاشتییان، لە ئەڵمانەکان بسەنێتەوە...

ڤاسیا بێدەنگ بوو.

ئانژلیکا تکای لێکرد:

– ڤاسیا. باقییەکەی بگێڕەوە.

ڤاسیا دەیتوانی زۆر شتی دی بۆ بگێڕێتەوە ، دەیتوانی ئەوە بگێڕێتەوە کە چۆن مەهدی لە تریستدا تورکێکی جاسووسی ئەڵمانەکانی ئیعدام کرد. دەیتوانی ئەوە بگێڕێتەوە کە مەهدی چۆن دەرگای ترومبیلێکی نەجدەی بۆ سەرگوردێکی قژ خورمایی ئەڵمان کردەوەو لە شار دەری هێناو هانییە لای پارتیزانەکان و ئەوجا کابرای سەرگورد لەوێ، لە نێو پارتیزانەکان بۆی دەرکەوتبوو کە کێ شوفێری ترومبێلە نەجدەکە بووەو ئەوی بۆ کوێ هێناوە! ڤاسیا دەیتوانی باسی سەرنەکەوتنەکانی مەهدیش بکا، دەیتوانی ئەوە بگێڕێتەوە کە چۆن جارێك نەیتوانی خۆی بگەیەنێتە گوندی ئورلیك‌و لەوێ ،لە بنکەی نهێنی دەستوری پێویست وەربگرێ‌و قافڵەیەکی ئەڵمانەکان داغان بکا. ڤاسیا دەیتوانی ئەوە بگێڕێتەوە کە چۆن دوو بە دوو رێیان گوم کردو لە پارتیزانەکان دابڕان‌و فریای ئەو شەڕە نەکەوتن کە پارتیزانەکان لەگەڵ ئەڵمانەکاندا دەیانکرد، چۆن بە نابەڵەدی ملیان دەنا تا بەشداری ئەو شەڕە بکەن، کەچی پارتیزانەکان لە قوڵێکی دیدا بوون، چۆن ئەو ڕۆژە بە شەڕە شەق دەرباز بوون، بەڵام دڵی نەدەهات باسی سەرنەکەوتنەکانی ڕابوردوو بکا.

ڤاسیا بزەیەکی کردو گوتی:

– تەماشا، وا هێزەکەمان بەرەو ئێرە دێ .

لەسەر بورجی زەنگەکە هەستان‌و بە پەلە بە پلە باریکەکاندا هاتنە خوارێ.

ئانژلیکا هەر لەڕێوە خۆی گەیاند بووە سیرگی نیکۆلایوڤیچ‌و پرسی:

– ئەدی مەهدی کوا ؟

سەرهەنگ کەمێ تێفکری‌و گوتی:

– لە مەقەڕی قیادەیە.بوونی تۆش لەوێ زەروورییە. ئەوجا لەسەری ڕۆیی:– بەڵێ، بەڕای من بوونی ئێوە لەوێ زەروورییە . بەر لەوەی دووبارە بۆ تریست بڕۆنەوە، دەبێ هەندێ خاڵتان بۆ ڕوون بکرێتەوە.

ئانژلیکا پەشۆکاو پرسی:

– بۆ هیچ ڕووی داوە ؟

– کە گەیشتینەوە بارەگای سەرکرایەتی ، دەزانین.

## فەسڵی سێیەم

کۆبوونەوەی بنکەی سەرکردایەی هەموو تیپەکان بوو. کارانتی بە دوورو درێژی باسی ئەوەی دەکرد کە دەبێ یەکە یەکگرتووەکانی پارتیزانەکان و بنکەی سەرکردایەتی زوو زوو جێگۆڕکێ بکەن تا ئەڵمانەکان چەواشە بن و شوێنەکانیان نەدۆزنەوە.

کارانتی ڕەنگی هەڵبزڕکا بوو، هەر ساناساتێ بەسەری زمان لێوە وشکەکانی تەڕدەکرد، جار جاریش ئازار زۆری بۆ دێنا، چارەی گرژ دەبوو و دەستی بە سارغییەکەی سەریدا دەهێنا. بەڵام قامکەکانی بە توندی قەڵەمەڕەشەکەیان گرتبوو. بە شارەزایی و کارامەییەوە سەرنج و پێشنیازی فەرماندەکانی تۆمار دەکرد. لێهاتووانە وەڵامی ئەو کەسانەی دەدایەوە کە زۆریان دەڕست و هیچیان نەدەگوت، قەناعەتی پێدەکردن و لە جێی خۆی دای دەنیشاندنەوە. ئیدی پەندی دا دەداو ئامۆژگاری دەکرد.

قسەکانی کارانتی هەموو دروست و پێویست و بەجێ بوون. فرەرۆ بە زەحمەت دەیتوانی نەفرەتی هەمیشە هەڵچوونی خۆی دەرهەق بە سەرۆکی سەرکردایەتی وەشێرێ. ئایا سەرهەڵدانی ئەم ڕق و نەفرەتە ئەوە بوو کە فەرماندە رێك پێچەوانەی کارانتی بوو؟

فرەرۆ یەکێك بوو لەو پیاوانەی کە دەتوانن لە باری توانای خۆڕاگری و مەردایەتییەوە پەرجوو بنوێنن،کارەساتی دژوارو مەینەتی ونەبوونی، ئازاری بەدەنی و دەروونی تەحەموول بکەن،باکیان بە برسێتی و سەرما، بە ئیبلیسی دۆزەخی نەبێت. بەڵام بەوە ڕانەهاتوون و ناتوانن هەستی خۆ وەشێرن، ئامادەن هەر ئەشکەنجەو ناخۆشییەك تەحەمول بکەن بە مەرجێ بە دەنگی بەرز رەزامەندی یا ناڕەزایی خۆ دەربڕن .

فرەرۆ هیچ ئاشنایەکی ئاسایی نەبوو، خەڵکی بەلای ئەوەوە دوو دەستە بوون: دۆست و دژمن. چەند بەگەرمی دەستەی یەکەمی خۆشدەویست ئەوەندەش ڕقی لە دەستەی دووەم بوو. فرەرۆ بە دەنگی بەرز قسانی دەکرد، هێند بە توندی دەستی دۆستەکانی دەگوشین کە قامکیان تا ماوەیەك هەر دەیەشا، هەمیشە دەنگی هەڵمژینی پایپە خاڵییەکەی دەهات، قاقای پێکەنینی لە حەوت گەڕەکان دەنگی دەدایەوە، کە پێکەنین بیگرتبا تا ماوەیەکی زۆر لە پێکەنین نەدەکەوت. خۆ ئەگەر توڕەشبا ئیدی زریانی توڕەیی بە سەعاتان دانەدەمرکایەوە.

لویچی فرەرۆ لە بیستو دووساڵیدا بوو بە عینوانی شاگردی بەڕاد کاری دەکرد.کاتێکی بەخۆ زانی گیرۆدەی دەموچاوی خڕو ڕووی هەمیشە بە پێکەنینی کیژێك بوو کە لە شوعبەکەی تەنیشت ئەوانەوە بە عینوانی قاڵبڕێژ کاری دەکرد.تەنانەت خەوی شەوانیشی لێ حەرام کردبوو. ئەو کیژەی خواست. پاش سێ ساڵ ژنەکەی بە نەخۆشی سیل مردو کوڕێکی پێڕۆکەی لە دوای خۆی بەجێهێشت. لویچی ئەو شەوە تاکو بەیانی بەدیار گۆڕی هاوسەرەکەیەوە گریا، بەرەبەیانی ڕۆژی دوایی کە هاتەوە بۆ کارخانە داوی سپی کەوتبوونە قژی. لەو کارخانەیەدا کەس بە خەمی سەلامەتی کرێکارانەوە نەبوو. ڕۆژێك لە کاتی کارکردندا دەستی کرێکارێکی لاوی خەڵکی

کالابری بەر مەکینە کەوت و قرتا. کرێکارەکان مانیان گرت. کە مانگرتنەکە سەرکوت کرا بڕیاریان دا فرەرۆی شگردبەڕاد، کە یەکێك بوو لە سەرانی مانگرتنەکە دەربکەن . فرەرۆ کە بەمەی زانی جامی پەنجەرەی ئیدارەی کارخانەکەی شکاندو تفێکی کردە چاوی بەڕێوەبەری کارخانەکە.بۆ ماوەی سێ مانگ هەواڵەی زندانیان کرد. نزیکەی ساڵێك لە زیندانا مایەوە، چونکە کابرایەکی بزێو بوو و قسەی لە زیندانەوانەکان نەدەخواردەوەو هەڕەشەی سوتاندنی زیندانەکەی کردبوو، ماوەی حوکمەکەیان سێ قات زیاد کرد.

کە لە زیندان دەرچوو، کوڕەکەشی مردبوو. چووە کارخانەیەکی دی، لەوێش زوو بە زوو دەرکرا، ئەوجا بۆ کارخانەیەکی دی ڕۆیی ،ئەنجام لەم شارەوە چوو بۆ شارێکی دی... هەرچەند موی سمێڵیشی لێی سپی ببوو، ئەوجاش مەیلی ژن و کوڕەکەی هەر دانەناو بەردەوام سەری شاری تورینی دەداو دەچووە سەر گۆڕی ژن و منداڵەکەی.

فرەرۆ کاری دەکرد، بەڵام نانیمەژی و مەمریشی دەست نەدەکەوت. دیسان توڕە بوو.دووبارە کەوتەوە زیندان. هەق و عەدالەت لە هیچ شوێنێ نەبوو. ڕۆژێك لە شاری تورین لە ماڵی کرێکارێکا "پالمیروتولیاتی" ناسی و تولیاتی ئەوی بە حەقیقەتێکی گەورە ئاشنا کرد.

زۆریان قسە کرد.. فرەرۆش وشە بە وشەی قسەکانی تولیاتی لە لەوحی دڵی خۆیدا تۆمار کرد، ئیدی تولیاتی، بۆ هەمیشە خۆشویست.

فرەرۆ پاش ئەم دیدارە چووە ڕیزی حیزبی کۆمۆنیست. دیسان لە شاری توریندا کەوتەوە کارکردن. کتێبەکانی لینینی خوێندەوە، ناچار بوو بە نهێنی بژی، چەندین جار گیرا، بەشداری مانگرتنی کرد، حەپسخانانی جۆراوجۆری بینی. لە ڕێکخراوی کۆمۆنیستی شاری تورین دا زۆریان حورمەت دەگرت. کە شەڕ دەستی پێکرد ئەو بوو بە مەسئولی تیپێکی پارتیزانی.

فرەرۆ، ڕیزی تایبەتی بۆ مەعلومات و کارامەیی کارانتی هەبوو، بەڵام هەر لە یەکەم ساتی ئاشنا بوونیانەوە خۆشی نەویست. پاش هاتنی کارانتی ،کە لەلایەن سەرکردایەتی سوپاوە بە تەزکیەی زۆر باشەوە بۆ ئێرە نێردرابوو. شتێك ڕوویدا کە تا ماوەیەکی زۆر لە هزری فرەرۆدا مایەوە. دیموکراینیف کە پارتیزانێکی سلاڤی بوو، لە دارستانەکەدا حەرەس بوو، لە کاتی حەرەسیاتدا خەوی لێدەکەوێ. دەستەیەك چەکداری کۆماندۆی فاشیان بە دارستانەکەدا ڕەت دەبن و پاسگایەکی دوورە دەستی پارتیزانەکان گەمارۆدەدەن.پارتیزانەکان دەست دەکەنەوە، بەدەم شەرەوە گەمارۆی دژمن تێك دەشکێنن و بە ساغ و سەلامەتی خۆ دەگەیەننە هێزی ئەسڵی پارتیزانەکان. دیموکراینفش خۆی دەرباز دەکاو دەگاتە وێندەر. کارانتی کە بەمەی زانی هەم دیموکراینف و هەم پارتیزانەکان کە هیچ سووچ و تاوانێکیان نەبوو دەگرێ،پارتیزانەکانی بەو بیانووەوە گرتبوو کە خۆسەری پاسگاکەیان بەجێ هێشتووە. فرەرۆ بەم بڕیارە قایل نابێ و بێ پرسی کارانتی پارتیزانەکان ئازاد دەکا، بەڵام دیموکراینف چەك دەکاو بۆ ماوەی دوو هەفتە لە تەویلەکەدا حەپسی دەکا، تا لە ئاشپەزخانەدا پێویستیان بە کرێکار دەبێ ، چ پارتیزانێك بەم کارە قاییل نابێ، ئەوجا ئازادی دەکا.

پاشان کارانتی پێی لەوە نا کە بڕیارەکەی نا بەجێ بووەو زادەی توڕە بوون بووە، بەڵام فرەرۆ چەشنە ناڕەواییەکی لەم کارەدا دەبینی و ناڕەوایی پێ قبوڵ نەدەکرا.

فرەرۆ بە خەمبارییەوە ڕوانییە پەنجەرەکە. باران نم نم دەباری. تەنکە بەفرێك زەوی گرتبوو ،خەریك بوو دەی بەست و ئەرزەکە حز دەبوو. فرەرۆ لەبەر خۆیەوە گوتی:

"سیرگی نیکۆلایوڤیچ چاکی کرد، کە بە پارتیزانەکانی گوت پارچە لباد لەگەڵ خۆدا بەرن".

کارانتی کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری ڕاگرت.

فرەرۆ تەوقەی لەگەڵ فەرماندەکاندا کرد، هاتەبەر هەیوانەکەو ئەوجا بەرەو ژێر زەمینەکە ڕۆیی. لە ژێر زەمینەکە دا سەرگەرمی جیا کردنەوەو ژماردنی تەقەمەنییەکان بوون.

کارانتی شەکەت بوو. کاغەزەکانی سەر مێزەکەی ڕێکخستن و هاتە ڕاڕەوەکەو بەرەو ژوورەکەی خۆی چوو.

ئەو ژوورەی بۆ ئەو تەرخانکرابوو ژوورێکی گەورە بوو، بەڵام پڕبوو لە شڕەو پڕەو مۆبێلە شکاوی تەپوتۆزاوی. قەرەوێڵەیەکی باریك و ڕێك و پێکی تێدا بوو کە لەبەر پەنجەرەکەی دانرا بوو. مێزێکی چکۆڵەش لە لای دیوارەکەی دەستە چەپی ژوورەکە، لە پاڵ موغەیرییەکەدا هەبوو.

کارانتی دەرگاکەی قفڵ دا، پەڕە کاغەزێکی گەورەی لە چەکمەجەی مێزەکە دەرهێنا، هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشاو لە بن لێوانەوە گوتی: " ئێستا کار دەکرێ". نووکی قەڵەمەکەی خستە ژێر دانی و تۆزێك ڕاما، پاشان بە پەلەو بێوەستان کەوتە نووسین.

"ناچار بووم ماموری ژمارە "٢٣" بکوژم. کابرایەکی ڕوس کە یاریدەدەری فەرماندەی تیپە ئەوی ناسی. بەمەبەستی شاردنەوەی تەواوی کارەکەی خۆم ناچار بووم دەستورەکانی ئێوە لەمەڕ چوارگۆشەی ژمارە "١١" بە سەرکردایەتی تیپ ڕابگەیەنم. دەبێ ئەوەش بڵێم کە پارتیزانەکان دەزگایەکی هەواڵگری و جاسووسی چاکیان دروست کردووە، فەرماندەی تیپ زانیاری ئەوەی پێ گەیی بوو کە لەشکرێکی ئەڵمانی ماموری سەرکوتکاری هاتۆتە چوارگۆشەی ژمارە "١١". بەم بۆنەیەوە دڵنیاتان دەکەم کە نازییەکان بە زبری و هەڵەشەیی و توندی کار دەکەن و چاوەڕوانی هیچ سەرکەوتنێك لەمجۆرە کارە ناکرێت.

بە هەر جۆرێ بووە نازییەکان ئاگادار بکەنەوە کە من عەسری ڕۆژی ١/٣١ تیپەکە دەبەم بۆ ئەو پێدەشتە تەختانی و هەموارەی کە کەوتووەتە پازدە کیلۆمەتری وێستگەی ڤیتاری باکووری ڕۆژئاوای شاری گوریسیو. با چەند یەکەیەکی گەورەی ئەڵمانی بە تۆپخانەو تانکەوەو بە شێوەیەکی کوت و پڕو زۆر نهێنی بۆ ئەوێ بنێرن، بەڵام بیرتان نەچێ عەسری ١/٣١ ئەم کارە بکەن. تاقە مەرجی سەرکەوتنی کارەکە لە کوت و پڕییەکەیدایە و دەبێ بە تەواوی ئەم خاڵە ڕەچاو بکرێ و سوودی لێوەرگیرێ.

ئەگەر نەتوانرا لە ڕێگای ئاساییەوە ئەڵمانەکان ئاگادار بکرێنەوە ئەوا ئەم ڕاپۆرتەی من بنێرن بۆ دەزگای ئەمن. ئەوان ڕێگای دی دەدۆزنەوە. ماموری(جاسووسی) ژمارە "٩".

تۆنی نامەکە ماکی متمانە بەخۆبوونی پێوە دیار بوو. بەڵام کارانتی بە ئاشکرا توڕە بوو. کە نامەکەی تەواو کرد، پشتی بە کورسییەکەوە دا.بە سەری زمان لێوە گەرمەکانی تەڕ کرد.

لاجانگەکانی پلیان دەدا. زامەکەی نێو چەوانی بچووك بوو ( بە خۆی نووکە چەقۆیەکی لێدابوو و برینداری کردبوو) بەڵام وێڕای ئەوش شوێنەکەی دیار بوو. ئێستا زۆر بەجێ بوو کە نێو پێك کۆنیاك هەڵداو لەسەر جێگاکەی ڕاکشێ. بەڵام خەوتن مەحاڵە. هەموو هۆش و گۆشی کارانتی لای ئەوەیە کە ئایا ئیعدامی ئەم مامورە ساختەیە "ژمارە بیست و سێ " گومانێکی لای پارتیزانەکان دروست کردووە یان مەسەلەکە بە خێر تێپەڕیووەو تەواو؟

بەڵێ، قومارێکی قورس دەستی پێکردبوو، وچارلزبنت تا ئێستا هەرگیز لە قوماری وا ترسناك وگوماناویدا بەشداری نەکردبوو، خوا نەکا روس لە شوێنێکا بکەونە چالاکی، هەمیشە ئەو شوێنانە خەتەرن. دەبێ تا زووە نامەکەیان پێ بگەیەنرێ . دەنا نازییەکان بە خۆڕایی لە چوارگۆشەی ژمارە "١١"دا سەرگەردان دەبن و گەورە بەرپرسانی سەرێ گومانیان بۆ ئەوە دەچێ کە بنت "کارانتی" لەگەڵ پارتیزانەکانشدا دەستی تێکەڵ کردووە. بەڵێ بەرپرسانی سەرێ لە دەستیان دێ وا بیربکەنەوە، لە دەستیان دێ. بنت بەدرێژایی ساڵانی خزمەتی خۆی بەوردی سەرنجی داون و مۆخی ناسیون.

بەڵێ رۆژگارێکی تووش هاتۆتە پێشێ... خەڵکی لە سێبەری خۆ دەترسن، کەس لە کەس ئەمین نییە... دزانی شەقاوە بێ سڵکردنەوە قاسە دەشکێنن، تالآن دەکەن، دزان بێ ترس و دوودڵی خەریکی کاری ئاسایی خۆن. هەموو ئەم کارانە بە ئاسایی دەژمێردرێن. ئەمانە چ هەڕەشەیەك لە چارەنووسی مرۆڤایەتی ناکەن. بەڵام "خەتەری سوور" شتێکی دییە. ڕابەران و دەم سپیانی کۆنەپەرستی، ئەم خەتەرە لە هەموو جێیەکدا دەبینن، ڕەنگە هەمان خەتەر لە کارەکانی کارانتیشدا ببینن، بەڵام کارانتی بە تایبەتی بۆ ئێرە نێردراوە تا بەر لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی "خەتەری سوور" بگرێ... چما هەموو توانای خۆی بۆ دژایەتی ئەم خەتەرە تەرخان نەکردووە؟ چما کارانتی بە خۆی لەم خەتەرە ناترسێ؟ ئەم خەتەرە لە هەموو خۆشییەکی ژیانی دەکا، ئەو خۆشییانەی کە چارلز بنت "کارانتی" لە ڕایاندا ئەم هەموو رەنج و ناخۆشیانەی ئێستا کە زادەی کارو چالاکی جاسووسی و سیخوڕییە بەو پەڕی سەبو حەسەڵەوە تەحەمول دەکا. ئەم خەتەرە لەو پلەوپایە بەرزەی دەکا کە لە ئەنجوومەن و کۆڕە بەرزەکاندا بە دەستی هێناوە، لەو پارە مۆڵەی دەکا کە بانقێکی ئەوبەری ئۆقیانووسدا خەوتووە...

دەبێ تا زووە نامەکە بنێرێ. ئەگەر دیموکراینف. نامەکە بگەیەنێتە گوندی ساچاو بیداتە دەستی ماموری هەواڵگرییەوە، ئەوا سبەی دەگاتە تریست و پاش چەند رۆژێك دەگاتە شوێنی خۆی.

کارانتی ، دەستی بۆ قەمسەڵەکەی کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو برد، حەوت تیرێکی بچکۆڵەی لە گیرافانەکەی دەرهێنا. بە نینۆکی پەنجە توتەی دوگمەیەکی میناکاری بچووکی لەسەر دەسکی دەمانچەکە کردەوە، دوگمەکە کەوتە سەر مێزەکە. کامیرایەکی میکرۆسکۆبی کە هەر بە ئەندازەی سەعاتێکی ژنانە دەبوو، لە نێو دەسکی دەمانچەکەدا تاقەتکرابوو. کارانتی دەمانچەکەی لە پەڕە کاغەزەکە نزیککردەوە، بەدەستەکەی تری لایتێکی چکۆلەکەی گرت. دوگمەکەی پاڵ ناو لاپەڕەکەی رووناك کردەوەو، لە هەمان کاتدا زامنی کامیراکەی تێپەڕاند .

کارانتی بە پەلەو لێهاتووی کاری دەکرد، چەکمەجەی مێزەکەی راکێشا، پاکەتێکی جگەرەی هەرزان بەهای لێدەرهێنا، پاکەتێك لەو پاکەتانەی کە لە سەرانسەری ناوچەی تریستدا باو بوو، قوتوویەکی،کە فیلمەکەی تیابوو( هەر بە ئەندازەی دەنبووسێك دەبوو) خستە ناو جگەرەیەکەوەو ئەوجا پاکەتەکەی بە دیقەت داخستەوە .

کارانتی پاش ئەم کارە پاکەتەکەی خستە بەرکی، پەرە کاغەزەکەی لوول کردو لە نێو تەپڵەکێکدا سووتاندی و بە قامك سووتوەکەی ورد کردو ڕشتیە ناو سۆپاکەوە.

جاریێ وەزع باشە. دەبێ ئەم پاکەتە جگەرەیەش بە هەمان تەڕدەستی بگەیەنێتە دیموکراینف –کراینف ئەورۆ دەچێ بۆ ئازوقە وەرگرتن...

کارانتی ، تەواو لەم فەندو فێڵە دڵنیا بوو، ئەم فیلمانە هێندە بە رونای حەساسن ئەگەر لەبەر تیشکی سووریشدا بیکەنەوە یەکسەر ڕەش هەڵدەگەڕێ و چ شتێك نانوێنێ.ئەم فیلمانە مەحلولی تایبەتی خۆیان هەیە، لێرەدا کەس نە ئەو مەحلولەی هەیەو نەدەشزانێ دروستی بکا.

لە دەرکەیان دا. کارانتی دەرگای کردەوە.

مەهدی وەژوور کەوت، ردێنی ساف تاشی بوو، قژی شۆڕدبوو و هێشتا شێی تەڕی هەبوو، جوان بە پشتا هەڵی دابۆوە، تیشکی زرینگی لە چاو ڕەش وگەشەکانیا پرشنگی دەدا. ڕێك لە بەردەم کارانتی دا وەستابوو، پاش تۆزێك بە دەنگێکی دلێر گوتی:

– هاوڕێ کارانتی، فەرماندە لە عەماری تەقەمەنییەکانەو ئێوەی دەوێ.

مەهدی دوای ئەم قسانە وەژوور کەوت ، بلوزێکی خوری ئەستورو پانتۆڵێکی کوڵکنی لەبەر بوو.دەلنگی پانتۆڵەکەی لە ژوور گۆزینگی پێیەوەو لە سەرووی پۆستاڵە لوت پانە ئەستورەکانییەوە، بە دوگمە دادەخرا.

میخائیلۆ پشتێنێکی چەرمی پانی لە پشت بەستبوو و کیفی حەوت تیرە چکۆلەکەی پێدا شۆڕ ببووەوە. فرەرۆ لەبەرە جەژنانی سەری ساڵدا ئەم دەمانچەیەی بە دیاری دابویێ، بۆیە دابویێ چونکە دیلێکی چەوری گرتبوو و دیلەکە بە مەیلی خۆی هاتبووە قسانو ببووە مایەی ئەوەی پارتیزانەکان شەبەیخۆنێکی سەرکەوتوو بکەنە سەر سەربازخانانی پڕ لە سەربازی مەستو لاتی دوژمن. کارانتی کە ئەم ڕووداوانەی بیر هاتنەوە نێوچەوانی گرژ کرد.

مەهدی بە هاوخەمییەوە پرسی:

– نێو چەوانت دێشێ؟

کارانتی بەبێ موبالاتییەوە دەستێکی تەکان داو:

– روشاوە ، چ نییە .

بەدەم لەبەر کردنی قەمسەڵەکەیەوە لە میخائیلۆی پرسی:

– باشە، چۆنە ئیجازەی؟

مەهدی بە کەسەرەوە شانی هەڵتەکاندن:

– بڵێم چی! بڕیاریان داوە ئیسراحەت بکەم. منیش ڕۆژ تا ئێوارێ وەکو ئاواران وێڵو سەرگەردانم.

کارانتی بە دەنگێکی جدیو لە هەمان کاتدا گاڵتە ئامێزەوە گوتی:

– دەستور دەبیٚ جێبەجیٚ بکریٚ.

مەهدی دەستی بە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا گێڕا تا جگەرە دەربێنیٚ.

– چۆن بیرم چوو پاکەتەکەم لە گیرفانی پانتۆڵەکەی ترم دەربێنم!

کارانتی بزەیەکی کرد:

– دەتوانم دەعوەتی جگەرەت بکەم.

هێندەی نەما بوو دەست بەو گیرفانەیدا بکا کە ئەو پاکەتەی لوولە فیلمەکەی تێدا بوو،بەڵام خێرا دەستی گێڕایەوە. ئەم جوڵەیە لە سەرنجی تیژی مەهدی پەنهان نەبوو. کارانتی پاکەجگەرەیەکی دی لە گیرفانی ڕاستی دەرهێنا.

نیگای مەهدی بۆ ساتێك لەسەر پاکەتەکە گیرسایەوە. ڕەسمی پاوپوزی ژنانە لە سەر تێکڕای پاکەتەکە نەخشێنرا بوو.... ئەم سیغارانە هی ئەوکابرا ئەمریکاییە بوو کە کارانتی کوشتی .

کارانتی برۆکانی هەڵبڕین. هێندە کارامە بوو کە هەست بە نیگای مەهدی بکا. دیارە مەهدی ئەم پاکەتە دەناسێتەوە.

کارانتی گوتی:

– پێدەچیٚ زۆر خراپ بێت .

کەوتنە جگەرەکێشان. سیمای مەهدی چ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات.

کارانتی بە خەمساردییەوە گوتی:

– ئەمە جگەرەی ئەو میوانەیە کە تۆ هێنات. پاش ئەوەی تاقیقم دەگەڵ کرد پاکەتەکەی لەسەر مێزەکە بەجێهێشت.

مەهدی جگەرەکەی لە دەمی خۆی دەرهێناو بەدەست کەوتە شل کردنەوەی و گوتی:

– دەشێت ژەهراوی بیٚ ؟

کارانتی پێکەنیو دەستێکی بە شانی مەهدیدا داو گوتی:

– بکێش، بکێش. خۆشی لەم جگەرەیەی دەکێشا. تۆ ئیسراحەت بکە، ئەوانەش ڕۆژنامەی پێرێن لەسەر مێزەکە، دەتوانیٚ بیان خوێنینیەوە..بۆ ئێمەمانان تازەن! من ئێستا دەگەڕێمەوەو پێکەوە فراڤین دەخۆین.

مەهدی سەری ڕەزامەندی بۆلەقاند، بەرەو مێزەکە چوو و دەستی دایە ڕۆژنامەکان. کارانتی پاکەتەجگەرەکەی لەسەر مێزەکە دانا، چەکمەجەی مێزەکەی قفڵ داو لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

کارانتی هەر بە بۆن، کە لە سەگی پۆلیسی بە بۆنتر بوو.بۆنی ئەوەی کرد کە بە خۆڕایی مەهدیان لە سەرکردایەتی تیپ بەجیٚ نەهێشتووە. ئەمە یەکەمجارە کە سیرگی نیکۆلایوڤیچ بیٚ دۆستە لاوەکەی بۆ ئەنجامدانی عەمەلیاتێك چووە.

کارانتی له ژێر زەمینەکەدا "فرەرۆ"ی بینی و وەڵامی چەند پرسیارێکی ئەوی لەمەڕ ئەو فیشەك و خومپارانەی که هەفتەی ڕابوردوو سەرف کرا بوون،دایەوەو گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.

مەهدی له ژوورەکەدا دانیشتبوو و سیگاری دەکێشا. قامکی بەسەر خەتی ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵیدا دێناو هێنده لەگەڵی خەریك بوو که سوور ببووەوە.

کارانتی بەدەم داکەندنی قەمسەڵەکەیەوە چاوێکی به ژوورەکەدا گێڕا. سووکه نیگایەك کاف بوو تا یەکسەر پەی بەوە ببا که مەهدی ڕاسپێرراوە چاودێری هەر هەڵس و کەوتێکی ئەو بکا.

هەموو شتێك له جێی خۆی بوو، بەڵام سەرینەکەی لەسەر قەرەوێڵەکە کەمێك بەلای چەپا خوار ببوو و سوچێکی چەرچەفەکەی له ژێر پەتۆکەوە به دەرکەوتبوو. ئەو دۆسیه به تاڵەی که به ئانقەست لەسەر مێزەکە جێی هێشتبوو جێ گۆڕکێی پێ کرا بوو. ئەو دوو بەرگەی کتێبەکەی "دانتی" که لەسەر تاقەکەی سەرووی سۆپاکه دانرا بوون هەر له جێی خۆ بوون، بەڵام ئەو نیشانکه کاغەزینەی بەینی پەڕەکانی کەوتبووە سەر زەوییەکە.

دیاره مەهدی لەو ماوەیەدا که کارانتی لەوێ نەبووە، ژوورەکه گەڕاوەو – خۆی کەشف کردووە...

کەواته گومانێك لای سەرکردایەتی پەیدا بووەو مەهدی ڕاسپێردراوە ئەم گومانه بسەلمێنێ یا بسڕێتەوە. بەڵێ، ئەم لاوە بنیادەمێکی یەکجار سەرکێش و خەتەرە. بەڵێ دەتوانێ بێ ترسان له هەر سزایەك تەلارو پردن بتەقێنێتەوەو بەوپەڕی بێپەروایی به جادەکانی تریستدا بسوڕێتەوەو نازیانی گێل و گەوج فریویدا، بەڵام مەهدی ناتوانێت ئەو، چارلز بنت فریوبدا!! کارانتی، مەهدی به خەفێیەکی زرینگ و ئاقڵ دەژمارد، چەندین جار ستایشی چالاکییە ئازایەنەو له هەمان کاتدا "بێ باکانەکانی" ئەوی کرد بوو. کارانتی، دەیزانی که مەهدی ڕەقیبێکی شایستەو بەهێزە. بەڵام هەنووکه تای تەرازووی بالادەستی بەلای کارانتیدا قورس بوو. کارانتی تەقریبەن ئاگای له هەموو حاڵ و ژیانی مەهدی هەبوو. بەڵام مەهدی هیچ شتێکی لەمەڕ کارانتی نەدەزانی، ئەمە جگه لەوەی که کارانتی پڕ ئەزموونتر بوو. کارانتی له دڵی خۆیدا دەیگوت: "مەهدی بۆ جاسوسی خوڵقاوە نەك بۆ دژایەتی کردن جاسوسیەت، زەحمەته باری من بەرێ... کوڕێکی یەکجار ئازایە. بەڵام ناشییە، له گەڕانی مێزو نوێنەکەی من ڕا دیاره که یەکجار سادەیە".

کارانتی لەسەر قەرەوێڵەکە ڕۆنیشت، پۆستاڵەکەی داکەندو گوتی:

– له هەیوانەکەدا پێم هەڵنووتاو ئیستا پێم زۆر دێشێت.

مەهدی که له کاتی هاتنەوەی کارانتی، له سەر مێزەکه هەستا بوو، گوتی:

– به ئاوی گەرم بیشۆ. دەڵێن زۆر باشه.

– ئاوهاش دەبێ. ئەوە بۆ هەستایت؟ دانیشه، دانیشه.

کارانتی ئیشارەتی بۆ لای پەنجەرەکه کردو گوتی:

– له باکۆشدا ئاوو هەوای وا ناخۆش هەیە؟

مەهدی ئاهێکی هەڵکێشا:

– ئێمە لە باکۆدا پتر لە سێ سەد ڕۆژی هەتاویمان هەیە.
– لە وڵاتی ئێوەشا پالنتا دەخۆن ؟
پالنتا خواردنێکی دێهاتیانەی ناوچەیی بوو کە ئاردی درشتی زوڕاتیان لەگەڵ ئاو یا شیرا دەکوڵاندو بەگوێرەی دەست کورتی‌و دەست ڕۆیی هەندێجار ڕۆنیان دەکردە سەری. پارتیزانەکانیش زۆرجار ئەم خواردنەیان دەخوارد.
مەهدی گوتی:
– شتێکی لەم بابەتەمان هەیە. لای ئێمە پێی دەڵێن: "خاشیل". مولداڤییەکانیش بە جۆرێکی دی لێی دەنێن، ناویان ناوە مامالیگا.
کارانتی بەروو خۆشییەوە گوتی:
– بە شێوەیەکی گشتی هەموویان هەر یەك جۆرە چڵکاون!
فرسەتێکی باشی بۆ ڕەخسا بوو، ئێستا دەیزانی دەبێ چی بکا. پاکەتە جگەرەکە بە دەقی خۆیەوە لەسەر مێزەکە بوو. کارانتی بڕیاری دا شێوازی تایبەتی خۆی بخاتە کار. دەبێ خۆشباوەڕی بۆ ڕەقیبەکەی بنوێنێ‌و ڕێی لێگوم بکا، سەرنجی بەلای شتی پوچ‌و لابەلادا ڕاکێشێ، مەتەڵێکی ئاڵۆزی لێ دابێنێ‌و تا ئەو خەریکی دۆزینەوەی مەتەڵەکە دەبێ، مرۆڤ دەبێ لە شوێنێکی دییەوە سەرهەڵداو ڕێی خۆی بگۆڕێ. ئەو پاکەتەی کە فیلمەکەی تێدا بوو ها لە بەرکی کارانتی دا. ئەگەر کارانتی بە خۆی باسی ئەمە بکا کە هەندێ جار فیلم لە نێو جگەرەدا دەشاردرێتەوە، دیارە مەهدی گومڕا دەبێ‌و وا هەست دەکا کارانتی دەیەوێ سەرنجی بۆ ئەم جگەرە خراپانە ڕابکێشێ، هەڵبەتە ئەقڵی بەوەدا ناشکێ کە بۆ مەبەستە تایبەتییەکەی خۆی ناو جگەرەکان بگەڕێ. کارانتی پێویستی بەمەیە: خەنیمەکەی لە حەقیقەت نزیك دەخاتەوەو هەر بەم نزیك خستنەوەیەش لە دۆزینەوەی حەقیقەتەکەی دوور دەخاتەوە.
کارانتی پاکەتەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت وبە جۆرە ڕامانێکی ڕواڵەتیەوە گوتی:
– میخائیلۆ دەزانی پاش تەحقیق کردنەکە، کوڕەکانم ڕاسپارد کە باش میوانەکەی تۆ بپشکنن، بەڵام جگەرەکانم بیر چوو.
– ئەم جگەرانە ؟
کارانتی لەسەری ڕۆیی:
– ئاخر زۆر جار مەعلوماتی گرینگ لە نێو جگەرە دەشارنەوە، لە سەرکردایەتی سوپادا تووشی شتی وا دەبووین.
کارانتی زەڕەبینێکی لە چاوی مێزەکە دەرهێناو زۆر بە وردی کەوتە سەیری کردنی یەکێك لە جگەرەکان، پاشان شکاندی‌و توتنەکەی هەڵڕشتە سەر مێزەکەو چاوی بە دوا گەردیلە توتنیدا گێڕا.
مەهدی بە خەمباری هاواری کرد:
– خۆ تا ئێستا چەند جگەرەیەکمان لێکێشاوە!
کارانتی سەری دانەواند:

– بەڵێ، پەلەمان کرد.

توتنەکەو پارچە کاغەزەکانی جگەرەکەی لەسەر مێزەکە خڕ کردەوەو ڕشتییە نێو سۆپاکەوە.

– هەڵبەتە، چ شتێك ڕووی نەداوە، بەڵام دەبوایە ئەگەر بۆ ئاسوودەیی ویژدانی خۆمانیش بووە پاکەتەکە بپشکنین. من زاکونی و زەبت و ڕەبتم پێخۆشە.

کارانتی سارغییەکەی سەر نێو چەوانی ڕێکخست. مەهدی کە بە ئاشکرا لەزەتی لە سەیر کردنی سەرۆکی سەرکردایەتی دەبینی، خۆی پێ نەگیراو بە کەیف خۆشییەوە گوتی:

– چەند وردی ماڵ ئاوەدان!بە چ جدیەتێك تەمەشای هەر وردەواڵەیەك دەکەی!

کارانتی وەکو یەکێك ماستاوکردنی پێخۆش نەبێ‌و خووی بەم جۆرە دەمتەڕی‌و زمان لووسییەوە نەگرتبێ، خۆی لە گێلی داو گوتی:

– چۆنە داوا بکەین (فراڤینەکەمان) بۆ بێننە ئێرە، ڕازیت:

ئەوجا وەکو ئەوەی شتێکی ناخۆشی بیر کەوتبێتەوە، تۆزێ گرژ بوو و چەقەنەیەکی لێداو گوتی:

– هەندێجار زەبت و ڕەبتی پتر لە پێویست لایەنی خراویشی هەیە ، ئێمە چووین هەموو جگەرەکانمان شکاندو فڕێمان دان‌و ئێستاش خۆمان بێ جگەرە ماوینەتەوە.

مەهدی گوتی:

– دەچم جگەرەکانی خۆم دێنم.

کارانتی گوتی:

– باشە بڕۆ بێنەی .

مەهدی هەستا، بچێ جگەرە بێنێ، بەڵام کارانتی ڕایگرت‌و گوتی:

– جا تۆ بۆ ئەم هاتوچۆ زیادە بکەی؟

بە دەم لە پێکردنی پۆستاڵەکانییەوە لەسەری ڕۆیی:

– با بچین بۆ ئاشپەزخانەکە، هەم نان دەخۆین‌و هەم جگەرەش دەسەنین.

پێشنیازەکەی کارانتی زۆر بە جێ بوو. مەهدی وێستا وبە سەبرو حەوسەڵەوە چاوەڕوان بوو تا کارانتی پۆستاڵەکانی لە پێ بکاو قەمسەڵەکەی بە شانیا بدا.

لە ئاشپەزخانەکەوە کە تەقریبەن بە تەنیشت دەرگای ژوورەکەی کارانتیەوە بوو، قرچە قرچێکی سەیری سووتانی چیلکەی تەڕ بەرزبووبووەوە .

هاڵاوێکی بۆنخۆش‌و ئشتیابزوێن لە دوو مەنجەڵی گەورەوە هەڵدەستا.

کابرای ئاشپەز پیرەمێردێکی لاوازی ڕەقەڵەی بە خوتەو بۆڵە بوو –بۆڵە بۆڵی بوو بەسەر لاوێکی جزمە لەپێدا، ئەم لاوە سیلویوف بوو، ئەمڕۆ لە ئاشخانەکەدا خەفەر بوو بە هیچ جۆرێ نەیدەتوانی کابرای ئاشپەز ڕازی بکات. کابرای پیرەمێرد پەست بوو: لە ژێر تۆپبارانا چێشتی لێنابا زۆری لا ئاسانتر بوو لەوەی بەم چیلکە تەڕانە فراڤین ئامادە بکات !

کارانتی و مەهدی لە پشت مێزێکی زبری ڕەندە نەکراوی سوچێکی ئاشخانەکە دانیشتن، کارانتی بانگی کردە ئاشپەزەکە:

– نانمان بدەیێ!

سیلویوف بە نێو ئاشخانە ئیسفالّتکراوە تەرەکەدا بە پەلە بەرەو مێزێکی دی داخزی ، دوو قاپو دوو مراكو دوو فینجانی هەڵگرتو لە بەردەم کارانتیو مەهدیدا داینان، چارەی کوڕەکە لە شادییدا دەدرەوشایەوە.

ئەدی چۆن، خزمەتی سەرۆکی سەرکردایەتیو میخائیلۆ ،بە تایبەتی ئەم میخائیلۆ میرەبان و بێباكو مێرخازە! زۆر خۆشە! ئێ بەڵکو سیلویوف بەگەن بکاو ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ خۆیدا بیبا بۆ چالاکییەك .ئەوساکە سیلویوفش، کە جاران لە گەراجی فلورەنسادا ترومبێلی دەشۆرد، قارەمانێتی گەورە دەنوێنێ، کۆشكو تەلاری فاشییان دەتەقێنێتەوە، یا یەکێك لە سەرانی فاشییەکان دەکوژێ... پاشان کە شار ئازاد بوو دەچێتەوە قوتابخانەو دەست بە خوێندن دەکاتەوە... جا لە شارا هەموو کەسێك دەزانێ کە ئەم سیلویوفە گیانی خۆی خستۆتە خەتەرەوە... تا خەڵکی بەختەوەر بن. سیلیوف گەیی بووە حەوت تەبەقەی ئاسمانی خەیالّ، لە پڕ لەسەر ئیسفالّتە تەڕەکە خزیو خەریك بوو قاپە پالّنتاکە بڕێژێ.

کارانتی بەکاوەخۆ،بەڵام بە تاسوقەوە نانی دەخوارد. وەزعەکە باش دەڕۆیی.دەرگای نێوان ئاشخانەکەو عەمارەکە واز بوو. یانی دیموکراینف لەوێندەرە.دەبێ هەنووکە بچێتە کنیو پاکەتە جگەرەکەی بداتێ .

کارانتی بە ئانقەست مەهدی بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆیدا دەبرد.لێبڕابوو هەموو کارەکان بە بەر چاوی مەهدییەوە بکا تا ڕێگا لە هەموو چەشنە گومانێك بگرێ. وەکو دەڵێن: "باشترین شوێن بۆ خۆ شاردنەوە ماڵی پرسکارە".

سیلویوف لە نزیکیانەوە وەستا بوو و بە خۆشییەوە دەیڕوانییە ڕەفتاری مەهدی.کارانتی لێی پرسی:

– کێ لە عەمارەکەیە؟

سیلویوف گوتی:

– هاوڕێ سەرۆکی سەرکردایەتی، هەر دیموکراینف لە عەمارەکەدایە .

کارانتی مراکەکەی لەسەر مێزەکە داناو کوپەشیرەکەی هەڵقوراند. دڵۆپە شیرێك تکایە سەر سینگیو پەڵەیەکی سپیواژی دروست کرد، کارانتی بە نێو لەپ پەڵەکەی سڕی.

مەهدی زانی کە سەرۆك دەیەوێ هەستێ ، کەوتە پەل پەل تا ئەویش لە نان خواردن بێتەوە.

کارانتی گوتی:

– تۆ پەلە مەکە، نانی خۆت بخۆ!

کارانتی هەستا، لە کاتێکا بە دەنکە شقارتەیەك بەینی ددانەکانی پاك دەکردەوە، بەرەو عەمارەکە ڕۆیی. دیموکراینف قەپانێکی دەستی بەدەستەوە بوو و خەریك بوو پاشماوەی گونییە ئاردێکی کێشانە دەکرد. هەر کە گوێی لە دەنگی پێی کارانتی بوو ئاوڕی دایەوە.

تۆزێ ئارد نیشتبووە سەر سەرو چاویو قژە زبرو ئالۆزکاوەکەی سپی دەنواند، جێ برینێکی قولّ لە بناگوێیەوە تا ژێر چەناگەی کراینف داکشا بوو و دوو ددانی پێشەوەی شکا بوو.

دیموکراینف دەیگوت ئەمە جیّ کوتەکی باوکین، بابی پیاوێکی دڵڕەقی نیمچە جووتیارونیمچە موڵکدار بووەو خەڵکی کە ناری دەریا بووە. ئەگەر بزن وپەز لە کاتی خۆیدا نە دۆشرابانن و یا گیاکەڵە لە بێستانیان رووباو بژار نەکرابا ئیدی واوەیلا بە حاڵی ماڵو منداڵ هێندەی دەکوتان نیوەمەرگی دەکردن..

کارانتی پاکەتە جگەرەکەی لە بەرکی دەرهێناو بۆ کراینفی درێژ کرد، ئەوجا بە دەنگی بەرز گوتی:

– دوو پاکەت جگەرەم بدەییّ.

دیموکراینف پاکەتەکەی لێوەرگرت و لەسەر گونییە ئاردەکەی دانا. ئەوجا دەستی برد دوو پاکەتی لە تاقەچەکەدا هەڵگرت و دایە کارانتی .

کارانتی پرسی:

– کەی دەچی بۆ ئازووقە؟

دیموکراینف کە لە مەبەستی تێگەیی، بزەیەکی کرد، دەمە بیّ ددانەکەی پان کردەوەو گوتی:

– ئێستا دەڕۆم.

کارانتی دوو پاکەتە جگەرەکەی کەعەینی مارکە بوون لەگەڵ ئەو پاکەتەدا کە دای بە دیموکراینف– وەرگرت و هاتەوە بۆ ئاشخانەکە.

مەهدی نیوەڕۆژەکەی تەواو کردبوو. کارانتی پاکەتێکی دایە ئەوو پاکەتەکەی خۆی هەڵپچڕی و فەرمووی لە سیلویوف و ئاشپەزەکە کرد.

سیلویوف جگەرەکێش نەبوو. بەڵام چونکە وایدەزانی کە پارتیزانی جەنگاوەر نابیّ جگەرەکێش نەبیّ، ئەویش جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی کارانتی هەڵگرت.

دیموکراینف هاتە بەردەرگای عەمارەکە.

دیموکراینف چاوەنۆڕ بوو سەرۆك جگەرەیەك بداتە ئەویش. بەڵام کارانتی بەرەو لای دەرگاکە گەڕابۆوە دەیویست لە ئاشخانەکە وەدەرکەویّ. ئەوجا مەهدی دەستی بۆ گیرفانی خۆی برد تا پاکەتەکەی دەربێنیّ و ... بەڵام کارانتی نیهێشت و بە پێکەنینەوە گوتی:

– من ڕێگام داوە پاکەتێکی ساغ بۆ خۆی هەڵگریّ...

ئەوجا رووی کردە لای دەرگای عەمارەکەو پەنجەی لە دیموکراینف راوەشاندو لە سەری ڕۆیی:

– بەڵام پاکەتیّ زیاتر هەڵنەگریّ ها!

تا ئێستا هەموو شتێك ئاسایی دەهاتە بەرچاو . زەخیرەی جگەرە لە تەواو بووندا بوو، جگەرە تەنیا بە رەزامەندی سەرکردایەتی تیپ دەدرا بە پارتیزانەکان.

دیموکراینف سەری سوپاسگوزاری بۆ لەقاند.

دیموکرانیف گەڕایەوە بۆ عەمارەکە، مەهدی لە نێو دەرگا وازەکەوە بینی کە دیموکراینف بە چ شادییەکەوە پاکەتی سەر گونییە ئاردەکەی هەڵگرت و تەپاندییە گیرفانییەوە.

کارانتی و مەهدی لە ئاشخانەکە هاتنە دەریّ.

کارانتی لەبەر ژوورەکەی خۆی وێستاو گوتی:

– باشە، ئێستا دەتوانین بۆ ماوەی سەعاتێك بخەوین، من وەکو بریندارو تۆش وەکو ئیجازە.

کارانتی کە لەم قسەیە بۆوە، بزەیەکی کرد

مەهدی بە خۆشییەوە وەڵامی دایەوە:

– ئەمرتانە، دەبێ بخەوین!

– دوای گەڕانەوەی سەرهەنگ، سەرانی تازەی پاسگاکان لێرە کۆ دەکەوەمەوە تۆش دەبێ بێی...

– ئەمر دەکەی.

مەهدی پاژنەکانی بە یەکا دان و بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت.

لە حەوشۆکەی قاڵدرمەکەدا پەنجەرەیەك هەبوو ڕێك بەبەرزی دیوارەکە. شووشە ڕەنگاو ڕەنگەکانی پەنجەرەکە شکا بوون و دڵۆپە باران بە کەیفی خۆی دەهاتە حەوشۆکەکە.

مەهدی بەدەم بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە وەستا.

لێرەوە نێو حەوشەکە بە جوانی دەبینرا.

فرەرۆکە لەسەر قوڕەکە دەخزی و جنێوی دەدا، لەگەڵ خولامەکەی دا ڕەت بوو.

حەرەسێك لەبەر دەروازەی لایەکی حەسارەکە وێستاوە، چمکی پاڵتۆکەی خستۆتە بەر پشتێنەکەی و کلاوە چەرمییەکەی تا سەر دفنی هێناوەتە خوارێ.

دیموکراینف بارانییەکی موشەمای لەبەرکردووە، خەریکە پیرە قاترێك لە تەویلەکەوە دێنێتە دەرێ. قاترەکە گوێ ڕایەلانە بەرەو گالیسکەکەی سوچی حەوشەکە دەڕوات.. .

مەهدی بیری پەرتە، بەلام دەبێ خۆی کۆنترۆڵ بکاو بیری پەرت نەبێ.دەبێ بە وردی هەموو شتەکان تاوتوێ بکاو بزانێ کە لەم ماوەیەی کە لەگەڵ کارانتیدا بوو چ شتێکی تازە ڕووی نەداوە؟ یەکیان بینی، بۆ نیوە ڕۆژە پێکەوە چوونە ئاشخانەکەو پاشان لێکدی جوێ بوونەوە. باشە چ شتێکی دی ڕووی نەدا ؟ ڕەفتاری سەرۆك سادەو ئاسایی بوو. جارێ چ بیانوویەکی نەداوەتە دەستەوە، بەلام ڕەفتارێکی کارانتی، دڵی مەهدی ڕەنجاند: کارانتی وای نواند کە نەیزانیوە ژوورەکەی گەڕاون. کارانتی بەمەی زانی کە ژوورەکەی گەڕاون... (مەهدی لەمە دڵنیا بوو ) تووڕە نەبوو! وا چاوەنۆڕ دەکرا کارانتی لەم کارە تووڕە ببێ و بیکا بە ڕۆژی حەشرو هۆی ئەم کارەی بوێ، کەچی بێدەنگ بوو، " تۆ بڵێی هەر بەڕاست هەستی بەهیچ نەکردبێ"؟ نا، مەحاڵە هەستی نەکردبێ، خۆ من بە ئانقەست دۆسیەو سەرینەکەم جولاندن، چیلکەی نێو کتێبەکەی "دانتی"م فڕێ دایە سەر عاردەکە، تا بزانم ئاخۆ کارانتی "کۆمیدیای ئیلاهی" خوێندوەتەوە؟ سەبر، سەبر نابێ بیری خۆ پەرت بکەم!.کەوا بێ هەستی بە هەموو شتەکان کردووەو خۆی لێ گێل کردووە. ئەمە خاڵێك بە زەرەری ئەو...یەك خاڵ. لە پێشبڕکێی وەرزشدا ڕەنگە خاڵێك ئەنجامی پێشبڕکێیەکە دیاری بکا. بەلام لێرەدا ئایا ڕەفتاری سەرۆك، ئاساییە یا مایەی گومانە، ئەمە کاری ئەم نییە. سەرۆك –کارانتی– کابرایەکی مەنگ و بە سەبرە، ڕەنگە بە هەموو شتەکانی زانی بێ و کە سەیری کردووە وەزع شلۆقە، خستبێتییە دوو توێی نانێکی گەرمەوەو هەڵی گرتبێ تا فەرماندەی تیپ دێتەوەو ئەوسا بە هێمنی داوای ئەوەی لێبکا کە بۆ کەوتوونەتە

تاقیبی. بەڵام ئەو گومانەی کەوتوەتە دڵی وەکو دڕکێك دڵی سوزناژن دەکرد. بامەسەلەکە بە بارەکەی ترا تاوتوێ بکەین: گریمان کارانتی بە هەموو شتەکانی زانیوەو خۆی لە گێلی دەدات. کەواتە من بە دژمن دەزانێ! ئەگەر وابێ بە دوژمنێکی گەوجم دەزانێ.پاشان چیدی، چیدی؟ ئیدی پێکەوە چووینە فراڤینی... نا کارانتی بەر لە فراڤین پاکە جگەرەیەکی ورد ورد کرد، بەر لەم کارەش گوتی هەندێجار هەواڵی جاسوسانە لە نێو جگەرەدا دەشارنەوە. ڕەنگە وابێ، بەڵام شکاندنو وردکردنی جگەرەکان زیادە بوو. یانی کارانتی زیاد لە پێویست بە تەنگەوە بووە؟... ئەمەش خاڵێکی دی؟... نا، نا پێدەچێ جڵەو بۆ غەزەرو کینە شل بکەم، حاڵبوکی پیاو دەبێ لەم جۆرە کارانەدا لە هەموو غەرەزو کینەیەك بە دوور بێ. بێ غەرەزی ئارام و هۆشیارانە پێویستە، دەبێ هەموو وردە شتێك بخرێتە تەرازووی حیسابەوە، دەنا پیاو وەکو نموونەی گێلی تەمەشا دەکرێت.

فەرماندەی تیپ دیسان لە حەوشەکەوە ڕەت بوو.

دوو کوڕی گەنج یەکی بە باوەشێ چیلکەو دارەوە بەرەو نێو ڤیللاکە دەهاتن. باش بوو ئەنجام بیریان کەوتەوە کە پێویستە چیلکەکان لەبەر بارانەکە لا بدەن.

دیموکراینف بە خۆو عەرەبانەوە لە حەسارەکە وەدەر کەوت. ئەو گەوجە خەریك بوو لەو بەر بارانە سیغارێکی دە پێچایەوە، لە کاتێکا پاکەتێکی نەشکاوی لە گیرفان دا بوو!

دیسانە حەواسی خۆم پەرت کرد. مەهدی تر، هێدی تر بە: نابێ بپەشۆکێی! ڕاسپاردەکەی سەرهەنگ لەبیر مەکە! بەڵام چۆن نا پەشۆکێی لە کاتێکا بچووکترین ڕەفتاری نا ئاسایی نابینرێ، تاقە یەك ڕەفتار! پێکەوە چووینە فراڤینی، کارانتی چوو بۆ عەمارەکە... سەبر سەبر! لێرەدا... دەبێ خۆ تاقی بکەمەوە.

مەهدی لە فکران ڕاچوو، دەستی بەچەناگەی خۆیدا هێنا.

لە پڕ لەبەر پەنجەرەکە لاچوو، بە ساڵۆنو ڕاڕەوەکەدا تێپەڕیو بە قاڵدرمەیەکی دیدا داگەڕاو بە بەر داڵانێکا شۆڕ بۆوە.

مەهدی لەو پارتیزانانەی ،کە کۆڵێك چیلکەی بۆ ناوبیناکە دەبرد، پرسی:

– فەرماندەی لە کوێیە ؟

– لە ئاشخانەکەیە،خەریکی نان خواردنە.

کۆتەرەیەکی قەبە لە دەستی پارتیزانەکە کەوتە خوارێ. مەهدی هەر هەڵی گرتو دای بە شانی خۆیاو بلەز بەرەو ئاشخانەکە ڕۆیی. کۆتەرە دارەکەی لەبەر کوانووەکەدا داناو بەرەو ئەو مێزە چووکە فەرماندەی لێ دانیشتبوو.

فرەڕۆ زۆری پێخۆش بوو:

– چاك بوو هاتی، دانیشە.

مەهدی گوتی:

– نانم خواردووە،لەگەڵ کارانتیدا نانم خوارد...

مەهدی کوڕیژگە جزمە لە پێیەکەی لەو ناوە دوور خستەوەو لەسەری ڕۆیی:

– کارێکم پێته.

فرەرۆ پتر خۆشحاڵ بوو:

– زۆر چاکە. بە ڕاستی کە سەرهەنگ لێرە نابێ تەواو بێتاقەت دەبم‌و نازانم چیبکەم. بەڵام ئەگەر کارێکی هەبێ باشترم.

مەهدی دەمی بردە بنا گوێی فەرماندە:

– بیستوومە هەفتەی ئەخیر بە خۆت حیسابی ئازووقە‌و جگەرە گرتووە ؟

– بەڵێ وایە، حسێبکەم تەواو ڕاگرتووە‌و لای خۆم نووسیوومە.

– هاوڕێ فەرماندە کەواتە بەیارمەتیت بابزانم لە لیستی ئەمڕۆدا چەند پاکەتت تۆمار کردووە ؟

– دەتوانم لەبەر پێت بڵێم. بیست پاکەتمان هەبوو، ئەم بەیانییە پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بڕیارم دا چوار پاکەت بدرێ بە فەرماندەی کەرتەکان.

– کارانتیش سێ پاکەتی وەرگرت: یەکێك بۆ خۆی، یەکێ بۆ من‌و یەکێکیشی دایە دیموکراینف.

فرەرۆ بە دەم خوتە‌و بۆڵەوە گوتی:

– نەدەبوو بەو کابرا خەڵەفاوە بدرێ ، جگەرە بۆ ئێمە لە زێڕە بەنرخترە.

– یانی سیازدە پاکەت ماوە؟ یارمەتی هەیە سەیرێ بکەم؟

فرەرۆ بە چاوانی شپرزەوە ڕوانییە مەهدی ( دیارە کە پرسیارەکەی مەهدی بێ هۆ نییە) فرەرۆ سمێڵ‌و لێوی بە دەستەسڕەکەی سڕی، پایپە خاڵییەکەی خستە بە ینی ددانەکانی‌و هەستا، دەستوری دا دەرگای عەمارەکە، کە قفڵێکی پێوە بوو، بکەنەوە.

ئاشپەزە پیرەکە دەرکەکەی کردەوە‌و گەڕایەوە بەر کوانوەکەی. مەهدی‌و فرەرۆ چوونە عەمارەکەوە.

مەهدی لەسەر پەنجەی پێیان خۆی بەرز کردەوە‌و هەموو پاکەتەکانی سەر تاقەکەی داگرت. چواردە پاکەت مابوو.

مەهدی بە ڕەزامەندییەوە گوتی:

– مەسەلەکە ڕوونە .

فرەرۆ بە سەرسامی پرسی:

– چ شتێ ڕوونە؟

مەهدی بە توندی وبەماناوە گوتی:

– کارانتی دووپاکەتی لێرە بردووە. دیارە ئەو پاکەتەی کە داوییە بە دیموکرانیف خۆی بۆی هێناوە. دیموکراینف پاکەتەکەی دەگیرفانی نا چوو بۆ ساگا تا ئازوقە بێنێ.

چاوانی فرەرۆ هاتنەوە یەك‌و نەك وەکو یەکێك پرسیاربکات، بەڵکو وەکو یەکێك بریاربدات گوتی:

– دەبێ لە نیوەی ڕێگاا بگیرێ!

– دەبێ بزانین کە دیموکراینف چ شتێك لەم پاکەتەدا دەبا، ئەگەر...

فرەرۆ قسەکەی مەهدی تەواو کرد:

– ئەگەر هیچی تیا نەبوو ئەوا بە هەر بیانوویەك بێ دیموکراینف دەنێرم بۆ یەکێك لە گوندە دوورەدەستەکان‌و با جارێ لەوێ بمێنێ‌و بۆ ماوەیەك کارانتی نەیبینێ. خۆ ئەگەر پاکەتەکە شتێکی تێدا بوو –چاوانی فرەرۆ بچووکتر بوونەوە– ئەوا ئیدی مەسەلەکە تەواو ڕوونە!

مژێکی لە پایپەکەی دا. لە فکران ڕاچوو، ئەوجا گوتی:

– ئەم کارە دابنێ بۆ من. تۆ لای کارانتی بمێنەوە. کارانتی لە کوێیە؟

– لە ژوورەکەی خۆیەتی، ئیسراحەت دەکا.

– میخائیلۆ، بۆ پەست بووی ؟

– ئاخر تۆ نازانی هاودەمی ئەو چەند بۆ من قورسە!

– میخائیلۆ، گوێ مەدەیێ، چ نییە.

گڕی ڕق لە چاوی میخائیلۆوە بڵاچەی داو کۆڵە مستی گوشی.

...کارانتی بە ڕاستی لە ژوورەکەی خۆیدا ئیسراحەتی دەکرد. پشتی بە سەرینەکەوە دابوو، لەسەر قەرەوێڵەکە هەڵاژا بوو و پەتۆیەکی بەسەر لاقەکانیا دابوو.

شەوو ڕۆژێك بە سەلامەتی تێپەڕی بوو. بەڵام کارانتی تەواو شەکەت بووە. سەیرە ئەم چارلز بنت"ەی کە بە "بنتی ئەعساب پۆڵایین" ناسراوە بۆ ئەوەندە زوو ماندوو دەبێ. بەڵێ تەلی پۆڵاینیش دەسوێ، بەڵام ئەو بارەی کارانتی داویە بە شانی خۆیدا ئەوەندە قورسە کە پردی ئاسنیش تەحەمووڵی ناکات! بەڵام لە کۆنەوە گوتوویانە کە تێر ئاگای لە برسی نییە. خۆزگە ئەوانە ڕۆژێك دەهاتنە جێیەکەی ئەو....

دنیا تاریك بوو. کارانتی مۆمێکی داگیرساند .دڵۆپێك مۆمی تواوەی تکاندە سەر کورسییەك‌و مۆمەکەی لە نێوان ژێرسیگاریك وترمۆسێك لەسەر کورسیەکە چەقاند

چەند خۆشە مرۆڤ وا پاڵ بکەوێ، لاقی لێ درێژ بکا وبیر لە هیچ نەکاتەوە... بەڵێ دیموکراینف زوو دەگاتە ساگا. دەبێ یەك دوو هەفتەی دیکەش لەسەر دەمی چەقۆ بقەتێنێ، دەمی چەقۆ چ نییە. ئەم ژینە لە دەمی تیژی چەقۆش تیژترە . دەبێ تیپی پارتیزانی بەرەو شوێنی دیاری کراو بەرێ، ئەوساکە ڕەنگە لەوێوە پەنا بەرێتە بەر گۆشەیەکی ئاسودەتر!...

کارانتی دەستێکی بە سارغیەکەی نێو چەوانیا هێنا، سووکە زامەکەی سەر تەوێڵی دەیەشا. هەستی کرد پێویستی بە پێکی کۆنیاکی چاك‌و کۆنە و ئامادەیە پارەیەکی زۆر بدا... نا، کۆنیاك بینادەم مەنگ دەکا... لە کاتێکا دەبێ ئاوەزی گردو ئەقڵی لە جێ بێ: سبەی جەنگی ئەو لەگەڵ خۆیدا ،لەگەڵ هەر کەسێکا کە ڕووبەڕووی بوەستێ، لەگەڵ میخائیلۆدا، لەگەڵ سەرهەنگدا، لەگەڵ فرەرۆدا، درێژەی دەبێت. سبەیش دەبێ دیسان هەمان پالنتا بخوا، پالنتا! بەو هەموو ناوشەوە کە هەیەتی هەر هەویرێکی ناخۆشە، شیری بزن و ئاوە . سبەی دەبێ بە بۆنەی وەرگێڕانی قیتارێکی نازییانەوە دەستی سەرهەنگ بگوشێت وپیرۆزبایی لێ بکاو ئەوجا پارتیزانەکان کۆ بکاتەوەو ئامۆژگاریان بکا کە پێویستە هۆشیارتربن. هەروەها نابێ ئەوەشی لە بیر بچێ کە دڵی دیموکراینف خۆش بکاو پێی ڕابگەیەنێ کە بەم زووانە زەوی‌و زارەکانی ماڵە بابی دەدەنەوە بەو، بلابا چاوەڕوان بێ...

کارانتی وەزعی خۆی لەسەر قەرەویڵەکە گۆڕی. ڕۆژنامە پەرتوبڵاوەکانی سەر پەتۆکەی کەوتنە خشخش. کارانتی یەکێك لە ڕۆژنامەکانی هەڵگرت، چاوی بە لا پەڕە چواردا گێڕا، ئاگادارییەکی بەرچاوکەوت.ئاگادارییەکە بریتی بوو لە زیادکردنی ئەو خەڵاتەی لە قەبێڵی سەری میخائیلۆ کرا بوو، کرابوو بە سێ سەد هەزار مارك. ئاخۆ میخائیلۆ خۆی ئەم ئاگادارییەی خوێندۆتەوە یان نا، بێگومان نەیخوێندۆتەوە، دەرفەتی نەبووە، چونکە پەلەی گەرانی ژوورەکەی بووە. نازییەکان ئاقیبەت ناچار بوونە خەڵاتەکە زیادبکەن. پارەیەکی چاکە، خراپ نییە ئەم پارەیەش حەڵاڵ بکا. بە هەرحاڵ "لە نێو بردنی" ئەم لاوە عەگیدە کە هێشتا مەهارەتو تەڕدەستی تەواوی پەیدا نەکردووە، بەبێ کۆمەکی ئەو- بەبێ کۆمەکی "بنت" ناکرێ، لە بری ئەم کارە چەند داوا بکا؟ هەڵبەتە زۆریش چاوەڕوان ناکات...

کارانتی ڕۆژنامەکەی تووڕ دایە لایەکەوە، پەتۆکەی ڕێك خستو چاوەکانی نوقاندن. چارلزبنت "سیخوڕی ژمارە نۆ" هەمیشە وای تەسەور دەکرد کە بۆ بەختەوەری خۆی پێویستی بە زۆر شت نییە.

بەختەوەری ئەو تەنیا لە پارەو پولدا بوو. لە شوێنی جیاوازەوە، لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە لە بری ئەو کارە چەپەڵانەوە کە ئەنجامی دەدانو بە خۆیشی هەندێجار سەری لێدەر نەدەکردن، پارەیان دەدایە. ئەم کارانەی ئەنجام دەداو پێی وا بوو لەگەڵ وەرگرتنی هەر سەفتەیەکی نوێی ئەسکەناسدا لە جاران (سەربەخۆتر) دەبێت،کەچی ساڵ بە ساڵ پتر وابەستە دەبوو.

بنت بە خۆیشی نەیدەزانی کوێندەرییەو لە چ وڵاتێکی دنیا لە دایك بووە. پیرەمێردێکی ماسیگر بە منداڵی، لە تەمەنی یەك ساڵیدا لە کەناری دەریادا دۆزیبویەوە. ئیدی ئێستاو ئەوسا کەس نەیدەزانی داخوا ئەم منداڵە لە کەشتییەکی غەرق بوو پەڕیوەو شەپۆڵ هەڵی داوەتە کەنار یا منداڵی کەسێك بووەو ویستویەتی لێی رزگار بێو لەو کەنارەدا فڕێی داوە. لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا "کوڕی دەریا" چەندین جار تەبەعیەتی خۆی گۆڕی، نیوەی دنیا گەڕا، دەی کڕیو دەیفرۆشت، دەی بڕیو دەیکوشتو خیانەتی دەکرد، خیانەتی لە هەموو شتێك و لە گشت کەسێك دەکرد تەنیا لە خوای خۆی نەبێ- تەنیا لە پارە نەبێ. ئێستاش ئەم خوایە ژەمبردەو تێرنەخۆرەی ئەو وای لێکردووەو ناچاری کردووە خزمەتکاری تاقمە کەسێکی یەکجار دەوڵەمەندو زۆر بە دەسەڵات بکا کە حەزدەکەن جیهان بە حەزوو ئارەزووی ئەوان بێو لە پێناوی ئەم ئامانجەشا لە هیچ هۆیەكو لەسەرف کردنی هیچ پارەیەك ناپرینگێنەوە. بنت خۆی گەیاندە نێو پارتیزانەکانی ئادریاتیك، بەڵام ئێستا نەیدەزانی ئاخۆ بە سەلامەتی لێرە دەرباز دەبێ یا نا؟ دژوارترین ڕۆژانی ژیانی بنت لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە تووشی رووسەکان بوو.

بنت ددانەکانی لێکدی سوونو کەوتە خۆ دواندن: "چارلز هۆشیار بە نووکە وەختی خەفەت خواردن نییە... دەبێ بەسەر خۆدا زاڵ بی. وەزعت ئەو خراپەش نییە کە تۆ تەسەوری دەکەی. سیخوڕەکانی لەمەڕ خۆمان لەسەر کردایەتی لەشکرو سوپاو لە تیپی پارتیزانەکاندا کاری خۆ دەکەنو باکیان نییە، ئەویش جارێ هەر میخائیلۆی رەقیبە، میخائیلۆش لە چاو ئەزموونی ئەودا

منداڵێکی ساوای شیره خۆرەیە، ئەو دەتوانێ لێره دەرباز ببێ، خۆ ئەگەر لێرە بڕوات ئەوا خۆ دەگەیەنێتە جێیەکی ئەمن و لاق لەسەر لاقان دادەنێ و خەڵکانی دی بۆ شەڕ دەنێرێت.

غەڵبە غەڵبێك لە حەوشەوە هاتە گوێ، کارانتی چارەی گرژ بوو، دیارە سەرهەنگ سیرگی لە چالاکی هاتۆتەوە. دەبێ جلەکانی لەبەربکا.

کارانتی پەتۆکەی لەسەر خۆی لابرد، پۆستاڵەکانی لە پێ کرد، دەستی برد قەمسەڵەکەی کە بە دیوارەکەوە بوو دابگرێ. دەستی لە نیوەی ڕێگادا سست بوو. جیڕە جیڕی ئاشناو دڵخۆرپێنی پێچکەی گالیسکەیەکی هاتە گوێ . تەنیا گالیسکەکەی دیموکراینف ئەو جیڕەجیڕەی دەکرد کارانتی ئەم دەنگەی لە نێو دەنگی سەدان گالیسکەدا دەناسییەوە!... هەر کاتێ کە دیموکراینف لە ساگا دەهاتەوە، کارانتی بەم دەنگەدا دەیزانی کە گەڕاوەتەوە.

بەڵام کاتێ کارانتی لە پەنجەرەکەوە ڕوانییە نێو حەوشە، لە نێو ئەو پارتیزانانەدا کە لە چالاکی گەڕابوونەوە ، نە کراینف و نە گالیسکەکەی نەبینی ، لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەنگی چی بوو؟ یا گوێم زرینگایەوە؟" بەڵام نا ئەسەح دەنگی گالیسکەکەی دیموکرانیف بوو... کەواتە دیموکراینف دیار نییە... بەڵام بۆ دیار نەبێ؟ دیارە پارتیزانەکان شاردویانەتەوە، تا بە کارانتی نیشان نەدەن، باشە لەوێندەر، لە نێو حەوشەکەدا چ قەوماوە؟ بۆ وا خۆشحاڵن؟ بە ڕواڵەت بێ پێناچێ هیچ ڕووی دابێ! پاشان دێنە کن کارانتی و وەزعە سامناکەکە دەست پێدەکا... کارانتی، چاوە ڕق لێنیشتووەکانی فرەرۆ کە ئامادەیە ئەو پارچەپارچە بکات و نیگای هێدی و لە ڕەحم بەدەری سەرهەنگ سیرگی لەبەر چاوی خۆیدا بەرجەستە کردن.... هەڵبەتە لەوەشبوو کارانتی بە هەڵەدا چووبێ... ئەدی ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبێ؟.... بە هەموو حاڵ و حسێبێك درەنگ بووەو وەختی ئەوەی نییە فریای تاوتوێ کردنی مەزەندەکانی خۆی بکەوێ. کارانتی هەر بەو دەقەوە لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە نێو حەوشە.

قەڵافەتی پارنیزانەکان لەبەر تیشکی چراکەدا دیارە، لیدیا پلانیچکا بە کەزیی سافەوە ڕەت دەبێ، ئێستا دەموچاوی دەڵێی لە برۆنز داڕێژراوە، ئەوەش سیرگی نیکۆلایوڤیچە، ئەوەتا لەگەڵ فرەرۆدا یەکدی لە ئامێز دەگرن. حەوشەکە لە پارتیزانی پڕ چەکدا جمەی دێت. هەمیشە وا بووە کە لە ... نا، مەزەندەو هەستی کارانتی هەڵە ناکەن: تازە تێکەوتووە. سیخوڕی نێودار، جاسوسی "ژمارە نۆ" وەکو مشك بووە بە تەڵەوە.

کارانتی، ڕەنگی هەڵبزڕکاو دەستی سست بووون، بەڵام نا... لە چاو تروکانێکدا قەمسەڵەکەی لەبەر کرد، بە سەراسیمەیی حەوت تیرەکانی تاقی کردنەوەو کڵاوەکەی هەڵگرت.

کەواتە پێناوەکەی "رابط" گیراوەو زۆر نزیکە کوشتبێتیان، هەموو شتەکەی بۆ گێڕاونەتەوە... گریمان چ شتێکیان لە فیلمەکە دەست نەکەوێ، بەڵام ئیعتراف کردنی دیموکراینفیان بەسە، کارانتی خەریك بوو وەکو نەخۆشان لە تاو ئازار بکەوێتە ناڵەناڵ.. بە نەحلەت بی میخائیلۆ لەگەڵ ئەو بزە منداڵانەیەت، کە سێ نەزانێ لە منداڵێکی سادەو ساویلکە دەچێ! بەڵێ ساویلکەیی نەیکردە کارێ کە میخائیلۆ لە هەڵس و کەوتی کارانتی غافڵ بێ، هەر بە پەنای ئەو ساویلکەییەوە کڵاوی نایە سەر کارانتی!

هەڵەی کارانتی لە کوێ دایە؟ لەمەدایە کە متمانەی بە دیموکراینف کردو ئەم ترسنۆکەش هەموو شتێکی کەشف کردووە؟ نا، ئەم دیموکراینفە، ئەم قەل پیاوە چ خەتایەکی هەیە! ئاخر ئەویش بە هۆی خەمساردی "بنت"ەوە هاتۆتە گرتن.... لە کوێدا خەمساردی کردووە؟ پێناچێ چ خەمساردییەکی کردبێ...هەموو ڕەفتارەکانی دروست و بە جێ بوون. ئەوجاش ئەو ماستە بێ موو نییەو شتۆکەیەك هەبووە.... شتۆکەیەکی هێندە بچووك کە تەنیا مەهدی توانیویەتی پەی پێ بەرێت، هەڵەی سەرەکی ئەو ئەمەیە کە حسێبێکی ئەوتۆی بۆ توانای مەهدی نەکردووە! بنت، دەبێ دان بەوەدا بنێ کە تا ئیستا نەیتوانیوە بزانێت توانای مەهدی، توانای رووسەکان بە گشتی لەچی دایە؟ تازە درەنگەو بیرکردنەوە داد نادا، پێدەچێ گەمەکەی دۆڕاند بێ ، ودەبێ تا زووە بکەوێتە خۆو هەڵێ..

کارانتی لە ژوورەکە وەدەرکەوت و هاتە بەر هەیوانەکە.لە نێو تاریکیەکەوە سەرێکی زندوو بە روو گەشی بەرەو ئەو هات.

...مەهدی هەرگیز وێنای نەدەکرد کە رۆژێ لە رۆژان دەبێ بە رەقیب و خەنیمی خەڵکانی وەکو کارانتی! جاران ( ساڵ و وەخت لە خۆیەوە دەڕوات) وای تەسەور دەکرد کە هەموو ژیان بە ئارامی وخۆشی و ئاشتی دەگوزەرێت و ئەو بۆ خۆی بێ خەم و خەیاڵ خەریکی نیگارکێشی دەبێت و تابلۆیانی جوان ڕەسم دەکات.

جەنگ دەستی پێکرد. مەهدیش وەکو هەموو خەڵکانی دی بۆ بەرگری لە خاکی وڵات، چوو بۆ شەڕگە. ئامانجی روون و ئەرکی سەر شان کردیانە کارێ کە ببێ بە سەربازێکی راستەقینە. کە خومپارەی دوژمن لە بەردەمیا دەتەقییەوە، ڕانەدەچڵەکی، ددانەکانی جیڕ دەکردەوەو وەك بڵێ هەست بە نیگای هەموو خەڵکی شورەوی کە لە بری ئەوان دەجەنگی بکات، پەلاماری دوژمنی دەدا، ئەم هەستە هێندەی دی هێزی پێدەبەخشی و مەرگی لەبەرچاوی سووك دەکرد. لێرەش، لە تریستدا، هێزێکی لە شکان نەهاتوو لە بوونیا هەڵدەقوڵی. ئێستاش کە بەرەو کارانتی دەڕۆیی لە ناخا هەستی بەو هێزە دەکرد. مەهدی لێرەدا، دوور لە خاکی وڵات ،ئەرکی خۆی بەرانبەر بە نیشتمان ئەنجام دەداو خەمی هەموو وڵاتی دابوو بە کۆڵیا. کارانتی پەی بە نهێنی ئەم هەستە نەدەبرد.

مەهدی دەیزانی: دوژمنی کەسانێکی لەبەر دەستدایە ئامادەن لە پێناوی پارەدا هەموو کارێ بکەن. ئەو پەی بە هەموو مەبەست ونیازێکی کارانتی دەبرد. مەهدی تەنیا یەك شتی لێ عەیان نەبوو. ئەوەش ئەمە بوو کە: کێ پارە دەداتە کارانتی و ڕێی بۆ خۆشکردەوە دزە بکاتە ناو تیپەکەی ئەوانەوە؟... پێدەچێ دوژمن لە سەرکردایەتیشدا دەستی لەکارا هەبێ.ئەو دەستەش بەرەو تیپەکەی وان درێژ کراوە تا ببێ بە بەرهەڵستی سەرکەتنیان. بەڵام مەهدی هەموو مەسەلەکانی جوان لێ روون نەبوو. فاشیستانی ئەڵمانی کە هەڵیان کوتاوەتە سەر وڵاتەکەی دیارە کە دوژمنن. بەڵام بە دووری دەزانی ئەڵمانەکان کارانتییان گەیاندبێتە سەرکردایەتی تیپ. ئەگەر ئەڵمانەکان ئەم ڕێبازەیان گرتبوایە بەر زۆر لە مێژتر کەشف دەبوون. ئەدی کێ بۆتە

کۆسپی ڕێگای مەهدی و هاوڕێکانی؟ دوژمنێک لە ژێر پەردەی دۆستایەتی دا؟... مەهدی مەسەلەکە هێندەش ئاسان نییە نە، ئاسمان وەکو تابلۆی نیگارکێشی پاك‌و ساف نییە...

مەهدی بەرەو پیری کارانتی دەچوو، بە تۆپزی جڵەوی خۆی پێدەگیرا کە هەستەکانی خۆی دەرنەبڕێت . مەهدی بزەیەکی ناچاری خستە سەر لێوەکانی. بەڵام نیگای دوژمنانەو چاوانی لە جاران ڕەشتر بوون.

کارانتی و مەهدی گەییشتنە یەك.

مەهدی بە دەنگێکی دلێر گوتی:

– کۆبوونەوە دەکرێ ؟

کارانتی لە بری وەڵام پرسی:

– چما سەرهەنگ گەڕاوەتەوە؟

کارانتی هەموو توانای خستبووە کار تا بەسەر هەستەکانیا زاڵ بێ.

– دەڵێن گەڕاوەتەوە. منیش خەریك بوو دەچوومە خوارێ تا ببینم.

کارانتی ڕوانییە سیمای مەهدی.

بزەیەك بە ئاستەم لێوەکانی مەهدی ترازاندبوو، بەڵام نیگای زیتەڵ و کەمێك نەفرەت ئامێزبوو، ڕقێکی هێند ئەستوور لە قوڵایی چاوەکانیا پەنگی خوارد بووەوە کە کارانتی یەکسەر هەستی بە هەموو شتێك کرد: بەڵێ، ئەو بە هەڵەدا نەچووەو پارتیزانەکان هەموو شتێك دەزانن.کارانتی بە تۆپزی بزەیەکی کردو بە دەنگێکی هەڵچووەوە پێشنیازی کرد:

– پێکەوە بڕۆین؟

مەهدی گوتی:

– با بڕۆین.

کارانتی هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا.

شان بە شانی یەکدی دەڕۆییشتن‌و چ کەسێکی دی لە ڕاڕەوەکەدا نەبوو.

کارانتی بە دزییەوە دەستی بە گیرفانی خۆیدا کرد. لە پڕ بە توندی مەهدی لەلاوە دەڵەك دا. مەهدی خۆی لەسەر پێ گرتەوە، بەڵام کارانتی فرسەتی هێناو بە دەستی ڕاست کێردێکی بە نێو شانی مەهدیدا کرد. مەهدی بەبێ دەنگی پشتی بە دیوارەکەوە داو بەرە بەرە سست بوو و لە ڕاڕەوەکەدا خواربووەوە...

کارانتی بەسەر مەهدیدا دانەویەوە. هەناسەی نەدەدا... هەنگێ کارانتی بە لەز گەڕایەوەوتا غاردان خۆی گەیاندە ئەوسەری ڕاڕەوەکەو، وەکو با بە قاڵدرمەکەدا داگەڕاو خۆی گەیاندە ئەو دەروازەییەی کە ڕووی لە بیناکانی پشت هاوینەهەوارەکە بوو، دەرگاکەی کردەوە.لەم کاتەدا دەنکی شاورێك بێدەنگی هاوینەهەوارەکەی شڵەقاند، دەنگی شاورەکە لە ڕاڕەوەکەوە دەهات...

پاسەوانی بەر دەرگای عەمارەکە لەبەردەم کارانتی دا قوت بۆوە. ئەگەر یەك تۆزی دی پێ بچێ ئەوا ئیدی کارانتی ناتوانێ هەڵێت. کارانتی بە پەلەیەکی پەرجوو ئاساوە هەڵکێشایە حەوت تیرەکەی و بێئەوەی تەمەشا بکات فیشەکێکی بەرەو پاسەوانەکەی تەقاند، بە غاردان

خۆی گەیاندە ئەو تولە ڕێیەی بەرەو کێوەکان دەچوو. ئەمجارەیان زیرەکی و دڕندەیی تایبەتی دڕندەیەك کە کەوتبێتە داوەوە کۆمەکی کرد:مەگەر هەر نائومێدی ئەم جۆرە توانایە لە بنیادەم دا دروست بکا.

سیرگی نیکۆلایوڤیچو فرەرۆو چەندە پارتیزانێکی دی بە قاڵدرمەکاندا سەر دەکەوتن. کە گوێیان لە دەنگی شاورەکە بوو بەرەو ڕاڕەوەکە غاریان دا. سەرهەنگ یەکەم کەس بوو کە مەهدی بینی. مەهدی لاوازو سست لە پاڵ دیواری ڕاڕەوەکەدا کەوتبوو.

فرەرۆ فرمانی دا:

– هەموو ڕێگاکانی دەرەوە بگەڕێن! هەموو شوێنێ بگەڕێن!

هەرچەندە دەنگی فرەرۆ دەتگوت هەورە تریشقەیە کەچی سیرگی نیکۆلایوڤیچ وای هەست دەکرد دەنگێکی کزەو لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێ.

گڵۆپی ڕاڕەوەکەیان هەڵکرد. سەرهەنگ جەستە سستو خاوەکەی مەهدی هەڵگرتو بە سینگی خۆیەوەی گوشی.پزیشكو پەرستارانی سپی پۆش بە غار خۆیان گەیاندە ڕاڕەوەکە.

پزیشك و پەرستارەکان لە بەردەم سیرگی نیکولایوفچدا وەستان. داخو خەم سیمای سەرهەنگی نەگۆڕی بوو ،بەلام وەك چۆن باوکێك رۆڵە شەهیدەکەی، یا برا برای خۆی دەگرێتە باوەش بەو ئاوایە مەهدی لە ئامێز گرتبوو.

## فەسڵی چوارەم

مەهدی تا نێو قەد ڕووت بوو و لەسەر مێزێکی باریك کە بە لێفەیەك داپۆشرابوو بە دەما خەواندبوویان. چرایەکی نەوتیان ،کە سەری بە مقەوایەك پۆشرابوو، لە ئاستی مێزەکەدا بە بن میچەکەوە بە دیارییەوە هەڵواسی بوو. چوارپایەیەکی بچکۆڵەی بەرز لە تەنیشت مێزەکە بوو و جانتایەکی چەرمی کەرکەدیلی لەسەر بوو. جانتاکە کرابۆوەو پڕ بوو لە کەرەستەو تفاقی نۆژداری و نەشتەرگەری کە تیشکێکی ساردیان هەبوو. دوو جانتای بەنیش کە خاچیان پێوە دورابوو لە پاڵ چوارپایە بەرزەکە دانرا بوون، ڕەنگی خاچەکان کاتی خۆی سوور بوون،بەڵام هەنووکە رەنگەکانیان چووبووەوەو تەقریبەن رەنگی بەنی جانتاکانیان گرتبوو.

مێزێکی خڕی نایاب لە سووچێکی ژوورەکەدا هەبوو کە لاقەکانی کەوانەیی و پڕ نەخش‌و نیگار بوو، پێدەچوو خاوەنی ئەم هاوینەهەوارە کاتی خۆی بۆ چا خواردنەوەی تایبەتی خۆی تەرخانی کردبێ. چەند تەباخێك کە بەسپرتۆ کاریان دەکرد بە بلێسەی شینباوەوە دەسووتان‌و قاپلەمەی زیوی ئەڵمانی پڕ لە ئاو بەسەر ئاگرەوە قوڵپی دەدا.

کەوانتەرێکی دارینی موبەق بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوو وجۆرەها شووشەو بوتڵ و پاکەت‌و سارغی‌و سرنجیان لەسەری ڕیز کردبوو.

پزیشکی پارتیزانەکان بەو کەرەستەو تفاقانەی کە خرابوونە بەردەستی،زۆر رازی بوو. ئەم کەرەستەو تفاق‌و دەرمانانە هەموو کاتێ دەست نەدەکەوتن. ژیان پارتیزانی ناڕەحەت بوو، بە زۆری لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی کۆچیان دەکرد...

پزیشکەکەش ناچار دەبوو دەرمانخانەکەی لەگەڵ خۆیدا بگێڕێ، لەم شکەفتۆکەی شێدارو لەو پاسدارخانەی جەنگەڵوانان وتەنانەت لەم بنەدارو لەو پەنا دارستان دای مەزرێنێ....پزیشکەکە چەندین جار لەو چەشنە هەلومەرجە ئەفسانەیی وباوەڕ نەکردەنی و نالەبارانەدا پارچە تۆپی لە نێو کەللەی پارتیزانان دەرهێنا بوو، دەست‌و لاقی برینداری بڕی بووەوە، ساچمەو پارچەی فیشەکی لە ورگی بریندار دەرهێنا بوو،کە پێش دەستپێکردنی جەنگ ئامادە نەبوو لە هەلومەرجی وادا تەنانەت نەشتەرێ بە سادەترین دومەڵدا بێنێ.خۆشبەختانە دکتۆرەکە لەو کەسە گەشبینانە بوو کە پێی وابوو هەموو دەردێ دەرمانێکی هەیەو چ گلەیی‌و گازاندەی لە هیچ شتێك نەبوو،جوانترین چالاکییە پڕجۆشە پزیشکییەکانی ساڵەکانی ئەو دواییەی خۆی، بێ هیچ لە رووداماتێك لە دەفتەرێکی ئەستورا دەنووسییەوە، لە ناخی دڵەوە بە ئومێدی ئەوەبوو کە کاتێ فاشییەکان نەمان ئەوسا دەتوانێ لە بەردەم هاوکارەکانی خۆی و قوتابییەکاندا دانیشێ‌و بە دوورو درێژی ئەم ژیانەیان بۆ بگێڕێتەوە.

ئەگەر ئەم قەرەباڵغییەیان نەکردبا، ئەمڕۆش چ گلەییەکی نەدەکرد. کیژە پەرستارەکە کورسییەکی بۆ سیرگی نیکۆلایوفیچ بردە پێشەوە. لەو دەمەوە کە مەهدیان خەواندبوو، سیرگی نیکۆلایوڤیچ لە ژوورەکە وەدەر نەکەوتبوو.

ڤاسیا دەستەو ئەژنۆ لە قەراخ پەنجەرەکەدا هەڵتروشکا بوو.

پارتیزانەکان بڕ بڕ لە پشت دەرگای هۆڵەکەو لە پاڵ پەنجەرەکانی سەر حەوشەکە کەڵەکەیان کردبوو.

راستە سیرگی نیکۆلایوڤیچ بە بێدەنگیو هێمنی دانیشتبوو، بەڵام دکتۆرەکە هەستی بە نیگای پەریشانوپرسیارئامێزی دەکرد. ڤاسیاش بێدەنگ بوو، بەڵام لەو کاتەدا کە دەکتۆرەکە زامەکەی مەهدی دەدرووەوە، ڤاسیا چەندین جار لە جێی خۆی جولاً و ئێستا سیمایەکی هێندە نائومێدی هەبوو کە دکتۆر پڕ بە دڵ حەزی دەکرد هاواری بەسەردا بکات.دەرگاکان لە دار بەڕووی ئەستور دروست کرا بوون، پەردەی پەنجەرەکان دادادرابوونەوە کەچی هەر خشپەی پێو دەنگی چپەو گفتوگۆی هێواش دەگەییە ژوورەوە... هەموو ئەم شتانە مایەی بێزاری دکتۆر بوون. دەتگوت هاتونەتە تکاو دەیانەوێ بڵێن: دکتۆر ئەو میخائیلۆیەی لەبەر دەستتدا راکشاوە، خۆشەویستو ئازیزی هەموومانە. ئایا پێیان وابوو دکتۆر بە قەد ئەوان ئەم لاوە دلێرو قارەمانو دڵپاك و میهرەبانەی خۆش ناوێ؟ ئەگەر دەیانزانی دکتۆر چەند ناڕەحەتە. حاڵی مەهدی خراپە، زۆر خراپە. دیارە کاتێ کە لەگەڵ کارانتیدا بووە ئەوەندەی ئاگا لە خۆ بووە وەرچەرخێو زەبری کێردەکە کەم ببێتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش برینەکەی هەر قوڵەو دەمی کێردەکە تا بەینی پەراسوی شەشەم و حەوتەمی هاتووە. مەهدی بەدرێژایی ئەم ماوەیە تەنیا یەك جار بە هۆش هاتەوە. چاوی هەڵێنانو بە ئەسپایی گوتی: "ئازارم هەیە...."و دووبارە بورایەوە.

دکتۆرەکە بە توندی گوتی:

– دەرزی قوەتی لێ بدەن!

هەردوو کیژە پەرستارەکە بە دەوری نەخۆشەکەیا هەڵدەسوڕان. دکتۆرەکە چووە دیار مێزە مێزەکەدا لە عاردی کەوتبوون. یەکێك لە پەرستارەکان پێشتر فریا کەوتبوو: جانتا دەستیەکەی مەهدی کە سووچی وێنەیەکی بچکۆلەی لێوە هاتبووە دەرێ و خوێناوی بووبوو، وپانداندو پاکەتە جگەرەکەی مەهدی لە بەرکی دەربێنیو هەموویانی لەگەڵ دەمانچەو پشتێنەکەیدا لەسەر قەراخی پەنجەرەکە دانا بوو.

دکتۆر بە دەستەسڕەکەی وێنەکەو جانتاکەی سڕی. لە وێنەکەدا لاق کەوانەییەکە. بلوزو فانیلەو پانتۆڵەکەی مەهدی کە لە خوێنا هەڵکشابوون لە پاڵ مەهدی بە سیمای گەشو لێوی بە خەندەوە، دەست لە گەردنان لەگەڵ دوو گەنجی دی دا لەسەر بورجی حەوزێکی زستانەدا وەستا بوو. دکتۆر بە خۆشحاڵیەوە روانییە وێنەکەو لە دڵی خۆیدا گوتی: "وەرزش خاراندوێتیو لەشی کردووە بە پۆڵا!"

دکتۆر جانتاکەی لەجێی خۆی دانایەوە، چوو بەلای نەخۆشەکەوە. دەرزی کافاینو کامفر– یان لە مەهدی دابوو. بەڵام هەر بێ جوڵە بوو و دڵی بە ئاستەم لێی دەدا، دڵۆپە ئارەقەی سارد نیشتبووە سەر تەوێڵی.

بەدەنی خاراوو توندو تۆڵی مەهدی خوێنی کەم بوو!

سیرگی نیکۆلایوڤیچ بەبێ تاقەتییەوە هەستاو چوو بۆ لای دکتۆرو بە ئەسپایی پرسی:

– حاڵی خراپە؟

دکتۆر بە شێوەیەکی گۆنگ سەری باداو بە پەرستارەکانی گوت:

– دەرزییەکی دی لێبدەن!

ئەوجا قۆڵی کرد بە قۆڵی سەرهەنگ داو گوتی:

– با بڕۆین!

پارتیزانەکان، کە هۆڵەکەیان پڕ کردبوو خامۆش بوون، هەموو بە حەپەساوی دەیان ڕوانیە دکتۆرو سەرهەنگ.

دکتۆر بە دەنگی بەرز گوتی:

– زۆر سەیرە سەرهەنگ، چەندین ساڵە خەریکی دکتۆریم کەچی لەگەڵ بۆنی دەرمانان ڕانایەم. ئەگەر زوو زوو نەیەمە لە ژووریٚ ڕا نەیەمە دەریٚو هەوای ئازاد هەڵنەمژم بۆ شەویٚ ژانە سەر دەمگریٚ.

پارتیزانەکان بە سەرسامی دەیانڕوانییە یەکدی‌و نەیاندەزانی ئەم گفتوگۆ وشك‌و ئاساییەی دکتۆر چۆن لێك بدەنەوە. ئیستا کە میخائیلۆ لەو دیو ئەم دەرگا سەختەوە بە گژ مەرگا دەچیٚ، وەختی ئەم قسانەیە! ئەمە کارێکی دروستە! پارتیزانەکان دەیانزانی وەزعی مەهدی زۆر خراپە – دەنا بە بێهۆشی نە دەهێنرا بۆ ژووری دکتۆرو سەرهەنگ ئەوەندە لە ژوورەوە ماتەڵ نەدەبوو. بەڵکو لەگەڵ فرەرۆ و سەد پارتیزانی دیدا دەکەوتە تاقیبی سەرۆك‌و بن بەردو دارو دەوەن‌و پەناو پەسێوی بۆ دەگەڕا. کە پەرستارەکە لە کاتی عەمەلیاتی مەهدی دا بە غار هاتە دەریٚ، رووی لیٚ وەرنەدەگێڕان! دەرفەتی دەدان پرسیارێکی حاڵی مەهدی لیٚ بکەن! خۆ بە دەم ڕێوە چاوی سڕی! ئەوەتا دکتۆرو سەرهەنگ نیگایان لیٚ دەدزنەوە، ئیدی لە کیٚ بپرسن؟

سەرهەنگ بە پێداگرییەوە دووبارەی کردەوە:

– حاڵی خراپە؟

دکتۆر بە دەنگی بەرز پرسی:

– ئەریٚ فەرماندە هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟

سەرهەنگ بە بیٚ سەبرییەوە گوتی:

– نەء ، ئەگەر گەڕاباوە یەکسەر بۆ ژوورەکەی تۆ دەهات.

ئەوجا بەئەسپایی گوتی:

– ئەریٚ بۆ پێم ناڵێی! حاڵی خراپە؟

خۆیان کرد بە ژوروێکی چۆڵ دا.

دکتۆرەکە وێستا. کەسی دی لە ژوورەوە نەبوو. دکتۆر بە ڕاشکاوی گوتی:

– حاڵی خراپە. خوێنێکی زۆری لەبەر رۆییوە. ئەگەر خوێنمان هەبوایە خوێنم تێدەکرد. دوێنیٚ دوا بوتڵە خوێنمان بەکار هیچنا.

سەرهەنگ یەکسەر گوتی:

– باشە خوێنی منی تێبکە.

– باشە دەزانی خوێنەکەت چ گروپێکە؟

–نە .....

– ئاخر ئەمە گرینگە. من دەزانم خوێنی میخائیلۆ گروپی یەکەمە. دەبێ دڵنیابم کە ئەو خوێنەی تێی دەکەم لە گروپی یەکەم بێ. بەڵام نە تاقیگەمان هەیەو نە خوێنی حازریش.

سەرهەنگ پاش سووکە هەڵوەستەیەك گوتی:

– خوێندەر پەیدا دەبێ.

سەرهەنگ بە هەنگاوی پتەوەوە بەرەو هۆڵەکە گەڕایەوە.

دکتۆر دەیویست دوای بکەوێ. بەڵام لە سوچێکی تاریکا کیژۆڵەیەکی بەدی کرد کە کزکۆڵەی کردبوو. دکتۆر بەسەرسامی بانگی لێکرد:

– ئانژلیکا! ئەوە چ دەکەی لێرە؟

ئانژلیکا ڕاچڵەکی:

– من... من... هیچ... هەروا ... لێرە دانیشتووم. بەڵێ، هەروا... بۆ خۆم دانیشتووم.

ئانژلیکا بێوەی بەخو بزانێ ماتو خەمبار، پرچی پەریشانو ئاڵۆزکاو بەسەر شانو ملیدا رژا بوو، لێوی لەرزۆك بوون... ئانژلیکا بە پەلە گوتی:

– ئەگەر دانیشتن لێرە قەدەغەیە،دەتوانم لێرە بڕۆم.

دکتۆر گوتی:

– نا، دانیشە.

بەڵام ئانژلیکا بە دووی دکتۆردا چوو بۆ هۆڵەکە.

پارتیزانەکان لە دەوری سەرهەنگ کەڵەکەیان کردبوو. سەرهەنگ دەیگوت:

– میخائیلۆ پێویستی بە خوێنە. کێتان ئامادەیە خوێنی خۆی بداتێ؟ بەڵام بەو مەرجەی دڵنیا بێت کە خوێنەکەی گروپی یەکەمە!

گەنجێکی بولغاری تۆکمە ، پاڵتۆیەکی مۆدو شیك،بەڵام زۆر تەنگی لەبەر بوو، نیتاقێکی سەربازی لەسەر بەستبوو، خۆی ڕەپێش خست وبە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– خوێنی من گروپی یەکەمە !

سیلویوف توڕەو خەمگین بوو. کیفی دەمانچەکە کە خوار ببوو راست کردەوەو گوتی:

– جا خوێنی تۆ بۆ! خوێنی من یەکاو یەکە.خوێنی دەرەجە یەکە.

هانری دویز کە پارتیزانێکی گەنم رەنگ بوو، قسەکەی پێ بڕی:

– دەزانی پێویستە خوێن لە من وەربگرن، چونکە ئێمە هەردووکمان خەڵکی باشوورین.

بەڵام زوو پەی بە هەڵەکەی خۆی بردو بێدەنگ بوو.چما کەسێك کە بزانێ سیلیەتی پێشنیازی خوێندان دەکات ؟

ئاشپەزە پیرو لاوازەکە کەوتە بۆڵە بۆڵ:

– لە باشوریش خوێنی جیاواز هەیە من پیر بوومو هەر پێستو ئێسقانم ماوە، بەڵام خوێنم یەکجار گەرمەو هەر بەم خوێنەوە ماوم....

سیرگی دەستی هەڵبڕیو داوای بێدەنگی لێکردن.

دکتۆرگوتی:

– هاوڕێیان تکایە بێدەنگ بن. قسەی سەرهەنگە ئەوی دەیەوێ خوین بدا دەبێ گروپی خوێنەکەی خۆی بە دڵنیایی بزانێ....

دکتۆر، ڕووی کردە لاوە بوڵغارییەکەو گوتی:

– باشە تۆ چۆن گروپی خوێنەکەت دەزانی؟

– دوو ساڵ پێش جەنگ لە خەستەخانە کەوتبووم‌و لەوێ خوێنەکەمیان فەحس کرد.

– یانی نەخۆش بوویت؟ نەخۆشییەکەت چی بوو؟

بوڵغاریەکە هێشتا وەڵامی نەدابووەوە کە ڤاسیا بە پرتاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت‌و هەرکە زانی مقۆمقۆی چیانە خۆی گەیاندە سەرهەنگ و بەدەم قوڵ هەڵکردنەوە گوتی:

– سیرگی نیکۆلایوڤیچ! ئەڵمانەکان هەموو جارێ خوێنیان لە من دەگرت‌و وشکیان دەکردەوە. ڕێك بەر لەوەی... بەر لەوەی مەهدی بۆ ئێرەمان بێنێ خوێنیان لێگرتم... من دڵنیام کە خوێنەکەم گروپی یەکە!

دکتۆر، بە ئەسپایی ڤاسیای وەپێش داو گوتی:

– با بڕۆین!

لەگەڵ سەرهەنگ دا چوون بۆ ئەو ژوورەی کە مەهدی لێ کەوتبوو.

پارتیزانەکان بێدەنگ بوون‌وڕێیان بۆ کردنەوە. بیانەوێ و نەیانەوێ دەبێ رازی بن بەو سەرکەوتنەی کە بە نسیبی ئەو لاوە ببوو.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ رووی کردە پارتیزانەکان‌و لە کانگای دڵەوە گوتی:

– هاوڕێیان، سوپاستان دەکەین.

ڤاسیا هیچی نەدەبیست، لە پڕ هەستی بە ئاسودەییەکی سەیر کرد. بەر لە ئێستا پەشێو بوو، خەفەتی بۆ وەزعی مەهدی دەخوارد.... بەڵام ئێستا دەیزانی دەچێتە ژوورەوەو خوێنی ئەو دەکەنە مەهدییەوەو حاڵی چاکتر دەبێ‌و خەوی لێدەکەوێ. پاشان لە خەستاخانە دێتە دەرێ‌و دیسان پێکەوە دەبن.

ڤاسیا وەختێ کە بە تەنیشت ئانژلیکا دا ڕەت دەبوو هەر بۆ هاندان و دڵنەوایی ئەو سەرێکی لەقاند.

بەڵام ئانژلیکا هێشتا پەشێوو بوو، لە حاڵەتێکا بوو کە مرۆڤ واتەسەور دەکات هەموو شتێك بە تاریکی و لێڵی دەبینێت و گوێی بە دروستی نابیستێت. بەڵام لە راستیدا هەستی بە هەموو شتێك دەکردو بچووکترین شتی بەسەردا تێنەدەپەڕی ،بەڵام توانای ئەوەی نەبوو ئەم وردە شتانە پێکەوە گرێ بداو رستێکیان لێ بهۆنێتەوەو ئەوسا وەکو پێویست دەرکیان بکا.

ئانژلیکا بە ئەسپایی بە هۆڵەکەدا ڕەت بوو، لەسەر تەختێکی باریکی پاڵ دیوارەکە ڕۆنیشت، بیری پەرت‌و بڵاو بوو... دیارە کاتێ کە ئەو بەرەو تەختەکە دەچوو، دکتۆر خەریکی ئەوە بوو کە خوێنی ڤاسیا بکاتە مەهدییەوە.

ئانژلێکا کۆنتریش، یانی لەوساوە کە لە تریست بوو دکتۆری دەناسی، دکتۆر ئەو کاتانە لە دەرمانخانەی بەندەردا کاری دەکرد. دکتۆر پیاوێکی بەدەستو برد نەبوو، بەڵام وێڕای ئەوەش بە چاکی فریای کاری خۆی دەکەوت.

ئێستا دەبێ وەزعی روو لە چاکی بێ. ئەدی ئەگەر بە رێکەت وەزعی مەهدی خراتر ببێ؟... ئانژلیکا وای دەهاتە بەرچاو کەوتۆتە گێژاوێکی تاریکو ساردەوەو هەناسەی توند بووە. پاش چەند سانییەیەك ئەوجا ئانژلیکا تۆزێ بە خۆ هاتەوە. ئانژلێکا بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە پێشبینییە خراپەکانی لە دڵی خۆی دەردەکرد. نا، مەهدی دەبێ بژی. مەحاڵە مەهدی نەژی!... مەهدی بە چاوە پرشنگدارو گەشەکانییەوە لە بن پێڵوە هەڵماساوەکانیەوە سەیری ئەو دەکا، بازووە بە هێزەکانی لە قەدی ئانژلیکادەئاڵێنێ وگۆنای بە گۆنایەوە دەنێت .ئانژلیکا بۆ وای هەست دەکرد مەهدی پاش چاك بوونەوە بە نیگای پڕ نەوازشتەوە سەیری ئەم دەکاو لە باوەشی دەگری؟.

ئانژلیکا ئەم پرسیارەی لە خۆ نەکرد، خۆ ئەگەر ئەم پرسیارەی بکردایە، ئەوا ئەو هەستە ئاگرینو ئاڵۆزەی کە سەراپای بوونیان داگرتبوو، زراوی دەبرد.

ئانژلیکا دەمێ بوو لەسەر تەختەکە دانیشتبوو. هەڵکوڕما بوو سەری خستبووە نێو هەردوو دەستی. لە پڕ یەکێك لە تەنیشتییەوە دانیشت، ڤاسیا بوو. ئانژلیکا نەیزانی ڤاسیا چۆن خۆی گەیاندۆتە تەختەکە .

ڤاسیا هەناسەیەکی شادی هەڵکێشاو گوتی:

– حاڵی باشتر بووە!

ئانژلیکا هێزێکی وەبەر هاتەوەو پرسی:

– بە هۆش هاتەوە؟

– هێشتا نە ، بەڵام دڵی باش لێدەدا، هەناسەی باشە. دکتۆر دەڵێ چاك دەبێ...

ڤاسیا هەستی دەکرد لەشی سووك بووە، بەدەنی سەنگی خۆی لە دەست دابوو. هەرچەند جووتێ پۆستاڵی قورسی لەپێ دابوون، بەڵام هەستی بە پێیەکانی خۆی نەدەکرد. کە دەستی دەجوڵاندن وایدەزانی دەفڕێ.پاش دەقەیەك کاتێ ئانژلێکا دەستە گەرمەکانی، بە روومەتی ڤاسیاوەو گرت ماچی کرد، هەستی فڕینی ڕاستەقینە باڵی بەسەر ڤاسیادا کێشا.

ڤاسیا دەستی نایە سەر شانی ئانژلیکا، بەڵام نەیتوانی ماچی بکا. ڤاسیا پێڵوەکانی نایە سەریەكو سەرە سپییەکەی خستە سەر سینگی ئانژلیکا.

ڤاسیا سەری دەسوڕا. مەعلوم نەبوو لە خۆشیدایە یا لە لاوازیو بێ تاقەتیدا: ڤاسیا خوێنێکی زۆری دابوو.... سستیو بێ تاقەتییەکی خۆش بەدەنی داگرت. سەری بە ئەسپایی خزییە باوەشی ئانژلیکاو خەوی لێکەوت.

دوو سێبەری درێژ لە نێو هۆڵەکەدا بە دیارکەوتن. بەرە بەرە درێژتر بوون، ئەوجا دیار نەمان، پاش دەقەیەکی دی بە دیارکەوتنەوە...

دوو کەس بوونو بە هۆڵەکەدا دەهاتنو دەچوون. ئانژلیکا نەیدەتوانی بە سێبەرەکاندا بیانناسێتەوەو بزانێ کە ئەم دوو کەسە فرەرۆی فەرماندەی تیپو سیرگی نیکۆلایوڤیچن.

هەردووکیان، فرەرۆویاریدەدەرەکەی خەمبار بوون.

فرەرۆ دەیگوت:

– پارتیزانەکانم بەدە قۆڵا نارد، بەڵام هیچ دەستەیەکیان تووشی کارانتی نەبوون...

فرەرۆ دەستەکانی بەم لاو بەولادا بڵاو کردەوەو لەسەری ڕۆیی:

– وەکو ئەوەی زەوی قووتی دابێ.

سیرگی نیکۆلایوفیچ مەزەندەی خۆی وت:

– بێگومان لە هەڵدێرەکەوە داگەڕاوە.

فرەرۆ بە تووڕەییەوە گوتی:

– بێگومان. بەڵام لەوێشدا هیچمان نەبینی. فایدەی نییە تازە ئەم شەیتانە لە دەستمان دەرچوو.

جلەکانی فرەرۆ تەڕ بوون، پشکە قوڕ بە پانتۆڵو پۆستاڵو پۆستینەکەیەوە لکابوو. سمێڵە چڕەکەی شۆڕ ببۆوەو وەکو هەمیشە پایپەکەی بەدەمەوە بوو.

چارەی هێمنو میهرەبانی سێرگی نیکۆلایوفیچ گرژ بوو و بە دەنگێکی پڕ مەعناوە گوتی:

– مەهدی لە خەتەر دەرباز بوو، هەنووکە دەبێ تیپەکە لە خەتەر بپارێزین.

– دەبێ ئەمڕۆکە بکەوینە خۆو ئەم کارە بکەین! سبەی کارانتی دەگاتە تریستو فاشییەکان دەبینێو هەموو ئەم مەعلوماتانەیان دەخاتە بەردەست کە تەنیا منو تۆ و ئەو–کارانتی– ئاگامان لێیەتی. ئاخ!ئەگەر ئەم ناکەسەم دەکەوتە دەست!

فرەرۆ ئۆقرەی لێ بڕا بوو.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ گوتی:

– چارمان نییە، دەبێ لێرە بڕۆین.

فرەرۆ ئاهێکی هەڵکشاو گوتی:

– دەبێ خۆ بگەنینە دارستانە دوورەکان. هەموو خەتو خوتوتێکی پێوەندییەکانمان بگۆڕین. کارانتی خۆی دەنوێنێ. سەرهەنگ باوەڕ بە قسەکەم بکە!

سەرهەنگ کە نقومی بیر کردنەوە بوو گوتی:

– باوەڕ دەکەم. با بڕۆین.

شەوی پاشتر دکتۆر ناچار بوو دەرمانخانەکەی بگوازێتەوە بۆ کەپرێکی پەرپوت کە بە پەلە پەل لە لقو پۆپی دار کاژو پارچە چادر، لە کەنار چیمەنێکی چکۆلەی نێو دارستانێکی چڕو تاریکا دروست کرابوو.

دکتۆر کاری زۆر بوو. پاش سەرماو بەفرو باران، لە پڕ دنیا گەرم بوو، ئەو کاژە بەفرەی کە زەوی گرتبوو توایەوەو بوو بە قوڕە لیتە. پارتیزانەکان ڕێگایەکی زۆریان بڕی بوو، سێ قۆناغە ڕێی سەختیان بڕی بوو، کە لە قۆناغەکاندا لایان دابوو تا تۆزێك پشوو بدەن، لەسەر زەوی تەڕو شێدار راکشا بوونو ژمارەیەکیان سەرمایان ببوو. ژمارەیەك لە نەخۆشەکان کە ڕۆژگار

خاراندبوونی خۆیان به پێوه دەگرت. بەڵام چەند کەسێکیان هێند کەسیره ببوون که توانای ڕۆیشتنیان نەبوو.نەخۆشه تازەکانو نەخۆش و بریندارەکانی پێشوو که به دەست کارگێڕانی نۆژداری تیپی پارتیزانی سپێردرابوون، هێند زۆر ببوون نەخۆشخانەیەکی گەڕۆکی تەواویان تەواویان دەویست. له سەرەتاوه نەخۆشخانەکەیان به ترێلەو عارەبانەو ئەو ئەمبولانسەی که له شەڕێکا له ئەڵمانەکانیان گرتبوو،گواستەوه، بەڵام فرەڕۆ پارتیزانەکانی هێنایه نێو دارستانێکی هێند چڕەوه که هیچ ڕێگایەك نەماو ناچار بوون، ترێلەکانو ئەمبولانسەکه هەر لەوێ دا، له نێو دارستانەکەدا وەشێرنو دەستەبەره دروست بکەنو کەرەستەی نەخۆشخانەکەو نەخۆشەکان به شان بگوازنەوه. تەنیا مەهدی و دوو سێ نەخۆشی دی نەبێ کەحاڵیان زۆر خراپ بوو، خرانه شڕه عارەبانەی دوای هێستران و بەجیڕەجیڕ بران.

لەم دارستانەدا کۆنه حەشارگەو کەوێڵێکی ڕاوچیان هەبوو، هەرچەند کەوێڵەکه نزم بوو، بەڵام جێی ده کەسێکی تێدا دەبووەوه. فرەڕۆ فەرمانی دا که خێرا چەند کەوێڵێکی دی بۆ نەخۆشەکان دروست بکەن.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ سەری له توانای له بن نەهاتووی فەرمانده سووڕ ما بوو، فریای هەموو شتێ دەرکەوت، جێی دەدۆزیەوه، دواکەوتووەکانی هان دەدا، سەری حەرەسەکانی دەدا، سەنگەرەکانی بەسەر دەکردەوه، گوێی له سکاڵاو گلەیی ئاشپەزەکه دەگرت، سەیری نەخشەی دەکرد، فیشەکی دابەش دەکرد، بیری له نەخۆشەکانیش دەکردەوه.

سەرهەنگ بڕیاری دا پشوویەك بدا، خۆی له پاڵتۆیەکەوه پێچاو له بن درەختێکا ڕاکشا.

فرەڕۆ، سیلویوڤ لەسەر ئەوه سەرزەنشت کرد که بۆ لەگەڵ ڤاسیادا له پاڵ عەرەبانەکه دانیشتوون و قسه لەگەڵ مەهدیدا دەکەن له کاتێکا که دەبێ مەهدی بخەوێ. پاشان فرەڕۆ حیمایەکەی خۆی گازکردو بەرەو شوێنێ به پەله ڕۆیی.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ که هەستا چوو بۆ لای ئەو پارتیزانانەی که له دەوروبەری کەوێڵەکەدا خەریکی چادر هەڵدان بوون، ئەوەیش شان به شانی وان کەوته کارکردن.

تەنانەت شنەیەکی به ئاستەمیش نه دەهات. دنیا کپو گەرمو شێدار بوو. دڵۆپه خوناوی درشت له لقی دار کاژەکان دەتکا.شڵپه شڵپی قوڕاوی ژێر پێیان هەر باسی مەکه. تەمومژ بەره بەره دنیای دەگرت، تەمەکه له نزیکەوه تەنكو سووك بوو و به ئاستەم هەستی پێ دەکرا، بەڵام که دەیان ڕوانییه دوور وایان دەهاته بەرچاو که پەردەیەکی لۆکەچنی ئەستوور بەسەر ئۆردوگاکه دادراوەو قەراخەکانی گەییوته بن پێیان. دەنگی دووری تەورو شریخەی لق وپۆپی دار کاژو ،بۆڕەی گاو گۆتاڵو، چپه دووی خەڵکانێك که سەرقاڵی گفتوگۆ بوون، له نێو تاریکه شەوەکەوه به ئاستەم دەهاته گوێ.

پارتیزانەکان دەبوو ئۆردوگای خۆیان له نێو دارستانەکەیا دامەزرێنن.

کوانوویان له عاردەکه هەڵدەکۆڵیو پڕیان له سەرەدارو گەڵا دەکردو ئەو کترییانەی که دوێنێ له ڤێلاکەدا لەسەر سۆپای مەڕمەڕی دادەنران، ئێستا دەخرانه سەر سێکوچکەو بەم کوانوانه دەهێنرانه کوڵ.گەڵاو هەژگیان له عاردی ڕادەخست وپەتۆکانیان بەسەردا ڕادەخست، سەنگەریان

لێ دەدا، پەناگایان دروست دەکرد، ڕێگەیان بۆ لوتکەی شاخە بەرزەکەی تەنیشتیانەوە لێ دەدا، چونکە لەسەر ئەو شاخەوە هەموو دەوروبەر دیار بوو و بە تەما بوون مەقەڕی دیدەوانی لە وێندەر دابنەن.

چادرێکیان بۆ ئازووقە تەرخان کردبوو، ناوەکەیان گەلاڕێژ کردو کەوتنە گواستنەوەی گونییە ئاردو دانەوێڵەو پاکەتە خوێ بۆ ناو ئەو چادرە.

ئاشخانە سەراییەکەیان لەو نزیکانەوە دووکەڵی دەکرد ، ئاشپەزە پیرەکە بەدەست چیلکەی تەڕەوە کە ئاگری نەدەگرت، گیرۆدە ببوو پڕ بە زاری جنێوی دەدا.

خات پیلانیچکا گەرم داهاتبوو، شەلاڵی ئارەقە ببوو، لەگەڵ جەنگاوەرەکاندا خەریکی پەناگا دروست کردن بوو.

سیرگی نیکولایوفیچ لێی پرسی:

– چۆنی؟

پلانیچکا ڕاچڵەکی،مینگە مینگێکی لێوە هات:

– زۆرچاکم ... زۆر.

پلانیچکا پتر لەوە دەترسا بە زگەکەی بزانن‌و چەکەکەی لێ بسێنن‌و بینێرن بۆ گوندێکی دوورو چەپەك. کە سەرهەنگ ڕۆیی، پلانیچکا هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا.

ئانژلیکا بە تەنیشت سەرهەنگدا ڕەت بوو. ترمۆسێکی پێ بوو، داوای ئاوی گەرمی لە ئاشپەزەکە کرد تا چای بۆ مەهدی دەم بدات .

ئانژلیکا چای لێنا، هاتە تەنیشت عەرەبانەکەوە. بە کوپێکی نایلۆنی ڕەش هەڵگەڕاو چەند دڵۆپە چایەکی بە دەم مەهدییەوە کرد.

مەهدی گوتی:

– ئانژلیکا، مەمنونم.

دەنگی مەهدی هێشتا زۆر کز بوو.

مەهدی لەسەر لا لەسەر دۆشەکێکی نەرم کە لە ناو عارەبانەکەدا بۆیان ڕاخستبوو پاڵ کەوتبوو، لە نێو داربەستی ڕاست و چەپی دیوار ی گالیکەکەوە کە دەتگوت لە پشت شیشبەندی زندانەوە دانیشتووە، تەمەشای ڤاسیای دەکرد. ڤاسیا ئامۆژگارییەکەی فرەڕۆی لە بیر مابوو، بۆیە قسەی دەگەڵ مەهدی نەدەکرد، بەلام لە نزیکی ئەو مایەوە.ڤاسیا دەستی هێسترەکەی بە گوریسێك بەستەوەو هەندێ گیای وشکی لە ژێر عەربانەکە دەرهێناو کردییە بەر هێسترەکە.

ئانژلیکا، دەیزانی کە دەبێ شەوێ لەگەڵ پلانیچکاو پەرستارەکاندا بخەوێ، بۆیە بەرەو کەوێڵەکان وەڕێکەوت.

مەهدی بە نیگایەکی پەریشان و دوورو درێژ بەڕێی کرد، لە ناخی دڵەوە گوتی: "ئانژلیکا! چ ناوێکی جوان‌و خۆش ئاهەنگی هەیە! خۆیشی جوان‌و دڵڕفێنە. کە برولوف ئەم بابەتە ژنە ئیتاڵیانەی دەکرد بە تابلۆ کەس باوەڕی نەدەکرد ئەم جۆرە ژنانە لە تەبیعەتدا هەبن...

دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ئەو ژنانە بوونەوەرگەلێکی دیکە بوون...

ئانژلیکا لەهەر ئەنگێوەیەکی کارامە سەگڤاتر بوو، دەرزی هەڵدەگرت. هەرکاتێ پێویست بکات پانتۆڵێکی پیاوانە لە پێ هەڵدەکێشێ‌و لەتۆ وایە لە رۆژی ئەزەڵەوە بە کوڕی خوڵقاوە، دەتوانێ لە شەوو رۆژێکا ٥٠ کیلۆمەتر رێگا ببڕێ... ئەمەش ناسکە رەگەز!"

مەهدی بەدەم بیرکردنەوەوە ردێنە زبرو تەنکەکەی خوراند، ئەوجا لەخۆڕا ئەو دیمەنەی هاتەوە بەرچاو کە چۆن ئانژلیکا رۆژێك لە تریستدا زللەیەکی مزری سرەواندە بنا گوێی نایب زابتێکی ئەڵمانی ، نایب زابتەکە هاتبووە رێی‌و دەیویست بەتۆپزی ماچی بکا. نایب زابتەکە خۆی بە پێوە نەگرت‌و لە شەقامەکەدا کەوت. کابرای نایب زابت بە پەلە هەستایەوەو ویستی پەلاماری ئانژلیکا بداتەوە، بەڵام ئانژلیکا سەربەرزو توڕە لەبەردەمیا وێستاو لە سەر پێ بوو تا یەکێکی دی بە دەم‌و فلْقیا بکێشێ. رێك لەم کاتەدا مەهدی کە جلی سەرگوردی ئەڵمانی لەبەر بوو خۆی گەیاندێ. کۆمەڵێ دارۆغەو ئینزیبات بەدەم شەڕەکەوە هاتبوونە وێندەر. مەهدی دەستوری دانێ کە نایب زابتەکە بەرن‌و بیخەنە تەوقیفخانەوە، ئانژلیکاشی لەگەڵ خۆدا برد.سەرەتای ئاشنایەتی مەهدی‌و ئانژلیکا بەو جۆرە دەستی پێکرد.

مەهدی پاشان ئانژلیکای بردە ناوپارتیزانەکان، بەڵام بۆیان دەرکەوت کە ئانژلیکا پێشتر پێوەندی بە هاوڕێ "پ"ەوە هەبووەو مەعلوماتی لەمەڕ وەزع‌و حاڵی شاری تریست بۆ کۆکردۆتەوە. ئانژلیکا وەکو هاوکار لەگەڵ مەهدیدا کەوتە کارکردن. کەشف کردن‌و تاقیب کردنی دوژمن کاری دڵخوازی ئانژلیکا بوو. ئانژلیکا توانی کارێکی وا بکا مەهدی قەدرو حورمەتی بگرێ، پێوەندیەکی دۆستانەی سەربازیان لەنێوان دا چێ بوو – وەکو ئەو پێوەندییەی کە لە جەبهەکاندا لە نێو پیاواندا دروست دەبێ– مەهدی ئەو سووکە میهرەبانییەی کە ئانژلیکا دەرهەق بەو دەری دەبڕێ، بە زادەی هەمان دۆستایەتی سەربازی دەزانی. کە ئانژلیکا بۆ ئەنجامی چالاکی و ماموریەتێك لەگەڵیا دەچوو، زۆر بە زەبت و زاکون بوو لەگەڵیا، کەم‌و زۆر بە ستایش‌و مەدح نەی دەلاواند. مەهدی وەك چۆن لە کاتی جەنگی ستالینگرادا وا ڕاهاتبوو بە هەر سەربازێك بڵێ "تۆ" بەو جۆرەش وەختێ کە قسەی دەگەڵ ئانژلیکا دەکرد پێی دەگوت "تۆ"، بەڵام ئانژلیکا بە پێچەوانەوە بەوی دەگوت "ئێوە". پێوەندی وان تا رادەیەکی زۆر وەکو پێوەندی نێوان فەرماندەو ژێر دەستی فەرماندە بوو، یانی وەکو چۆن فەرماندە ژێر دەستی خۆی باوکانە خۆش دەوێ‌و ئازادانە قسەی دەگەڵ دەکاو ژێر دەستیش چۆن ئەوپەڕی رێز دەرهەق بە فەرماندەکەی دەنوێنێ. مەهدی ئەم پێوەندییەی پێ چاك بوو و لە بیری گۆڕینیدا نەبوو. مەهدی بە هیچ جۆرێ بیری لەوە نەدەکردەوە . تەنیا بیری لای ئەوە بوو چۆن ئەرکی سەر شانی بەرانبەر بە وڵاتە دوورەکەی پیاوانە ئەنجام بدا... ئانژلیکاش کە ئەمەی لێ دەبینی هێندەی دی رێزی دەگرت.

ئانژلیکا لە مەهدییەوە فێری ئەوە دەبوو کە لەڕای ئامانجدا خۆڕاگرو شێلگیرو کۆشا بێ. هەڵبەتە سەرهەنگ گوتەنی مەهدی جار جارێ بەلەسە دەبوو و لە خەت دەردەچوو و بە خۆڕایی گیانی خۆی دەخستە خەتەری ئاگری ڕیسك وسەرکێشییەوە، بەڵام ئەم ئازایەتی‌و بێ باکی‌و بێ پەرواییە دڵی ئانژلیکاشی داگیر دەکرد.

زۆرجار دوو بەدوو بە شەو دەچوونە چالاکی و ماموریەت، مەهدی دەی بینی کە چۆن چاوانی رەش‌و درشتی ئانژلیکا لە تاریکیدا دەدرەوشێنەوە. ئانژلیکاش دەمانچە بەدەست ، هەر کاتێ بکەوتنایە تەنگانەوە شان بەشانی مەهدی دەهاتە دەست‌و تەقەی دەکرد. ئانژلیکا هاوڕێیەکی چاک‌و راستگۆو دلێر بوو!

پاشان ڤاسیاش هاتە تیپ. ڤاسیا کە مرۆڤێکی روح سووک‌و خۆش مەشرەب بوو، زوو بە زوو خۆشەویستی پارتیزانەکان‌و مەهدیشی بە دەست هێنا. بوون بە دۆست، دۆستایەتییەکەیان وا تۆخ بۆوە نەیاندەتوانی سەعاتێك بێ یەك هەڵبکەن. ئەوەی کە زۆر لێکدی نزیك خستبوونەوە ئارەزووی گەڕانەوە بوو بۆ ولات، نەخشەو پلانیان بۆ ئایندە دادەنا.

ئانژلیکا، بێ ئەندازە جوان و سەرنج راکێش و دڵرفێن بوو، بۆیە زاتێکی دەویست مرۆڤ لە شارێکی وەکو تریستدا زوو زوو لەگەڵ ئانژلیکادا بسوڕێتەوە. بەڵام ڤاسیا کە جلکی سوپایی ئەڵمانی لەبەر دەکرد وا دەگۆڕا کەبە هیچ جۆرێ نەدەناسرایەوە! بۆیە مەهدی ئەوی بە یاریدەدەری خۆی هەڵبژارد! ئانژلیکا ناچار بوو دەوری رابت، ببینێ کە لە رووی مەسئولیەت و خەتەرییەوە لە دەوری یاریدەدەر کەمتر نەبوو.

مەهدی دەیزانی ڤاسیا بە سادەدڵی خۆی ئانژلیکای خۆشدەوێ. " زۆر جار ڤاسیا باوەشی بە ئانژلیکادا دەکردو شتێکی بە گوێدا دەچپاند. ئانژلیکاش چاوەکانی دەنوقاند، پێدەچوو نزیك بوونەوەی لێوەکانی ڤاسیا ختۆکەی بدا. دۆستایەتیەکەیان پاك‌و سادە بوو هەر بە خۆشەویستی قوتابیانی ناوەندی دەچوو. بڕێکیش عەنتیکە بوو. ئەو میهرو دڵسۆزی‌و خۆشباوەڕییە مندالأنەیەی لە نێوانیاندا هەبوو یەکجار دڵگیرو لەبەر دڵان بوو....

ئانژلیکاو ڤاسیاو بە سەعات لە قەراخ دارستانەکە پێکەوە دادەنیشتن‌و بە شەوق‌و زەوقەوە دەربارەی شتێك دەدوان... مەهدی وای هەست دەکرد ئانژلیکا سڵ لەو دەکاتەوەو بە شەرمێکی پرسیار ئامێزەوە سەیری دەکاو وەك ئەوەی بپرسێت: "ئەرێ ئەم جۆرە رەفتارە بەجێیە؟ئەم رەفتارەی من دروستە ؟" مەهدی تەنیا بزەیەکی بە رووودا دەداو بە ئاشکرا لەزەتی لە شادی‌و بەختەوەری وان وەردەگرێت.

مەهدی بیرەوەری‌و یادگارەکانی لە خەیاڵ‌و مێشکی خۆی تاراندو هەوڵیدا بنوێ، بەڵام خەوی لێنەدەکەوت. مەهدی بە چاوی وازەوە ڕاکشا بوو. زامەکەی پشتی پلی دەدا، مەهدی دەترسا بجوڵێ. بریا زوو رۆژ دەبۆوە! بە رۆژەوە حاڵی باشتر بوو.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ هاتە دیار مەهدی‌و بە دڵسۆزییەوە پرسی:

– مەهدی، ئێستا چۆنی؟

– سیرگی نیکۆلایوڤیچ، چاکم‌و تەنانەت دەتوانم کەمێك پیاسەش بکەم...

سیرگی نیکۆلایوڤیچ دەستێکی بە سەریدا هێناو قژەکەی تێکەڵ کردو گوتی:

– چۆن فریاکەوتی پشت بدەیتە بەر کێردەکە ی؟

– شەیتانیش سەر لەمە دەرناکا... پێدەچێ لە نوختەیەکدا ئیهمالیمان کردبێ‌و ئەویش پەی بە هەموو شتێ بردبێ، بەڵام لە چ خاڵێکا خەمساردیمان کردووە؟.

– باشە، باشە، قەیدی نییە، خۆت ئازار مەدە، دەبیٚ ئەمە بۆ خۆ بکەینە دەرس‌و پەند...: شەوباش مەهدی .

– شەوباش سیرگی نیکۆلایوڤیچ. هیوادارم ئەوشۆ تانیاو پیتەر لە خەوا ببینی...

سەرهەنگ بزەیەکی کرد:

– مەمنونم، مەهدی گیان بنوو.

سەرهەنگ رۆیی. مەهدی خەوی لیٚنەدەکەوت. مەهدی بڕیاری دا لە عارەبانەکە دابەزیٚ‌و خۆی بجەڕەبیٚنیٚ‌و بزانیٚ داخوا دەتوانیٚ ڕیٚ بکا یا نا. خۆشبەختانە دنیا تاریکە شەوەو کەس نای بینیٚ کە چۆن لە تاو ئازار لوول دەبیٚ.

سەعات، دەوروبەری دووی پاش نیوەشەو بوو. کە پاسەوانەکە بەسەر قەراخی هەڵدیٚرەکەدا دەهاتوو دەچوو وەکو سیٚبەر دەبینرا.

مەهدی بە هەر حاڵیٚ بوو هەستایە سەر پیٚ، دەقەیەك وەستا تا هەناسەی بیٚتەوە جیٚی خۆی، لاقەکانی سست‌و بیٚ هیٚز هەر دەتگوت بەوەوە نین. مەهدی بە هەنگاوی بچووك و بە پاریٚزەوە کەوتە ریٚ‌و بەخۆی گوت: "کە گیان سەختم !" هەرچی زیاتر دەڕۆیی هەنگاوەکانی قایمتر دەبوون. هەر چوار دەوری چڕە دارستان بوو. خشپەیەکی سووکی شکانی لقە داریٚکی بەر گویٚ کەوت، باڵندەیەکی جەنگەڵی جیٚ خەوی بۆ خۆی خۆشدەکرد. مەهدی وای هەست دەکرد یەکیٚك چاودیٚری دەکا، بەڵام بیٚئەوەی ئاوڕی پشەوە بداتەوە خۆی بە نیٚو نەونەمامە کورتەکاندا کرد. هەستی ئەوەی کە چاویٚکی تیژی تیٚبڕاوە، دەست بەرداری نەدەبوو. مەهدی لەوە پتر خۆی پیٚ نەگیراو ئاوڕی دایەوە. ئانژلیکا لە بن دار سیٚویٚکی کیٚوی لق‌و پۆپ چڕا وەستا بوو. بۆ لەحزەیەك بە بیٚدەنگی چاویان بڕییە یەکدی، ئەوجا مەهدی بە ئەسپایی گوتی:

– ئانژلیکا، ئەوە بۆ نە نوستووی؟

ئانژلیکا بە گلەییەوە گوتی:

– هەستام سەریٚکتان لیٚبدەم... وتم ڕەنگە شتیٚکتان پیٚویست بیٚ، یانی تینوتان بیٚ‌و ئاوتان بویٚ... بەڵام کە لە نیٚو عەرەبانەکەدا نەم بینیت دڵم ترسا.میخائیلۆ چما ریٚیان پیٚداوی کە لە جیٚی خۆت هەستی؟

مەهدی قامکی خستە سەرلیٚوی:

–وس! هیٚواش قسە بکە!

ئەوجا بە ئەسپایی گوتی:

– یاڵڵا هەر ئیٚستا بڕۆ بخەوە!

ئانژلیکا سەری بردە دواوەو بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە:

– خۆ منداڵە کۆرپە نیم، دەتوانم لە ئیٚستاش درەنگ تر بنووم، بەڵام نە نووستن بۆ تۆ قەدەغەیە.

ئانـژلیکا بـۆ یەکـەمین جـار لـە قسـەی مەهـدی دەردەچـوو.... مەهـدی هەسـتی دەکـرد کـە نەدەتوانیٚ ئەمر بەسەر ئانژلیکادا بکاو نەدەتوانیٚ وای لیٚبکا گویٚرایەڵی فەرمانەکەی بیٚ.

مەهدی قاییل بوو:

– باشە دەڕۆم... دەڕۆم دەخەوم...

مەهدی گەڕایەوە بۆ لای عەرەبانەکە.

ئانژلیکا پرسی:

– یارمەتیت نەدەم؟

مەهدی وەڵامی دایەوە:

– نا، بە خۆم دەڕۆم... حاڵم باشە...

ئانژلیکا ماوەیەکی زۆر وەستاو چاوی لێ نەدەگواستەوە.

مەهدی بیری لە قسەکانی ئانژلیکا دەکردەوە: "خۆ منداڵە کۆرپە نیم" کەواتە ئاوها ئانژلیکا! "خۆ منداڵە کۆرپە نیم"... ئانژلیکا بۆ بەمجۆرە قسەی کرد؟ جاران قەت لە قسەی مەهدی دەرنەدەچوو... خۆی لەبەردەم مەهدی دا بە بچووك دەزانی، کەچی ئێستا؟ ... مەهدی نەیدەزانی چ گۆڕانێك لە ئانژلیکادا ڕووی داوە، بەڵام ئانژلیکا بۆیە یاخی ببوو، چونکە ئەشقی کەسێکی کەوتبووە دڵ، بەڵام نەیدەزانی کە ئاخۆ ئەو کەسەش ئەشقی ئەمی کەوتۆتە دڵ یان نا...

ڤاسیا، بەیانی سەری عارەبانەکەی مەهدی دا،لە کاتێکا بە وریاییەوە کەوتە ڕێك خستنەوەی لێواری لێفە ئەتڵەسیەکەی بان مەهدیو پرسی:

– سەرمات نییە ؟

مەهدی بە ناڕەزاییەوە گوتی:

– گەرمە. سبەی دوو سبەی هەڵدەستم.

ڤاسیا چ قسەیەکی لەو بارەیەوە نەکرد، چونکە دەیزانی قسەکردن دەربارەی هەندێ شت لەگەڵ مەهدیدا ئاو لە دنگا کوتانە، بۆیە قسەکەی گۆڕی:

– نازانم سیلویوف چوویتە کام جەهەنم ؟

سیلویوف وەڵامی دایەوە:

– وا دێم، دێم!

سیلویوف باوەشێك سەرچڵی دارکاژی رادەکێشا، یانکو و دوو پارتیزانی منداڵکاری دی یارمەتیان دەدا.

ڤاسیا بە سەرسامی گوتی:

– یانکو؟ ئەوە چدەکەی لێرەد؟ چۆن گەییشتییە ئێرە؟

یانکو بە غرورەوە گوتی:

– دەمێکە لێرەم. لەگەڵ ڕێپێوانەکەدا بووم، هەموو ئەو ماوەیە لە ریزەکەدا بووم.

– لە ریزەکەدا بووی؟

یانکو گوتی:

– بەڵێ، کە ئێوە کەوتنە ڕێ منیش چوومە سەرکردایەتی تیپ، کە سەرهەنگ چاوی پێم کەوت تکای لێکردم لە ریزدا بوەستم.

ڤاسیا بە تەوسەوە گوتی:

– یانی تکاشی کرد ؟یانی پێت وایه به تەمایه لێرە زاڕۆکخانه دامەزرێنیٚ؟

یانکو دووبارەی کردەوە:

– بەو خوایه تکای کرد!

یانکو ڕواڵەتێکی مەغرورانه وسەربەخۆی گرتبووە خۆ. دیارە سەرهەنگ نەیزانیوە بۆ کوێی بنێریٚ، بۆیه ڕێگەی داوە بەگەڵ پارتیزانەکان بکەویٚ.

بەلای یانکۆوە ژیانی پارتیزانی کتێبێکی جوانی پڕ لە نەقڵو حەکایەتی زۆر خۆش بوو، و یانکۆ هەستی دەکرد زۆری پێویست بەوەیه فەسڵێکی ئەم کتێبه بۆ خۆی تەرخان بکا.

سیلویف که لقەدارەکانی له پاڵ عەرەبانەکەدا هەڵدەچنی، به توندی و خۆپەسندییەوە گوتی:

–ئێرە بۆ تۆ زۆر سەخت دەبیٚ،ئاخ که سەخت دەبیٚ! تۆ له رۆژگارێکی زۆر نالەباردا هاتیه لای ئێمە.دەیسا غاردەو ئاوی گەرمم بۆ بێنه، زووکه دەی!

سیلۆیف پەرداخیەکەی خۆی دایه یانکو، یانکوش بەغار چوو بۆ ئاشخانەکە. سیلویوف چوو داری دی بێنیٚ.

یانکو، لە ڕێگادا دیموکرانیفی به دەستو پیٚ بەستراوی بینی که لەسەر کۆتەرە دارێك کزکۆڵەی کردبوو و پارتیزانێکی تفەنگ له شان چاودێری دەکرد.

یانکو لەو کاتەدا که حەرەسەکه رووی وەرگێڕا، فرسەتی هێناو هەر بەدەم ڕێوە دەستی بەرزکردەوەو تا توانی پەرداخێکی دا به پشت ملی دیموکرانیف دا.

یانکو به رقو کینەوە بڵمه بڵمێکی لێوە هات:

– هەی بیٚ قیمەت!

سیلویوف که له پشت یانکۆوە دەڕۆیی ئەم ڕەفتارەی بینی.

که لەو سەرەوە دە–گەڕانەوە یانکو پەرداخیٚ ئاوی گەرمو سیلویوف باوەشیٚ چڵو چێوی پیٚ بوو– سیلویوف به توندی وبه جدی گوتی:

– نابیٚ له بێدەسەڵاتو لێکەوتووان بدریٚ.

یانکو به خۆیشی دەیزانی کارێکی نابەجێی کردووە، بەڵام له کاتی وادا مرۆڤ خۆی پیٚ دەگیریٚ؟.

به لای ئەو کۆتەرە دارەدا که دیموکرانیف له سەری دانیشتبوو رەت دەبوون. پێی سیلویوف له پێی دیموکرانیف، که تا ناوەندی ڕێیەکه درێژی کردبوو، گیر بوو. سیلویوف توڕە بوو به پۆستاڵەکەی لەقەیەکی به ئازارو توندی سرەواندیٚو بەدەم جنێودانەوەهاواری کرد:

– زۆڵی حەرامزادە، له ناوەندی ڕێیەکه دانیشتووە!

یانکو به دیتنی ئەم بادانەوەیەی پشتیوانەکەی خۆی، له دڵی خۆیدا پێکەنی، بەڵام خۆی نەکردە خاوەنی.

دیموکراینفیش چ کاردانەویەکی نیشان نەدا جگه لەوەی که به زەردەخەنەیەکی ریاکارانەوە تەمەشایان بکا. ئەم کابرا پڕوپوچو ترسنۆكو بودەڵەیه ئامادە بوو تفی له چارە بکەن و چڵکاوی پێدا بڕێژن به مەرجیٚ نەیکوژن! له ناخی دڵ دا به تەما بوو پارتیزانەکان ببەخشن، چونکه گەر

مەبەستیان کوشتنی با ئەوا یەکەم شەوی راکردنەکەی کارانتی دەیانکوشت و بۆ ئێرەیان نەدەهێنا.

سیلویوف و یانکو چڵو چێوەکانیان لە پاڵ عەرەبانەکەی مەهدی دا تەخت کردو جێگەیەکی چاکیان بۆ خۆ دروستکرد.

سیلویوف پەرداخە ئاوەکەی لە یانکو وەرگرت، تۆزێکی لێخواردەوەو ئەوجا پەرداخەکەی لەلایەکەوە دانا، چووە تەنیشت کوانووەکەوەو کەوتە ئاگرکردنەوە ئەوجا بەبێ موبالاتی سەربازانی کۆنە کارەوە گوتی:

– کوڕینە وەرن دانیشن! ئەمەش ماڵە تازەکەمان!

دوو پارتیزانی منداڵکارو یانکو لەسەر چڵو چێوەکە دانیشتن.

ڤاسیائاگاداری کردنەوە:

– دەنگە دەنگ مەکەن. پێدەچێ میخائیلۆ نووستبێ.

مەهدی لە نێو عارەبانەکەوە گوتی:

– نا، نەخەوتووم. قسەی خۆتان بکەن.

یانکو لەسەر چڵو چێوەکە تلێکی داو گوتی:

– ڤاسیا، دەمەوێ لێت بپرسم کە زاڕۆکخانە چییە؟

– چما نازانیت ؟

– نەخێر، تا ئێستا شتی وام نەبیستووە.

– نازانم چۆنت بۆ باسبکەم.... زاڕۆکخانە "رياض الاطفال" شوێنێکی تایبەتە بۆ زاڕۆکان. منداڵ بەر لەوەی بچنە قوتابخانە، دەچنە زاڕۆکخانەو لەوێ وازی دەکەن‌و شیعر فێردەبن‌و... لەگەڵ مامۆستاکاندا دەگەڕێن. خواردن دەخۆن... بە کورتی گەڵاڵە دەبن.

یانکو پشت ملی خوراندو دووبارەی کردەوە:

– نەم بیستبوو.

ڤاسیا گوتی:

– کاکە، ئێوە زۆر شتتان نەبیستووە! لە وڵاتی ئێمەدا هەموو گوندێك زاڕۆکخانەیەکی تێدایە، لە شارەکاندا سەدان زاڕۆکخانە هەن، خۆ لە مۆسکۆدا ... دەزانی مۆسکۆ دوو هەزار زاڕۆکخانەی تێدایە. دوو هەزارو پازدە.

مەهدی بێ ئختیار بزەیەکی کرد. هەڵبەتە ڤاسیا لە خۆوە ژمارەی زاڕۆکخانەکانی مۆسکۆی گوتبوو، بەڵام قسەکەی لە ڕاستییەوە نزیك بوو.

سیلویوف فیکەیەکی کێشا:

– دوو هەزارو پازدە دانە؟

– ئەدی چی؟ خۆ بە خۆڕایی ناو نەنراوە مۆسکۆ!

یانکو هەستایە سەر ئانیشك:

– شتم لەمەڕ مۆسکۆ ژنەوتووە. بابم بۆی گێڕاومەتەوە... مۆسکۆ شارێکی گەورەیە!.

ڤاسیا به تەوسەوه گوتی:
– گەوره؟باشتره بڵێی مەزن! ئێمه له مۆسکۆدا شەقامێکمان هەیه بیست هێندەی شەقامی ڤیاگاگا دەبێ. ئەگەر به ترومبێل لەم سەری شەقامەکەوه بۆ ئەوسەری برۆیت چەندین سەعات دەبات. هێڵی ئاسنی ژێر عاردی مۆسکۆ هێنده جوانه که وێنەی له چ حەکایەتێکدا نییه. که دەچییه تونێڵەکەوه هەر هەمووی مەڕمەڕه، چڵچراو جوانییەکەی مرۆڤ دەحەپەسێنێ، قاڵدرمەکانی هەر مەپرسه. تۆ لەسەر قاڵدرمەکه دەوەستیو به خۆی دەتباته خوارێ. قیتاردێت و له بەردەمتدا دەوەستێ، سوار دەبیو بۆ هەر شوێنێکت بوێ دەڕۆی.
مەهدی له نێو عەرەبانەکه ڕاکشا بوو، به زەحمەت جڵەوی پێکەنینی خۆی دەگرت، چونکه دەیزانی ڤاسیا هەرگیز نەچووەته مۆسکۆی.
یەکێك له پارتیزانه منداڵکارەکان به تاسەوه گوتی:
– چەند خۆش دەبوو ڕێمان کەوتبا وێندەر، وانیه؟
سیلویوفپرسیارێکی غەدارانەی کرد:
– ڤاسیا، تۆ قەت له مۆسکۆ بووی؟
ڤاسیا کەمێك سڵەمییەوەو، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:
– نەخێر. له مۆسکۆ نەبووم .دەزانن، کورینه، بۆم ڕێنەکەوتووه. بەڵام هەر دەچم بۆ مۆسکۆ!... که شەڕ تەواو بوو ئەوجا بۆ خوێندن دەچم بۆ مۆسکۆ... دەمەوێ ببم به ئەندازیاری کشتوکاڵ!
مەهدی به گەرمی گوتی:
– بێگومان ڤاسیا. دەتوانی بشڵێی بەم زووانه!
یەکێك له پارتیزانه منداڵکارەکان که کوڕێکی ئیتاڵیایی قەڵەنگه لووت بوو سەری لەقاند:
– بەڵام من ناتوانم بخوینم... فێری خوێندنو نووسین بووم ئیدی دابڕامو نەمتوانی بەردەوام بم... ناچار بووم له ئاسنگەریدا کار بکەمو یاریدەی برایەکەم بدەم، پاشان برایەکەم مرد، دەبوا خوشکەکانو دایکم بەخێو بکەم. دایکم نەخۆش و خۆشکەکانم زۆر منداڵن.
ڤاسیا چووه لای کوڕه ئیتاڵیەییەکەوەو به چینچکانەوه بەرانبەری دانیشتو گوتی:
– بۆ تۆ وادەزانی هەر تۆ ناتوانی بخوێنی؟ یانکو و سیلویوف و هەزارانی وەکو ئەوانیش ناتوانن بخوێنن!
سیلویوف به سەرسامی پرسی:
– بۆ ؟
ڤاسیا له سەری ڕۆیی:
– لێرەدا زاڕۆکخانەش نابێ. به کورتی له ژیان بێ بەهره دەبن!
ڤاسیا کەمێك بێدەنگ بوو و ئەوجا به ڕقەوه لەسەری ڕۆیی:
– تا ئێوه به هۆش نەیەنو دەوڵەمەندانی وەکو خاوەنی ئەو هاوینه هەوارەی که خۆمانی تێدا بووین له کۆڵ خۆتان نەکەنەوه. ژیانتان هەر ناخۆش دەبێ. چونکه گوندو زەویو زارەکانیشتان

هی موڵکداره. ئاسنگەریو ئاشو دوکانان هی دەوڵەمەندانی گوندن...بەلاّم ئێوە خاوەنی هیچ نین!هیچتان بە دەستەوە نییە!..

سیرگی نیکۆلایوڤیچ بەهەنگاوی بێدەنگەوە لە پشتەوە هات و گەییە ئاستی عەرەبانەکە، سەرێکی کێشا ناو عەرەبانەکەو بە ئەسپایی لە مەهدی پرسی:

– خەبەرو باسی ئێرە چییە؟

مەهدی بە دەم بزەیەکەوە بە ئەسپایی گوتی:

– ڤاسیایە لە پاڵ ئاگردانەکەدا گفتوگۆی سیاسی دەگەڵ گەنجەکاندا دەکات.

سەرهەنگ نێشخەنێکی کردوگوتی:

– ئاوا! چاکە...ئەوجا رووی کردە گەنجەکانو پرسی:

– ئەریٚ فەرماندەتان نەبینیوە؟

سیلویوف هەستایە سەر پیٚ:

– بچم بە دوویا بگەڕێم؟

سیرگی گوتی:

– نا، شێو ئامادەیە، دەبیٚ نانەکەتان بخۆنو بخەون! من بە خۆم فەرماندە دەدۆزمەوە...

هانری دویز خۆی گەیاندە عەرەبانەکەی مەهدی، پاکەتێکی پانی بۆ مەهدی درێژ کردو بە شەرمەزارییەوە گوتی:

– سلاو میخائیلۆ... پێیان وتین کە بە تەمای تابلۆیەك رەسم بکەی، ئیدی ئێمەش ئەم بۆیانەمان بۆ فەراهەم کردیت.

مەهدی، سەری پاکەتەکەی هەڵدایەوە... تیوپو فلچەو... بە ریز دانرا بوون.

دیارییەکی هێندە بە نرخ بوو مەهدی تەنانەت لە خۆشیا پێڵوەکانی هێنایەوە یەك!

مەهدی کە لە خۆشیا بیری چوو بوو سوپاسی دویز بکا، پرسی:

– ئەمەتان لەکویٚ پەیدا کرد؟

دوێز، تفەنگە ئۆتۆماتیکەکەی خۆی بە دارێکەوە هەڵپەساردو لەسەر لێواری عەرەبانەکە رۆنیشت:

– رۆژیٚ لەگەڵ گوردانەکەی خۆما دەڕۆیشتم، سەیرم کرد زەلامێك بە جادەکەدا پیاسە دەکا. کابرایەکی گەنم ڕەنگ بوو و جلو بەرگەکەی بە هی لای خۆمان دەچوو!

کۆنە پاڵتۆیەکی شرۆڵەی کولی لەبەر بوو، جووتیٚ پێڵاوی شڕی لە پێدا بوو، بەلەك پێچی رەنگاو رەنگی بەستبوو، لە دڵی خۆدا گوتم بێگومان خۆییە. ئیدی دوورو نزیکدامە چاو. بە رێکەوتیش بۆ تەقاندنەوەی پردێك چوو بووین وماوەیەکی زۆر لە دەوەنەجاڕەکەدا خۆمان مەلاس دا.ئەوکابراش بەرەو هەمان پرد دەچوو، بە ئەسپایی دەنگم دا:"بوەستە!" وەستاو روانییە دەوروبەری خۆی. ئیدی من وکوڕەکان لە نێو دەوەنەکان وەدەرکەوتینو بۆی چووین... کە گەیینە کنی سەیرمان کرد خۆیی نییە، لێمان پرسی: "تۆ کێی؟" زۆر بە هێمنی وەلاّمی داینەوە "من ئەڵمانیم"، نێوی خۆیشی پێگوتین. پاشان گوتی هەندیٚ خزمی پیری لە دەوروبەری

"فون فولكونە" هەیەو دەیەوێ بچێ بۆ وێندەر و تا شەڕ تەواو دەبێ لە وێندەر بمێنێتەوە. باسی ئەوەی كرد كە لە چۆن لە شەڕگە ڕای كردووەو چۆن وەزعی هیتلەرییەكان خراپە: زۆر كەس فیرار دەكەن! جا كابرا ئەڵمانیە كۆڵەپشتییەكی پێبوو، هەر بۆ دڵنیایی كۆڵەپشتییەكەی گەڕاین و ئەم پاكەتەمان تێدا بینی. كە دیقەتم دا سەیرم كرد بۆیەی نیگاركێشیە ، لە دڵی خۆدا گوتم: بۆ میخائیلۆی لەمەڕ خۆمان چاكە، ئەویش نیگاركێشەو بە تایبەتی ئێستا كە لە جێدا كەوتووەو بێ تاقەتە. دەمویست پاكەتەكەی لێبستێنم كەچی گوتی گوردانێكی هیتلەرییان لەو پشتەوەن و ئەویش لە ترسی ئەوە ئەم پێچە بە دەورەیەی كردووە. دوای دەققەیەك سیلویوف هات و هەواڵی داینێ كە گوردانێكی هیتلەرییان لە پشتمانەوەیە. بۆیە بڕیارم دا پاكەتەكەی نەك بە زۆربەڵكو بە تكاو پارانەوە لێ بستێنم...سەرەتا بەهیچ كلۆجێ ئامادە نەدەبوو... پاش چەندو چونێكی زۆر بۆم دەركەوت نایەوێ بۆیەكانی بفرۆشێت، بەڵام پێویستیشی بە پارە بوو. ئیدی چ پارەیەكمان لە گیرفاندا بوو بۆمان كۆكردەوەو دامانێ و ئەوجا ڕێگای "فون فولكونە"م نیشان دا. كابرا سوپاسی كردین و بەدەم خوا حافیزییەوە گوتی: "ئەم بۆیانە هی نیگاركێشێكی نێوداری ئەمپرسیونیستی فەرەنسییە" نێوی شۆرەتەكەشی پێگوتم، بەڵامن بیرم نەماوە... دویز نیگایەكی پۆزشخوازانەی مەهدی كردو لەسەری ڕۆیی: كابرای ئەڵمانی لە پردەكە پەڕییەوەو بە بناری شاخەكەدا وەڕێكەوت. پاش بیست و سێ دەققە قیتارێك لەسەر پردەكە تەقییەوە... ئیدی ئەم مەوزوعە خۆش نییە! وەلسەلام.

دویز چووە تەنیشت كوانووەكەو لەسەر گەڵاكان دانیشت، پێڵاوە تەڕەكانی داكەندو جووتێ گۆرەوی بەنی وشكی لە گیرفانی دەرهێنا تا لە پێیان بكا. كە گۆرەوییەكەی پێی چەپی داكەند، مەهدی لەبەر تیشكی ئاگری كوانوەكەدا بینی كە بەشێك لە پاژنەی پێی براوە.

ڤاسیا پرسی:

– بریندار بوو بوویت؟

دویز دەلنگی پانتۆڵەكەی دادایەوەو بە شەرمێكەوە گوتی:

– پێمت بینی؟ نا، بریندار نەبوو بووم، ئەوە مار پێوەی داوە، لە "كرس"دا جۆرە زەردە مارێكی چكۆلە هەیە كە ژەهرەكەی كوشندەیە، هەركە پێوەی دایت دەبێ خێرا دەورووبەری پێوەدانەكە بڕی. منیش هەر هەڵم كێشایە چەقۆو ئێرەی خۆم بڕی.

مەهدی سەری خستە سەر سەرینەكەی... چەند خۆشە پیاو لە نێو خەڵكانی وا ئازادا بژی! بەڕاستی لە جێدا كەوتن مایەی شەرمەزارییە!....

***

سەرهەنگ لەسەر كوێرە ڕێگایەك كە بۆ پاسگادوورەكان ركێشراوو فەرماندەی دۆزییەوە، چەند پارتیزانێك لێهاتووانە بێڵ بە دەست خەریكی دروست كردنی پەناگایەك بوون. ژمارەیەكی دی چوو بوونە سەر داركاژێكی زۆر بەرزو وایەرێكیان پێوە دەبەست– ئەم داركاژە لە بری ئانتین بوو، دەیانویست رادیۆ دابنەن.

سەرهەنگ لە دڵی خۆیدا گوتی: "دۆستان کار بکەن، کار بکەن! خۆزیا رادیۆکەمان دادەمەزراو دەمانتوانی شەپۆلی مۆسکۆ وەربگرین!...."

رادیۆکەی تیپ باش کاری نەدەکرد، رادیستەکەی نابەڵەد بوو، زۆرجار پاترییەکان لە کار دەکەوتن، رادیۆکە هێندە ئەم شوێن ئەو شوێنی پێ کرابوو و تەکانی خوارد بوو تەواو ئاسیوی دیتبوو. هەرچۆنێ بوایە پێوەندی ناوچەییان بەرقەرار دەکرد. بەڵام شەپۆلی رادیۆی مۆسکۆ کە دایمە پارازێتی رادیۆی دوژمنی لەسەر بوو، بەدەگمەن وەردەگیرا. بەڵام سەرهەنگو تێکڕای پارتیزانەکان بە تاسەی ژنەوتنی ئەم دەنگە ئارامەوە بوون! با هەواڵەکانیشی دڵخۆشکەر نەبان هەر پێیان خۆش بوو، دەنگی رادیۆی مۆسکۆ هێزو دڵنیایی زیاتری دەدانێ!..رۆژێ بە رێکەوت گوێیان لە مارشی رادیۆی مۆسکۆ بوو، مەهدی کە شەکەت و ماندوو بوو رایگەیاند کە ماندوویەی لە چاو تروکانێکدا ڕەوییەوە.

فرەرۆ وەڵامی دایەوە:

– دۆستی من، دەنگی مۆسکۆ بۆ هەموو دنیا موژدە بەخشە!

ئێستا فرەرۆ لە سەر تاوێرێکی خڕ دانیشتبوو. لە نزیکی ئەوەوە چێڵێکیان بە گوریسێك بەستبوو بەدار سنۆبەرێکی پڕ لق وپۆو چڕە گەڵاوە.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ ، لای فرەرۆوە دانیشت وپرسی:

– هاوڕێفرەرۆ لە گژ فکران ڕاچوویت؟

فەرماندە بە خەمبارییەوە گوتی:

– لە گژی بچم یان نەچم وەزعەکە هەر وەکو خۆیەتی.

چرچو لۆچ کەوتنە تەوێڵی.

فرەرۆ هەستا، چوو بە بەلای چێڵەکەوە، کەوتە نەوازشی گەردنی گەرمو نەرمی چێڵەکە. چێڵەکەش بە هێمنی لە شوێنی خۆی وێستا بوو و جار جارێ کلکی بادەدا. فرەرۆ بە ئەسپایی گوتی:

– ڕابتێك لای هاوڕێ (پ) ـەوە هاتبوو.

سەرهەنگ لێی نزیکتر بۆوە:

– نەمگوت کارانتی دیسان عەرزی عەزەلاتی خۆی دەکا؟ قسەکەی من دەرچوو، ئەڵمانییەکان دوێنێ چوونەتە ئۆبچیناو ژوانگەکەی ئێمەیان داغان کردووەو "خاتوو مارتاکابیل"یان لە سێدارە داوە. لە گەڕەکی کرێکارانی تریستدا شەبەیخونیان کردووەتە سەر ماڵی "یون لوکا"ی تۆڕنەچی. مامورانی گوشتاپو سێ کەسی دڵسۆزی ئێمەیان گرتووە: یون لوکا، وایگرژو سولومکا. گوندی پلاڤاو ساگا، یەکی یەك گوردان هیتلەرییان بۆ چووە...

سەرهەنگ سەرێکی لەقاند:

– مەعلومە. کارانتی دەزانێ کە ئازووقەی ئێمە لە رێی ئەم گوندانەوە دابین دەبێ.

کارانتی لەمانەش زیارتر دەزانێ. ئەگەر ئەم گوندانەشمان لێ دابڕین هەر دەتوانین هەندێ شتان لە گوندی "ترنوفو"فەراهەم بکەین. بۆیە هەوڵی داوە گوردانێك لە فاشیانی ئیتاڵی بۆ ترنۆفۆش بنێرێن.

– ئەمەشیان هەر مەعلومە، چونکە نەیان توانی لە پشتەوە زەبرمان لێبدەن، ئیدی دەیانەوێ لە برساندا بمانکوژن.

فرەرۆ دەستێکی دی بە ملی چێڵەکەدا هێناو بە خەمبارییەوە گوتی:

– من ئازوقەی نەخۆش‌و زامدارەکانم جیا کردۆتەوەو بە هەمووانم ڕاگەیاندووە کەئازووقەو زەخیرەکەمان ئەو پەڕەکەی بەشی سێ ڕۆژی دی دەکا. خۆ ئەگەر ئازوقەی ڕۆژانە کەم بکەینەوەو بیکەین بە سێیەك ئەوا بەشی شەش ڕۆژ دەکا. ڕۆژی حەوتەم دەتوانین ئەم چێڵە بخۆین‌و لە بری توتن قەوزەی وشکەوە بوو بکێشین. ئیدی لە ڕۆژی هەشتەم بەدواوە دەتوانین تەنیا قەوزە بکێشین.

– ئاینده زۆر روون نییە!

فرەرۆ بە دەنگێ کە مەعلوم نەبوو گاڵتەیە یا ڕاست، گوتی:

– لەوەیە دوو قاتریش بخۆین! ئاخ ئەگەر ئەم کارانتییەم بەر دەست دەکەوت!

سەرهەنگ هانی دا:

– فەرماندە ورەت بەرزبێ ، لەوەیە بە ڕێکەوت بەر دەستی تۆ بکەوێ!

هانری دویز لایت بەدەست بە غار خۆی گەیاندنە فرەرۆ، دەیویست شتێك بڵێ، بەڵام وشکە کۆکە ئەوکی گرت، بواری نەدەدا تاقە وشەیەك بڵێ. بەدەم کۆکە کۆکەوە دەستی بۆ ڕێگایەك درێژ کردو تیشکی لایتەکەی کردە ئەوێ.

دەستە کیژێك مەسافەیان وەرگرتبوو، لە نێو تەمەکەوە وەدەرکەوتن‌و رووەو تاشە بەردەکە دەهاتن. هەموو بەژن‌و باڵا بەرز و خۆش ئەندام دەتگوت دەستە بژێر کرابوون، هەموو ئاڵ‌و واڵا جل، سەبەتە بەسەر، پریاسکە بە دەست، گۆزە لەسەر شان هێروە دەهاتن، کیژە دێهاتییان ئازوقەیان بۆ پارتیزانەکان هێنا بوو.

یەکەم کیژ کە خاڵێکی بەلا لێوەوە بوو، سەبەتەکەی لەسەر سەری داگرت.

فرەرۆ پرسی:

– لە کوێوە دێن؟

کیژەکە وەڵامی دایەوە:

– لە "گرانیك"ەوە، دنیاتان بە شوێنا گەڕاین تا دۆزیمانننەوە... ئەوە بۆ وا دوور کەوتوونەتەوە!.

گرانیك گوندێکی بچکۆلەی فەقیر بوو، لە بەرزایی شاخێکدا گیرسا بووەوە.

کیژەکە بە شەرمێکەوە لەسەری رۆیی:

– بمانبورن ، هەر ماڵەو هەرچی هەبووە ، ئەوەی بۆ ناردوون.

سەرهەنگ بە روو خۆشییەوە گوتی:

– دیاری شوان شنگە یا ئاڵەکۆك.

لۆچەکانی نێوچەوانی فرەرۆ بەرجەستەو ئاشکراتر بوون. فرەرۆ دەیزانی ژیان‌و گوزەرانی خەڵکی گرانیك سەختە، چی مەڕو ماڵیان هەبووە لە ترسی تاڵان‌و بڕۆی فاشییەکان سەریان بڕیوەو خواردویانەو ئێستاش بەنانی وشك گوزەران دەکەن تا دەگەنەوە هاوین.

فرەرۆ سەیری نێو سەبەتەکەی کرد، پڕ بوو لە گەنمە شامی. کیژێکی دیکەی گۆزە لەسەر شانی گاز کردە نك خۆی:

– ئەم سەبەتە زوڕاتەو ئەم گۆزە شەرابە بۆ بریندارەکانمان گل دەدەینەوەو ئێوەش ئەوانی دی لەگەڵ خۆدا بەرنەوە بۆ گوند.

کچەکان تێکڕا وەدەنگ هاتن:

– ئەیەڕۆ! بی بەینەوە؟ لەبەرچی؟

فرەرۆ بە نەرمی گوتی:

– ئاخر ئازوقەمان زۆرە، زۆر زۆرمان هەیە....

کیژە خاڵدارەکە گوتی:

– ئاخر ئێمە ئەو هەموو ڕێیەمان بڕی تا...

فرەرۆ بزەیەکی دڵسۆزانەی بە روودا:

– باشە، قەیدی نییە... هەر باشە کە نەکەوتوونەتە چنگی فاشییەکانەوە؟ ئەڵمانەکان بە دەورو بەرماندا دەسوڕێنەوە! ئەی ئافەرین بۆ خۆتان، بە ڕاستی ئافەرین... زۆر سوپاسی هەمووتان دەکەم.

کیژەکە بە سەرسامی پرسی:

– باشە، ئێستا ئێمە چۆن ئەمانە بەرینەوە؟

فرەرۆ گوتی:

– جارێ پیاڵەیەك چا بخۆنەوەو ئیسراحەتێ بکەن ئەوسا پارتیزانێکی خۆمانتان بەگەڵ دەخەین تا دەتانگەیەنێتە جێگایەکی ئەمین. ئاگادار بن ئەوەندە لە گوند وەدەرمەکەون دەنا دوژمن بنکەو پاسگای زیاتر لەو ناوە دادەنێ!

فرەرۆ بۆوەی قسەکەی لە کورتی بڕێتەوە سەری ڕێزی بۆ کیژەکان دانەواندو لەگەڵ سەرهەنگدا ئەوێیان بەجێ هێشت.

کە گەیشتنە چادرەکانی ئۆردوەکە، فرەرۆ لە سەرهەنگی پرسی:

– سەرهەنگ، ئەرێ کارێکی باشم کرد؟

سەرهەنگ بە بنجبڕی گوتی:

– زۆر چاکت کرد، فەرماندە!

فرەرۆ دیموکرانیفی بینی: دەستیان کردبۆوە و لە سەر کۆتەرە دارێك رۆنیشتبوو و چاو چنۆکانە بە مراك کەوتبووە خواردنی بن‌و بساتی خۆراکی نێو قاپلەمەیەکی فافۆن.

فرەرۆ لە پڕ کەللەیی بوو و نەڕاندی:

– چیدی خواردن نادەمە ئەم مەلعونە، بەسە!

سەرهەنگ بە توندی گوتی:

– تا دادگایی دەکریٚ، دەبیٚ نانی بدریٚتیٚ.

فرەرۆ قسەکەی خۆی راست کردەوە:

– منیش دەمویست بڵێم کە دەبیٚ زووتر دادگایی بکریٚ!.

سیرگینیکۆلایوفیچ سەری لەقاندو گوتی:

– دادگایی دەکەین.

مەهدیو ڤاسیا بە کوێرە رێیەکی نێو دارستانەکەدا دەڕۆیشتن.

ئەو رۆژە دنیا ساف بوو، تەمەکەی بەیانی رەوی بووەوە. بە چاو ی رووت دەتوانرا یەك بە یەکی درەختانی بنار کوێستانە دوورەکە ببینریٚ... تا رێگاکە پتر دەچووە خوارەوە دارستانەکە چڕتر دەبوو. دار سەروان لە نێو درەختانی گەڵادارەوە سەریان بۆ ئاسمان کێشا بوو، بەرە بەرە درەختی غارو ئاڵۆباڵوی کێوی جێی ئەو دار گوێزە زەلامانەیان دەگرتەوە کە چەشنی باڵی باڵندەی زەلام پەلو پۆیان هاویشتبوو و نەونەمامی سەوزی زەیتون لە بنیاندا کزکۆڵەیان کردبوو. بەم زووانە تەبیعەت لەم ناوچەیەدا دێتە جۆشو خرۆش، چیمەنو سەوزە گیا دای دەپۆشیٚ، درەخت وگیا گوڵ و شکۆفە دەکەن....

ڤاسیا باڵی مەهدی گرتبوو و، لە رۆیشتنا یارمەتی دەدا. مەهدی ئەم یارمەتیدانەی لەبەر گران نەبوو، چونکە دەیزانی کە زوو لە جێگا هەستاوەو دکتۆرەکە هەقی بووە کە داوای لێکردووە کە: جاریٚ بخەوە! هەڵ مەسە!...

بەڵام مەهدی بەم حاڵەشەوە هەر لە جێگا هەستا، بۆ وەی بیسەلمێنیٚ کە بە تەواوی چاك بۆتەوە هەوڵی دەدا بە دارستانەکەی دەوروبەری مێرگوزارەکەدا پیاسە بکات . دەبیٚ ئەوەش بگوتریٚ ئەم پەلە پەلەی مەهدی لەبەر ئەوە نەبوو کە "نوێنی نەخۆشی" خەمناك بەجیٚ بهێڵیٚ، بۆ ئەوەش نەبوو خۆ بنوێنیٚو بڵیٚ تەماشا من چەند قارەمانم! پاش ئەم رووداوانەی دوایی پەی بەوە برد بوو کە زەبتو رەبت چەند پێویستو گرنگە. بەڵام هاندەری لەوانە گرنگتر مەهدییان ناچارکرد لە جێگا دەربیٚو عەرەبانەکە بەجیٚ بهێڵیٚ، کەم ئازوقەیی زۆری بۆ تیپەکە هێنا بوو، (هەر نەفەرەی رۆژی چەند کەوچکێك پەڵوڵەی ئاردی بەر دەکەوت) بەڵام مەهدی چونکە نەخۆش بوو ئەگەر بە تۆبزیش با دەبوا خواردنی تەواوی بدەنیٚ، ئەویش ئەمەی لەبەر گران بوو و بۆیە ئەمڕۆکە ماڵاوایی لە عەرەبانەی گۆڕین کرد.

ڤاسیا کە لە هەڵچوونا سوور هەڵگەڕا بوو،هاواری کرد:

– مەهدی، چ بەهارێکە! خۆ ئەوە کردی بە ڕاست!

مەهدی هەناسەیەکی پڕ لە خۆزگەی هەڵکێشاو گوتی:

– بەڵیٚ بۆنی بەهار دیٚ.

ڤاسیا پێکەنی:

– بەڵام ئێرە ئاوو هەوایەکی سەیری هەیە! هەڕەتی زستانەو لە پڕ دەبیٚ بەهار!

مەهدی گوتی:

– هەڵبەتە هێشتا زۆری ماوە بۆ بەهار. دەزانی ئەم وەزعە عەینی شەبەیخونی پارتیزانانو حەمەلەی لە نکاوو جمانی بە هارە.پاشان زستان دێتەوەو بەهار بێهودە بە گژیا دەچی!

ڤاسیا بە دوو دڵییەوە گوتی:

– نا، بێهودە نییە! هەرکە بەهار دوو – سێ تەکانی تری لەم بابەتەی دا ئیدی زستان ئاداری بەسەر پادارییەوە نامێنێ!.

مەهدی پێکەنی:

– ئەمەش وایە.

بەڵام بە ڕاستی بەهار لە دەورو بەریاندا حەشری دەکرد: درەختێن کاژی پاش بارانی زۆر، لقو پۆپەی سەوزی تۆخی خۆیان بەرو ئاسمان هەڵبڕی بوو، تیشکی زێڕینی خۆر بە نێو لقو پۆپی چڕا دەهاتو خۆی لە قەدی ئەستورو خەنەتیلکە گرتووی درەختەکان هەڵدەسوو. بەفر بە تەواوی توابۆوە، چوزەرەی گیا، وەکو دوڕگەێن سەوزی ،بەسەر زەوی شێدارو تۆخەوە خۆ نوێنی دەکرد. جۆگای خێراو بە قەڵبەزەو پڕ ئاوی زوڵاڵ ڕێگای لێدەگرتن. جەنگەڵ لە بۆنی تێژ– بۆنی تازە و مەستکەر سەر ڕێژ بوو....

مەهدی و ڤاسیا پێچیان کردەوە، هاتنە نێو نیمچە مەیدانێکی رووتەنێکەوە، پاش ئەوەی پارتیزانەکان دارو درەختی ئێرەیان بۆ پێویستی ئۆردوگاکە بڕی ئەم مەیدانە رووتەنە لە ناوەندی جەنگەڵەکەدا چێبوو .

قەرەباڵغییەك لە مەیدانە رووتەنەکەدا دەبینرا.پتر لە سەد پارتیزان لەوێندەر دانیشتبوون یا راکشا بوون، یا خۆیان بەسەر چەکەکانیانا دابوو و لە دەوری کۆتەرە دارێك راوەستابوون. ودیموکراینف دەستی کرابۆوە ماتو خەمبار، پشت چەماوە لە سەر کۆتەرە دارەکە دانیشتبوو چاوەڕێی دوا چارەنووسی خۆی بوو.

گاردێکی فرەڕۆ لە تەنیشت ئەوەوە، پاڵتۆکەی خۆی لە عاردی ڕاخستبوو ولەسەری رۆنیشتبوو، دۆسییەکی بەرگ موشەماو قەڵەم رەساسێکی بە دەستەوە بوو.

فرەڕۆ پاڵتۆیەکی دابوو بە شانیاو تۆزێ لەو لاترەوە وێستا بوو و لەگەڵ سیرگی نیکویوفیچدا مژوولی قسە بوو.

فرەڕۆ کە مەهدیو ڤاسیای بینی بە دەست ئاماژەی کردنێ کە بێن دانیشن.

پارتیزانەکان وەلاکەوتنو ڕێیان بۆ وان کردەوە. چەند پارتیزانێکی تەنیشت ئەو کۆتەرە دارەی کە دیموکراینف لەسەر دانیشتبوو، هەستان تا شوێنەکانی خۆیان بدەنە مەهدیو ڤاسیا. دیموکراینف کە بینی جمو جۆڵ کەوتە نێو ئاپۆراکەوە، سەری هەڵبڕیو لە ژێرەوە روانییە مەهدی. سیمای دیموکراینف ژاکاوو نائومێدو شەکەت بوو، کەچی ئەو خائینە خوێڕییە هەوڵی دا بزەیەکی سکاڵا ئامێز بە ڕووی مەهدیدا بدا.

مەهدی رووی وەرگێڕا. بەڵام ڤاسیاکە چارەی دابوو بە یەکا، کۆڵە مشتی گوشیو بە دزییەوە نیشانی دیموکراینفی دا.

دیموکرانیف لە پڕ راچڵەکی – فرەرۆ هاتە نێو ئەو نیو بازنەیەی کە خەڵکەکە دروستیان کردبوو، بێ چ پێشەکییەك گوتی:

– وەکو خۆتان دەزانن "لورنتسو"ی سەرۆك دادگاکەمان پێرێ لە گوندی ساکا کوژرا.جارێ تا سەرۆك دادگایەکی تازە دادەنرێ، من وەکو فەرماندەی تیپ لە شوێنی ئەودەبم. سکرتێری دادگاش لێرەیەو مانای وایە دەتوانین دەست بەکاربین ، کەس پێشنیازێکی تری هەیە؟

هەموو لەگەڵ قسەکەی فەرماندەدا بوون.

هەتاوگەیبوەتە ناوەندی ئاسمان. سیرگی لە بن ئەو دار کاژەوە هاتە دەرێ کە سێبەری نەمابوو، پاڵدمی پاڵتۆیەکەی هەڵدایەوەو لەسەر ئەسکەمیلۆکەیەکی ناقۆڵای نزیکی تاوانبار دیموکراینف دانیشت. سەرهەنگ بە هەستێکی پڕ لەزەتەوە دەموچاوی خۆی دایە بەر تیشکی هەتاوە گەرمەکە. چارەی گەش‌و میهرەبان بوو. دیموکراینف دڵی بەم گەشییەی سەرهەنگ خۆش بوو.

فرەرۆ پایپەکەی خستە گیرفانی، دەستە سڕە شینباوە خانەخانەکەی دەرهێناو دەم‌و سمێڵی سڕی.بە کاوەخۆ بەڵام بە دەنگێکی بەرزی ئەوتۆ کە لە سەرانسەری مەیدانەکەدا ببیسترێ گوتی:

– بە خۆتان ئاگاداری مەسەلەکەن. سەرۆکی سەرکردایەتی تیپەکەمان لە نۆکەرانی فاشییان بوو. بەڵام ئەم کابرایە شاگردی ئەوە! بە خۆی ئیعترافی کرد کە خۆی بە دوژمن فرۆشتووەو مەعلوماتی نهێنی گەیاندۆتە مامورانی دوژمن لە گوندەکاندا. سەرۆکی سەرکردایەتی هەڵهات، ئەو مامورەشمان بۆ نەگیرا کە ئەو پێوەندی پێوەی هەبوو ، چونکە حاڵی حازر یەك گوردانی ئاڵمانی لە گوندی ساگاداجێگیر بووە. یانی جارێ هەر ئەم نەگریسەمان لەبەر دەستە. هاوڕێیان ئێوە بڕیار بدەن کە چی لێبکەین.

فرەرۆ دیسان دەستە سڕەکەی دەرهێناو سمێڵی سڕی، حەزی نەدەکرد زۆر قسان بکا.

دویز هەستاو گوتی:

– من دەڵێم: – بە پەنجە ناسکەکانی کە دەتگوت لە مۆم دروستکرابوون، کڵاوە توکنەکەی رێك خست و لەسەری رۆیی:– من دەڵێم.... دەبێ بکوژرێ. ئیدی فەرق ناکات تیربارانی بکەین یان لە سێدارەی بدەین. ئێمە ئیعلانی خوێنمان دەگەڵ خەڵکانی وەکو ئەودا کردووە،خوێن بە زەبرە، ئێمە ئیعلانی خوێنی گەورەمان کردووە.

زۆر کەس نەیاندەزانی خوێن یانی چی. ئەوانەی دەیانزانی بۆ ئەوانەی تەنیشتی خۆیانیان روون دەکردەوە کە خوێن جۆرە تۆڵەیەکی عەشایەری یە، بەڵام مەبەستی دویز لە "خوێنی گەورە" تۆڵە سەندنەوەی میللەتە لە دوژمن. سکرتێری دادگا خێرا بەخامە شتێکی لە دۆسییە بەرگ موشەماکەدا دەنووسی.

دیموکراینف،بە هەمان ملکەچی لە جێی خۆی دانیشتبوو. سیرگی نیکۆلایوڤیچ تەمەشای خۆری دەکرد. مەهدی بە نووکی پانی پۆتینەکەی هەندێ شەکڵی نا مەفهومی لەسەر زەوییەکە دەنەخشاند.

جووتیارێکی پیری ریشنی سلاڤی هەستاو گوتی:

– هاوڕێ قسەکەت تەواو کرد ؟ئیستا منە دەڵێم.–تفەنگەکەی دایە هاوڕێکەی وهاتە ناوەندی نیوبازنەکەوە:– تیرباران زوو دەبڕێتەوە، دەست بە پەلە پیتکەوە دەنێی و تەواو. بەڵام وێڕای ئەمەش دەبێ بزانرێ کە ئەم مرۆڤە چۆن بنیادەمێکە. من کوڕە جووتیارم و ڕەنگە باش سەر لە هەندێ شت دەرنەکەم– عەقڵ و زانیاری لە کوێ بێنم– لەوەتەی هەم هەر لە ژێر باری کاری قورسدا بووم و دەرفەتی پشت ڕاست کردنەوەم نەبووە. لەوەتەی چەکم هەڵگرتووە پشتم ڕاست کردۆتەوە. کە چەکم هەڵگرت ئەم دیموکراینفەم ناسی. باسی ژیانی خۆی بۆ کردم. ئەویش کوڕە جووتیارە، لێیان داوە، سەرو دەستیان شکاندووە، پشتیان چەماندووە، بەڵام عەقڵ و کەماڵیان فێر نەکردووە. ئێستاش لە جەهالەت و نەزانی خۆی فریوی دوژمنی خواردووە...

پارتیزانێکی گەنجی قەڵەنگە کەپوو بە ناڕەزاییەوە گوتی:

– بە کورتی تەواوی بکە!

جووتیارە ڕیشنەکە بە سەبرو ویقارەوە وەڵامی دایەوە:

– بە کورتی. ئەگەر ئیعترافی کردبێ مانای وایە نیوەی گوناحەکەی خۆی سڕیوەتەوە. بە ڕای من دەبێ بۆ ئەنجام دانی سەختترین کار بنێردرێ تا گوناح و تاوانی خۆی لە شەڕا پاك بکاتەوە.

جووتیارە سلاڤییەکە دەیویست هەندێ شتی دی بڵێ، بەڵام کە بینی بولغاریەکی تۆکمەی پاڵتۆ فەرو لە جێی خۆی هەستاوەتە سەر پێ، ئیدی لاکەوت. گەنجە بولغارییەکە بە پەلەپەل گوتی:

– بەڕای من ئەم قسەیە عادیلانەیە. فەرماندە بەخۆڕایی ئێمەی لێرە کۆ نەکردووەتەوە... ئێمە سەربازی عەدالەتمان پێ دەڵێن. کەواتە با عەدالەتی خۆمان لەم دادگایەدا بنوێنین. دیموکراینف خەتابارە، با بە خوێنی خۆی گوناح و تاوانی خۆی بشواتەوە!

– دەیشواتەوە!... بەڵام نەك بە خوێنی خۆی، بەڵکو بەخوێنی تۆ!...

– هەڵبەتە دووبارە خیانەت دەکاتەوە!..هەنگێ لە دڵناسکی خۆت ژێوان دەیتەوە!...

– جا ئەم هەموو قسەیەی بۆچییە ؟ گوللەیەك بە نەخشی نێوچەوانیەوە بنەین و بېڕێتەوە!..

مارکوس دابی مووسوور، سەر دەستەی پارتیزانە مەجەرییەکان کە دوو دەمانچەی دەسك سەدەف کردبوو بە قەد خۆیا، لە جێی خۆی هەستاو گوتی:

هاوڕێ فەرماندە بە یارمەتیت! ئێمە تا ئێستا زۆرجار خاینانمان تیرباران کردووە... وەرن با ئەمجارە لێبوردەو بە بەزەیی بین. شانسێ بدەینە دیموکراینف تا ڕێگای حەقیقەت بدۆزێتەوە!

– ئەو حەقیقەت خواز نییە، بەڵکو خوازیاری نۆکەری فاشییانە!

سیرگی نیکۆلایوڤیچ لەسەر تەپڵەکەکە هەستا، پاڵتۆکەی کە لە شانی داخزی بوو دایەوە بە شانیا.

فرەرۆ دەنگی هەڵبڕی:

– بێدەنگ بن! سەرهەنگ قسان دەکا!

ڤاسیا ژەنییە قەبرغەی مەهدییەوە.

دیموکرانیف بە نیگەرانی لەسەر کۆتەرەکە دەجولاَ، ئێستا چارەنووسی دیاری دەکەن... بێدەنگییەکی قولّو بە سویّ باڵی بەسەر مەیدانەکەدا کێشا، بولّغارییەکە کۆکی، ئەوەی تەنیشتی خێرا قۆڵی ڕاکێشا: ڕێزی سەرهەنگیان دەگرت. بە وردی گوێیان بۆ قسەکانی رادەدێراو دەترسان نەبادا تاقە وشەیەکیان لە کیس بڕوات.

سەرهەنگ بە ئەسپایی دەستی پێکرد:

– لێرەدا داوای بەشەر دۆستیمان لێدەکەن. حەز دەکەم رووداوێکتان بۆ بگێڕمەوە کە لە مێژە لە وڵاتی مندا ڕووی داوە. زۆرتان ناوی گۆرکی نووسەری شورەویتان بیستووەو رەنگە هەندێکتان خۆیتان دیتبیّ. گۆرکی بە خۆی ماوەیەکی زۆر لە کاپری، لە سورنتۆ دەژیا. گۆرکی بەشەر دۆستێکی گەورە بوو... کە لە وڵاتی ئێمەدا شۆڕش بەرپا بوو و خەڵکی دەسەڵاتیان گرتە دەست، گۆرکی بیستی کە دەیانەویّ لە مۆسکۆدا گروپێکی زۆر لە مۆنۆپۆلیستو خراپکارەکان ئیعدام بکەن، گۆرکی ئەم کارەی پێناخۆش دەبیّو دەچیّ بۆ لای لینین تا شەفاعەتیّ بۆ ئەوانە بکا. گۆرکی دەیزانی کە لینین گەورەترین مرۆڤ دۆستی جیهانە. لینین حوکم دراوەکانی نەبەخشی، گۆرکی تۆراو ڕقی هەستا. بەڵام پاشان کە بە چاوی خۆی بینی خەڵکی مۆسکۆ لە برسا لاواز بوو بوون، خەڵکانێکی بینی کە لەبەر نەبوونی وبرسێتی لە شەقامەکاندا دەبورانەوە. بەڵام دوا کیسەی ئاردی خۆیان دەبرد بۆ پەروەردگای منداڵان، کرێکارانێکی بینی کە سیّ شەوو رۆژ زادیان بە زاری نەکەوتبوو، بەڵام کاروانی دانەوێڵەیان بۆ پایتەخت دێنا، بینی کە خودی لینین رۆژی یەك پاروو نان پتر ناخوا. خەڵکی بۆ پڕکردنەوەی ئەو زیانانەی کە مۆنۆپولیستو خراپکاران لە وڵاتیان دابوو بە ڕاستی قارەمانێتیان دەنواند، ئەوسا گۆرکی بۆی دەرکەوت کە لینین بە ئیمزاکردنی حوکمی تیربارانکردنی، ئەو چەپەڵانەی لەسەر حیسابی رەنجو ئازاری خەڵکی سامانیان خڕکردۆتەوە، لە گۆرکی بەشەر دۆست تر بووە. ئێمە دەبیّ بەشەردۆستی لە لینینەوە فێر بین.

هەمان ئەو بێدەنگییەی کە لە سەرەتای وتەکانی سیرگی نیکولایوفیچەوە بەرقەرار بوو،ئێستاش بەردەوام بوو ، بەڵام دیموکراینف تێگەیی کە تەواو، چارەنووسی دیاری کرا.

گۆی زێڕینو بە شکۆی خۆر بەرەو کێوە دوورەکان دادەکشا. پارتیزانەکان بڵاوەیان لیّ کردبوو. هەموو پارتیزانەکان هەستیان دەکرد کە رۆژگارێکی سەختو دژواریان لە ڕێیە..

مەهدی لە جاران زیاتر بیری لە وەزعی تیپەکە دەکردەوە. بەشپرزەییەوە دەیڕوانییە چارەی لاوازو باریکی هاوڕێکانی، ئاخر ئەویش کە ئەرکی بەرزی شناسایی دەئەستۆیە مەسئوولی وەزعیانە.

مەهدی وای هەست دەکرد تائێستا لە زۆر شت تێنەگەییوە. رەنگە هۆی ئەمە ئەوە بیّ سەرهەنگ وتەنی: هەر ئەو دوژمنەی دیتوە کە زەقاو زەق لە بەرانبەریا وەستاوە؟ یا رەنگە لەبەر توندە تەبیعەتی خۆیو سەرکێشی نەیتوانی بیّ پەی بە نهێنی و سەرچاوەی رووداوەکان بەریّ؟! ئایا قەدی چییەو مرۆڤ باوەڕی بە چاکیو شادی، بە خۆیو بە خەڵکی هەبیّ؟.. مەهدی چاوانی شادی سەربازی تابلۆکەی خۆیشی بە تیشکی ئەم باوەڕە روناك دەکاتەوە: ئاخر ئەو سەربازە بۆ

ماڵ دەگەڕێتەوە! بەم زووانە مەهدیش دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی: خۆ نابێ تا دنیا دنیایە هەر مـاموری شناسـایی بـێ؟ ئـەو نیگارکێشــە، زەوق و بــەهرەی ئــەو هــی تابلۆکێشـانە،نەك هــی تەقاندنەوەی پردان....

مەهدی ئەمڕۆکە بە پەرۆشێکی تایبەتییەوە غەریبی کارو هونەرە خۆشەویستەکەی وڵاتەکەی خۆی دەکرد... کە بەرەو لای عەرەبانەکە دەگەڕایەوە، بەلای کەوێڵی رادیستەکەدا رەت دەبوو، لەم کاتەدا ئاوازێکی مۆزیکی بەر گوێ کەوت، کە گوێی لەو ئاوازە بوو رەنگی پەڕی. ڕادیۆی مۆسکۆ سترانی ئازربایجانی بڵاودەکردەوە...مەهدی ، لە جێی خۆیدا رەق راوەستا، بە توندی ئانیشکی ڤاسیای گوشی... حەپەسا... باکۆی ئازیزی هاتبووە بەرچاو کە چۆن لە تیشکی خۆرا نقوم بووبوو و لە پاڵ دەریایەکی ئارامدا بەرجەست بووبوو...دەتگوت لە نێو تەمتومانەوە تاپۆی خوشکەکانی و چارەی نەنکی لێ دەرکەوتبوون...

کۆرسی کیژان دەیانپرسی: دە بڵێ، بڵێ، تۆ عاشقی کێی؟

ڤاسیا بە سەرسامی روانییە سیمای هەڵچووی مەهدیو پرسی:

– مەهدی، ئەوە بۆ وات لێهات ؟

– ڤاسیا، هێواش قسە بکە! گوێت لێیە؟ ئەو ئاوازە هی لای ئێمەیە...ڕاوەستە، با بزانم چ ئاوازێکە ؟

ئاوازەکە زۆر ئاشنا بوون، بەڵام مەهدی بە هیچ جۆرێ بیری نەدەکەوتەوە لە کوێ گوێی لێ بووە؟ لەم بیرانەدا بوو کە گوێی لە وشەی "نێرگز" بوو، نەرمە بزەیەکی بۆ کرد،وەك بڵێی ئەوەی بۆی دەگەڕا ،دۆزییەوە. کۆرسی کچان بەشێك لە ئۆپرای "نیرگز"یان دەگوت.

پاش سووکە پشوویەك ، گۆیەندەی رادیۆی مۆسکۆ کەوتە خوێندەوەی ئەو نامانەی کە لە جەبهەوە نێردرا بوون. لە نامەکانی سەربازێکەوە باوەڕ بە نزیکی سەرکەوتن هەست پێدەکرا.مەهدی کەوتەوە یادی تابلۆکەی. بەڵێ کاتی ئەوە هاتووە دەستبەکاربێت.

مەهدی، رۆژی دوایی کەوتە ئامادە کردنی چوار چێوە بۆ پەردەی نیگارکێشی. ئانژلیکاو ڤاسیا یارمەتیان دەدا. ئانژلیکا پارچەیەکی گەورەی لە پارچە چادرێك بڕیو کەوتە دورینەوەی ئەو کونەی کە گوللەی وێڵ تێی کردبوو. ڤاسیا تەختە داری دەبڕییەوە و لە ژێرەوە چاوێکی هەر لە ئانژلیکا بوو.

ڤاسیا بە ئەسپایی لە مەهدی پرسی:

– مەهدی، بڵێ بزانم...تۆ چۆن بیر لە ئانژلیکا دەکەیەوە.

– ڤاسیا، من تا ئێستا هەرگیز وام بیر نەکردۆتەوە کە کیژێکم لە گەڵدایە. لە دژوارترین ساتدا هەر وام بیر کردۆتەوە کە پیاوێکم لە تەك دایە نەك کیژێك.

بەڵام ڤاسیا لە سەری ڕۆیی:

– بەڵام هەر چییەك بێ هەر کیژە... چۆن دەکرێ کیژێکی وا جوان ، وا.... بەڵێ، من ناتوانم وشەی پێویست بدۆزمەوە و بڵێم چۆن کیژێکە...هەرگیز رێم بە خۆ نەداوە ئانژلیکا لەگەڵ

**پیاوێکدا بەراورد بکەم... لەبەر چاوی من هەمیشە هەر کیژە، ئانژلیکایە. چۆن دەشێت لە گەڵ تۆ یا مندا بەراورد بکریٚ؟**

**مەهدی کە خەریکی رەندەکردنی تەختەیەك بوو بۆ چوارچێوە، سەیرێکی لای کیژێی کردو بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە:**

**– ڤاسیا، ئێمە پەندێکمان هەیە بەم مانایە: "شێر لە لان دەرچیٚ، چ نێر بیٚ و چ میٚ!".**

**ڤاسیا لە فکران ڕاچوو، گوتی:**

**– پەندێکی باشە .**

**ئەنجام هەموو شتێك ئامادە بوو. هەر ئەوەندە مابوو پەردەکە لە چوارچێوەکە بدریٚو تەختەکەی ڕەنگ بکریٚ. مەهدی بە شادییەوە بیری لەوە رۆژە دەکردەوە کە، دەست دەداتە فڵچەو یەکەم رەنگ دەخاتە سەر پەردەکە. هەستێکی بیٚ ئۆقرەیی ئاشنا سەراپای داگیر دەکرد.**

## فەسڵی پێنجەم

دەمێ بوو هەتاو لە کێوەکانی ئۆپچینا ئاوا بووبوو. ئاسمان شین‌و ساف، پەڵە هەوری زەردباوو وەنەوشەیی چەشنی خووری شانەکراو بە داوێنی ئاسمانەوە قەراریان گرتبوو. تاریکییەکی خەست زەوی لە باوەش گرتبوو.

شەقامی ڤیافورتونا بە تایبەتی لە شەوا دیمەنێکی کرێتی دەگرتە خۆ.

کاتێ دنیا تەواو تاریك بوو، پیاوێکی توندو تۆڵ لە سەمتی قەراغ دەریاوە بەرەو ڤیافورتونا "شەقامی بەختەوەری" کە هیتلەرییەکان گۆڕی بوویان بە شەقامی قەحپەخانە،هات. کابرا هێواش هێواش چەشنی نابینایان بە کوێرە کوێر خۆی گەیاندە بەر ماڵێکی تاریکی سوچی شەقامەکە. وەستا، بە ترس‌و نیگەرانییەوە چاوی بڕییە تاریکییەکە، دەستی بۆ زەنگی دەرگاکە برد. دەنگی هەنگاوی بەلەز لە پشت دەرگاکەوە هات ،دەرگاکە کرایەوەو کارەکەرێکی جەحێڵ کە لەودیو دەرگاکە وەستابوو ، بە رووخۆشی بزەیەکی کردو پرسی:

– فەرموو ژوورێ ئاغا، ئافرەتت لە گەڵ نییە؟

– نەخێر هەر خۆمم.

– ئافرەتێکت بۆ بانگ بکەم؟ یا هەر بۆ خواردنەوە هاتووی؟

– نا، هیچ شتێکم پێویست نییە. کارێکم هەیە. ئەرباب لە کوێیە؟

– هەر ئێستا دێ.

پیاوێکی رووت‌و فەرتوس کە رۆبێکی جوانی ئاوریشمی گران بەها، بەڵام زۆر کۆنی لەبەر بوو، بەو قاڵدرمە نیوە بازنەییەدا کە دەچوو بۆ نهۆمی دووەم، دەهاتە خوارێ.

کابرای نێو براو پێڵوی چاوە نزیکبینەکانی هەڵگلۆفی‌و هەوڵیدەدا لە دوورەوە بزانێ کێ هاتۆتە دیدەنی. خاوەن خانووەکە کە نێوی مازلی بوو ژووری موبێلەکراوی بەکرێ دەدا، کە نزیکتر بووەوە بە بێ نەزاکەتییەوە کەوتە هەڵڕوانین بە میوانەکەدا.

مازلی پرسی:

– فەرموو، چ خزمەتێکت بە من هەیە ؟

کارانتی بە بێ موبالاتییەوە گوتی:

– دەمویست بزانم کەس هەیە لێرە بەلەمی چارۆکەدار بەڕێوەبەرێ؟

ئەم رستەیە کۆدی ئاشنایی بوو.

مازلی وەڵامی نەدایەوە.بە هەمان دەقەوە کە دەیڕوانیە میوانەکەی خۆی، بە نەزاکەتەوە دەستی میوانەکەی گوشی‌و سەری رێزی بۆ دانەواند. پاشان ئیشارەتی بۆ شوێن برینەکەی سەر نێو چەوانی میوانەکە کردو گوتی:

– کێ ئەم ئارایشتەی کردووی؟

– خۆم .

- عەجەب!

کارانتی گوتی:

- بەڵێ. ماندووم، دەکرێ جارێ پشوویەك بدەم؟

- باپڕۆین،ژوورەکەت نیشان بدەم.

مازلی بە رووخۆشی قۆڵ کارانتی گرتو کارەکەرەکەی گاز کرد. کارەکەرەکە خێرا هات:

- بەڵێ، ئاغا چ ئەمرێکتان هەبوو؟

مازلی لە کارانتی پرسی:

- قاوە دەخۆی یا کۆنیاك؟ ئامادەم کۆنیاکی "مارتل"ت پێشکەش بکەم!

کارانتی بیری کەوتەوە کە لە ڤێلاکە، لە هاوینەهەوارەکە، چەندی حەز لە جورعەیەك کۆنیاك بوو...بەڵام زۆر بە کورتی گوتی:

- قاوە.

مازلی کارەکەرەکەی راسپارد قاوە بێنێ. ئەوجا رووی کردە کارانتی:

- ئاگاداریان کردبووم کە تۆ دێی. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ، دەتەوێ سبەینێ ئەو بدینی؟

- بەڵێ، پیاو بەر لەم جۆرە دیدارانە،باشتر وایە هیچ نەخواتەوە.

دوو بە دوو چوونە نهۆمی دووەم. مازلی، کارانتی برد بۆ ژوورێکی ئەوسەری راڕەوەکە. بردییە ژوورێکی موبێلەکراوی ئاساییەوە، ژوورەکە بە شێوازی فەرەنسی رازابۆوە. کۆپی تابلۆی "ڤینوس و ڤۆلکان"ی بۆشیە بە دیواری ژوورەکەوە داکوترا بوو.بەڵام بە یەك جیاوازییەوە کە ئەویش ئەوەبوو لە تابلۆکەی بۆشیەدا فریشتان بەسەر ڤۆلکانەوە کە خەریکی ئاشقێنییە دەگەڵ ڤینۆسدا، بەدەم فرینەوە دێن ودەچن و ئەشقی ئەو دووانە پیرۆز دەکەن.

بەڵام لە کۆپی تابلۆکەدا هیچ شوێنەوارێکی فریشتان و زەمینەی زیوینی رەنگەکان وناسکی و جوانیان لە ئارادا نەبوو.ئەو نیگارکێشەی کە ئەم نوسخەی دووەمەی رەسمکردبوو رەنگێن زەقو ئارەزووبزوێنی بەکار هێنابوو، دیمەنی ڤیان و دڵدارییەکە لەسەر دەستی ئەو گۆڕابوو بە دیمەنی فسقو فجور.

مازلی بە دەم قاوە خواردنەوە دوو سێ نوکتەی کۆمیدی گێڕایەوە، بەڵام ئەم نوکتانە کارانتیان خۆشحاڵ نەکرد. هەنگێ مازلی هەستی کرد کە میوانەکەی بێ تاقەتەو دەیەوێ دەربارەی کاری جدی گفتوگۆ بکەن. مازلی یەکسەر کوتە جدیات . گفتوگۆکەیان ماوەیەکی زۆری نەبرد. کارانتی حەزی دەکرد بەر لە دیدارەکەی سبەینێی، تێر بخەوێ.

هەرکە مازلی لە ژوورەکە وەدەرکەوت، کارانتی دەرگای ژوورەکەی توند داخستو قفڵی دەرگاکەی بە وردی سەح کردەوە. کارانتی لە خۆی پەست بوو و لە دڵی خۆیدا گوتی: "باشە بۆ وا زراوم تۆقیوە؟ چما ئەوانە دەتوانن لێرە بمدۆزنەوە؟ هەمووی ئەعسابە، ئەعساب... بەڵام خوا هەڵناگرێ چاك لە میخائیلۆ هاتمە دەستو لە نێوم برد!.تەنانەت پشیلەی حەوت روحیش بێ تازە دەرناچێ!... کاتێ من لە هاوینەهەوارەکە وەدەردەکەوتم ئیدی میخائیلۆ هەناسەی نەدەدا . بەڵام ئەوانی دی ماون. ئەو سەرهەنگە روسیە، نەحلەتییە،کە ئیشەڵا بەر دەستی شەیتان

دەکەویٚ، ماوە! باشە کیٚ لەو کاتەدا لە راڕەوەکەدا فیکەی لیٚدا؟ بەڵیٚ، ئەمە هەموو هۆی ئەعساب هیلاکییە... ئەعساب!.. بە خۆڕایی کۆنیاکەکەم لە کیس خۆدا...."

کارانتی دەیویست بخەویٚ، بەلاٚم هەمهەمەیەك لە ڕاڕەوەکەوە هاتە گویٚ، کارانتی گویٚی هەڵخست... دنیا کپ بوو. بەلاٚم ئەم بیٚدەنگییەش کارانتی نیگەران کرد. لە دەرگاکە نزیك بووەوە، ،دیسان بە وردی قفڵەکەی سەح کردەوە... وای هەستکرد قفڵەکە قایم نییە. کیٚ دەزانیٚ ئەم مازلییە چی لە ژیٚر سەردایە. هاتوو ڕادەستی پارتیزانەکانی کرد... کارانتی بیری کردەوە: "نا، میٚشکم تەواو ماندوو بووە".

ئەوجاش کورسییەکی هەڵگرت و بەجۆریٚ نای بە دەسکی دەرگاکەوە کە کردنەوەی زەحمەتر بیٚ. ئەوجا دەمانچەکەی لە گیرفانی دەرهیٚناو نایە ژیٚر سەرینەکەی.

بەیانی کارانتی هەمان ورەی جارانی وەبەر هاتەوە: ئامادەبوو بۆ هەموو جۆرە چالاکی و کاریٚکك سیاسی، سیخوڕی، پیاوکوژی و تەنانەت بازرگانیش...بەڵیٚ بۆ کاری بازرگانیش ئامادەبوو، چونکە نەخشەیەك لە میٚشکیدا گەلاٚڵە بوو بوو- نەخشەی بازرگانی بە مەرگی میخهائیلۆوە. کارانتی بڕیاری دا جاریٚ مەرگی میخائیلۆ بشاریٚتەوەو لای کەس نەیدرکیٚنیٚ.. کارانتی لەمە دەترسا کە ئەگەر ئەمە بۆ کاربەدەستانی ئەڵمانی بگیٚڕیٚتەوە باوەڕی پیٚنەکەن، چونکە هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبوو. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر چاوەڕیٚی هەلی لە بارتر بکا بۆ خۆی باشترە، چونکە ئەڵمانەکان هەموو ئۆپەراسیونە خەراپکارییەکانی ناو شاری تریست بە هی میخائیلۆ دەزانن. لەبەر ئەمە ئەو خەلاٚتەی بۆ سەری ئەو دانراوە بەردەوام زیاتر دەبیٚت. دەبیٚ ژاوەڕوانی دەرفەتی لەبار بکات و هەنگیٚ پارەی زۆرتر لە ئەڵمانەکان داوا بکات .

لە دەرگاکە درا. کارانتی بەرەو دەرگا ڕۆیی، کورسییەکەی لە دەسکی دەرگاکە کردەوەو لە شویٚنی خۆی دانیایەوەو دەرگاکەی کردەوە.

کارەکەرەکە لە دەرگای دابوو.

وەختیٚ کارەکەرەکە ژوورەکەی کۆدەکردەوەو لە تەواو بوونا بوو ودەیویست بڕوا، مازلی گەییە بەر دەرگاکەو بە کارەکەرەکەی گوت:

– خیٚراکە، میٚزیٚکی سیٚ کەسی بڕازیٚنەوە!

کارانتی قسەکەی بڕی:

– نەء ، دوو کەسی.

– مەیلی خۆتانە زۆرم لیٚتان نییە، بەلاٚم رەنگە ئامۆژگارییەکانم بەکەڵکتان بیٚ.

– سوپاسی ئامۆژگارییەکانت دەکەم و نرخی تایبەتیان هەیە لام، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا نامەویٚ ئیٚوە داخڵی ئەم مەسەلەیە بکەم.

کارەکەرەکە پرسی:

– ئاغایان ئەمرتان بە چییە؟ سیٚ نەفەری یان دوو؟

مازلی بە خەمبارییەوە گوتی:

– دوو نەفەری.

کارەکەرەکە ڕۆیی.

دوای ماوەیەك لە دالآنەکەوە دەنگی دادو بێدادی ژنێك بەرزبووەوە.کارانتی بە شێوەیەکی میکانیکی دەستی بۆ گیرفانی برد و ئەم بیرەی بە مێشکا هات:"پارتیزانەکان بن!" کە زانی مازلی ئارامە لە جاران نیگەرانتر بوو و پرسی:

– ئەم دادوبێدادە چییە؟

مازلی بە کاوەخۆ دانیتبوو و بە وردی دەیڕوانییە رووپۆشە سواوەکەی کورسییەکە.هات و هاوار لە قاتی خوارەوە زیاتر دەبوو.

کارانتی لە ناکاو بە دەنگێکی بەرز و هەندێ نامۆ هاواری کرد:

– ئەم هات و هاوارە مانای چییە؟

مازلی ژێراوژێر تەمەشایەکی رووخساری رەگپەریوی کارانتی کرد و بە نێش خەنێکەوە گوتی:

– تۆ دوێنێ شەو خراپ خەوتووی.تۆزێ خۆت هێور بکەوە.فەرموو ئەمە یەکەم ئامۆژگاری منە.

– من پێویستم بە ئامۆژگاری تۆ نییە.من دەبێ بزانم ئەم دادو بێدادە چییە؟

مازلی هیچ وەلآمێکی نەدایەوەو رۆیی و کارانتی بەو شپرزەییە بەجێهێشت.کارانتی ئاگاداری گەلێك لە کارە دزێوەکانی مازلی بوو. هەڵبەتە مازلی لە گەلێك لەو پیاوکوژانەی کە کارانتی لە دەربەندمارسی یان نیسدا دیتبوونی و زانیاری جۆراوجۆری لێوەردەگرتن ترسناکتر بوو.مازلی سپڵەو خوێڕی بوو. کێ پارەی باشتری بدایە خۆی پێدەفرۆشت.

مازلی چووە سەحنی قاڵدرمەکان وبینی: دوو نەفەر لە پیاوانی ئێس. ئێس گشت گۆشەو پەناوپەسێری قاڵدرمەکان دەگەڕێن

مازلی بە دەنگێکی بەرز گوتی:

– ئاغایان هەمووشتێك رێك و پێك و مونەزەمە! تکایە ژوورەکانی قاتی خوارەوە بگەڕێن و پاشان وەرن بۆ قاتی دووەم، ئێرەش چەند ژوورێکی لێیە.

پیاوانی ئێس. ئێس بە بێ متمانەیی تەمەشایەکی مازلییان کرد و دوای ئەوەی تۆزێك لە قاتی یەکەم گەڕان بە دووی مازلیدا چوون بۆ قاتی دووەم.

کاتێ دەرکەوت شوێنەکە زۆر لەبارە بۆ دیدار یەکێك لە ئەڵمانییەکان بۆ خەبەردان چوو بۆ لای سەرۆکەکەی خۆی.

رێك دوای چەند دەقیقەیەك ئوتومبیلێك بە نەرمی هاتە بەر هەشتییەکە. سەرگورد فۆن شۆلتس دەگەڵ گاردەکەی خۆیدا هاتە دالآنەکەوە،مازلی کپ و بێدەنگ سەرگوردی بۆ لای کارانتی برد.

کارانتی وەکو جاری پێشوو لە ناوەندی ژوورەە وەستابوو و دەستی لە بەڕکیا بوو. کابرای ئاڵمانی چووە ژوورەوە. مازلیش دوا بە دوای ئەو وەژوور کەوت. کارانتی و سەرگورد بە بێدەنگی وەستان و بە وردی لە یکیان دەڕوانی. کارانتی بە خۆوەترو شان و شەپیلك پانتر بوو.سەرگورد لاواز بوو،سیمای رەنگدانەوەی تەبیعەتی توند و مجێزی ئاگرینی بوو.بەمەزەندە چل ساڵ دەبوو. ویقارو سامی خۆی دەپاراست، بەلآم وێڕای ئەمەش کارانتی یەکسەر هەستی کرد بالآدەستی بە یارۆی ئاڵمان نییە. وەکو دوو تولە سەگ کە بەرانبەری یەکدی دەوەستن و لە

یەکدی دەنۆڕن و موویان لێ ڕەپ دەبێت و ئامادە دەبن پێکا هەڵگژێن یان بە بێ موبالاتی بەلای یەکدا ڕەت بن، ئەوانیش بەو ئاوایی بەرانبەر بە یەکدی وەستابوون.

مازی پێشنیازی کرد:

– ئاغایان یەکتر بناسن.

بە هەمان بێدەنگی تەوقەیان دەگەڵ یەکتردا کرد.بەڵام ناوی خۆیان بە یەکتر نەگوت.

کارانتی نیگایەکی پڕ مانای مازلی کرد.مازلی بە بێ مەیلییەکی ئاشکراوە گەڕایەوە و بە خاوی لە ژوورەکە وەدەر کەوت.

کارانتی، شۆلتسی خوڵك کرد:

– تکایە دانیشە.

شۆلتس، هەوەڵجار بێدەنگیەکەی شکاند و پرسی:

– ئاغای کارانتی، دەتەوێ چ پێشنیازێك بۆ من بکەی؟

شۆلتس لەم دیدارە کە لەمێژ بوو بە تەمای بوو،تەواو هەڵچوو بوو.بەڵام هەوڵی دەدا وا بنوێنێ کە گوایە بنت زیاتر لەو، زیاتر لە شۆلتس خوازیاری ئەم دیدارەیە.کارانتی بە ئاسانی پەی بەوە برد کە شۆلتس چاوەڕوانی شتی زۆرە لەم دیدارە و کەش و فشەکەی دەستکردە. دەبێ چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاو بکات تا ئەم نازوکییە ناچار بە تەسلیم بوونی تەواو بکات.ارێ وەکو ئەوەبوو کە کارانتی کەوتبێتە تاقیب و خاڵێن لاوازی بەرانبەرەکی دیاری بکات.

کارانتی گوتی:

– من ئاگادارم کە چ بویەرێکی گرینگ فەرماندەیی وادار کرد کە تۆ بۆ تریست بگوازێتەوە.

شۆلتس سەری لەم خاڵە سووڕ نەما:خەڵکانی وەکو کارانتی( بە شولتسیان ڕاگەیاندبوو کە ئەو یەکێکە لە سیخوڕە نێونەتەوەییە بە ناوبانگەکان) لەگینە لە زۆر شتان بە ئاگابن...

شولتس دووبارەی کردووە:

– دەتوانی چ شتێك بە من پێشنیاز بکەی؟

– هەندێ خزمەت..

– لە هەنبەر ئەم خزمەتانەدا چ پاداشتێکت لە ئێمە دەوێ؟

– هیچ

مازلی ژارخەنێکی بۆ کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەحمەق،تەنانەت بۆ خۆیشی شتێکی داوا نەکرد. خزمەتی خۆڕایی– لە چ کاتێکیشا؟ کاتێ ئاڵمانییەکان بە هەر مەرجێك قایلن!.."مازلی لە پاڵ موغەیریەکە دانیشتبوو و دیکتۆفۆنێکیش لە ناو موغەیرییەکە دانرابوو و هەموو گفتوگۆیەکان هێندە بە باشی دەبیسران لە تۆ وایە لە تەنیشت قسەکەرەکان دانیشتووە. مازلی بۆی دەرنەکەوتبوو کە بنت چ جۆرە بەشەرێکە. بەو هەموو ئەزموونەوە کە هەیبوو( دۆستەکانی نازناوی "گورگی پیریان" لێنابوو) لەگەڵ ئەوەشدا زۆری بۆ زەحمەت بوو لە زەرفی ڕۆژێکدا پەی بە ماهیەتی کارانتی ببات. تا ئێستا ئەوەی لا گەڵاڵە بووبوو کە کارانتی پیاوێکی چەنەبازی

لەخۆ رازییە. کەسێك بوو عادەتەن هەوڵی دەدا لە هەر شتێك تەنانەت لە هەوای خۆشیش پارە بۆ خۆی دەربێنێ، کەچی ئیستا لە پڕ لە هەنبەر خزمەتەکانی خۆیدا هیچی ناوێ!!.

مازلیش لە تریستدا گوایە دوو سەرە بوو: جاسوسێکی چکۆلە بوو، هەم خزمەتی ئەڵمانەکانی دەکردو هەم خزمەتی هاوپەیمانەکانیشی دەکرد. شتی گەورەتری لە دەست نەدەهات.

گفتوگۆ لە ژوورەکەی سەرەوە درێژە کێشا:

– تۆ پێت وا نییە لە ئەندازە بەدەر دڵسوزی ئەڵمانەکان بوویت؟

کارانتی قسەکەی سەلماندو گوتی:

– بەڵێ.جگە لە تۆ کەسانی دی هەن کە ئێمە دوژمنایەتیان بکەین. ئێمەو ئێوە دوژمنی هاوبەشمان هەیە. ئەوەتا رووسەکان پەلاماری ئەوروپا دەدەن.

شولتس بە پەلە وبەتوندی هەستایە سەر پێ و بەتوڕەییەوە هاواری کرد:

– درەنگ بە م شتانەت زانی ئاغای.... ببورە نێوی راستەقینەت نازانم.

بنت بە ماناوە گوتی:

– کارانتی، بەڵام ناوی من چ دەورێکی نییە لێرەدا. وەرە با بە هێمنی قسە بکەین. هێشتا هەموو شتێك لە دەست نەچووە.

– سەبارەت بە کێ؟

– بۆ نموونە سەبارەت بە تۆ.

– بۆ من، چارەنووسی ئەڵمانیا گرینگە.

کارانتی شانی هەڵتەکاندن و پۆزخەنێکی کرد:

– چما چارەنووسی ئەڵمان مەعلوم نەبووە؟

سەرگورد لە ڕقا هەڵچوو و بەرەو کارانتی چوو:

– چۆن ئەم قسەیە دەکەی!

کارانتی نیگایەکی تەوسامێزی کردو بە هەمان خوێنساردی پێشوو گوتی:

– ئەگەر ئەڵمانیا شەڕەکەش بدۆڕێنێ، ئێمە هەر دەتوانین دۆستایەتی یەکدی ببکەین.

شولتس بە غەزەبێکی ساردەوە گوتی:

– گاڵتەبازی بەسە!وادیارە نازانی گرفتاری دەستی منیت!من تەوقیفت دەکەمو هێندەت ئەشکەنجە دەدەم تا هەموو... هەمووئەم کەش و فشە لە کەپوت دەردێنم!

لەم کاتەدا دوو کەس بەدەنگی بەرز پێکەنین: یەکێکیان کارانتی بوو کە لە ژوورەوە پێدەکەنی و ئەوی تریان مازلی بوو کە لە ژوورەکەی خوارەوە لەبەردەم موغەیرییەکە دانیشتبوو.

سیمای شولتس لە توڕەییدا گرژ بوو. گۆساخی کارانتی تارادەی شێت بوون ئەوی توڕە کرد. شولتس بە بێدەنگی بەرەو دەرگا چوو. نا وا دیارە ناتوانن ڕێبکەون! بەڵام هێشتا دەستی نەگەیاندبووە دەسکی دەرگاکە کە کارانتی لە دواوە هاواری لێکرد:

– بوەستە!

ئەمە فەرمان بوو، فەرمانی کەسێکی بەهێزو بەدەسەڵات تر. شولتس،پێشرەوییەکانی روسەکانی لەبەرەی رۆژهەڵات وەبیر هێنایەوە،ئەو هەزاران خاچە دارینەی کە لە سەر گۆڕی سەربازو ئەفسەرە ئەڵمانییەکان چەقێنرا بوو وەبیر هێنایەوە، تەقینەوەکانی نێو شاری تریستی وەبیر هێنایەوە... وەستا.

کارانتی گوتی:

– تۆ ناتوانی کەمێك ئیجتیماعی بیت! دانیشیت!

شولتس هەڵوەستەیەکی کردو ئەوجا بە بێدەنگی لە پشت مێزەکەوە دانیشت.

– شولتس گوێ بگرە، کاتی ئەوە هاتووە واز لەم شارکێیە بێنن.چاوانتان بکەنەوەو سەیری دەوروبەر بکەن.بە چاوی خۆمان هێرشی ترسناکی کۆمۆنیستەکان دەبینین. لە هەموو شوێنێ هەن، لە هەموو یەکە پارتیزانیەکاندا هەن! رەنگە بەم زووانە بگەنە دەسەڵات... باشە بیرتان لە ئایندەی خۆتان کردۆتەوە؟

شولتس بە دوو دڵی نیگایەکی کارانتی کرد :

– دەمویست بەر لەوەی کۆتایی بە مەسەلەکە بێنین، لە راستگۆیی تۆ دڵنیا ببم.

کارانتی بە ستایشەوە گوتی:

– ئافەرین بۆ تۆ شولتس! باوەڕ بە قسەی ئەو ناکەیت؟ قەیدی نییە! کەواتە چاك بزانە ئەو کەسەی کە تۆی ڕاسپارد ناردنی فەوجی ماموری سەرکوتکاری بۆ چوارگۆشەی ژمارە "١١" مەنع بکرێت، من بووم. تۆ بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە من پێم دابوویت توانیت بنکەی پەیوەنی پارتیزانەکان لە گوندی پلاڤاو ساگا نابوود بکەی، بە گوێرەی ئەو راپۆرتەی کە من دابووم بنکەکانی دیداری پارتیزانەکان لە تریستدا داغان کران و ڤیلاسکیپاو ئەلکساندر نیکولیچ‌و مارتاکوبیل‌و سێ نەفەری دیکە لە گەڕەکی کرێکاران دەسگیرکران. جگە لەوانە تۆ دەبێ ئەو دوو پیتەی (ئا – ئا)یەی من لە بری ئیمزای خۆم دەیاننووسم بناسیتەوە. باشە، ئێستا دڵنیا بووی کە ئێمە دوژمن نین‌و بەڵکو دۆستین؟...

– ئاوا... باشە، بابچینە ناو باسەکەوە.

– کەواتە گوێ بگرە...

گفتوگۆیەکی جدی لە نێوانیاندا دەستی پێکرد. سەگەکان نە ئامبازی یەکدی بوون نە بە بێ موبالاتی بەلای یەکا تێپەڕین. رێگای سێیەمیان هەڵبژارد. هەردووهاودەستەکە رێکەوتن. جووتە سەگەکە، نێچیرەکەیان لە بەینی خۆیاندا دابەش دەکرد...

مازلی کە گوێی هەڵخستبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: " شەیتان بە نەحلەت بی ، ئەم کارانتییە پارەیەکی مۆڵ بە دەست دێنێ، دەبێ پیاو لە نزیکبوونەوەی وریا بێ "

مازلی بۆ لەحزەیەك کارانتی بەسەر براوی هێنایە بەر چاوی خۆی. هەم مازلی خۆی‌وهەم هەر یەکێك لەو دەستە پیاوکوژەی کە خۆی رێبەری دەکردن، دەیانتوانی کارانتی بکوژن. بەڵام ئەو کارە چ سوودێکی دەبێ؟ ئایا مازلی بە تەنیا دەرەقەتی هەموو ئەو کارانە دێ کە ئەم ریسککارو گورگە باراندیدەیە دەیکات ؟ مازلی دەیتوانی پیاو بکوژێ، تالان بکا، قاچاخ بێنێ‌و

ببا، نهێنی بفرۆشێت، تەنانەت لە بەلەمی گەورەداسەرکردایەتی قاچاغچیان بکا، بەڵام دیاری کردنی چارەنووسی دەوڵەتان... نا، ئەمە کاری ئەو نییە !...

مازلی هەرکە لە رارەوەکەدا گوێی لە دەنگی پێ بوو، خێرا دیکتوفۆنەکەی داخست. یەکێك لەو ئاڵمانیانەی کە دەگەڵ شولتس هاتبوو، لە ئاستانەی دەرگاکەدا دەرکەوت، لە کاتێکا کە بە گومانەوە دەیڕوانییە ناو ژوورەکە پرسی:

– وام هەست کرد لەگەڵ یەکێکا قسەت دەکرد؟

مازلی ئاماژەی بۆ کتێبێکی کراوەی سەر مێزێکی بچووك کردو گوتی:

– حەزم لێیە کتێبی "فاوست" بە دەنگی بەرز بخوێنمەوە.

یارۆی ئێس.ئێس تەماشایەکی کتێبەکەی کردو ئەم وشانەی خوێندەوە: "ئەی لەحزەی جوان، مەڕۆ، لە جێی خۆت بوەستە!"

یارۆی ئێس. ئێس ئامۆژگاری کرد:

– ئەم زروزبڵە لە موغەیرییەکە باوە. باشە بۆ لەم ژوورە ساردە دانیشتووی؟

مازلی گوتی:

– هەر بۆ خوێندنەوە دێمە ئەم ژوورە، ئێرە کپ و بێدەنگە... دەنا باقی کاتەکانم لە ژوورێکی دی دەقەتێنم.

یارۆی ئێس. ئێس بە روو گرژی بۆڵەیەکی بۆ کرد و ڕۆیی. کە دەنگی پێی بە تەواوەتی خامۆش بوو ، مازلی خێرا دیکتۆفۆنەکەی کردووە.

کارانتی لە ئاخرو ئۆخری گفتوگۆکەدا داوای لە شولتس کرد کە کارتێکی تایبەتی بداتێ.

شولتس سەرسام بوو:

– کارت؟

– بەڵێ، ئەو وەرەقە نارنجییەی کە بۆ ئێوە بە کارت حیساب دەکرێ.

شولتس نیگایەکی تاقیکارانەی کارانتی کرد. باشە لە کوێ بەم کارتەی زانیوە؟ بەڵام هیچ بیانوو و هەنجەتێکی نەبوو کە ئەم کارتەی گشتاپۆی نەداتێ . شولتس کارتێکی نارنجی لە بەرکی دەرهێنا،ودوای هەڵوەستەیەکی کەم ناوی کارانتی لەسەر نووسی. ئەوجا ئەو لە بنتی پرسی:

– ئەرێ حەزم دەکرد بیرکردنەوەی تۆ لەمەڕ میخائیلۆ بزانم؟ بڵێی لە شەڕی سەردانەکانی بۆ تریست رزگاربین؟

کارانتی پاش بێدەنگیەکی کەم وەڵامی دایەوە:

– میخائیلۆ دوژمنێکی یەکجار خەتەرە. لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا زۆر خۆشەویستە، بە ڕای من پارەیەکی زۆر کەمتان لە قەبەڵی سەری ئەو کردووە... ئەم پارەیە بەلای کەمەوە دەبێ بکرێ بە دوو ئەوەندە.

– وایە، راست دەکەی. نابێ گوێ بە پارە بدرێ.

به قاڵدرمەکەدا داگەڕان‌و هاتنە تارمەکە.  لەوێ گاردەکەی شولتس پێی ڕاگەیاند کە لەم ماوەیەدا چ شتێك لە ماڵەکەدا  ڕووی نەداوە تەنیا ئەوە نەبێ کە خاوەن ماڵەکە ، مازلی بە دەنگی بەرز کتێبی "ڤاوست"ی خوێندۆتەوە.

شولتس ئەمەی بە هەند نەگرت. خوا حافیزی لە کارانتی کردو لە ماڵەکە وەدەرکەوت. بەڵام کارانتی وای هەست کرد کە ئەم کارە بێ مەلآمەت نییەو ئەم ماستە موویەکی تێدایە... مازلی‌و ئەدەبیات! پێدەچێ پیلانێك لە پشت پەردەی ئەم کتێب خوێندنەوەیەی مازلییەوە هەبێ!

کارانتی شارەزای تایبەتمەندییەکانی ئەم فێڵبازە،مازلی بوو بوو. پیشەی دڵخوازی مازلی کڕین‌و فرۆشتنی نهێنیان بوو. ئەو نهێنیانی بێ فەرق و جیاوازی، بە هەر کەسێك پارەی دابا دەفرۆشت.دەبێ مقەیەتی بی.... لە هەمووی مەسڵحەت تر ئەوەیە لێی دوور بی.

ئەو ڕۆژە بای باکووری ڕۆژهەڵات کە خەڵکی زۆری لێدەترسان لە تریست دەهات، ژنان خۆیان لە شاڵەوە دەپێچیاو بە غار بە ناو شەقامان دەکەوتن وبە تۆپزی منداڵەکانیان بۆ ماڵ دەبردەوە.

خەڵکی شار هەوڵدەدەن بە زووترین کات خۆ لە شەڕی ڕەشەبا ڕزگاربکەن.شەقامەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی شار، یانی بەشی بەندەریی شەقامەکە زووتر چۆڵ بوو. مەیخانە پەڕپوت‌و هەرزانەکانی ئەم ناوچەیە پەناگای خەڵکی بوون، مەیخانەکان جێگای هەموو خەڵکەکەی تیا نەدەبووەوە، خەڵکی لە تەختی ژوورەکان دانیشتبوون و لەبەر تەنگی جێگا بە یەکەوە چەسپابوون وچاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد بایەکە بنیشێتەوە... لە بەشی بازگانی شارداهەر دەنگی شکانی شووشەی پەنجەران بوو ودەهاتە گوێ. دەوریی نێو شار خۆیان دابووە پەنای دالآنی ماڵەکان.بە دەگمەن کامیۆنێکی‌بە موشەما سەرگیراو بە شەقامە چۆڵەکاندا ڕەت دەبوو. دەتگوت شار لە ژێر زەبری ڕەشەبادا دەناڵێنێ. جیڕە جیڕو شەقەی دەرگای ماڵان دەهات. ، وایەری تەلەفۆن دەیانلوراند. بایەکە سات بە سات توند تر دەبوو.

بایەکە بە کەناری هەمواری دەریادا تێدەپەڕی و تۆزو خۆڵی شێداری لەگەڵ خۆدا دەفڕاندولە داوێنی کوێستانەکاندا کەمێك خاو دەبووەوە، پاشان لە نێو کێوەکاندا بە تەواوەتی کپ دەبووەوە.

پارتیزانانی بێبەش لە خواردن‌وئاوی خواردنەوەو گەرما ،دوورو دابڕاو لە خەڵك لە نێو کێوەکاندا خۆیان مەڵاس دابوو.ئەو گەرمایەی کە دەستی پێکردبوو ڕێگا کوێستانییەکانی خز کردبوو و پیاو نەیدەتوانی بە نشێوەکاندا تێپەڕێ..

دوا فەردە ئارد تەواو بوو، تاقە چێڵەکەیان خوارد،خەڵکی لە بری توتن قەوزەیان دەکێشا.تەنانەت ئەوانەشی کە جگەرەکێش نەبوون هەر قەوزەیان دەکێشا.

سێ ڕۆژ لەمەوبەر سیلویوف پۆڕێکی کوشت‌و هێنای. پارتیزانەکان بۆیان نەبوو تەقەبکەن ، بەڵام سیلویوف بە پەلێ پۆڕەکەی کوشتبوو. گۆشتی پۆڕەکەیان تەنیا بە سەر نەخۆشەکانا دابەشکرد، هەر یەکێك لەوانیش دەیویست بەشەکەی خۆی بداتە هاوڕێکەی. ئێستا سیلویوف لەگەڵ ڤاسیادا دەچوو بۆ ڕاو، سیلویوف بە پەلەپەل تیروکەوانێکی چێکردبوو و لەگەڵ خۆیدا دەیبرد. بچووکترین خشە پارتیزانەکان لە بچووکترین خشەخشدەسڵەمینەوەو دەیانڕوانییە لق‌و

پۆپی درەختەکان، بەڵام چ ڕاوێکی دیکەیان دەست نەکەوت. ئیدی پارتیزانەکان لە داخا کەوتبوونە شۆخی بازیو هەموویان ئەم قسەیەیان گرتبۆ دەم"

– ئەهای دویز، خێراکە ئەگینا لە دەست دەردەچیّ!

دویز لەسەر دارێکی بەرزەوە ئاوڕی دەدایەوەو دەیگوت:

– ئەمە دەڵێن؟ نا،منحەزم لە ڕەنگی پەڕی ئەم باڵندەیە نییە: من حەزم لە پۆڕێکە کلکی ئەرخەوانیو سەری پۆپنەدار بیّ.

– ئەها، بە سەلیقەشی ها!

–بەمجۆرە هاتوومە دنیا.. حەز ناکەم سەلیقەی خۆم بگۆڕم.

– خۆ سەلیقەکەت خراپ نییە!

– ڕۆزیتای جوانیش کاتیّ عەسری شەممە وەختی گەڕانەوە لە گوندی سەر گۆنایم ماچ کردو لێم پرسی کە داخۆ ئامادەیە شووم پیّ بکا یان نا. هەمان قسەی پێوتم. ڕۆزیتا هیچ گفتێکی نەدامیّ. بەڵام بە گوێیدا چپاندم: "هانری، دەزانی سەلیقەت خراپ نییە".

هەموو برسێتی و تێنوێتیان لە بیرکردو بە کۆمەڵ لە قاقای پێکەنینیان دا.

لە ناوەندی ڕۆژا، حەرەسەکان لە دوورەوە تارماییەکی چکۆلەی ئینسانێکیان بینی کە وردە بە کێوەکەدا هەڵدەگەڕا، تارمایی تاین لە ڕێگای ئاساییەوە سەر نەدەکەوت، لە نێو دارستانەکەدا ون بوو. زۆری پێنەچوو لە کوێرە ڕێیەکەوە سەری دەرهێنا کە کەم کەس پێی دەزانی، دەستەسڕێکی سپی گەورەی لە بەرکی دەرهێناو دەموچاوی پێسڕی. ئەم کارە نیشانەیەکی تایبەتی بوو: حەرەسەکانی دڵنیاکرد کە خۆییە. ئەم پیاوە هەمان کەشیشە پیرەکە بوو. حەرەسەکان دەوریان دا، بەڵام بێوەی وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە ماتو بێدەنگ یەکسەر بەرەو چادری فەرماندەیی ڕۆیی.

کەشیشی پیر بۆ فرەرو سێرگی نیکۆلایوفیچی گێڕایەوە کە توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە لای "ارنستوروسلین"ی کارخانەداری شاری تریست. داوای لێکردووە کە قافڵەیەك ئازوقە بۆ پاتیزانەکان بنێریّ، چونکە برسینو ژمارەیەك نەخۆشی کەسیرەیان هەیە. هەروەها تێی گەیاندووە کە ئەگەر ئەم کارە نەکا زەرەر دەکا، چونکە پارتیزانەکان دەستیان دەیگاتیّو لەوە زۆرتری لیّ دەسێنن کە خۆی بیەویّ. ئیدی روسلینی ترسا،بەڵام هیچ دەست درێژییەکی نەکردبووە سەر کەشیشەکەو ئازادی کردبوو. بەڵام رازی نەبوو یارمەتی پارتیزانەکان بدا. پیرەمێرد ئەوەشی پێراگەیاندن کە حاڵی حازر لە تریستدا رەشەبایەو شەقامەکان چۆڵو هۆڵن. ناچار بووبوو ڕێگایەکی سەختو دژوار ببڕیّو بە دەم ڕێگاوە گوندی سووتاوو سوتماك ، جووتیاری لە سێدارە دراوی بە چاوی خۆی دیتوون.برسێتی دنیای گرتۆتەوە. کاتیّ پیرەمێردەکە مولگەی ئەو یەکە ئەڵمانیانەی کە بۆ سەرکوتکردنی پارتیزانەکان هاتبوون،لەسەر نەخشە نیشاندان، فرەرۆ لە جێی خۆی ڕاپەڕی وگوتی:

–ئەوانە لە دەستی خۆماندان.

سیرگی نیکۆلایوفیچ سەری بەسەر نەخشەکەدا داگرتبوو، بە ئەندازەی فرەرۆ شارەزای ئەم ناوچەیە نەبوو، تکای کرد:

– لویچی بۆمی ڕۆن بکەنەوە.

فرەرۆ ناوی چواری بەرزاییی و دۆڵێکی برد: ئەڵمانەکان لەم دۆڵەدا بوون. ڕاستە کە ئەوان پڕ چەك بوون و شەش زرێپۆشیان گەیاندبووە وێندەر، وێڕای ئەوەش فرەرۆ بە دڵنیاییەوە گوتی:

– ئەوانە بە خۆیان، خۆ دەخەنە قوڕگی شێرەوە!

ئەوجا سیرگی نیکۆلایوڤیچ پێشنیازی کرد هێزەکان کۆبکرێنەوە، و لە چوار لاوە پەلاماری ئەڵمانەکان بدەن. کوتوپڕی پەلامارەکە زامنی سەرکەوتن بوو. هەنگێ پارتیزانەکان دەتوانن پاش ئەم حەملەیە دووبارە گوندەکانی دەوروبەر بگرنەوەو بیخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و چەك و تەقەمەنی لە دوژمن بگرن. دەبوو وردەکارییانی نەخشەکە لە گەڵ فەرماندەی یەکەکاندا بخەنە بەر باس. هەروەها بڕیاردرا لە شاردا تەقینەوەیەك بکرێ و بە هەر نرخێ بووە روسلینی کارخانەدار بگیرێ و بگەیەنرێتە دەستی پارتیزانەکان.

فرەرۆ کەوتە سۆراخی مەهدی وبردییە پەنایەك و پێی گوت:

– مەهدی،مەسەلەیەك هەیەکە پێویستە سەفەرێکی تریست بکەی...ماموریەتێکی گرینگ لە ئارادایە.

– بەسەر چاو هاوڕێ فەرماندە!

– بیرتە دەتگوت فاشییەکان لە ڤیافورتونا قەحپەخانەیەکی گەورەیان دامەزراندووە؟

– بەڵێ، ئەم خانووە لە کارخانەیەکی تێکەڵاو دەچێ. کاروباری ئەوێیان تا ڕادەیەکی باش ڕێکخسووە.

– مەسەلە ئەمەیە کە دەبێ ئەم (کارخانە تێکەڵاوە) وێران بکرێ، دەبێ بتەقێنرێتەوە. هاوڕێ "پ" ئەم پێشنیازەی ناردووە.

هەر پێشنیازێ لەلایەن هاوڕێ "پ"ەوە کرابا، مەهدی بە دڵ و بە گیان قەبوڵی دەکرد.بەڵام ئەمجارە بە دوو دڵییەوە سەری لەقاند:

– هاوڕێ فەرماندە، ئاخر ژنانی لێ هەن. ئەمە جگە لەوەی کە ئەوێ دامودەزگای سوپایی نییە...

فرەرۆ مژێکی لە پایپە خاڵییەکەی خۆی دا:

– دەزانم، هەموو ئەمانە دەزانم. لە مەبەستی تۆش تێدەگەم. بەڵام ئێمە مەعلوماتی تەواومان لەسەر ئەم ماڵە هەیە. هەموو ئەو ژنانەی لەوێ دەژین، بە کرێ گیراوی گوشتاپون و بە گشتی ماموری نازییەکانن... بەیانیان خۆ دەگۆڕن و دەچن بۆ گەڕەکە کرێکار نشینەکان و گوێ لە قسەی خەڵکی ئاسایی دەگرن و "هاوخەمی" خۆیان بۆ دەردەبڕن. هەندێکیان توانیویانە خۆ بگەیەننە کارخانەکانیش. عەسر دەگەڕێنەوە بۆ "کارخانەی تێکەڵاو"وپێشوازی لە فاشییەکان دەکەن و لە شارا کەس نازانێ لەم دامودەزگایەدا چ دەکرێ، چونکە تەنیا هیتلەرییەکان بۆیان هەیە هاتوچۆی وێندەر بکەن. لە دوو سەرەوە خزمەت دەکەت تێدەگەی؟ بە دزییەوە تاقیبی سەربازە ئەڵمانییەکانیش دەکەن، هەر کە دەربکەوێ کە سەربازێك ورەی جەنگاوەری بەرداوە وئیدی

ئامادەی شەڕ نییە لە پڕێکا بێ سەرو شوێن دەکرێ. شەوی نزیکە ٤٠٠- ٥٠٠ سەربازی هیتلەری دەچن بۆ ئەم خانووە. دەبێ ئەم خاڵەش لەبەر چاو بگیرێ. ئێستا زانیت بۆ دەمانەوێ "کارخانەی تێکەڵاوە" بتەقێنینەوە؟

مەهدی بێ دوودڵی گوتی:

- بەڵێ هاوڕێ فەرماندە.. دڵنیابە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت!

- زۆر چاکە!

جا پارتیزانەکان بە چ شادی و ئامادەییەکەوە هەواڵی عەمەلیاتە جەنگییەکەی داهاتوویان وەرگرت! ئەدی سیلویوف!چەندی پێخۆش بوو کە مەهدی بانگی کردبوو وپێشنیازی کردبوو کە دەگەڵیا بۆ تریست بڕوات!

سیلویوف، جاران لە گەراجی کابرایەکی دەوڵەمەندی تریستیدا ترومبێلانی دەشۆردو بەنزینی لە تانکییەکانیان دەکرد. بە دەگمەن رێیان دەدا دوای شۆردن و چاککردنی ترومبێلێك سواری بێ و تاقی بکاتەوە... ئەوسا لە پشت سوکانەکەوە دادەنیشت و بە دەوری مەیدانی نزیکی گەراجەکەدا دەسوڕایەوە... هەرچەندە هەوڵیدا بکرێ بە شوفێرو کاری ئاژۆتنی ترومبێلانی پێ بسپێرن، هەر رێیان نەداو نەدا. تەنیا یەك جار لە نێو پارتیزانەکاندا دەرفەتی بۆ رەخسا کە هونەر و لێهاتووی خۆی لە هونەری ئاژۆتندا بە هاوڕێکانی نیشان بدا. هاوڕێیان سەریان لە کارامەیی سیلویوف سوڕما کە چۆن بە خێرایی ترومبێلی بە نشێو هەورلزانی ترسناکی چیایاندا داژۆت. ئێستاش دەبوو ئەو مەهدی بۆ شار ببات ودەگەڵ ئەودا بەشداری چالاکی جەنگی بکا، سیلویوف برسێتی پڕ ئازارو هەموو ئەو بەڵاوکێشانەی کە لە دەورانی کورتی ژیانی خۆیدا دیتبوونی فەرامۆش کرد. لە سەر تاوێرێك وەستابوو و دەیڕوانیە کێوانی بەرزو ئاسمانی شین، وای هەست دەکرد زۆر لەم کێوانە بەرزترو مکومترە.ئەگەر لە فەرەنسادا بوایە گاوروش-یان پێدەگوت...بەڵام لێرە سیلوێڤە.

مەفرەزەکەی مەهدی چوار کەس بوون: خۆی، ڤاسیا، ئانژلیکاو سیلویوف. دەبوایە بچوونایە بۆ نك هاوڕێ "پ"و بەرگەودەستوری پێویست لەو وەربگرن و بچن بۆ تریست.

مەهدی بە گەرمی دوعاخوازی لە هاوڕێکانی کردو ئاواتی سەرکەوتنی بۆ خواستن، پارتیزانەکانیش هیوای سەرکەوتنیان بۆ ئەو خواست.

مەفرەزەکەی مەهدی تا بناری کێوە زەرد لە گەڵ پارتیزانەکاندا رۆییشتن و لەوێوە لایان دا. سەرهەنگ سیرگی نیکولایوفیچ تا ماوەیەکی زۆر لە دواوە بە چاو مەهدی بەڕێ دەکرد. ئەوجا بە پەلە یەکەکەی خۆی گاز کرد.سیرگی نیکۆلایوڤیچ کە بەسەر تاوێرە خزو لوسەکاندا بازی دەدا ،بە خەیاڵ وای هەست دەکرد بەسەر داری نێو رووبارەکەی سالاًندا باز دەداو تانیای خێزانی بە کەنار دەریاکەدا بە دووی ئەوا رادەکات و ئەو هەست بە هانکە هانکی تانیا دەکا و تانیا بەشپرزەیی لە دوایەوە هاوار دەکا: "سریوژا! سریوژا!" بەڵام سیرگی ئەم کارە بۆ ئەو ئاسان وخۆشەو ترسناك نییە...

مەهدی جارێکی دی بەرەو تریست، بەرەو ئەو شارەی کە لە هەر سوچ و گۆشەیەکیا مەرگ بۆی لە بۆسەدا بوو. تا گەیینە شوێنە تازەکەی هاوڕێ "پ" چەند جارێك بە ناچاری نهێنی شەویان داو بە چەند پاسگایەك دا.

چەند جارێك ناچاربوون نهێنی شەو بڵێن و زۆر پاسگایان بڕی تا گەییشتنەشوێنی تازەی دیداری هاوڕێ "پ".لەوێ بەرگەو جل و بەرگیان دانێ.

ئەو گۆڕانەی کە لە ئانژلیکادا رووی دابوو ڤاسیای سەرسام کرد. کراسێکی تۆخی گران بایی شانێلێکی فەروە ڕێوی رەش و قاوەیی بە شانیا دابوو، جووتێ دەستکێشی سپی لە دەست کردبوو و لە بەرامبەری وەستا بوو. قژەکەی لەسەر مۆدی تازە رێك خستبوو.ڤاسیا، ئانژلیکای بەم ئاڵ و والا نوێیەوە پێ بێگانەو دوورو سارد بوو. بەلام بە کراسە ئاساییەکەیەوە، کە سەوزێکی خانە خانە بوو و لە چەند شوێنێکەوە پینەکرابوو و لە بەر زۆر شتن ڕەنگی چوو بۆوە تا حەزبکەی ئانژلیکای لە لا ئازیزونزیکبوو!

مەهدی وەکو هەمیشە دوو جانتای ئەفسەریی پڕدینامیتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت. هاوڕێ "پ" ترومبێلێکی سەرگیراوی دوو سلیندەری بە سیلویوف سپارد.

کە هەموو شتەکانیان بە وردی وارەسی کرد ، مەهدی بڕیاری دا کە ئیستا دەتوانن بکەونە ڕێ.

رێگاکە پڕ تاسەو کۆسپ بوو، تایەی ترومبێلەکە پەنتەڕناشی دەکرد، بەلام سیلویوف بە دڵنیاییەوە ترومبێلەکەی داژۆت. مەهدی بە جلی سەرگوردی ئەڵمانییەوە لە پاڵ سیلویوف دا دانیشتبوو، ڤاسیا و ئانژلیکا لەسەر کورسییەکەی پاشەوە دانیشتبوون. ناو ئۆتۆمبێلەکە تاریك بوو، ڤاسیا بێدەنگ بوو... نەیدەزانی لەگەڵ ئانژلیکای تازەدا باسی چ بکا. بەلام ئانژلیکا هەستی بەمە دەکرد. کە ئەوەی بیر دەکەوتەوە چەندیان کراس و خشڵ تاقی کردۆتەوەو چۆن بۆیەی نینۆکی گونجاویان پەیدا کردووەو چۆن پیرێژنەکە فێری دەکرد کە چۆن دەستی بۆ ماچ کردن بەرێتە پێشێ، پێکەنین دەیگرت. بەلام ئەم ئارایشتی قژە! نا، ئانژلیکا قەت ئامادە نەبوو بەم جۆرە سەری ئارایشت بکەن! ئاە، چەند ئەستەمە ئینسان ژنێکی ئەشرافی بێ!..

کە ترومبێلەکە گەییە دەشتایی، بۆنی دەریا رێبوارەکانی مەست کرد. تا لە تریست نزیکتر دەبوونەوە بایەکە توندترو ساردتر دەبوو. ئەنجام گەییشتنە تریست. سیلویوف لەم شارەدا لە دایك وگەورە بوو بوو، هەموو کون و کەلەبەرەکانی پێدەزانێ. مەهدی دەستوری دایێ کە بە دەوری شەقامی سانجوستۆدا بسوڕێتەوە. خۆیان بە حەوشێکدا کردو لە کەلەبەرێکی دیوارەکەی بەرانبەریانەوە دەرچوون.

بەو تاریکە شەوە جیاکردنەوەیخانووەکەی "ارنستو روسلین"ی لە خانووە گەورەکانی دەوروبەری زەحمەت بوو. سەربازانی ئیتاڵیایی لەبەر دەرگای تەلارەکەدا ئێشکیان دەگرت.

سیلویوف بەوپەڕی خێرایی ترومبێلەکەی داژۆت، ئستۆپێکی قایمی لەبەر هەشتی خانووەکەدا گرت. سەربازەکان ترومبێلەکەیان بەر لایت دا، ئەڵمانییەکی لاو لە ترومبێلەکەوە خۆی هەڵدایە سەر شەقامەکەو بەدەوری ترومبێلەکەدا سوڕایەوەو دەرگای سەمتی شۆستەکەی

کردەوە. ئەوجا ژنێکی گەنجی خشکۆکی جوانپۆش بە کراسێکی گرانبەهاوە لە هەنبەر سەربازەکاندا دەرکەوت. ژنە وەك ئەوەی سەربازەکان نەبینێ بە هەنگاوی بتەوەوە بەرەو دەروازەی تەلارەکە چوو. سەربازەکان رێگەیان پێگرت.

ئانژلیکاسەرە جوانەکەی هەڵبڕی وبە سەرسامی روانییە سەربازەکان. سەربازەکان داوای ناسنامەیان لێکرد. ئانژلیکا ناسنامەو بەرگەیەکی لە جانتاکەی دەرهێناو بە فیزێکەوە بۆی درێژ کردن.

یەکێك لە سەربازەکان خوێندییەوە:

– خانمی فراسکینی.

ئانژلیکا بێوەی سەیری بکا گوتی:

– خەڵکی ڤینیسیا.

سەربازەکە بە گومانەوە لە ئانژلیکا راماو پرسی:

– خزمی ئاغای فراسکینی–ت؟

– بەڵێ.

سەربازی دووەم خۆی لە قسەکانی هەڵقورتاند:

– هەموو ئیتاڵیاییەك دەزانێ کە فراسکینی پیر نە منداڵی هەیەو نە براو نە خوشکەزا!.

سەربازی یەکەم رووی کرایەوە :

– هێواش! تۆ هاوسەری تازەی فراسکینی–ت؟

ئانژلیکا هەر بۆ حەقارەت پێکردنی ئەو مۆرەیەکی کرد: ئاخر نابێ ئەوەندە رووبداتە سەربازەکانو ئەوەیان بۆ باس بکا کە چی ئاغای فراسکینییە! ئەم رەفتارەی هەموو گومانێکی لای سەربازەکان سڕییەوە. چونکە یەکێك لە نوێنەرانی چینی باڵای کۆمەڵ لە بەردەمیانا وەستاوەو بە خۆیان زۆرجار خەڵکانی سەر بەو چینەیان دیتوە کە بێزیان نەهاتووە قسە لەگەڵ ئەمانەدا بکەن.

ئەو سەربازەی کە ناسنامەکەی لێ وەرگرتبوو گوتی:

– ببوورە خانم... ئێمەی وەزیفەی خۆمان ئەنجام دەدەین. وەزعی تریست زۆر نا ئارامە.

سەربازی دووەم کە پێدەچوو نەختێ درەنگباوەڕ بێ، پرسی:

– کێ لە ترومبێلەکەدایە؟

بایەکە شانێلەکەی ئانژلیکای لەسەر شانی لادا. ئانژلیکا شانێلەکەی دایەوە بە شانیاو زۆر بە ساردی گوتی:

– ئەوانە هاتوون من بە رێ دەکەن.

سەربازەکان چوون بە لای ئۆتۆمبێلەکەوە، دەرگاکەیان بە ئاستەم کردەوەو سەیری ناویان کرد. ( دەرگای ترۆمبێلەکە لەبەر فشاری بایەکە، بە زەحمەت کرایەوە).

مەهدی بە بێ موبالاتی و بە دەنگێکی ماندوو هاواری کرد:

– هایل!

ئیتاڵیاییەکان لە بەردەم سەرگوردە ئەڵمانییەکەدا ئامادە وەستان و گوتیان:

– هایل!

سەرگورد باوێشکێکی داو دەستێکی بە چەناگەی خۆیدا هێنا. سەربازەکان گەڕانەوە بۆ لای ئانژلیکاو لە زەنگی دەرگاکەیان دا. پیرەمێردێکی لاوازی ڕەقەڵە دەرگای کردەوە، ئانژلیکا چووە ڕاڕەوەکەوە. ئانژلیکا پێی گوت:

– بمبە بۆ لای ئاغای روسلینی.

– ئاغای روسلینی لە ماڵ نییە. من سکرتێری ئەوم چی پێ بڵێم؟...

ئەمەی کە لەگینە تەنیا سکرتێرە فەرتوسەکەی رۆسلینی بدینێت، بۆ ئانژلیکا هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراو نە بوو.لە ماڵی هاوڕێ "پ" پێی راگەیەنرا بوو کە روسلینی گومانی لە سێبەری خۆیشی پەیدا کردووەو هەموو کەسێك بە پارتیزان دەزانێ، لەم دواییەدا هەموو خزمەتکارەکانی خۆی دەرکردووەو تەنیا کارەکەرێك و سکرتێرێکی پیری وەفاداری هێشتۆتەوە کە دەمێ ساڵە لە خزمەتیایەو ئیدی سەرپەرشتی و ئاگاداری ماڵەکەی بەو سپاردووە.

ئانژلیکا بە نائومێدییەوە گوتی:

– مخابن، بەداخەوە! باشە دەکرێ دوای تۆزێکی دی بێمەوە خزمەتی ئاغای روسلینی؟

سکرتێرەکە کەوتە منجەمنج.

ئانژلیکا لەسەری رۆیی:

– دەزانی، مەسەلەکە ئەمەیە کە مێردەکەم نەخۆش کەوتووە...

– مێردی تۆ؟

– بەڵێ، ئاغای فراسکینی.

پیرە سکرتێرەکە برۆکانی هەڵبڕی و بزەیەکی رياکرانە بە سیمایەوە دەرکەوت و گوتی:

– ها! پیرۆزباییت لێدەکەم خانم! تۆ بەختیارترین ژنی شار ڤینسیای!

– پیرۆزبایی دەکەی؟ بە بۆنەی نەخۆشی مێردەکەمەوە؟...

– ببورەخانم... مەبەستم ئەمە نەبوو... بەڵام هاوسەریی پیاوێکی وا...

ئانژلیکا هەناسەیەکی خەمناکی هەڵکێشا:

– کە بۆی نیگەرانم!

بەڵام تەفرەدانی پیرە سکرتێرەکە کارێکی زەحمەت بوو:سکرتێرەکە لە قسە کردنەکەی ئانژلیکادا ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەم ژنە پتر خۆی بەوەوە هەڵدەکێشێ کە ژنی فراسکینی یە تا ئەوەی خەمی بۆ بخوا!

سەرەنجام سکرتێرەکە بەڵێنی دا:

–دەتوانی دوای سەعاتێکی دی ئاغای روسلینی بدینی. ئێستا خانم ئەگەر گەرکیانە با تەشریف بەرنە نهۆمی دووەم و لەوێندەر پشوو بدەن و ماندوویەتی رێگا دەربکەن؟

ئانژلیکا سەرێکی لەقاند:

– ئا، نە ... ( "باشە عادەتی ئەشرافان چۆنە؟ پێویستە سوپاسی سکرتێرەکە بکا یا نا"؟) باشتر وایە بە ترومبێل بە شارا بگەڕێم، گەڕان کەمێك سەرقاڵم دەکا... ئاخر ئەمە یەکەمجارە دێمە تریست. پاش سەعاتێکی دی دێمەوە و ئەوسا بە ئاغا روسلینی دەڵێم کە سکرتێرێکی دڵسۆزی هەیە.

کە ترومبێلەکە لەبەرماڵی روسلینی دوور کەوتەوە، ئانژلیکا لە ماندوێتیدا پشتی بە کوشنەکەوە داو ئاهێکی هەڵکێشا:

– ئاخ کە زەحمەتە! قسەکردن دەگەڵ ئەمانەدا چ زەحمەتە!

مەهدی دڵی دایەوە:

– چ نییە. من گوێم لێبوو کە تۆ چەند ئەشرافانە قسەت دەگەڵ پیرەمێردەکەدا دەکرد.

– یانی باش بوو؟

مەهدی بەستایشەوە گوتی:

– تۆ کیژێکی بەهۆش‌و ئاقڵی!

ئانژلیکا هەستی بە شادیی کرد. لە پڕ گوتی:

– دەزانی بۆ بەم جورئەتەوە رەفتار دەگەڵ ئەمانەدا دەکەم؟

– بۆ؟

– لەبەر ئەوەی کە ... لەبەر ئەوەی کە میخائیلۆم دەگەڵە.

مەهدی نیگایەکی سەرسامانەی کردو هیچی نەگوت. ئەوجا ئانژلیکا رووی کردە ڤاسیا کە بە بێدەنگی گوێی لە قسەکانی وان دەگرت‌و گوتی:

– ڤاسیا، ئەم تەنتەنەو سەنسەنەیەم لێدی؟

ڤاسیا سەرێکی لەقاند:

– نازانم. بەڵام روسلینیت شێت‌و شەیدا دەکا! بۆیە بە دڵنیاییەکی زیاترەوە رەفتار بکە.

سیلویوف نیگایەکی پرسیار ئامێزی مەهدی کردو گوتی:

– ئێستا کێوە بچین؟

– لێرەوە ڕێ بۆ ئۆپچینا هەیە ؟

– دەبێ لەوبەرەوە بەرەو سەرێ بڕۆین...

ڤاسیا گوتی:

– جا ئەم بارگیرەی تۆ دەتوانێ بەم هەورازەدا سەر بکەوێ ؟

– بڵێم چی!

مەهدی بڕیاری دا:

– هەرچۆنێ بێ دەڕۆین! ناکرێ بە چوار قۆڵی لە شارا بسوڕێینەوە!

سیلویوف بە توندی سوکانەکەی بادا.

بەبێ لایت دەڕۆیشتن. سیلویوف هەموو چاڵو بەردێکی ئەم جادەیەی دەزانی. بایەکە لە دواوە ئۆتۆمبێلەکەی دەڵەك دەدا. سیلویوف بە سەرسامی گوتی:

– چ بایەکە! بێگومان لە ١٠پوان کەمتر نییە

مەهدی بە دڵنیاییەوە گوتی:

– نەخێر کەمترە.

– من بیرم نایە تا ئێستا لە تریست دا بای وا هەڵی کردبێ!

– لە باکۆی ئێمەدا لەمەش توندتر هەیە.

– توندتر! دیارە کەس هەناسەی بۆ نادرێ. وایە؟

– نەخێر،بۆچی هەناسەیان بۆ نەدرێ،. خەڵکی لەمجۆرە بایەدا تەنانەت کاریش دەکەن. تەنانەت لە نێو دەریاشدا کاردەکەن.

ئانژلیکا بە سەرسامی:

– باشە لەدەریادا، چ کارێ دەکەن؟

– نەوت دەردێنن، وەختێ من باکۆم بەجێ هێشت تازە یەکەم ریکی بیرە نەوتیان لە نێو دەریادا دامەزراند بوو.

ئەگەر ئەم قسانە مەهدی نەیکردابان وکەسێکی دی کردبانی مەحاڵ بوو سیلویوف و ئانژلیکا باوەڕ بکەن.

جادەکە بە کێوێکدادەڕۆیی. جادەیەکی راست ، بەڵام هەورازێکی کووڕ بوو، سیلویوف ناچار پێچاوپێچی بە ترومبێلەکە دەکرد. رێك لە نزیکی ئوپچینادا ترومبێلەکە کوژایەوە، بەڵام سیلویوف چاپوکانە ترومبێلەکەی لە ناوەندی جادەکە راگرت و گوتی:

– دەبێ پاڵی بنەین، دەنا دەکەوێتە خوارەوە.

هەموو لە ترومبێلەکە دابەزین.

مەهدی گوتی:

– ئانژلیکا تۆ لاکەوە دەنا کراسەکەت پیس دەبێ.

ترومبێلەکە سووك بوو، بە سێ کەسەوە بە ئاسانی پاڵیان ناو گەیاندیانە تەختانییەك.

مەهدیپێشنیازی کرد:

– ئەرێ بچین بۆ ماڵی مارتا کوبیل باشتر نییە؟ ماڵی لەم نزیکانەیە.

سیلویوف و ڤاسیا بە دیار ترومبێلەکەوە مانەوەو کەوتنە فەحس کردنی مەکینەکەی. مەهدیو ئانژلیکا رووەو ماڵێکی ئەو نزیکانە کەوتنە رێ، ماڵێك کە زۆر جاری تریش بۆی دەچوون و لەو ماڵەدا بەگەرمی پێشوازییان لێدەکرا.

ئەم ماڵە بۆ هەریەکێکیان جۆرە خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبوو!. مەهدی لە رێگای ئەم ماڵەوە پێوەندی بە فرەرۆوە کرد. ئانژلیکا لەم ماڵەدا پتر ئاشنای مەهدی بوو. ڤاسیا لەم ماڵەدا زانی کە ئیدی ئازاد بووەوە. خانەوادەیەکی سێ کەسی لەم ماڵەدا دەژیا، کەیبانۆی ماڵەکەو هەردوو کیژەکەی. کەیبانۆی ماڵەکە ژنێکی شادو روخۆش بوو، جووتە کیژەکەشی دڵسۆزانە لە خزمەتی ئەو کارەدا بوون کە دایکیان ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو. راستە هەر ئەو سێ کەسە

لەم ماڵەدا دەژیان، بەڵام لەوە دەچوو کە پڕبێ لە خەڵکی: مارتاکوبیلو کیژەکانی هەمیشە سەرقاڵو جەنجاڵ لە هاتووچۆدا بوون.ئێستا کچەکانی ئێستا لە کوێن!

مەهدی وەژوورکەوت. پێی بەر شتێکی قایم کەوتو وێستا، دنیا زۆر تاریك بوو. مەهدی دەستی گێڕا، دەستی بەر مێزێکی شکاو کەوت...

ئانژلیکا پرسی:

– ئەزیەتت بوو؟

– وریابە.

– من هیچ نابینم.

– دەست بدە من.

ئانژلیکا دەستی بۆ لای مەهدی درێژ کرد. مەهدی لە تاریکییەکەدا دەستی ئەوی دۆزییەوە، هەستی کرد دەستی ئانژلیکا دەلەرزێ. ئانژلیکا مارتاکوبیلی خۆشدەویست.

شەپۆلی ڕەشەبا فشارێکی توندی بۆ دەرگاکە هێنا، دەرگا بە جیڕە جیڕ کرایەوە. ئانژلیکا لە ترساندا خۆی بە مەهدییەوە قەرساند. هەردووکیان وەستان، ڕەنگە یەکێك بیەوێ بێتە ژوورەوە، بەڵام بێدەنگی زاڵ بوو...بایەکی توندی دەهات.

ئۆتۆمبێلەکە گەییە بەر دەرگای ماڵەکە. سیلویوف لایتی ترومبێلەکەی هەڵکرد، ئەوجا بۆیان دەرکەوت کە فاشییەکان چۆن ئێرەیان وێران کردووە.

ئاگری ڕق لە دڵی مەهدییەوە بڵێسەی دەسەند، زووتر پێیان گوتبوو کە هیتلەرییان مارتا کوبیلیان لە ئۆپچینا لە سێدارە داوە.

مەهدی گوتی:

– سیلویوف ترومبێلەکە بخە ئەم حەوشەیەوە.

– باشە ئەم کارە خەتەر نییە؟ یانی ئەم خانووە لە ژێر چاودێریدا نییە؟

– خانووەکە چ شتێکی وای نەماوە. ناچێتە ئەقڵی ئەڵمانەکانەوە کە ئێمە لێرە خۆ وەشێرین. دڵنیان کە ئێمە لە یەك فەرسەخی ئێرەدا دەسوڕێینەوە!.

ئەوجا مەهدی ڕووی کردە دۆستەکەی خۆی:

– ڤاسیا، تۆ جانتاکان هەڵگرە. ئانژلیکا تۆش لەگەڵ سیلویوفدا لێرە دەمێنییەوە.ئێمە زوو دەگەڕێینەوە.

ئانژلیکا پەشۆکا:

– ئێوە کێوە دەچن؟

– دەچین بۆ ڤیافورتونا.

***

شەقامی ڤیافورتونا چۆڵو هۆڵ، تەنیا ریزە گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ گەواهی ئەوە بوون کە ئەم شەقامە ژیانێکی جەنجاڵی تێدایە. شەقامەکە کپ بوو، بەڵام لەو دیو دەرگای ماڵەکانەوە سەدان خیانەتو فریوکاری دەکرانو سەدان پیلانو فێڵ دەهۆیان دەهۆنییەوە.

جووته دۆست به بەر سێ خانوودا ڕەت بوون و خۆیان به خانووی چوارەمدا،که گەورەترین خانووی ئەو ناوه بوو کرد، هەمان "کارخانه تێکەڵاوەکه " بوو.

ژنێکی کەڵەگەتی چاوپڕۆش له ڕاڕەوی خانووەکەدا دانیشتبوو. ئەم ژنه "لیستەی نرخی شتومەکەکانی" دانێ "کالا" زۆر بوو. مەهدی و ڤاسیا خۆیان به هۆڵەکەدا کرد.

ئۆرکستەر به ئەسپایی ئاوازی سەمای " ئارەزوو"ی لێدەدا. بۆنی دڵگیری عەترو سوراوی لێو کەپوی پڕ دەکرد.

هۆڵەکه تا ڕادەیەك قەرەباڵغ بوو. زۆربەی سەربازەکان ژنی دڵخوازی خۆیان بەگەن کردبوو و چوو بوونه پەنایەکەوە. بەردەوام موشتەری تازه وەژووردەکەوتن.

خاوەن خانووەکه به هۆڵەکەدا ڕەت بوو، کچۆڵەیەکی ١٣- ١٤ ساڵی دوای خۆی دابوو. کیژۆڵەی تاین ترساووهەراسان نەیدەزانی چۆن باسکه رووتەکانی داپۆشێت.

مەهدی هەرچی دەکرد نەیدەتوانی چاو لەو کچۆڵەیه وەگوێزێ. مێشکی خۆی دەگوشێ تا بزانێ و بیری بکەوێتەوە که پێشتر ئەم کیژەی له کوێ بینیوه. که بیری کەوتەوە،بەزەحمەت جڵەوی هاواری خۆی پێگیرا. مەهدی ئەم کچۆڵەیەی له ماڵی ئەلکساندرنیکۆلیچی فلزکار بینی بوو. مەهدی و ئەلکساندرنیکۆلیچ له ژوورێکی چکۆڵەدا دانیشتبوون، نیکولیچ وەزعی ناوخۆی سەربازخانەی ئەڵمانەکانی بۆ شەرح دەکرد. مەهدی له شووشەی دەرگای بەینی هەردوو ژوورەکەوە چاوی بەلا ڕوومەتی کچێکی نەناس کەوت و هەر بۆ دڵنیایی له ئەلکساندری پرسی: "ئەم کچه کێیه؟" نیکولیچ بەغرورەوە گوتی "کیژی منه!" ئەلکساندر له ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا گیانی سپارد بوو و کچەکەشی کەوتبووەو ئێره.مەهدی له دڵی خۆیدا گوتی:"باشه،کیژێ نامنناسێتەوە"

ئەرباب که مەهدی له کاتێ هاتنه ژوورەوەدا ئاشنای بووبوو، له پارتیزانەکان نزیك بووەوە. مەهدی ڕای گرت و گوتی:

-ئاغای ئازیز! ئەم کچۆڵەیه بده به ئێمه!

ئاغا حەپەسا:

- چۆن؟ به یەکجاری؟.

- بەڵێ به یەکجاری.

ئەرباب کەوته مینگه مینگ.

- وەکو به خۆتان دەزانن ئێمه تا ئێستا ئەم جۆره کارەمان نەکردووه، ئەمه جگه لەوەی که خۆمان تازه ئەم کچۆڵەیەمان وەرگرتووەو دەبێ پەروەردەی بکەین..

مەهدی گوتی:

- پێموایه بتوانم بەبێ ئێوەش پەروەردەی بکەم. دڵنیات دەکەم که له مامەڵەکه ناڕازی نابیت، ئامادەی؟

ئەرباب به ترس و دوو دڵییەوه ڕوانییه دەوروبەری خۆی، ئەوجا سەرگوردی برده پەنایەکەوەو بەچپه پێی ڕاگەیاند ئەگەر پارەیەکی باشی بداتێ ئەوا کچەکەی دەداتێ.

– زۆر چاکە، چەندت دەوێ، دەتدەمێ.

– ئاخر دەزانی من بەم کارە زۆر شت دەخەمە مەترسییەوە.

– باشە، باشە!

ئەرباب خۆشحاڵ بوو، لێبڕا قازانجێك لەو کراسەی کە لێرە لەبەر کچۆڵەکەیان کردبوو، بخاتە گیرفانی خۆیەوەو گوتی:

– ئەگەر ئاغای سەرگورد رازی بێ، ئەوا کراسەکەی کچەکە خۆی لەبەر دەکەیەوە.

سەرگورد وەڵامی دایەوە:

– باشە، با جلەکانی بگۆڕێ. بەڵام خێراکەن!

– لەو ژوورەی تەنیشتەوە چاوەڕوانی ئێمە بکەن. چۆڵە.

مەهدی و ڤاسیا خۆیان بە ژوورێکی چۆڵ داکرد کە دەچۆوە سەر هۆڵەکە.

مەهدی گوتی:

– وەختی کارە.

ڤاسیا بە کورتی پرسی:

– ماوەکەی چەند بێ!

– یەك سەعات.

چەند لوولەیەکی بچووکیان لە کونی دنیامیتەکانەوە دەرهێناو کەپسولەکانیان شکاند: لە ڕاڕەوەکەوە گوێیان لە دەنگی پێی ئاغاو کچۆڵەکە بوو کە بەرەو لای ئەوان دەهاتن. ڤاسیا بە پەلە جانتاکانی خستە ژێر تەختێکی گەورەوە...

ئەرباب کچۆڵەکەی کردە ژوورەوە. کچۆڵەکە بە چاوانی تەژی ترسەوە دەیڕوانییە ئەفسەرەکە. وەکو ئەوەبوو تیا مابێ کە ئاخۆ لێرە وەمێنێ چاترە یا لەگەڵ ئەفسەرەکە بڕوا. کچۆڵەکە ئەقڵی بەوەدا نەدەشکا بۆ تا ئێستا ئەویان لەم خانووە گلداوەتەوە. ڤاسیا دەستی گرتو بە دووی خۆیا رایکێشا.

کە بەراڕەوەکەدا رەت دەبوون، مشتەریانی تازە کە ڕاڕەوەکەیان پڕکردبوو چاویان تێبڕین، بەڵام کەس زاتی نەدەکرد خۆی لێیان هەڵقورتێنێت، چونکە ئەفسەرەکە پلەی بەرزبوو.

کە گەیشتنە سەر شەقامەکە مەهدی بە کچۆڵەکەی گوت:

– بێ زەحمەت تۆزێ هێمن بەو هەڵی هاوارکردن مەدە.نیازمان بەرانبەر بە تۆ خراپ نییە.

کچۆڵەکە بە پاڕانەوەوە گوتی:

– بەرەڵلام بکەن! هاوار ناکەم... قوڕو قەپ دەکەم...

مەهدی کەوتە دڵدانەوەی و گوتی:

– دادە گیان من چۆن دەتوانم ئازادت بکەم؟ ئاخر جارێکی دی دەتگرنەوە!– کیژۆڵەکەی لە ئامێز گرت و بە خۆیەوە قەرساند.

کچۆڵەکەی قۆڵی مەهدی گرت:

– بەس بەرەڵلام بکەن: خۆم دەشارمەوە، ئێوە بەس بەرەڵلام بکەن!

مەهدی هەستی کرد کچۆڵەیەکە لە پەشێوی خۆیدا دەلەرزێ. رووی کردە ڤاسیاو بە دەنگێکی پچڕ پچڕ گوتی:

– خێراکە با زووتر بڕۆین!

ڤاسیا هەستی کرد کە مەهدی چەند مەراق لەم کچە دەخوا. ڤاسیا ئەوەی بیرکەوتەوە کە چۆن مەهدی یەکەمجار پێی گوتبوو: " ڤاسیا من خەڵکی سۆڤیەتم ".

رەشەبایەکە بەردەوام بوو. شەقامەکان چۆڵو هۆڵ بوون.تەنیا جارجارێ ترومبێلێن گەشتی بە شەقامەکاندا رەت دەبوون لەم کاتانەدا مەهدی و گاسیا خۆیان دەدایە پەنای دەرکی ماڵەکان.

لە نزیکی ماڵێکی گەڕەکی کرێکاراندا، کچۆڵەکە خۆی لە دەستیان دەرباز کردو بەرەو دەرکەیەك غاری دا کە ڕاستو چەپ خاچ ئاسا شەپکەداری لێدرا بوو.

کچۆڵەکە بە هەموو هێزی خۆیەوە لە دەرکەی دەداو هاواری دەکرد:

– بابە! بابە!

ئەمە ماڵی ئەوان بوو.

مەهدی چووە لای کچۆڵەکەوەو دەستی نەوازشی بەسەریا هێنا. کچۆڵەکە لە بێ باوەڕی دا بە توندی دەستی مەهدی دایە لاوەو لە کونی پەنجەرە شکاوەکەوە پازی دایە ژوورەوەو لە نێو تاریکییەکدا ون بوو. کچۆڵەی تاین لێکدا لێکدا هاواری دەکرد:

– بابە! بابە!

مەهدی بە ئەسپایی داوای لە ڤاسیا کرد:

– ڤاسیا گیان بزانە هەر چۆنێ بووە لە ماڵەکە بیهێنە دەرەوە.

ڤاسیا چووە ژوورەوە، بە هەزار حاڵ کچۆڵەکەی هێنایە دەرێ. کچۆڵەکە دەپاڕایەوە:

– بەرم دەن، بەرم دەن! ئاخر ئەمە ماڵی خۆمانە، وازم لێ بێنن من لێرە چاوەڕێی بابم دەکەم، بابم دێتەوە، ئەمەش پایپەکەی بابمە کە بیری چووە و لە ماڵەوە بەجێماوە، بەرم دەن...

مەهدی فەرمانی بە ڤاسیا کرد:

– لەزێ بکە!

لە هەردوو لاوە دەستی کچەیان گرت، لە شار دەرچوونو بەرەو ئۆپچینا کەوتنە ڕێ.

هەرچەندە مەهدی لە ڕێگادا هەوڵی دا کیژۆڵەکە ژێر بکاتەوەو دڵنیای بکا کە هاوڕێی بابی بووە، بێفایدە بوو، کچۆڵەکە کە ترسا بوو، بەردەوام دەگریاو هەوڵی دەدا خۆی لە چنگیان دەرباز بکا. تا وەختێ گەییبنە ئۆپچیناو ئانژلیکای لە ماڵی مارتا کوبیل دا بینی ئیدی کەمێ هێور بووەوە، چونکە ئانژلیکا زۆر هاتوچۆی ماڵی وانی دەکرد.

ئانژلیکای لە تەنیشت خۆیەوە سواری کردو هەموو دووبارە بەرەو شار گەڕانەوە. کچۆڵەکە ئیدی نەدەگریا، بە ئەسپایی لە ئانژلیکای پرسی کە ئەم سەرگوردە کێیە.

– ئەمە سەرگورد میخائیلۆیە.

کچۆڵەکە بە نەباوەڕییەوە دووبارەی کردەوە:

– میخائیلۆ؟

– بەڵێ، میخائیلۆ بە خۆی.

کچۆڵەکە دووبارەی کردەوە.

– میخائیلۆ!

بە هەمان ئاوازی سازگارەوە کە دەیگوت: "بابە!" ناوەکەی میخائیلۆشی وتەوە.

ئەوجا گوتی:

– منیش نێوم ڤیرایە.

ئانژلیکا دەمی لە پەناگوێی ناوگوتی:

– ڤیرا، هێواش قسە مەکە، بێدەنگ بە.

کچۆڵەی گوێ رایەڵانە گوتی:

– زۆر باشە.

ترومبێلەکە لەبەر ماڵی ارنستو روسلینی وێستا.

سکرتێرەکەی بە روو خۆشی مژدەی بە ئانژلیکا دا :

– ئاغای روسلینی لە قاتی سەرەوە چاوەڕێی ئێوەیە

پێشوەختە ئانژلیکا لە چۆنیەتی هەڵکەوتنی هۆدەکان‌و هەموو کون‌و کەلەبەرێکی ئەم ماڵە ئاگادار کرابوو، بەڵام خۆی لە گێلی داو تکای لە سکرتێرەکە کرد کە رێنوێنی بکا.

ئانژلیکا وەکو ئەوەی دروستی ئەو مەعلوماتانە بجەربێنێ کە هاوڕێ "پ" پێی گوتبوو، لەدڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەمە پلە سەرەکییەکانە، ئێستا دەبێ بە دەستە چەپا بابداتەوەو پاشان راست بڕواو ئەوجا دەبێ لە حەوشەیەکی گەورەوە رەت بێ، دەبێ لێرەدا گلۆپی زەرکفت بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بێ، ئەمەش گلۆپەکان. ئێستا دەبێ بە دەستە راستا بابداتەوە. ئەوە بۆ سکرتێرەکە بە دەستە چەپا دەڕوا؟ یانی روسلینی لە ژووری میوانانداا پێشوازیم دەکات. لەو ژوورەشدا تەلەفۆن هەیە. ئەمەش دەرگا کەندە کاریەکەیە، ئێستا دەچمە ژووری سەر سوچەکە، لەوێدا روسلینی کە پیرەمێردێکی رێك‌و پێك‌و دەستە باڵایەو سمێڵەکانی لە خەنە و وسمە گرتووە، دەبینم. دەبێ عەینەکی لە چاو کردبێ یا نا؟ ئەگەر سکرتێرەکەی پێی وتبێ کە ژنەکەی فراسکینی گەنجە، لەم حاڵەدا بێگومان بەبێ عەینەك دانیشتووە. ئەو بەبێ عەینەك کەمێ جەحێڵتر دەنوێنێ. پێدەچێ پەنجەرەکانی ئەم ژووره راستەوخۆ بەسەر شەقامەکەدا بکرێنەوە".

کابرای سکرتێری پیر دەرکەی کردەوەو ئانژلیکای بۆ ژوورەوە رێنوێنی کرد.ئانژلیکا روسلینی بینی. روسلینی عەینەکی لە چاو کردبوو، بە وردی دەیڕوانییە میوانەکە. ئانژلیکا ئەم نیگاکردنەی بە دڵ نەبوو، بەڵام وا خۆی نواند کە ئاگای لە نیگاکردنی گوماناوی روسلینی نییە، بە گازاندەوە گوتی:

–ئاه، ئاغا روسلینی، مرۆڤ دەبێ چەند چاوەنۆڕی تۆ بکا!

روسلینی، دەستی ئانژلیکای ماچ کرد. روسلینی کە تا رادەیەك سڵۆك بوو، ئانژلیکای بۆ سەر مێزێکی خڕ خوڵقکرد کە قاپێ کێك‌و گۆزەیەك شەرابی لەسەر بوو. کە دانیشتن، روسلینی بەهەمان دیقەتەوە کە دەیڕوانیە ئانژلیکا، پرسی:

– پیترو چی بەسەرهاتووە؟

– ئاه، هێندە نیگەرانم کە!... پازدە ڕۆژ بەسەر زەمانەوەکەمانا ڕەت نەبوو کە ئیدی لە جێدا کەوت.

ڕوسلینی گوتی:

– سەیر نییە.

– چیت فەرموو؟

– دەڵێم سەیر نییە کە شووەکەت نە خۆش کەوتووە، تەمەن!...!!! پار بەهار تەمەنی گەییە چەند؟

هەڵبەتە ئانژلیکا دەیزانی کە ئەو چیرەمێردە(فراسکینی) تەمەنی چەندە، بەڵام چونکە هەستی کرد ڕوسلینی دەیەوێ شتێکی تەحقیق ئاسا بێنێتە گۆڕێ، بۆیەلێڕا وەڵامی ئەم پرسیارە نەداتەوە.

– من تەمەنیم نەپرسیوە.

ئانژلیکا سوور بۆوە، بیرکەوتنەوەی جیاوازی تەمەنیان دەوا مایەی شەرم و خەجاڵەتی ژنەکەی فراسکینی بێت.

ڕوسلینی بەدەم شەراب تێکردنەوە بزەیەکی کرد:

– عەجایەب! باشە، بابە سەلامەتی دۆستەکەی من بخۆینەوە.–پەرداخەکەی خۆی هەڵبڕی و پاش سووکە ڕامانێك لە سەری ڕۆیی:– هەروەها بە سەلامەتی شووەکەی تۆ... هەڵبەتە خانم من دەبوایە پێش هەر کەسێك پێکەکەی خۆم بە سەلامەتی تۆ هەڵبدایە،بەڵام نەخۆشییەکەی پیترو ناچارم دەکا لە عورف و عادەت لا بدەم.

شەرابەکەی خواردەوە. میوانەکە تەواو کاری لێکردبوو: ئەم ژنە هەم بە شکۆ بوو هەم جوان و ئێسك سووك بوو... چەند گەنجە!..

هەرچەندە ڕوسلینی دەیزانی فراسکینی پیر هەمیشە بەدەم نەخۆشی جگەرەوە دەناڵێنێ، بەڵام هەر پرسی:

– نەت گوت چ نەخۆشییەکێتی؟

ئانژلیکا بزەیەکی کرد:

– پیترو هەمیشە دەڵێ ئێوە هاوڕێی تەنگانەو ناخۆشی یەکدین. جەرگی نەخۆشە. ڕۆژێك بەدەم شۆخییەوە گوتی: "هەر کاتێ کە جەرگم دەداتە ژان بیری ئەرنستو دەکەم".

ئەرنستو ڕوسلینی عەینەکەکەی لە چاوی داکەند. خەریك بوو باوەڕی دەکرد کە لە بەرامبەر ژنی ڕاستەقینەی فراسکینیدا دانیشتووە. تەنانەت هەناسەیەکی ئاسوودەییشی هەڵکێشاو بە پەلە دەست بەکار بوو: دەبوایە خێرا قەرەبووی بێ نەزاکەتیەکەی هەوەڵجاری بکاتەوە. چونکە بە جۆرێ ڕەفتاری کرد کە لەگێن بوو ژنەکەی فراسکینی ڕەنجا بێ وئەمەش کاری نەکردەنییە. هەر نەبێ فراسکینی بابایەکی میلونێری دەسترۆ و لە سوڵتانانی دارایییە،بەڵام ڕوسلینی چی هەیە؟

به دەرامەتی دوو کارخانە وئالْو وێری کەمێك ئازەڤە دەژی. راستە فراسکینی هەندێجار بەغیلی بە باشارو دووربینی روسلینی دەبرد، بەڵام ئەوجاش ئەم لە کویّ و ئەو لە کویّ؟ بەراورد ناکرێن!

روسلینی پەرداخەکەی خۆی هەڵبڕی و بە گەرمییەوە گوتی:

– خانم پیرۆزباییت لێدەکەم کە مێردێکی وەکو پیترو"ت هەیە. پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لەویش بکەم کە هاوسەرێکی وەکو تۆی هەڵبژاردووە.

ئانژلیکا بە خۆشحاڵییەوە پێکەنی:

– سوپاس... بەم بۆنەیەوە دەمەویّ ئەوەت عەرز بکەم کە پیترو کارێکی بە تۆ هەیە. نایەویّ ئەو کارە بە غەیرەز تۆ بسپێریّ. وەکو خۆی دەڵیّ کارێکی چەورپڕ سوودە ، بەڵام من سەر لە کارە دەرناکەم. کاری ئێوەی پیاو هەمیشە بۆ ئێمەی ژن نامەفهومە – ئانژلێکا لە ناکاوا پەشۆکا وزمانی کەوتە تەتەڵە:– مریەمی مەقەدەس! دەڵێی بە تەواوی هۆش و بیرم لە دەست داوە!

روسلینی پەشۆکا:

– چییە ،چی روویداوە؟

– هەر لە بیرم نەما براکەمت پیّ بناسێنم. لە نێو ئۆتۆمبێلەکە دانیشتووە. دەزانی براکەم ئێستا لە سوپای ئەڵماندایەو، ئەفسەرێکی گەورەشە – سەرگوردە!..

روسلینی دەستی بۆ دیوارەکە درێژ کردو لە زەنگی دا:

– خانم، کارێکی زۆر خراپت کردووە، چۆن سەرگوردێکی ئەڵمانی لەبەر دەرگادا رادەگریّ! بەڕاستی کارێکی خراپت کردووە.

– جا بە جلی ئەفسەریی ئەڵمانییەوە چەند قۆزە! قۆزییەکەی تەسەور ناکریّ!

روسلینی دەستەکانی خستنە سەر سینگی و گوتی:

– خانم فراسکینی، ئێمەی ئیتاڵیایی دەبیّ شانازی بە براکەتەوە بکەین.خزمەت لە سوپای ئەڵماندا ، بۆکەسێکی ئیتاڵیاییشانزییەکی گەورەیە!

ئانژلیکا بە متمانە وخۆهەڵکێشانەوە گوتی:

– دەزانی،هەرچەندە گاردەکەی براکەم سەربازێکی ئاساییە، بەڵام ئەڵمانێکی راستەقینەو ئارياييەکی ڕەسەنە!

سکرتێرەکە هاتە ژوورەوە. روسلینی پێی گوت:

– ئاغای...– ئەوجا رووی بۆ لای ئانژلیکا وەرگێڕا–

– ئانتونیۆ. ئەو هێشتا زۆر گەنجە. هەر بە ناوی ئانتونیۆوە گازی بکە.

–...ئاغای ئانتونیۆ و گاردەکەی بانگ بکە بۆ ئێرە.

ئانژلیکا بە سکرتێرەکەی گوت:

– بیّ زەحمەت لە زمانی منەوە بە شوفێرەکە بڵیّ ترومبێلەکە بێنێتە حەوشەوە.بايەکی توندی دیّ.

سکرتێرەکە نیگایەکی پرسیار ئامێزی روسلینی کرد.

روسلینیبە کورتی گوتی:

- دەروازەکەی بۆ بکەوە!

کارەکان بە چاکترین شێوە دەچوونە پێشێ. سیلویوف ئۆتۆمبێلەکەی هێنایە حەوشەوە. مەهدیو ڤاسیا خولق کرابوون بۆ ژووریّ. سەرگوردەکە حەزی لێنەبوو حیمایەکەی لەگەڵ خۆدا بەرێتە سەریّ، بۆیە ئەوی لە نهۆمی خواریّ جێهێشت.

کە سەرگورد وەژوور کەوت، روسلینی لەبەری هەستاو بە پیرییەوە چوو.

مەهدی کتوپڕو لە بری سڵاوو یەکدی ناسینی ئاسایی ئیتاڵیایی، هاواری کرد:

- هایل:

بەڵام ئەم کارە روسلینی نەڕەنجاند. بە کەشو فشەوە دەستی درێژ کرد.روسلینی تەنانەت لەوەش نەرەنجا کە سەرگورد بە زمانی ئەڵمانی قسەی دەگەڵ کرد نەك بە زمانی ئیتاڵی.(مەهدی ئیتاڵی باش نەدەزانی) روسلینی بۆوەی وەفاداری خۆی دەرهەق بە رایشی سێیەم، بدا بە رووی ئەم سەرگوردە ئەڵمانی ئاسایەدا بە دەم قسەکردنەوە ئەوەی دەرخست کە هەموو بەڵێنێکی خۆی لە شوێن و کاتی خۆیا ئەنجام دەدا. ئەوەشی گوت کە لە هەردوو کارخانەکەی خۆیدا نەزم و نیزامی تەرتیب کردووە. ئەوجا دڵنیایی خۆی لەوە دەربڕی کە سوپای ئەڵمان لە سەرانسەری جەبهەکانداو بە تایبەتی لە روسیادا پێشڕەوی تازە دەست پێدەکا. روسلینی بە پەرۆشترەوە گوتی:

- ئومێدم وایە کە ئاغای ئانتونیو لە شەڕەکانی ئایندەدا سەری ئیتاڵییەکان بەرز دەکاتەوەو ئەوە بۆ پێشەوای مەزن دەسەلمێنیّ کە ئیتاڵییەکان تا چ رادەیەك دڵسۆزو وەفاداری ئەون.

سەرگورد بە فیزێکەوە گوتی:

- بێگومان، ئەی مەعنای چی!

بەڵام لەم کاتەدا لە نهۆمی خوارەوەی عیمارەتەکەدا هەندیّ رووداوی وەکو ئەمانە روویان دەدا. ڤاسیا چەشنی "S.S"ێکی کارامە رەفتاری دەکرد، بۆ سەلامەتی سەرۆك و بەرپرسەکەی خۆی ئەو پەڕی پارێزکاری بەکار دەبرد. سەری بە هەموو کونو کەلەبەرێکا دەکرد.. دەستووری بە کابرای سکرتێر دا کە سیلویوف بباتە ژوورەوە تا گەرمی بێتەوە. ڤاسیا بە زەحمەت بۆ کابرای سکرتێری پیری روون دەکردەوە کە چی لەو گەرەکە، وبە بیّ ئینسافی سەرو گوێلاکی وشە ئیتاڵییەکانی دەشکاند و لە عەینی حاڵدا گۆنای دەلەرزی و زمانی دەگیراو وبەم کارە سەبری کابرای پیر دەسواو و سەرو دڵی دەگرت.

دوای هاتنی سیلویوف وەزعی پیرەمێردەکە کەمیّ باشتر بوو: سیلویوف بوو بە تەرجومانێکی کۆڵیّ باش. پیرەمێردەکە بەوە خۆشحاڵ بوو کە بەلای کەمەوە هەنووکە لە مەبەستەکانی ڤاسیا حاڵی دەبوو. تەنیا یەك شتی بۆ روون نەبۆوە، ئەویش ئەوە بوو کە ئەم گەنجە ئەڵمانییە بۆ لوولەی دەمانچەکەی لە پشت ملی ئەو توند کردووو! کابرای پیرەمێرد کە زاتی نەدەکرد ئاوڕ بداتەوە، نیگایەکی پاڕانەوە ئامێزی سیلویوڤ کرد. سیلویوف تێی گەیاند کە بێدەنگ بێت و بە زمانێکی سادەو روون بۆی روونکردەوە کە یارۆی ئاڵمانی کلیلی دەروازەی حەوشەکەو و دەرگا نهێنیەکەی لیّ دەوێت .. سکرتێرەکە خێرا دەستی بۆ گیرفانی برد، بەڵام فریای ئەوە نەکەوت

دەستی لە گیرفانی دەربێنێ کە سیلویوف پەلاماری داو توند مەچەکی گرت. تومەز کابرای سکرتێر چەکدارە. ئەو دەمانچە چکۆڵەیەی کە سیلویوف لە گیرفانی ئەوی دەرهێنا رێك بابەتی تەمەن‌و زەوقی پارتیزانێکی گەنج بوو.دەستوری بە سکرتێرەکە دا:

– کلیلەکانم بدەیە !

پیرەمێردەکە دەیزانی ئەم هەرزەکارانە هی شۆخی و گاڵتە نین، خۆ ئەگەر دزێکی بە تەمەنترو دنیا دیدەتر بوایە لەوە بوو هەندێ سڵ بکاو نەوێرێ تەقەی لێبکاو خۆی کەشف بکا! بەڵام ئەم مێر منداڵانە خەتەرن، ئەم وردەکارییانە تێناگەن.لە بیانوویەك دەگەڕێن تا دەست بە پەلەپیتکەی دەمانچەکانیانەوە بنەن. پیرەمێرد دەیزانی بەرگری بێمانایە.

سیلویوفش وەکو هاوکارەکانی تری ئاگای لە چۆنێتی هەڵکەوتنی هەموو هۆدەو کون‌و کەلەبەرەکانی ئەم خانووە هەبوو. بە ئاسانی ژووری کارەکەرەکەی دۆزییەوە، دەمانچەی لێ راکێشاو هەڕەشەی لێکرد کە زمانی خۆی بگرێ‌و هاوار نەکا، بەڵام ئەم هەڕەشەیە کاری لە کارەکەرەکە نەکرد و بە توڕەیی و لە هەمان کاتدا بەسەرسامی هاواری کرد:

– ئاخ: هەی دزی نەعلەتی، تۆ چۆن هاتویتە ئێرە! دەی گۆڕت گوم بکەو لاکەوە لەبەر چاوم!...

سیلویوف لێوی کرۆشت و لوولەی دەمانچەکەی هەڵبڕی.

کارەکەرەکە یەك بە خۆی قیژاندی:

– ئەی خوای میهرەبان! – دەیویست لە هۆدەکەوە دەرپەڕێ، بەڵام سیلویوف پێی دایە بەر پێی‌و خستیە سەر عاردی .

سیلویوف لە چاوتروکانێکا چنگێ ئاردەداری گریساوی تەپاندە دەمییەوەو دەست‌و پێی بەست‌و بە زەحمەت هەڵیگرت‌و لە سووچێکی ژوورەکەدا داینا‌و لە کاتی دەرچوونا گوتی:

– مەترسە، من هیچ شتێك لەم ماڵەی ئێوە نا دزم. من دز نیم.

ئیدی بە پەلە چووە خوارێ تا یارمەتی ڤاسیا بدات.

کاتێ سکرتێرەکە پەتێکی بە دەست سیلویوفەوە بینی ئیدی زانی نایکوژن، بۆیە بە ئاسانی تەسلیم بوو. کلیلەکانی دایە "دزەکان"و ئەوجا بە کەماڵی ئیسراحەت لەبەر دەستیان وەستا تا دەست‌و پێی ببەستنەوە.

کارەکان زۆر بە ئاسانی هاتنە دەستەوە، سیلویوف خۆی بە قارەمانی رۆژ دەزانی.ئیستا ئامادە بوو هەر جۆرە قارەمانییەك بنوێنێ! بگرە وا گەرم ببوو حەزی دەکرد تووشی هەندێ ریسکیش ببن. تا بۆ مەهدی بسەلمێنێ کە چتۆ کوڕێکە و ئامادەی چ کارانێکە!

لەم کاتەدا لەو ژوورەدا کە روسلینی و میوانەکانی تیا دانیشتبوون زەنگی تەلەفۆن لێی دا. سیمای سەرگورد بە خێرایی گۆڕا. هێشتا روسلینی نەگەیی بووە تەلەفۆنەکە، کە سەرگورد پچڕاندی. خانمی فراسکینی هەستایە سەر پێ.

مەهدی بە توندی گوتی:

– تەواو بوو!

روسلینی بە شپرزەییەوە گوتی:

– ببوورە، لەوەیە کاری زەروریان پێم بێ.

گرمەی تەقینەوەیەکی گەورە خانووەکەی لەرزاندن و قسەکانی روسلینی لە نێو گرمەکەدا توانەوە. روسلینی شەوقی ئاگرێکی بینی کە چەشنی شەفەق شەقامی فیافورتونای روناك کرد بۆوە.

روسلینی رووی وەرگێڕا، رەنگی هەڵبزڕکا، سەرگورد دەمانچە بە دەست چاوی بڕی بووە نێو چاوانی. روسلینی بە پەلە نیگای بۆ لای ئانژلیکا گواستەوە.ئانژلیکا ئێستا لە ژنە ئەشراف زادەیەك نەدەچوو، نیگای پڕ قین و نەفرەت، هەر لە نیگای ئەو ژنە کرێکارانە دەچوو کە لە کارخانەکەی روسلینی دا کاریان دەکرد.

روسلینی گوتی:

– چەندتان دەوێ!

چ وەڵامێکی گوێ لێنەبوو، هەر خۆی بڕە پارەیەکی دانا، سەرگورد بێدەنگ بوو. ئەوسا روسلینی پارەکەی لە هەزار لیرەوە بۆ گەیاندنە پێنج سەد هەزار لیرەو پاشان کردی بە ملیۆنێ.

داوایان لێکرد تەلەفۆنەکە هەڵگرێ و تەلەفۆن بۆ سکرتێرەکەی بکاو پێی رابگەیەنێ کە ئەم کاری هەیەو بە پەلە دەچێ بۆ ڤینسیا.

مەهدی تەلەفۆنەکەی بەستەوەو دایە دەستی. روسلینی ئیعتیرازی گرت:

– ئاخر من. هیچ کارێکم لە ڤینسیا نییە!

مەهدی رووی دەمانچەکەی تێکرد، روسلینی دانیشت، گۆشی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، هەندێك راما، پاشان دەستی بە لێدانی نمرە کرد. مەهدی دەستی گرت:

– راوەستە! تۆ نمرەیەکی دی وەردەگری.

مەهدی گۆشی تەلەفۆنەکەی لە دەستی سەند، خۆی نمرەکەی لێداو گوتی:

– دە قسە بکە دەی!

روسلینی بێئەوەی چاوانی ترساوی لە لوولەی دەمانچەکە بگوازێتەوە بە سکرتێرەکەی راگەیاند کە کاری هەیەو بە پەلە دەچێ بۆ ڤینسیا. ئەوجا لەسەر ئەمری مەهدی پێی راگەیاند کە کاتێك قەواڵەیەکی ئیمزا کراوی ئەمیان بۆ هێنا، برێك ئازوقەیان بداتێ.

کاتێ لە تەلەفۆنەکە بووەوە ، روسلینی کە رەنگی بووبوو بە جاوی سپی ،رووی کردە مەهدی و گوتی:

– باشە ئەوە من داواکانی تۆم جێبەجێ کرد، ئیدی دەتەوێ چ بەڵایەکی دیم بەسەردا بێنی؟

– رەفتاری خۆت دەیزانێ.

روسلینی بە گوێ رایەڵییەوە هەستا:

– چیت دەوێ؟

– جارێ قاسەکەمان بۆ بکەوە!

– لە ژووری کارکردنەکەی منە.

– قەیدی نییە خۆم لەگەڵت دێم.

روسلینی لە ڕاڕەوەکەدا بەرەو ژووری کارکەرەکەی چوو.

مەهدی کە خەریك بوو تاقەتی دەچوو. ئەمری پێکرد:

– بگەڕێوە! چاوو راو مەکە. ژووری کارەکەت لێرەیە.

ئانژلیکا هەرچی لە قاسەکەدا بوو دەری هێنا،پارچە کاغەزێکیشی تیا نەهێشتەوە.

روسلینی کە تەواو زراوی تۆقی بوو، بە ئەسپایی پرسی:

– ئیدی چیتان دەوێ ؟

مەهدی بە نەرمی گوتی:

– بە یارمەتی خۆت با دەست و پێت ببەستینەوە.

روسلینی بێ دەسەڵاتانە خۆی دا بەسەر تەختەکەدا. مەهدی هەڵی ستاندو چوون بۆ نهۆمی خوارەوەو لە دەرگایەکی نهێنییەوە چوونە ناو حەوشەوە، هەموو دەرگاکانیان لە ناوەوە قفڵ دا تا کەس نەتوانێ بێتە خانووەکە. ئۆتۆمبێلەکەیان زۆر بچووك بوو، ناچاربوون روسلینی بە دەست و لاقی بەسراوەوە لە نێوان هەردوو کوشنەکەی پێشەوەو پاشەوە درێژ کرد.

مەهدی بە خۆی دەروازەکەی کردەوە. چ کەسێك لەو دیو دەروازەکەوە دیار نەبوو. چ سەرباز هەبوون بە دەنگی تەقینەوەکەوە چوو بوون بۆ سەری پێچی شەقامەکە.

سیلویوف ئۆتۆمبێلەکەی هێنایە دەرێ، بە دەستە چەپا پێچی کردەوەو چووە سەر جادەکە. شەفەقێکی سامناك لەدوایانەوە باڵی بەسەر شارا کێشا بوو.

زۆری پێنەچوو کە دیسان شار لە تاریکیدا نقووم بوو. لوتکەی کێوەکانی بەردەمیان بە حاڵ لە نێو تاریکییەوە دەبینران.

مەهدی قەباڵە نهێنییەکەی روسلینی دایە دەست نوێنەرەکەی هاوڕێ "پ". بەڵام سەبارەت بە خودی روسلینییەوە، بڕیار درا بوو ببرێ بۆ لای پارتیزانەکان و پێشوەختە ئەو قەواڵانەیان لێ سەند کە ئیمزای کردبوون تا چەند ترێلەیەك ئازوقەیان لە مەزرا دوورەکانبدەنێ. ئەم قەواڵەیە بە ناوی سەرۆکی یەکەی ئەڵمانی تایبەت بەسەرکوتکردنی پارتیزانەکانەوە نووسرابوو... نوێنەرەکەی هاوڕێ "پ" بە مەهدی و هاوڕێکانی راگەیاند کە ئەم یەکەیە تەفرو تونا کراوەو ئێستا هەموو ئەو رێگایانە کەوتوونەتەوە دەستی پارتیزانەکان. مەهدی و هاوڕێکانی دەمێ بوو شەوی وا خۆشییان نەدی بوو!.

کیژەکەی ئەلکساندەر نیکۆلیچ دەیویست لەگەڵیانا بچێ بۆ ناو پارتیزانەکان و بە شەوق و زەوقەوە باسی خۆی دەکرد کە چ کارگەلێکی پێ ئەنجام دەدرێ:

– جل شۆری دەکەم. چێشت لێ دەنێم ... هەموو کارێك دەزانم!

بڕیاریان دا لە گەڵ خۆدا ببەن بۆ ناو پارتیزانەکان.

یەکەم کەسێك کە لە تیپدا مەهدی بینی سیرگی نیکۆلایوڤیچ بوو. وەکو هەمیشە ئەم هەواڵە لە سەرانسەری تیپەکەدا دەماو دەمی دەکرد: میخائیلۆ گەڕاوەتەوە، میخائیلۆ لێرەیە!

روسلینی کە تەماشای مەهدی دەکرد. بە هیچ جۆرێ زەلامەکەی چەند سەعاتێ لەمەو بەر نەبوو! روسلینی لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "یانی ئەمە میخائیلۆیە! زۆر منداڵە! زۆر منداڵە! کە

ستایشی دەکەن چۆن سوور هەڵدەگەڕێ! بەڵام من لەبەر دەمیا دەلەرزیم... چ بێ غیرەتییەکەم کرد کە تەسلیمی ئەم کابرا ساویلکەیە بووم- کە کەرم!... بەڵام پاش چی! تازە بە زیندوێتی لێرە دەرباز نابم!".

روسلینی راستی دەکرد، دوو تاوانی ئاشکرای لەسەر بوو، نۆکەری ئەڵمانیان و خیانەت بە وڵات. پاش دادگایی کردن لە سێدارەیان دا!.

رۆژی دوایی قافڵەیەك ترێلەی پڕ لە ئازوقە هاتە ناو ئەو گوندەی کە پێشتر دیاری کرابوو. ریزی ژنانی دێهاتی، گۆزە بەشان، سەبەتە بە دەستو پریاسکەی گەورە لە بن هەنگڵ، رێزیان بەست بوو و بەو رێگاو جادانە دا کە پارتیزانەکان ئازادیان کرد بوو، بەرەو ئەوان دەهاتن.

## فەسڵی شەشەم

پەردەی بەر دەرگای چادرەکە هەڵدرایەوە. تیشکی هەتاو هاتە نێو چادرەکە. فرەرۆ و سەرهەنگ لە پشت مێزێکی گەورەوە کە سەرمێزێکی مەخمەلی ئەرخەوانی یەجگار ناسکی بەسەرەوە بوو، دانیشتبوون.مێزەکە قەدو نوشت دەکرا.ئەو پارتیزانانەی کە بەرپرسی کارگێڕی و دارایی تیپ بوون، بەر لەوەی خاوەنی کارخانەی تریستی،ئێرە چۆڵ بکات ئەم مێزەشیان لە عارەبانەیەك نابوو و لەگەڵ خۆدا هێنا بوویان.

فەرماندە کە لەم دواییانەدا چاوی کز ببون، عەینەکێکی لەسەر کەپوی توند کردبوو وخەریکی نووسین بوو. چاوی عەینەکەکە هێندە بە پەلە پەل دانرا بوو،بۆیە فەرماندە ناچار بوو لە کاتی کارکردندا بهێنێتە سەر کەپوی تا لە کاتی نووسیندا دەستو خەتەکەی لە پشت شووشەی چاویلکەکەوە ببینیۆ لە کاتی سەر هەڵبڕیندا بە چاوی رووت ببینیێ.

فرەرۆ سێ خەتی بە بن ژمارەیەکدا هێنا، بە خەمبارییەوە روانییە سەیرگی نیکولایوفیچو چاوەڕوانی کرد تا سەرهەنگ لە کارەکەی ببێتەوە.

ئەگەر یەکێك لەم کاتەدا فرەرۆی دیتبا وایتەسەور دەکرد بابایەکی ژمێریاری هێمنو بە ساڵا چووە، کە هەموو تەمەنی خۆی لە ژمێریاریدا بەسەر بردووە، قەت مەزەندەی بۆ ئەوە نەدەچوو و باوەڕی نەدەکرد یەکێك بێ لە ئازاترینو کارامەترین رێبەرانی هێزی پارتیزانی کە بە ترسناکترین یەکەی ئەنتی فاشییان دەژمێردرێت.

فرەرۆ بەبێ ئارامی گوتی:

– تەواو بووی سەرهەنگ؟

– ئێستا تەواو دەبم... ئەدی تۆ؟

– من تەواو بووم. چ شتێکم فەرامۆش نەکردووە.هیچ هەواڵ و زانیارییەکم نەپەڕاندووە.

– ئەنجامەکەی چۆنە؟

فرەرۆ بۆ ئەوەی ژمارەکان لە پشت چاویلکەکەوە بە باشی بدێنێت سەری بەسەر مێزەکەدا دانەواند:

– ئەنجامەکەی بەمجۆرەیە: جگە لەو تەتەرو ماموره شناساییانەی کە فاشستەکان گرتوویانن، (١١٢) کەسمان لە دەست داوە. (١٥٠)یان لە شەڕا کوژراون. حەوت یان بێسەرو شوێنن. پەنجا و حەوت کەس بریندارو سیو دوو نەخۆشیشمان هەن. حسێبی تایبەتیش: دوو کەس لەبەر ترسنۆکی گوللە باران کران، یەکێك لەبەر خیانەت ئیعدام کراوە، یەکێك هەڵاتووە، سێ کەسیش تەوقیف کراون.

فرەرۆی بە تەمەن بەکەسەرەوە ئەم قسانەی دەکرد.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ گوتی:

– ئەنجامی حیساباتی من، هەڵبەتە بە شێوەی تەقریبی بەمجۆرەیە: لە تەقینەوەکەی زوڵداتن هایمدا (٦٣٠) فاشیست کوژراون، (٣٠٠) کەس لە ئۆردوگاکان، (٦٥٠) کەس لە تەقاندنەوەی هێڵێن ئاسندا، (٣٨٠) کەس لە وەزعو حاڵی جۆراو جۆردا کوژراون... یانی هەمووی دەگاتە هەزارو نۆ سەدو هەندێ... تۆ بڵێ تێکرا دوو هەزار کەس... یانی بەم حسێبە تەنیا لەم دوا مانگەدا لە بری هەر یەکێکی خۆمان "دە" نازیمان لە ناو داوە.

فرەرۆ بە غەمگینی گوتی:

– خراپ نییە.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ بە ئەسپایی گوتی:

– بەڵێ، ئەگەر، ئەوە لە بیر خۆ بەرینەوە کە "٢٠٠" کەسی خۆمان لەگەڵدا نەماون! "٢٠٠" کەس هاوڕێ فەرماندە؟

فرەرۆ عەینەکەکەی داکەند، بە قامکان پێڵوەکانی سڕی و بە دەنگێکی نزمتر گوتی:

– سەرهەنگ، منیش بیر لەمە دەکەمەوە... من منداڵ نیم، زۆر شتم لە ژیانا دیتووە... ئەم ژمارەیە زۆر ترسناکە، یەجگار زۆرە. سەرهەنگ لە زەرفی مانگێکدا دوو سەد کەسمان لە دەست داوە!

سەرهەنگ گوتی:

– هەر یەکێکیان داكو بابو منداڵ، یا دەزگیرانیان هەبووە. هەر یەکێکیان دنیایەکی لە گەڵ خۆدا بردۆتە ژێر گڵەوە !

بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. سێرگی نیکۆلایوفیچ لە جێی خۆی هەستا، چەند هەنگاوێکی بە نێو چادرەکە دا ناو لە پڕ بۆ لای فرەرۆ گەڕایەوە.

– ئەم حیساباتە ترسناکانە لایەنێکی دیشی هەیە. دوو سەد کەس لەسەدا پێنجی هێزی سەرەکی تیپەکەمانە، بەڵام دوو هەزار نەفەر، لەسەدا یەکی سوپای ئەورووپایی هیتلەرو هاودەستکانیەتی!

فرەرۆش هەستا، چوو بە لای سەرهەنگەوەو گوتی:

– سەرهەنگ، پێم وایە هەر روسیایە کە نسبەتێکی زۆر لە هێزی ئەڵمانەکان کەم دەکاتەوە!.

– بەڵام هاوپەیمانان لە بری ئەوەی بەلای کەمەوە وەکو چۆن ئێمە یارمەتیان دەدەین –گریمان لە سەدا یەکی دوژمن لە نێو دەبەین– ئەوانیش یارمەتی روسیا بدەن، لە باشووری ئیتاڵیادا راوح دەکەنو لە فەرەنسادا بێکار دانیشتوون!

– من بە هیچ جۆرێ سەر لەم کارە دەرناکەم!

یاریدەدەروحیمایەکەی فرەرۆ بە شپرزەیی خۆی وە چادرەکەدا کردو گوتی:

– جماعەتی مەجەڕییەکان "٢٠" کەسێك دەبن، خەریکە دەڕۆنو تیپ بەجێدێڵن.

فرەرۆ بە نەباوەڕییەوە و بەسەرسامی پرسی:

– بۆ کوێ دەڕۆن؟

– بۆ ماڵی خۆیان!

– یانی چی؟
– دەچنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بۆ مەجەڕستان!
فرەرۆ بێوەی ئاوڕ بداتەوە بە ئیشارەتی دەست سیرگی تێگەیاند کە لەویٚ بمێنیٚ، خۆیشی بە پەلە لە چادرەکە دەرکەوت.
فرەرۆ جماعەتی مەجەڕییەکانی لە پشت کەوێڵی جەنگەڵوانەکەوە بینی: هەموو کۆڵەپشتی لە کۆڵ، جانتاو پریاسکەو بوخچە بە دەست ئامادەی ڕۆیشتن بوون. مەهدی پشت لە کوختەکە و روو بە رووی مەجەرییەکان وەستابوو وبە گەرمی دەگەڵیاندا داخاوت، تفەنگو تیربارەکانیان بە دیواری کەوێڵەکەوە هەڵپەساردبوو، وفیشەك و نارنجۆك و دەمانچەکانیان بە ریز لەسەر عاردەکە دانا بوو.
فرەرۆ کە نزیك تر بووەوە هاواری کرد:
– ئەم چاوو راوە چییە؟
مەهدی چووە بەردەم فەرماندە:
– هاوڕێیانی مەجەڕستانی بڕیاریان داوە دانیشتنو بە هەرجۆریٚ بووە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان!
پێدەچوو مەهدی هەموو توانایەکی خۆی خستبێتە کار تا هێمنو ئارام بنوێنیٚ .
فرەرۆ بە دەنگێکی هێواش گوتی:
– بۆ ماڵی خۆیان هەڵێن؟ باشە ئێوە دەزانن هەڵاتن خەتایەکی گەورەیەو هەر یەکەتان موعەڕەزن لە بن ئەم دیوارەدا گوللە باران بکرێن!
فرەرۆ بە سیمای توڕەو چاوانی پرشنگدارەوە، بە هەڕەشەکردنەوە بە بەردەم مەجەڕییە بێدەنگەکاندا تێپەڕی و روو بە رووی مارکۆس دابیی فەرماندەی گروپەکە وەستا.
قژە سوورە ئاگرینەکەی دابی لە ژێر کڵاوە بچکووکەکەیەوە کە بە حاڵ بە سەر سەرییەوە رادەوەستا، هاتبووە دەریٚو بەسەر هەنیەیدا رژا بوو.
لە سەرانسەری تیپەکەدا مارکۆس دابی ناسرا بوو، هەموو دەیانزانی باشترین تفەنگچی پارتیزانەکانە، وێڕای سەرکێشیو توندە تەبیعەتی، لە ڕادەبەدەر ئازا بوو.کابرایەکی وەرزێر زادە بوو، لە سەرەتای شەڕەکەوە، وەرزێری دەوڵەمەندترین فیوداڵی مەجەڕستان بوو. مارکۆس دابی بۆ ئەوەی نەچێتە شەڕگە ، دوو قامکی خۆی بە تەور قرتاندبوو. بە هۆی ئەوەوە لە خزمەتی سوپایی عەفو کرا، بەڵام ماوەیەکی زۆر لای کابرای فیوداڵ مایەوە، کابرای فیوداڵیش قۆنتەراتچی دابینکردنی ئازووقەی سوپای هیتلەری بوو.
مارکۆس، پاشان بیستی کە پارتیزان هەنو لە کە ناری دەریای ئادریاتیکدا چالاکی دەکەن. ساچمەزەنو کۆنە دەمانچەکانی ماڵی کابرای فیوداڵی هەڵگرتو لەگەڵ هەموو وەرزێرەکاندا روویان کردە لێرەوارو خۆیان گەیاندە ریزی پارتیزانەکان. مارکۆس دابی لە دوژمن بە داخ بووو، بستی بە قەرز نەدەدان.

هێندەی نەبرد کە لە نێو هەموو یەکەکانی تیپەکەدا ناسراو وناوی کەوتە سەر زاران. لە ماوەیەکی کەما دووجار بریندار بوو. گوللەیەك بەر سینگی کەوت، بەڵام زامو زامداری رێی ئەوەیان لێنەدەگرت کە بە خوایشتی خۆی داوا بکات لە سەخت ترین و دژوارترین عەمەلیاتدا بەشداری بکات.

فرەرۆ کە تەبیعەتی مارکۆسی دەناسی، بە تەمای ئەوە بوو مارکۆس یا بە گەرمی شتەکەی بۆ روون بکاتەوە یا توڕەبێ و ناڕەزایی دەربڕێ. بەڵام هێمنی و ئارامی مارکۆس، فرەرۆی سەرسام کرد. مارکۆس بە دەنگێکی خەفەتبارو بە گلەییەوە گوتی:

– فەرمانده تۆ بۆ بە خۆڕایی هاوار دەکەی! وا دەزانیت ئێمە فیرار دەکەین؟ نەخێر ئێمە بە ئابڕووی خۆمانەوە دەڕۆین و هیچ چەکێك لەگەڵ خۆدا نابەین .

مارکۆس ئیشارەتی بۆ ئەو دوو دەمانچە دەسك سەدەفەی بەر پشتێنەکەی خۆی کردو لەسەری رۆیی:

– تەنێ ئەمانە لەگەڵ خۆدا دەبەم، چونکە کاتی خۆی لەگەڵ خۆمدا هێنا بوونم.

فرەرۆ بەسەر سوڕمانەوە گوتی:

– چیت گۆت... چیت گۆت؟ یانی ئێوە بە ئاشکرا رایدەگەیەنن کە ترساون؟

– ئێمە ترسنۆکمان تێدا نییە، بەڵام ناتوانین چیدی لێرە وەمێنین.

فرەرۆ دیسان توڕە بوو، رووی کردە هەموو مەجەڕییەکان و هاواری کرد:

– چییە، شێت بوون؟

مارکۆس لە بری هەموویان وەڵامی دایەوە:

– تا تیا نەچووین بڕۆین چاترە.

مەهدی هاتە بەینەوەو گوتی:

– هاوڕێ فەرمانده، یەکێك پێی گوتون کە هەفتەی رابردوو لە یەکێك لە یەکەکاندا پارتیزانە مەجەڕییەکانیان تیرباران کردووە.

فرەرۆ قسەکەی مەهدی بڕی:

– نۆبەتی ئەو قەوانەیە، درۆی لەوە گەورەتریان نەدۆزیوەتەوە هەڵیبەستن؟

مارکۆس بە ناڕەزاییەوە گوتی:

– ئێمە چ درۆیەکمان هەڵنەبەستووە، شاندور دیڤارد ئەم خەبەرەی بۆ هێناین، ئەو پیاوی درۆ نییە، ئەگەر تا ئێستا مابێ ئەوا دەتوانێ قسەکەی خۆی بسەلمێنێ.

بەیانی ئەو رۆژە پاسەوانەکان، پارتیزانێکی مەجەڕی نەناسی برینداریان لە سەر جادەکە بینی بوو و هەڵیان گرتبوو. فرەرۆ کە ئەمەی بیرکەوتەوە بەرەو ناو کەوێڵەکە لینگی دا، لە دالآنی تەنگەبەری کەوێڵەکەدا دکتۆرەکەی بینی کە دەستی لە نێو لەگەنێکی چینکۆدا دە شت، فرەرۆ گوتی:

– دەمەوێ قسە لەگەڵ ئەو مەجەڕییە زامدارەدا بکەم کە ئەم بەیانییە بۆ ئێرەیان هێنا بوو.

دکتۆرەکە، خاولییەکەی لە قەد بزمارێك داگرت و بە دەم دەست سڕینەوە سەرێکی لەقاندو گوتی:

– درەنگ هاتیت، لە سەرە مەرگدایە.

فرەرۆ پرسی:

– هیچ بە هۆش نەهاتەوە؟

– دووجار بە هۆش هاتەوە، بە تەمابووم بۆ ئەم مەسەلەیە بێم بۆ لات.

– چی دەگوت؟

دکتۆرەکە دانەوییەوەو بە گوێی فرەرۆی داچپاند:

– ناوی شاندور دیڤاردە. دەیگوت فەوجێك هاتۆتەیەکەیان وهەرچی مەجەڕییەك لە یەکەکەیاندا بووە سواری لۆریان کردوون‌و بردوویانن بۆ دۆڵێکی دوورو چۆڵ‌و لە وێ هەموویان گوللە باران کردوون. دیڤارد بە برینداری خۆی لە شوێنێکا مەڵاس داوەو بە گوێی خۆی گوێی لێبووە کە هەمان فەوج بە تەما بوون بچن بۆ شوێنێکی دی....

– بۆ کوێ بچن؟

– بچن بۆ یەکەکانی دی تا فەرمانی گوللە بارانی مەجەڕییەکان، جێبەجێبکەن.

– فەرمانی کێ؟

دکتۆر زیاتر لە فرەرۆ نزیك بووەو بە چپەوە گوتی:

– فەرمانی سەرکردایەتی سوپا.

فرەرۆ هێند بە توندی دەستی دکتۆرەکەی گرت کە دکتۆرەکە لە تاوا ئاخێکی هێواشی لە دەم دەرپەڕی. فرەرۆ هەر بەو دەقەوە کە دەیڕوانییە ناو چاوی دکتۆرەکە گوتی:

– کێی دی گوێی لەم قسەیە بووە؟

– هەر من. دیڤارد کو بریندار بوو زۆر بە زەحمەت قسەی دەکرد، من پتر بە جوڵەی لێویا لە مەبەستی حاڵی دەبووم.

فرەرۆ بە ئەمرکردنەوە گوتی:

– لای کەس باسی نەکەی... وا بزانە گوێت لێ نەبووە!

فرەرۆ دەستی پزیشکە مات‌و حەپەساوەکەی بەرداو بە پەلە بۆ لای مەجەڕییەکان گەڕایەوە.

ئێستا بە هێوری‌و تەنانەت بە دڵسۆزییەوە قسەی لەگەڵ دەکردن:

– کوڕینە گوێ بگرن، ئێمە یەك دوژمن و یەك ئارمانجمان هەیە...

مەجەڕییەکان بە دوو دڵی وبە گومانەوە گوێیان لە قسەکانی دەگرت.

– باشە ئەو خوێنەی پێکەوە رشتوومانە نەیکردوین بە برا؟ مارکۆس، باشە ئەو هەموو خوێنە، تۆی لەگەڵ من‌و منی لەگەڵ میخائیلۆ ومیخائیلۆی لەگەڵ تۆدا وەکو برا پێکەوە گرێ نەداوە.؟

فرەرۆ بێدەنگ بوو، سەرنجێکی وردی مەجەڕستانییەکانی داو لەسەری رۆیی:

– برادەرانی ئازیز، دوژمن دەستی گەیاندۆتە نێو سوپاکەمان. هەمان ئەو دەستەی کە خاینێکی بە ناوی سەرۆکی سەرکردایەتی تیپ بۆی ناردین، هەمان ئەو دەستەی کە هەنووکە بۆ گێرەشێوێنی‌و تێکدانی برایەتی ئێمە کەوتۆتە کار. ئیدی دوژمنەو لەوە چاکتری لێ ناوەشێتەوە. هاوکار لە گەڵ ئێوەدا هەوڵدەدەین ئەم دەستە نەگریسە لە بنەوە بڕین.

فرەرۆ، مارکۆس و مەهدی گازکردنە نک خۆی. کە بە دوو قۆڵی هاتنە لایەوە، فرەرۆ خێرا دەستی خستە سەرشانی هەردووکیان و لە ئامێزی گرتن:

– بەڵام نەدەبوو باوەڕ بەوە بکەن کەس بتوانێ داوی برایەتی فرەرو مارکۆس و میخائیلۆ بپچڕێ ، چونکە داری برایەتی ئێمە بەخوێنی هاوڕێیانمان ئاو دراوەو...نەدەبوو باوەڕ بکەن و کارێکی وا بکەن دڵم برەنجێ!

مەجەڕییەکان هاتنە جۆش. فەرماندەی دڵپاک و بە ویژدان و دادپەروەری تیپ لە بەردەمیان وێستا بوو و چاوەڕێی وەڵام بوو.

مەهدی بەرەو پیری مەجەڕییەکان رۆیی، قسەکردنی بەلاوە ئەستەم بوو، چونکە ناچار بوو باسی خۆی بکا. گوتی:

– کوڕینە بزانن، ئەگەر پاش سارێژ بوونەوەی برینەکەم، ئەو برینەی کابرای خاین پێوەی نام، هاوڕێکانی خۆم بە جێ هێشتبا، چتان پێدەگوتم؟ دەتانگوت میخائیلۆ ترسنۆکەو کارێکی نا مەردانەی کردووە.

مەجەڕییەکی گەنجی قژ لوول هاتە لای مەهدییەوە و گوتی:

– ئایا دەزانی جارێکیان بە تاقی تەنێ لەگەڵ پەنجا فاشیدا کەوتمە شەڕ؟ هێندە بەرگریم کرد تا هەموویان تیاچون؟

مەهدی وەڵامی دایەوە:

– هەموومان ئەمە دەزانین.

مەجەڕییەکە بە جۆش و خرۆشەوە لەسەری رۆیی:

– بەڵێ، ئەدی هەموو دەستەکەی ئێمەش لە لە سەنگەرەکاندا نەبوون؟

مەهدی گوتی:

– ئەم قسەیەشت دروستە.

فرەرۆ بە وردی گوێی بۆ قسەکانیان رادەدێرا.

– باشە کە لە هەموو تیپە پارتیزانییەکاندا بکەونە قەتل و عامی برایانی ئێمە، ئیدی ئێمە چ چارەیەکی دیمان هەیە؟

– بەڕای من وەکو فەرماندەکەمان تۆزێ لەمەوبەر گوتی: دوژمن دەیەوێ لە برایەتیمان بکا، بۆیە ئەرکی ئێمە ئەمەیە کە کۆڵ نەدەین و بە هەموومان دوژمن ریسوا بکەین و لە نێوی بەرین!

لاوە مەجەڕییەکە لە فکران ڕاچوو و پرسی:

– ئەگەر کەسێك کوت و پڕو بێ چ هۆیەك بە ناو روسەکان بکەوێ و یەك یەك بیانکوژێ، تۆ چ دەکەی؟.

فرەرۆ چاوەڕێی وەڵامی مەهدی بوو... مەهدی گوتی:

– یەکەم، من لێم مەعلوم نییە ئەو کەسانەی کەوتوونەتە گیان مەجەڕییەکان، ئا ئێستا لەم دەقیقەیەدا نەکەوتبنە گیان روسەکانیش. دووەم... گوێ بگرە... کاتێ لە وڵاتی ئێمەدا دەستیان بە دامەزراندنی یەکەم کەڵخوز کرد من هێشتا منداڵ بووم.

وەزعو حاڵی ئەو سەروبەندە بۆ حکومەتی شورەوی یەکجار دژوار و نالەبار بوو.فیوداڵ و ئاغا کە هەستیان کرد کاریان گەندە بەجاریٚ بوون بە دڕندەی خوێن خۆر! دەستیان نەدەپاراست هەر کەسێك ویستبای بە شێوەی نویٚ بژی تەقەیان لێدەکرد!... بەڵام خەڵکی شورەوی چاوترسێن نەبوونو گیروگرفت شپرزەی نەکردن: بەڵکو وریاترو وردبین ترو پێگیرتربوونو ئان ئاخری توانیان وڵات لە دوژمنی چەپەڵ پاکبکەنەوە. خەبات، خەبات تا سەرکەوتنی یەکجارەکی! خەبات تا دوادڵۆپی خوێن. تەنیا ئەم شێوەیە!...

قسەکانی مەهدی پتر بە سوێندیٚ دەچوون کە لە کانگای دڵەوە هەڵقوڵێت. فرەرۆ تەواو هاتبووە جۆش، هاتە نك مەهدیو حەزی دەکرد زۆر شت بە مەهدی بڵیٚ، بەڵام هەر ئەوەندەی لەدەست هات کە بە بێدەنگی لە باوەشی بگریٚ.

مارکۆس دابی، ڕاستەوخۆ روانییە چاوانی فرەرۆو گوتی:

– بمان بورە فەرماندە، توڕە بوو بووینو... بمان بورە.

فرەرۆ بزەیەکی کرد.

کۆمەڵێك دەنگی نزم پێکەوە:

– نابیٚ دڵت لێمان بشکیٚ فەرماندە.

– ئێمە باوەڕمان بە تۆ هەیە.

– باس، باسی تۆ نەبوو... کەس گلەیی لە تۆ نەبوو...

فرەرۆ بە دەنگێکی نێرو دلێر کە دەنگی مەجەڕییەکانی کردە ژێرەوە فەرمانی دا:

– کەواتە چەکەکانتان هەڵگرن!

مەهدی خۆی گەیاندە دیواری کەوێڵەکە، تفەنگێکی هەڵگرتو دایە دەستی مارکۆس و بە دەنگێکی نەرم گوتی:

– بیگرە.

مارکۆس ، بە تەڕدەستی تفەنگەکەی وەرگرتو قۆناغەکەی ماچ کرد.

مەجەڕییـەکان جـۆشو خرۆشـیان تێکـەوت. مەهـدی یـەك یـەك چـەكو تـاقمی خـۆی دانـەوە دەست. حەرەکەکانی خێراو سووكو دڵگر بوو.

فرەرۆ بە خۆشحاڵی و ڕەزامەندییەوە گوتی:

– ئاوها، بەڵام بەمەرجیٚ جارێکی دی ئەم رەفتارە نەبینمەوە!

کە فرەڕۆ بۆ چادرەکە گەڕایەوە، سەرهەنگ(سیرگی نیکولایوفیچ) هەر خەریکی ئەوراقەکانی خۆی بوو.

فرەرۆ دەستی خستە سەر مێزەکەو بەسەر سەرهەنگدا دانەوییەوەو بە نیمچە چپەوە گوتی:

– لە یەکەکانی دەوروبەردا هەموو پارتیزانە مەجەڕییەکانیان گوللەباران کردووە.

سەرهەنگ بیٚ ئیختیار سەری هێنا پێشیٚ:

– کیٚ گوللە بارانی کردوون؟!

– له سەرکردایەتی سوپاوە ئەمردراوە. دیارە چەپەڵێك دزەی کردووەتە ئەویٚ.ئێمە شەڕ دەکەین و ئەوانیش...

سەرهەنگ مات و بێدەنگ دەستی لە ئەوراقەکان کێشایەوە... دەنگی هەناسەشی نەدەهات. پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر گوتی:

– دەبیٚ بچینە بنج و بناوانی ئەم شتەو بزانین ئەمە کاری کێیە!

– بەڵام چۆن؟

سەرهەنگ لە جێی خۆی هەستا:

– ها... با وابیٚ، ئێمە شەڕی خۆ دەکەین. بەڵام بە هەر جۆریٚ بووە دەچینە بنج و بناوانی...

ئەو هەواڵەی شاندور دیڤاردی لاوی مەجەڕستانی لە دوا هەناسەی خۆیدا بڵاوی کردەوە هەواڵێکی شووم و ناخۆش بوو... بەڵام خۆشبەختانە چ هەواڵێکی دی بە دوادا نەهات. پاش ماوەیەکی کەم ڕادیستەکان بە هۆی دەزگای رادیۆوە، فرمانی سەرکردایەتیان دەربارەی هێرش بۆ سەر هێڵێکی دووری هێڵی ئاسن وەرگرت.پاش ئەوە دەستورێك هات کە داوای کۆی زیان و هەبوونی تەقەمەنی دەکرد.

لە ڕادیۆوە هیچ هەواڵێکی خراپ نەدەگەیی و پێوەندی لە گەڵ هەموو هێزەکاندا پچڕا بوو.هێزەکەی ئەوان ماوەیەکی زۆر بیٚ ئاگا لە هێزەکانی دی، سەربەخۆ چالاکی دەکرد.

مەهدی جار جار دەرفەتی چەند دەققە ئیسراحەتێکی بۆ دەڕەخساو دەکەوتە ئامادەکاری و دەست پێکردنی نەخشەی تابلۆکەی.

مەهدی پەنا تاوێرێکی قەراخ هەڵدێرێکی بۆ کارکردن هەڵبژارد، لەوێوە چادرەکانی نێو مێرگوزارەکە دیار بوون، ئەو ڕێگایانەی دەچوونە قوڵایی لێڕەوارەکانەوە، بە جوانی دیار بوون. مەهدی زۆربەی بەیانیان دەهاتە ئێرە، لەسەر تاوێرێك دادەنیشت و خێرا خێرا سکێچانی دەکێشاو بە توڕەیی خەتی بەسەر سکێچەکاندا دەهێنا، هەمدیس قەڵەمێکی ڕەش یا چارچە زوخاڵێکی بە دەستەوە دەگرت، ئەوجا وازی لە کارەکە دەهێناو بیری دەکردەوەو بیری دەکردەوە.

وردەکارییانی تابلۆکەی بە شێوەیەکی گۆنگ لە مێشکی خۆیدا بەرجەستە دەکرد، بەڵام تابلۆکە هێشتا هەر ئاڵۆز بوو. هەندێجار حەزی دەکرد کە دنیای تابلۆکە بەهار بیٚ: بەفر بتوێتەوە، گەواڵە هەور بە سینگی ئاسمانەوە بخزیٚ، جاریٚ پایزی زێڕین و تاویٚ هاوینی دەهاتە بەرچاو – دەبیٚ لە تابلۆکەدا هەست بە گەرمای خۆر بکریٚ، بۆنی گوڵی بیابان هەست پێبکریٚ.

سەربازەکەشی هەر جارەی بە جۆرێکی جیاواز تەسەور دەکرد: بۆ نموونە سەربازێك بە سیمای شەکەت و لە هەمان کات دا شادەوە، کۆڵەپشتی بە کۆڵ، یەکڕاست بەرەو پیری تەماشاکەری تابلۆکە بێت.یان بۆ دەرکردنی ماندوویەتی لەسەر کۆتەرەدارێکا لە نێو مێرگو زارێکدا راکشا بیٚ و کۆڵەپشتییەکەی لەلایەکەوە دانا بیٚ و سەری خستبێتە سەردەستی دەستی... و لەولایەوە تانکێکی تێکشکاوی دوژمن دیار بیٚ...

لە یەکێك لە سکێچەکانیا چەند کچۆڵەیەك بە کراسی گوڵداری ڕەنگاو ڕەنگەوە ئاو بۆ سەربازەکە دێنن. تەنیا تیمەی تابلۆکە: سەربازێك پاش جەنگ بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، نەدەگۆڕاو وەکو خۆی دەمایەوە.

هەندێجار ڤاسیا خۆی دەگەیاندە سەر تاوێرەکەو لە پشت مەهدییەوە سەیری سکێچەکانی دەکردو دەیگوت:

– زۆر چاکە!

بەڵام مەهدی پەڕە کاغەزەکەی لەسەر ستاندەکە هەڵدەکەندو لوولی دەکردو توڕی دەدا.

سەرەنجام ڤاسیا بۆ وەی مەهدی بە خۆدا نەشکێتەوە وازی لە تەماشا کردن دەهێنا. کە بە تەنیشت کانفازەکەدا ڕەت دەبوو و وەکو خۆی سپی بوو لە داخا گرژ دەبوو. شەخسیەتی هونەری مەهدی سست دەبوو...

ئانژلیکاش دەچووە وێندەر. ئانژلیکا بە دەگمەن سەیری سکێچەکانی دەکرد، مەبەستی نەبوو بزانێ مەهدی ڕەسمی چ دەکا. ئانژلیکا لەسەر دارکاژێك کە با لە ڕەگەوە هەڵی کەندبوو، دادەنیشت و سەیری دەستی مەهدی دەکرد کە چۆن کوت و پڕ دەجوڵاو خێرا خێرا بەسەر کاغەزەکەدا دەهات و دەچوو، چۆن حاڵەتی دەموچاوی دەگۆڕا. ئەم مەهدییەی نووکە لە بەرامبەر ئانژلیکا دانیشتبوو، مەهدییەکەی جاران نەبوو. کە مەهدی چاوی لە کاغەزەکەی بەردەستی هەڵدەبڕی تارمایی و سێبەری نیگەرانییەکی ئاڵۆزو نا مەفهوم دەنیشتە سەرچاوەکانی. نێگا تیژەکانی مەنگ دەبوون و ئەوجا کوت و پڕ پشکۆی ئیلهام دەی درەوشاندنەوە.

سەرەنجام مەهدی لێبڕا ڕێگایەك لە تابلۆکەیدا بەرجەستە بکا، ڕێگایەك کە بەرەو ئاسۆیەکی بێگەردو ڕووناك و ساف و دوور کشابێ... هەورە تریشقە تازە ڕەویوبێتەوە، هەور بە ئاسمانەوە نەماوەو ئاسمان شین و سافە. گۆلاوەکان چەشنی ئاوێنەی ڕەنگاو ڕەنگ لە باوەشی زەویدا دەبریقێنەوە. سپی دارێکی بەرز لە دەستە چەپی جادەکەدا چووە بە ئاسمانا، پارچە تۆپ لقێکی سپیدارەکەی شکاندووە، لقەکە بەرەو زەوی شۆڕ بۆتەوەو گەڵا سەوزو تەڕەکانی هێشتا پێوەیە، ئەم لقەش هێشتا زیندووەو هەناسە دەدا!... کێڵگەی بێ سنووری سەوز دەوروبەری جادەکەی گرتووە. گوڵاڵە سوورە و مێلاقەو گوڵە حاجیلە لە نێو سەوزە زاری چڕەوە سەریان دەرهێناوە.

سەربازێکی باڵا بەرزی چوار شانەی خەڵکی شورەوی ئازادانە بەڕێدا دەڕوا. سەربازەکە سەرکەوتنی بە دەست هێناوەو بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە. هێشتا ڕێیەکی زۆری ماوە بگاتەوە ماڵ وگوندەکەی خۆی، لێرەوە تەنیا قرمیدی سووری سەربانەکان و درەختێن پڕ شکۆفەی ماڵەکان دیارە.. پەڕەی گوڵ لەبەر تیشکی هەتاوا چەشنی پروشە بەفر دەبریقێنەوە. سەربازەکە بە کامەرانییەوە چاوانی کردۆتەوە.. لە تۆ وایە گوێی بۆ ئاوازێکی بێ وێنەو دڵڕفێن ڕادێراوە...

مەهدی سیمای سەربازەکەی خۆی هێندە بە ڕوونی دەبینی، وایدەزانی بە ئاسانی دەخرێتە سەر کانفازەکە. بۆیەو فڵچەی ئامادەکرد. یەکەمین خەت لەسەر کانفازەکە کێشران.

ڤاسیا لە پڕ دەرکەوت، دەتگوت دەمێکە چاوەڕێی ئەوەیە کە بزانێ مەهدی کەی دەست دەداتە فڵچە. ڤاسیا هەر بەو دەقەوە کە تەماشای دەکرد تا بزانێ مەهدی چۆن تیوپەکان دەگوشێ، پرسی:

– ئەمە چ رەنگێکە؟

– ئەمەیان سپیاوە. ئەمەشیان ئولترامارینی پێ دەڵێن.

– ئەدی ئەم رەنگە نێوی چییە؟

– شینی بەرلینی. ڤاسیا سەرقاڵم مەکە!

– ئەها... بەرلینی ؟

ڤاسیا رۆیی. مەهدی کەوتە تێکەڵ کردنی سپیاوەکەو ئولترامارینەکە تا رەنگی شینی ئاسمانی بخاتە سەر کانفازەکە. هەرچییەکی کرد رەنگی شینی ئاسمانی بۆ دروست نەبوو، چەند جارێکی دی خۆی تاقی کردەوە بێفایدە بوو، ئەوجا سیمای لە داخا گرژ بوو و بە حەرەکەتێکی چاوەڕوان نەکراو فڵچەکەی خستەوە نێو پاکەتەکەو رەنگەکانی سەر کانفازەکەی سڕینەوە.

ڤاسیا مات و خەمبار ئاهێکی هەڵکێشا:

– دیسان؟

مەهدی وەڵامی دایەوە.

ڤاسیا چ خەمێتی؟ وا دەزانێ نیگارکێشی کارێکی سادەو ئاسانە. فڵچە بەسەر کانفازەکەدا دێنێ و تابلۆکە خۆ بەخۆ چێدەبێت .بەڵام مەهدی تەنیا تابلۆیەکێشێکی سادەنییە... دەبێ لە تابلۆکەی دا وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە رۆحی ئازار دەدەن. بەڵام ئەم پرسیارانە بەردەوام زۆرو زۆرتر دەبن. مەهدی هەرچی دەکرد مەسەلەی مەجەڕییەکانی لە دڵ دەر نەدەچوو. ئەو کەسەی کە مەجەڕییەکان گوللە باران دەکا...ئەو کەسەی کارانتیی– دوژمنی وانی بۆ سەرکردایەتی تیپ نارد... هێزی هەوایی هاوپەیمانان زۆرجار هەڵەی گومان بزوێن دەکا... ئەمانە نایەڵن سەربازەکەی مەهدی بۆ وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە!. تەنانەت باوەڕ ناکرێ کە: مەجەڕییەکانیان تیرباران کردووە...

مەهدی لێرەدا جڵەوی بیرەکانی خۆی دەگرت: ئەم شتانە چ پێوەندییەکان بە تابلۆکەی ئەوەوە هەیە؟ گریمان چ پێوەندییەکیان نییە، بەڵام لە دوا ئەنجاما سەربازەکەی ئەو شایەتی هەموو ئەم رووداوانەیە. بۆیە دەبێ ئەم رووداوانە لە تابلۆکەی مەهدیدا ڕەنگ بدەنەوە، بەڵام چۆنی عەکس بکاتەوە ؟... مەهدی نەیدەویست دەستبەرداری ئەو فۆڕمو تیمەیە بێ کە لەبەر چاوی گرتبوو...

دووبارە جانفازەکەی هەڵگرت و دەستبەکار بوو.

بەرە بەیانێکی گەرم کە دنیا ساف و بێ هەور بوو،ڤاسیا، مەهدی بینی سەری بەسەر دەفتەر رەسمەکەیدا داگرتووەو سەرقاڵی سکێچێکە.

ڤاسیا خاولییەکی دابوو بە شانیاو بوخچەیەکی بەبن هەنگڵەوە بوو، سوچی لفکەیەك و کیسەیەك لە نێوو بوخچەکەوە دیار بوو.

مەهدی مۆڕەیەکی لێکردو گوتی:

– چییە، دیسان کەڵکەڵەی مەلەی ناو روبار لە کەللەی داوی ؟ ئاگات لە خۆ بێ دەنا تووشی سیل دەبیٚ.

ڤاسیا بە هێمنی وەڵامی دایەوە:

– جا چ کارم بە روبارە؟ گەرماوێکیان دروست کردووە، ئەمڕۆ بە ئاهەنگێکی گەورەوە دەیکەنەوە !

گەرماو بۆ پارتیزانەکان مەسەلەیەکی گرینگ بوو. کە لە چالاکی و ماموریەت دەگەڕانەوە ناچار دەبوون لە نێو دارستانێکدا خۆ بشۆن، بە زۆری سەتڵێ ئاویان گەرم دەکردو لە پەنایەکا بە خۆیاندا دەکرد یان وەکو ڤاسیا گوێیان نەدەدایێو بە ئاوی ساردی جوێبارو روباران خۆیان دەشت.

مەهدی بە گاڵتەوە پرسی:

– لە کویٚ دروستیان کردووە؟ ناکا لە تریست دروستیان کردبیٚ؟

– جا بۆ لە تریست؟ هەڵبەتە ئێمە لە تریستدا حەمام بۆ فاشییە مەلعونەکان دروست دەکەین... بەڵام ماقولٚ نییە من بە تەنیا خاولییەکەوە رێگای تریست بگرمە بەر...

مەهدی دەستێکی هەڵبڕی:

– باشە، بەسە! سەرم مەخەرە سەر، کارەکەم لیٚ دوا دەخەی.

ڤاسیا کەوتە سوێند خواردن:

– بەخوا بە ڕاستمە، گەرماویان دروست کردووە... خێراکە لە کیست دەچیٚ!...

مەهدی فڵچەکەی لە نێو پاکەتەکەی ناو دەستەکانی بە پارچە پەرۆکێك سڕین.

ڤاسیا کەوتە پەلە لێکردنی:

– هەستە با بڕۆین. من سیلویوڤام راسپاردووە کە ئەم شتانە کۆ بکاتەوە. ئاه، جا بۆ خۆمانت! جا بۆ خۆمان تێر ساوناو دەکەین

– ڤاسیا، درۆ ناکەی؟

– بۆ درۆ بکەم! ئێستا لێرەوە دادەگەڕێین و هەرکە لە نشێوەکە رەت دەبین، رێك لە پشت نشێوەکەوە... ئەشکەوتێکە...

– لە ئەشکەوتا گەرماویان دروست کردووە؟

– بەڵیٚ، جا چ گەرماویٚ! قازانیان لە ئاشپەزەکە وەرگرتووەو لە ئەشکەوتەکەدا کوانوویان بۆ دروست کردووەو داریان خستۆتە ژێری و دوکەڵکێشیان بۆ چیٚ کردووە.

ڤاسیا چەند لقێکی لە دار کاژێکی چکۆڵە کردووە.

مەهدی پێی هەڵگرت:

– ئافەرین بۆ خۆتان، دەستتان خۆش بۆ خۆتان و کارتان!

ڤاسیا بە نیمچە گلەییەوە گوتی:

– بەس دوکەڵکێشەکەی باش کار ناکا... گەرماوەکە دووکەڵی زۆرترە تا هەڵم...بەڵام گەرمییەکەی ئەم عەیبەشی داپۆشیوە!... کەشیشەکە بەر لە هەمووان چووە ژوورەوە، بەڵام پاشان بەلاق راکێشان هێنایانە دەرێ، وایاندەزانی مردووە، بەڵام هەرکە هەوای ئازادی هەڵمژی زیندوو بووەوە!

کەشیشە کورتە بنەکە، بە ردێنی بژو تەڕەوە هێشتا لەبەر ئەشکەوتەکەدا دانیشتبوو و پارتیزانەکان لێی خڕ ببوونەوە.

مەهدی هەر لە رێوە هاواری کرد:

– سڵاو باوکی موقەدەس! گەرماوەکەت بە دڵ نەبوو.؟

پیرەمێرد گوتی:

– ئەمە کەی گەرماوە!

ڤاسیا بەڕقەوە پرسی:

– ئەدی چییە؟

کەشیشەکە لە نێو قاقای پارتیزانەکانەوە، بە خەمباری گوتی:

– ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە فاتیکان لەو دنیا بۆ ئێمەی ئامادەکردووە! من بە کەس ناڵێم خۆی بخاتە ئەم دۆزەخەوە، مەگەر یەکێك بە زۆر هەڵیدەنە ژوورەوە.

مەهدی بەدەم داکەندنی بلوزەکەیەوە، بە گاڵتەوە گوتی:

– هاوڕێ کەشیش، ئێمە بێ دینین!

مەهدی و ڤاسیا بە پەلە جلەکانیان داکەندو بە تۆی دەرپێوە بە غار خۆیان وەئەشکەوتەکەدا کرد.

ئەشکەوتەکە تەسكو نزم بوو، بەڕاستی دەکرا وەکو کوورەی ئاگری دۆزەخ تەسەور بکرێت .

کوانوویەکیان لە سوچێکی ئەشکەوتەکە دروست کردبوو، قازانە زلەکەی ئاشخانە گەرۆکەکەیان نابووە سەری. لقەکاژان لە بن قازانەکەوە بە فشوهۆڕ گڕی دەسەندو کڵپەی ئاگر دەگەییە سەرووی قازانەکە. قازانەکە دەلەرزیو مەترسی ئەوەی لێدەکرا لە ئان و ساتا بتەقێت .

لەبەر گەرما و هەڵمو دووکەڵ کەس لە ئەشکەوتەکەدا هەناسەی بۆ نەدەدرا. خۆ ئەگەر کەشیشەکە وێرابای جارێکی دی سەرێ بکێشێتە ژوورەوە، ئەوا ئەمجارەیان دیمەنێکی دۆزەخی تەواوتری بە چاوی خۆی دەبینی. بەشێکی دیکەی "بێ چەند وچوونی دۆزەخی ئاگرین" واتا ئەوقۆشمە هارو هاج و جەنجاڵانەش لەوێندەر ئامادەبوون.

ڤاسیا لیفکەکەی لە پشتی خۆی دەسوو و هاواری دەکرد:

– کە هەڵمی حەمامی گەرم خۆشە! رۆح دەژێنێتەوە. وەرە با هەڵمەکەی زیاتر بکەین.

– یالاّ!

ڤاسیا بە نووکی سێکوچکەیەك بەردێکی گەورەی سوورەوە بووی لە کوانووەکە دەرهێنا، ئەوجا پێشتەماڵێکی لە ئاوە گەرمەکەی نێو قازانەکە هەڵکێشاو بەسەر بەردە سوورەوە بووەکە یا گوشی، بەردەکە کەوتە چزە چزو هەڵمی لێهەستا، هەڵم تەنورەی بەستو ئەشکەوتەکەی پڕ کرد.

مەهدی هەر بۆ هاندانی ڤاسیا گوتی:

– زۆر چاکە!

ڤاسیا بێ پەروا بە چڵەکاژ بەربووە پشتی خۆی لەگەڵ هەر لێدانێکا خۆی گرژ دەکردەوە.

مەهدی بە نیگەرانییەوە گوتی:

– ئاگات لێبێ، ئەمە شولی نەرمی سپێداری روسی نییە. زۆر زبرە لە شت بریندار دەکا!.

ڤاسیا پرسی:

– تۆ قەت لەسەر پلەی حەمام دانیشتووی‌و بە گسکی لە شولی سپێدار پشتت بخوسێننەوە؟

– لەسەر بەرزترین پلە دانیشتووم، ئەویش نەك جارو دووجار!

– ئەدی کڤاسی ساردی پاش حەمام؟

– کڤاسیشم دەخواردەوە .

مەهدی هەندێ ئاوی گەرمی بەخۆدا کردو گوتی:

– زۆر چاکە، دڵی مرۆڤ هێدی دەکاتەوە...

مەهدی جارێکی دیکەش ئاوی بە خۆدا کردو گوتی:

– وا دەزانم دوێنێیە کە لەگەڵ دراوسێکەمانا دەچووم بۆ حەمام!

– بۆ لەگەڵ دراوسێکەتانا؟

– کە بووم بە حەوت ساڵان ئیدی خۆم بە زەلام حسێب دەکردو پێم شەرم بوو لەگەڵ ژناندا بچمە حەمام، ئیدی هەموو جارێ دراوسێکەمان لەگەڵ خۆیدا دەیبردم.

– لە گەرماوەکانی ئەنگۆشدا ژووری هەڵم‌و شولی سپێدار هەیە؟

– نەء ...

هەرچەندە مومکین نەبوو شوێنی لەوێ خراتر بۆ گێڕانەوەی بیرەوەری دەست بکەوێ، بەڵام ئەوجاش مەهدی بەدەم لیفکە لە خۆ سوونەوە ئەوەی دەگێڕایەوە کە چۆن لەگەڵ دراوسێکەیاندا دەچوو بۆ گەرماوێکی چکۆلەی سەر شەقامی قاسم ئیسماعیلوف‌و چۆن حەمامەکە لە نزیکی ماڵی خۆیان بوو. گشت بینەی حەمامەکەیان بە بۆیەی زەیتی نەخشاندبوو. مەهدی بچکۆلە زۆر بە تاسەوە بوو ئەم نەخش‌و نیگارە سەیرانە لە نزیکەوە ببێنێ‌و ئەگەر بۆی هەڵکەوێ دەستشیان پێدا بێنێت، بەڵام ئەم حەزەی لە دڵی خۆیا دادەمرکاندەوەو دەیویست لە هەموو شتێکا لاسایی گەوران بکاتەوە، بە کاوەخۆ خۆی رووت دەکردەوە، پێشتەماڵێکی باریك‌و سووری لەخۆی دەهاڵاندو دەچووە نێو حەمامەکە. ناترەکە پشتی دەشوشت‌و مەهدی نەیدەزانی بۆ کاتێ کە کیسەی دەستی ناترەکە لوولە چڵکی لەگەڵ خۆیدا دێنا، ناترەکە پێدەکەنی، پاشان ناترەکە پارچە سابونێکی دەخستە نێو لیفکەکەو فوی تێدەکردو بڵقی کەفاو وەکو هەور لە لیفکەکەوە دەردەچوو.

مەهدی هەر چەندی هەوڵەدا کە بە خۆی ئەو بڵقە سابونانە دروست بکا، بۆی نەدەکراو نەدەکرا، بەڵام خۆشوشتن بەم کەفاوە لە زەتێکی سەیری هەبوو! پاكو خاوێنو سوور هەڵگەڕاو بە بەردەم دراوسێکەیاندا دەهاتە بینەکەو لەسەر تەختەکە دادەنیشت. یارۆی ناتر پێی بە ئاوی گەرم دەشت، هەنگێ مەهدی هەڵدەوەستاو دەکەوتە خۆ وشك کردنەوە. پاش ئیسراحەت کردنو سێو خواردن کە پاش حەمامی گەرم بە تامو فێنك بوو، دەچوونەوە بۆ ماڵ.

لە ماڵەوە نەنکی بە دەم وێردو سەڵاواتەوەرایدەگەیاند کە: "پیاوەکە لە گەرماو هاتەوە" و چایەکی بۆ تێدەکرد.

مەهدی سەلارو سەنگینو وەکو پیاو دادەنیشتو چایەکی دەخواردەوە. ئەم بیرەوەریانە وا لە خەیاڵیا زیندوو ببوونەوە، وای دەزانی دوێنێ روویان داوە...

ڤاسیا لەم کاتەدا تا توانی لیفکە تەڕەکەی بە پشتی میخائیلۆدا کێشا، میخائیلۆ تکای لێکرد کە وریا بێ، چونکە جێ برینە کێردەی بە پشتییەوە بوو ئێستاش بە توندی شتێکی بەر کەوتبا دەیەشا... ئەوەی مەهدی گێڕایەوە لە پڕ لەبەر چاوی هەردووکیان تەواو کۆنو خۆشەویست بوو. مەهدیو ڤاسیا بێدەنگ بوون: زۆریان پێچوو بوو، دەبوایە پەلە بکەنو لێببنەوە.

لە پڕ گرمەیەکی توند هات.

ڤاسیا ئاوڕیی دایەوە:

–چی بوو؟ قازانەکە تەقی؟

مەهدی گوتی:

– نەخێر، دەنگەکە لە دەرەوەیە.

کەفاوەکەیان لە خۆ سڕیو بەرەو زارکی ئەشکەوتەکە، کە جلەکانیان لەوێ بوو، غاریان دا.

مەهدی لە نێو شکەوتەکەوە سەری دەرهێناو سەیری کرد چ کەسێك لەبەر زارکی ئەشکەوتەکەدا نییە. دەنگێك لەسەر سەریانەوە دەهاتو لە نێو ئەشکەوتەکەدا بەگرم وهۆڕ دەنگی دەدایەوە.

مەهدی سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی.

فڕۆکەیەك بە باڵە لەقیۆ هێواش هێواش بەسەر لێڕەوارەکەدا دەسووڕایەوە، فڕۆکەکە هێند نەوی بوو زۆری نەما بوو لە پۆپەی درەختەکان بخشێ.

ڤاسیا گوتی:

– نیشتنەوەی ناچارییە، دەیەوێ شوێنێ بدۆزێتەوەو بنشێتەوە.

هەر بەو دەقەوە کە چاویان لە فڕۆکەکە بوو کە بەسەر جەنگەڵەکەوە دەسوڕایەوە، بە پەلە جلەکانیان لەبەرکرد. فڕۆکەکە سەرێکی دی سوڕایەوەو بەرز بۆوە، پێچێکی نیمچە بازنەیی کردەوە، دەنگەکەی کوژاندەوەو بە مەبەستی نیشتنەوە داکشا.

ڤاسیا گوتی:

– رووتەنەکەی نێو بێشەکەی بەدی کردووەو دەیەوێ لەوێندەر بنیشێتەوە. بە دوو قۆڵی بە بزنە رێیەکدا کەوتنە غاردان بەرەو رووتەنەکە، یانی هەمان شوێنی دادگاییکردنی کرانیف بوو. کە

مەهدی و ڤاسیا گەیشتنە ئەوێ، فڕۆکە زەلامەکە لەسەر لا لە عاردی کەوتبوو و باڵێك و لووتە پانەکەی بەرز کردبۆوە.

پارتیزانەکان‌و سیلویوف کە لە هەموو مەنجەڵێکا ئەسکوێ بوو، لە نزیکی فڕۆکەکەوە هاتووچۆیان دەکرد. سیلویوف جزمەکانی فڕێ دابوو و جووتێ پۆتینی سووکی لە پێ کردبوو.

سیلویوف وەکو یەکێك سەری لە کاروباری فڕۆکەدا سپی کردبێ، خێرا خێرا دەیگوت:

– یاریدەدەری سپرینگەکانی سستە.

فڕۆکەوانەکە لە جامی پێشەوەی فڕۆکەکەوە دیار بوو، لێکدا لێکدا ئیشارەتی بۆ لای دوگمەی سەر دەرگاکە دەکرد، بەڵام پارتیزانەکان لێی حاڵی نەدەبوون‌و ئیشارەتیان دەکردێ کە لێی حاڵی نابن. سیلویوف بە پەیژەی شکاوی بۆدی فڕۆکەکەدا سەرکەوت‌و خۆی گەیاندە سەر باڵەکەی، لەوێوە خۆی گەیاندە دەرگای ژووری فڕۆکەوانەکەو ئیشارەتی کردێ کە بێتە دەرێ. فڕۆکەوانەکە دیسان ئیشارەتی بۆ دوگمەی دەرگاکە کردەوە.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ کە تازە گەیی بووە وێندەر گوتی:

– سیلویوف وەرە خوارەوە

سیلویوف هاتە خوارێ.

سەرهەنگ بە شارەزاییەکی تەواوەوە لە بن لێوانەوە گوتی:

– زمانەی دوگمەکە پەرچ بۆتەوە... دەرگا یەدەکەکەشی...

پارتیزانەکان بڕ بڕ دەهاتن بۆ مەیدانەکە.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ چووە سەر باڵی فڕۆکەکە، هەر وایکرد سوکێ سەری کابینەی فڕۆکەوانەکەی هەڵدایەوە.

دەرگای کابینەکە کرایەوەو سیمای بە خەندەوە منەتباری دیدەوانەکە لە کابینەکەوە بە دیارکەوت. دیدەوانەکە لا کەوت تا فڕۆکەوانەکە دابەزێ‌و ئەوجا ئەویش خۆی هەڵدایە سەر زەوییەکە.

فڕۆکەوانەکە پیاوێکی کەڵەگەتی داڵە گوشت بوو، نیشانەو میداڵەکانی سەر سینگی سەرنجی بینەرانی رادەکێشا. دوو نیوە ئاخێزی بۆ کرد"دیار بوو لاقی سڕ ببوون"، سەیرێکی باڵی فڕۆکەکەی کردو لە بن لێوەوە شتێکی بە دیدەوانەکە گوت‌و بە خەیاڵی ئاسوودەوە بەرەو پارتیزانەکان چوو. دوو قامکی خستە سەر لاجانگەکانی خۆی‌و گوتی:

– هەلاو، کاپیتان ئارچیبالد میلتون.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ-ش خۆی ناساند:

– سەرهەنگ لوبیموف یاریددەری فەرماندەی تیپی پارتیزان.

مەهدی کە زمانی ئینگلیزی حاڵی دەبوو، بەڵام نەیدەتوانیبە باشی قسەی پێبکا، ئامادە بوو ببێ بە تەرجومان، بە هەزار شەڕە شەق چەند وشەیەکی پێکەوە ناو قسەکانی سەرهەنگی کردە ئینگلیزی.

فڕۆکەوانەکە بێ وەی سەرسامی خۆی وەشێرێ گوتی:

– یەس.

ئەوجا دەستی بۆ دیدەوانەکەی خۆی کە خەریکی فڕۆکەکە بوو، راکێشا:

– ماك جویس، دیدەوان، رەش پێست.

مەهدی قسەی فڕۆکەوانەکەی وا تەرجەمە کرد کە گوایە دەڵێ ماك جویسی دیدەوان رەش پێستە. هەرچەندە سیرگی نیکۆلایوڤیچ لە ئۆردوگای یەخسیراندا بە تەواوی شارەزای خوو تەبیعەتو ناخی ئەمریکاییەکان ببوو، ئەوجاش قسەکانی ئەم فڕۆکەوانە، کە بە پێویستی زانی بوو یەکسەر نەژادی دیدەوانەکەی خۆی ئاشکرا بکا، قەڵسی کرد.

ماك خێرا بە جانتایەکەوە خۆی گەیاندە ئەوان. سەرهەنگ و مەهدی بە گەرمی چاکو خۆشیان دەگەڵ کرد. ماك کابرایەکی سپی رەنگ بوو، چاوی کاڵ و دفنی بەرانی بوو. سیرگی لە تەرجەمەکەی مەهدی کەوتە گومانەوە!. پاشان بۆی دەرکەوت کە نەنکی ماك ژنێکی رەش پێستو باپیری نیمچە رەش بوون، بەم پێیە چواریەکی خوێنی بابی خوێنی رەش پێستان بووەو نەك ئەم ڕێژەیە بەڵکو هەشت یەکیش کافی بووە بۆ وەی بخرێتە خانەی رەش پێستانو مامەڵەی رەش پێستی دەگەڵ بکرێ وتالاوی ئەو زەجروبەلایە بنۆشێت کە لە ولاتی ئەودا قەدەری رەش پێستانە. لە ئاماری دانیشتووانی لوس ئەنجلس و لە لیستی ئەندامانی هێزی هەواییدا هەمیشە لە دوای ناوی شۆرەتەکەیەوە دەیان نووسی "رەش پێست".

بەڵام ئێستا دەسەلاتدارانی ئەمریکا پێویستیان بە رەش پێستەکان بوو و تەنانەت میداڵێکیانیش دابووە ماك کە لە چوار چێوەیەك گیرا بوو و لە سەرووی گیرفانی چەپی بلوزەکەی درا بوو.

میلتون باسی کرد کە بۆری رۆنی ماتۆڕی فڕۆکەکەیان گیراوەو ئەگەر نە نیشتنایەتەوە لە ئاسمانا دەسوتان. سیرگی نیکۆلایوڤیچ زۆر بە ڕێزو نەزاکەتەوە تێی گەیاندن کە خۆشحاڵە بەوەی بە سەلامەتی رزگاریان بووەو پێی ناخۆشە کە فڕۆکەکەیان زیانی زۆری پێگەییوە. ئەوجا فڕۆکەوانەکەو دیدەوانەکەی خولق کردن کە بچن بۆ چادری فەرماندەیی، چادری فەرماندەیی هەر چارەکە سەعاتێ لەوێوە دوور بوو.

لەم کاتەدا مێرگوزاری نێو بێشەکە چۆڵ بوو. پارتیزانانی یەکێك لە فەوجەکان لەبەر کەوێڵێکدا دانیشتبوونو خەریکی چەك پاککردنەوە بوون.خەڵکی لە بەینی ئاشخانە گەرۆکەکاندا لە هاتوو چۆدا بوون. پەرستارەکان سارغیو پلاستەرو چەرچەڤ شۆراویان لەسەر درەختەکان هەڵدەخست.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ میوانەکانی بردنە چادری فەرماندەییو یەکێکی نارد بۆ بنکەیەکی دووری پێشەوە تا فرەرۆ ئاگادار بکا، پاشان هاتەوە نك میوانەکان، ئیدی گفتوگۆییەکیان کەوتە بەینەوە کە لە ناکاوا گەلێك لە گومانەکانی سیرگی نیکۆلایوڤیچی سڕییەوە.

سەرهەنگ، فرۆکەوانەکانی دەعوەتی چای کرد، بە دەم چا خواردنەوە لێی پرسین کە لە کوێوە هاتوونو نیازی کوێیان هەبووە. میلتون بەرسڤی دایەوە کە پایەگایان لە باشووری ئیتاڵیایەو ئێستاش پاش نۆرە ماموریەتی خۆیان بە تەمای گەڕانەوە بوونە.

سەرهەنگ گوتی:

– ئەگەر ماموریەتەکەتان نهێنی نییە، پێمان ناڵێن چیتان بە دەستەوە بوو؟

– نەخێر نهێنییەکمان نییە تا لێتانی بشارینەوە! تەقەمەنی وئەسپاباتی شەڕمان بۆ تیپەکەی فرەرۆ خستە خوارەوە.

سەرهەنگ سەرسامو مەنگ برۆی هەڵبڕین:

– بەڵام ئێمە چ تەقەمەنییەکمان نەبینیوە!

میلتون قسەکەی بڕیو گوتی:

– ئێوەی چی؟ پێم گوتیت بۆ تیپەکەی فرەرۆمان خست، تیپەکەی فرەرۆ لە دوو سەد کیلۆمەتری باشووری رۆژهەڵاتی ئێوەیە.

قامکی خستە سەر خاڵێکی ئەو نەخشەیەی کە لەسەر مێزەکەی فرەرو دانرابوو.

– ئاخر تیپەکەی فرەرۆلێرەیە! ئێمە تیپی فرەرۆین.

میلتون بە خوێنساردی شانی هەڵتەکاندن:

– دیارە سەرکردایەتی ئێمە هەڵەی کردووە. سەیریش نییە، چونکە ئێوە هەمیشە لە کۆچو کۆچباردان.

ئەمریکییەکانیان برد بۆ شوێنی ئیسراحەت.

پەردەی زارکی چادرەکە کەمێ کرایەوەو حیمایەیەك خۆی بە چادرەکەدا کردو بە هێمنی گوتی:

– تەتەرەکە لە تریست گەڕاوەتەوە!

تەتەرەکە ئانژلیکا بووکە هەفتەی پێشوو ناردبوویان بۆ ئۆپچینا. ئانژلیکا نامەیەکی لە گروپی هاوڕێ "پ"ـەوە هێنا بوو.

فرەرۆ زەرفێکی چکۆلەی لە ئانژلیکا وەرگرتو مەرەخەسی کرد. ڤاسیا لەبەر چادرەکەدا نیگەرانو بێ ئۆقرە چاوەڕوانی ئانژلیکا بوو.

فرەرۆ عەینەکەکەی کردە چاوی، زەرفەکەی هەڵپچڕی و چاوی بە نامەکەدا خشاند. برا خەیاڵییەکەی ئانژلیکا بە کۆمەڵێ دەستەواژەی تێکەڵو پێکەڵ پێیانی راگەیاندبوو کە لە دەزگای داربڕینەوە کاردەکاو تکای کردبوو ئاگایان لە بزنەکەی بێ، بۆ جەژنیش کراسە تازەکەی بۆبنێرن. فرەرۆ رەمزەکانی ناو نامەکەی کەشف کرد وخوێندییەوەو لەسەر مێزەکە داینا.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ پرسی:

– هاوڕێ "پ" چی نووسیوە؟

– دەڵێ کارانتی و چارلز بنت، جاسوسی نێوداری جیهانی،هەردووکیان یەك کەسن.

مەهدی شەقاوێك هاتە پێشێ.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ ژارخەنێکی بۆ کرد:

– رووداوەکان تێکدەکەنەوە.

فرەرۆ دووبارەی کردەوە:

– کارانتی – چارلز بنت!...

ئێستا ئەو گومانانەی کە لە دڵیا پەنگیان خواردبۆوەو زاتی نەدەکرد لە دڵی خۆشیدا بیریان لێ بکاتەوە، خۆ بە خۆ کەشف و روون دەبوونەوە.

– کارانتییان لە سەرکردایەتی سوپاوە بۆ ئێرە ناردبوو. بەم پێیە هەر ئەو دەستەی کارانتی گەیاندبووە ئێرە،مەجەرییەکانیشی گوللە باران کردووە...

***

ڤاسیاو ئانژلیکا، مەهدییان لە پاڵ تاوێرەکەی خۆیدا دۆزییەوە. وەکو جاران کانفازەکەی لەبەر دەما بوو و پاکەتێك بۆیەو فڵچەشی لە تەنیشتەوە بوو. ڤاسیا ورەی بەرز بوو، ئەدی چۆن! ئانژلیکای لەگەڵە! ڤاسیا بە زەردەخەنەوە گوتی:

– خەریکی رەسم کردنی؟

مەهدی بە پێ داگرتنەوە گوتی:

– خەریکم و خەریکیش دەبم.

ئانژلیکا گوتی:

– کەی تەواوی دەکەی؟

ڤاسیا بە تەشەرەوە گوتی:

– هەڵبەتە دوای ئەوەی کە دەست پێبکا.

مەهدی بە جدی گوتی:

– بەم زووانە تەواوی دەکەم، بەڵێ ئانژلیکا دەتوانم بڵێم بەم زووانە، چونکە ئێستا زۆر شتم لە بەرچاو روون و بەرجەستە بووە.

بەڵێ بیرۆکە وتیمەی تابلۆکەی بەرە بەرە پتر دەخەملی. دەبێ تیمەکەی هەمان تیمە بێ کە لە خەیاڵی خۆیدا خەملی بوو: سەربازی تابلۆکەی ئەو شادە، سەرکەوتووەو بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام شادییەکەی، شادی کەسێکە کە گەییوەتە پۆپەی خەملین و لە شەڕا قاڵ بووەو زۆر شت فێر بووە. چونکە هەمیشە لەگەڵ مەهدیدا بووە. لەگەڵ مەهدیدا هیتلەرییانی کوشتووە، لە رووداوەکانی دەوروبەر راماوە، لەگەڵ ئەودا گەشەی کردووە دڵاوا بووەو عاقڵ بووە. ئەم سەربازە چارلز بنتی دەناسی، لێی عەیان بوو کە ئەو کەسانەی چارلز بنتیان ناردووەتە نێو پارتیزانەکان، دەست بەردار نابن و دەبنە کۆسپی رێگای بەختەوەری گەل. ئەم سەربازە دەیزانی کە دەبێ تا دوا هەناسە بەرگری لەم شادییە بکا، چونکە ئەم شادییە بەری رەنج و ئارەقی نێوچەوان و خوێنی کوژراوەکانە. سەربازی تابلۆکەی مەهدی باوەڕی بە خۆی و بە ئایندە هەیە. ئاشتی جیهان بەهەوڵ و کۆششی ئەو بەرقەرار دەبێت. سەربازەکە هێشتا بەڕێوەیە. گوندەکەی زێدی هێشتا دیار نییە. پەڵە هەوری رەش و قوڕقوشم ئاسا هێشتا لێرەو لەوێ بە ئاسمانەوەن. بای دێو بارانی سەربازەکە دەشەکێنێ . گەڵای سپیداران زەمزەمە دەکەن. زەوی تاریك و سفتە. مەزرا چەشنی دەریایەکی کەفچەڕین شەپۆل دەدەن. سەربازەکە بە متمانەوە دڕ بە تەوژمی بایەکە دەداو هەنگاوی هەڕاو بۆ پێشەوە دەنێ.

وره بەرزی لە چاوانیا رەنگی داوەتەوە. تفەنگەکەی توند بە سینگییەوە گوشیوەو هەنگاو دەنێ، بەرەو رووناکییەك، بەرەو رۆژهەلآت کە هەتاو لە دەرکەوتندایە هەنگاو دەنێ. گورج و چاپوك، وەك ئەوەی گوێی بە دەنگێکی نیگەرانی ئامێز بزرینگێتەوە، ئامادەیە بە سینگی والآوە رووبە رووی هەر خەتەرێ ببێتەوە کە بێتە رێی.

نابێ چ شتێکی دەستکردو نا ئاسایی لە تابلۆکەدا هەبێ. دەبێ هەموو شتێکی سادەو ئاسایی بێ... بە دەبدەبەو کەبکەبە نەبێ، بەڵکو یەکپارچە تواناو هێز بێ!... بەڵێ تەنیابەم شێوەیە...

ژیان، ژیان بەو جۆرەی مەهدیی سەربازی سۆڤیاتی تێی دەگەیی دەرژایە سەر جانفازەکە.

فرەرۆ و سیرگی نیکۆلایوڤیچ لە میرگوزارەکەدا پیاسەیان دەکرد، لەم کاتەدا پارتیزانێك هاتە کنیان و هەواڵی دانێ کە رادیستەکە تەلەگرافێکی رەمزی وەرگرتووەو ناوەرۆکەکەی ئەمەیە کە: لە سەرکردایەتی سوپاوە فەرماندەیان داوا کردووەو دەبێ یەکسەر بگاتە وێندەر.

سەرهەنگ و فرەرۆ سەیرێکی یەکتریان کرد. مانای ئەم ئەمرە چییە؟! ئەم داواکردنەو پاش رووداوەکانی ئەم ئاخرو ئۆخرە، گومانی لە دڵ پەیدا دەکرد.

فرەرۆ گوتی:

– دەبێ خۆم ئامادە بکەم.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ بە ئیشارەتێك پارتیزانەکەی ئیزن داو قۆڵی بە قۆڵی فرەرۆدا کردو دوو بە دوو چوون بۆ چادری فەرماندەیی.

فرەرۆ بە سیمای خەمبارەوە گوتی:

– تۆ لە جێگای من دەبی.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ بزەیەکی کرد:

– تۆ وا قسە دەکەی دەڵێی بۆ مردن دەچی.

نیگای فرەرۆ غەمگین و لە هەمان کاتدا بێباك بوو:

– سیرگی دەزانی ئەگەر من نەگەڕامەوە...

سەرهەنگ قسەکەی ئەوی بڕی و وەکو یەکێك رازەکانی دڵی بۆ خۆی بڵێتەوە، زۆر بە ئەسپایی گوتی:

– کاروبارمان باش بوو... تیپەکەمان سەنگێکی هەبوو، خەڵکێکی ئازاو دلێری لێ خڕ ببوونەوە، ناوو شۆرەتیان دەرکرد بوو. ئەم خەڵکانە فەرماندەیەکیان هەبوو، هەموو باوەڕیان وابوو کابرایەکی عاقڵ و دوور بین و ئازایە.... بەلآم لە پڕ دەرکەوت کە لە منداڵێك ساویلکەترە.

فرەرۆ بە رەنجاوی و دڵ شکاوییەوە وەلآمی دایەوە:

– سیرگی، من فەرمان جێبەجێدەکەم.

سیرگی راست روانییە چاوانی وی:

– بەلآم تۆ دەزانی لەوەیە نەگەڕێیتەوە.

– من کابرایەکی ترسنۆك نیم!

چاکەتە سەربازییەکەی لەبەر کرد، پۆستاڵەکانی گۆڕیو بەرەو چادرەکە چوو. سیرگی نیکۆلایوڤیچ پێشی گرت:

– لویچی گوێبگرە. کەس گومانی لە ئازایەتی تۆ نییە، بەڵام ئەوەی تۆ دەتەوێ بیکەی بێ مەعنایە! ئێمە تەنانەت نازانین کێ داوای کردوی!

فرەرۆ بە رژدییەوە گوتی:

– ئێستا وەختی ئەوە هاتووە بزانین! دەمەوێ بزانم کێ کارانتی بۆ تیپەکەی ئێمە نارد، کێ مەجەڕێیکانی بە کوشت دا، بۆ تیپەکانی دەوروبەرمان بەرە بەرە پێوەندییان لەگەڵ ئێمە دەپچڕن. جگە لەمانەش نامەوێ لە سەرکردایەتی سوپادا من، لویچی فرەرۆ بە ترسنۆك لە قەڵەم بدەن. خوا حافیز سیرگی، ئاگات لە خۆ بێ.

فرەرۆ دەستی بەرەو سەرهەنگ درێژ کرد، بەڵام وا دیار بوو سەرهەنگ ئاگای لێنەبوو، لەبەر چادرەکەدا وێستا بوو، چارەی بە یەکادابوو و برۆ چرچەکانی هێنابوونەوە یەك.

سەرهەنگ لێبڕاوانە گوتی:

– دەزانی چییە لویچی؟ هەرچییەك دەکەی بیکە، بەڵام من نایەڵم بڕۆی! نەخێر نایەڵم بڕۆی! بە هەر حاڵ تا مەسەلەکە روون نەبێتەوە نایەڵم بڕۆی.

– من لە ژێر دەستی تۆدا نیم! هێشتاش هەر من فەرماندەم! هاوڕێ لوبیموف ئەمرت پێدەکەم رێم بدە!

سیرگی بە هەمان نەزمی ئەو وەڵامی دایەوە:

– هاوڕێ فرەرۆ، من وەکو کۆمۆنیستێك لەگەڵ کۆمۆنیستێکدا قسە دەکەم. تۆ نابێ لەم تیپە بڕۆی!... سەدان کەس چارەنووسی خۆیان داوەتە دەستی تۆ. تۆ فەرماندەی ئەوانی، ئەوان خۆشیان دەوێی، باوەڕیان پێت هەیەو تۆ هەقی ئەوەت نییە ژیانی خۆت بخەیە خەتەرەوە!

فرەرۆ بزەیەکی کردو بە هێمنی گوتی:

– یانی بچین بە گژی یەکدی دا؟

سیرگی بە دڵسۆزی و لە هەمان کاتدا بە گازاندەوە گوتی:

– لویچی، لویچی! تۆ دەبێ لێرە وەمێنی. ئەرکی سەرشانتە، تێدەگەی، ئەرکی سەر شانتە. ئێمە لەگەڵ تۆدا درێژە بە کاری خۆ دەدەین! پیلانگێڕیش هەر کێییەك دەبێ با ببێ، شەقیش بەرێ، ئێمە هەر درێژە بە کاری خۆ دەدەین!.

فرەرۆ بێدەنگ بوو، دەستی گەیاندە قژی سیرگیو بۆ لای خۆی راکێشاو ماچی کرد. فرمێسك زانە چاوانی فرەرۆ.

دیسان بە خۆ کەوتنەوە، حەملەیان رێك دەخست، شەڕی قورسیان دەگەڵ دوژمن دەکرد، خزمەتی بریندارەکانیان دەکردو دەستیان بە تەقەمەنی و ئازوقەوە دەگرت.بەڵام مەسەلەی ئەوەی کە چ چەپەڵێك خزاوەتە سەرکردایەتی سوپاوە هەر بەو دەقەوە مایەوە. سیرگی و فرەرۆ لەو سەرو بەندەدا هەستیان بەوە نەدەکرد کە ئەم کارە چ هەڵەیەکی خەتەرە، بەڵام شەڕی گەورەی

دەوروبەریان دەیان گیروگرفتی تازەو تازەتری بۆ دروست دەکردن‌و بیری مەشغوڵ دەکردن، چونکە ئەوان سەرباز بوون.

جار جارە لە بەینی شەڕەکاندا دەرفەتی پشوویەك دەڕەخسا و هەمدیس گومان‌و دوو دڵی مێشك‌و گیانی سەرهەنگیان دادەگرت. دەهاتە سەر ئەوەی کە تیپەکە بەجێ بێڵێ‌و یەکڕاست بچی بۆ سەرکردایەتی سوپاو لەوێ لەگەڵ هاوڕێیاندا هەموو مەسەلەکان حەل‌و فەسڵ بکاو ئەو دژمنەی کە خۆی گەیاندۆتە ریزی سەرکردایەتی، کەشف بکا. ئاخر ئەمانەی کە چەکیان هەڵگرتووە چارەنووسی خۆیان بە وانە سپاردووە کە لە سەرکردایەتی سوپادا دانیشتوون. چارەنووسی ئەوانە لە ئارادایە. سیرگی بە خۆی دەگوت: "دەبێ بە هەر نرخێ بووە خۆت بگەیەنیتە وێندەر" بەڵام شەڕی تازە دەستی پێدەکردەوەو شەڕگەو شەڕ لەم بیرانەی دوور دەخستەوە.

**فەسڵی حەوتەم**

لەو کاتەوە کە کارانتی لە شەقامی ڤیافورتونا نیشتەجێ بوو، چەند گۆڕانێك لە ماڵەکەی مازلیدا رووی دا.

یەکەم، مازلی بۆ وەی دڵنیا بێ لە هەموو چەرمە سەرییەك گشت دیکتوفۆنەکانی خۆی لە نێو بردو ئیدی ئاگادارییەکی دروست‌و تەواوی لە کارەکانی کارانتی نەبوو، مەگەر جار جارێ کارانتی خۆی بە پێویستی زانیباو هەندێ شتی پێگوتبا. دووەم، هەرچەند مازلی هەوڵی دەدا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ، بەڵام هێشتاش چاری ناچار بوو دەبوایە لەبەر مەسڵەحەتی خۆی پەنا بەرێتە بەر کارانتی.

کاروبارەکانی دی وەکو خۆیان مانەوە. ئەو جاسوسانەی کە دەئختیاری کارانتیدا بوون هەم هەواڵ‌و زانارییان لەمەڕ پارتیزانەکان وهەم لە مەڕ ئەڵمانەکان بۆ کۆدەکردەوە. لە خانووەکەی مازلیدا وەکو جاران مشتەری شەوانیان قەبوڵ دەکردو ژووری موبێلەیان بە کرێ دەدانێ.

مازلی چاك دەیزانی کە کارانتی بۆ پێی ناڵێ "ئەم دوکانە دابخا". چونکە ئەگەر میوانیان رانەگرتبا، خەڵکی دەکەوتنە سۆراخ‌و تاقیبی ئەوەی کە بۆ میوان راناگیرێ! لەوانە بوو ئەو کەسانەی زانینی شوێنی کارانتییان مەبەست بوو، ئەم هەواڵە بژنەون. بە هەر حاڵ خانووەکە دەبووە مایەی گومان.

مازلی بڕیاری دا سوود لەم وەزع‌و حاڵە وەربگرێ. جارێك کە بۆ شێو خواردن هاتبووە ژوورەکەی کارانتی، بە خەمبارییەوە پێی راگەیاند کە بە تەمایە دام‌و دەزگاکەی وەپێچێ. مازلی

لەسەرگرتنی نەخشەکەی خۆی دڵنیا بوو. چونکە لای ئەسەح بوو کارانتی سوور دەبێ لەسەر هێشتنەوەی ئەم وەزعو حاڵە و هەقی خۆشیەتی. ئەوسا مازلی هەندێ شێرو ڕێوی دەگەڵ دەکاو پاشان "قانیع" دەبێو جارێکی دی دڵسۆزیو خۆشخزمەتی خۆی نیشان دەدات و تەنیا لەم ڕێگایەوە دەتوانێت متمانەی کارانتی بە دەست بێنێت و هەوڵجار ڕێگا بۆ دڵی و پاشان بۆ گیرفانی بکاتەوە.مازلی بە ئومێدی ئەوە بوو کە بەلای کەمەوە لەو پارە مۆڵانەی کە کرێچییە داهێنەرەکەی بە دەستی دێنا بەشێکی بچووکی بەر بکەوێت.مازلی بێ مەیل نەبوو کە بەیەکجارەکی خۆی ە شەڕی کارانتی ڕزگار بکات و هەر هەموو پارەکەی بۆ خۆی ببات.. بەڵام ئەمە کارێکی ترسناك بوو: ئەگەر سەری بڕێت، هەنگێ هەزارو یەك گرفتاری بۆ دێتە پێشێ..

کارانتی،گوێی لە قسەکانی مازلی گرت و جورعەیەك ویسکی خواردەوە، ئەوسا پەرداخەکەی لە کەنارێکەوە دانا:

– دای بخەیت؟ بەراستی ئەم کارە چ پێویستە؟

– بە خۆت دەزانی کە شەوان لێرەدا هەراو زەنا و غەڵبە غەڵب یەجگار زۆرە.

کارانتی بە وردی ڕوانییە مازلی:

– باشە تۆ کە تا ئیستا تەحەمولی ئەم هەراو زەنا و غەڵبەغەڵبەت کردووە، مانای وایە ئەمە بێزاری نەدەکردی؟

– بەڵێ، بەلام ئەوساکە تۆ لێرە نەبوویت. تۆ لەم شارەدا کەسێکی تازەیت، من لەسەرمە کە تۆ لە هەر جۆرە ڕووداو و وەیشوومەیەك بپارێزم.

کارانتی بە ئەسپایی گوتی:

– ئاەها! واتا تۆ خەمی منتە؟..لەم ڕووەوە زۆرت لێ مەمنوونم.

کارانتی، ڕاستەوخۆ چاوی بڕینە چاوانی مازلی و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد.مازلی بە دیتنی ئەم زەردەخەنەیە هەستی کرد کە پڕ بەدڵ حەزدەکات بەتڵێك لەسەر مێزەکە هەڵگرێت و بیکێشێت بە تەپڵی سەری کارانتیدا.

کارانتی بە هاوخەمییەوە پرسی:

– باشە ئەم کارە زەرەری بۆ گیرفانت نابێت؟

– ڕەنگە بیبێت.

– باشە تۆ ئامادەی ئەم فیداکاریە هەیت؟..سەیرە. باشە لەبەر چی من بوومەتە مایەی ئەم خۆشەویستی و لەتفەی تۆ...

مازلی ئاهێکی هەڵکێشا:

– ئاخر ڕاگرتنی ئەم ژوورانە بۆ من مایەی دەردی سەرە و بەبێ ئەم ژوورانەش کێشەم زۆرە.

کارانتی، لە جێی خۆی هەستا، بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ و پاشان ڕووی کردە مازلی و بە جدی گوتی:

– دەی چار چییە، پەرستگەکەت داخە!

مازلی،بەم وەڵامە چاوەروان نەکراوە گێژ بوو.هەرگیز چاوەروانی ئەم جۆرە وەڵامە نەبوو! مەگەر گلاراوی بوو کە ئەم باسەی کردەوە؟ ئەو کە دەیزانی سەروکاری دەگەڵ چ کەسێکدایە! ئیستا تیا مابوو کە چۆن خۆی لەم داوە رزگار بکات؟ تا درەنگ نەبووەو کار لە کار نەترازاوە پاشەکشە بکات؟ بەڵام لەم اڵەتە بە تەواوەتی خۆی کەشف دەکات. دام و دەزگاکەی دابخات؟ هەنگێ خراتر دەبێت. بڵێ سوعبەتی کردووە؟ ئەرێ سوعبەتێکی باشی کردووە

کارانتی بە زەردە خەنەوە دەیڕوانییە مازلی. مازلی هەر هەستاو بەرەو دەرگاکە چوو، بە خەمبارییەوە گوتی:

– بەڵێ... منیش بیر لەمە دەکەمەوە.

***

ئەگەر مازلی دەی بینی کە بنت چۆن لە دواوە سەیری دەکا، بە جارێ زراوی دەتۆقی.

بنت، مازلی بە کەسێکی خەتەر دەزانی و متمانەی پێی نەبوو. بنت ئەو کاتە گومانی لێ پەیدا کرد کە ئامادە بوو ئەو و شولتس بگەیەنێتە یەك. کە بنت لێی پرسی چۆن توانیویەتی ئەم دیدارە ساز بکا، مازلی کەوتە ملەجاوکێ.. هەڵبەتە بنت نەیدەزانی مازلی نۆکەری بۆ دوو ئاغا دەکا، بەڵام هەستی دەکرد کە ئەم ماستە موویەکی تێدایە... بنت لەمەش بێزار بوو کە مازلی سەر بە هەموو کونێکا دەکاو لە هەوڵ دەدا "هەندێ رازو نهێنی بۆ خۆی پاشەکەوت بکا"... "مامەڵەچی رازو نهێنیان". بنتی نوێنەری گەورەترین باندی جاسوسی باوەڕی وابوو کە شێوەی کارکردنی مازلی هەندێجار زبرو عەشایەریو زەقەو شتەکان زۆر ورد دەکاتەوە. ئەم دوا باسەی ئەو چ بایەخێکی هەیە! کێ دەزانێ مازلی چ ئایینو ئۆینێکی دی لەبن سەردایە؟... دەبێ هەموو دەققەیەك چاوەروانی فرۆ فێڵێکی لێ بکرێ. نە ، دیاربوو کە بە کەڵکی کاری گەورە نایەتو هەر لە بن دەستو پێی بنت دا دەخولێتەوە. شەریکێکی ترسناکە ، متمانەی پێناکرێ!.

تەقولوبابێکی تایبەتی کە پێشوەختە لەسەری رێك کەوتبوون، زنجیرەی بیرکردنەوەی بنت–ی پچڕان. زەلامێك خۆی وە ژوورا کرد، هاتنی ئەو زەلامە زۆر مەسەلەی بڕانەوە، یەکێك لەوانە مەسەلەی چارەنووسی مازلی بوو. زەلامەکە یەکێکی کەتەو چوار شانە بوو. تەمەنی راستەقینەی ئەگەر سێ ساڵێك بوایە. بەڵام عەینەکێکی قەدیمی لە چاو کرد بوو کە سیمای تەواو گۆڕی بوو و وەکو کەسێکی چل ساڵان دەهاتە بەرچاو. رەفتارو ئەتواری ورياو زیرەکانە یە، تواناو گورجو گۆڵی لێ دەباری. چاوەکانی ناشیرین بوون : هەر لە چاوی مرۆڤی فێڵبازو بێ عەقڵ دەچوون. بنت دوو دڵ بوو لەوەی ئەم زەلامە بتوانێ ئەو کارەی کە بۆی دانراوە، ئەنجام بدات.

کابرا کڵاوەکەی داکەند، قژە خاوەکەی بەسەر هەنیەی دا بەر بۆوە. کارانتی خوڵقی کرد کە دانیشێت. بە خۆیشی لەسەر کورسیەکی دەسکدار دانیشت.

کارانتی دەستی بە قسان کرد:

– پێشتر ئاگاداریان کردبووم کە تۆ دێی بۆ لای من تا هەندێ زانیاریت بدەمێ. چ زانیارییەکت مەبەستە؟

– هەرچییەك لەمەڕ پارتیزانەکان دەزانی.

–بەلاَم لەویَ زۆر شت دەزانی، بە تەمای کەی برۆی بۆ تیپ؟
– تا زووتر بیَ چاترە. پەلەم لیَدەکەن. تۆ خۆت دەزانی هیچ مامورێکی ئێمە لەوێندەر نەماوە.
– بەلَیَ... بە چ ناوێك بانگت بکەم؟
– ئەزدەنك. ئەزدەنکی رووت. پێویستە بەم ناوە رابێم.
– باش تەعلیمیان داوی؟
– بە تەمام تۆ دەرس‌و پەندم دا بدەی.
– لەم حاڵەتەدا ئاغای ئەزدەنك...

کارانتی قسەی بۆ ئەزدەنك دەکرد کە لە کویَ بە دووی پارتیزانەکاندا بگەڕیَ، چۆن تیپی سێیەمی پارتیزانەکان بە پێی دوا زانیاری گواستویانەتەوە بۆ لێرەوارو، دەبیَ چۆن لەگەلَ پارتیزانەکاندا رەفتار بکا. بە دەم ئەو قسانەوە بۆ نیو نەخت چاوی لە ئەزدەنك نەدەگواستەوە. کارانتی وای هەست دەکرد روخساری ئەزدەنك خێرا خێرا دەگۆڕیَو رێك دەلَیی لە نێو پارتیزانەکاندایە. کارانتی لە دلَی خۆیدا ئافەرینی کرد و گوتی: "چاك فێر بووە! مالَێکی چاکە! قوڕە خۆشەیەکە لەو گۆڕەی، چۆنیان بویَ وا دەردەچیَ... ئەم بابەتە مرۆڤە بۆ هەموو کارێك دەبیَو زۆر شتی لە دەست دیَ... هەلَبەتە زۆر عاقلَ نییە... هێشتا شەخسیەتێکی سەربەخۆی نییە.... بەلاَم قەیدی نییە، لەوە دەچیَ هەر کارێکی پیَ بسپێرن بە چاکی ئەنجامی بدات !".

ئەزدەنك، دەستە سڕێکی قەدکراوی لە بەڕکی دەرهێنا، عەینەکەکەی داکەندو کەوتە سڕینەوەی جامە ئارەق لیَ نیشتووەکانی.

زمانی کارانتی تێك ئالاَ، بێدەنگ بوو...

ئەم جاسوسە بە بیَ عەینەك سەروسیمایەکی دیکەی هەبوو. برۆکانی درێژ، چاوانی رەش، پێلَوی نەختیَ هەلَماساو... ئەگەر قژی بە سەر هەنیەیدا نەڕژابوایە، لەوە بوو لەگەلَ میخائیلۆدا لێت تێکچووبا... کارانتی دەستی خستە گیرفانی بە ئەسپایی بەسەر دەمانچەکەیدا هێنا. کارانتی چاوی لە بچوکترین رەفتاری ئەم زەلامە نەدەگواستەوە. بە دوو دلَییەوە لە جیَی خۆی هەستا. ئەزدەنکیش پیَ بە پێی ئەو هەستا، هەستی کرد رەنگی کارانتی تێکچووە، بە دوو دلَییەوە پرسی:

– چیتە ؟

کارانتی بە دەنگێکی نزم و تووڕە گوتی:

– تۆ ئەزدەنك نیت ؟

کابرا بە هێوری وەلاَمی دایەوە:

– بەلَیَ، من ئەزدەنك نیم.

کارانتی ئەوەندەی لە میخائیلۆ دەترسا لە هیچ شتێکی دی نەدەترسا!.تەنانەت لە جەنازەکەی میخائیلۆش دەترسا. وێڕای ئەوەی دلَنیا بوو کە بە دەستی خۆی میخائیلۆی کوشتووە ئەوجاش هەر دەترساو نەیدەزانی بۆ لە هەموو دەققەیەکدا چاوەڕێی میخائیلۆی تۆلَەستێن‌و بیَ بەزەیی بوو! ئێستاش سەرەڕای ئەوەی کە دەیزانی مەحالَە ئەم کابرایە میخائیلۆ

بێ، کەچی بێ ئیختیار دەسکی دەمانچەکەی دەگوشی‌و نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێ.
کارانتی هاواری کرد:
- تۆ کێی ؟
کابرا بێوەی خۆی شێلو بکا وەڵامی دایەوە:
- پێم گوتیت پێویستە بە ناوی شۆرەت و فامیلی ئەزدەنك ڕابێم. ئەوجا پرسی:
- حەز دەکەم بزانم لێرەدا کەسێك هەیە بتوانێ بەلەمی چارۆکەدار باژۆێ؟
ئەم رستەیە کلیلی نهێنی نێوانیان بوو. کارانتی دەستی لە دەمانچەکەی هەڵگرت‌و کەوی بۆوە.
ئەزدەنك بزەیەکی کرد. کارانتی بە متمانەیەکی پترەوە پێی گوت:
- دانیشە.
خۆیشی بە تەمەڵییەوە لەسەر کورسییەکی دەسکدار دانیشت.
لە پڕ ئەم بیرەی بە مێشکا هات کە زۆر بە ئاسانی دەکرێ ئەم کابرایە لە جێی میخائیلۆ دابنرێ‌و هەموو شاری تریست ئاگادار بکرێنەوە تا خەڵکی ناوچەکە بە چاوی خۆیان مەرگی ببینن‌و باوەڕ بە مردنەکەی بکەن‌و بەمجۆرە چاوی رەشی خەڵکی سادەی تریست و دەوروبەری تریست کاڵ ببێتەوە. ئەمە بیرێکی یەکجار ماقوڵ بوو.
- جا ئاغای ئەزدەنك گوێ بگرە. شتێك هەیە تا ئێستا بە کەسم نەوتووە... بەڵام بە تۆ... بەڵێ بە تۆی دەڵێم، بە مەرجێ بە وردی گوێ بگری.
ئەزدەنك گوێی قوت کردەوەو عەینەکەکەی کردە چاوی.
کارانتی چارەی گرژ کرد، دەتگوت عەینەکەکەی رێی قسەکردنی لێدەگرێ، گوتی:
- ئەو هینە لە چاوت دابکەنە.
ئەزدەنك دەبەنگانە عەینەکەکەی لە چاوی داکەند. کارانتی عەینەکەکەی لە دەستی وەرگرت‌و لەلایەکەوە داینا. لەم ماوە کورتەدا ئەوەی ساغ کردەوە کە چاوی عەینەکەکە شووشەی ئاساییە.
کارانتی پرسی:
- تاقیب کردنی میخائیلۆ بەشێکە لە کارەکانت؟
- بەڵێ.
کارانتی هەر لە سەر کورسییەکەوە کەمێ سەری هێنایە پێشێ:
- بەڵام دڵنیا بە کە میخائیلۆ نەماوە!
ئەزدەنك بەسەر سامی برۆکانی هەڵبڕین:
- باشە خۆ بە منیان گوت ماوە!
- ئەو زانیاریانە کۆنە، هۆیەکەشی ئەمەیە کە هێشتا ئەم هەواڵەم بە دۆستەکانی خۆمان رانەگەیاندووە.
ئەزدەنك بە نەباوەڕییەوە سەری لەقاند:

– ئەدی تەقینەوەکەی ڤیافورتونا چی بوو؟... ئەدی دیار نەمانی روسلینی؟... دەڵێن سکرتێرەکەی هەندێ نیشانەی داوە تەواو بەڵگەی ئەوەن کە میخائیلۆ روسلینی فڕنادووە! رەفتارو کردارو نیشانەکانی یارو هەمووی میخائیلۆیانە بووە!.

– باشە، لەوەیە زۆر کەس هەبن لە میخائیلۆ بچن! بەینی خۆمان بێ تۆ لەو دەچی. من بە چاوی خۆم دیتم کە چۆن گیانی دەرچوو!...

کارانتی کۆڵەمشتی گوشی:

– بەم دەستە کێردێکم لە نێو شانیا ختم کرد، دوای ئەمە لە نێو پارتیزانەکان هەڵاتم!...

کارانتی پشتی بە کورسییەکەوەداو روانییە ناو چاوی ئەزدەنك:

– ئێستا باوەڕ دەکەی؟

– باشە بۆ بە کەست نەگوتووە؟ ئاخر پارەیەکی زۆریان لە قەبێڵی سەری کردووە!

– ئاخر... بە چییا بیسەلمێنم میخائیلۆ مردووە؟ پارتیزانەکان سڕیان قایمە، نەك هەر مردنەکەیان شاردوتەوە، بەڵکو ئەوەتا بەچاوی خۆت دەبینی لە تریستدا درێژە بەکاری خراپکاری دەدەن! چاوت لێیە! تەنانەت تۆش لە دروستی قسەکانم دوو دڵ بووی!.

کارانتی هەستایە سەر پێ، هاتە لای ئەزدەنکەوە و دەستی خستە سەر شانی:

– بەڵێ (٢٥٠) هەزار مارك پارەیەکی کەم نییە، بکەوێتە دەستی پیاوی عاقڵ دەتوانێ زۆر کاری پێ هەڵسوڕێنێ.

ئەزدەنك بە سەرسامی پرسی:

– دووسەدو پەنجا هەزاری چی! ئەڵمانیەکان زیادیان کردووە، کردویانە بە دوو ئەوەندە!

– هاوکاری ئازیز، من ئامادەم لەگەڵ تۆدا برابەش بەشی بکەم.

ئەزدەنك هەڵچوو، دەسکی کورسییەکەی توند گوشی:

– مەبەستت لەم فەرمایشتە چییە؟

– تۆ قەت لە نمایشی ئاماتوردا بەشداریت کردووە؟

– نەخێر.

– باشتر، یانی هێشتا زەوق و سەلیقەت تێکنەچووە. دەتوانی بۆ ماوەی رۆژێك ببی بە میخائیلۆ؟ بە شەرەفم زۆر لەو دەچی. ئاخر من میخائیلۆم لە نزیکەوە دەناسی، ئێستاش هەرچی سەیری تۆ دەکەم ئەوم دێتەوە بەرچاو، هەر دەڵێی دوو لەتی یەك سێون.

ئەزدەنك بێوەی چاو لە کارانتی بگوازێتەوە، بە شپرزەییەوە پرسی:

– یانی دەبێ چکارێ بکەم؟

– بە کورتی من کارەکان دەکەم. تۆ تەنیا ئەوەت لەسەرە دەستورەکانی من ئەنجام بدەی و چیم پێ وتیت بە قسەم بکەی.

– باشە تۆ بە تەمای چی بکەیت ؟

– تەسلیمت دەکەم.

ئەزدەنك بە زەحمەت هەناسەیەکی دا، ویستی ئیعتراز بگرێت، بەڵام نەیکردو پرسی:

– چۆن ئەم کارە دەکەی؟

– زۆر بە ئاسانی، لە جێیەکەوە... گریمان لە کەنار دەریاوە رەت دەبی. من پێت دەزانمو خەبەر دەدەمە نازییەکان. بۆ ئەوەی شتەکە زیاتر بچێتە عەقڵەوە،تۆ زەلامێ دەکوژیت. ئەوجا دێن دەتگرن.

ئەزدەنك بەرە بەرە دەورەکەی خۆی بۆ روون دەبۆوە، ژارخەنێکی کردو گوتی:

– زەحمەتە میخائیلۆ بەم ئاسانییە بکەویتە داوەوە!

– من دەستەیەك لەگەڵ خۆدا دێنم. ئەم کارە دڵت ڕەحەت دەکا؟

– یانی پێویستە تەقە لە نازیانیش بکەم؟

کارانتی دیسان لەسەر کورسییەکە دانیشتو قامکەکانی بەسەر مێزەکەدا دەدا:

– دیارە بەخۆت دەزانی ئەم کارەی ئێمە بە تەماین، خەتەری گەورەشی لە دووە.

– تا ئیستاجگە لە خەتەر چ شتێکی دی لەم کارەدا نابینم!

– باشە، ئێستا قەناعەتت پێدەکەم کە ئەم نەخشەیە سەر دەگرێ. بەڵام ئەوەندە هەیە ئەنجامدانەکەی ئەعسابی پۆڵایینی گەرەکە.

ئەزدەنك بە خۆپەسەندی یەوە بزەیەکی کرد:

– ئەعسابم بێ عەیبە!

– باوەڕ دەکەم. کەواتە ئێستا وای دادەنەین کە لە گۆشتاپۆ دای.

ئەزدەنك هێند بە وردی گوێی لە کارانتی دەگرت کە تاقە حەرفێکی لێ رەت نەدەبوو.

–تۆ هەندێ شتت لە منەوە دەربارەی تیپی سێیەمی پارتیزانیزانیوە و ئێستاش زانیاری پترت دەربارەی هەر پارتیزانێك دەخەمە بەردەست کە کێیە، لە کوێوە هاتووەو خوو و تەبیعەتی چۆنە. نازییەکان دەیانەوێ بە زەبری ئەشکەنجە ئیعترافت پێبکەنو مەعلوماتت لێدەربێنن. تۆش وا دەنوێنی کە هەموو شتێك بڕاوەتەوەو گەمەکەت دۆڕاندووەو ئامادەی هەموو شتێکیان وەکو هێلکەی پاکراو بخەیە بەر دەست. کە مەعلوماتەکە لە تۆ وەردەگرن، بۆ منی دەنێرن تا تەحقیقی تیا بکەم، ئەوسا منیش بێ سێو دوو مەعلوماتەکانی تۆ دەسەلمێنم...

– تا ئێرە هەموو شتێك دروستو ماقوڵە... بەڵام زۆر دوورە ئەڵمانییەکان ئەوەیان بچێتە عەقڵەوە کە میخائیلۆ ترسنۆکی بنوێنێو...

– من بۆیان دەسەڵمێنم کە هیچ شتێك مەحاڵ نییە. بە هەرحاڵ نایەڵم ئەشکەنجەت بدەن. پاشان چی دەبێ!... کە دڵنیا بوون میخائیلۆیان گرتووە ئیدی حوکمی ئیعدامی دەردەکەن...

کارانتی بە وردی سەرنجی ئەزدەنکی دا، تاقە ماسولکەیەکی دەموچاوی ئەم سیخوڕە، ئەزدەنك نەبزوا. کارانتی ئەمەی پێخۆش بوو.

– لە مەیدانی شەقامێکی شاردا سێدارەیەك هەڵدەخەنو ئەوجا نازییەکان دانیشتووان دێننە وێندەر تا بە چاوی خۆیان ئیعدام کردنی میخائیلۆی خۆشەویستیان ببینن. بەڵام ئیعدام کردنەکە جێبەجێ ناکرێ، هەرکە حوکمەکەیان خوێندەوە، ئەفسەرێکی "S.S" بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە وێندەر و پێیان رادەگەیەنێ کە فەرمانێك هاتووەو دەبێ میخائیلیۆ بە زیندوێتی

بنێردرێ بۆ ئەڵمانیا. ئەوجا دیسان تۆ دەگەڕێننەوە بۆ گۆشتاپۆ... ئیدی لەوێوە دەتهێنمە نك خۆ.

– پاشان... ئاخر دەبێ برۆم بۆ ناو پارتیزانەکان.

– خەمت نەبێ، بە خۆم مشووری هەموو ئەو شتانە دەخۆم.

لە پڕ بروسکەیەکی دوو دڵی لە چاوانی ئەزدەنکدا بلاَچەی دا:

– ئەدی ئەگەر نەخشەکەت سەری نەگرت؟ نازییەکان ئیعدامیان کردم؟

کارانتی بزەیەکی کرد:

– هاوکاری ئازیز، ئەمە مەحاڵە، وا دیارە ئەعسابە پۆڵایینەکەت خەریکە سست دەبێ..

ئەزدەنك سەرێکی لەقاند:

– ئەمە ئەعساب نییە، ئەمە عەقڵی ساغڵەمە.

– باشە، وەرە با پێکەوە گوێ لە بانگەوازی عەقڵ بگرین. دیارە چاك دەزانی ئەگەر من پێوەندی قوڵم لەگەڵ نازییەکاندا نەبایە نەمدەتوانی ئەم هەموو ماوەیە لەم شارەدا هەڵبکەوم؟

– وایە...

– ئەوەش دەزانی زۆربەی ئەو عەمەلیاتانەی دژی پارتیزانەکان دەکرین من بە دەستی نازییەکان ئەنجامی دەدەم.

ئەزدەنك سەرێکی لەقاندو ئەمەشی سەلماند.

– لە هەر هەموو ئەمانەش گرینگتر ئەوەیە کە شولتسی سەرۆکی گشتاپۆی ئەم ناوچەیە ئەڵقەیەو لە پەنجەی مندایە! هیچ داوایەکی من ڕەت ناکاتەوە! بۆ نموونە دەتوانم پێی بڵێم کە دایەرەی جاسوسی ئێمە پێویستی بە تۆیە. لێم ئەسەحە ئەم کارەم بۆ دەکا.

هەرچەند ئەزدەنك هێشتا دوو دڵ بوو، بەڵام کارانتی هەستی دەکرد توانیویەتی قەناعەتی پێ بکا.

ئەزدەنك نیگایەکی کارانتی کردو پرسی:

– پرسیارێکی دی، دوا پرسیار، چۆن دڵنیام دەکەی کە نامدەیە دەستی چارەنووسەوە؟ چی لە تۆیە، لە سێدارەم دەدەن، بابیدەن!

کارانتی واینواند کە ئەم پرسیارە تەواو ڕەنجاندی، گوتی:

– ئەگەر لەوەبام دەستت بپرم هەر لەم ژوورەدا دەمکوشتیت و جەنازەکەتم لە بری جەنازەی میخائیلۆ تەسلیم دەکردو دەبڕایەوە. یانی کوشتنی تۆ بۆ من کارێکی زەحمەتە؟ دڵنیام تۆش لەم بوارەدا کابرایەکی بێ تەجرەبە نیت. بەڵام بۆیە نایەڵم هیچت بەسەر بێ چونکە مەسئولی گیانی تۆم.

کارانتی بەئارمی ئەوەی لە ئەزدەنك گەیاند کە لە ژێر دەستیایەو ئەگەر ویستبای بیکوژێ و هەر بە بیانووی ئەوەوە کە میخائیلۆیەو هاتووە تۆڵەی لێبکاتەوە، دەیکوشت. هەروەها کارانتی دەیتوانی لە هەمان کاتدا مازلی تاوانبار بکا کە گوایە یارمەتی خەفیی پارتیزانەکانی داوەو ڕێی داوە میخائیلۆ بچێتە ژوورەکەی ئەوو بەم بیانووە مازلی لە نێو بەرێ. کارانتی پوختەی بیرەکانی

خۆی خستە بەردەست، دەیگوت ئەو مەسئولی گیانی ئەزدەنکەو بۆ وەی خەڵاتەکە حەڵاڵ بکەن دەبێ دوو بە دوو ئەم کۆمیدیای گرتنی میخائیلۆیە ڕێکبخەن.

– بەزاتی خوا تۆ کابرایەکی زۆر ساویلکەی! ئاخر ئەگەر تۆ لە سێدارە بدەن پاشان لێم ناپرسنەوە کوا ئەو ئەزدەنکەی بۆ لامان ناردیت؟ سەری من زامنی گیانی تۆیە! چارەنووسی من و تۆ پێکەوە بەستراوە! ئێستا چ دەڵێی؟ ڕازیت؟

کارانتی توانی گومان و ڕاڕایی ئەزدەنك بسڕێتەوە. ئەزدەنك قەناعەتی بە خۆی کرد کە پارە لە هەموو مەیدانێکا شت نییە، چونکە ٢٥٠ هەزار مارك بۆ بابایەکی گەورەو موعتەبەری وەکو چارلزبنت چ نییە، بەڵکو مەسەلەکە بۆ ئەو پتر بایەخی سیاسیی هەیە: کارانتی دەیەوێ باوەڕی خەڵکی ناوچەکە لەق بکاو ئەفسانەی داستانی میخائیلۆ بەتاڵ بکاتەوە. بەڵام بۆ گوێ بە وەرگرتنی خەڵاتەکە نادات، لە کاتێکا پارەیەکی زۆرەو بە خۆڕایی هەڵڕێژراوەتە ئەو گۆڕەو هەر ئەوەندە ماوە هەڵبگیرێتەوەو بیخاتە تەنکەی باخەڵی!

ئەزدەنك شل بوو، کارانتی پێشنیازی کرد هەر لەوێدا پرۆڤەیەکی ئەو تەحقیق و تەحقیق کارییە بکەن کە پاشان لە گۆشتاپۆدا دەکرێ. پرۆڤەکەیان کرد. کارانتی بە شادییەوە گوتی:

– زۆر چاکە، ئافەرین! دەبێ لە گۆشتاپۆدا بەم جۆرە ڕەفتار بکەی!

ئەزدەنك پرسی:

– کەی دەست پێ بکەین؟

– هەر ئێستا. دوا خستنی خەتەرە. لەوەیە یەکێك بت بینێ.

ئەزدەنك هەستایە سەر پێ، چارەو ڕووی یەکپارچە ئامادەیی بوو.

– لە چی یەوە دەست پێبکەین ؟

– یەکەم دەبێ تەسریحەی قژت بگۆڕی. قژت شێواوە، بزانە بە کرێم چاك نابێ... قژت بە پشتا شانە بکە دەبێ نێو چەوانت بە دەرەوە بێ. گەرماوەکە هەموو شتێکی لێیە. ئەوجا مازلی دەستە جلکێکی سوپایی ئەڵمانیت بۆ ئامادە دەکا. میخائیلۆ حەزی لەوەیە بە جلی سوپاییەوە بێ بۆ تریست. ئەرێ چەکەکەت چییە؟

– پەڕە بێڵە.

– خراپ نییە... سێیەم ئەوەیە کە من بە ئاغای مازلی دەڵێم بتبا بۆ بەندەرو پێی دەڵێم کارت بە کەشتییە جەنگییەکانی ئەڵمان هەیەو تاقیبیان دەکا. ئەو نازانێ تۆیان بۆچی بۆ لای من ناردووە

– ئەدی ئەگەر تووشی پاسەوانانی ئەڵمانی ببین و فریا نەکەوم کابرای پیرەمێرد بکوژم؟

– مادامێکی لەگەڵ مازلیدایت خەمی هیچت نەبێ .کەس بەلای ئەودا نایەو هەقی بە سەرییەوە نییە.

– ئەدی چ وەختێ تەقە بکەم؟

– بە بیانووی تەماشاکردنی بەندەرەوە لە شار دەردەچن و دەڕۆن بۆ بەرزاییەکانی بەندەر... من لەوێ دەتدۆزمەوە، هەرکە گوێت لە دەنگی پێی من بوو تەقە بکە.

ئەزدەنك گوتی:

– تەواو بڕۆم بۆ ژووری گەرماوەکە؟

– ئا، فەرموو من دەچم بە دووی مازلی دا.

پاش نیو سەعاتێك ئەزدەنك بە جلی ئەفسەری ئەڵمانییەوە بەگەڵ مازلی کەوتبوو و بە شەقامە چۆڵ‌و دوورەکانی تریست داتێدەپەڕی .

پیرەمێرد (مازلی) بەزەحمەت پێ بە پێی ئەو دەردەچوو. مازلی بۆوەی لەم جاسوسە دوا نەکەوێ ناچار بوو بکەوێتە بزنە لۆقە. ئەزدەنك بە درێژایی ڕێگا ورتەی لێوە نەهات، کەمو زۆر ئاوڕی لە مازلی نەدایەوە. لەو دەمەوە کارانتی هاتۆتە خانووەکەی چ کەسێك ئاوڕی لێ ناداتەوە. ئاه کە حەزی دەکرد ئەم کارانتی یە بفەوتێنێ‌و ڕێگای خۆی تەخت بکا!

ئەزدەنك بەدەم ڕێوە گوتی:

– خێراکە ئاغا، پێ هەڵگرە درەنگە.

مازلی کە هەناسەی سوار بووبوو بە هانکە هانکەوە گوتی:

– باوم نەماوە، ئیدی لەو تەمەنەدا نەماوم بەم شەقام‌و بەو شەقامەدا فڕکەم بێ.

وێڕای ئەمەش پێی هەڵگرت.

بەشی بەندەری شار چۆڵ‌و هۆڵ بوو. تەنیا لە پاڵ ئەو ئەسکەلە بەردینەدا کە کەشتییە جەنگییەکان لەوێ ڕوو لە کەنارەکە لەنگەریان گرتبوو، حەرەس‌و دەورێکان بە ئەسپایی‌و خاوی دەهاتن‌و دەچوون. لە پڕ زەلامێکی مەدەنی لە دەوروبەری ئەسکەلەکەوە پەیدا بوو. کابرای مەدەنی لە دەورێیەکان نزیك بووەوەو بە زمانێکی خۆمانی پرسی:

–چۆنن کوڕینە، کاروبارتان چۆنە؟

ئەڵمانییەکی کەڵەگەت وەڵامی دایەوە:

– خراپ نین، تەقینەوەوشت لە ئارادا نییەو هەواکەشی خۆشە...

بایەکی گەرم لە سەر دەریاوە هەڵیکرد.

کابرای مەدەنی تەماشایەکی دەوروبەری کردو لە پڕ سیمایەکی جدیانەی گرتە خۆو گوتی:

– ئەرێ کوڕینەمن ئێستا دوو کەسی غەوارەو گومانلێکراوم لە کەنارەکەدا بینی. هەقە بیانگرن.

ئەڵمانییە کەڵەگەتەکە بە تەوسێکەوە گوتی:

– جا چییە، شار پڕە لە خەڵکی غەوارەو گومان لێکراو.!

کابرای مەدەنی گوتی:

– من دەزانم چ دەڵێم! دەبێ بگیرێن. پێدەچێ پاروویەکی چەور بن!

ئەم کابرا مەدەنییە کارانتی بوو. ئەو کارتە نارنجییەی کە لە شولتسی وەرگرتبوو (کارتی گۆشتاپو بوو) لە بەرکی دەرهێناو دایە دەست کابرایەکی دەموچاو کونجی ئەڵمانییەوە کە لەسەر دەستەی دەورێکان دەچوو. ئەڵمانییەکان دەست بەجێ ئامادە وەستان، ئەڵمانییە کونجەکە پرسی:

– کوان ئەو دوو غەوارەیە، لە کوێن؟

– وەرن من دەتانبەم بۆ لایان.

... کاتێ ئەزدەنك و مازلی بە گردێکی ئەولای بەندەرا هەڵدەگەڕان، مازلی دیمەنێکی زۆر گوناحی هەبوو. مازلی لە بەرەوە دەڕۆیی. جار جارێ دەخزیو پاشەو پاش دەکشایەوە، ئەزدەنك لە دواوە دەڵەکی دەدا. مازلی سەرەنجام راوەستاو بە هانکە هانك گوتی:

– ئەوە ناکرێ تۆ بە تەنیا سەرکەوی و من لێرە چاوەڕوانت بکەم؟

ئەزدەنك بەگرژو مۆنییەوە گوتی:

– نەخێر،ئاغا من پێویستم بە رێنوێنی تۆ هەیە.

مازلی دووبارە دەستی بە سەرکەوتن کردەوە. لەم کاتەدا لە خوار گردەکەوە دەنگی پێی چەند کەسێك هات. ئەزدەنك هەرکە گوێی لە دەنگی پێ بوو پەڕەبێڵەکەی لە گیرفانی دەرهێناو بە کاوەخۆ سواری کردو دوو فیشەکی نا بە پشتە ملی مازلییەوە. مازلی گەرماو گەرم هەنگاوێکی دی بەرەو ترۆپکی گردەکە ناو ئەوجا بۆ لەحزەیەك وەستا، دەتگوت بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاخۆ هەڵێنانی یەك هەنگاوی دی دادی دەدا یا نا! ئەوجا لەسەر عاردەکە پان بووە.

ئەزدەنك هەڵی کوتایە سەر لاشەکەی و هەر بۆ دڵنیایی چەند گوللەیەکی دی لە جەنازەکەیدا خاڵی کردەوە. دەورێ تایبەتییەکانی کەنارەکە خێرا خۆیان گەیاندە وێندەر. ئەزدەنك گوێی لێ بوو کارانتی یەك بە خۆی هاواری دەکرد: "بیگرن!" ئەزدەنك ئاوڕێکی بۆ لای دەنگەکە دایەوەو کارانتی بینی. ئەزدەنك خۆی تورە کردو درێژەی بە گەمەکەداو تا توانی تفێکی کردە چارەی کارانتیو گوتی:

– ئا! ئێستا بۆم دەرکەوت کێ خاینە!

کارەکە دەقاو دەق بە پێی نەخشەکە ئەنجام دەدرا. کارانتی تۆزێ بە تفەکە قەڵس بوو، چونکە ئەم تف کردنە لە نەخشەکەدا نەبوو و ئەزدەنك پێی لە بەرەی خۆی درێژتر کرد بوو.

ئەزدەنك،دەیویست تەقەی دی بکا، بەڵام بۆی دەرکەوت کە یەدەکی پەڕە بێڵەکەیخاڵییە. ئەوجا بە نا ئومێدییەوە دەمانچەکەی بەرەو ئەو سەربازە تۆڕدا کە دەیویست بیگرێ. پیرە پەڕە بێڵ راست بەر کەپوی سەربازەکە کەوت، سەربازی بێ ئاگا لە هەموو شتێ، ناڵاندی و بە دەما کەوت. لەم کاتەدا سەربازێکی دی خۆی گەیاندە ئەزدەنكو تا توانی قۆناخە تفەنگێکی بە سەریا کێشا. ئەزدەنك ئاخێکی کردو سەری خستە نێو هەردوو دەستی... لە دڵی خۆیدا گوتی: "قەیدی نییە. کارانتی بە چاکی دەوری خۆی دەبینێو دەزانێ چ دەکا... بەڵام لاسایی کردنەوەی میخائیلۆ کارێکی ئەستەمە".

کارانتی لە گۆشتاپۆدا گوتی کە کابرای گیراوی ناسیوەتەوەو ئەم کابرایە میخائیلۆیە. لەگەڵ شولتسدا رێك کەوت کە شولتس مەلەڤ تەحقیقەکەی ئەزدەنکی بۆ بێنێ. بە پەلە ئەزدەنکیان بە هۆش هێناوە. ئەزدەنك بە موو لە تەگبیرەکانی کارانتی لای نەدا، چی فێر کرد بوو، موو بە موو جێبەجێی کرد.

میخائیلۆی ساختە، بێزار لە شەڕو خوێن رشتن، بەئاگا هاتۆتەوەو دەزانێ پارتیزانەکان زۆریان بە بەرەوە نەماوەو بەرگری لەوەش زیاتر بێهودەیە. ئیدی هەرچی لە هەگبەکەیدا بوو بۆ نازییەکانی هەڵڕشت.

له ههمان كات دا وهكو قارهمانێك كه دانی به بهزیووی خۆیدا نابیٚ رهفتاری دهكرد نهك وهكو خاینان.

رهفتارو ئهتواری ئهزدهنك نازییهكانی خسته گومانهوه: ههرگیز پێشبینی ئهمهیان له میخائیلۆ نهدهكرد. شولتس-ش كه هاتبووه نك كارانتی له قسه كردنا زۆر به پارێزبوو.

كارانتی سهیری قسهكانی ئهزدهنكی كرد، ئهوجا بهدڵنیاییهوه رایگهیاند كه ههر ههموو قسهكان دروست لهگهڵ واقیعهكهدا جووتن.

شولتس لیٚی پرسی:

– ئاغای كارانتی، تۆ دڵنیای ئهم پیاوه ههمان میخائیلۆی به ناوبانگه؟

كارانتی بهدهنگێكی ههڕهشه ئامێزهوه گوتی:

– یانی چی، وا دهزانیٚ كڵاوتان دهكهمه سهر؟

– ئاه. نهء ... بهڵام بنیادهم له سههو بهدهر نییه.

– تۆ خۆت چاك دهزانی من ناتوانم سههو بكهم!... من میخائیلۆ چاك دهناسم. ئهم كابرایه میخائیلۆیه.

شولتس به نه باوهڕییهوه سهرێكی لهقاندو گوتی:

– قهت تهسهورم نهدهكرد میخائیلۆ بهم شێوهیه بیٚ. له ههمووی سهیرتر ئهمهیه كه نوقلانهی ئاشبهتاڵ بۆ پارتیزانهكان لیٚدهدا... كهیش؟ ئیٚستا! كه سوپای روس له جهبههی رۆژههڵات لیٚكدا لیٚكدا پێشڕهوی دهكاو سهركهوتن به دهست دیٚنیٚت!...

شولتس له پڕ وهكو یهكێك قسهیهكی خراپی كردبیٚ، بای دایهوهو لهسهری رۆیی:– ههڵبهته پێشڕهوی كاتیم مهبهسته، بیٚگومان لووتی روسهكان دهشكیٚنین‌و راویان دهنهینهوه...

– باشه بۆ پیٚت وایه میخائیلۆ ئهمه نهزانیٚ؟

– چونكه رووسهكان به گشتی متهعهسبن... به تهعهسوبهوه دهجهنگن. میخائیلۆش نهدهبوو بهم هاسانییهو به زندوویهتی تهسلیمی ئیٚمه ببیٚ...

شولتس كهمیٚك بیٚدهنگ بوو و گوتی:– تۆ تهمهشای چاوهكانی بكه. ئهم چاوانه هی ئهو قارهمانه نین، بهڵكو چاوی پیاوێكی جینایهتكارن!.

كارانتی بزهیهكی كرد:

– ئهدی میخائیلۆ چییه! یانی بهڕای تۆ جینایهتكار نییه؟

– با... جینایهتكاره.

– ئاخر ههر بۆیه تۆ خۆشیت به چاویا نایهت.

– بهڵام من دهتوانم واقیعبین بم...

كارانتی قسهكهی بڕی:

– نهخیٚر، تۆ ناتهویٚ واقیعبین بی! ئهو تهنیا لهدڵی خهڵكی رهشو رووتی شارا قارهمانهو چاوانی رهش‌و جوانن...

گفتوگۆیەکەی شولتس و بنت پتر لە چەنەبازییەکەی بێهودە دەچوو: بنت دەیویست کاڵای کۆن بە نرخی تازە بە سەرۆکی گۆشتاپو بفرۆشێت و سەرۆکی گۆشتاپوش دوو دڵ بوو: ئایا ئەم کاڵایە بارتەقای ئەو پارە زۆرەیە کە ئەڵمانەکان بۆیان تەرخان کردووە،پارەکەی بداتیٚ! یا ئاقڵانەترین کار ئەمەیە کە خۆی لێبدزێتەوەو چاوپۆشی لێبکات..

شولتس جگەرەیەکی دایە بنت و یەکێکی بۆ خۆی داگیرساندو گوتی:

– شتێکی دیکەش هەیە من سەری لێدەرناکەم: مازلی چۆن میخائیلۆی دیوە؟

– مازلی؟...

– بەڵێ، مازلی... ئاخر بۆیە سەری لێدەرناکەم، چونکە مازلی... بەڵێ... جاسوسی خۆمان بوو.

کارانتی بێوەی چ سەرسامییەك دەربڕێ گوتی:

– باشە ئەمەتان لە کابرای زیندانی نەپرسی، چ وەڵامێکی دانەوە؟

– وەڵامێکی سەیری دایەوە... گوایە پارتیزانەکان لە ڕێگای ئەوەوە مەعلوماتیان بۆ چووە...

– باشە ئەم وەڵامە بۆ سەیرە ؟

– سەیرییەکەی ئەمەیە کە مازلی ڕەحمەتی کاری بۆ پارتیزانەکان نەدەکرد...

– تۆ دڵنیای کە مازلی کاری بۆ پارتیزانەکان نەدەکرد!

– زۆریش دڵنیام

– چۆن؟

– مازلی پارتیزانەکان و خەڵکانی سەر بەوانی بۆ ئێمە دەست نیشان دەکرد.

– پارتیزانەکان بەمەیان دەزانی؟

– بەمەی کە گوشتاپۆ پیاوی ئەوانی گرتووە؟

– نەء ، بەمەی مازلی لە تریستدا مامورانی ئەوانی بە دەستەوە دەدا؟

– نازانم.

– کەواتە: ئەگەر پارتیزانەکان بیانزانیبا مازلی پیاوەکانی ئەوان بە گرت دەدا زووتر لە نێویان دەبرد...بەڵام تۆ ڕاوەستە... وەك بڵێی سەرەداوێکی باشمان کەوتۆتە دەست... بەڵێ وایە، دیارە پارتیزانەکان زانیویانە مازلی دوو سەرەیە، بۆیە بڕیاریان داوە لە نێوی بەرن. خۆت چاك دەزانی ئەوان چ ڕەفتاریٚ لەگەڵ خاینان دەکەن.

– ببورە یان تۆ بەڕاستی وا بیردەکەیەوە کە مازلی لە پەنای منەوە هاوکاری لەگەڵ پارتیزانەکاندا کردووە ؟

– جا بۆ نەء ؟... دیارە پیرەمێرد زۆر بە نهێنی و شارەزایی کاری خۆی کردووە...

– شەیتان بەنەحلەت بیٚ! تۆ سەبرکە بزانم. باشە مازلی دەیزانی پارتیزانەکان تاقیبی تۆ دەکەن؟.

– دوور نییە زانیبێتی.

– باشە ئەگەر وا بووبیٚ بۆ بە پارتیزانەکانی نەگوتووە کە تۆ لە ماڵەکەی ئەودای؟

– نازانم... بەڵام خۆ مەعلومە. چونکە ئەو راستەوخۆ مەسئولی پاراستنی گیانی من بوو. خۆ بۆ ئێمەش کاری دەکرد.

– تۆ هەستت دەکرد پێوەندی بە پارتیزانەکانەوە هەبیٚ؟

– هەڵبەتە وەکو مەزەندە. بەڵام کابرا خوای ڕێگومکیٚ بوو.

شولتس لە فکران راچوو. بەڵگەو هەنجەتەکانی کارانتی قەناعەت بەخش بوون. قابیلە کارانتی هەڵیان بخەڵەتێنیٚ! چما هەر کارانتی نەبوو کە مارتاکوبیل و نیکولیچ و ژمارەیەکی زۆری تری ماموری پارتیزانەکانی بۆدین کەشف کر؟

کارانتی جاسوسێکی بە تەجرەبەیە، جێی باوەڕو متمانەیە. دەبیٚ قسە لە میخائیلۆ دەربهێنریٚو کە بۆ مازلی کوشتوە؟ تا ئێستا شتێکی ئاشکراو روونی لەم بارەیەوە نەگوتووە.

شولتس شانی هەڵتەکاندن:

– بەڵیٚ...هەر هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی گوماناویتێکدەکەنەوە!

– باشە بۆ بەم مەسەلەیە قەڵس دەبی ؟

– بۆ؟ دەزانی من لەم شارەدا تەحقیقم لە زۆر کەس کردووە، بەڵام ئەشکەنجەش نەی دەبەزاندن‌و ناوی هاوکارەکانی خۆیان نەدەدا، قوڕو قەپ هەرچییەکیان پیٚ بوو لەگەڵ خۆیان دەیانبردە ژێر گڵەوە. خۆ میخائیلۆ بە حیساب هەرە ئازاکەیان بوو، کەچی وا تلیساوەتەوە هەرچییەکی هەبوو و نەبوو بەجاریٚ بۆی هەڵڕشتین.

کارانتی هێدی هێدی بە نێو لەپی دەیکێشا بە کورسییەکەی خۆیدا، بە کاوەخۆی گوتی:

– ئەو دەمەی من لە نێو پارتیزانەکان بووم بە زۆری ئەم پەندەیان دەگوتەوە: "ترسنۆك بە چوار چاو دەبینیٚ!" ئێستاش کە دەبیستم ئەم هەموو ستایشەی میخائیلۆ دەکەیت ، ئەو پەندەم بیر دەکەوێتەوە.تۆ بۆ ئەوەندە لەو میخائیلۆیە دەترسیت؟ گەیاندوتەتە ریزی قارەمانە ئەفسانەییەکان. هەموو کارەکەی ئەوەندە بووە بە دزییەوە خۆی گەیاندۆتە مەقەڕێکی ئەڵمانەکان‌و دینامیتی ناوەتەوەو وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە.

کە هەندیٚ سەرکەوتنی بە دەست هێناوە تەنیا بە حوکمی ئازایەتی نەبووە، بەڵکو بە حوکمی ئەوەش بووە کە ئێوە خراپ کار دەکەن. تۆ زۆر زلی دەکەی‌و لە منت کردووە بە قارەمانی بیٚ هاوتا. خۆ مەعلومە ئەم بابەتە کەسانە هەر ئەوەندەیان زەحمەتە تاقە جارێك سەر نەکەون ئیدی ورە بەر دەدەن‌و دەتلیسێنەوە. با ئەوەش بڵێم ئێوە لە خودی ئەو نەترساون، بەڵکو تەقینەوەو تەخریبکارییەکانی ناو تریست ئێوەی تۆقاندووە. تۆ دەڵێی روسەکان سەرسەختن ؟ وایە، بەڵام خۆ هەموویان وا نین. یانی بۆ نابیٚ میخائیلۆ دان بە بێهودەیی خەباتی ئایندەدا بنیٚ؟ ...

ئەوان لە سوپای رووس دابڕاون. لە نێو سوپای پارتیزانیدا دوژمنیان کەم نییە، بۆیە دەبیٚ شەڕی دوو جەبهە بکەن، دیارە ئەم کارە دژوارە بڕشت‌و هێزیان لەبەر دەبڕیٚ.

– بەڵام ئەو لای ئەسەحە کە لە سێدارە دەدریٚ.

– ئێستا وای لێهاتووه له سێداره بدرێ‌و نه‌درێ به‌لایه‌وه وه‌کو یه‌که. به کورتی چۆنتان پێ خۆشه وای له‌گه‌ڵ بکه‌ن. به‌سه چه‌ناگه‌م شل بوو هێنده‌ت بۆ بڕێسم، دیاره قه‌ناعه‌ت به قسه‌کانی من ناکه‌ی.

شولتس هه‌ستا. چ ده‌کرێ، کارانتیش تا ڕاده‌یه‌ك هه‌قیه‌تی. باشه ئه‌وان ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ی میخائیلۆیان له ڕاده‌به‌ده‌ر وا زل نه‌کردووه؟... ئه‌مه‌ش هه‌ر ڕاسته که گۆشتاپو تا ئێستا کاره‌کانی ڕێك‌و پێك نه‌بووه.

به‌ڵام ئه‌وه‌ی له‌لای شولتس عه‌یانه ئه‌مه‌یه ده‌توانێ بیسه‌لمێنێ که پیاوانی گوشتاپو ده‌سته‌وئه‌ژنۆ دانه‌نیشتوون. ئه‌وجاش له سێداره‌دانی ئه‌م کابرایه، ئه‌گه‌ر میخائیلۆ بێ یان ئه‌و نه‌بێ چ زیانێك له شولتس ده‌دا.

به پێچه‌وانه‌وه شولتس ده‌توانێ به ئیعدام کردنی ئه‌و وره‌ی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکی شار بروخێنێ. وه‌ختی ئه‌وه هاتووه که بۆ یه‌کجاری ئه‌فسانه‌ی پارتیزانی جه‌ربه‌زه‌و له‌گرتن نه‌هاتوو به تاڵ بکاته‌وه!.

شولتس له کاتی ده‌رچوونا به دوو دڵییه‌وه گوتی:

– به‌ڕای تۆ چۆنه به‌کرێی بگرین؟

– بۆچی؟... تا هه‌رچییه‌کی پێیه لێی ده‌ربێنین... به‌ڵام ناردنه‌وه‌ی بۆ ناو پارتیزانه‌کان ئاسان نییه. پێی ده‌زانین.

قه‌راربوو سه‌عات دوازده‌ی ڕۆژی دوایی میخائیلۆ له مه‌یدانی ڤیاگراند ئیعدام بکه‌ن.

نازییه‌کان له به‌یانی زووه‌وه که‌وتنه خۆ، بڕ بڕ خه‌ڵکیان به تۆپزی بۆ مه‌یدانه‌که ده‌نارد. مه‌یدانه‌که زۆر زوو پڕ بوو له خه‌ڵك. مێر منداڵانی شڕ پۆشی عه‌جیب‌و غه‌ریب له‌سه‌ر بانی ته‌لاره‌کان دانیشتبوون.

قه‌ناره‌که‌یان له شوێنێکی به‌رزا دامه‌زراند بوو تا خه‌ڵکی به باشی ببینن. دوو ریز له پیاوانی "S-S" ، ڕوو له خه‌ڵکه‌که ده‌وری قه‌ناره‌که‌یان دابوو وتفه‌نگه ئۆتۆماتیکه‌کانیان به ده‌سته‌وه گرتبوو وئاماده‌ی تیره‌ندازی بوون

ئه‌و ڕۆژه دوو هێنده‌ی جاران حه‌ره‌س‌و ده‌وریه‌یان به‌ناو شار خستبوو. شولتس گوته‌نی شاری تریستیان "قفڵ دابوو" تا پارتیزانه‌کان نه‌توانن بێنه ناو شارو فریای هاوڕێکه‌یان بکه‌ون.

سه‌عات دوازده که‌م پێنج ده‌قه چه‌ند ئۆتۆمبێلێك به ته‌قه ته‌ق گه‌یینه مه‌یدانه‌که، سه‌ربازێن چه‌ك به ده‌ست خێرا دابه‌زین‌و به قۆناغه تفه‌نگان دڕیان به خه‌ڵکه‌که‌دا و ڕێگایه‌کی باریکیان به ناو جه‌ماوه‌ره‌که‌دا کرده‌وه، سه‌ره‌تا پیاوانی گوشتاپو، پاشان شولتس و یاوه‌ره‌که‌ی‌و دوا به دوای ئه‌وان زیندانییه‌که به‌ره‌و سێداره‌که چوون. زیندانییه‌که قوت‌و مه‌غروور، به‌کاوه‌خۆ ڕێی ده‌کرد. ئاپۆراکه، هه‌رکه ئه‌ویان بینی هڕیان هێناو که‌وتنه مله‌قوتێ، مامورانی "S-S" دایاننه دواوه.

ئه‌زده‌نك سه‌یری ئاپۆراکه‌ی ده‌کردو گوێی لێبوو چۆن داخیان بۆ داخواردو ئه‌سه‌فیان ده‌رده‌بڕی. ئه‌زده‌نك به بێزارییه‌وه له‌دڵی خۆیدا ده‌یگوت:

"بریا زووتر ئەم گاڵتەجارە تەواو دەبوو"... لە پڕ ئاسمانی مەیدانەکە لە کاغەزا سپی بوو. کاغەزەکان بەحەواوە دەخولانەوەو هێدی هێدی بەسەر ئاپۆراکەدا دەهاتنە خوارێ: مامورێکی گوشتاپو کە بە تەنیشت میخائیلۆوە ڕێی دەکرد یەکێك لەم کاغەزانەی هەڵگرتو کردیەوە. ئەزدەنك بە کونکاوییەوە روانییە کاغەزەکەو ئەم وشانەی خوێندەوە: "میخائیلۆ، چت خۆف نەبێ!".

چەند کاغەزێکیان گەیاندە دەستی شولتس. شولتس کەوتە خوێندنەوەی ئەو ڕستانەی کە منداڵان نووسیبوویان: "میخائیلۆ، ئێمە تۆ لە بیرناکەین!"، "بژی میخائیلۆ!"، "ئێمەش گەورە دەبین‌و هەر یەکێکمان دەبین بە میخائیلۆیەك!".

شولتس لە ڕقا شین بوەوەو بەدەم سمکۆڵانەوە هاواری کرد:

– تەقەیان لێبکەن! ئەم هاروهاج ولاسارانە بەر گوللە بدەن!

چەکدارانی گوشتاپو چەند دەستڕێژێکیان بە سەربانەکاندا کرد. دەنگی فیکە کێشان و جنێوی مێرمنداڵەکان لە سەربانەکانەوە بەرز بۆوە. یەکێك لە مێرمنداڵەکان هاوارێکی دڵتەزێنی لێهەستاو هاوارەکەی تێکەڵ بە غەڵبە غەڵب و هەراو هەنگامەی ئاپۆرای بەر مەیدانەکە بوو. خەڵکی شڵەژان‌و خرۆشان، ژنان بەرەو تارمەو ماڵەکانی دەوری مەیدانەکە غاریان دا... مێر منداڵەکان لە چاوتروکانێکا ون بوون، تەنیا یەکێکیان نەبێ کە دەستە باریك‌و ناسك‌و بێ گیانەکانی بە پاڵ مەرزیبێکەوە شۆڕ ببووەوە.

ئەزدەنك هەر گوێی لێ نەبوو! کە لە سێدارەکە نزیك دەبووەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "بریا زووتر تەواو دەبوو". لە پاشەوە دەڵەکیان داو بەرەو مەیدانەکە سەرکەوت. "باشە نەخشەکەمان باش دەڕوا... ئێستا دەستم دەبەستن". دەستیان بەست.

"ئا... تەنیا خوێندنەوەی قەراری دادگا ماوە... ئیدینمایشەکە تەواو دەبێ!"

قەراری ئیعدامەکە خوێندرایەوە.

"باشە، نەخشەکەمان بە جێیە... بەڵام نا، دەبێ سەرکەومە بان ئەم مێزە بەرزە.. چاکە، موو بە مووی نەخشەکە... پێناچێ دەورەکەم خراپ بینی بێ... ئێستا ترومبێلێك، نا رەنگە ماتۆڕێك لە پشت ئەو کۆشکەوەبێتە دەرێ... مامورێکی "S-S" لە ماتۆڕەکە دێتە خوارێ‌و نامەیەك دەداتە دەستی شولتس و ئیدی من دەخەلەسێم.. خۆزی ئەم گاڵتەجارە زووتر تەواو دەبوو! نیگای ئەم خەڵکە کە پرە لە خەم و پەژارەوهەستی هاودەردی پەست‌و خەمگین و بێزارم دەکا... دەبێ هەر هەموویان تیرباران بکرێن! ئەمانە هەموویان لایەنگرو هاوکاری میخائیلۆن. بەڵێ، سیمای هەموویان ئەزبەر دەکەم... فەرامۆشیان ناکەم!".

ئا لەم کاتەدا، تەنیا لەم کاتەدا بە ئاگا هاتەوەو سەیری کرد مامورێکی باڵابەرزی گوشتاپو، قۆڵە توکنەکانی تا ئانیشکان هەڵکردووەو خەریکە ئەقڵەی پەتەکە لە گەردەنی وی نزیك دەکاتەوە.

ئەزدەنك پەشۆکا، بە نیگەرانییەوە روانییە دەوروبەرو لە دڵی خۆیدا گوتی:

"ئەمەیان چییە؟ خۆ ئێمە باسی ئەمەمان نەکردبوو! یانی چی؟ بۆ وەیە نمایشەکە تەواو کاریگەر بێ؟ نا، پێناچێ بۆ ئەمە بێ! ئەدی ئەو زەلامەی قەرار بوو بێت بۆ نەهات؟ کەنگێ دێ؟ گەوجانە بۆ وا بەنگ بوون! خەریکە دەیکەن بە راست، لەوە دەچێ بەڕاستی بیانەوێ من... ئاخر سەبر بکەن!".

چاوانی ئەزدەنك لە ترسا ئەبڵەق بوون، دەیویست هاوار بکا، بەڵام ماموره باڵابەرزەکەی گوشتابۆ ئەڵقەکەی خستە ملیو بە دەستە ئارەقاوییەکانی دەمی بەست. شولتس دەستێکی هەڵتەکاندو مێزەکەیان لە بن پێی ئەزدەنك لاداو رێك لەم کاتەدا گرمەیەکی گەورە دەنگی دایەوە، ئاپۆراکە وایان هەست دەکرد عاردەکەی بن پێیان دەلەرزێ. سەدان شووشەی پەنجەران لە ئاکامی فشاری تەقینەوەکەدا بەربوونەوەو پارچە پارچە بوون. کەس نەیدەزانی ئەم دەنگە زلە لە کوێوە بوو. حەشاماتەکە بۆ ساتێك کڕ بوون، پاشان روویان بەرەو سەربازخانەی فاشییەکان وەرگێڕا. مەیدانەکە کەسی تێدا نەما. تەنیا جەستەکەی ئەزدەنك بە سێدارەکەوە شۆڕ ببووەوەو دوو حەرەسی "S-S"ی بە دیارەوە بوو. هەموو نازییەکانی دی تێکەڵاوی خەڵکەکە بوونو بەغار بەرەو شوێنی تەقینەوەکە دەچوون.

کارانتی هێندە لە سەرسەختی و چاوقایمی پارتیزانەکان قەڵس بوو خەریك بوو دەتەقی، ئاخر سەر سەختیش بەم رادەیە!وەرە بە رۆژی رووناکو بە بەرچاوی هیتلەرییەکانەوە سەربازخانەیەکی زلو زەلام بتەقێننەوە!

بەڕاستی کارێکی دلێرانەو بێ هاوتا بوو!

ئەم تەقینەوەیە هەموو ریسەکەی شولتسی کردەوە بە خوریو "ئەفسانە"ی میخائیلۆ وەکو خۆی بە زیندوێتی لە نێو خەڵکیدا مایەوە.

شولتس پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، تەواو دڵنیا بوو کە ئەو کەسەی لە سێدارەی دەدا ئەو زەلامە سەرسەختە ناسراوەی پارتیزانەکان نییە کە شۆڕەتی لە سەرانسەری کەنارەکانی ئادریاتێکدا بڵاو بووەتەوە.

هەڵبەتە چەند شتێك هەبوون کە بەڵگەی ئەوە بن کابرای لە سێدارە دراو پێوەندی بە پارتیزانەکانەوە بووبێ. ئەو قسانەی کە لە کاتی گرتنیا بە کارانتی گوتبوونو سەربازو حەرەسەکان وایان زانی بوو "جۆرە ڕەمزێکە" بەلای (شولتس)ەوە چ رەمزێکیان تێدا نەبوو، بەڵکو بەڵگەی ئەوە بوون کە ئەزدەنك لەوێندەر یانی لە نێو پارتیزانەکاندا کارانتی ناسیوە. ئەمەش کە بۆ تەقەی لە مازلی کرد؟ ئەوا بۆ خۆی لە ئاخرو ئۆخری تەحقیقەکەدا شتێکی درکاند کە لە حەقیقەت دەچوو: گوتی: لە سەرکردایەتی تیپەوە رایان سپارد بوو ئەم کابرا ئیتاڵیاییە بکوژێ، چونکە خاینە. هەروەها گوتی مازلی لە گەڕەکی بازرگانەکاندا بینی بوو و داوای لێکرد بوو بیگەیەنێتە بەندەری سوپایی:

تۆ بڵێی ئەم کابرایە پارتیزانێکی ئاسایی بووبێو خۆی بە میخائیلۆ لە قەڵەم دابێ؟ نا، ناچێتە عەقڵەوە... کەواتە مەعلومە قەزای گۆزەیان لە دیزە خستووە، بەڵام بۆ! ئاشکرا نییە.

بەڵام ناتوانێ گرێی دڵی خۆی بۆ کارانتی، بۆ ئەو کارانتییەی کە تا ئێستا ئەمی خەڵەتاندووە، بکاتەوە.

روسەکان لە جەبهەی رۆژهەڵاتەوە پێشڕەوییان دەکرد، هاوپەیمانان کە ترسی ئەم پێشڕەوییەی رووسەکانیان لێنیشتبوو، لە رۆژئاواوە دەستیان بە گەفو هەڕەشە کرد، هاکا جەبهەی دووەم بکەنەوە. دەبێ پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ کارانتیدا بگرێ.

شولتس پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر بەمجۆرە کەوتە دڵدانەوەی خۆی کە ئیعدام کردنی ئەو کابرایە لە هەموو روویەکەوە باشە: خەڵکی شار بەم مەرگە درۆزنەیەی میخائیلۆ دەترسن‌و چاویان دەشکێ.

بەڵام تەقینەوەکە، ریسەکەی شولتسی کردەوە بە خوری.

کارانتی گواستییەوە بۆ ژوورە رێك‌و پێکەکانی مازلی. ئێستا شوێنەکەی لە جاران فەرەحتر ببوو، بە تایبەتی ژووری پێشوازی، لە دوکانانی توحفە فرۆشی نە دەچوو، بەڵکو لە ژووری ئوتێلە گران بەهاو ڕاقییەکان دەچوو.

هاتووچۆی شەوانەی موشتەرییان (شەو کوڕی ئاشقێنی) لە خانووەکەی مازلی بڕا، ئەم کارەش نەبووە مایەی سەرسامی چ کەسێك، چونکە خاوەن خانووەکە نەما.

کارانتی بڕیاری دا تەنیا "ئانا"ی کارەکەر لە ماڵەکەدا بێڵێتەوە، چونکە وەکو بۆی دەرکەوتبوو ئەم کارەکەرە ژنێکی سڕ قایم بوو، عاقڵیش بوو، دەیزانی دەرگا لە کێ دەکاتەوەو لە کێ ناکاتەوە.

سەرگرتنی "نەخشەکە" بوو بە خێرو بەرەکەت‌و بەسەر کارانتیدا باری وپارەیەکی مۆڵی درایێ. هەستی دەکرد لە جاران ئازاد ترە. کارەکانی بە رێك‌و پێکی دەڕۆیین.

شەوێك بە توندی لە زەنگی دەرگای ژووری پێشوازی درا.

کارانتی، ئانای کارەکەری گاز کردو پێی گوت:

– بزانە کێیە.

زەنگ لێدانەکە ئاسایی نەبوو. کارانتی نیگەران‌و دڵتەنگ بە خۆی دەدگوت : "دەبێ کێ بێ؟" ئانا بەبێ گۆرەوی پێڵاوەکانی کردە سەر پێوەو بە پەلەپەل بەڕاڕەوەکەدا رۆیی، تەقە تەقی پاژنەی پێڵاوەکانی دوور دەکەوتەوە. چووە نهۆمی خوارەوە، بەترس‌و لەرزەوە لە پشت دەرگاکەوە وەستاو پرسی:

– کێیە ؟ چ فەرمایشێکت هەیە؟

لە بری وەڵام، زەرفێکی چکۆڵەیان لە درزی دەرگاکەوە کە تایبەت بوو بە نامە خستە ژوورەوە. کارەکەرەکە هێند ترسا بوو کە سەرەتا نەیدەوێرا دەست لە زەرفەکە بدات. پاشان غیرەتی نایە بەرخۆو زەرفەکەی هەڵگرت‌و بە پەلە بۆ ژوورەکەی کارانتی گەڕایەوە.

کارانتی لەو ماوەیەدا جلەکانی لەبەر کردبوو. لە ژووری پێشوازیدا پێشی کارەکەرەکەی گرت‌و گوتی:

– ها! چیبوو؟

کارەکەرەکە بێ چ قسەکردنێك زەرفەکەی بۆ درێژ کرد. کارانتی زەرفەکەی لێوەرگرت، هەڵی پچڕیو نامەکەی ناوی خوێندەوە.

کارانتی رەنگی هەڵبزرکا ولێوی سەرەوەی خۆی گەست وبە کارەکەرەکەی گوت:

– من دەبێ بڕۆم، لەوەیە زۆر درەنگ بگەڕێمەوە. دەرگا لە کەس نەکەیەوە.

کارانتی لە دەرگا نهێنییەکەوە وەدەرکەوت، کە گەییە سەر شەقامەکە بە دەستە راستدا پێچی کردەوەو بە پەلە بە شەقامی ڤیافورتونادا هەڵگەڕا.

کارانتی کە گەیشتە سەرووی شار، لە پاڵ خانوویەکی چکۆڵەی درێژی یەك نهۆمی کەرپوچا وەستا، پێدەچوو پێشتر عەماری ئازوقە بووبێ. پاکەتەکەی دەرهێناو جگەرەیەکی داگیراند. گەنجێك لە نێو تاریکییەکەوە دەرکەوت، بارانییەکی رەشی بریقەداری لەبەر بوو، بە زمانی ئەڵمانی پرسی:

– چی بووە وا شەوان نانوی؟

کارانتی گوتی:

– تووشی بێخەوی بووم!

گەنجەکە بزەیەکی کردو گوتی:

– دروستە! با بڕۆین.

بە پشت خانووەکەدا سووڕانەوە. گەنجەکە شانی لە کۆنە دەرگایەکی زل توندکردو کردییەوە. ئۆتۆمبێلێکی بۆر لە ناوەندی باخە چۆڵەکەدا بوو.

گەنجەکە کارانتی خولق کرد:

– دانیشە، ببورە کە بە خۆم نەهاتمە خزمەتتان: لەوە بوو خەڵکانی غەوارەت لە کن بن.

هەرکە کارانتی چووە نێو ئۆتۆمبێلەکە، ئۆتۆمبێل بۆی دەرچوو. کە گەیشتنە سەر شەقامەکە، بە شارێیەکەدا نەڕۆیشت، بەڵکو بە ڕێگایەکی لاوەکیدا پێچی کردەوە. ئەڵمانییەکان لەم رێگایەوە هاتووچۆیان نەدەکرد، بۆیە پارتیزانەکانیش نەیان خستبووە ژێر چاودێری خۆیان.ئەم رێگاکە بەرەو ئیتاڵیا دەچوو، کارانتی ئەو شوفێرە گەنجەی کە بەو مەعلانییە ئوتومبیلەکەی داژۆ نەدەناسی، بڕیاری دا قسەی لەگەڵدا نەکا. رێگاکەی بەلاوە دوورو درێژو ناخۆش بوو.

دیمەنی خانووی چکۆڵەی یەك نهۆمی، لە نێو ئۆتۆمبێلەکەوە لە دووڕرا دیار بوو.لە ئاستی خانووەکان رەت بوون. گەیینە ناو کۆمەڵە گردۆلکەیەکی وشكو بێ ئاوو گیا... دوو سەعاتێك بەم جادەیەدا رۆییشتن. گەیینە نزیکی دووڕیانێك، نیگابانانی ئیتاڵی ئوتومبیلەکەیان ڕاگرت. گەنجەکە نهێنی شەوی پێگوتنو کەوتنەوە ڕێ، جادەکە ناهەموار بوو، بەڵام کوڕە گەنجەکە بە هەمان خێرایی پێشوو ئۆتۆمبێلەکەی داژۆت، میلی گێچەکە دەلەرزیو لە چل میل نزیك دەبۆوە.لەپڕ هەوراز دەستی پێکرد، پاش سەعاتو چارەکێك هەوراز تەواو بوو، کەوتنە نشێویو ئۆتۆمبێلەکە بە خێراییەکی زۆرەوە دەڕۆیی. گڤەگڤی با حەشری دەکرد.

کارانتی بە هەردوو دەست توند کوشنەکەی پێشەوەی گرتبوو و بە وردی دەیڕوانییە رێگاکە. روناکییەکی کز لەسەر رێیان دەرکەوت. ئۆتۆمبێلەکە لە دوو مەتری سەیتەرەی هێڵی ئاسندا بە

توندی برێکی گرت.نیگابانانی ئیتاڵی لێیان هاتنە پێشێ، گەنجەکە هەمان نهێنی شەوی پێ وتن. لە خاکڕێژی هێڵی ئاسن رەت بوون، گەیشتنە سەر جادەیەکی تەختو بێ چاڵو چۆڵ و پەستاوتە. گێچی ئۆتۆمبێلەکە لەسەر "٧٠"میل لەنگەری گرت. دنیا کپ بوو، بەڵام پێدەچوو، لە دەرەوەی پەنجەرەی ئوتومبیلەکە تۆفانو رەشەبا بێ. بە خێرایی بە تەنیشت چەند کۆشكو تەلارێکا رەت بوون. ئۆتۆمبێلەکە خێراو لە هەمان کاتدا نەرم دەڕۆیی. ئوتومبیلەکە بە بەینی دوو تاوێری ئەستوونیدا تێپەڕی و گەییە کەناری کپو چۆڵی دەریا. شوفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی هێواش کردەوەو رێك لە قەراخ ئاوەکە رایگرت. گەنجەکە بە پەلە دابەزیو گوتی:

– تکایە لەگەڵ مندا وەرە!

بەلەمێکی رۆکێت هاوێژ کە دوو بەلەمەوانی تێدا بوو، لە قەراخ ئاوەکەدا وەستا بوو و چاوەڕێی وان بوو. گەنجەکە بە گورجی خۆی هەڵدایە نێو بەلەمەکەو دەستی بۆ کارانتی درێژ کرد. بەڵام کارانتی دەستی نەدا دەستی: بە خۆیشی دەیتوانی وەکو ئەو خۆی هەڵبدا.

کارانتی سڵاوێکی لامسەرلایی لە بەلەمەوانەکان کرد. رێنوێنەکەی لە پشت سوکانی بەلەمەکەوە دانیشت. ماتۆڕەکە خرایە کار، بەلەم بەسەر وردە شەپۆلاندا داخزی. لووتی بەلەمەکە لە ئاوەکە بەرز بۆوە، ئاوی سوێری دەریا بەسەرو رووی کارانتیدا هەڵپڕژا!.

شوفێرەکە لە نێو گرەگڕی دەنگی ماتۆڕەکەوە ئاوڕێکی لە کارانتی دایەوەو هاواری کرد:

– خۆت توند بگرە!

وا دیار بوو ئەم گەنجەو کارانتی دەرچووی یەك قوتابخانە بوون. کارانتی بە دەم نیگاکردنی ئەوەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "دیارە خراپ تەعلیم نەدراوە! بەڵام بە خۆڕایی خۆی دەنوێنێ. پێدەچێ سەگڤانێکی باش بێ... ئەگەر تووشی میخائیلۆ با چۆن رەفتاری دەکرد؟".

کە لە کەنارەکە دوور کەوتنەوە گەنجەکە ماتۆڕی بەلەمەکەی کوژاندەوە. لووتی بەلەمەکە داکەوتوو نیشتە سەر ئاوەکە. لە نزیکی وانەوە دەنگی زەنگ هات، بەلەمەکە بۆ لای دەنگەکە وەرچەرخا.

کارانتی بورجی غەواسەیەکی بینی کە لە ئاوەکەوە هاتبووە دەرێ.

رێنوێنەکە هاواری کرد:

– بمان بەنە سەر غەواسەکە!

ئەمجارەش ئەو لە پێشا خۆی هەڵداو دەستی بۆ کارانتی درێژ کرد. ئەمجارەش کارانتی دەستی نەدایێ و بە خۆی پازی دا سەر غەواسەکە.

دەرگایەکی چکۆڵەی زارکی غەواسەکە هەڵدرا بۆوە، رێنوێنەکە لە تەنیشت دەرکەکەوە وەستاو گوتی:

– تکایە، بچۆ خوارێ.

کارانتی بە پەیژەیەکی ستونیدا دابەزی. رێنوێنەکە لە دواوە گوتی:

– هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم!

کارانتی بە ڕاڕەوەکانی غەواسەکەدا تێدەپەڕی، دەریاوانەکان سەریان هەڵدەبڕیو بە وردی سەرنجی ئەویان دەدا. ئاخر ئەوان لەبەر خاتری ئەو ئەم سەفەرە خەتەرەیان کردبوو و لە دوورترین شوێنی باشووری ئیتاڵیاوە گەیی بوونە ئێرە.

ئەنجام کارانتی گەییە بەر دەرگای ژووری ئیسراحەتی ئەفسەران. وێستاو تەقولبابی کرد.

فەرماندەی غەواسەکە بە خۆی دەرگای کردەوە. لێ کارانتی چ ئەمێتێکی نەدایێ. نیگای کارانتی لە سەر کابرایەکی قەڵەو گیرسایەوە کە هێدی و ئارام لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، ناوە ناوە خۆی ڕادەژاند. ئەم کابرایە دەستێ جلی کاڵی لەبەر بوو، ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوە بوو و خەریکی خوێندنەوەی بوو. کارانتی لەبەر ڕۆژنامەکە دەموچاوو سینگی کابرای نەدەبینی، هەر پانتۆڵە دەڵبەکەیو نەعلە بریقەدارو گۆرەوییە ناسکەکانی لێوە دیار بوون کە وردە ئەستێرەی لەسەر نەخشێنرابوو. فەرماندەی غەواسەکە لە ژوورەکە وەدەرکەوتو دەرکەکەی لە پاش خۆیەوە داخست. کارانتی بە دەقی خۆیەوە وێستا بوو و چاوەڕێی خولق کردن بوو.

گوێی لە دەنگێکی بەرز بوو:

– دانیشە!

کارانتی بە بێدەنگی چووە پێشێ لە پشت مێزێکەوە کە سیفۆن و نیوە بوتڵێ ویسکی بە سەرەوە بوو، بەرانبەر بە کابرای قەڵەو دانیشت. کابرای قەڵەو ڕۆژنامەکەی قەد کردو هەڵیدایە سەر کەرەوێتەیەك.

کارانتی کە ڕوخساری کابرای بینی بە گورجی هەستاو زۆر بە نەزاکەتەوە ئامادە لە بەردەمیا وەستا. ئەم کابرایە "ئەستون"ی ناوبوو، لە کۆڕو ئەنجومەنە گەورەکانی داراییدا پێیان دەگوت: "ڕێکخەری ئاوو هەوا" یان "نووسینگەی هەواناسی".ڕوومەتی چەپی ئەستون ئیفلیج بوو، چرچێکی قوڵ گۆشەی چەپی دەمە پانەکەی خوار کردبوو و حاڵەتێکی بێزەوەری بە سیمای دابوو.

کابرا هەمدیس گوتی:

– دە دانیشە ئیدی!

کارانتی دانیشت.

ئەستون وازی لەخۆر ڕاژەنین هێنا، بە پێشا نووشتایەوەو هەردوو دەستی خستە سەر مێزەکەوە. بە جۆرێ سەیری کارانتی دەکرد لە تۆ وایە دەیەوێ نەك هەر ڕواڵەتی بەڵکو ناخی ناخیشی بەوردی ببینێ. ئەستون گوتی:

– تۆ دەزانی من بۆ ئەم سەفەرەم کردووە؟

– نەء .

– دە ئەوە بزانە کە من لەبەر خاتری دیتنی تۆ ناچار بە دەوری نیمچە دورگەی ئیتاڵیادا سوڕاومەتەوەو گەییومەتە ئێرە!

– بەڵێ.

– هیوادارم لات ڕوون بێ کە چ کارگەلێکی گرینگ، بوونە باعیسی ئەم سەفەرەی من...

- بەڵێ.
- چارلز، بە کورتو کرمانجی ئێمە چاومان بڕیوەتە تریستو تریست بۆ ئێمە یەکجار گرینگە.
- حاڵی دەبم.

ئەستون وەکو یەکێك ماندوو بێ ، دەستێکی جوڵاندو بە بێ ئەمێتییەوە گوتی:

- نا، چارلز تۆ لەمە حاڵی نابی!... قسەکانم پێ مەبڕەو بە وردی گوێ بگرە...تۆ جاران جدی تر بووی، بەڵام وا دیارە بارودۆخی تریست زۆر خراپ کاری لە تۆ کردووە،. چارلز گوێ بگرە. ئێمە نابێ تریست لە دەست بدەین، چونکە ئەگەر تریست لە دەست بدەین یانی بنکەیەکی گرنگی هێزی دەریاییمان لە دەست داوە.
- کار کردن لە تریستدا زۆر زەحمەتە
- ئاخر ئێمەش هەر لەبەر ئەمە تۆمان بۆ وێندەر نارد.
- مەمنونم، سوپاستان دەکەم.
- کوڕم، راوەستە، جارێ وەختی سوپاس نییە..

ئەستون کوتوپڕ گوتی:

- ... بەڵام تۆ دڵسۆزی خۆت نەنواندو کارێکی وات نەکردووە کە شایەنی متمانەو باوەڕی ئێمە بی.

کارانتی هەستایە سەر پێ:

- دانیشە!

ئەستون رۆژنامەیەکی لە بەرکی دەرهێناو دایە کارانتیو پرسی:

- ئەمانە چییە؟

کارانتی بە هەمان بێدەنگییەوە رۆژنامەکەی ئاوالاکردەوە. ئەم رۆژنامەیە رۆژنامەی "ایل پیککولو" بوو. ڕووداوی کوشتنەکەی مازلیو گرتنی میخائیلۆی بە رەسمو مانشێتی درشتەوە چاپ کردبوو.

ئەستون بە نەفرەتەوە رووی گرژ کردو پرسی:

- بەم گاڵتە جاڕە چەندت پارە وەرگرت؟
- پێنجسەد هەزار مارك لە قەبێڵی سەری میخائیلۆ دانرا بوو.
- بەڵام تۆ زۆر چاك دەزانی میخائیلۆ لە سێدارە نەدراوە.
- ئاخر من هەندێ بەڵگەم هەن...

ئەستون قسەکەی کارانتی بڕی:

- بەڵام من هیچ بەڵگەیەکم نییە!. تۆ ئەزدەنکی پیاوی ئێمەت بە ئیعدام کردن دا، بەم کارە ئەڵمانەکانت زۆج کردو رێت بۆ میخائیلۆی راستەقینە خۆشکرد تابێ ترس و دوو دڵی لە شارا چالاکی خۆی بکا...دوای تەماع کەوتیتو ئەم کەتنەت نایەوە!
- ئاخر مەسەلەکە بەم جۆرەش نییە. دەتوانم زۆر شتت بۆ شەرح بکەم.

ئەستون چارەی دا بە یەکاو لەبن لێوانەوە گوتی:

– غەسپە لەسەرت.ئەوە ئەرکی خۆتە.

– کە چاوم بە ئەزدەنك کەوت، زۆر لە میخائیلۆ دەچوو، ئیدی یەکسەر بڕیارم دا ئەم دەرفەتە بقۆزمەوە.

– باشە ئەم کارە تا ئەم ڕادەیە زەروری بوو؟

– دەبوایە خەڵکی شار چاوشکێن بکرێن و ورەیان بروخێنرێ . ئیعدام کردنی میخائیلۆش چاکترین شت بوو بۆ ئەم کارە ... بەڵام پێویست ناکات ئێمە لە میخائیلۆی راستەقینە بترسین. تەواو، کوژراوە .

– ئەمە قسەی قۆڕە.

– بەخۆم کوشتم!

– باشە بۆ زوتر قسەت نەکردوە؟ چارلز ئەمە قسەی قۆڕە، ئەم قسانە پولێکی قەڵب ناکەن. ئەگەر تەقینەوەکانی ناو تریست نەمابان هەر نەیسە، بەڵام تەقینەوە وەکو جاران بەردەوامە. میخائیلۆ زیندووەو چالاکی خۆی دەکا!چارلز مەسەلەکە هەر میخائیلۆ نییە. تۆ بە شتە لاوەکییەکانەوە خافڵ بووی‌و ئامانجی سەرەکی ئێمەت فەرامۆش کردووە! چارلز ئەو بەزمەی کە ئێستا لە جەبهەی رۆژهەڵاتدا هەیە چ نییە، گاڵتەی منداڵانە. ئەم گەمەیە ئەوپەڕی ساڵێکی دیەو کۆتایی دێ، ئەوسا ئێمە خۆ بۆ شەڕی راستەقینە ساز دەدەین، شەڕێ کە چارەنووسی هەموو سەر زەمین دیاری دەکا، بەڵام بۆ ئەوەی لە شەڕی ئایندەدا براوە بین دەبێ زنجیرە بنکەیەکی سوپایی بۆ خۆ دروست بکەین. تریست یەکێکە لەو بنکە گرینگانە...

ئەستون کەمێ بێدەنگ بوو وپاشان لە سەری رۆیی:

– ئێستاش هیوادارم چاو بکەیەوەو تێبگەی کە کاتی ئەو هاتووە دەست لەو کارە لاوەکییە بێ بایەخانە بێنی‌و قۆڵی لێهەڵماڵی‌و چالاکی گەورەو ماقوڵ بکەی. تریست هی هەر کێیەك بێ، دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا بێ. کێت دەوێ بە پارە بیکرە.هەر بۆ بەرژەوەندی خۆت ئەوەت پێ دەڵێم کە پارێزەرانی تۆ یەکجار لەوانە دەوڵەمەندترن کە لە بری سەری شەلاتییەکی بەرەڵا چەند عانەیەکت وێدەدەن. ئێدی دڵنیابە لە دەست و دڵ تێری ئێمە، بەڵام ئەوەشت بیر نەچێ کە نامانەوێ لە هیچە پارەی خۆ بە فیڕۆ بدەین. چارلز ئێستا لێم حاڵی بووی؟

– بەڵێ.

– ئەنجام ؟

– نابێ پێ لە بەڕەی خۆت درێژتر بکەی .

ئەستون بە رەزامەندییەوە لە ژێرەوە نیگایەکی کارانتی کردو بە هەمان توندی‌و وشکی پێشوو گوتی:

– با ئەوەشت پێ بڵێم کە تۆ تەنیا ئەزدەنکت بە کوشت نەدا، ماموری ژمارە "٢٣"یت لە بیر ماوە! ئەمانە بەسن بۆ وەی نێوان ئێمەو تۆ تێك بدا. خۆ دیقەتت داوە چ خەتەرێك هەڕەشەت لێدەکا؟..

ئەستون لە پڕ بزەیەکی رق ئامێزی کردو گوتی:

– ... بەڵام با بە ئاشکرا پێت بڵێم کە شێوەی پارە کێشانەوەی تۆم بە دڵە. خۆ ئەگەر ناچار نەبام‌و مووچەکەم بۆ نەکردبای بە سێ قاتی جاران، قەت لەوە دڵنیا نەدەبووم کە تۆ بۆ خۆت کار دەکەی یا بۆ ئێمە.کوڕم ئینسان دەبێ کار قایم بێ‌و بزانێ چۆن کاری خۆی دەکا، چۆن پارە بکێشێتەوەو کەسیش پێی نەزانێ، چونکە پارە کێشانەوە یاسای خۆی هەیەو بەلای کەمەوە نابێ رواڵەتی ئەم یاسایانە بشێوێنی. باشە تۆ لەم ئیعدام کردنە ساختەیەدا جگە لە پارە چ شتێکت وەدەست هێنا؟ ویستت خۆت لە دەست میخائیلۆ رزگار بکەی؟ باشە میخائیلۆی ساختەت بە ئیعدام کردن دا. ویستت ورەی خەڵکی خەباتگێڕ بڕوخێنی؟ خەڵکی باوەڕ بە تۆ ناکەن، چونکە ئەوەتا میخائیلۆ بەردەوامە لەسەر تەخریبکاری خۆی. گریمان ئەمانە کاری میخائیلۆ نین. چ فەرقێك دەکا؟...

لە هەموو ئەمانەش گرینگتر!... نابێ ئەوەت لە بیر بچێ کە ئێمە لە سەرکردایەتی تیپی پارتیزانەکاندا پیاوی خۆمان هەن، هەرچەند بۆ خۆت ئەمە دەزانی... چارلز، ئێستا پێویستت بە پارە نییە؟.

– نەء .

– پیاوانی ئێمە چۆنن لەگەڵتا، هاوکاریت دەکەن؟

– چ گلەییەکم لێیان نیە.

– باشە.دەزانی بگەڕێتەوە بۆ تریست؟

– بەڵێ.

ئەستون لەسەر کورسییە حەسیرەکە هەستاو گوتی:

– هیوادارم سەرکەوتوو بی!

– سوپاستان دەکەم. چت خەم نەبێ وا بزانە تریست لە گیرفانتاندایە!

ئەستون بزەیەکی کرد:

– یاخوا!

ئەستون لە کاتی دوعاخوازیدا کوڵێ لوتفی لەگەڵ کارانتیدا نواندو بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ کارانتی کرد.

کە کارانتی هاتە سەر غەواسەکە سپێدە لە ئەنگاوتندا بوو.

رێنوێنەکەی کارانتی پرسی:

– بتبەمەوە؟

کارانتی بە خۆپەسەندییەوە پێکەنی:

– سوپاس ، خۆم دەڕۆم.

کارانتی خۆی هەڵدایە نێو بەلەمەکەو لە پشت ستێرنەکەوە وێستا تا بەلەمەوانەکان پەتەکان بکەنەوە، ئەوجا ماتۆڕی بەلەمەکەی هەڵکرد، بەلەمەکە وەکو قازێکی توڕە کە باڵەکانی خۆی فش کردبێتەوەو بە ئاستەم لە سەرووی ئاوەکە بفڕێ، بە توندی بەرەو کەنار دەچوو. کارانتی لە پڕ بەلەمێکی جەنگی بینی کە لە کەنارەکە دابڕاو بە توندی بەسەر شەپۆڵەکاندا بەرەو رووی هات...

کارانتی بەلەمەکەی خۆی تۆزێ خاوکردەوە تا دەموچاوی خەڵکانی نێو ئەو بەلەمە ببینێ‌و بزانێ کێن کە دەچن بۆ نك ئەستون... بەڵام ئەو بەلەمەی کە رووبە ڕووی ئەو دەهات، هێند بە خێرایی تێپەڕی کە کارانتی بە هەزار حاڵ توانی دوو کەس بە جلی رەسیمی سوپایی ئەڵمانی یان ئیتاڵی ببینێ. کارانتی زەردەخەنەیەکی تاڵی هاتێ‌و لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئێستا ئەستون تاپۆیەکی شێواویان نیشان دەدا. هەڵبەتە مەعلومە کە ئەستون هەر بۆ دیتنی من ئەم سەفەرەی نەکردووە، ئەگەر لەبەر من بە دەوری نیمچە دوڕگەی چەکمە ئاسای ئیتالیادا سورابێتەوە مایەی پێکەنینە! نەخێر مەسەلەکە لەمانە گرنگترەو ئەم ماستە...".

کارانتی گەیشتە کەنار، ئۆتۆمبێلێك بۆی وەستا بوو. خۆی گەیاندە پشتی ستێرنەکەی و باژۆ، بۆ نێوەڕۆ گەییە تریست. یەکڕاست ئۆتۆمبێلەکەی بردە حەوشی خانووەکەی خۆیەوەو وەکو هەمیشە لە دەرگا نهێنییەکەوە خۆی بە تەلارەکەدا کرد.

حەزی دەکرد پێش هەموو شتێك ئیسراحەتێکی چاك بکاو پاشان بکەوێتە چالاکی .

## فەسڵی هەشتەم

زەوی پۆشاکی بەهاری لەبەر کردبوو. بەڵام ئەو پۆشاکە بە جلکی جەژنی هەژارو دەست کورتان دەچوو کە سەدان جار شۆرابێ‌و بە هەزار ناری عەلی ئوتوکرابێ‌و بە حاڵ جێ ئوتوکەی پێوە مابێ...

نیوەڕۆ، دنیا گەرم بوو، بە ڵام سێبەرەکان سووکتر بوو. تینی هەتاو دەتگوت شکاوەو تیشکە گەرمەکەی بە خواری بەرەو زەوی دادەکشاو ساقەتەی دەوەنەکانی باوەشی بەهاری بە هێمنی روناك دەکردەوە.

جووتیارانی گەنج لە بناری کێوانا، دوو بە دوو سەمای بولغاریان دەکرد. هەندێجار تەوژمی با دەنگی ئۆکۆردوێنەکەی بەرەو کۆسار دەبردو پاشان دەنگی مۆسیقاکە دەگەڕایەوە. وا دیار بوو ئۆکۆردیۆن ژنەکە نابەڵەد بوو، نەزمی شاییەکەی تێك دەدا، بەڵام لاوەکان گوێیان نەدەدایێ، لە خوایان دەویست سەمای خۆیان بکەن. کیژەکان کراسی ئاڵاو واڵاو، کوڕەکان کراسی کاڵ و جوان و دەستدرویان لەبەر بوو.

مەهدی بۆ چالاکییەکی دی راسپێردرا بوو و لەگەڵ دۆستەکانیا دەچوو بۆ تریست. مەهدی هەڵوەستەیەکی کرد، روانییە دیمەنێکی دوور، هەیکەلی چکۆلەی ئەو لاوانەی کە دەرەقسین لە پاڵ دارکاژە زەلامو سەوزەکانەوە بەجوانی دیاربوو. ڤاسیا و ئانژلیکا دوا کەوتبوون، مەهدی ویستی گازیان بکا، بەڵام ژێوان بۆوەو گازی نەکردن.

هێـزی سـەرکوتکاری دوژمـن لـە هـەموو لایەکـەوە جـرت و فرتیـان بـوو، مەهـدیش بـۆوەی نەناسـرێتەوەو نەکەوێتـە بـەر سـەرنجی وان جلکـی نیگارکێشـی لەبـەر کردبـوو، دەفتـەری سکێچەکانی نابووە بن باخەڵی. دەبوایە هەموو ئەم شتانە لە شوێنی بۆ دیاری کراو دابنێ و جلەکانی بگۆڕێ و بۆ تریست بچێ.

دار سێوێکی کێوی لەپشت گردێکەوە بینی، یەکپارچە شکۆفە بوو. ئەم دارسێوە کەوتبووە ناوەندی بڕێ نەو نەمامی بەڕووەوە. بەڕووەکان تازە گەڵایان دەکرد، گەڵاکان ورد ورد،هەوەڵێن وردە گەڵای سەوزی کاڵ خۆیان بەلق و پۆپی نەمامەکانەوە قەرساند بوو. مەهدی کە سەیری جوانی ڕەنگەکان و چۆنیەتی تێکەڵ بوونیانی دەکرد گەشکەی دەکرد ولەزەتی لێدەبینین... پەڕەی گوڵی دارسێوەکە لە سپییەوە بە شێوەیەکی نامحسووس دەگۆڕا بۆ پەمەیی.... مەهدی هەڵوەستەیەکی کردو ئاهێکی هەڵکێشا: دەبوا درێژە بە ڕێی خۆی بدا...

ڤاسیا و ئانژلیکاش کە بە درێژایی ڕێیەکە شادو خۆشحاڵ سەر گەرمی قسەو پێکەنین بوون، کەوتنە گرێوان: کێ دەزانێ ئەو درەختە پڕ شکۆفەیەی پێشیان چ درەختێکە. ئانژلیکا سێ جاری بردەوەو ڤاسیا دەجار.

ئاژلیکا هاواری کرد:

– سێو! سێوی کێوی!

وکەوتە غاردان.

ئانژلیکا چاک ڕای دەکرد، بەڵام ڤاسیاش لەو دوا نەدەکەوت، ئەویش لەگەڵ هەورازا ڕاهاتبوو و لە غاردانا لە ئانژلیکا کەمتر نەبوو. ڤاسیا بە تاو خۆی گەیاندە ئانژلیکاو دەستی درێژ کرد کە بیگرێت، بەڵام ئانژلیکا خۆی ڕاپسکاندو هەڵات. هەردووکیان گۆنایان سوور هەڵگەڕا بوو و چاویان دەبرسکایەوە... لە نێو دار عەرعەرەکاندا وەستان... درەختیکی کوڵ و لق و پۆپ شاشی کەم گەڵا لە پێشیانەوە بوو...

ڤاسیا پێدەکەنێ، وەکو یەکێکی زۆر شارەزا سەر دەلەقێنێ و دەڵێ:

– ئەمجارەش دۆڕاندت! ئەمە دار سێو نییە، هەرمێیە و هەرمێ کێوییە.

ئانژلیکا بەرپەرچی دەداتەوە:

– ئاخر بە چیدا هەرمێیە؟ قەبوڵ ناکەم، ئەمە دار سێوە.

– دە وەڵڵا لەبەر خاتری قسەکەی تۆ ئەم درەختە بێت و سێو ناگرێ! ئەمە کرۆسک دەگرێ! دەبینی چ شکۆفەیەکی هەیە؟ شکۆفەکانی وەکو هی ئالوبالو سپییە، گوڵەکانی بچووکە، لقە بچووکەکانیشی پتر لە دارسێو دەچێ.

ئانژلیکا بێدەنگ دەبێ، ئەمجارەش دۆڕاندی، پاش تۆزێك بە خۆشحاڵییەوە دەڵێ:

– ڤاسیا تۆ بە ڕاستی پسپۆڕیت! پێویستە ببی بە ئەندازیاری کشتوکاڵ...

ئانژلیکا دەڕوانێتە جادەکەی بەردەمیان و پەلە لە ڤاسیا دەکا:

– ڤاسیا خێراکە، با بڕۆین.

ڤاسیا پێدەکەنێ و ڕستەکەی ئە وراست دەکاتەوە:

– ڤاسیای رووت نا، ڤاسیا گیان!

وخێرا پێهەڵدەگرێ.

بە درێژایی جادەکە دار گوێزو شابەرووی زەلامو جوانیان ڕواندووە. مەهدی پێشتر نەی بینی بوو کە شابەڕووچۆن شکۆفە دەکات. لە بن درەختێکی بە لق و پۆپ و چڕە گەڵا وێستاو روانییە سەرێ. ئەم درەختە دەتگوت هەموو بەهاری هەڵمژیوەو عەکسی دەکاتەوە. گوڵی لە ژمارە بە دەور سپی شابەڕوو لە نێو گەڵا تازەو قامك ئاساکانەوە سەرەتایکێیان دەکرد. گوڵەکان لە مۆمی سپی نووك تیژ دەچوون. پیرە شابەڕوو نازیی بەسەردار زەیتونو غارەکانی چوار دەوری خۆیدا دەکرد.

کۆسار سێبەری خستە سەر زەوی. یەکەمین ئەستێران هەڵهاتن، تا دنیا تاریکتر دەبوو ئەستێرەکان لە تاقی ئلسمانی سافو ساماڵدا پتر دەدرەوشانەوە.ئەستێرەکان وا دەهاتنە بەرچاو کە لە زەوییەوە نزیکن. وا وێنا دەکرا کە ئەگەر یەکێك بگاتە لوتکەی کێوەکە ودەست بەرێ دەتوانێ ئەستێرەکەی خواری خوارەوە بگرێت...

ڤاسیا گوتی:

– ئانژلیکا دەزانی... دوای ئەوەی خوێنی منیان کردە مەهدییەوە زۆر هەستم بە خۆشحاڵی کرد... بەڵام تۆ هێندەی دی خۆشحاڵت کردم!

ئانژلیکا بە بێدەنگی دەیڕوانییە پێشەوەو:ئانژلیکا دەترسا مەهدی یان،کە لە پێش ئەوانەوە دەڕۆیی لێون بێ، بەڵام مەهدی هەر زوو لە نێو تاریکییەکەدا ون بوو. ئانژلیکا رووی کردە ڤاسیا:

– ڤاسیا... ئەم قسانە مەکە، تۆ هەر بە خەیاڵ..

بەڵام ڤاسیا بە هەموو شتێ قایل بوو تەنیا بەمە نەبێ کە ئانژلیکا خۆشی ناوێ، چارەنووسیان لە رادەبەدەر تێکەڵ ببوو...

– ئانژلیکا، تۆ منت خۆش دەوێ؟

کچۆڵەکە تکای لێکرد.

– قسەی وا مەکە!.

– نەخێر، دەیکەم! نامەوێ تۆ ئازار بچێژی. منیش بە جارێ عەقڵ و هۆشم لە دەست داوە!.

بەڵام ئانژلیکا تەنێ لەبەر ئەوە نیگەران بوو کە ڤاسیا نەیدەویست لە شتێك حاڵی بێ! بەڵێ ڤاسیاش وەکو میخائیلۆ لای ئانژلیکا ئازیزە. خۆ ئەگەر ڤاسیاش شتێکی لێهاتبا لەوە بوو ئانژلیکا لە خەفەتدا بمرێ. بەڵام ئەم خۆشەویستیو هۆگرییە هەرگیز ئەوە نەبوو کە ڤاسیائارەزووی دەکرد! ئانژلیکا نەیدەتوانی ئەم مەبەستە بۆ ڤاسیا روون بکاتەوە، ئاهێکی هەڵکێشاو تەواو. بەڵام ڤایا بە ئەسپایی و بە دڵ و گیان دەیگوت:

– لە بیرمە کاتێ کە دیدەوان وپێشاهەنگ بووم هەموو رۆژێ لەگەڵ منداڵەکاندا دەچووم بۆ لێرەوار،جا چ لێرەوارێك! دەتگوت بەهەشتە. بۆ خۆ جۆلانەمان بە درەختەکانەوە هەڵدەبەست، کە گوژمەمان دەدایە خۆ تا حەل حەلەی ئاسمان دەچووین! کە بەرەو زەوی دادەکشاینەوە لە تۆ وایە

چ شتێکمان لە بن لاقاندا نییە! درەختەکان بە خێرایی لەبەر چاو ڕەت دەبوون و خوتەکەو خورپەیەکی سەیر دەکەوتە دڵ! جۆلانەکە دادەکشاو هەڵدەکشا، بۆ ساتێك دەوەستا، عاردی لەبەر چاو دەسوڕا! ڕان و پەز بە ئارامی لە لەوەڕگاکاندا دەلەوەڕا. دووبارە دادەکشای و دڵت دادەخورپا!..

ڤاسیا بێدەنگ بوو، ئەوجا بە ئەسپایی لە سەری ڕۆیی:

– ئانژلیکا کە تۆ دەبینم هەمان دڵە خورپەم پێدەکەوێ. لەڕۆێکا سەدجار تۆ دەبینم و سەدجار دڵم دادەخورپێ. دڵی تۆش... دادەخورپێ؟

ئانژلیکا بە ئەسپایی و وەکو یەکێك بپاڕێتەوە گوتی:

– ڤاسیا ئەم قسانە بێ سوودە. ڤاسیا هێشتا شەڕ دەدوامە.!

– با شەڕ بەردەوام بێ! ئاخر ئێمە مرۆڤین ئانژلیکا! کە لە شەڕی فاشییەکان بووینەوە زەماوەند دەکەین. دەبێ بمێنین ئانژلیکا. تەنانەت ئەگەر بشمرین... ئاخر زۆر ناخۆشە مرۆڤ بمرێ و نەزانێ خۆشیان دەوێ یان نا!

ئانژلیکا لە پڕ شەقامەکانی تریستی هێنانە بەر چاوی خۆی کە چۆن لە هەر گۆشەو کەنارێکی ئەو شەقامانەدا مەرگ لە بۆسە دایە بۆیان. ئانژلیکاو ڤاسیاش چەندین جار بە چاوی خۆ خەڵکیان دیتبوو کە ئەڵمانیەکان ئەشکەنجەیان دابوون و هەڵیانواسیبوون.

ڤاسیا دەزانێ کە چ شتێك چاوەڕوانیەتی.وێرای ئەوەش بەرەو پیری شەڕدەچێ، بێباکانە مل بە جەنگەوە دەنێ، ڤاسیا گەنجێکی ئازاو یەکڕوو و دڵپاکە! ئاشقێنییەکەشی پاك و تۆزێ ساویلکانەیە. ڤاسیا چۆنی گوزارشت لێدەکرد؟ دەیگوت: " درەختەکان بە خێرایی بە بەر چاوتا ڕەت دەبوون و مرۆڤ بەرزو بەرزتر دەبووەوە تا دڵە خورپەی پێدەکەوت!...". ڤاسیا تەنانەت بەراشکاوی داوای ئەشق ناکات، بەڵکو باوەڕی پێیەتی، زۆر سادەو ساکار وا هەست دەکا ئەوەی لە خەیاڵی خۆیدایە بەهەمان ئەندازە لە خەیاڵی ئانژلیکاش دایە. وەکو چۆن باوەڕی تەواوی بە سۆزو هەست و بیری چاك هەیە، وەك چۆن باوەڕی بە سەرکەوتن هەیە، بەو جۆرەش لە ئەشقەکەی نێوان خۆیان دڵنیایە. سەرانسەری بوونی ڤاسیا بە گۆرانییە قوڵ و بێ سنوور و ئینسانی ڕوسیەکان دەچێ... ئانژلیکاش حەزدەکا گوێ لەم گۆرانییانە بگرێ. بەڵام ئایا ڤاسیای خۆش دەوێ؟ نەء .. ئانژلیکا ناتوانێ ئەو هەستەی کە دەرهەق بە ڤاسیا هەیەتی نێو بنێ ئەشق و خۆشەویستی. ڤاسیای پێی گوت کە ئەشقی ئەو داوێ لە کەللەی، بەڵام ئەم قسانەی ڤاسیاهیچ جۆرە هەست و سۆزێکی تازەی لە دڵی ئانژلیکادا نەوروژاند. ئانژلیکا لەو دەمانەدا کە ڤاسیا قسەی دەکرد، بیری لای ئەو کەسە بوو کە هەمووی چەند شەقاوێ لە پێشیانەوە دەڕۆیی. کە ناوی ئەو کەسە دێت تەزوویەکی گەرم بە ڕوحی ئانژلیکادا دێت. بەڵام جارێ وەختی ئەم شتانە نییە. ژیانیان سەخت و دژوارە. ئێستا لەم کێوانەوە، قەنارەی سەر شەقامەکانی شار، لوولەی تفەنگ بە بەرچاوی ئانژلیکادا ڕەت دەبن. مەرگ... مەرگ. دڵی دەگوشرێ.. خەمی هاوڕێکانێتی، خەمی خۆیەتی... بەڵام تۆ ئانژلیکا، هەرگیز ترسی خۆت ناخەیە ڕوو. دلێرانە هەنگاو دەنێی و هاوڕێکەوت لەگەڵدایە...

ڤاسیا هاوڕێتەو هەمیشە مەرگ بۆی لە بۆسە دایە، تا ئەم مەرگە بۆی لە پارێزدابێ، نابێ کارێکی وا بکەی هەست بکا ئەشقەکەی ، ئەشقێکی یەك لایە نییە، وازی لێبێنە با بەو خەیاڵە شیرینەوە بژێ‌و ئەم ئەشقە پەڕو باڵی پێ ببەخشێ... هێشتا ئەم هەموو شەڕو شۆڕە لە ڕێیە.

ئانژلیکا بە دڵسۆزییەوە قۆڵی بە قۆڵی ڤاسیادا کرد، هەستی بە گەورەیی ئەم بڕیارەی کە ئێستا دابووی، نەدەکرد.

مەهدی لە پێش ئەوانەوە لەسەر تاوێرێك دانیشتبوو و پاژنەی پۆستاڵە زلەکانی بەعاردیدا دەکوتا. کە ئانژلیکاو ڤاسیای بەو حاڵەتەوە بینی تۆزێ قەڵس بوو. نائاسایی دەهاتنە بەرچاو...

مەهدی پرسی:

– باشە ئێوە دەزانن بۆچی دەچین بۆ تریست؟

ڤاسیا بە سەرسامییەوە گوتی:

– ئەی مەعنای چی! دەچین هۆڵی سینەماکە دەتەقێنینەوە...

– هەر بستێکی شەقامەکانی تریست بۆسەیەکەو لە پارێزی ئێمە دایە...

– جا با لە پارێزدا بێ، چما ئەمە یەکەمجارە بۆ ئەوێ بڕۆین ؟

نا، ورەیان ئاساییە، دەتوانین بڕۆین.

***

خۆیان بە گوندێکی نزیکی کەناردا کرد، لە دەرگای ماڵی باوەڕپێکراوەکەیان دا. دەبوایە شەو لەوێندەر ڕۆژ بکەنەوەو بەیانی ئونیفورمی ئەڵمانی لەبەر بکەن‌و بەرەو شوێنی مەبەست بڕۆن.

مەهدی وڤاسیا بڕیاریان دا لە کادێنەکەدا و لەسەر خەرمانە کایەکدابخەون‌و ئانژلیکا لەگەڵ کەیبانۆی ماڵەکەدا کە هەمان باوەڕپێکراوی ڕێکخراوی نهێنی هاوڕێ "پ" بوو بنوێ.

کەیبانۆی ماڵێ گۆشتی بزنی کوڵاوو ساردی لە قاپێکی چینیدا بۆ هێنان.. هەرچەند گۆشتەکە بێ خوێ بوو (ماڵەکە خوێیان نەبوو) بەڵام مەهدی زۆر بە تاسوقەوە بەشەکەی خۆی خوارد، مەهدی حەزی لە گۆشتی بزن نەبوو، لە باکۆدا بە گۆشتی مەڕ ڕاهاتبوو، کەچی ئێستا دەیتوانی سێ ئەوەندەی دی لەو گۆشت بزنە بخواو هەر گوێشی نەداتێ! لە شەڕا هەموو شتێك دەگۆڕێ. دویزی پارتیزانی خەڵکی کورس ئەگەر شەڕ نەبا دەبوا لە خەستەخانە بکەوێ کەچی ئێستا بە جۆرێ هەڵدەسوڕێ وەکو ئەوەی هەر هیچی نەبێ. فرەڕۆ نەخۆشی دڵی هەیەو هەمیشە شووشەیەك نیترو گلیسرینی پێیەو نایەڵێ کەس پێی بزانێ، ئەم بەخۆی هێند سەرقاڵە ئاگای لە نەخۆشی هەر نییە. ئاخر مرۆڤ ناتوانێ لە یەك کاتا هەست بە دوو ئازار بکاو خەمی ئازارە سووکەکەیان بخواو گوێ بە ئازارە قورسەکە نەدا!.

مەهدی هێند کفت‌و ماندوو بوو هەر زوو خەوی لێکەوت، بەڵام ڤاسیا و ئانژلیکا تا شەوگار تەواوێ ڕاکشا هەر لەبەر دەرگای عەمارەکەدا وەستابوون.

***

هۆڵی سینەماکە گەورە بوو، هەشت سەد کەسێکی دەگرت. ئەڵمانییەکان هەر بۆ بەرزکردنەوەو پاراستنی ورەی سەربازو ئەفسەرەکانی خۆیان هەموو رۆژێ فیلمی جەنگیان بۆ لێدەدان و لەو فیلمانەدا ئەوەیان نیشان دەدا کە سوپای ئەڵمان لە شکان نایەت.

ئانژلیکای دەبوو بچێ بۆ شارو بزانێ چ سەعاتێك پەردەی سینەما لادەبرێ و ئەم هەواڵە بە هاوڕێکانی بگەیەنێ. پەردە هەمیشە عەسران لادەدرا، بەڵام لە سەعاتی جیاوازدا. بڕیاریاندا لە چەند قوژێکی جیاوە خۆ وەشارا بکەن. سەرووی شاریان بۆ ئانژلیکا دانا کە سینەماکەش کەوتبووە وێندەرەوە. مەهدی و ڤاسیاش لە خوارەوە خۆیان وەشارا بکەن. پەنای دەرگای ماڵێکی نزیکی کە ناردەریایان بۆ یەکگرتنەوەی خۆیان دەست نیشان کرد.

لە قەراخ شارا دوعاخوازیان لێکدی کرد.

ئانژلیکا دەستێکی بۆ هەڵبڕین:

– بە هیوای دیدار.

پشتی تێکردن و ویستی بکەوێتە رێ. ڤاسیا بە ئەسپایی گازی کرد:

– ئانژلیکا!

مەهدی لە رووی نەزاکەتەوە، لێیان دوور کەوتەوە، ئانژلیکا لە ڤاسیا هاتە پێشەوە وگوتی:

– ئاگات لە خۆت بێ!

ئانژلیکا بە دەنگی بەرز ئەو قسەیەی کرد تا مەهدیش گوێی لێبێ، چونکە ئەو قسەییەی بەویش بوو.

– ئانژلیکا تۆش ئاگات لە خۆ بێ!

– بە هیوای دیداری هەرچی زووتر ڤاسیا!

ئانژلیکا دەیویست چەند قسەیەك لەگەڵ مەهدیش بکا، بەڵام لە خۆی رانەبینی.ڤاسیا بزەیەکی بە روویا داو گوتی:

– چاوەڕێت دەکەم ئانژلیکا!

... پاش نیو سەعات ئانژلیکا لە بینایەکی یەك نهۆمی عەمار ئاسا نزیك دەبووەوە. تارمەی بەر سینەماکە هەندێ تاریك بوو، کۆمەڵێ کەرەویتە لە تارمەکەدا بوون، وادیار بوو زۆر بە پەلە دانرابوون، غەڵبە غەڵب و حیلکەی پێکەنین و قریشکەو زەڵەی ژنانی سەر ئەو کەرەوێتانە لەوێوە دەهاتە گوێ.یەکێك لەو ژنانە ئانژلیکای گاز کرد:

– ئەهای خانم! کا وەرە لای من!

ئانژلیکا لێی نزیك بۆوە. ژنەی تاین مکیاجی کردبوو، عەتری لە خۆدا بوو، لەسەر یەکێك لە کەرەویتەکان پان ببۆوە. بە ئاستەم درزێك کەوتە پێڵوی چاوانی. بیلبیلەی چاوی لە شووشە دەچوون... ئانژلیکا دڵی تێك هەڵهات و لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئالوودەیە ؟" ژنە بە چاوی کڕیاری روانییە ئانژلیکاو گوتی:

– دەتەوێ بە ئەفسەرێکت ئاشنا بکەم؟ قۆزە! پارەکەشمان بە نیوەیی.

ئانژلیکا پرسی:

– جینگزو تووڕە نییە؟

قەوێدەکە گوتی:

– ئەمەیان موشکیلەی خۆتە. تۆ لە کوێوە هاتووی؟

– لە کارخانەی کیمیاویەوە .

– خراپ نییە.

ئانژلیکا گوتی:

– دەباشە، رازیم.

– لێرەدا بوەستە. ئێستا دێ.

– نا، دەبێ بەماڵەوە بڵێم کە درەنگ دەچمەوە، هەر بە غار دەڕۆم.

قەوێدەکە لە دواوە هاواری لێکرد:

– ئەهۆی جوانێ زوو بگەڕێوە. نیو سەعاتی دی فیلمەکە دەست پێدەکا.

ئانژلیکا لە دڵی خۆیداحیسابی کرد: "نیو سەعاتی دی،یانی سەعات حەوتو نیو".

ئانژلیکا بەرەو کەناری دەریا وەڕێکەوت، کە نزیك دەبووەوە تەقە تەقی پۆستاڵی ناڵچەداری هاتە گوێ. شەقامەکە گەمارۆ درابوو. فاشییەکان هەندێکیان بەجلی مەدەنی و هەندێکیان بە جلکی سوپاییەوە ئەو ناوەیان گرتبوو، هەر رێبوارێك بەوێدا رەتبایە رایان دەگرتو ناسنامەیان لێدەویست. ئەو رۆژە ئەمە چوارەمین تەفتیش بوو.

زۆری ێنەچوو ئانژلیکاشیان راگرت، بردیان بۆ لای پیاوێك کە جلی مەدەنی لەبەر بوو.

ئانژلیکا خۆی لە دەستی سەربازەکان راپسکاندو هاواری کرد :

– بەرم دەن، من لە کارخانەی کیمیاوی کار دەکەم. پەلەمە ئێستا نۆرە کارم دەست پێدەکا.

کابرای جل مەدەنی گوتی:

– ناسنامەکەت!

ئانژلیکا ناسنامەکەی لە قۆڵیا دەرهێناو نیشانی دا. کابرا مەدەنی دەستوری دا:

– بەری بدەن، با بڕوا.

ئانژلیکا پاش دەرباز بوون لە سێ گەمارۆ، کەوی بۆوە. بە لام لە بری ئەوەی روو بکاتە کارخانەی کیمیاوی بەرەو کەنار پێی هەڵگرت، ئەم کارەی هەڵەیەکی گەورەو کوشندە بوو. چونکە فاشییەکان کەوتبوونە تاقیبی. ئانژلیکا کە بەشەقامەکەدا تێدەپەڕی ئاوڕێکی پاشی دایەوە، سەیری کرد دوو زەلامی بە شوێنەوەن. ئانژلیکا هەنگاوەکانی سووك کردنەوە، یەکێك لە زەلامەکان بێوەی خۆی شێلو بکا بە تەنیشتا تێپەڕیو خۆی بە کۆڵانێکا کردو لە چاو ون بوو. کابرای دووەمیش ون بوو. ئانژلیکا وەستا. دڵنیا بوو لەوەی کە تاقیبی دەکەن. چ بکا؟ هەر لەو شەقامەوە بڕوا؟ کەشف دەبێ. بچێ بۆ لای هاوڕێکانی؟ هەم خۆیو هم ئەوانیش کەشف دەکا. ئانژلیکا گەڕایەوە، دڵنیا بوو کە رێی پێدەگرن. هەر واش دەرچوو، هەرکە ئانژلیکا گەییە سەری کۆڵانەکە ئەو دوو زەلامەی کە پێشتر ئانژلیکا هەستی پێکردبوون وەکو ئەوەی لە زەوییەوە هەڵقولا بن، بەردەمیان لێگرت.

– بێزەحمەت دەققەیەك!

ئانژلیکا وەستاو خۆی سەرسام نیشانداو پرسی:

– بە ڕێزینە ئەمرێکتان هەبوو؟

هەمان ئەو پیاوە مەدەنیەی کە سەیری ناسنامەکەی ئانژلیکای کردبوو، چاوی بڕییە دوڕچاوی ئانژلیکاو گوتی:

– بۆ ڕێگاکەت گۆڕی! حەزمان دەکرد هەر بەڕێی خۆتدا بڕۆی و نەگەڕێتەوە.

ئانژلیکا بزەیەکی کرد:

– ئەوە نییە دەڕۆم.

– نەء ، گەڕایتەوە. تۆ دەتویست بچی بۆ کەناری دەریا.

– کە ناری چی! دەبێ بچم بۆ کارخانەی کیمیاوی.

– باشە، بەڵام تۆ بەرەو کەنار دەچوویت؟

– ئاخر ویستم پیاسەیەکی ئەوێ بکەمو هەوایەك بگۆڕم.

کابرای مەدەنی کە بەرەبەرە حەسەڵەی دەچوو بە دەم مینگەوە گوتی:

– باشە تۆ پەلەت بوو کە فریای کارەکەت ناکەوی!

– ئاخر پێنج دەققەیەك دەرفەتم هەبوو، ویستم ئەم پێنج دەققەیە لەم هەوا خۆشەدا بگوزەرێنم، بۆنی کیمیاوی هەوای ناو کارخانەی ناخۆش کردووە. ئەیەڕۆ ئێستا شوتی کارکردن لێدەدا!.

ڕێك لەم کاتەدا دەنگی شووتی دوورو درێژی کارخانەکە بەرز بۆوە.

ئانژلیکا پەشۆکا، وگوتی:

– فەرموو ئەوەش دەنگی شووتی کارخانەکە و منیش بە قسەوە

ئانژلیکا بە غار بەرەو کارخانەکە غاری دا. کە گەییە ناوەندی شەقامەکە ماموورانی "S.S" ڕێگایان لێگرت. ئانژلیکا وەستا و ڕوانییە چواردەوری خۆی ،دەوری گیرابوو.

کابرایەکی تۆکمەی جل مەدەنی کە تازە گەیی بووە وێندەر، کارتێکی نارنجی چوارگۆشەی نیشانی سەردەستەی دەورێکان داو پرسی:

– چیە، چ باسە؟

– چ نییە، کچۆڵەیەکی کرێکاری کارخانەی کیمیاویمان گرتووە ، ناسنامەو بەڵگەنامەکانی تەواوە، بەڵام ڕەفتاری جۆرێکە!

– کامەیە.

ئانژلیکایان گرت، ئەویش خۆی رادەپسکاندو هاواری دەکرد کە بەری بدەن دەنا لەوەیە دوا بکەوێو لە کارخانە دەریبکەن.

کابرای تۆکمە گوتی:

– کوا با دەموچاوی ببینم!

ئانژلیکا کە چاوی بە سیمای کارانتی کەوت، دڵی داخورپاو خەریك بوو هاوار بکا.

کارانتی چووە پەنایەکەوە ،سەردەستەی دەورێیەکانی گاز کردو لێی پرسی:

– بۆ کویێ دەچوو؟

– بەرەو کەناری دەریا

– ئەدی بۆ تا ئاخری ڕێگاکە تاقیبتان نەکرد؟

– ئاخر لە نیوەی ڕێدا گەڕایەوە.

کارانتی وەکو شێت، یەك بەخۆی نەڕاندی:

– داوەشێن! عەمرتان نەمێنێ بۆ خۆتانو کارتان، باشترین دەرفەتتان لە کیس داوە! ئەمە ماموری شناسایی پارتیزانەکانە. ناوی ئانژلیکاتان نەبیستووە؟

سەرۆکی دەورییێەکە گوتی:

-چی؟ ئانژلیکا! ئەمەیە!! یانی تۆ دڵنیایی؟!

– گەوجە گەوج کوڕە! خێراکە هەموو ئەم گەڕەکەو گەڕەکی کەنار ئابڵوقە بدەن. ئەم چەتیوەش لەگەڵ خۆتان بەرە وا دەستی بابدەن تا هاواری بگاتە حەوت گەڕەکان! لەوەیە ئەوانەی چاوەڕوانین بە هاوارییەوە بێنو بیانەوێ فریای بکەون. بێگومان یوڵداشەکانی لەم دەوروبەرەنو نابێ لە دەستمان دەرباز بن!

***

مەهدیو ڤاسیا لە هەورەبانی خانووەیەکدا وەستا بوون، لە پەنجەرەیەکی بازنەییەوە دەیان ڕوانییە شەقامەکەو گوێیان هەڵخستبوو. بە ئاشکرا نیگەرانو پەشێو بوون. تا نیو سەعاتێ لەمە پێش بورجی کەشتییە جەنگییەکان لە لەنگەرگاکانی دەریاکەوە دیاربوون. دووکەڵی، دووکەڵکێشی کەشتییەکان بە ئاسانی دەبینرا.لە نێو تاریك و ڕوونی خۆرئاواوە وردە شەپۆلی زیوئاسا دەدرەوشانەوە.

بەڵام ئێستا، تاریکی شەو هەموو ئەمانەی شاردبۆوە. تەنیا بە دەنگی ئامبازبوونی شەپۆڵو کەنارەکەدا دیاربوو کە دەریاکە نزیکە. ڤاسیا چاوی بڕی بووە شەقامەکە، بە ئەسپایی گوتی:

– دنیا تەواو تاریك بوو.

مەهدی بێدەنگ بوو.

لە پڕ دەنگی ڤڕە ڤڕی چەند ئۆتۆمبێلێك هات. پاش تۆزێك تیشکی سپیواژی لایتی ترومبێلان مەیدانەکەی بەردەم دەریای کرد بە چراخان! سەرباز ،لە تومبێلان دابەزینو بەغار بە درێژایی کەنارەکەدا بڵاوبوونەوە. هەر فرمان بوو دەدرا. لێکدا لێکدا ئۆتۆمبێلی دی دەهاتە وێندەر.

ڤاسیا بە نیگەرانییەوە پرسی:

– ئەمە چییە؟

مەهدی بە ئەسپایی گوتی:

– پێ دەچێ تاقیبی ئێمە بکەن.

تیشکی سپیواژی لایتی ترومبێلان بەسەر شەقامو دیوارەکاندا دەخزی. ڤاسیا هەستی کرد ئەژنۆکانی شل بوون. دڵی داخورپا. ڤاسیا خەمی خۆی نەبوو، خەمی ئانژلیکای بوو! ناشێ

دەسگیریان کردبێ؟ "ئانژلیکا تەڕدەستو زیرەکە... نە ، مەحاڵە کە ئانژلیکا.. باشە ئەدی ئەم تەفتیشە ناوەختە چییە؟".

لە پەنجەرەکەوە گوێیان لە هاوارێکی دڵتەزێن بوو. ڤاسیا موچوڕکێکی پێدا هات، لەبەر پەنجەرەکە لاکەوت.

– ئانژلیکایە!

دەتگوت بەسەر دنیاوە نەما. دەتگوت پەتی جۆلانەکەی لە بەرزییەوە پچڕاوەو ئەو لە کەوتنایە. پەتی سێدارە.. لوولەی تفەنگ... بە خێرایی بە بەرچاویا رەت دەبن...

هاواری دووەمی ئانژلیکا، ڤاسیای لە دنیای خەیاڵ دەرهێنا. ڤاسیا پڕی دایە تفەنگەکەیو بەغار بە قاڵدرمەکەدا داگەڕا. بەڵام مەهدی بە گورجی خۆی گەیاندیو توند شانی گرتو هێنایەوە سەری. مشتو مڕیان کەوتە بەینەوە. ڤاسیا کە دەیویست بە تۆبزی خۆی لە دەستی مەهدی دەربێنێ، دەیگوت:

– مەهدی واز بێنە!بەرمدە، ئاخر ئانژلیکا دەکوژن! بەرمدە مەهدی!.

مەهدی گوێی نەدەدایێ. ڤاسیای راکێشایە هەورەبانەکەو لەوێ وەستا.

ڤاسیا لە نائومێدی و بێ دەسەلاتیدا هاواری کرد:

– ئانژلیکا! ئانژلیکا!

مەهدی توند دەستی خستە سەر دەمیو بە ئەسپایی و لێبراوانە گوتی:

– بێ دەنگ نەبی... خۆم دەزانم چیدەکەم. دەتەوێ تۆش بکوژن؟

ئانژلیکایان لێوە دیار نەبوو، هەر سا نا ساتێ قیژەیەکی دڵتەزێنی لێ هەڵدەستاو دەنگی نزیک تر دەبووەوە.

ڤاسیا بە نیمچە گریان و ، لە بن لێوانەوە گوتی:

– با بمکوژن! خۆ هەر نەبێ تا دەمکوژن بیست کەسێکیان لێ قڕ دەکەم! ئەگەر بشم گرن ئەوا لەگەڵ ئانژلیکا دەبم! مەهدی تکات لێدەکەم بەرمدە!...

ڤاسیا نەیتوانی قسەکەی تەواو بکا، کوتو پڕ بە لادا هاتو بەبێ تاقەتی پشتی بە دیوارەکەدا،دا

مەهدی لەوە دەترسا حاڵەتەکەی ڤاسیا سیرایەت بکاو ئەویش بگرێتەوە. دەیزانی ئانژلیکا لە چ ئازارێک دایە، چۆن ئەشکەنجەی دەدەن. ئەگەر ئەم کارەساتە جاران رووی دابا لەوە بوو مەهدی خۆی پێنەگیرێو بە دەمانچەی رووتەوە چووبا سەر شەقامەکەو لە پێناوی رزگارکردنی ئانژلیکادا ملی بە مەحاڵیشەوە نابا وئانژلیکا لە چنگی هیتلەرییەکان رزگار بکات، ئەو کارەی گەلێ پێ ئاسانتر بوو لەوەی بەمجۆرە لەبەر پەنجەرەکەدا بوەستێو گوێی لە هاواری دڵتەزێنی ئانژلیکا بێ. بەڵام مەهدی دەیزانی، هیتلەرییەکان ئەمەیان لە خوا دەوێو ئەم کارەش بۆ ئەوە دەکەن تا هاوڕێکانی ئانژلیکا غیرەت بیانگرێو سەرکێشانە بێنە دەرێو ئەوجا لە هەموو لایەکەوە بەر دەست رێژیان بدەن! نا، نەکەی مەهدی، لێرە بوەستە! خۆ تۆ لەوان بە هێزترو عاقڵتری... نەك هەر ئانژلیکات پێ رزگار ناکرێ بەڵکو ژیانی کەسانێکی دیکەش دەخەیە

خەتەرەوەو: فاشییەکان تەماشای فیلمی خۆ دەکەن‌و وەکو بەرزەکی بانان لە سینەماکە وەدەر دەکەون‌و مەگەر هەر خۆیان بزانن چەند خەڵکی چاك‌و ئابرومەند بە دەستی وان تیا دەچن. مەهدی قسەکانی سەرهەنگی بیر خۆی هێناوە: "تۆ بەر لە هەموو شتێك دەبێ وریای ئەوەبی کە ئەو ئەرکەی پێت سپێردراوە بە سەرکەوتوویی ئەنجامی بدەی". مەهدی وریا بە تۆ بۆ ئەنجامدانی کارێك هاتووی بۆ ئێرە.جڵەوی خۆت بگرە ها.

مەهدی دانەوییەوەو شانی ڤاسیای راتەکاند:

– ڤاسیا، برای ئازیز، هەستە، بەسەر خۆتا زاڵ بە! خێراکە ناتوانین چیدی لێرە ماتەڵ بین. ڤاسیا گوێت لێیە؟ ڕابە!

ڤاسیا وەکو یەکێك لە خەوا بێ بە حاڵ دەنگی مەهدی دەبیست. ڤاسیا چاوە لێڵەکانیبڕییە ئەو. بەرە بەرە وەخۆ هاتەوە.

مەهدی دەستوری دایێ:

– رابە ڤاسیا، دەبێ تا زووە لێرە بڕۆین.

رێك لەم کاتەدا دەنگی ئانژلیکا لە گوێیاندا گیرسایەوە، پڕ بە زاری هاواری دەکرد:

– بەرم دەن! نۆرە کارم دەست پێدەکا. پەلەمەو دەبێ فریا بکەوم! هەر ئێستا نۆرە کارم دەست پێدەکا، گوێتان لێیە؟

ئانژلیکا دەیویست هاوڕێکانی حاڵی بکا کە ئێستا سینەما دەکەوێتە کارو دەبێ پەلە بکەن....

مەهدی بە دەنگێکی خەمناکەوە گوتی:

– سوپاس ئانژلیکا، گوێمان لە دەنگتە..

ئەوجا رووی کردە ڤاسیا:

– گوێت لێیە ئانژلیکا کارەکەمان بیر دەخاتەوە! خێراکە دەبێ هۆڵی سینەماکە بتەقێنینەوە! گوێت لێیە ئانژلیکا بانگمان دەکات !

ڤاسیا هەموو قسەکانی ئانژلیکای دەبیست. بەسستی پشتێنەکەی توندکردەوەو بە ئەسپایی گوتی:

– با بڕۆین.

دیار بوو ئانژلیکا بە ناچاری ئەڵمانییەکانی بۆ گەڕەکی کەنار هێناون. دەبوایە بە زووترین کات خۆ لەم داوە دەرباز بکەن. ڤاسیا بە پەرۆشەوە گوتی:

– چاوەڕێی چیت؟ با فریای سینەماکە بکەوین!

مەهدی بیری لەوە دەکردەوە چۆن لەوێ وەدەرکەون، بە دەم بیرکردنەوەوە گوتی:

– باشە... ئەگەر بتوانین.

مەهدی بە رواڵەت هێمن‌و ئارام بوو، بەڵام هزرو بیری جەنجاڵ‌و پەشێو بوو. بەر لەوەی ئەم هەورەبانە هەڵبژێرێ، هەموو کون‌و کەلەبەرەکانی ئەم خانووەی تاقیب کردبوو. هەورە بانەکە

دەچووە سەر چەند دالآنو دەروازەی گەورەی دی کە هەر یەکەیان دەچۆوە سەر شەقامێك. بەلأم گەڕەکەکە لە ئابلۆقەی تەواودا بوو، هەموو ڕێیەکیان لێ تەنرا بوو.

ئەوەی کە یارمەتی دەدان تەنیا تاریکی شەوو ئەو ئونیفورمە ئەڵمانییە بوو کە هەردووکیان لەبەریان کرد بوو.

مەهدی هاتە بەر پەنجەرەکە، چاوی بە مەیدانەکەدا گێرا. مەیدانەکە پڕبوو لە ئەڵمانیانان. بڕ بڕ ئەڵمانی لە دەرگاو دەروازەی ماڵەکان دەهاتنە دەرێو خەڵکیان لە ملێ دێنایە دەرەوە. خەڵکی نەیان دەزانی بۆ لە ماڵ دەیان هێننە دەرێوداوای ناسنامەو تەسکەرەکانیان لێدەکەن. خەڵکی پرتەو بۆڵەیان دەکردو جنێویان دەدا. لە مەیدانەکەدا هەراو هەنگامەیەکی سەیر بوو. مەهدی سەیری کرد ئەڵمانەکان بەرەو ئەو ماڵە دێن کە ئەمانی لێبوون. مەهدی وەکو ئەوەی چاوەڕێی ئەم دەرفەتە بووبێ بە پەلە ڤاسیای بانگ کرد:

– لەزێکە ڤاسیا، بلا بچین! دەبێ خۆمان لە نێو سەربازەکاندا ون بکەین. تێدەگەی؟ دەبێ وا بنوێنین کە لەگەڵ واندا تاقیبی پارتیزانەکان دەکەین.

– باشە.

بە تۆپزی دەروازەی خانووەکەیان کردەوەو بە فڕکانێ گەیشتنە سەر شەقامەکە.سێ ماموری ئێس.ئێس بەرەو ئەوان غاریاندا. دیارە پیاوانی "S.S" سەریان لەوە سوڕما بوو کە ئەم جووتە کەی چوونەتە ئەو ماڵە، لە کاتێکا هێشتا کەسی دی نەگەیی بووە ئەو ماڵە.

مەهدی فەرمانی دا:

– خێرا ئەو ژێر جەمەلۆنە بگەڕێن، هەندێکی دیش لەگەڵ خۆدا بەرن، دەرگاکەی بشکێنن!

مەهدی هەمان ئەمری بە چەند "S.S"یکی دیکەش کرد، لە ماوەی ١-٢ دەققەدا نزیکەی ١٥ هیتلەری هڕیان کرد بۆ نهۆمی حەوتەم تا لەوێوە بگەنە بن جەمەلۆنەکە.

ڤاسیای چاوی بە چواردەوری خۆیدا دەگێڕاو بۆ ئانژلیکا دەگەڕامەهدی سیخورمەیەکی بە کەلەکەیا کێشاو بە گوێیدا چپاند:

– خێراکە بە دەستە چەپا، ئەوێ قەرەباڵغترە.

ڤاسیا بە شێوەیەکی میکانیکی حەرەکەتی دەکرد. بیری پەریشان بوو. ئانژلیکا لە ناو ئەم قەرەباڵغییەدایە ... ئەشکەنجەی دەدەن. ڤاسیاش ئاگای لێیە و ویڕای ئەوەش هیچی لە دەست نایەت کە رزگاری بکات!.

مەهدی دووبارە پێی گوتەوە:

– بە چەپا، چەپا!

مەهدی کە دەیبینی ڤاسیا حەواسی بە خۆ نییە، ناچار هەمووهۆش‌و گۆشی خستبووە گەڕ.

ئەڵمانییەکان لە هەر چوار لای ئەوانەوە لە هاتوچۆدا بوون. مەهدی بێ باك‌و گورج‌و شارەزا بەناویانا پێچی دەکردەوەو بەرە بەرە دەچووە پێشێ.ئەگەر خۆی‌و ڤاسیا فریای پێچی ئەو سەری شەقامەکە بکەون، ئەوا بە پەلە خۆ بەو ماڵەی بەرامبەریاندا دەکەن‌و دەچنە حەوشەوەو دەتوانن بە دەروازەکەی پشتەوەدا بڕۆن‌و لە گەمارۆی ئەڵمانەکان دەرباز بن.

هێشتا سی مەترێکیان مابوو بگەنە پێچی شەقامەکە، کە مەهدی کوتو پڕ لە جێی خۆی وشك بوو، کارانتی لە سیلەی پێچەکەدا وەستا بوو، لەبەر تیشکی کزی گڵۆپەکەدا تارمایی ئاسا وەستا بوو و ئەمری بە دوو نازی دەکرد.

مەهدی بە ئەسپایی بە ڤاسیای گوت:

– بگەڕێوە! نا، تازە درەنگە. بینیمانی. ڤاسیا ئەگەر بانگی کردین، دەبێ بچین بۆ لایو هەرکە گەیشتینە لای تەقەی لێبکەین. بەڵام ئاگات لێبێ نابێ گوللەمان بە خەسار بچێ!... ڤاسیا بە نیسبەت ئانژلیکاوە لێم زویر مەبە. لەوە پترم لە دەست نەدەهات.

ڤاسیا راستەوخۆ روانییە چارەی کارانتی.

مەهدی گوتی:

– با بڕۆین!

ئەوانیش وەکو هەموو ئەو کەسانەی دەوروبەریان بە پەلە چوونە پێشێ،هێشتا حەوت هەشت هنگاویان مابوو...

ڤاسیا لە بن لێوەوە پرتاندی:

– سەبرم سوا!

– سەبر کە.

– ئەدی ئێستا دەبێ؟

– ئارامت بێ.

ڤاسیا زۆر چاك چارەی کارانتی دەبینی. کارانتی کە چاوەڕوانی وان بوو، لەبەر هۆیەکی نادیار دەیڕوانییە شوێنێکی دی.

–مەهدی ماتەڵی چیت؟

بەڵام لەم کاتەدا رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو روویدا. کاتێ گەیینە ئاستی کارانتی، کارانتی ئاوڕی لێدانەوەو بە تووڕەیی گوتی:

–خاوە خاوی چیتانە! ئەگەر بەم حاڵە بجوڵێن ناگەنە کیسەڵیشدا! خێرا بە دەستی چەپدا پێچ بکەنەوەو بڕۆن بۆ دالانی سێیەم.

کارانتی لە تاریکییەکەدا نەیناسینەوەو وایزانی ئەوانیش ئەڵمانین، ئیدی هەم خۆی لە مەرگ رزگار بوو و هەم مەهدیو ڤاسیاش توانیان بگەنە بەر دالانی سێیەمو لەوێندەرەوە خۆ بە ماڵەکەی بەرانبەردا بکەن... رێگاکەی بەردەمیان واز بوو. بە خۆیان دەیزانی بە چ موجیزەیەك رزگار بوون. هەم خۆیانو هەم کارانتیش، ئیدی وا رێکەوت. کارانتی بۆ ئەوان دەگەڕاو ئەوانیش دەمێ بوو تاقیبی کارانتییان دەکردو دەستیان نەدەگەیشتێ... کەچی لێرەدا تووشی یەك بوونو بە ناچاری لێکیش دوور کەوتنەوە. با بمێنێ بۆ جارێکی دی...

ڤاسیا زانی، کارانتی ئانژلیکای ناسیوەتەوەو بە گرتنی داوە. ئێستا دوعا دوعای بوو کە کارانتی بدێنێتەوەو تۆڵەی بەرو دوای لێبکاتەوە. داخی هەرە گەورەی ئەمە بوو کە بۆ مەهدی

لەگەڵدایە. ئەگەر مەهدی لەگەڵدا نەبوایە یەك خەشابی لە كارانتی دا بە تاڵ دەكرد، رقی هەموو دنیای لێبوو.

رق بەری چاوی ڤاسیای گرتبوو، دەوروبەری خۆی نەدەبینی. نەیدەزانی مەهدی چۆن و لە كوێوە ئەوی هێناوەتە ئەم كۆڵانە تەنگ و چۆڵەوە .

مەهدی و ڤاسیا كە چوونە هۆڵی سینەماكەوە، فیلم دەستی پێكردبوو. سوپای رایشی سێیەم لە سەر شاشەی سینەماكەوە، لە خەتی ماژینو دەپەڕییەوە.

مەهدی و ڤاسیا دەبوو هەر یەكەیان لە شوێنێكی هۆڵەكە دانیشن، تا دینامیتكە لە چەند جێیەك دابنەن و هەركە تەقییەوە هەموو هۆڵەكە بە حەودا بەرێ. بەڵام داخی ئانژلیكا بیری مەهدیشی شێواند بوو. جاران كە چالاكییەكی دەكرد حیسابی هەموو وردو درشتێكی دەكرد، هەموو جەمسەرەكانی دەدۆزییەوەو پێكەوەی گرێ دەدان، بەڵام ئێستا لەبەر پەرتی بیرو حەواس فریا نەكەوت.

زۆربەی كورسیەكانی ناو هۆڵەكە گیرابوون. مەهدیو ڤاسیا خۆیان بۆ كورسیەكانی دوای دواوە كوتا. چونكە چاویان بە تاریكییەكە رانەهاتبوو، كوێرە كوێر هەنگاویان دەناو لە سەربازان دەكەوتن و پێیان بە پێی ئەمو ئەوا دەنا. پرتەو پۆڵەی سەربازان لە هەموو لایەكەوە بەرز بۆوە.مەهدی و ڤاسیا دەتگوت بە قەد پاڵێكی رژدا هەڵدەگەڕێن.

ئەنجام كورسی بە تاڵیان دۆزییەوە. مەهدی قۆڵی ڤاسیای راكێشاو دانیشتن. مەهدی ئانیشكێكی لە قەبرغەی ڤاسیادا، هەردووكیان تەرەقەكانیان لە نێو گیرفانیاندا كردەوە، ئەوسا جانتاكانیان لە شان داگرتو خستیانە بن كورسییەكانی ژێر خۆیان.

ئێستا دەیانتوانی تەماشای شاشەی سینەماكە بكەن، فیلمی فاشیانەی "سەركوتكردنی ئەوروپا" ئیشی دەكرد. ئاسمان لە فڕۆكەدا رەشی دەكردەوە، تەواوی بونەوەرانی سەر زەمین دەكەوتنە ژێر زنجیری تانكی بە كاسە سەرو خاچی شكاو نەخشێنراوو دەمردن. خانوو یەك یەك وێران دەبوو،كەشتیانی جەنگی بێشومار دەریاكانیان دەكێڵا.جەنگ لە ژێر ئاویشدا بەردەوام بوو–دزانی دەریایی فاشیستی كە دەتگوت بە تایبەتی هەڵبژێردرابوون ، هەموو زەلامو ردێن درێژ موشەكیان بە كەشتییەكی فەرەنسییەوە دەنا، كەشیتییەكە نقووم بوو و ستونی ئاو لە شوێنەدا كە تۆزێ لەوە پێش كەشتییەكەی لێوەستابوو چوو بە ئاسمانا. ئەم دیمەنە سامناكانە بۆ ئەوە بوو كە تەماشاكەران قەناعەت بكەن هێزی سوپەرمانی هیتلەرییان لە بەزین نایەت. لە دیمەنێكی دی دا جەنگەڵی كۆمپەنی نیشان دا كە چۆن لەوێ دا فەرەنسییەكان تەسلیم دەبوون و هیتلەر بە رەزامەندییەوە دەستی بە یەكدا دەخشاند. دوای ئەمە كۆمەڵێ دیمەنی دی هاتە سەر شاشەكە كە سەركەوتنی یەك لە دوای یەكی هیتلەرییانی نیشان دەدا.

بەڵام ئەڵمانییەكانی نێو هۆڵەكە زۆر بە ساردی دەیانڕوانییە فیلمەكە: ئەم رووداوانە كۆن بوون و مەحاڵ بوو دووبارە ببنەوە...

بەڵام ڤاسیا تاقەتی چوو ونەیدەتوانی لەوەی پتر لێرەدا دانیشێت... بەو بوایە تفەنگەكەی سوار بكاو ئەڵمانییەكانی بەردەم خۆیان بەر دەستڕێژ بدا "ئەگەر مەهدی نەدەبوو، بەس مەهدیم

لەگەڵ نەبوایە..." ڤاسیا روحی خۆی بەلاوە گرینگ نەبوو، بەڵام ئامادە نەبوو بچووکترین ئازار بە مەهدی بگا! تاقە بەرهەڵستی ڤاسیا ئەم هەستە بوو.

شاشەی سینەماکە ببوو بە مەیدانی شەڕ، گرمەی تۆپ و هاژەی خومپارە، هاڕەی فڕۆکە کە بە نزمییەوە دەفڕیو خەڵکی بەر ڕەشاشو شەست تیر دەدا... ترسیان دەخستە دڵەوە. چیکوسلۆڤاکیا تەسلیم بوو، فاشییەکان سەرکەوتووانە بەرەو پۆڵەندا دەچوون. هەموو لەبەر دەم دەسەڵاتی ئەوانا سەریان شۆڕ دەکرد.

دیمەنی گولله بارانی ژنو پیرەمێران لەسەر شاشەکە نیشان دەدەن ، وێنەی سەربازان لە نزیکەوە نیشان دەدەن .ئەمانە "قارەمانی نەتەوەیین".

لە پڕ سەربازێکی نێو هۆڵەکە هاواری کرد:

– ئەها ئەوە منم! منم! بینیتان؟ ئەوە من بووم!

بەڵام چ کەسێك وەڵامی نەدایەوەو ئافەرینی نەکرد... هەموو ئەم ڕووداوانە کۆنن، زۆر کۆنن.

زۆر کەسی تری هۆڵەکە خۆیان لەسەر شاشەکە دەبینیو فیلمیان گیرابوو، بەڵام کەسیان وەکو ئەم گەوجە خەڵکەکەیان بێزار نەدەکردو هاواریان ناکرد:"ئەوە منم!"

سەربازەکان هەستیان بەو نسیبەتە دەکرد کە نزیك دەبووەوە، ئیدی ئەوانە خەمی چارەنووسی ئاڵمانی نازییان نەبوو، بەڵکو نیگەرانی چارەنووسی ئایندەی خۆیان بوون. دەیانویست دیمەنەکانی سەر شاشەکە فەرامۆش بکەن. ئەم دیمەنانە ورەی بەرز نەدەکردنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیترساندنو بۆ وان وەکو قەرارێکی قورسی مەحکەمە بوو.

مەهدی بەدەنگیٚ کە ئەوانەی تەنیشتیشی گوێیان لێبیٚ بە ڤاسیای گوت:

– من ئەو درێژە لۆزندەرە دەناسم، من ئەم فیلمەم جارێکی دی دیتوە.

ڤاسیا وەڵامی نەدایەوە، ١٢ دەقەقەیەك بۆ کاتی تەقینەوەکە مابوو.مەهدی دووبارە ڤاسیای راتەکاندو بە دەنگی بەرزتر گوتی:

– ئا، خۆیەتی، من ئەم فیلمەم دیوە.

ڤاسیا هەموو شتێکی لا پوچ بوو. هاواری ئانژلیکا لە گوێیا دەزرنگایەوە. وای هەست دەکرد ئەم هاوارە لەسەر شاشەکەوە، لە نێو هاڕە هاڕی تانكو گرمە گرمی فڕۆکەکانەوە دیٚ.

مەهدی هەستا، بەدەم راکێشانی ڤاسیاوە گوتی:

– ئەمە جاری سێیەمە کە ئەم فیلمە دەبینم.

هەمدیس پرتەو بۆڵە لە هەموو لایەکەوە بەرز بۆوە. سێبەری مەهدیو ڤاسیا بۆ ماوەیەکی کورت کەوتە سەر شاشەکەو پاشان ون بوو.

***

ڤاسیا و مەهدی پەلەی ئەوەیان بوو تا زووترە لەوێندەر دوور بکەونەوە. ملی هەمان رێگایان گرت کە ئانژلیکا پێیدا هاتبوو بۆ ئێرە. لە چوارڕیانێکی گەڕەکەکانی ناوەندی شارا هەنگاوەکانیان سووك کردەوە.

ڤاسیا سەیری شاری دەکردو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئانژلیکا گیان.. ئێستا گوێت لە دەنگمان دەبێ، بەڵێ گوێت لێدەبێ و دڵنیا دەبی کە ئێمە زیندووین و تۆڵەت دەستێنین!"

مەهدی گوتی:

– تەواو، کاتەکە تەواو.

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە بەرز بووەوە.

مەهدی نەیدەزانی هێشتا نەگبەتی بەری نەداون – دینامیتەکەیان لە یەك سوچی سینەماکەدا دانابوو، تەنیا لا دیوارێکی سینەماکە روخاو چەند کەسێکی کەم لە ئەڵمانییەکان کەوتنە ژێر دارو پەردووەوە. بەشی هەرە زۆریان بە سەلامەتی دەرچوون، وەکو سەگی هار کەوتنە هاتووچۆ بە دەوری دیوارە رووخاوەکەدا. پاش چەند دەقیقەیەك دیسان تیشکی لایتی ئۆتۆمبێل شەقامەکانی تریستی کرد بە چراخان و رۆژی روناك، ئەو جادانەی بۆ دەرێی شار دەچوون پڕ بوون لە ماتۆڕسکیل...

بەڵام مەهدی و ڤاسیا دوور کەوتبوونەوە، ئەوان بە گردە پڕ هەورازو نشێوەکاندا هەڵدەگەڕان و ماتۆڕەکان نەیان دەتوانی بەو هەورازو نشێوانەدا سەر بکەون.مەهدی و ڤاسیا نەیان دەتوانی غار بدەن، پێیان لە دڕك و بنجك و بەردان هەڵدەکەوت. بە دەما دەڕمان و هەڵدەستانەوەو دەخلیسکان...

بەم حاڵەشەوە فاشییەکان توانیان شوێن پێی جووتە پارتیزانەکە هەڵبگرن. مەهدی و ڤاسیا تازە لە کانە بەردێکی تەرك کراو رەت ببوون. لە پڕ گوێیان لە حەپەی سەگ بوو کە بە دوایانا دەهات. پاش تۆزێك لە پشتەوە یەکەم تەقەیان لێکرا. گوللەی یەکێك لە ئەڵمانەکان تیغی کردو بەر پێی ڤاسیا کەوت و نینۆکی کەڵە موستی پێی برد. پۆستاڵەکەی پڕ بوو لە خوێن. مەهدی کە زانی ڤاسیا زۆر دەشەلێ، وەستا:

– چی بووە؟

– چ نییە، پەنجەی پێمە.

بەڵام ڤاسیا هەستی دەکرد خەریکە پەکی دەکەوێ وناتوانێ غار بدات . سەگوەڕەکە بەرە بەرە نزیکتر دەبووەوە. سەگەکان لەسەر گردەکەی نزیکیانەوە دەرکەوتن.. دوو سەگی پۆلیسی بە مڕەمڕ وا تاویان دەدا لەوە بوو زنجیرەکانیان بپچڕن.

مەهدی هاواری کرد:

– ڤاسیا،خۆت بدە بە ئەرزا!

بە خۆیشی راکشاو گوتی:

– ڤاسیا، ئەم سەگانە لە نێو نەبەین کارمان گەننە!... بەڵام مقەیەت بە گوللەت بە خەسار نەچێ!

دەنگی دوو فیشەك تێکەڵ بوون. سەگەکان یەك بەخۆ دەیان قروسکاند... ئەڵمانەکان دەستبەرداری تەقەکردن نەبوون، هێرشیان کردە سەر ئەو گردەی کە مەهدی و ڤاسیا خۆیان تیا شاردبووەوە

چەند گوللەیەك بەر ئەو تاوێرە گەورەیەی کەنار مەهدی‌و ڤاسیا کەوت‌و تیغیان کرد. تەماشایان کرد کۆمەڵە سەربازێك چەشنی تارمایی بە گردەکەی واندا هەڵدەگەڕێن، مەهدی سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، پشتیانەوە هەڵدێرێکی هەزار بە هەزاری پڕ درەخت‌و دەوەن بوو، لای چەپیان جادەیەکی فەرعی بوو کە بە کێوێکا سەردەکەوت.

ئەگەر لە جادەکەوە بڕۆشتنایە بڕۆشتنایە ئەوا سەربازە ئەڵمانەکان زوو دەگەیینە سەریان...و ڤاسیا نەیدەتوانی بە شاخەکەدا سەربکەوێ، مەهدی بەئەسپایی پێی گوت:

– ڤاسیا، تۆ دەمانچەکەی من هەڵگرەو تفەنگە ئۆتوماتیکەکەی خۆتم بدەیێ.

ڤاسیا، چەکەکەی خۆی بۆ درێژ کردو بە شپرزەییەوە گوتی:

– بە تەمای چیت؟

– ڤاسیا تۆ گوێ بگرە، ئەو جادەیەی دەستە چەپمان دەبینی؟

–ئا، دەیبینم

– من بۆ ماوەی چارەکێك بە تەقەوە دەیان خافڵێنم‌و تۆش لەم ماوەیەدا تا دەتوانی بڕۆو لێرە دوور بکەوە. ئەگەر من فریات نەکەوتم ئەوا چاوەڕێم مەکەو بڕۆ، هەوڵبدە خۆت بگەیەنییە تیپ.

ڤاسیا لێبڕاوانە گوتی:

– نەخێر!

– ڤاسیا، ئێمە چەند چرکەیەك دەرفەتمان هەیە! وا دەزانی من هەروا بە ئاسانی دەکەومە دەستیان؟ من لە هەڵدێرەکەوە دادەگەڕێم. باوەڕ ناکەم شتاقیان بوێرن لەوێوە دوام بکەون.!

– مەهدی ناڕۆم!

– ڤاسیا، ئاخر ئەگەر تۆ بمێنیتەوە هەردووکمان دەکوژرێین. بەڵام ئەگەر بە قسەم بکەی ئەوا هەردووکمان دەخەلەسێین! یەکسەر بڕۆوە بۆ ئۆردوگا. دەی خێراکەو ئەمرت پێدەکەم!.

ڤاسیا بە دەم رۆییشتنەوە خێرا خێرا ئاوڕی دەدایەوە. مەهدی ئەڵمانییەکانی بەر تەقاندا. چەند تەققەیەکی دەکردو خێرا شوێنەکەی دەگۆڕی. بەمجۆرە دەرفەتی هاتنە پێشەوەی ئەڵمانەکانی نەدەداو بە خۆیشی بەرە بەرە لە تیغەی هەڵدێرەکە نزیك دەبووەوە. ئەنجام لاقەکانی لە تیغەی هەڵدێرەکە شۆر بوونەوە. لاقەکانی گرمۆڵە کردن و سەری دایە پەنا تاوێرێك. پەیتا پەیتا نارنجۆکیان دەهاوییە مەهدی، بەڵام تاوێرەکە ببوو بە سوپەری‌و مەگەر وردە بەردو خۆڵی بەسەردا بارییبا. چ نارنجۆکێك لە پشتییەوە نەدەتەقی. ئەگەر لە پشتەوە نارنجۆکیانیش تێ سرەواندایە ئەوا دەکەوتە نێو قوڵایی دۆڵەکە و چ کارێکی لەو نەدەکرد.

مەهدی ئەگەر ویستبای لە مێژ بوو دەیتوانی لە هەڵدێرەکەوە داگەڕێ‌و لە ئەڵمانییەکان ون ببێ، بەڵام بیری لە لای ڤاسیا بوو: تا زیاتر فاشییەکان ماتەڵ بکا، ڤاسیا پتر دوور دەکەوێتەوە...

ڤاسیا ملی جادە فەرعییەکەی گرت، لە سەرەتاوە غاری دەداو ئازاری پەنجەی پای فەرامۆش کردبوو. بەڵام وردە وردە پێی سڕ بوو و خاو بۆوە. زۆرجار دەوەستاو گوێی بۆ دەنگی دووری تەقەکان رادەدێراو بە شپرزەییەوە بە خۆی دەگوت: "باشە مەهدی بۆ ناڕوا؟".

پڕ به دڵ حەزی دەکرد بگەڕێتەوە بۆ لای مەهدی. بەڵام مەهدی هەقی بوو: چونکە نەیان دەتوانی دوو بە دوو لە چنگی ئەڵمانەکان دەرباز بن. باشە ئەدی چۆن هاوڕێکەی بەجێ بێڵێ؟ ئەگەر ئازاری پێی کەسیرەی نەکردبا بێگومان دەگەڕایەوە. بەڵام ئەو بەرەو جەنگەڵ کشا، چەند دەققەیەکی دیش تەقە بەردەوام بوو و پاشان کپی و بێدەنگی زاڵ بوو.

ئەڵمانییەکان پاش ئەوەی هەستیان کرد تەقەیان لێناکرێ هەڵوەستەیەکیان کردو ئەوجا بە سڵکردنەوە روویان کردە ئەو تاوێرەی تۆزێ لەمە پێش تەقەی لە پشتەوە دەکرا. بەڵام چ تاوێرێکی ئەو ناوە کەسی لە پشتەوە نەمابوو.

گیریان خوارد،هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەم نەبوو، تەنیا ڕێگای هەڵدێرەکە نەبێ ، هەڵدێرەکەش هێند رك و تووش و هەزار بە هەزار بوو پشیلەشی لێ بەربوایەتەوە دەمرد.

ئەڵمانییەکان پاش راوێژو تەکبیرێکی زۆر بڕیاریان دا تا سپێدە لەوێ بمێننەوەو ئەوسا بچنە دۆڵەکەوە و جەنازەکان لەگەڵ خۆیان هەڵگرن و بیانبەن بۆ تریست.

بەڵام چ جەنازەیەکیان لە دۆڵەکەدا نەبینی.

***

ڤاسیا درەنگ، لە بەرەبەیانێکی زوودا، ئەویش بە یارمەتی جووتیارانی ناوچەکە گەیشتەوە سەرکردایەتی تیپ.

دکتۆر هاتە دیاری و کەوتە شۆردن و تیمارکردنی زامەکەی. فرەرۆو سەرهەنگیش بە دیارییەوە وەستابوون، ڤاسیاش وەکو یەکێك وڕێنە بکا بە دەم سوێ و ئازارەوە هەموو بەسەرهاتەکەی لە نووکەوە بۆ گێڕانەوە.

ڤاسیا نەك بە هۆی زامەکەیەوە، بەڵکو بە هۆی ئەو بەزمەوە کە لەم دوو ڕۆژەدا بەسەری هاتبوو تەواو شەکەت و بێزەوەر بوو بوو. ئانژلیکای لەبەر دەستی ئەڵمانییەکان جێ هێشتبوو، مەهدیش بێ سەرو شوێن بوو.

هەموو ئەمانە بۆ ڤاسیا لە خەونێکی ترسناك و بێ سەروبن دەچوون. ڤاسیا دەیویست لەم خەوە رابێ و ئەم مۆتەکە ترسناکە لە خۆی بتارێنێ... بەڵام ئەم مۆتەکەیە حەقیقەتێك بوو، مەحاڵ بوو بە ئاسانی دەستبەرداری بێ.

ڤاسیا لەجێدا کەوت. کەوتە وڕێنەو لێکدا لێکدا دەیگوتەوە کە نەیویستووە بڕوا، نەیویستووە بڕوا!.

دکتۆر بە سێرگی نیکولایوفیچ و فرەرۆی گوت:

– تایەکی گەرمی لێیەو وڕێنە دەکا.

– باش بوو پێیان نەگوت کە ئەو چالاکییەی لە سینەماکەشا کردویانە چی وا نەبووە...

سەرهەنگ بە داخ و کەسەرەوە و لە بن لێوانەوە گوتی:

– بەڵێ، هەڵە لەسەر هەڵە...

سەرهەنگ لە داخا سەری داخستبوو، بەڵام لە پڕ وەکو بڵێی شتێکی بیر کەوتەوە، سەری هەڵبڕی و بە دەنگە ئاساییەکەی کە بە گوێی هەموو تیپەکە ئاشنا بوو، بە فرەرۆی گوت:

– دەبێ هەر ئێستا مەفرەزەیەك بەدوی مەهدی دا دەربکەین. من لەگەڵیان دەڕۆم.

فرەرۆ بە نارەزاییەوە گوتی:

– نەخێر سەرهەنگ، ئەم کارە یەکێکی دەوێ کە بەرد بە بەردو کەستەك بە کەستەکی ئەم ناوچەیە شارەزابێ. تۆ لێرە بە من لەگەڵیان دەڕۆم.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ هەندێ داما. مانەوەی پێ زەحمەت بوو و پێی وابوو لەوانی دی چاتر لە عۆدەی ئەم کارە دێ. بەڵام لە راستیا فرەرۆ شارەزای بەرد بە بەرد و بنچك بە بنچکی ئەو ناچەیە بوو.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ لە ناخا پەشێو بوو، بەڵام بێوەی بە تەواوی ئەم پەشێوییە دەربڕێ گوتی:

– دەزانی دەبێ چیبکەن... هێندی بۆتان کرا تاقیبی بکەن.... ئەگەر هەر نەتان دۆزییەوە ئەوا پێوەندی بە هاوڕێ "پ" بکەن، بەڵکو ئەو شتێك لەمەڕ چارەنووسی مەهدیو ئانژلیکا پەیدا بکا! نەوەك مەهدی توڕە بووبێودەسکە گوڵێکی بە ئاوا دابێت!...

فرەرۆ سەری دانەواند:

– خەمت نەبێ، هەموو ئەم کارانە دەکەم.

پاش دە دەقیقەیەك پەلێ پارتیزانی چەکدار لە جادەیەکی کوێستانییەوە شۆڕ بوونەوە. فرەرۆ رێبەری ئەم پەلەی دەکرد.

کۆڕەوەکە لەوە دژوارتر بوو کە فرەرۆ تەسەوری دەکرد. ئەڵمانییەکان بە هەموو شوێنێکا بڵاو ببونەوە. پارتیزانەکان ناچار دەبوون بەردەوام رێی خۆی بگۆڕنو بەرەو قوڵایی لێرەوار بڕۆن. بە هەزار زەحمەت خۆیان گەیاندە ترۆپکی ئەو هەڵدێرەی ماوەیەك لەمە پێش مەهدی شەڕێکی نا بەرانبەری لەگەڵ فاشییەکاندا تێدا کردبوو: دوگمەی پاڵتۆی سەربازیو کاسکێتی بە گوللە دابێژراوی لەو ناوە بەجێ ماو، نیشانەی ئەوە بوو کە مەهدی گەلێکی لە فاشییەکان کوشتووە.

قەد پاڵی هەڵدێڕەکە پڕ بوو لە پارچە نارنجۆك و وردە بەرد .

هەر پارتیزانە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "بەڕاستی لە تەنگانەدا بووە، زۆری زەحمەت دیتوە".

کوڕێکی لاوی بولغاریی هاتە نك فرەرۆ و گوتی:

– لە دۆڵەکەدا جێ پۆستاڵی ئەڵمانی دیارە.

فرەرۆ هاتە جۆش:

– ئاخر مەهدیش پۆستاڵی ئەڵمانی لە پێدابوو!

بولغارییەکە بە سیمای گرژەوە وەڵامی دایەوە:

– ئاخر جێ پێیەکی زۆری لێیە.

لقی دار کاژان نوشتا بوونەوە، وادیار بوو یەکێك بەدەم داگەڕانەوە خۆی بەم لقانەوە گرتبوو....

فرەرۆ دەستووری دا هەموو دۆڵەکە بگەڕێن. لە پڕ پارتیزانەکان لە دوورەوە سیلویوف–یان بینی کە بە زەحمەت بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێو بەرەو وان دێ.بە پەلە پەلەکەیدا دیار بوو

هەواڵێکی گرینگی پێیە. شەوی پێشوو سیلویوف-یان ناردبوو بۆ ماڵی ئەو ژنە جووتیارەی کە مەهدی و هاوڕێکانیان پێش چوونیان بۆ تریست لە ماڵی وان مابوونەوە.

کە سیلویوف بە هانکە هانك گەییە بەردەم فرەرۆ، فرەرۆ بەتاسەوە پرسی:

- ها، خەبەرو باس؟

سیلویوف بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی دایەوە:

- زیندووە... میخائیلۆ ماوە. لە ماڵی ژنەکە بووە. جلەکانی گۆڕیوەو دەفتەری رەسمەکەی لەگەڵ خۆدا بردووەو دەمو دەست لەوێ ڕۆشتووە.

فرەرۆ گوتی:

- بۆ کوێ چووە؟

- بۆ کوێ؟ بۆ مەقەڕ، بۆ لای خۆمان

- بەڵام لە مەقەڕی خۆمان نییە!

پارتیزانەکان بە نیگەرانییەوە تەماشای یەکدییان کرد. یەکێکیان گوتی:

- ناشێ ئەڵمانەکان گرتبێتیان؟ رەنگە ئاگای لێ نەبووبێ ئەڵمانەکان لە دەوروبەری بووبن...

فرەرۆ بێدەنگ بوو

تاقیب کردنەکانی دوایی چ ئاکامێکیان نەبوو. فرەرۆ سوور بوو لەسەر گەڕانو سۆراخ کردن. یەك یەك و دوو دوو پارتیزانەکانی دەنارد بۆ گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانەکان. چونکە دوور نەبوو مەهدی شەڕێکی نوێی کردبێ‌و بە خەستی بریندار بووبێ. کە نێردراوەکان دەگەڕانەوەو خەبەری ئەوەیان دەهێنا میخائیلۆ لە گوندا نییەو خەڵکی گوند چ شتێکیان لەمەڕ گرتنی نەژنەوتووە، فرەرۆ کۆڵێ دڵی خۆش دەبوو. چونکە ئەگەر مەهدی بکەوتبا دەستی ئەڵمانەکان بۆ فرەرۆ یەکجار ناخۆش دەبوو.

پارتیزانەکان پتر لە شەو و رۆژێ تاقیبی مەهدییان کرد، لەم شەوو رۆژەدا چاویان لێك نەنا، هەر بۆوەی هەواڵێکی هاوڕێکەیان بزانن هەموو کارێکیان دەکرد، سەریان بە مۆڵگەی دوژمنیش دا دەکرد. بەڵام هەرچییەکیان کرد چ هەواڵێکیان دەست نەکەوت.

فرەرۆ پاش کەمێك بیرکردنەوەی وای بە چاك زانی چەند کەسێك بنێرێ بۆ تریست تا ئەندامانی رێکخراوی نهێنی تریست ببینن‌و شوێنی دیدارو جۆری پەیوەندییان بە رێکخراوەوە تازە بکەنەوەو لەوێوە سۆراخێکی مەهدی بکەن‌و چارەنووسی ئانژلیکا بزانن. ئەم کارانە یا خۆی یا یاریدەدەرەکەی دەرەقەتی دەهاتن. بڕیاریاندا کە سەرهەنگ و هانری دویز بچن بۆ تریست.

فرەرۆ دەیویست زۆر شت بە یاریدەدەرەکەی بڵێ، ئەو یاریدەدەرەی لەم ماوە زۆرەدا دەماری ناسی بوو و وەکو برایەکی گیانی بە گیانی لەگەڵیا راهاتبوو و هۆگری ببوو. بە دەم دوعا خوازییەوە بەرانبەر بە یەك وەستان‌و بێدەنگ بوون. فرەرۆ بە جۆرێ سەیری سەرهەنگی دەکرد دەتگوت دەیەوێ سیمای ئازیزی بۆ هەمیشە لە هزری خۆیدا بچەسپێنێ.وەنەبێ سیرگی نیکۆلایوڤیچ پیاوێکی بەتەمەن بێ، چل ساڵ بوو. بەڵام لەو ماوەیەوە کە پێکەوەبوون چەند پیر

بووه!... ردینێکی زبرو سپی دەموچاوی داپۆشیوە، ژێر چاوە ماندووەکانی هەڵماساوەو وەکو جوتێ کیسە بە روویەوە هەڵواسراون... سەرهەنگیش لەوە دەمەدا کە خوا حافیزی لە فەرماندەکەی خۆی دەکرد، هەمان بیرکردنەوەی لە مێشك دابوو: "لویچی، زۆر پیر بوویت. ئاخر پەنجا ساڵ کەی زۆرە!...دوستی ئازیز دەزانم ئەم وەزعە بۆ تۆ یەکجار دژوارە. بۆ منیش هەر سەختە... خوا حافیز لویچی...".

که سیرگی‌و دویز بەرە بەرە دەکەوتنەوە، لویچی لە دواوە سەیری دەکردن‌و سمێڵە سپییەکەی خۆی دەجوو. لویچی دووچاری وەزعێکی تووشی سەخت بووە. ئانژلیکا لە دەست چوو. مەهدی ون بوو. داخوا سیرگی‌و هانری دویز دەگەڕێنەوە.. فرەرۆ وەکو دار بەڕوویەکی زەلامی لق‌و پۆپ هەڵپاچراو لە قەراخ جادەکەدا وێستا بوو...

***

دوو کەس بە گەڕەکەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری تریستدا ڕەت دەبوون. هەردووکیان جلی شڕو شەپرێوی ڕاوچییانی ماسییان لەبەر بوو. جلەکانیان مشەمای زبرو شڕ بوو. یەکێکی لاوازی دەموچاو باریکی رەنگ زەردیان بە شەلە شەل لە پێشەوە دەڕۆیی‌و ئەو دیکەیان سەبەتەیەکی زلی پڕ ماسی تازەی خستبووە سەر شانی‌و بە کووڕە کووڕ دوای هاوڕێکەی کەوتبوو، جلەکانیان هێشتا هەر تەڕ بوو. دنیایە پولەکەی ماسییان پێوە نووسا بوو. بۆنی دەریاو ماسییان لێدەهات. وان بەرەو بازاڕ دەچوون‌و پشیلەی برسی بە مڵو مۆش دوویان کەوتبوون. ئەوەی پێشەوە هانری دویز بوو و ئەوەکەی دی سیرگی نیکۆلایوڤیچ بوو.

هەموو شتێك لەبەر تیشکی گزنگدا ئاڵو جوان دەینواند. سیرگی لە ژێر قورسایی بارەکەی خۆیدا نوشتابووەوەو خەمبارو دڵتەنگ دوی دویز کەوتبوو. سێبەرەکەی لە پێش خۆیەوە دەڕۆیی، وای هەست دەکرد سێبەری خۆی نییە، بەڵکو سێبەرێکی بێگانەیە... بە ئاشکرا هەروا هەنگامەو غەڵبە غەڵبی ناو شاری دەژنەوت، کە حەرەسەکان بە تەنیشتیا رەت دەبوون، ئەو هەوڵیدەدا ئاوڕ نەداتەوە. سیرگی نیکۆلایوڤیچ لیوبیموف، ئێستا بابایەکی ماسیگری کەڕوڵاڵ بوو...

نازییەکان، کابرایەکی لە خوێنا هەڵکشاویان لە خانوویەکی سێ نهۆمییەوە دەهێنا دەرێو بەرەو لای ترێلەیەکیان دەبرد، کابرا کەوتە سەر زەوی، نازییەکان کەوتنە راکێشانی. سیرگی گوێی لێبوو کە کابرای خوێناوی چۆن لرخە لرخی دەکرد، سێ منداڵەکەی، دوو کوڕو کچێك، بە دوایا دەگریان‌و شیوەنیان دەکرد. کوڕەکان یەکێکیان دە ساڵان‌و ئەوی دیکەیان هەشت ساڵان بوو، کچۆڵەکەش لەوان چووکتر بوو.

بەڵام سیرگی دەبوو چ شتێك نەبیستێ، کەڕوڵاڵە...

سێ کەس لە هیتلەرییەکان بۆ نیگابانی، لە خانووەکەدا مانەوە، ئەوانی دی چوار پەلی نێچیرەکەیان گرت‌و هەڵیان دایە پاشی ترێلەکەوەو بە خۆیشیان سوار بوون‌و بە شەقامەکەدا رووەو ناوەندی شار بوونەوە. منداڵەکان بە گریەوزاری و بە غاردان دوای ترێلەکە کەوتن. ئەوەی پێشەوەیان پێی لە شۆستەکە هەڵکەوت‌و بە دەما رماو هاوارێکی لێهەستا. خوشك‌و براکەی

هەڵیانساندەوە. هەر سێکیان وەستان و چاویان بڕییە ئەو ترێلەیەی کە بابی دەبردن. بێدەنگی باڵی بەسەر دەوروبەرا کێشا بوو، تەنیا دەنگی کورکە کورک و هەنسکی منداڵەکان دەهات. کچەکە خێرا خێرا بەناو لەپە چڵکنەکانی روندکەکانی دەسڕی و دەموچاوی بەرە بەرە لە چڵکی دەستەکانی هەڵدەکێشا. سیرگی نیکۆلایوڤیچ هەستی کرد کە چۆن ماسولکەکانی دەستی دەکشێن، کاتێکی بە خۆ زانی ، سەیری کرد پشتی ڕاست کردۆتەوەو دەڵێی ئەو سەبەتە ماسییە قورسە بەسەر شانی ئەوەوە نییە. دویز وەکو ئەوەی چ شتێك رووی نەدابێ بە شەلە شەل ڕێی دەکردو بە کاوەخۆ مژی لە سەبیلە گڵینەکەی دەدا. سیرگی دیسان پشتی کووڕ کردەوەو کەوتە دوی هاوڕێکەی، لە ژێرەوە دەیڕوانییە سێبەرە درێژەکەی خۆی.

چەند ئۆتۆمبێلێك بەخێرایی تێپەڕین. لە پڕ یەکێکان لە تەنیشت سیرگییەوە برێکی گرت.

ئەفسەرێك لە پێشەوە دابەزی و نەڕاندی:

– بوەستە!

چەند "S.S"ێك و ژمارەیەك سەربازی ئیتاڵی لە تۆتۆمبێلەکەوە خۆیان هەڵدا سەر شەقامەکە. سیرگی نەوێستا، چەند قۆناغە تفەنگێکیان بە تەنگەیا کێشاو کەوتە لارەلار.

دوێز ئاوڕی دایەوەو سەیری کرد هاوڕێکەیان گەمارۆ داوە. پتر خۆی لەنگ کردو بە شەلە شەل بەرەو "S.S "ەکان چوون.

دویز سەبیلەکەی لە دەمی دەرهێناو وەکو پیرەمێرانی بە ساڵاچوو لێوی شۆڕکردەوەو لە ئەفسەرەکەی پرسی:

– باشە ئاخر چ خەتایەکی کردووە، چ بێ حورمەتییەکی بەرانبەرتان کردووە؟!

دیار بوو ئەفسەرەکە خۆی لەوە بە گەورەتر زانی وەڵامی بابایەکی شەلی شپڕێو بداتەوە، بۆیە رووی کردە سەربازەکەی تەنیشتی و پرسی:

– ئەم شەلە چییە؟

یەکێك لە ئیتاڵییەکان گوتی:

– ئامادەم گرێو لەسەر ئەم سەرەم بکەم کە ئەم یارۆیە ئەسڵەن شەل نییە.

دوێز هەستی کرد کار گەننەو ئەگەر فریای خۆی نەکەوێ کار لە کار دەترازێ. بۆیە بە ئەسپایی دانەوییەوەو دەلنگی چەپی پانتۆڵەکەی هەڵکردو بێوەی متەق بکا پێی چەپی و ماسولکە براوەکەی بە مامورانی "S.S" نیشان داو ئەوجا بە کاوەخۆ و زۆر بە نەرمی کەوتە باسکردن:

– کاتی خۆی مار پێوەی داوم. لە وڵاتی ئێمە، یانی لە دورگەی کورس زەردە مارێکی چکۆلە هەیە ژەهرەکەی کوشندەیە هەرکە پێوەی دایت دەبێ دەست بەجێ شوێنی پێوەدانەکەی ببڕن. منیش هەر هەڵم کێشایە کێردو ماسولکەی پێی خۆم بڕی.

ئەفسەرەکە نێوچەوانی گرژکردو لە سیرگی نیکۆلایوڤیچی پرسی:

– ئەوە چییە بەسەر شانتەوە؟

سیرگی نیکۆلایوڤیچ لێی خێل بووەوە و چ وەڵامێکی نەدایەوە.

ئەفسەرەکە تێی خوڕی:

– دەڵێم ئەوە چییە بەسەر شانتەوە کەر پیاو؟

سیرگی ئەبڵەق و حول نیگای دویزی کرد. دویز لە بری ئەو وەڵامی دایەوە:

– ئەمڕۆ شانسمان هێنای‌و... هەر چیمان راو کرد وا بۆ بازاڕی دەبەین. سەبەتەکە ماسی تەڕو تازەی تێدایە.

– لە تۆ ناپرسم، لەو دەپرسم.

– جەنابی ئەفسەر چاوڕێی وەڵامی ئەو مەبە.

ئەفسەرەکە هەڵیکێشایە دەمانچەکەی و گوتی:

– با تاقی بکەینەوە.

سیرگی هەر مێشیش میوانی نەبوو، وەکو یەکێک ئاگای لە عەمری دنیا نەبێ کڕوکپ، حۆل حۆل دەیڕوانییە ئەفسەرەکە. دویز دەستێکی هەڵتەکاندو بێخەم بزەیەکی کرد، وەکو یەکێک بەخەیاڵیا نەیەت هاوڕێکەی بکوژن یا نا، پاشان گوتی:

– من لە منداڵییەوە دەیناسیم. لە هەموو ژیانیا تاقە قسەیەکی نەکردووە.بە زگماك کەڕو لاڵ بوو، بەڵام خوا لە بری ئەوە بەهرەی تۆڕهەڵخستن‌و کۆکردنەوەی داوەتێ، لە هەر هەموومان شارەزاترە.

ئەفسەرەکە رووی کردە سەربازە ئیتاڵییەکەو گوتی:

– هێشتا هەر سوری لەسەر ئەوەی ئەم فێڵبازە کەڕولاڵی نییە؟

سەربازە ئیتاڵییەکە بە پەلە وەڵامی دایەوە:

– من ئەمجارەیان هیچ ناڵێم.

– بەڵام من مەرج دەکەم کە زۆر چاك قسان دەکا... دەبینی ئێستا بە خۆی پێمان دەڵێ لە کوێوە دێ‌و بۆ کوێ دەڕواو چ دەکا لە تریست.

لەحزەی تاقی کردنەوە قورسەکە نزیك دەبۆوە. سیرگی هێشتا هێڕی ئەو قۆناغە تفەنگانە بوو کە بە تەنگەیاندا کێشا بوو، گوێی دەزرنگایەوە. تیا مابوو کە ئاخۆ سەبەتە ماسیەکە داناتە عاردی یا هەر بەسەر شانییەوە بێ... مامورانی "S.S" بە سەرنجەوە دەیانڕوانییە ئەفسەرەکە، کە تەواو لە کابرای ماسیگر نزیك ببۆوەو نیشانەی لێگرتبووەوە. ئەفسەرەکە گوتی:

– تا سێ دەژمێرم، ئەگەر وەڵام نەدەیەوە ئەوا بە کەڕولاڵی هەواڵەی ئەو دنیات دەکەم، حاڵی بووی؟

بەڵام کابرای ماسیگر وا خۆی دەنواند کە ئاگای لە هیچ نییە. کڕوکپ، وەکو یەکێك هەست بە نزیك بوونەوەی مەرگ بکا بە شپرزەیی دەیڕوانییە هاوڕێکەی.

ئەفسەرەکە گوتی:

– یەك.

سیرگی رێك دەیڕوانییە لوولەی دەمانچەکە.

– دوو!

هاژە هاژێکی توندتر لە کوێی سیرگیدا دەنگی دەدایەوە... لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئای سیرگی، سەرت نایەشێ و پەڕۆی پێوە دەبەستی...بە بەلاش دەست داوەتە کارێك کە ئیشی تۆ نییە..." چاوی لێبوو پەنجەی نینۆك بۆیەکراوی ئەفسەرەکە لەسەر پەلەپیتکەی دەمانچەکە گیرسایەوە. پەلە پیتکەکە هەندێ توند بوو...

دویز هاتەوە قسان:

– جەنابی ئەفسەر،ئاخر کابرا کەڕولاڵە. باوەڕم پێبکە لە ژیانیا تاقە قسەیەکی نەکردووە... بەڵام خوا دەرگایەك بگرێ، یەکێکی دی دەکاتەوە، بەهرەی تۆڕ هەڵخستن و کۆکردنەوەی داوەتێ...

– سیێ!...

دەنگی تەقە هەستا. دویز وا راچڵەکی کە هەموو نازییەکانی هێنایە پێکەنین.بەڵام سیرگی جوڵەی نەکردو، لە تۆ وایە بە عاردەکەوە داکوتراوە. فیشەکەکە بەحەوادا تەقێنرا، سەربازێکی "S.S"ی تەنیشت ئەفسەرەکە تەقاندی. بەڵام ئافەرین بۆ سیرگی! دەبوو چەند فشار لە مێشکی خۆی بکاو چ حەوسەڵەیەکی هەبێ تا بیسەلمێنێ کە گوێی لەم تەقەیە نەبوو. دەبێ ئەوەش بڵێین کە سیرگی خۆی بۆ تاقیکردنەوەی لەمە قورستریش ئامادە کردبوو، چونکە دوور نەبوو ئەفسەرەکە بە خۆی فیشەکەکە بتەقێنێ، بەڵام سیرگی دەبوایە بێدەنگ بێ، بێدەنگ بێ و خۆی و هانری دویزی هاوڕێی بخەڵەسێنێ. دویز لەم ماوەیەدا هێندە پیشی خوارد بۆوە کە وشکە کۆکە گرتی و خوێنی هەڵێنا. پاشان وەزعی تۆزێ باشتر بوو. هیتلەرییەکان سەبەتە ماسییەکە گەڕان، هەندێ ماسی چاکیان لێسەندن وهەڵیاندانە کامێۆنەکەوەو ئەوانیان بەرەڵلایان کرد، سیرگی و هاوڕێکەی تاوەکو بازاڕ بە سەلامەتی و ئاسوودەیی ڕۆییشتن.

بازاڕو مامەڵە، سیرگی هەرگیز باوەڕی نەدەکرد دویزی هاوڕێی ئەم مامەڵەچییە بێ! کردبووی بە هەراو هەنگامەیە ئەوسەری دیار نەبێ.مشتەری بانگ دەکرد، نرخی بەرز دەکردەوە، سوێندی دەخوارد، پرتەو بۆڵەی دەکرد، سیرگی سەرنجی هەموو شتێکی دەدا، وردەواڵەی دەستکردی وەستای خۆماڵی کە لە دەوروبەری وان دەیانفرۆشتن، پەیکەری لە تەپەدۆر دروستکراو، مەیمون و بزنی لە تەختە دروست کراو، ئەو پارچانەی ژنانی ماڵێ هێنابوویانن بۆ بازاڕ تا بە ئازوقەو شتی وا بیگۆڕنەوە. پاشان ئەویش کەتە کاسبییەکەی خۆی. لەبەر خانێکدا لەسەر عاردەکە دانیشت و سەبەتە ماسییەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانا. هیچ مەعلووم نەبوو بۆچی تەنیا مشتەرییانی بەسەبرو حەسەڵە دەهاتن ولای ئەوەوە دادەنیشتن. ماوەیەکی زۆر مامەڵەیان دەکردو ئەوجا ماسیی دڵخوازی خۆیان هەڵدەبژارد. سیرگی بێدەنگ و هێمن،مەگەر بە دەگمەن وبە نهێنی یك دوو قسەی بکردایە.کەشیشێکی پیری دەموچاو چرچ و لۆچ ماوەیەك بە دیار سەبەتەکەوە وەستا. بەر لەو گەنجێکی کرێکار بە رواڵەت دەستی بە ناو سەبەتەکەدا دەگێڕا. سەبەتەکە بەتاڵ بوو. ئێستا دەیتوانی بگەڕێتەوە. سەبەتە بەتاڵەکە سووك بوو، بەڵام دڵی سیرگی هەر نیگەران و پەشێو بوو.

بە ڕێگاکەی خۆیانا گەڕانەوە. دیسان دویز بە شەلەش پێشکەوت، سیرگی کزو مات سەری داخستبوو و دوای کەوتبوو.

دیسان دوابڕاوانی هیتلەرییان ڕژان بە سەریانا،بەڵام وادیاربوو پەلەیانە کەبۆ شوێنێکی دی بڕۆن، سەبەتەکەیان پشکنی و وازیان لێهێنان و ڕۆییشتن.

"بەڵێ، کە مەهدی بۆ تریست دێ چ زەحمەتێك دەکێشێ. بەڕاستی زەحمەتە.هەم بۆ مەهدی هەم بۆ ڤاسیاو هەم بۆ ئانژلیکای بەلەنگازیش..." سیرگی ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر پەی بەم حەقیقەتە دەبرد کە هاتووچۆی وان بۆ شار چەند زەحمەت بووە!!...

توانیان ڕێکخراوی نهێنی ببینن و جێ دیدارو چۆنێتی پێوەندی ئاینده بڕێننەوە، بەڵام هەواڵی ئانژلیکاو مەهدی دڵخۆشکەرە نەبوو، ئانژلیکا لە گوشتاپویەو خراوەتە ژێر ئەشکەنجە. هیتلەرییەکان لە ڕۆژنامەدا بڵاویان کردۆتەوە کە گوایە ئانژلیکا دانی بەوەدا ناوە هاوکاری پارتیزانەکان بووە. هەروەها گەلێ زانیاری گرینگی داوەتێ. کە نیکۆلایوڤیچ ئەم هەواڵەی ژنەوت بزەیەکی کرد. سیرگی چەند باوەڕی بەخۆی هەبوو ئەوەندەش باوەڕی بە ئانژلیکا هەبوو... مەخابن. سەد حەیف و مخابن کە لەوەیە ئەم کیژە دلێرو چاونەترس و خشکۆکە لە ژێر ئەشکەنجەی دڕندانەی هیتلەرییەکاندا بکوژرێ... بەڵام سەبارەت بە مەهدی، لە تریستدا چ هەواڵێکیان لێی نەبوو، سەرهەنگ هەر ئەوەندەی بۆ مەعلوم بوو کە مەهدی لە تریست نییەو کەسیش نازانێ لە کوێیە.

سەرهەنگ و هانری دویز کە گەیشتنەوە ئۆردوگا، هەواڵی ئانژلیکاو مەهدیان بۆ پارتیزانەکان گێڕایەوە.

بوڵغارییە تۆکمەکە بڕۆی هێناوەیەك و کڵاوەشڕەکەی لە سەری داگرت و گوتی:

– بەستە زمانی کڵۆڵ!!!

سیلویوف توڕە بوو:

– بۆ کڵاوەکەت دادەگریت ؟ ئانژلیکا هێشتا زیندووە!

دویز بە زەحمەت گوتی:

– لە بن ئەشکەنجەدایە...

تۆزێ بێدەنگ بوو و پاشان لێبڕاوانە لە سەری ڕۆیی:

– ... بەڵام هیتلەرییەکان خەیاڵیان خاوە، تاقە وشەیەکی لێ نابیستن!.

فرەرۆ ڕەنگی هەڵبزڕکا، هەر ئەوەتا خۆی بە پێوە دەگرت. کە ڤاسیا پێی گوت ئانژلیکا گیراوە فرەرۆ بەوە دڵی خۆی دەدایەوە کە ڤاسیا نەخۆشەو وڕێنە دەکاو قسەکانی تەواو نین، بەڵام ئەو هەواڵانەی هاوڕێ "پ" ناردبوونی گومانیان قسەکانی ڤاسیایان دووپات کردەوە. فرەرۆ هەستی دەکرد گەنجترین و چاکترین هاوڕێی خۆیانی لە دەستداوە، هاوڕێیەك کە ئومێدی دنیای پێ هەبوو.

ئانژلیکا گیراوەو ئەگەری کوشتنی هەیە...

ئەدی میخائیلۆ چی بەسەر هاتووە؟ ئەمەش مەتەڵێك بوو و دەبوا هەڵی بێنن. ئەگەر هەندێ پێشهاتی کوتوپڕ فرەرۆیان ناچار نەکردبا نەخشەو پلانەکان بگۆڕێ، ئەوا هەرگیز دەست بەرداری سۆراخ کردنی میخائیلۆ نەدەبوو.

ئەڵمانییەکان لە جاران هارتر ببوون و گوندی تازەیان داگیر دەکردو دێهاتییەکانیان ناچار دەکرد جێ و رێی تیپی پارتیزانەکانیان پێ بڵێن.

فرەرۆ دەبوا بە پەلە بۆ سەرکردایەتی بگەڕێتەوە. پارتیزانەکان بە خەمباری دەگەڕانەوە.

چوار دەوریان نیشانەی بەهاری پێوە بوو: گەڵای نوێ و تازە لە نێو گەڵای سەوزی تۆخی دار کاژەوە، رەونەقێکی تایبەتییان هەبوو، چیمەنی سەوزو ناسك لە نێو بەردو تاوێری ئاماڵ زەردەوە سەرەتاتکێیان دەکرد. پەپوولەی رەنگاو رەنگ و پۆلە مەلی لە ئینسان سڵ کردوو بە ئاسماندا دەفڕین. دنیا گەرم بوو، تیشکی خۆر بە بەینی گەڵاکاندا رەت دەبوو و لە تاوێرەکانی دەداو دیمەنی جوان جوانی دەنەخشاند.

بەڵام فرەرۆ و پارتیزانەکان ئاگایان لە دەورو بەری خۆیان نەبوو... بیریان لای یەك شت بوو: ئایا میخائیلۆ ماوە؟

***

پیرەژنێك کەمەهدیش (بی بی=داپیرە)پێ دەگوت رۆژی هەزار جار لە خۆی دەپرسی: "ئایا مەهدی ماوە؟"

داپیرە هەفتا ساڵە، گاسنی رۆژگار دەموچاوی کێڵاوە. خۆ ئەگەر خەم و پەژارەی مەهدیی نەبایە چرچ و لۆچەکانی دەموچاوی لە ئێستا کەمتر دەبوون. تەنیا باڵای بە قیتی ماوەتەوەو باری خەم پشتی نەچەماندووە.

دوو ساڵی خشتە، داپیرە ئاگای لە مەهدی نەماوە: نە هەواڵێ، نە نامەیێ!

داپیرە سەری بە هەموو مقەرێکی سوپاییدا دەکردو هەواڵی تازەی مەهدی لێدەویستن، وەڵام هەمان وەڵام بوو: "گومە!"

بەڵام داپیرە لەو ژنانە نەبوو ئومێدبڕ ببێ. بەدڵسۆزییەوە جلەکانی مەهدی و سەعاتە زێڕەکەی بابی مەهدی دەپاراست. نیگارو ئەلبوم و ستاندو هەر شتێکی دی مەهدیی وەکو چاوی خۆی دەپاراست. داپیرە دڵی نەدەهات چ شتێکی مەهدی بفەوتێنێ، تەنانەت شت و یادگاری سەردەمی منداڵیی ئەوی دەپاراست: پانتۆڵی منداڵی، کڵاوی سورمەچن و ...هەر هەموو شتێکی ئەوی هەڵدەگرت.

بەڵێ دەورانی منداڵیی مەهدی زوو بەسەر چوو. بەبێ داك و باب گەورە بوو. داپیرە، هەر بۆوەی مەهدی هەست بە تەنیایی و بێکەسی نەکا، چی لە دەست هاتبا بۆی دەکرد. مەهدیش داپیرەی چەشنی دایکی خۆی خۆشدەویست. رۆژگار تێپەڕی... مەهدی گەورە بوو و گەنجێکی قۆزی لێدەرچوو، بەڵام ئێستا... کە مەهدی بێ سەرو شوێنە... داپیرە دنیای لەبەر چاو کەوتووە.

داپیرە باوەڕی بە هەواڵی بنکە سوپاییەکان نەدەکردو دڵی دانەدەکەوت. دەچووە نەخۆشخانەکان. لەلای برینداریکەوە دادەنیشتن، چەپکە گوڵێکی بۆ دەخستە گوڵدانی سەر مێزەکەی، سەرینی ژێر سەری برینداره‌کەی رێك دەخستەوەو خۆی پێ دەناساندو ئەوجا دەکەوتە پرسیار کە ئایا مەهدیی خۆشەویستیی ئەمی نەدیوە؟ داپیرە بە ئەشق و سۆزی دایکانەوە سیمای نەوەکەی خۆی، دەنگی، جۆری رێکردنی، رەفتارو ئەتواری بۆ زامدارەکە

وەسف دەكرد، تەنيا چاكييەكانى مەهدى باس دەكرد، چونكە داپيرە، بيرى نەبوو كە مەهدى خراپيەكى هەبووبێ.

برينداره‌كان دڵنيايان دەكرد كە زۆرى وەكو مەهدييان ديتوە. تەنانەت هەندێ رووداويان بيرى خۆ دێناوە كە مەهدى بەشدارى تێدا كردبوو. برينداره‌كان درۆيان نەدەكرد بەڵكو هەريەكەو ناوى هاوڕێيەكى خۆى دەكردە مەهدى... قسەوباس‌و گفتوگۆى زۆر بووە مايەى لێكدى نزيك بوونەوەى داپيرەو برينداره‌كان، داپيرە گەييە ئەو قەناعەتەى كە زۆر خوو ئەتوارى هاوبەش لە نێوان ئەم لاوە سادەو دڵپاكانەو مەهدى نەوەى خۆيا هەن.

داپيرە بە هەموو بريندارێكى دەگوت كوڕم، بەڕاستيش وەكو كوڕى خۆى سەيرى دەكردن، رۆژ نەبوو نەچێتە ديدەنيان، برينداره‌كانيش لە ناخى دڵەوە هۆگرى ئەم پيرێژنە دڵسۆزوميهرەبانە ببوون.

لە زۆربەى خەستەخانەكاندا داپيرەيان دەناسى. داپيرە پەنجەوانەو گۆرەويى‌و بلوزى بۆ جەنگاوەرەكان دەچنى، كوليجەى خۆماڵى ئازربايجانى بۆ دروست دەكردن. بە سەعات بە ديار برينداره كەشەنگەكانەوە دادەنيشت‌و بە سۆزێكى دايكانەى تايبەتييەوە نەوازشى دەكردن.

ئێستا زۆربەى كات لە شەقامەكانى باكۆدا دەبينرا. داپيرە هەميشە بە پەلە بوو. نەخۆشخانەكان هەر يەكەو كەوتبووە گەڕەكێكەوە، داپيرە رۆژى فرياى سەردانى چەند نەخۆشخانەيەك دەركەوت.

كە زامدارێ چاك دەبۆوەو ديسان بۆ جەبهە دەگەڕايەوە، داپيرە دەچووە بەڕێكردنى‌و لە كاتى دوعا خوازييدا بيرى دەخستەوە كە ئەگەر مەهدى بينى خەبەر بە داپيرە بدا.

داپيرە لە هەموو كەس زياتر هۆگرى ساشاكازاكوف ببوو. ساشاكازاكوف يەكێك بوو لە برينداره‌كانى جەنگاوەرانى گارد. داپيرە واى هەست دەكرد ساشاكازاكوف لەوانى دى زياتر لە مەهدى دەچێ... "هەموو جياوازييەكەيان ئەوەندەيە، كە ساشا قژى زەردو چاوى شينى كاڵە..." كە ساشا جلە سەربازييەكانى لەبەر كردەوەو خەتەكانى بەست، داپيرە زۆر غەمگين بوو.

بەڵام ساشا كتێبێكى بۆ درێژ كردو گوتى:

– فەرمووو داپيرە. ئەمە تەنيا ديارىى من نييە، بەڵكو ديارىى هەر هەموو زامدارەكانە.

داپيرە خوێنەوار بوو، تەماشاى بەرگى كتێبەكەى كردو ئەم ناوەى لەسەرى خوێندەوە: "گۆركى".

پيرێژنەكە گوتى:

– زۆر چاكە.

– داپيرە گيان بە ئومێدى ديدار...

– ساشاى من، بێيتەوە... هەر دەبێ سەرم لێبدەى!.

ساشارۆيى.

داپيرە لۆش لۆش لە وێستگاى قيتارەوە بەرەو شار گەڕايەوە. بە شەقامى كيروف دا،كە هەتاو بە تيشكى خۆى رازاندبوويەوە، پێچى كردەوەو رووى كردە بولوارەكەى كەنارى دەريا. داپيرە لە

پڕ بیری کەوتەوە کە دەبێ سەرێکی خەستەخانەکەی شەقامی "کولودزنایا"ش بدا، بەڵام بەر لەوەی بگاتە خەستەخانەی نێوبراو لە سوچێکی شەقامی "ئەنگلزا" لایدا تا نەفەسێ تازە بکاتەوە. لەوێوە چاوی لە دیمەنی باکۆ بوو: کەشتی لەنگەر گرتووی نێو بەندەر، تەلاری کارخانەکان کە دووکەڵو تەم لێیان ئاڵا بوو، گەشکەکەیان بە بینایی دەدا. لە بڵندگۆوە مارشی رادیۆ لێ دەدرا، ئێستا هەواڵی تازە بڵاو دەکەنەوە. داپیرە بڕیاری دا بوەستێو گوێ لە هەواڵی مەکتەبی راگەیاندنی شورەوی بگرێ.

داپیرە کتێبەکەی ساشای کردەوە، سەیری کرد ساشا بە پەلەپەل شتێکی لەسەر یەکەم لاپەڕەی کتێبەکە نووسیوە. جانتاکەیو گیرفانەکانی بۆ عەینەکەکەی گەڕا. داپیرە عەینەکەکەی لە ماڵ بەجێ هێشتبوو. داپیرە لە خۆڕا شپرزە بوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: "دەبێ چی بۆ نووسیبم؟".

کچۆڵەیەکی مەکتەبلی بەوێ دا رەت دەبوو، داپیرە گازی کرد:

– ئا وەرە کچە باشەکەم.

کچۆڵەکە بەرەو رووی چوو:

– فەرموو داپیرە گیان، چیت گەرەکە؟

داپیرە تکای لێکرد:

– ئەمەم بۆ بخوێنەوە بزانم چی نووسراوە.

کچۆڵەکە سەیرێکی کتێبەکەی کرد:

– داپیرە گیان ئەمە کتێبی گۆرکییە. کتێبەکە گەورەیەو منیش پەلەمەو دەبێ فریای قوتابخانە بکەوم.

– هەر ئەوەی ئەم لاپەڕەیەم بۆ بخوێنەوە.

کچۆڵەکە دەستی پێکرد:

– "با رێزی ژن، رێزی دایك بگرین کە خۆشەویستی و سۆزی ئەو چ کۆسپو بەرهەڵستێك ناناسێتو بە شیری مەمکانی خۆی هەموو دنیای پەروەردە کردووە. هەموو چاکییەکی ئینسان زادەی تیشکی هەتاوو شیری دایکە، هەر ئەمەیە کە ئێمە لە خۆشەویستی ژیان تێردەکا. م. گۆرکی".

ئەوەی کچۆڵەکە بە پەلە پەل خوێندییەوە، داپیرە بە تەواوەتی تێی نەگەیی، بەڵام هەستی کرد قسەی چاکن، کتێبەکەی وەرگرتەوەو لە بن لێوەوە گوتی:

– سوپاس!

دیار نەبوو سوپاسی کێ دەکا: هی کچۆڵەکە، هی ساشا،یا گۆرکی.

لە بڵندگۆیەکی سەر عامودێکەوە دەنگی پتەوی گۆیەندەی رادیۆ بەرز بۆوەو هەواڵی سەرکەوتنی تازەو ئازادکردنی شارانی نوێی بە هەموو دنیا رادەگەیاند.

پیرێژن سەری هەڵبڕی. بە وردی دەیڕوانییە شارەکەی زێدی خۆی‌و وای دەهاتە بەرچاو ئەمە شار نییە، بەڵکو ئینسانێکی زیندووە، پاڵەوانێکە دەست‌و بازووی بە هێزی کرێکارانەی هەیە،سیمایەکی جدی وئاقلآنەی هەیە.وەکو مەهدی دڵێکی پاك‌و بێگەردی هەیە.

***

فرەرۆ رۆژێ دەمەوبەیان لە چادری فەرماندەیی هاتە دەرێ، کە مەهدی لەبەر چادرەکەدا بینی گەشکە گرتی. مەهدی وەکو هەمیشە لە بەردەمیا وەستا بوو، بلوزێکی خوری لەبەر بوو، ردێنی جوان تاشی بوو، قژە خاوەکەی بە پشتدا شانە کردبوو.

مەهدی بۆی گێڕایەوە کە چۆن بە ناچاری لە گوندێکی ژێر دەسەڵاتی نازییەکان‌و لای خودی شولتس میوان بووە.

بەڵام مەسەلەکە بەمجۆرە بوو:

مەهدی پاش ئەوەی بە هەزار حاڵ لە هەڵدێرەکە دەرباز ببوو، خۆی گەیاند بووە ماڵی ژنە تەتەرەکەو لەوێ جلە سەربازییەکانی داکەندووەو جلێکی شڕو چڵکن‌و کراسێکی سپی ملیوان پانی لەبەر کردووە. کەیبانۆی ماڵەکە پێی گوتووە ئاگای لە خۆی بێ، چونکە شەوی پێشتر ئەڵمانییەکان چوو بوونە ماڵی وان‌و وادیار بووە تاقیبی یەکێکیان کردووە. مەهدیش پڕ بە دڵ سوپاسی کردووەو لەوێ نەماوە.

لە رێگای یەکجار سڵ‌و وریا بوو، لە دانیشتووانی ناوچەکەی، کە هەواداری پارتزانەکان بوون، دەپرسی کە داخوا ئەڵمانییەکان هاتوونە گوندی ئەوان یا نا، کە هاتوون پاشان کێوە چوون! بەڵام کەس ئەڵمانییەکانی نەبینی بوو، بەڵام وەکو پاشان دەرکەوت، هیتلەرییەکان لە نیوە شەودا بە دزییەوە خۆیان گەیاندبووە سەر کێوەکان‌و توانی بوویان چەند گوندێك بگرن‌و رێگاکانی ئەو دەوروبەرە بگرن. ئەمە نەخشەی کارانتی بوو. کارانتی، شولتسی فێر کردبوو چۆن بە دزییەوە ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام بدات...

مەهدی لەم شتە بێ خەبەر بوو.

مەهدی بە بناری کێوەکاندا سەر دەکەوت. شنەبایەکی فێنکی دەهات. لە نزیکی گوندێکەوە. چێڵێك لە ناو گوندەوە دەی بۆڕاندو مەعلوم نەبوو بۆ نەکرابووە گاگەل. بزن دەیان باڕاند. ئەگەر وەختێکی دی با مەهدی بەم نیشانانەدا دەیزانی کە وەزع نائاساییە، بەڵام ئێستا سڵ کردنەوە و پارێزی لە بیر نەمابوو. بیری لای یەك شت بوو.تەنیا بیری لە ئانژلیکاو ڤاسیا دەکردەوە...

سیمای ئانژلیکای لەبەر چاو بوو کە بە نیگای پڕ لە گلەییەوە دەیڕوانییە مەهدی، لە تۆ وایە دەڵێ: "باشە بۆ منت بەمجۆرە لەبەر دەستی پیاوکوژراندا بە جێ هێشت؟ کەمم کار بۆ هەر هەمووتان کردووە؟... مەهدی ئەوەی بیر هاتەوە کە ئانژلیکا بە چ شادییەك لەگەڵ ڤاسیادا بە هەورازو نشێوی شاخ دا غاری دەداو لە سەیر کردنی درەختی پڕشکۆفە تێر نەدەبوو... ئانژلیکا دڵسۆزو خشکۆك و ئازا!... ئانژلیکا تەنانەت لە سەخت ترین لەحزەی ژیانیا بیری لەوە کردبۆوە کە چۆن هاوڕێکانی فەرامۆش نەکا، ئەوە بوو بەهەر نرخێ بوو تێی گەیاندن کە کەی سینەماکە دەکەوێتە ئیش، باشە بۆ بە دوو قۆڵی، خۆی‌و ڤاسیا پەلاماری فاشییەکانیان نەداو ئانژلیکایان

له چنگیان رزگار نەکرد؟ نا، هیچیان پیٚ نەدەکرا!...هیچیان له دەست نەدەهات... له هەردوو دین دەبوون نه ئانژلیکایان دەرباز دەکردو نه فریای تەقاندنەوەی سینەماکەش دەکەوتن. ئانژلیکا!... چ هەڵەیەکت کرد؟ خۆ تۆ وریا بووی، ئەمە یەکەمجارت نەبوو، چەندین جار ئەڵمانییەکانت به ئاسانی هەڵخەڵەتاندبوو! خۆ کارتو تەسکەرەو هەموو شتێکت تەواو بوو.. چۆن کەوتییه داوەوە؟... ئاه، بەڵیٚ کارانتی! ئەمە زەبری کارانتی بوو، ئان ئاخری له پشتەوە وەزەنی خۆی کرد!...

مەهدی دڵتەنگو بیٚ تاقەت بوو. ئازای گیانی وەکو یەکێك حەسیر مەیدانێکی چاك کرابیٚ، تێك شکا بوو... ئەو داخانەی نرا بوون به دڵییەوە له ژمارە نەدەهاتن!.

مەهدی بەرەو گوندی پلاڤا دەڕۆیی: له خۆڕا لەم جادەوە دەچووە سەر ئەو جادە، حۆلو سەرگەردان بەردەمی خۆی نەدەبینی. ئەگەر ڕێگەیەکی دیو کەم خەتەرتری بگرتبا بەر گەلیٚ چاکتر بوو. بەڵام مەهدی بێتاقەتی هەواڵی ڤاسیا بوو، گوندی پلاڤا له ڕێگای ڤاسیادا بوو، هەر دەبوو بەوێدا ڕەت بوو‌بیٚ، پێی ڤاسیا چۆنە؟... ئایا خۆی گەیاندۆتە مەقەڕی تیپ؟....

مەهدی هەرکه گەییه تەنگایی جادەکەو نێو دارکاژە چڕەکان به زمانی ئەڵمانی تێیان خوڕی:

– بوەستە! دەست بەرز بکەوە!

مەدی فریای هیچ نەکەوت، هیتلەرییەکان چواردەوریان گرت، بەرگری بیٚ مەعنا بوو.

پلاڤا پڕ بوو له فاشییان. هیتلەرییەکان مەهدی یان دایه پێشو لەو دەمەدا که بەبەر ماڵەکاندا دەیان برد، به دزییەوە سەیری پەنجەرەی ماڵەکانی دەکرد: ئیٚ بەڵکو تاقه سیمایەکی ئاشنا له پەنجەرەکانەوە ببینیٚ.بەڵام هەموو پەنجەرەکان داخرا بوون.

مەهدی چ ئاشنایەکی خۆی نەبینی، باشتر، ئەگەر جووتیارەکان به دەست بەسەریش بیان دیبا لەوە بوو بشڵەژێنو ببنە مایەی کەشف بوونی.

هیتلەرییەکان، مەهدییان لەبەر خانوویەکدا ڕاگرت. ئەم خانووە جاران لیدیا پلانیچکای تێدا بوو و مەهدی زۆرجار هاتووچۆی ئێرەی دەکرد. بەڵام دیارە ئێستا کراوە به مەقەڕی ئەڵمانەکان، هەرواش بوو. مەهدییان له ژوورێکەوە برد بۆ ژوورێکی دیو ئەنجام له بەردەم فون شولتس گیرسایەوە.

شولتس به بێدەنگی سەرێکی تەکانداو کورسییەکی به مەهدی نیشاندا. که مەهدی دانیشت، شولتس به ماندوێتییەوە باوێشکێکی دا، ڕواڵەتی ئەم بەرەڵڵایە گومانی دەخستە دڵەوە، بەڵام هەرگیز ئەوە به خەیاڵی شولتسدا نەدەهات که ئەم بەرەڵڵایەی بەرانبەری ڕەنگه میخائیلۆ بیٚ. شولتس بابایەکی زرینگو بەهۆش بوو، دەیتوانی مەنتیقیانە بیر بکاتەوە! هەر زوو گەیی بووە قەناعەت که میخائیلۆی ڕاستەقینە بوونی نییە، پارتیزانەکان تەخریبکاری دەکەنو بۆ ڕێبزری دەیدەنە پاڵ زەلامێکی خەیاڵی، هەڵبەتە شولتس نەیدەویست ئەم قەناعەتە بەرێتە مێشکی پیاوەکانی خۆیەوە. با ئەوان بۆ خۆ بگەڕێنو هەموو گومان لێکراوان بگرن، تا خەڵکی گومان لێکراو کەمتر ببنەوە باشترە. ئەم بەرەڵڵایەش هەرکە بچووکترین گومانی لێکرا با هەواڵەی ئەو دنیا بکریٚ.

شولتس بە هەموو هێزو قوەتییەوە دەستی بە مێزەکەدا کێشاو لە پڕ هاواری کرد:

– میخائیلۆ!

مەهدی بە کاوەخۆ رووی بۆ لای دەرگاکە وەرگێڕا تا بزانی ئەم ئەفسەرە کێی لەوێندەرەوە دیتوە؟..

دوو هیتلەری لە ژوورەوە دانیشتبوون. لەگەڵ هاوارەکەی شولتسدا ڕاپەڕینو دەستیان بۆ دەمانچەکانیان برد، مەهدی پاش ئەوەی کەسی لەبەر دەرگاکە نەبینی نیگا حەیرانەکانی گواستەوە بۆ لای شولتس.

شولتس بە روسییەکی شکاو گوتی:

– ئەمەی من گوتم بە تۆ! بە تۆ! تۆ هەوی میخائیلۆ.

مەهدی شانەکانی هەڵتەکاندنو بە زمانی ئەڵمانی گوتی:

– تێناگەم...

شولتس بزەیەکی فێڵبازانەی کردو گوتی:

– پەلە مەکە، وات لێدەکەین تێبگەی!

تۆزێك دڵی داساکا: ئەم بەرەڵایە بە رواڵەت یەکجار گەوج و گێژو هێڕە. نیگای شولتس لەسەر جانتاکەی شانی مەهدی. گیرسایەوە، ئیشارەتی بۆ یاوەرەکانی کرد کە جانتاکەی لێوەربگرن. مەهدی کە هەستی کرد بە دوو دڵییەوە لێی وەپێش دێن. بزەیەکی بە روودا دانو سووك و باریك جانتاکەی لە شانی داگرتو بۆ وانی درێژ کرد. هیتلەرییەکان دەستیان بردە دواوە. ئەوسا مەهدی جانتاکەی لەسەر مێزەکە داناو گوتی:

– هەموو ماڵی دنیام ئەمەیە – ئەوجا وەکو ئەوەی شتێکی بیر کەوتبێتەوە دەستی بە گیرفانی خۆیا کردو لەسەری رۆیی: – ئەم چەند لێرەیەشم هەن!...

– ئەم جانتایە چی تێدایە؟

مەهدی بە تاسەوە کەوتە ژماردنی شتەکانی ناو جانتاکە:

– بۆیە. فڵچە، پاڵێت.

شولتس دەستوری بە یاوەرەکانی دا:

– بیپشکنن!

جانتاکەیان کردەوە. هەر بۆیە وفڵچەی تێدا بوو.شولتس حەزی دەکرد بە وردی شتەکان بگەڕێ. تیوپ بە تیوپی دەگوشیو سەیری رەنگەکەی دەکرد. چ شتێکی گومان لێکراویان نەدۆزییەوە، فڵچەو بۆیەو پاڵێتەکە زۆر ئاسایی لە جانتاکەدا دانرا بوون.

شولتس هاواری کرد:

– ناوت چییە؟

مەهدی بە سیمای ترس لینیشتوەوە، چاوی تروکاندو وەڵامی دایەوە:

– ژان...

سەرۆکی گوشتاپو بە تەوسەوە گوتی:

– دیاره شۆرەتت رینواره... وا نییه؟

– نەخێر، نێوی شۆرەتم کراوسە... ژان کراوس... بەڵام ژان رینوار نیگارکێشی ئەمپ بە ناوبانگی ئەمپرسیونیست–ی فەرنساوییه.

– عەجایەب! شتی واش دەزانی... ئافەرین... باشە، تۆ کێی، لە کوێوە دێی؟...

– لە پاریس لە دایك بووم... شەقامی هەوادارانی کۆمۆنە. خانووی ژمارە ۷/۲. ژوورەکەم ژێر زەمین بوو.

شولتس تەماشایەکی دەمانچەکەی قەدخۆی کردو بە ساردییەوە گوتی:

– ئەگەر یەك تاقە درۆت لەم قسانەتدا کردبێ دەتکوژم.

– ئۆو، مسیو، ئەمرەکەی!... ژوورەکەم تاریك‌و شێدار بوو... بابم ئەڵمانی بوو، بەداخەوە زوو ئەمری خوای کرد. دایکم فەرەنساوی بوو. دایکم دەیویست وەکو فەرەنساوییەك پەروەردەم بکا... هەر لە منداڵییەوە خووم دایە نیگارکێشی. ئێستاش بە دەم رەسم کردنەوە ئاوارەی سەر جادەو رێگاوبانی وڵاتانی بێگانەم! بێ شوێن‌و رێم، دایکم لە بوردوماندا مردو من...

شولتس لەو هەموو قسەیە بێتاقەت بوو، ئیشارەتی کردە یاوەرەکانی کە ئەم بەرەڵڵایە بەرن...

مەهدی بەختی یار بوو: لەو ماوانەدا کە لای شولتس بوو، پارتیزانەکان ئۆردوگایەکی دوژمنیان تەقاندەوە، عەماریکی چاپەمەنی‌و پڕوپاگەندەیی هیتلەرییەکانیان لە تریستدا سووتاندبوو. هەموو بەڵگەو تەحقیقەکان ئەوەیان سەلماند کە هەردوو تەقینەوو خراپکارییەکە هەمان ئەو میخائیلۆیە ئەنجامی داون کە لە هەموو شوێنێکا حازرە.. شولتس بە تەمەڵییەوە باوێشکێکی دا. یەك میخائیلۆ و لە چەند شوێنێکی شارا!...ئەمەش میخائیلۆیەکی دیکەیەو لای ئەم زندانییە!..سەری هەموویان بە قەبری بابیان!

لە پڕ بیرێکی تازە بە مێشکی شولتسدا هات. خۆ گەلێك زەحمەت نییە ئەم "ژان"ە تاقی بکاتەوەو بزانێ بەڕاستی نیگار کێشە یا نا. فڵچەیەکی بدەنە دەست تا پۆرتریتێکی شولتس بکا.شۆلتس شارەزایە بە ئاسانی نیگارکێشی پیشەیی و ئاماتۆر لێکدی جیا دەکاتەوە.

مەهدییان بۆ ژوورەکەی شولتس هێناو شولتس پێی راگەیاند کە حەزدەکا رەسمێکی بکا. مەهدی بە کەماڵی مەیل رازی بوو، بەڵام ناڕاستەوخۆ تێی گەیاند کە هەقی وایە دەستهەقێکی بدەنێ: چونکە ئەو بەو هونەرە دەژی‌و میسو ئەفسەر دەبێ حیسابێ بۆ ئەم وەزعە بکا...

شولتس بزەیەکی بەزەیی ئامێزی کرد: زۆری خۆشی بە زیتەڵەیی ئەم کابرا فەرەنسییەدا چوو بوو. ئەم بابەتە خەڵکانە پێش دەکەون!...

– ئەوە وەستاوەتە سەر کارەکەت! ئەگەر کارەکەت باش بێ لەوەیە کرێ دەستێکی چاکت بدەمێ... خۆ ئەگەر خراپیش بێ ئەوا رەنگە گوللەیەك بە نەخشی نێو چەوانتەوە بنەم.

مەهدی هەناسەیەکی هەڵکێشاو هەردوو دەستی بەملاو بەولادا بڵاوکردەوەو (لەوساوە کەرێی کەوتبووە ئێرە زۆر جار ئەم حەرەکەیەی دەکرد) کەوتە کارکردن. هیتلەرییەکتان یارمەتیان دا، چوار چێوەو پەردەکەیان لەگەڵیا ئامادە کرد.

جانتاکەیان دایەوە مەهدیو مەهدی کەوتە کارکردن. هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات ئەم کارە ئەوەندە زەحمەت بێ. لە رادەبەدەر زەحمەت بوو!...

پورتریتی زەلامێك، وا کوتوپڕ و بێ چ پرۆڤەیەکی پێشوەختە کارێکی زەحمەتە. مەهدی زۆری پەلە پەل دەکرد، چونکە دەیزانی هونەری نیگارکێشی گەرۆك بەر لە هەموو شتێك لە خێراییەکەیدایە. هۆیەکی دیکەی زەحمەتی کارەکەی مەهدی ئەمە بوو زۆریان قەرەباڵغی لێدەکرد. یاوەرەکانی شولتس دەهاتنە دیاری. بەردەوام ئەفسەر وەژوور دەکەوتن، سەرباز خەڵکی گیراویان دێناو دەبرد "خۆشبەختانە چ ئاشنایەکی مەهدی لە نێو ئەو گیراوانەدا نەبوو."

بەڵام ئەمانە چ نەبوونو مەهدی نیگارکێشی سەر بە قوتابخانەی شورەوی، لە کاتی رەسم کردنا شتی لەمانە زەحمەت تری بینی بوو.

مەهدی دەیتوانی رەسمێکی چاکتر یا خراتر، جوانتر یا ناشیرینتر دروست بکا، بەڵام تەنیا یەك شتی پێنەدەکرا، ئەویش ئەمە بوو کە درۆ لەگەڵ خۆی بکاو رەسمێکی پێچەوانەی حەقیقەت دروست بکا... مەهدی، ژیانی خۆیو ئەو رێبازە هونەرییە باوانەی ئێستا و وڵاتەکەی وایان لێکرد بوو وەکو هونەرمەندێکی راستگۆو حەقیقەتبین رەفتار بکاو لە رێگای هونەری نیگارکێشییەوە پێوەندی خودو ژیان بخاتە روو.

بەڵام ئێستا دەبوا لێرەدا شتەکان بە جۆرێکی دی بخاتە روو...

شولتس بە فیزەوە لەبەر پەنجەرەکە وەستا، دەستی خستە سەر مێزەکەو بە ئاستەم دانەوییەوە، چەناگە نا پوختەکەی بە حاڵ هەڵبڕیو رووی بۆ لای مەهدی وەرگێڕا. مەهدی کە ئەم دیمەنەی بینی یەکسەر زانی چۆن پورترێتێکی بکا. سیمای پیاو کوژێکی ئاقڵو مەنگو غەددارو فێڵباز لە بەردەم مەهدیدا بوو. راستە ئێستا چ کەسێکی ئەشکەنجە نەدەدا، هەڕەشەی لە کەس نەدەکردو گوللەی بە کەسەوە نەدەنا. بەڵکو بە فیزەوە لەبەر پەنجەرەکە وەستاوەو بەم بۆنەیەوە. چاکەتێکی سوپایی ئوتوکراوی لەبەر کردووەو وەکو رانەهاتوو لە بەردەم نیگارکێشێك دا وەستاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پۆرترێتەکەی بە جۆرێ دروست بکا هەر کە بینەرێك بینی یەکسەر سێدارەو ئەشکەنجەو تیربارانی بکەوێتە بیر.

ئاگری رقو کینە لە دڵی مەهدییەوە بڵێسەی دەسەند. رقو کین خەریك بوو جولەی دەستیان دەشێواند. مەهدی ناچار بوو هەموو هێزی خۆی کۆبکاتەوە تا بتوانێ بەسەر تۆفو زریانی ئیلهامی دەورنیا زاڵ بێ. خۆ ناکرێ پاش ئەو هەموو پەت پەتێیەی بەسەری هاتو بە سەلامەتی دەرباز بوو، ئێستا بە پورترێتێك خۆی کەشف بکا!... مەهدی، خۆت بگرە! جڵەو بۆ سۆز شل مەکە. زۆر شت بەم رەفتارەی تۆوە بەندە. تۆ ئێستا نیگارکێش نیت. قەیدی نییە زۆر لە خۆت بکەو درۆ بکە.

ئەم کارە چەند زەحمەتە، لە رادەبەدەر زەحمەتە!...

مەهدی هەستی دەکرد دەستی دەلەرزێ. بێدەنگییەکی کوشندە باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا بوو.

که یاوەرەکانی شولتس یەکەم پرۆڤەی پورترێتەکەیان بینی پێیان وابوو یارۆی فەرەنسی پێی رابواردوون. ئەو هێڵە شاشو پەڵە رەنگانە قەت لە سیمای ئاغاکەیان نەدەچوو، بەڵام بەرە بەرە سیمایەکی مەنگو ئاقڵ وەکو ئەوەی لە نێو تەمومژێکەوە دەربکەوێ، لەسەر پەردەکە دەرکەوت. شولتس لە کاتی پشوودا دەهاتە پێشەوەو بە وردی لە وێنەکەی خۆی دەڕوانیو لە رووی رەزامەندییەوە برۆکانی هەڵدەبڕین.ئێستا کەم کەم ئیسراحەتی دەکرد.

مەهدی بە هەمان تینو تاوی هەوەڵەوە سەرگەرمی رەسمەکە بوو. ئەنجام پۆرترێتەکە تەواو بوو. هەرچەند زەمینە گشتییەکەی هەندێ زەق بوو، بەڵام شولتس زۆری بە دڵ بوو. سەیرە کاکی گەڕۆكو بەرەڵڵای فەرەنسی توانی خاڵی سەرەکی تەبیعەتی ئەو نیشان بدا، یانی هەمان توندوتیژی، خۆ پەسەندی، ئاغایی...و لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هەندێ رەقی!...

شولتس پۆرترێتەکەی بەگەن کرد، چ گومانێکی لا نەما کە ئەم زەلامە نیگارکێشێکی پیشەیی شارەزایەو تا رادەیەك جێی متمانەیە.

شولتس پۆرترێتەکەی هەڵگرت. ئێستا نەیدەزانی چ رەفتارێ لەگەڵ نیگارکێشەکەدا بکا. شولتس پێی گوت:

– وەکو بە وەزعو حاڵەتدا دیارە حەزت لە پارە هەیە؟

– ئۆ مسیو،ئەدی چۆن!

شولتس پاکەتە جگەرەکەی لە بەردەم مەهدیدا راگرتو گوتی:

– پێناچێ بەم کارە شتێکی ئەوتۆت بێتە دەست ،بە تایبەتی لە ئێستادا...بەڵام کە شەڕ تەواو بوو دەتوانی لە وڵاتی ئێمەدا، بۆ وێنە لە دانتزیگ یا کنیگسبرگدا گالەری بۆ خۆت بکەیەوە، من ئامادەم مشتەریت بۆ دابین بکەم...

مەهدی ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– ئاخر گالەری پارەی دەوێ..

– راستە، بەڵام باوەڕناکەم بەم گەڕۆکییەو لە کەنارەکانی ئادریاتیکدا پارەیەکی ئەوتۆ پاشەکەوت بکەی... بەڵام من... من ئامادەم ئەگەر گالەری بکەیەوە یارمەتیت بدەم.

مەهدی جگەرەکەی لە لێوی دەرهێناو بە دەم چاوەڕوانییەوە چاوی بڕییە دەمی شولتس. شولتس هاتە نزیکترەوەو لە تەنیشتییەوە دانیشت.

پێشنیازەکەی شولتس بریتی بوو لەوەی کە ژان کروس دەبێ – لە پێناوی دەست هەقێکی مۆڵدا– وەکو نیگارکێشێکی گەڕۆك سوود لە پیشەکەی خۆی وەربگرێو بچێتە نێو پارتیزانەکانەوە. جا لەوێ هەر کارێکی بوێ بیکا! پۆرترێتی پارتیزانەکان بکێشێت، چێشتیان بۆ لێبنێ، حەرەسیات بگرێ یا بەشداری شەبەیخونەکانیان بکا،تەنیا یەك ئیش بۆ ئەو بکات، ئەویش ئەوەیە: بزانێ ئاخۆ میخائیلۆی راستەقینە هەیە یا نا، ئەگەر هەیە ئەوا لە دەرفەتێکی گونجاودا میخائیلۆ یا یاوەرەکەی هەڵخەڵەتێنێو بەرەو شوێنێکی بێنێ کە ئەڵمانییەکان دەستیان بیگاتێو بیگرن.

مەهدی یەکسەر موافەقەتی نەکرد: ماوەیەکی زۆر دەحکەی لەسەر پارەکە کردو ئامادە بوو هەر مارکی ئەڵمانی وەربگرێو بە هیچ جۆرێ ئامادە نەبوو لیرەی ئیتاڵی وەربگرێ.

شولتس وەختێ ئەوی ئازاد کردو دەستوری بە یاوەرەکانی دا کە چەند ڕەسمێکی بگرن‌و هەر بۆ هەڕەشە بە مەهدی گوت:

– ئەگەر لە پڕ لە کەللەی دایت‌و بەگەڵ پارتیزانەکان کەوتی، ئەوا چاوەڕێی چ بە زەییەك نەبی ها! بچییە هەر شوێنێ دەستمان دەتگاتێ و دەت دۆزینەوە.

مەهدی کە لای شولتس هاتبووە دەرێ، دیسان گەڕایەوەو داوای کارتی تێپەڕبوونی کرد: "وەڵڵا مسیو ڕوو لە هەر لایەك بکەم حەرەسێك لێم قوت دەبێتەوە!".

شولتس بەوپەڕی بێ مەیلییەوە کارتێکی نارنجیی چوار گۆشەی دایێ.

مەهدی بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ تیپ ماوەیەکی زۆر بە جادەکانا سوڕایەوەو ئەم جادەو ئەو جادەی دەکرد، تا ئەگەر لە حاڵێکا نازییەکان تاقیبی بکەن، شوێن پێی نەدۆزنەوە.

* *(موعتاد(ئالودە): ئەو کەسەیە لەسەر تریاك‌و حەشیشەو باقی مەستەمەنییەکان ڕاهاتبێ).*

## فەسڵی نۆیەم

تا مەهدی گەڕایەوە بۆ تیپ، ڤاسیاش بەرە بەرە بەرەو باشی چوو. تایەکەی نەما، چاوی هەڵینا، بەڵام هێشتا هەر چاوانی لێڵ‌و تاریك بوون. ڕۆژەی کە چاوی هەڵێنا و بینی مەهدی بە دیارییەوە دانیشووە و سەری بە سەریا دانەواندووە،لە خۆشیا گەشایەوەو بە ئەسپایی گوتی:

– مەهدی!

بەجۆرێ باوەشیان پێکداکرد دەتگوت چەندین ساڵە یەکیان نەبینی بوو.

مەهدی شەوو ڕۆژ بە دیار ڤاسیاوە بوو. ئاخر هەمووی ماوەیەك لەمەپێش بوو کە ڤاسیا شەوو ڕۆژ چەشنی پەرستاری نەخۆشخانان خزمەتی مەهدی دەکرد.مەهدیش ئێستا ئاگاداری ڤاسیای دەکرد. کە ڤاسیا هەندێ چاك بۆوە مەهدی لەگەڵیا دەچووە پیاسە و گەڕان. کە مرۆڤ مەهدی دەبینی بە چ دڵسۆزییەك باڵی ڤاسیا دەگرێ‌و دەیبا بۆ نێو چیمەنێکی بچووك تا لەبەر خۆرەتاو دانیشێ، لە خۆشیا لە پێستی خۆی نەدەهێوری.

ئێستا سەرکردایەتی تیپ گواستبوویەوە بۆ کێوە بەرزەکان. مەهدی وڤاسیا لە سەر تاوێران دادەنیشتن و دەیانڕوانییە دۆڵە قوڵەکان کە شنەبایەکی گەرم و شێدار لەوێوە دەهات و بۆنی گیای تازەی لەگەڵ خۆدا دەهێنا. کێوە بەرزەکان لە دنیایان دابڕی بوون. چەند بە تاسەوە بوون لە پشت ئەم قەڵا بەرز و بەسامەوە ، دەشتە بێ سنوورو پڕ گوڵ و شکۆفەکانی ولاتی خۆ ببینن!..

– ئێستا لە ولاتی ئێمەدا قوتابیان خۆ بۆ تاقیکردنەوە ئامادە دەکەن و پاش دوو مانگی دی ماڵاوایی لە قوتابخانەی ئامادەیی دەکەن! ئەگەر ئەم شەڕە نەبووایە، ئێستا من لە سێی دانشگا دەبووم!..

ڤاسیا، باب و داکی کە لە مێژ بوو مردبوون، بیر کەوتنەوە. ژیانی خۆی لە سەردەمی شەڕا. هەڵاتن لە ئەارەتخانەکانی فاشییەکان، شەڕ ی سەخت لەگەڵ هیتلەرییەکان (چەندین کەسی بەدەستی خۆی لێکوشتبوونن!) یەکەم دڵداری ئاگرینی خۆی کە لە سایەی دووکەڵ و ئاگری شەڕا سەری هەڵدابوو... بیرهاتنەوە..

لەو ساوە کە مەهدی و ڤاسیا یەکیان بینی بووەوە، ڤاسیا تەنانەت بۆ تاقە جارێکیش نێوی ئانژلیکای نەبردبوو.مەهدی سەری لەمە سوورمابوو، بەلاّم بۆیە قسەی نەدەکرد چونکە دەترسا زامی ڤاسیا بکولێتەوە.بەلاّم لە خۆی دەپرسی: "ڤاسیا بۆ باسی ئانژلیکا ناکا؟ بۆ نایەو دەردی دڵی خۆی بۆ من هەڵڕێژێ؟ خۆ لەوانەیە من بتوانم تۆزێك خەم و خەفەتی کەم بکەمەوە!".

***

تیپ دووچاری وەزعێکی زۆر دژوار ببوو: ئەڵمانییەکان هەموو ڕێگاوبانەکانی شاری تریستیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە، پێوەندی ئەمان و یەکە پارتیزانەکانی دی، هێشتا هەر پیچڕابوو، ئەو جووتیارانەی کە دەیانویست خۆ بگەیەننە پارتیزانەکان و هەواڵ و مەعلوماتی گرینگیان بۆ بێنن، هەموو لە ڕێگاکاندا گیران و ئەڵمانییەکان بە بەرچاوی خەڵکانەوە تیر بارانیان کردن.

کارانتی لە تریستدا حەشری دەکرد. جارجار لەگەڵ ئەڵمانییەکاندا بەشداری سەرکوت کردنی خەڵکی ناوچەکەی دەکرد. شوڵتس ئەوی وەکو جاسوسێکی تازەی خۆی بە ئەڵمانییەکان ناساند، ئەمە ڕێی بۆ کارانتی خۆشکرد پتر لە شارا خۆی بنوێنێ و چالاکی زیاتر بکا: تەماحی دەخستە بەر خەڵکی، هەڕەشەی دەکرد. سەودای سیاسی گوماناوی ئەنجام دەدا.

ڕۆژنامەی فاشیستی "ایل پیك کولو" بەم دواییە بە تەواوەتی جڵەوی شل کردبوو.. ڕۆژانە دنیایەك درۆودەلەسەی دەربارەی سەرکەوتنی سوپای هیتلەرییەکان لە بەرەی روسیادا بلاّو دەکردەوە و هەواڵی درۆی دەربارەی سەرکوتکردنی دەستە پارتیزانەکان بلاّو دەکردەوە.درۆی دەربارەی مەحووکردنەوەی تیپێکی تەواوی سوپای پارتیزانەکان بە ناوی گاریباڵی بلاّو دەکردەوە.

وای لێهات تەقاندنەوەی چاپخانەی ئەم ڕۆژنامە فاشیستییە بوو بە پێویست، فرەڕۆ سیرگی نیکۆلایوفیچ نەیاندەویست دووبارە مەهدی بنێرنەوە بۆ تیریست، بەلاّم ناچار بوون ئەم کارەش بەو بسپێرن، چونکە ئەو لە هەموو کەسێکی دی پتر شارەزای ناوەندو گەڕەکاکانی شار بوو.

***

شۆڵتس،سێ هەفتە بوو کە مەهدینارپدووەوە بۆ ناو پارتیزانەکان. بە مەهدی گوتبوو دوای هەفتەیەك بۆ تریست دەگەڕێتەوەو لەوێ چاوەڕوانی سیخوڕەکەی خۆی دەکات، بەڵام وادیار بووشۆڵتس ئیدی زۆر بە چاوەڕوانی جاسووسەکانی خۆیەوە نەبوو.لە گوندی پلاڤادا دایکوتا بوو و هەموو رێگاو بانەکانی شاری خستبووە ژێر چاودێرییەوە.

ئەم شەڕە لە پێشبڕکێی خۆراگرتن دەچوو. پارتیزانەکان ئازووقەو داودەرمانیان نەما بوو، چەك و تەقەمەنیان زۆر کەم بوو. بەڵام وەزع و حاڵی نازییەکانیش خراپ بوو. جووتیارانی ناوچەکە خواردنی خۆیان نەدەدانێ و لێیان دەشاردنەوە. هێنانی ئازوقە لە شارەوە زەحمەت ببوو، لەوە بوو پارتیزانەکان رێیان پێبگرن و بارو بنەکانیان لێبسەنن. نەخۆشی لە نێو هێزی سەرکوتکەری ئەڵمانەکان بڵاو بۆوە. نازییەکان بە ژیانی ئاسوودەو ئیسراحەتی شاری تریست راهاتبوون و بەرگەی نەخۆشی و سەختیان نەدەگرت. زۆربەی سەربازەکان پوکیان نتووشی خوێنڕێژی بوو ولاقیان ئاوسا.

نازییانی برسی و تووڕە پەلاماری ماڵی جووتیارەکانیان دەدا، کە هیچیان دەست نەدەکەوت و ئومێد بڕ دەبوون، ئیدی هەرچییەکیان بەردەست کەوتبا داخی دڵی خۆیان پێدەڕشت وخراپیان دەکرد.

ژن و منداڵ و پیرەمێرد ماڵیان بە جێدەهێشت و پەنایان دەبردە کێوو بەندنەکانی دەورو بەری خۆیان. چەند گوندێك چۆڵکران...

ئلو حەوت گەلابە ئازوقەیەی کە لە تریستەوە بۆ شولتس نێردرا بوو تەنیا سێ دانەیان گەیی و ئەم سێ گەلابەیە کەم بوو و بەشی هەموویانی نەدەکرد. سەرەتا ئازوقەیان بە ئەفسەرەکان دەدا، سەربازەکان خوتەو بۆڵەیان دەکرد...کەس سەرپەرشتی نەخۆشەکانی نەدەکرد، رۆژی بیستەم، حەوت سەرباز بە نەخۆشی مردن و نێژران، رۆژی بیست و دووەم ژمارەی مردوو گەییە "٣٠" کەس. شولتس بڕیاری دا دەست لە گەمارۆی ناوچەکە هەڵگرێ و بۆ تریست بگەڕێتەوە. ئەڵمانییەکان ناچار بوون بە قونە شەڕ بکشێنەوە. هێرش وپەلاماری ئەو جووتیارانەی کە پەنایان بردبووە کێوەکان، زیانی گەورەی بە سەربازانی ئەڵمانی دەگەیاند . وەختێ شولتس گەیشتەوە شار، ٢٠٠ دوو سەد سەربازی لە دەست دابوو.

ژنانی سەبەتە بەسەر لەسەر ئەو جادە کێوپارانەی کە بەرەو بنکەی پارتیزانەکان دەچوو، پەیدا بوونەوە. لە هەموو لایەکەوە جووتیاران دەستە دەستە پەیوەندیان بە پارتیزانەکانەوە دەکرد:ژمارەی جەنگاوەران سەر لە نوێ زیاد دەبۆوە.

ئەو پردو رێگا ئاسنانەی کە فاشییەکان لە ماوەی ئەم گەمارۆیەدا چاکیان کردبونەوە، یەك یەك لە لایەن پارتیزانەکانەوە دەڕوخێنرانەوە. قیتار لە خەتدەردەچوون و وەردەگەڕان، تونێلەکانی بەسەر هیتلەرییەکاندا دەڕوخێنران. پارتیزانەکان سکە وێرانەکانیان دەخستە ژێر چاودێری خۆیانەوە و شەڕیان بە مەفرەزەێن ئاوەدانکردنەوەی رێگاوبانەی نازییەکان دەفرۆشت و زیانی باشیان لێدەدان.

پارتیزانـەکان لـە هـەموو لایەکـەوە هێـزی ئەڵمانـەکانیان شـپرزە دەکـرد، دەسـتیان لـە هێـزە سەرکوتکەرەکەیان نەدەپاراستو بە کۆمەڵ لێیـان دەکوشتن.ئەم شـەڕانە شـەڕی گـەورەو قـورس بـوون، زیـانی هێـزی پارتیزانـەکانیش کـەم نـەبوو. فـرەرۆو سـەرهەنگ بـە خۆیـان سەرپەرشـتی گەورەترینو قورسترین ئۆپەراسیۆنیان دەکرد.

چالاکی پارتیزانەکان بەڕادەیە لە زیادی دا کە لە بەرلیندا وەزعی کەناری دەریای ئادریاتیك خرایە بەر لێکۆڵینەوەی تایبەتی و بڕیاردرا بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ گۆلباخ کە پیسترین جەلاد و پیاوکوژ بوو، هێزێکی گەورەی سەرکوتاکرییەوە بۆ وێندەر بنێردرێ تا ئەم سەرهەنگە پارتیزانەکان سەرکوت وتەفرو تونا بکا.

پارتیزانەکان هێشتا لەم هەواڵە بێ ئاگا بوون.

پارتیزانـەکان پـاش ئـەوەی بـە تـەواوی دەوروبـەری تریسـتیان کـۆنترۆڵ کرد،خۆیـان ببـۆ ئـەوە ئامادە دەکرد کە لە نێو شارا بکەونە چالاکی. دوو مەبەستیان لەم چالاکییەدا هەبوو: لاوازکردنـی ورەی هیتلەرییەکانو یارمەتی دانی ڕێکخراوی نهێنی تریست.

لە سەرکردایەتی تیپدا نەخشەی چالاکیێن ئایندە دادەڕێژرا. بڕیار درابوو بەشێك لەم چالاکییە بریتی بێت لە لەکارخستنی چاپخانەکەی ڕۆژنامەی "ایل پیك کولو".

لەو کاتانەدا کە مەهدی دەچوو بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی تیپ، ڤاسیا بە تەنێ دەمایەوەو خۆی دەدایە دەم بیرو ئەندێشە جۆراو جۆرەکانییەوە...زامەکانیلاقی تەقریبەن ساڕێژ بوو بۆونەوە ، بەڵام کاتێ زۆر لە سەری دەڕۆیی هەستی بە ئازار دەکرد. ڤاسیا ئەمەی لە مەهدی دەشاردەوە، چونکە دەیزانی لە تیپدا نەخشەی چالاکییەکی ناو تریست دادەنێنو دەترسا لەبەر زامەکەی لاقی ئەو بۆ ئەو چالاکییە نەنێرن.

مەهدی هەرچەندە دەیزانی کە ڤاسیا لە کەڵکەڵەی ئەوەدایە کە ڕۆژێ زووتر خۆی بگەیەنێتە تریست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێبڕا ڤاسیا لەگەڵ خۆی نەبات: با جارێ ئیسراحەت بکاو تەواو چاك بێتەوە. فرەرۆ مەهدی ئامۆژگاری کرد، کە سیلویوف لەگەڵ خۆیدا بەرێ.

ڤاسیا کە بەمەی زانی چوو بۆ سەرکەپکە شاخێکی بەرز کە جاران هەڵۆیان لەوێندەر هێلانەیان دەکرد تا لەوێ بە تەنیا دەگەڵ ڕەنج و ئازارەکانی خۆیدا بژی.

سـەرەتا ڕۆنیشـت، ئـەژنۆکانی گرتنـە بـاوەشو چـاوی بڕییـەخاڵێکی بـەردەم خـۆی... پـاش قەدەرێ سیلویوف و ڤیرا نیکولیچ سەرنجیان ڕاکێشا. ڤیرا لەسـەر کۆتـەرە دارێك دانیشـت بـوو و سیلویوف لە تەنیشتییەوە وەستا بوو...

ڤاسیا لە مێژ بوو هەستی کردبوو سیلویوف دەورو خولی ڤیرا نیکولیچ دەدا. کاتێ ڤاسیاو مەهدی ڤیرایان لە "کارخانەی تێکەڵاو"ی سەر شەقامی ڤیافورتونا هێنایە دەرێ،کچۆڵەیەکی بچووك بوو، بەڵام ئێستا هەرچەندە زۆر لە مێژ نییە هاتۆتە ئێرە، تەواو گەورەو جوان بووبوو. وەك بڵێی نەو نەمامێ بووبێو چاوەڕێی بەهار بووبێ تا شکۆفە بکا. ڤیرا لە جل شتنو دورماندا یەکجار بە تاقەتو حەوسەڵە بوو: یارمەتی ژنەکانی دی دەدا،بە بۆشکەی دارین ئاوی دێنا، بۆ چیلکەو دار دەچووە جەنگەڵ ،کوانگی پێدەکرد، جلی پینە وپەڕۆ دەکرد.

بەڵام سیلۆیڤ زەڕەیەك نەگۆڕابوو، هەر كوڕیژگە ڕەشتاڵە شان و شەپیلك باریكەكەی جاران بوو، بەڵام هەڵس و كەوتی لە جران سەنگینتر و دەنگی دلێرتر بوو.

ڤاسیا دەبینێ كە سیلویوف دانەویوەتەوەو شتێك بە گوێ ڤیرادا دەچپێنێ. ڤیرا گوێی لێدەگرێ،كەمێك سوور دەبێتەوە و بە ئاستەمێك سەر دەلەقێنێت.سیلویوف دەست دەداتە تەورەكەو لە پشت درەختانی لێڕەكە ون دەبێ. ڤیرا بە بێ موبالاتی لە سەر كۆتەرە دارەكە هەڵدەستێ، كراسەكەی دەتەكێنێ‌و جلیكانەكەی هەڵدەگرێ‌و ئەویش دەچێ بۆ نێو دارستانەكە. ڤیرا دەیەوێ هێدی هێدی بڕوا، بەڵام لاقەكانی لێی یاخی دەبن وبە نیمچە ڕاكردن ڕادەكات. پاش تۆزێك ڤیراو سیلویوف لە لێڕەكە دەگەڕێنەوە: سیلویوف باوەشێ چیلكەی بە شانیا داوەو جلیكانەیەك ئاوی بە دەستەوەیە. كۆڵە چیلكەكە لە بەردەم یەكێك لە چادرەكان دادەنێ.

ڤاسیا ئەو ڕۆژەی بیردەكەوێتەوە كە لە گەڵ سیلویوفدا تاقیبی سكرتێرەكەی روسلینییان دەكرد. لەو كاتەدا كە سیلویوف بە تەڕدەستی دەست و پێی سكرتێرە هەڵەپاسەكەی بەست! سیلویوف لەوێدا وەكو پیاوێكی تەواو كاری دەكرد، بەڵام ئێستا لە پاڵ ڤیرادا وەكو كوڕیژگەیەكی هەرزەكار دەهاتە بەرچاو.

ئا ئەم بستە منداڵە لە جیاتی ئەو، لە جیاتی ڤاسیا، لە گەڵ مەهدیدا دەچێ بۆ تریست! نا، دەبێ هەر ئێستا قسە لەگەڵ مەهدیدا بكا.

كە ڤاسیا بە تەنیشت سیلویوفدا ڕەت دەبوو، سیلویوف پێی گوت: ڤاسیا پیرۆزباییم لێبكە، من لەگەڵ مەهدیدا دەچم بۆ تریست و چاپخانەی "ایل پیك كولو" دەتەقێنینەوە!

سیلویوف یەكسەر هەستی كرد كە ڤاسیا ئەمەی لەبەر گرانە، بۆیە هەر بۆ دڵدانەوەی ئەولەسەری ڕۆیی:

– بەڵام تۆ پێویستە سەبر بكەی تا تەواو چاك دەبیتەوە.

سیلویوف هەم پێی ناخۆش بوو وهەم پێی سەیربوو كە ڤاسیا بێ چ قسەیەك بە تەنیشیا ڕەت بوو.

مەهدی سەرقاڵی كۆكردنەوەی ئەسبابی سەفەر بوو. سیلویوف كە زۆر بە پەلە بوو وای هەست دەكرد مەهدی یەكجار زۆری پێ چوو!.

مەهدی هەوڵی دەدا نەڕوانێتە ئەو گەنجەی كە هتبووە لایەوەو، گوتی:

– ڤاسیا، پات چۆنە ؟

ڤاسیا چونكە دەیزانی مەهدی بە چ مەبەستێ ئەم پرسیارە دەكا، بە رووخۆشییەوە وەڵامی دایەوە:

– دەتوانم سەمای پێوە بكەم!

مەهدی بەدەم بیركردنەوەوە دینامیتەكەی دەنێو جانتاكەی دەناو كەپسولو تەرەقەكانی تاقی دەكردەوە.

ڤاسیا، بە دڵشكاویو... نیمچە گلەییەوە پرسی:

– گوێ بگرە مەهدی، من، یاوەڕێكی خراپ بووم؟

مەهدی بە دەم پێچانەوەی دینامیتەکەوە گوتی:

– ڤاسیا تۆ خۆت چاك دەزانی کە من وا بیر ناکەمەوە، بەڵام من باوەڕناکەم تۆ بتوانی سەما بکەی!

ڤاسیا کۆڵی نەدەدا:

– بەڵام مەهدی تۆ شەرمەزاری! ئەوەتا ناتوانی سەیری چاوم بکەی!

مەهدی پشتی راست کردەوە، ڕووی لە ڤاسیا کردو لێبڕاوانە گوتی:

– ڤاسیا، من، تۆ لەگەڵ خۆدا نابەم!...

ئەوجا بەشێوەیەکی کەمێك نەرمتر لەسەری رۆیی:

– ... ئەمجارە... ناتبەم.

– باشە بۆ؟

– ڤاسیا، تۆ هێشتا تەواو چاك نەبوویەوە. ئەگەر تۆ بە تەنگ خۆتەوە نەیەی، ئەوا من مەجبورم بە تەنگتەوە بێم.

– دیارە دەترسی بە هۆی خاوو خلیچیکی منەوە تووش بین و ئەڵمانەکان بمانگرن.

مەهدی بزەیەکی کرد:

– نەخێر، باوەڕ بکە من سەلامەتی تۆم مەبەستە. ئەمجارەیان تۆ ئیسراحەت بکە...باخەڵکانی دیکەش خۆ بجەڕبێنن.

ڤاسیا بەگەرمییەوە گوتی:

– ئەگەر تۆ بتوانی بەم ئاسانییە من بە یەکێکی دی بگۆڕییەوە، ئیدی دۆستایەتییەکەمان قیمەتی چییە ؟ دیارە تۆ لە دڵی خۆتا دەڵێی: باشە کاتێ کە ڤاسیام لەگەڵ خۆدا بۆ تریست دەبرد چ کارێکی ئەنجام دەدا؟ جانتا دینامیتەکەی دەهێناو تەواو! ئەم کارەش بە هەموو کەسێك دەکرێ! بەڵام وانییە مەهدی، تۆ ڤاسیایەکت دەگەڵ بوو ئامادە بوو لە هەر ساتێکدا گیانی خۆیت لە پێناودا بەخت بکا! من ئێستاش داخ لەوە دەخۆم کە شتێك رووی نەدا تا بە کردەوە ئەمەت بۆ بسەلمێنم!

مەهدی بێدەنگ بوو. بەڵام ڤاسیا بە هەمان گەرمو گوڕییەوە هەوڵیدەدا قایلی بکا:

– باشە، چی تیایە با بلەنگم؟ بۆ لە نێو ئەڵمانەکانا شەل و گۆج کەمن؟ خۆ ئەگەر کەمێك بلەنگم لەوەیە باشتر بێ. ئەدی لە کاتی پێویستدا بە ئانقەست کارێکی وا ناکەم کە زمان دەگرم؟ دوای ئەمەش ئێمە کاتێ بە نێو شار دەکەوین دنیا تاریك بووە... بەڵێ، دەزانی جارێ یەکێك پێی گوتم: ئەستێران بەرەبەیان دەنوون. من و تۆش وەکو ئەستێران شەو بێدارین... قسەیەکی جوانە، وانییە؟

مەهدی گوتی:

– با، جوانە، کێ ئەم قسەیەی گوتووە؟

ڤاسیا یەکسەر وەڵامی نەدایەوە. بە چاوانی پڕ خەفەت و تووڕەیی و ڕقەوە سەیری هاوڕێکەی کردو بە ئەوکی پڕ لە گریانەوە گوتی:

- ئەو....

مەهدیش کە لە ڤاسیا کەمتر هەڵنەچوو بوو، بە ڕەقی گوتی:

- ڤاسیا، من لەمە دەترسم! دەترسم ئەگەر بتبەم، گۆبەندێ بنەیەوەو...

ڤاسیا سەرێکی بادا:

- نا، مەهدی تۆ هێشتا منت بە چاکی نەناسیوە! من دەزانم چ کارێکی گەورە ئەنجام دەدەین... ئێمە هەر تۆڵەسێن نین... ئێمە لە پێناوی ئازادیدا دەجەنگین، لە پێناوی ئارامی وئاسایشی جیهاندا دەجەنگین، دەمانەوێ ئاسایشێکی وا لە جیهاندا بەرپا ببێ کە وەکو شارەکەی زێدی من "سمولنسك" تەنیا بە ئاوازی سترانی شادی بخرۆشێت.

مەهدی وەکو ئەوەی ناخی خۆی هەڵڕێژێ گوتی:

- ڤاسیا، نازانم چی لە تۆ بکەم؟

ڤاسیا هەستی کرد کە مەهدی دوو دڵە:

- بۆ نازانی؟ لە گەڵ خۆتم بەرەو هەموو شتێك بە دڵی خۆمان دەبێت.

- ڤاسیا، بۆ تۆ زەحمەتە!

- ئەدی بۆ تۆ ئاسانە؟ خۆ سیلویوف کوڕێکی ئازایەو خۆشیشم دەوێ. بەڵام خۆ ئەو ماموری شناسایی نییە!

- تۆش جاران فڕت بە کاری شناساییەوە نەبوو....

- تۆ بەس ئەوەندەم پێ بڵێ لەگەڵ کاممانا پتر دەکەوییە خەتەرەوە؟ لەگەڵ مندا یا لەگەڵ سیلویوفدا؟

مەهدی بیری لە سیلویوف کردەوە. سیلویوف تەنیا ئونیفورمی ئیتاڵی لێدێت.چاوە ڕەش و درشتەکانی، بیلبیلە بزەکانی، قژە بژو لوولەکەی بە ئەڵمانیان ناچێ. خۆ پیاو یاوەری ئەڵمانی لەگەڵ بێ چێترە. سەریەشەو دۆخەی کەمتری بۆ چێ دەبێ. بۆ ئەم حاڵەش کەم کەس هێندەی ڤاسیا لە بارە.

ڤاسیا دیسان هاتەوە قسان:

- خۆ ئەگەر ڕێکەوێ، بەڵایەکی وایان بەسەر دێنم کە هەرگیز لە بیری نەکەن!

سیلویوف کە لە خۆشیا دەموچاوی دەبریسکایەوەو هەر خەریك بوو پەڕوباڵ دەربکا، لە هاوڕێیان نزیك بووەوەو لەبەردەم مەهدیدا سینگی دەرپەڕاندو گوتی:

- من ئامادەم!

مەهدی بە چاوی کڕیارەوە تەماشایەکی کرد، نا بە هیچ جۆرێ لە سەربازێکی دلێر ناچێت!.. پاڵتۆ درێژەکەی هێندەی دی کوڵی کردبوو.

ڤیرا لە دووری وان وێستا بوو. مەهدی هەر لە شێوەی هەڵتەکاندنی بەرهەڵبێنەکەیا بۆی دەرکەوت کە جیابوونەوەی سیلویوڤ بەلاوە ئەستەمە.

مەهدی دەستەکانی بەملاو بەولادا بڵاوکردنەوەو گوتی:

- سیلویوف سەبر بکە بۆ جارێکی دی! تۆ ئەمجارە مەیە...

سـيلويوف ورِبـوو، ئـەم هەواڵـە كـوتو پـڕە بـەنجى كـردو زمـانى چـووە كليلـە. سـيلويوف نيگايـەكى پرسـيار ئـاميزى ڤاسـيا كـرد. ڤاسـياش هـەر ئەوەنـدەى لـە دەسـت هـات بزەيـەكى شەرمەزارى بە روويا بدا.

مەهدى هەوڵيدا دڵى بداتەوە:

– سيلويوف غەم مەخۆ! رۆژێ تۆش لە گەڵ خۆدا دەبەم. ئێستا بچۆ بۆ لاى ڤيرا، ديارە قسەى پێتە.

سيلويوف ماتو خامۆش، گەڕايەوەو لە لاى ئەوان ڕۆيى.

پاشان مەهدى سەيرى كرد كە سيلويوف چۆن كزو خەمبار دانيشتووەو چاوى بڕيوەتە بەر پێى خۆىو ڤيرا بە خۆشييەوە بە دەوريا دێو دەيەوێ دڵى بداتەوە.

زۆربەى برادەران هاتنە بە ڕێكردنى مەهدىو ڤاسيا. پارتيزانەكان تا ماوەيەكى زۆريش لە دواوە بە نيگا دۆستە ئازيزەكانى خۆيان بە ڕێكرد. تا دوورتر دەكەوتنەوە بچووكو بچووكتر دەبوونەوەو ئەنجام كەوتنە نێو درەختەكانو لە چاو ون بوون.

رۆژى دوايى دوو بە دوو لە تريست نزيك دەبوونەوە.

رۆژ لە ئاوا بووندا بوو... لە پڕ مەهدى لە دەنگى شوومى قەلەڕەشان بە ئاگا هاتەوە: پۆلە قەلە ڕەشێك بەسەر كەندەلانێكى بچووكا دەسوڕانەوە. مەهدى دڵى ترسا نەبا بەلايەكيان بێتە ڕێ!.

مەهدى چەند شەقاوێك رۆيى، هەڵوەستەيەكى كرد، جانتاكەى لە شانى كردەوەو دايە دەست ڤاسياو گوتى:

– تۆ بڕۆ، منيش بە دووتا دێم.

كە گەييە ئاستى كەندەكە سەرگەڕو قەلەكان بە دەم قاڕەقاڕى نارەزاييەوە هەڵفڕينو بەسەر سەرى مەهدييەوە كەوتنە سوڕانەوە.

ئـەم كەنـدە پـڕ بـوو لـە جـەنازەى ئـەو كەسـانەى هيتلەرييـەكان كوشـتبوويانن. مەهـدى كاسكێتەكەى داكەند...و لە پڕ ئازاى بەدەنى كەوتە لەرزين. گۆشـەى تەنورەيـەكى خانەخانـەى ژنێكى بينى كە بە چاوى ئاشنا بوو.. ئارەقەيەكى سارد نيشـتە سـەر لەشـى، بـەلام مەهـدى زۆرى لە خۆ كردو جارێكى دى سەيرى هەمان شـوێنى كـرد، چمكى تەنورەيـەكى خانـە خانـەو پێيـەكى بێ پێلاو كە لە گۆرەويەكى ئەرخەوانى هەڵكێشرا بوو،هيچ گومانێكى لەلا نەهێشت...

مەهدى واى وێنا دەكرد هەرئێستا دەبورێتەوەو دەكەوێتە سەر عاردى. ئانژليكا! ئەو كيژە خۆشەويستو بە ورەيە، ئەو هاوڕێ گوێ رايەڵەى كە چەندين رێگاى دوورو درێژيان پێكەوە بڕى بوو، چەند جارێك لە مەرگ دەرباز ببوون تا سەر لە نوێ بەگژ مەرگا بچنەوە... ئێستا... دەركەوت كە مەرگ بەهێزتر بووە... مەهدى بۆ پێشەوە دانەوييەوە، ئەگەر تۆزێكى دى لەوێ مابايەوە، بەرەو كەندەكە غارى دەدا. ڕوانيە دەورو بەرو، سەيرى كرد ڤاسيا بۆ لاى ئەو دێ.

مەهدى بە لەز بەرەو ڤاسيا چوو.

مەهدی زۆر بەزەحمەت توانی بەسەر هست و سۆزەکانی خۆیدا زاڵ بێت .ئەگەر دەیزانی ئانژلیکای بێنەوا چ هەستو سۆزێکی لەگەڵ خۆیدا بردونەتە گۆڕەوە، وەزعی زۆر خراتر دەبوو. کۆمەڵێ هەستو سۆزی ئاڵۆزو غەریب لە ناخی ئانژلیکادا قوڵپیان دەدا، ئەگەر بمایەو تیا نەچووبا دەیتوانی ناوی ئەم هەستو سۆزەی بدۆزێتەوە...

مەهدی لە کاتێکا دەیویست بە هێمنی قسان بکا، گوتی:

– ڤاسیا پێ هەڵگرە! پێویستە خۆمان بگەیەنینە قەشەکە!

بەڵام ڤاسیا لە جێی خۆی چەقی. ڤاسیا پەشۆکاو نیگەران چاوی بڕییە مەهدی و پرسی:

– ئەو کەندە چی تێدا بوو؟

مەهدی قۆڵی ڤاسیای گرتو گوتی:

– کۆمەڵێ جەنازەی تێدایە. باشە وەکو تۆ بێتەوە بیرت ،کە جاری پێشوو بێرەدا ڕەت بووویین، ئەم جەنازانە لێرە بوون؟

ڤاسیا قۆڵی لە دەستی مەهدی ڕاپسکاندو هەنگاوێکی بەرەو کەندەکە ناو گوتی:

– نەء . شتی وام بیر نایەت.

مەهدی رووی تێکردو بە جیدی گوتی:

– ڤاسیا! تۆ خەریکە ئەوە فەرامۆش دەکەی کە بۆچی دەڕۆین بۆ تریست!

ڤاسیا یەکسەر نەرم بوو، پشتی کردە چاڵەکەو گوتی:

– زۆر چاکە.

ڤاسیا تا گەیشتنە شاریش هەر بەنگو بێدەنگ بوو.

وەختێ خۆیان بە کڵێسایەکی بەردی بچووکی قەراخ شارا کرد شنەیەکی فێنیکیان بە سەردا هات. تاریکی باڵی بەسەر تاقە گومەز ئاساکانی کڵێساکەدا کێشا بوو، مەهدی، ڤاسیای ڕاگرتو بە ئەسپایی بە گوێیدا چپاند.

– تۆ لێرە دەبی، بەڵام وریابە. بە دەستە چەپدا دەرگایەك هەیە بەسەر حەوشەی کڵێساکەدا دەکرێتەوە. حەوشەکە تەیمانێکی نزمی هەیە دەتوانی بەسەریا پازبدەیو بچییە دەرێ. ئەگەر هیچ شتێك روو نەدا ئەوا لێرەدا یەکدی دەگرینەوە. وریابەو وچاوبکەوە بزانە کێ بۆ ئێرە دێ.

ڤاسیا سەری دانەواند. مەهدی خۆی بەقولایی کڵێساکەدا کرد. تاقە مۆمێك لە قولایی کڵێساکەدا هەڵکرابوو. شولەی مۆمەکە سەمای دەکرد، سێبەری کۆڵەکەی هەیوانەکان دەلەرزینو وا دەهاتە بەرچاو کە هەر ئێستا کڵێساکە بەسەر یەکا دەڕوخێ. قەشە پیرەکە بە سەر مۆمەکەدا نوشتا بۆوە. کە گوێی لە دەنگی پێ بوو پشتی ڕاست کردەوە.

مەهدی سڵاوی لێکرد:

– سڵاو، باوکی موقەدەس!

قەشەکە خەمین و خەمبار ئاهێکی هەڵکێشا:

– سڵاو، کوڕەکەم.

– خەبەرو باسی شار؟

قەشەکە وەڵامی پرسیارەکەی مەهدی نەدایەوەو بە کەسەرەوە گوتی:

– ئانژلیکای بەلەنگاز! کە مەردانە روو بە ڕووی مەرگ بۆوە! ئیتاڵیا چاکترین کیژی خۆی لە دەست دا.

قەشەکە کڕ بوو. مەهدیش هەر بێدەنگ بوو، پاشان بە ئەسپایی گوتی:

– باوکی موقەدەس ئاگام لەم کارەساتە هەیە.کە بۆ ئێرە دەهاتم لە ڕێگادا لە پێنج سەد مەتری باشووری شاردا کەندێك هەیە، ئەم کەندەم بینی... جەنازەیەکی زۆری لێفڕێ دراوە.

پیرەمێردە، سەری داخستو گوتی:

– بەتەزمان، ئێمە دەی نێژین.

مەهدی تەماشای سەعاتەکەی کرد. کەشیشەکە تێگەیشت کە کات درەنگ دەبێ، کەوتە باسکردنی هەواڵەکان: چەند یەکەیەکی گەورەی نازییان دێن بۆ تریست، وا باوە کە ئەم هێزانە دەکرێن بە لەشکرێکی تەواو ودەنێردرێتە سەر پارتیزانەکان، تەفتیش لە شەقامەکاندا زۆرە. هێشتا کارانتی نەدۆزراوەتەوە. شولتس ئێستا لە شاردایەو چاوەڕێی هاتنی گوڵباخ ناوێکە تا پێکەوە، لە شاخەکاندا پەلاماری تیپی سێیەمی کۆماندۆی پارتیزانەکان بدەن و لە ناوی بەرن.

قەشەکە، مەهدیو ڤاسیای تا دەروازەکە لاوەکیەکە بەڕێ کردنو ئامۆژگاری کردن تا بۆیان دەکرێ بە گەڕەکی کرێکاراندا بڕۆن بۆ چاپخانەی "ایل پیك کولو". کەشیشەکە پاشان پێی گوتن:

– لێرەدا لێکدی جیا دەبینەوە . ئێوە بەدەستە چەپا دەڕۆن، بەڵام من دەبێ بڕۆم بۆ دەرێی شار. من لەسەرمە کاری خۆم جێبەجێی بکەم.

ڤاسیاو مەهدی بەگەڕەکی کرێکاراندا دەڕۆیشتن، گەڕەکی چی! کۆمەڵە کەوێلێك بوو. بۆنی سەوزەی گەنیوو سابونی جلشۆردن دنیای پڕ کردبوو. واقە واقی منداڵانی شیرەخۆرە لە پەنجەرەی ژێر زەمینەکانەوە دەهات.

لە پشت تەیمانە داڕوخاوەکانەوە تەناڤ درێژ بە چەپ و ڕاستدا ڕایەڵ کراونو جلە شڕیان لەسەر هەڵخراوە تا وشك ببنەوە. خەڵکی کە مەهدی و ڤاسیایان دەبینی یەکسەر دەرگای ماڵەکانیان دادەخستو تا ئەوان ڕەت دەبوون ئەوجا دەیانکردەوە.

عەسیر ئەو ڕۆژە دنیا گەرم و هەتاو بوو. چەند خۆشە مرۆڤ لە رۆژی وا خۆشا لە کونجی کەوێلی تەنگو تاریك بێتە دەرێو لەبەر دەرگا حەوشەدا دانیشێت،بەڵام خەڵکی لە دەست هیتلەرییەکان تەنگاو بوونو لە هیچ شوێنێ ئۆقرەیان نییە.

کۆمەڵێ منداڵی بەرەڵڵا لە نێو خاكو خۆڵ دا وەیلان بوون. ڤاسیا کە چاوی پێکەوتن کرۆزەی لە دڵ هەستا،دەستی بە گیرفانیا کردو دەستی بە ئەسکەناسەکانیا هێناو، چیوای نەما بوو پارەکانی دەربێنێو... بەڵام مەهدی یەکسەرئاگاداری کردەوە:

– نەکەی! کاری وا نەکەی ها! ڕەنگە لە دوومان بن.

هێشتا چەند شەقاوێك نەڕۆیشتبوون کە لە دواوە درانە بەر بەردو کەستەکان، بەردێك بەرشانی ڤاسیا کەوت. ڤاسیا ئاوڕی دایەوە، بەڵام چ منداڵێك لەو ناوە نەبوو.

مەهدی بزەیەکی کردو گوتی:

– ڤاسیا، ئازارت پێگەیی؟

ڤاسیا دەستی بەشانی خۆی دا هێناو بەسەرسامی پرسی:

– باشە بۆ؟

– ئەدی نازانی؟ ڕقیان لەم جلانەی ئێمەیە.

ڤاسیا پێکەنی:

– ڕاست دەکەی.

مەهدی داوای لێکرد پیێ هەڵگرێ:

– خێراکە، دەبێ زووتر لێرە دەرچین!

پیێیان هەڵگرت. گەیشتنەوە سەر شەقامە ئاشناکان... دنیا تاریک تاریک بوو. ئاسمان پڕە لە ئەستێرە، بلەیم لێرەدا چ شتێك نابینرێ. لەپڕ شەوقی لایتی دەستی، شەقامەکەی روناك کردەوە. لایت لە هەر چوار دەوریان هەڵکرا بوو و بەرەو ئەوان دەهاتن.

دەنگێکی توندو تیژ بەرز بۆوە:

– بوەستن! نەجوڵێن!

ڤاسیا دەستی بۆ چەکە ئۆتۆماتیکەکەی برد، بەڵام مەهدی دەستی گرت و گوتی:

– ئارام بە!

شەوگەڕ دەوریان گرتن.

مەهدی پرسی:

– ئەوە چییە؟

سەر دەستەی شەوگەڕەکان کە کابرایەکی کەتەی سورەی دەموچاو پان بوو بە پۆزخەنێکەوە گوتی:

– باشە، با جارێ جانتای ئەو کوڕیژگەیە تەفتیش بکەم.

دەستی بۆ جانتاکەی ڤاسیا برد.

مەهدی بە نەزاکەتەوە، بەڵام ئامیرانە گوتی:

– دەستی بۆ نەبەی!

سەر دەستەی شەوگەڕەکان وەکو ئەوەی چاوەڕوانی ئەمە بووبێ، بێوەی چاو لە چارەی مەهدی بگوازێتەوە، هەنگاوێ کشایەوەو بە ئەسپایی دەستی بۆ گیرفانی برد.

مەهدی چاوی بڕیبوە دەستی ئەو. سەردەستەی شەوگەڕەکان دەستەسڕێکی لە گیرفانی دەرهێناو ئارەقەکەی سەرو چاوی سڕی و بە کەش و فشەوە گوتی:

– دۆستان مژدە، ئەمانە پارتیزانن! دەبینن چۆن بە دوو قۆڵی وەکو دڵدار و دلبەر پیاسە دەکەن!

دەنگی میل هێنانەوەی نزیکەی دە تفەنگ تێکەڵ بە یەکدی بوو. لوولەی تفەنگەکان کرانە پشتی مەهدی و ڤاسیا.

مەهدی تووڕە بوو:

– ئەمە چ گاڵتە بازاڕێکە!

سەر دەستەکە وەڵامی دایەوە:

– عەزیزەکەی دڵم، گاڵتەبازاڕ تەواو بوو!

مەهدی بە هەڕەشەوە گوتی:

– سەر دەستەی شەوگەڕان! من بۆ تۆمەو ئەگەر واز لەم گاڵتەبازاڕە نەهێنی زۆر زەرەر دەکەی. من ماموریەتی فەوریم هەیە.

– ئۆو، دەزانین! بگرە مەزەندەمان بۆ ئەوەش دەچێ کە ماموریەتەکەت بە ئەمرو دەستووری کێیە!.

– جەنابی سەر دەستە، دەترسم نەتوانی مەزەندە لێبدەی.

مەهدی دەستی بەگیرفانی خۆیا کرد، کارتێکی نارنجی چوار گۆشەی دەرهێناو بە تەوسەوە گوتی:

– فەرمووو!

سەردەستەکە، کارتەکەی وەرگرت، هەرکە بەری خۆی دایێ، بە جۆرێ شڵەژاو ڕەنگی تێك چوو،کە مەهدی زاتی پەیداکردو کەوتە پۆزلێدان. کارتەکەی دەستی سەردەستەکە، هەمان کارت بوو کە شولتسی یاریدەدەری سەرۆکی گوشتاپوی شار دابویێ.

لە هەلومەرجی تریستی داگیرکراودا ئەم کارتە سەنگی خۆی هەبوو. سەر دەستەکە گێژو کاس ببوو. بە شێوەیەکی نەرمتر گوتی:

– پرسیارێکی دیم هەیە، ئێستاکێ کە جەنابی شولتس ئەم کارتەی داوێتێ، دەبوایە ئەویشی پێ گوتبای کە لە دوێنێوە بە پێی دەستوری نهێنی ئەو، هاتووچۆی سوپاییان بە دوو قۆڵی لە شاری تریستدا یاساغ کراوە. تەنیا سێ یان چوار نەفەری ئەویش بە مەودای ٥-٦ شەقاو لە پاش یەکدییەوە دەتوانن لە شارا هاتووچۆ بکەن. بەڵام ئێوە شانبەشانی یەکدی دەڕۆیشتن! ئەمە جگە لەوەی باش نییە بە جانتاوە لەشارا بگەڕێن.

مەهدی کە خەریك بوو تاقەتی دەچوو، وەڵامی دایەوە:

– من دە ڕۆژی تەواوە لە شار نیم. من لە شوێنێ بووم دەستی جەنابی شولتسم پێنەدەگەیی تا لە دەستورە تازەکەی ئاگادارم بکا. من لە شوێنێ بووم کە ... "شەیتان بە نەحلت بی، ئەمە پێوەندی بە تۆوە نییە!"ئەم گاڵتە بازاڕییەش بڕەوە.

سەردەستەکە یەکسەر حاڵی بوو:

– ها،یانی لە دەرێی سنووری دەسەڵاتی جەنابی شولتس... تێدەگەم، تێدەگەم خۆ هەر لە هەوەڵەوە ئەمەت گوتبا!

کارتەکەی بۆ مەهدی درێژ کردو بە نەزاکەوتەوە داوای بوردنی لێکرد:

– تکایە بمبورە، جەنابی...

مەهدی کە کارتەکەی لە دەستی ئەو وەردەگرتەوە، بە زمانێکی نەرمتر لەو گوتی:

– پێویست ناکا ئەمەش بزانی. تا ئێستا هەندێ شتت زانی کە پێویست نەبوو بیزانی.. هایل هیتلەر!

شەوگەڕەکان بە یەك دەنگ گوتیان:

– هایل!

مەهدی لە ناخا شاد بوو کە ئەقڵ بە هانایدا هات و لەو دەمەدا کارتەکەی بیرکەوتەوە. ئەم جۆرە کارتانە تایبەت بوون بە شولتس و تەنیا بە جاسوسەکانی خۆی دەدان. لەمەش دڵخۆشکەرتر ئەوە بوو هەموو ئەو ئاگادارییانەی دەربارەی میخائیلۆ بە دیوارەکانی شارا هەڵواسرا بوون. لێکرابوونەوە! باشە بە ڕاستی باوەڕیان کردبوو کە میخائیلۆیان لە سێدارە داوە؟ نا، لەوە نچێت شۆلتس باوەڕی هاتبێ...لەوەیە بە ئانقەس ئەم نمایشەی بەرپا کردبێ تا پارتیزانەکان هەندێ کەوی ببنەوەو زۆر سڵ نەبن.. بەڵام بە خۆی دەستوری نهێنی دەرکردووە... دەبێ هاوڕێیانی خۆمان ئاگادار بکەینەوە کە چیدی دوو کەس دوو کەس بۆ شار نەنێرن. "میخائیلۆی خەیاڵی"بەسەو ڕەنگە ئەڵمانیەکان بەم شتە نەخەڵەتێن. وەزعەکە خەتەرە، لەوەیە بکەونە داوەوە، پێویست ناکا لێرە بەولاوە ڤاسیا لەگەڵ خۆی بەرێ: دەنا دەورێیەکان لە هەر کوێ توشیان بێن ڕێیان لێدەگرن. بەڵێ ڕۆژ بە ڕۆژ چالاکی لە تریستدا زەحمەت تر دەبێ. داوو تەڵە لە ڕادەبەدەر زۆر بووە.

مەهدی دەستێکە بەشانی ڤاسیادا داو گوتی:

– ڤاسیا، لێرە بەولاوە لەگەڵم نایەیت.

– مەهدی!..

– هێواش... تۆ بەخۆت دەبینی ڕۆیشتنی دوونەفەری بۆ ئێمە خەتەرە. ئەگەر تووشمان ببوایە بە تووشی گەشتیانی کارامەترەوە ئەوسا چیمان دەکرد؟..من بە تەنیایی هەرچۆنێ بێ خۆم دەرباز دەکەم...بەڵام لەگەڵ تۆدا نا.

– بەڵام من ناتوانم تۆ بە تاقی تەنیا بە جێبێڵم!

مەهدی لێبڕاوانە گوتی:

– ڤاسیا کارێکی وا مەکە ژێوان بم لەوەی کە لەگەڵ خۆمم هێناوی.

– مەهدی، هەر لەگەڵت دەبم!

مەهدی بە توندی گوتی:

– بەڵام هەرکە تووشی دەورێیەکی دی بووین، دەتنێرم بەلایەکا...لە بەردەم ئەڵمانەکاندا بە گژما نایەیتەوە؟

ڤاسیا بەدەنگی نزم گوتی:

– زۆر چاکە... من لێرەدا دەمێنمەوە. ئەدی ئەگەر زۆرت پێچوو....

مەهدی گوتی:

– ئەگەر زۆرم پێچوو، ئەوا چۆن و چیت بە باش زانی وا بکە....

مەهدی کە بینی چاوانی ڤاسیا بە ژنەوتنی ئەم قسەیە بریسکانەوە، بزەیەکی کردو درێژەی دایێ:

– ... دەزانم حەز دەکەی زۆرم پێبچێ. باشە کوا جانتاکەم بدەیە.

– باشە مەهدی یەك دانە بەسە ؟

– بۆ لە کارخستنی"ایل پیك کولو" یەکێك سەرو زیادە، تۆ گوێت لە من بێ ڤاسیا...لای ئەم دەروازەیە چاوەڕێم بە. کە گەڕامەوە لێم نزیك مەبەوە، سەیربکە بزانە تاقیبم دەکەن یان نا، ئەگەر کەس دوام نەکەوتبوو ئەوسا خۆتم بگەیەنێ. خۆ ئەگەر دوام کەوتبوون، ئەوا تۆش دوور بە دوور دووی ئەوان بکەوەو هەرکە گوێت لە دەنگی تەقینەوەکە بوو ئەوا هەوڵ بدە بە هەر جۆرێ بووە خۆتیان لێدەرباز بکەی، هەر چارت نەما تەقەیان لێبکە! لەوەیە ناچاربین شەڕی نێو شار بکەین، باشە؟

– باشە، خێراکە مەهدی!

– باشە چاوەڕێم بە.

کە مەهدی گەییە سەر ئەو شەقامەی کە بارەگای رۆژنامەی "ایل پیك کولو"ی لێبوو، لە پڕ هەنگاوی سووك کرد.، تووشی وەزعێکی ناهەموارو چاوەڕوان نەکراو بوو: پیاوانی "S.S" هەموو ئەو گەڕەکەیان تەنی بوو. مەهدی دەیویست بگەڕێتەوە، بەلام بێ سوود بوو چەکدارەکانی "S.S" لە چەپ و لە ڕاستەوە بەرەو ئەو دەهاتن. چەکدارەکانی "S.S" هێدیو ئارام وەکو ئەوەی پیاسە بکەن بۆ لای ئەو دەهاتن. مەهدی بچووکترین هەڵەی کردبا لەوە بوو تیا بچێ. پشتی، دەروازەی تەلارێکی گەورە بوو. مەهدی بە دزە نیگایەك بۆی دەرکەت کە ئەوێش چەند "S.S"ێکی دی لێیە.لە پشت دەروازەکەشەوە تاقیبیان دەکرد. مەهدی کارتە نەجات بەخشەکەی لە گیرفانیا سەح کردەوە.

یەکەم ماموری "S.S" کە لێی نزیك بوو بووەوە پرسی:

– ئاغای ئەفسەر ئەوە چ دەکەی لێرە؟ لە کام وەحدەی؟... بۆ کوێ دەڕۆی؟...

مەهدی هەراسانو شپرزە بە خۆی دەگوت: چ وەڵامێکی بدەمەوە؟ کارتو ئەوراقی ئەفسەری نیشان بدەم؟... کێ دەزانێ ئێستا چ دەقەومێ؟ دەست بە تەحقیق دەکەنو شتەکە کەشف دەبێ.هەنگێ ڕیسەکەم دەبێتەوە بە خوری. ڕەنگە پێویستم بەوەبێ دیسان خۆ بکەم بە ژان کراوس ، کە گوایە لای پارتیزانەکانەوە هاتووم؟... نەء ، ئەم کارە دەیان هاڕوژێنێو لێم نابنەوە. کراوس هەر لای شولتس دەیخوات. ئومێدی هەوڵو ئاخیر کارتەکەیە. چ قسەیەکیان لەگەڵدا ناکەمو چ شتێکیان بۆ روون ناکەمەوە. ئەدی ئەگەر لە کەللەی دانو چ بایەخێکیان بۆ کارتەکە دانە ناو بڕیاریان دا جانتاکەم بگەڕێنو زانیان چی تێدایە؟... ئێ باشە ئەوساکە خۆم دەکەم بەکراوس".

یەکێك لە پشتەوە بە تەوسەوە گوتی:

– یارۆ دەڵێی ئەڵمانی نازانێ، ناشێت رووس بێ؟

– سەیری جانتاکەی!... گرەو دەکەم ئەم جانتایە خاولی و فلچەی ددانی تێدا نییە!.

"S.S" یەکەم نەقیب بوو بە پێ داگرتنێکی زۆرترەوە دووبارەی کردەوە:

– جەنابی ئەفسەر وتم سەر بە کام وەحدەی؟

چاویشی لەجانتاکەی مەهدی نەدەگواستەوە.

ئەنجام مەهدی هاتە قسەو گوتی:

– جەنابی نەقیب، من مەجبور نیم وەڵامت بدەمەوە، تکایە ماتەڵم مەکە.ئەوەش بزانە کە لە ڕادەبەدەر ماندووم بووم.

نەقیبەکە بە تەوسەوە پێکەنی:

– عەجایەب؟... وا دیارە لە ڕێیەکی دوورەوە دێی؟... قەیدی نییە، ئێمە جێو ڕێی ئیسراحەتت بۆ دابین دەکەین.

فەرمانی دا:

– ... ئا دەی بیگرن!

مەهدی سەیری دەوروبەری خۆی کرد. پیاوانی "S.S" وەکو دیوار چوار دەوریان گرتبوو.

مەهدی بە پەلە کارتەکەی بۆ نەقیبەکە درێژ کردو گوتی:

– نەقیب ، کارێ مەکە پاشان ببێتە مایەی پەشیمانی!

نەقیبەکە تاوێکی باش کارتەکەی ئەم دیوو و ئەو دیو کرد. مەهدی چاوەڕوان بوو.ئەوسا نەقیبەکە بە دەنگێکی نزم گوتی:

– شتێکی سەیرە، لە کوێوە دێی؟

– ئەوەی لە پلەی تۆدا بێ، دەبێ بزانێ کە ئەم چەشنە پرسیارە وەڵام نادرێنەوە.

وادیار بوو قسەکانی مەهدی قەناعەتی بە یارۆی نەقیب کرد. تەمەننایەکی کردو گوتی:

– هەموو شتێکت تەواوە، فەرموو بڕۆ.

مەهدی تەواوێ دوور کەوتبووەوە، لە پڕ کابرای نەقیب گازی کردەوە:

– دەققەیەك!

مەهدی وا خۆی نواند کە گوێی لێنەبووە. لە دواوە بەتەپ تەپ دوای کەوتن.نەقیبەکە بە توندی هاواری کرد:

– دەققەیەك سەبر بکە!

مەهدی وەستا، ئاوڕی بۆ لای دەنگەکە دایەوە. نەقیبەکە لەگەڵ دوو چەکدارا لێی هاتە پێشەوەو بە زەردەخەنەوە گوتی:

– ئەرێ لە بیرم چوو لێت بپرسم کە ئاخۆ دەتەوێ خودی ئاغای شۆلتس کە کارتەکەی ئیمزا کردوویت ببینی؟ یانی خەبەرێکت بۆی هێناوە؟

مەهدی هەستی کرد کە بەم ئاسانییە لە دەستی ئەم چەپەڵە رزگار نابێ. مەهدی گوتی:

– بەڵێ، دەچمە دیدەنی جەنابی شولتس.

– جا وابێ ڕێیەکی زۆرت لەبەرە، چونکە ئاغای شولتس ئێستا لە بارەگای ڕۆژنامەی "ایل پێك کولو"ـە.

وەزعەکە بەردەوام ئاڵۆزتر دەبوو. مەهدی سوور بوو لە سەر کاری خۆی.

– لە بارەگای "أیل پیك کولو"؟ من پێم وابوو لە بارەگای گوشتاپویە، ئێستاش نیازی وێندەرم هەبوو.

– زەحمەت مەکێشە، ئێستا دەت بەن بۆ کن ئاغای شولتس.

نەقیبەکە رووی کردە دوو چەکدارەکەی پشتییەوەو گوتی:

– جەنابی ئەفسەر بەرن بۆ بارەگای رۆژنامەی "ایل پیك کولو"!

مەهدی بە بێدەنگی دوای دوو ئێس ئێسەکە کەوت. باش بوو ڤاسیای لەگەڵ خۆی نەهێنا. دەنا ئێستا کارەکەی لێتێك دەدا، بەڵام خۆ بە خۆیشی کەوتووەتە تەڵەوە!... دەبێ ئەمجارەش شولتس بدینیٚ. باشە چی پیٚ بڵیٚ؟.. ئەدی ئەگەر بە رێکەوت بە تەنیٚ نەبوو و کارانتیشی لە کن بوو؟.هەنگیٚ ... هەنگیٚ تەقان دەکەم!

گەیشتنە بارەگای ڕۆژنامەی "ایل پیك کولو". ئێشکچیانی "S.S" لەبەر بارەگاکەدا وەستا بوون.

یەکێك لەو زەلامانەی کە لەگەڵ مەهدی بوون پرسی:

– هێشتا بێین لەگەڵتا؟

– نەخێر، پێویست ناکا.

مامورەکە بە ئێشکچییەکانی بەر دەرگای گوت:

– ڕێی جەنابی ئەفسەر بدەن بچێتە ژوورەوە، دەچیٚ بۆ نك ڕائید فون شولتس!

مەهدی چووە بەر هەیوانەکە، بە ڕاڕەوێکی درێژا رەت بوو، هەموو دیوارەکانی شۆرەیان هەڵدا بوو، لەو دیو دیوارەکانەوە چرکە چرکی تایپ دەهات.مەهدی پەلەی دیتنی شولتسی نەبوو.

ئێستا کە هاتبووە نێو بارەگای ڕۆژنامەی "ایل پیك کولو" دەبوو ئەم دەرفەتە لە کیس نەداو ئەوپەڕی سوودی لێوەربگریٚ. ئەگەر شولتس لەم ڕاڕەوەدا بیدینیٚ ، ئەوا رێك‌و پێك پێی دەڵیٚ کە بەدوای ئەوا دەگەڕیٚ زو ڕێی گوم کردووە

کابرایەك بە کووڕە کووڕ کە لە نیشانەی پرسیار دەچوو بەرەو ڕووی مەهدی دەهات.لەوە دەچوو ئەندامی دەستەی نووسەران بیٚ. کابرایەکی رەنگ زەردی جگەرەکێش بوو. وشکە کۆکەیەکی سەیری هەبوو.

مەهدی گوتی:

– ئەریٚ بێزەحمەت تەوالێت لە کوێیە؟

کابرای (نیشانە پرسیار) بە دڕدۆنگی وەڵامی دایەوە:

– هەر بۆ ئەم پرسیارە هاتووی بۆ ئیدارەی رۆژنامەکە؟

بە دەم پرتەو بۆڵەوە دوور کەوتەوە. ژنێکی جەحێڵی لێوئاڵ لەوێندەرەوە رەت بوو، تاق‌و تریقی پاژنەکانی لە راڕەوەکەدا دەنگی دەدایەوە.ژنەش جگەرە دەکێشێت... بلوزێکی دەست چنی ناسکی بەدەن چەسپ سینەی گرتۆتە باوەش.

هەر چەندە پرسیار کردنی ئەم جۆرە شوێنانە لە ژنان، ناخۆشە بەڵام چارچییە:

– ببورە، ئەرێ بێزەحمەت تەوالێت لە کوێیە؟
ژنەکە سەیرێکی مەهدی کردو گوتی:
–جەناب ڕاست بە ڕاڕەوەکەدا بڕۆو ئەوجا بە دەستە ڕاستاو پاشتر بە دەستە چەپا پێچ بکەوە، دەرگای دووەم.
ژنەکە بزەیەکی تەوس ئامێزی کردو لە سەری ڕۆیی:
– ... دەرگای یەکەم تەوالێتی ژنانەو بۆ پیاوان قەدەغەیە.
مەهدی بە ڕاڕەوە نیمچە تاریکەکەداکەوتە ڕێ.. بە دەم ڕێگاوە بیری لەوە دەکردەوە کە دینامیتەکە لە کوێدا دابنێ چاکە. زەحمەتە بگاتە ژووری چاپخانەو. ئێرەش زۆر بەرچاوەو دینامیتەکە دەبینرێ. سەبرکە با بزانم! ئەم شوشە لێڵە چیە بەم دیوارەوە؟... ئەها، ئێرە دەروازەی بۆڕی ئاوی ئاگرکوژاندنەوەیە!... زۆر چاکە! ئێستا دەبێ بچمە ئاودەستەکەو کەپسولی تەرەقەیەکی بیست دەققەیی هەڵپچڕم. ئاوها.. چاك بوو بۆڕی ئاوی ئاگر کوژێنەوەکە لێرە نزیکە، دەڵێی کەس دیار نییە؟ شەیتان بە نەحلەت بی، یەکێك لە چاپخانەکەوە بۆ ئێرە دێ. نا، ماتەڵ بوو، لە گەڵ یەکێکی دیدا کەوتۆتە قسان. چۆن دینامیتەکەلە جانتاکە دەربێنم و کەس نەی بینێ؟... ئا، دەرم هێنا. دەبێ بە پەلە بیخەمە پشت شووشە لێڵەکەوە... تەواو!.
مەهدی هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو لە ڕاڕەوەکەوە بۆ ئەم بەر گەڕایەوە. لەسەر ئەو قاڵدرمەیەی کە بۆ ژووری دەستەی نووسەران دەچوو، تووشی شولتس بوو.
شولتس گەلێك لە مەهدی شپرزەتر بوو. گیروگرفتی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی وای شپرزەکرد بوو کە هەر لە بیریشی نەما بوو ئەم گەنجە فەرەنسیەی ناردبوو بۆ ناو پارتیزانەکان.
– ئۆو... ئاغای کراوس!.. بە ڕاستی بە تەمای دیداری تۆ نەبووم!
مەهدی گۆساخانە بزەیەکی بە ڕوویادا:
– ئاغای شولتس ئاخر من بەڵێنم پێ دابوی، خۆ خەڵکی بە بەلاش پارە هەڵناڕێژن!
– چۆن زانیت من لێرەم؟
– ئاغای شولتس پاشان بۆت باس دەکەم! ئێستا کاری گرینگترمان لە پێشە.
شولتس بە سەرسامی سەیری مەهدی کرد:
– باشە بۆ ئۆنیفۆرمی ئەڵمانیت لەبەر کردووە؟
مەهدی بزەیەکی کرد:
– پارتیزانەکان دایانمێ. ئاغای شولتس من بە کارێك هاتووم!
– یانی متمانەی پارتیزانەکانت بە دەست هێنا؟
– ئەی چۆن!... تەنانەت لە هەندێ عەمەلیاتی تەقاندنەوەی ڕێگای ئاسنیشدا بەشداریم کرد!...
مەهدی کوت و پڕ بێدەنگ بوو، بە ترس و دوو دڵییەوە سەیری شولتسی کرد، بەڵام شولتس بە پەلە کەوتە هێور کردنەوەی:
– ئەمانە گرینگ نین! ... توانیت میخائیلۆ بەرەو شار بکێش بکەی؟
– بەڵێ، یەکێکیان.

شولتس بە واقی وڕەوە ڕوانییە مەهدی. شولتس رای وابوو کە لە نێو پارتیزانەکاندا چەندین میخائیلۆ هەیە.

– چۆن یەکێکیان؟

– چاک ئاغای شولتس، پارتیزانەکان یەك دنیا میخائیلۆیان هەیە...

– باشە... هەر هەموویان لێکدی دەچن؟

– نە بابە! هەر زۆریش لێکدی جیاوازن. ناویشیان جیایە، بەڵام وەختێ کە بۆ شاریان دەنێرن هەموو دەبن بە میخائیلۆ.

شولتس هەرچەندە زۆر چاك لە شتەکان حاڵی دەبوو و یارۆی فەرەنسیش هەموو مەزەندەکانی ئەوی سەلماند بوو، ئەوجاش گوتی:

– هیچ سەر لەمە دەرناکەم.

"پێویستە کارانتی بۆ ئێرە بانگ بکا. با مەسەلەکە لەگەڵ ئەواندا حەل و فەسڵ بکا!".

مەهدیلەم بەینەدا کەوتەڕوونکردنەوە:

– دەزانی چییە! پارتیزانەکان دەیانەوێ کۆمەڵێ ئەفسانە لەمەڕ میخائیلۆ لە شارا بڵاوببێتەوە. بۆ نموونە ئەو دەگاتە هەموو شوێنێ، لە هەموو جێیەك حازرەو... و... و... میخائیلۆکان بە شێوەیەکی گشتی چونیەك کار دەکەن. هەرچەند هەندێجار هەر بە تەنیاو چ یاریدەدەرێکیان لەگەڵ نییە.بەڵام بە خۆیان جیاوازن. بەڵام ئەمجارە لەبەر ئەوەی من تۆزێ لە یەکێکیان دەچم، منیان لەگەڵی ناردووە.

– باشە لە کوێیە؟ چ کارێکی بەدەستەوەیە؟.

– ئاغای شولتس، گوایە بارەگای رۆژنامەی "ایل پیك کولو" دەتەقێنێتەوە.

شولتس موچوڕکەیەکی هاتێ:

– خەیاڵە!

– ئاغای شولتس باوەڕ بکە چۆنم پێ وتویت خیلاف نییە، من میخائیلۆ دێنمە لات.

– باشە کوا، بۆ ئێستا لەگەڵ خۆتا نەتهێناوە بۆ ئێرە؟

– میخائیلۆ هەستی کرد پیاوانی "S.S" چوار دەوری بارەگای رۆژنامەکەیان گرتووە. زۆرم لەگەڵیا هەوڵدا کە قەناعەتی پێبکەم وا نییە، بەڵام بێ سوود بوو. بە هەزار زەحمەت تاوام لێکرد قەناعەت بکاو ڕێم بدا بێم بۆ ئێرە تا تاقیبێکی وەزعەکە بکەمو خێرا جوابی لێبگێڕمەوە. ئێستا لە شوێنێکداچاوەڕوانی منە.

شولتس بە هەڵچوونەوە پرسی:

– لە کوێ؟

– ئاغای شولتس، ئەم کارە بە هەڵەشەیی ناکرێ! ئەگەر ئێستا مامورانی خۆتی بۆ بنێری ریسەکەمان دەبێتەوە بە خوری. خۆی دەشارێتەوە: شارەزای هەموو کونو کەلەبەرێکی شارە!... بەڵام من... راستەوخۆ دیدەمە دەستی خۆت. نە هەراو هەنگامە دروست دەبێو نە خەتەر، وایە؟

مەهدی تەماشای سەعاتەکەی خۆی کرد. دە دەقیقە مابوو بۆ کاتی تەقینەوەکە.

– ئاغای شولتس، من پەلەمە! قەرارم وایە سەعات دەی ڕێك بگەمەوە کن میخائیلۆ! ئەگەر سەعات دەی ڕێك نەگەمەوە لای، ئەوا دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە من گیراوم‌و ئەوسا کار لە کار دەترازێ‌و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ! ئەو پارەیەش کە بەڵێنت دابوو بمدەیتێ لە کیسم دەچێ.

–تۆ دەڵێی چی بکەین؟

– با ئێشکچیانی بەر بارەگاکە لەوێ نەمێنن‌و هەموو بێنە ژوورەوە و لێرە چاوەڕێی بن. میخائیلۆ ناسنامەی پەیامنێری عەسکەری پێیە.

شولتس بە وردی ڕوانیە مەهدی و ئاوڕێکی دایەوەو بانگی کرد:

– ماکس!

ئەفسەرێکی کەڵەگەتی قەپۆز زل بە غار هات:

– ئەمرێکتان هەبوو جەنابی ڕائید؟

– خێرا هەموو ئێشکچییەکان لەبەر بارەگاکە لابەو با بێنە ئێرە. ئەفسەران‌و ئەفسەریاران بێنە بۆ لای من!

– ئەمرەکەی.

کە ماکس ڕۆیی، شولتس رووی وەرگێڕایەوە بۆ لای مەهدی. دڕەندەیەتی بە چارەی شولتسەوە بەدی دەکرا.

– ئاغای کراوس هەڵت نەخەڵەتاندبم؟ کێ دەڵێ پارتیزانەکان نەیان کڕیوی ها!...

مەهدی بە نائومێدییەوە گوتی:

– ئاغا شولتس، تەنیا حەوت دەققەم ماوە! خۆت حوکم بدە ئەگەر مەبەستم هەڵخەتاندنت بوایە پێویستی نەدەکرد بێمەوە لات!...

– ڕاست دەکەی... جانتاکەت چی تێدایە؟..

– بە تاڵە، حەزدەکەی بیگەڕێ. پارتیزانەکان هێشتا ئەوەندەیان متمانە پێم نییە کە تەقاندنەوەی بتەلارێکی ناو شارم پێبسپێرن.

– باشە تۆ بۆچی هاتووی؟

– بۆ ڕێ گومکێ! تێدەگەی؟... یانی هەمان گەمەی چەند میخائیلۆ لە یەك کاتا. یەکێك لێرەو یەکێکی دیلە شوێنێکی دی .

ئەفسەرەکان هەموو هاتنە کن وان. شولتس پیاوەکانی لە نێو چاپخانەکەدا دابەشکرد. دامو دەزگای گوشتاپو بەو پەڕی خێرایی کەوتنە کار.

شولتس سێ و دووی دڵی خۆی کردو گەییە ئەم قەناعەتەی کە ئەگەر یارۆی فەرەنساوی هەڵیشی خەڵەتاندبێ ئەوا ئەم چ زەرەرێکی نەکردووەو ناکا. خۆ فەرەنساوییەکە لە دەستیان دەرباز نابێ: دووی دەکەون‌و دەرفەتی نادەن...

شولتس دیسان هاواری کرد:

– ماکس! بەر بارەگاکە چۆڵ بوو؟

– بەڵێ جەنابی ڕائید!

– چاکە. هەر ئێستا بە پەلە بڕۆ بۆ شەقامی ڤیافورتونا. دەزانی بە دووی کێتدا دەنێرم، لەوەیە بە کەڵکمان بێ.

مەهدی لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئایا ماکس بە دووی کارانتیدا دەنێری؟ خۆزگە بەر لە تەقینەوەکە بگەیشتایەتە ئێرە!..."

شولتس رووی کردە مەهدی:

– تۆ بڕۆ!

مەهدی بە هەزار حاڵ توانی جڵەوی شادیو هەڵچوونی خۆی بگرێو وا خۆی بنوێنێ کە زۆر سەرقاڵە. مەهدی بە مەیدانە چۆڵەکەی بەر بارەگاکەدا تێپەڕی و خێرا خۆی بە شەقامە تاریکو نوتەکەکەدا کرد.

... بێدەنگیەکی سامناك باڵی بەسەر چاپخانەکەدا کێشابوو. تایپو دەزگاکانی دیکەی چاپەمەنی هەموو ڕاگیرا بوون. شولتسی وردبین چاپی رۆژنامەکەی راگرتو دەستوری دا کە ستونێکی رۆژنامەکە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی گرتنی جاسوسی پارتیزانەکان تەرخان بکەن.

وردبینی شولتس لەمەش پتر بوو. دەستوری دایە دوو "S.S" کە دوور بە دوو تاقیبی کابرای فەرەنساوی بکەنو کارێکی وا نەکەن هەست بکا تاقیبی دەکەن.

شولتس بە ئاشکرا هەڵچوونو خرۆشانی پێوە دیار بوو، بەڵام لە پڕ گشت هیواکانی هەڵوەرین و بوون بە نائومێدی.

کارانتی کە لەو وردبینتر بوو یەکسەر تەلەفۆنی بۆی کرد کە دەست بەجێ لە چاپخانەکە دەرچێ. کارانتی هێند بە قەناعەتەوە قسەی دەکرد کە شولتس بە دیار تەلەفۆنەکەوە بەنج بوو، هەر حەپەسا. کە تۆزێ وەخۆ هاتەوە کەوتە جنێو دان بە خۆی. وا پەشۆکا تەنانەت بیری چوو دەستور بدا کە چاپخانەکە تەفتیش بکەن. خۆی بەر لە هەموویان بەڕاڕەوە درێژەکەدا بەرەو دەرگای دەرێ غاری دا.

شولتس هێشتا لە راڕەوەکەدا بوو کە گرمە هەستا. شولتس لە چاو ئەو خەڵکانەی کە لە ناو چاپخانەکەدا مابوونەوە زۆر سەلامەت  دەرچوو: لاقی ڕاستی قرتا.

... ڤاسیا هێشتا لە بەر دەروازەکەدا وەستا بوو کە بینی مەهدی بە پەلە بە تەنیشتیا ڕەت بوو. پاش چەند سانییەك دوو "S.S" دوور بە دوور بە دوایا هاتن. ڤاسیا لە پەناکە هاتە دەرێو دوای ئەوان کەوت. "S.S"ەکان تازە خۆیان گەیاندبووە مەهدی کە ڤاسیا لە پشتەوە تەقەی لێکردنو هەردووکیانی ڕمان.

ڤاسیا تفەنگە ئۆتۆماتیکەکەی یەکێك لە کوژراوەکانی هەڵگرتو بەغار هەمان ڕێگای گرتە بەر کە مەهدی گرتبووی . دوو گوللە بە تەنیشتیا گیزەیان کردو شوشەی پەنجەرەی ماڵەکەی بەرانبەری شکا. ڤاسیا خۆی دا بە زەویاو بە سینگەخشکێ رۆیی. لەم کاتەدا دەستێکی بەهێز یەخەی پاڵتۆکەی گرتو ڤاسیای بەرزکردەوەو بە دوای خۆیا رایکێشایە ناو دەروازەی خانوویەکی هەیوان بەرزەوە.

مەهدی بە میهرەبانی و ئەسپایی پرسی:

– سەلامەتی؟

ڤاسیا گوتی:

– سەلامەتم!

– کەواتە خێرا دوام بکەوەو دوا نەکەوی! ئەدی ئەوە چییە بە دووی خۆتا ڕای دەکێشی.

– تفەنگە... بۆ تۆم هێناوە...

مەهدی تفەنگە ئۆتۆماتیکەکەی لێوەرگرت، دوو بە دوو چوونە حەوشێکەوە، لەوێوە بەرەو دەروازەیەك چوون کە بەسەر شەقامێکی دی دا دەکرایەوە. لە دواوە دەنگی تەقە هات. مانەوەیان لەو حەوشەیەدا مەحاڵ بوو. نەشیان دەتوانی خۆ بگەیەننە سەر شەقامەکە چونکە شەقامەکە تەنگ بوو و هیتلەرییانی ماتۆڕسوار ڕژابوونە ئەو شەقامەوە. ڤاسیاو مەهدی خۆیان دابووە پاڵ دەروازەکەو فزەیان لە خۆ بڕیبوو. پێدەچوو ریزی ماتۆڕ سوار دوایی نەیەت. دەستەیەك ماموری گوشتاپو گەیینە حەوشەکە. دەبوویەکسەر فریای خۆ بکەون: کە دوا ماتۆڕسوار بە بەردەمیانا ڕەت دەبوو، ڤاسیا غاری دایە ناوەندی شەقامەکەو لە دواوە خۆی هەڵدایە سەر ماتۆڕەکەو ماتۆڕ سوارەکەی لە ژێر خۆیا پان و پلیش کردەوەو فڕێی دایە سەر عاردەکە ،ماتۆڕەکە بە خێرایی بە دەوری خۆیدا سوڕایەوەو لە ناوەندی شەقامەکەدا گیرسایەوە. هەر هەموو ئەمانە لە چاو تروکانێکدا ئەنجام دران. شەڕێکی گەرم لە تەنیشت ماتۆڕەکەوە دەستی پێکرد. مەهدی فریای ڤاسیا کەوت، لەگەڵ یەکەم تەقەدا ئەڵمانییەکەی کوشت.

مەهدی هاواری لە ڤاسیا کرد:

– خێرا خۆت هەڵدە سەر سایدکارەکە!...

بە خۆیشی خۆی هەڵدایە سەر زینی ماتۆڕەکەو توند سوکانەکەی گرت و کە پێی بە کلاجدا نا ماتۆڕەکە کەوتە کار. مەهدی بە پێ لاشەی ئەڵمانە کوژراوەکەی دایە لاوەو رووی ماتۆڕەکەی وەرگێڕاو پێی بە بە نزینا نا، ماتۆڕ سوارەکانی دی کە گوێیان لە تەقە بوو گەڕانەوەو دوای پارتیزانەکان کەوتن. مامورانی گوشتاپو لە هەمان دەروازەوە کە تۆزێ لەمەو بەر ڤاسیاو مەهدی خۆیان دابۆ پەنای تەقەیان لێدەکردن.

ڤاسیا لە ناو سایدکاری ماتۆڕەکەدا جێی خۆی خۆشکردو کەوتە تەقەکردن لە نازییەکان. بایەکی توند لە دەموچاوی مەهدی دەدا. گوللەی یەکێك لە ئەڵمانییەکان، کاسکێتەکەی مەهدی خستە ناو سایدکارەکەوە.

مەهدی خۆی بە جادەی ئوپچینادا کرد، سیلویوف جارێك بەم جادەیەدا بردبووی. پێدەچوو بە ئەڵمانییەکان گوترابێ کە پارتیزانەکان بە زیندوویێتی بگرن: تەقەیان لە تایەی ماتۆڕەکە دەکرد. ڤاسیا دەستی لە تەقە کردن هەڵگرت، دەبوو دەست بە فیشکەوە بگرێ...

بە بەر ماڵەکەی مارتاکوبیلدا ڕەتبوون. لە پڕ دنیا تەواو تاریك بوو،تومەز چوو بوونە تونێڵەکەوە!... کە لە تونێڵەکە هاتنە دەرێ لایتی ماتۆڕ و ترومبێل زۆر لە پێش ئەوانەوە دەبینرا. نازییەکان دەیانویست پێشیان لێبگرنەوەو نەیەڵن دەرباز بن. مەهدی بە دەستە ڕاستا

گەڕایەوە. ئێرە نشێوێکی تووش بوو، ڕێك دەچووە ناو ڕەزەکانەوە، بە پیرە ماتۆڕەوە خۆیان پێدا کرد. وا غل دەبوونەوە هەندێجار تایەی ماتۆڕەکە بە ئاستەم بەسەر زەوییەوە دەما. پاش هەڵتەك هەڵتەکێکی زۆر دەکەوتنەوە سەر بارێکە ڕێیەکی بەردرێژ، بچووکترین غەفڵەت بەسبوو تا ماتۆڕەکە لە هەڵدێرەکەوە گل ببێتەوە.مەهدی ناچار دەبوو ئستۆپ بگرێت. نازییەکان کە لە سەر نشێوەکەدا ماتۆڕەکانیان دانا بوو چووبوونە خوارەوە. خەریك بوو دەگەیینە پارتیزانەکان.

ڤاسیا هاواری کرد:

– مەهدی! بۆ ناو هەڵدێرەکە! خەریکە دەمانگەنێ!

– ڤاسیا، ئاخر ناکرێ! هەوڵبدە مەشغوڵیان بکە! هەرکە لە ڕەزەکان درچین ئیدی ڕێگاکە خۆشتر دەبێ.

ڤاسیا دەستی بە تەقە کرد. نازییەکان ترسیان لێنیشت. چەند سەربازێك هەڵدێرانە خوارەوە، ژمارەیەکی دییان بەرەو سەرێ هەڵکشان، بەڵام زۆربەیان بە دوو دڵییەوە لەسەر زەوییەکە درێژ بوون‌و نەیان دەزانی دوای پارتیزانەکان بکەون یا بگەڕێنەوە... بەڵام پارتیزانەکانیش تووشی گیروگرفت بوون، ماتۆڕەکە لە بەردێکی گەورەی دا، لایتەکەی شکاو بەخۆیشی کوژایەوە، تا مەهدی خەریکی هەڵکردنەوەی ماتۆڕەکە بوو نازییەکانیش کەوتنەوە خۆو بە غار دووی پارتیزانەکان کەوتن.

ئۆتۆمبێلی پڕ لە سەربازیش گەیینە جێ. هیتلەرییەکان کردبوویان بە هەراو هەنگامەیەك هەر مەپرسە، بەرەو خوارەوە غاریان دەدا. ڤاسیا خۆی مەڵاس دا تا ئەوان نزیك بوونەوەو ئەوجا کەوتە تەقە کردن لێیان. لەم کاتەدا ماتۆڕەکە کەوتەوە ئیش.

مەهدی بەخۆشحاڵییەوە هاواری کرد:

– ئافەرین ڤاسیا! باشتر دانیشە!

مەهدی بەبێ لایت ماتۆڕەکەی داژۆت‌و... هیچ شوێنێکی نەدەبینی، گەیی بووە نێو ڕەزەکان. زەوی ئێرە لینج بوو، هەوراز دەستی پێکرد..

لەسەر گردەکەوە ئۆمۆمبێلێك دەرکەوت، شەوقی لایتەکەی ئەو ناوەی کرد بە چراخان، ماتۆڕەکەی مەهدی‌و ڤاسیا کەوتە بەرچاو، ئەڵمانییەکان کە چاویان بە ماتۆڕەکە کەوت بە بێ تەقە کەوتنە گەمارۆدانی پارتیزانەکان. شەوقی لایتەکە کە چاوی ڤاسیای خستبووە ڕێشکەو پێشکە، بە شێوەیەکی کاتی دەستی لە تەقە کردن هەڵگرت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ناوە روناك ببۆوە، مەهدی بە ئاسانی ڕێگاکانی دەبینی‌و ماتۆڕەکەی داژۆت، بەڵام زەوییە لینجەکە نەی دەهێشت سورعەت زیاد بکا. نازییەکان تەواو نزیك ببوونەوە..

مەهدی هاواری کرد:

– ڤاسیا تەقە بکە!

ڤاسیا بە غەمگینی وەڵامی دایەوە:

– هیچ نابینم!

لە پڕ ڤاسیا ئەڵمانیەکی لۆق درێژی لە تەنیشت خۆیانەوە بینی. ئەڵمانییەکە تەقریبەن شان بە شانی ماتۆڕەکە غاری دەدا، دەیویست پڕ بداتە مەهدیو لەسەر ماتۆڕەکە دایگرێ.

ڤاسیا هاواری کرد:

– مەهدی!

ڤاسیا تا هێزی تێدا بوو قۆناغە تفەنگێکی کێشا بەسەری کابرای ئەڵمانی دا، هێند بە توندی قۆناغە تفەنگەکەی داهێنایەوە چیوای نەما بوو بە خۆیشی لە ماتۆڕەکە بەربێتەوە

ئەگەر چەند دەققەیەکی دی وا بڕۆیشتایە ئەوا پارتیزانەکان بە تەواوی تەوق دەکرانو مەرگیان مسۆگەر دەبوو... بەڵام زەوی ڕەقتر بوو، لە ڕەزەکان دەرچوون. ماتۆڕەکە لانسی وەرگرتو بە توندی بە گردەکەدا هەڵدەگەڕا.غەڵبە غەڵب و هەراو هۆریای ئەڵمانییەکان بەرە بەرە دوورتر دەبۆوە، ئەڵمانییەکان لە چاو ون دەبوون. پاش ماوەیەکی کەم ماتۆڕەکە گەییە یەکەم پێچی جادەکەو لە مەدای تیشکی لایت و بلاجکتۆر دەرچوو. مەهدی بەو تاریکییە پێی نا بە بەنزینا، نەڕە نەڕی ماتۆڕەکە لە هەموو ئەو ناوچەیەدا دەنگی دەدایەوە.

لە پڕ لە نێو تاریکییەکەوە تارمایی ئاپۆرایەکی گەورەو ڕەش دەرکەوت کە لەوان نزیک دەبووەوە، مەحاڵ بوو بە چ لایەکی دیدا پێچ بکەنەوە، چونکە دەکەوتنە هەڵدێرێکی هەزار بە هەزارەوە. مەهدی هەوڵیدا برێك بگرێ، بەڵام ماتۆڕەکە برێکی نەدەگرت. بڕێکگرتن لەم سورعەتەدا بەچی دەچێ!...

مەهدی هاواری کرد:

– ڤاسیا خۆت هەڵدە!.

بەڵام هیچیان،نە خۆی و نەڤاسیا فریای خۆ هەڵدان نەکەوتن. ماتۆڕەکە بە هەمان خێرایی چووە ئەشکەوتێ گەورەوە و خۆی کێشا بە گابەردێکی ناو ئەشکەوتەکەدا. مەهدی وڤاسیا بەم لاو بەولادا پەڕین.میچی دەرکەی ئەشکەوتەکە داڕوخا و لەو بەردو چەوی دنیایان بەسەردا ڕژا...

مەهدی بە دەما کەوتبوو، قۆناغی تفەنگەکەی کەوتبوو ژێر سینگیو هەناسەی گرتبوو. بورایەوە.. .خۆیشی نەیدەزانی چ مودەتێك بە بێهۆشی لەوێ کەوتبوو.ئەقڵی ئەو کە دەتگوت لە دەرێی بەدەنی ئەودایە! بە چپە پێی دەگوت: تەواوبوو! ئازای بەدەنی ببوو بە بەرد... وای دەزانی یەکجار دەمێکە بەم حاڵەوە لێرەدا کەوتووە، کەچی هەمووی بخەیە سەریەك چەند لەحزەیەك بوو. مەهدی گوێی لە دەنگی نزمی پێیان بوو: نازییەکان بەرەو ئێرە دەهاتن...دەبێ هەستێ! بە هەر جۆرێ بووە دەبێ ڕابێو نەیەڵێ دەستی نازییەکانیان بگاتێ. ڤاسیا ڤاسیا لە کوێیە؟

مەهدی هەستا، جلەکانی لە تەپوتۆز تەکاند. هێندە تاریك بوو چاو چاوی نەدەبینی.مەهدی ڤاسیای گاز کرد:

– ڤاسیا، لە کوێی؟ کوڕە بۆ ئێرە دێن، ڤاسیا گوێت لێمە؟

پێی بەر شتێك کەوتو بەدەما ڕەتی برد وچیوای نەمابوو بکەوێت. ئەم شتە ماتۆڕەکە بوو کە لەبەر زارکی ئەشکەوتەکە کەوتبوو. ڤاسیا وەڵامی نەدەدایەوە. مەهدی چووە نێو قوڵایی

ئەشکەوتەکە، تا پتر دەچووە پێشەوە ئەشکەوتەکە تەسکتر دەبوو.. کەچی لە پڕ دیواری ئەشکەوتەکە لێکدی دوور کەوتنەوە، دیار بوو ئەشکەوتەکە دەرگایەکی دی هەبوو.

مەهدی لە دڵی خۆیدا گوتی: "باشە ڤاسیا رۆییوە؟"، بەڵام هەر زوو لەم بیرە ژێوان بۆوە. نا، ڤاسیا لێرەیەو تا نەیدۆزێتەوە ناڕوا! لەم ئەشکەوتەدا دەکەوێتە شەڕو تا دوا فیشەك مقاوەمەت دەکا، مەهدی تفەنگەکەی هەڵگرت و بەرەو زارکی ئەشکەوتەکە کەوتە ڕێ....

هەراو هەنگامەی نازییەکان سات بە سات نزیکتر دەبۆوە....

مەهدی بانگی کرد:

– ڤاسیا! ڤاسیا!

لە پڕ دەنگێکی کز ، وەك ئەوەی لە بنەبانی ئەشکەوتەوە بێ، بەر گوێی مەهدی کەوت:

– مەهدی!

مەهدی بەدەم دەنگەکەوە چوو. ڤاسیا بە هەزار حاڵ خۆی لە ژێر گڵ و بەرددا دەرهێنا. ڤاسیا زۆر لە مەهدی خراتر کەوتبووو بورابووەوە، ئەگەر بانگە بانگی هاوڕێکەی و هەراو هەنگامەی فاشییەکان نەبوایە لەوە بوو بەم زووانە بە هۆش نەیەتەوە. شەوقی لایتی دەستی دوژمنان لەبەر زارکی ئەشکەوتەکە سەمای دەکرد.

مەهدی دەستی دایە تفەنگ و لە پشت ماتۆڕەکەوە سەنگەری گرت. ڤاسیا بەو تاریکییە بە لەپە کوتێ چەکەکەی خۆی دۆزییەوەو خۆی گەیاندە پاڵ مەهدی. لایتی دەستی هیتلەرییەکان ببوون بە نیشانە بۆ ڤاسیاو مەهدی. هیتلەرییەکان سێ کوژراویان بە جێهێشت و پاشەکشەیان کرد.فاشییەکان پاش راوێژو تەگبیر بڕیاریاندا پێنج کەس بنێرن تا دەوری ئەشکەوتەکە بگرن و نەیەڵن پارتیزانەکان دەربچن. "لە قەراخ هەڵدێرەکەوە جادەیەکی باریکی بەردەڵان شان بە شانی تاوێری ئەشکەوتەکە دیار بوو" باقی ئەڵمانییەکان لە پێشەوە پەلاماریان دا. فەرمانی تازە کە: "پارتیزانەکان بە زیندوێتی یان بە مردوێتی بگرن!" نازییەکانی ئازاتر کرد.

ڤاسیا عادەتی وا بوو هەمیشە ٤–٥ نارنجۆکی لە بن پاڵتۆکەیەوە قایم دەکرد، کەچی ئەمجارە تەنیا یەك نارنجۆکی پێبوو.

ڤاسیا کە بینی سەربازانی دوژمن بەرەو ئەشکەوتەکە غار دەدەن، نارنجۆکەکەی لە قەد خۆی کردووەو هاواری کرد:

– مەهدی تەماشا تەماشا! بزانە چۆن دەیانخەمە سەما!

ڤاسیاچاوەڕێی کرد تا ئەڵمانییەکان تەواو نزیك بوونەوەو ئەوسا تا هێزی تێدا بوو نارنجۆکەکەی هەڵدایە ناویانەوە. دوو ئەڵمانی کەوتن و ئەوانی دی کشانەوە. یەکێك لە ئەڵمانییەکان بێئەوەی بەخۆی بزانێ گوژمی بەستەوەو خۆی بە ئەشکەوتەکەدا کرد. کە هەستی کرد خەریکە دەکەوێتە چنگی پارتیزانەکان لە ترسا یەك بە خۆی هاواری کرد بە غار بۆ دواوە!.

ئەڵمانییەکان بۆ سێیەم جار بەدەم دەستڕێژی گوللەوە دەستیان بە هێرش کردەوە، هێرش ئەمما هێرش! مەهدی و ڤاسیا جار جار سووکە دەستڕێژێکیان لێدەکردن. ئەڵمانییەکان دیسان کشانەوە. ئەڵمانییەکان لەم هێرشەدا زەرەریان زۆرتر بوو، سەربازەکان نەیان دەیویست هێرش

بۆ ناو ئەشکەوتەکە بکەن. سەربازەکان وا ترسا بوون نە هەڕەشەی ئەفسەرو نە تیربارانی ئەو سەربازە یاخیەی کە ئەفسەرەکە بە دەستی خۆی کوشتی زاتی نەدەخستنە بەر کە پەلاماری ئەشکەوتەکە بدەن. سەربازەکان لە نێو خۆیانا ئەشکەوتەکەیان ناو نابوو "ئەشکەوتی مەرگ".

دەنگی سووکی تەقەیەك هات، تەنویرێك دڕی بە تاریکی شەودا:ئەو پێنج سەربازە هیتلەرییەی کە نێردرابوون بۆ پشتەوەی جەبهەی ارتیزانەکان بەو شێوەیە رایاندەگەیاند کە ئامادەن بۆ هێرش. ئەو نازییانەی لە بەردەم ئەشکەوتەکە کەڵەکە بووبوون هەرکە چاویان بە تەنویرەکە کەوت بە هات و هاوارەوە دەستیان بە هێرشی چوارەم، هێرشی یەکجارەکی کرد.

مەهدی گوتی:

– نارنجۆکت پیێ ماوە؟

– نەء ، هەر تفەنگەکەم ماوە.

– چاکە، تا دوا فیشەك دەجەنگین!

دەستڕێژ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە پشتیانەوە دەستی پێکرد. چەند گوللەیەك بەر دیواری ئەشکەوتەکە کەوت و مەهدی لە تەپوتۆزا غەرق بوو. دوو گوللە قۆڵی بلوزەکەیان کون کردو گوللەیەکیش سەرووی ئانیشکیبە سووکی روشاند.

ڤاسیا هاواری کرد:

– مەهدی! لە پشتەوەش هێرش دەکەن!.

مەهدی هەستاو خۆی دایە پاڵ دیواری ئەشکەوتەکە، دەیویست پەلاماری نازییەکانی پشتەوەیان بدا. لەپڕ گوێی لە هاژەیەك بوو کە دەم بە دەم بەرزتر دەبوو. مەهدی راچڵەکی و بەغار خۆی بە قوڵایی ئەشکەوتەکەدا کرد، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم دەنگە چییە؟... تۆ بڵێی هاوەنیان لە گەڵ خۆدا هێنابیٚ؟..."

بەڵام ئەم دەنگە هەترەشی نازییەکانی بەر ئەشکەوتەکەشی بردو یەکێکیانهاواری کرد:

– بگەڕێنەوە! دەیانەویٚ ئەشکەوتەکە بتەقێننەوە!

نازییەکان بە پاڵەپەستۆو یەکدی دەڵەك دانەوە لەبەر ئەشکەوتەکە کشانەوە.

مەهدی هاوای کرد:

– ڤاسیا!

ڤاسیا، بە دەنگێکی دلێر وسەرکەوتوانە گوتی:

– مەهدی! لێیان بدە! دەستیان لیٚ مەپارێزە!

مەهدی بەدەم تەقە کردنەوە خۆی گەیاندە بەر زارکی ئەشکەوتەکەو خۆی دایە پاڵ گاشە بەردێك. ڤاسیا، نازییەکانی بەر ئەشکەوتەکەی دانە بەر گوللەو ڕاوی نان، بەڵام دوو کەسیان فریا کەوتن خۆ بدەنە پاڵ بارستایی شاخەکەو لەوێوە نارنجۆك بگرنە ئەشکەوتەکە.

مەهدی دەیویست خۆی بگەیەنێتە نك ڤاسیا، بەڵام گوللەیەك تیغی کردو گونای روشاندو بناگوێی هەڵکڕوزاند. مەهدی ناچار لە پاڵ بەردەکە ڕاکشایەوەو تفەنگەکەی بەدەستەوە گرت،

بەڵام لە پڕ بۆی دەرکەوت کە مەخزەنەکەی خاڵییە. ئەوجا دەمانچەکەی دەرهێناو چەند فیشەکێکی تەقاند.

لێکدا لێکدا نارنجۆك لەبەر زارکی ئەشکەوتەکە دەتەقییەوە. ڤاسیا لەبەر روناکی بلاّچەی تەقینەوەی نارنجۆکەکاندا هەندێ خەتی نارنجیو شینو زەردی بە دیواری ئەشکەوتەکەوە بینی. ئاوەچکەی سەدان ساڵ بەدیوارەکانەوە هاتبووە خواریّو بەم جۆرەی ڕەنگاندبوون.

تۆپ باران تەواو بوو، ئەڵمانەکان هەمدیس پەلاماری ئەشکەوتەکەیان دا. ڤاسیا بە داخو کەسەرەوە روانییە تفەنگەکەی خۆی: تەواو! فیشەکی تەواو ببوو!... ڤاسیا لە قولاّیی ئەشکەوتەکەدا خۆی دایە پاڵ دیواری ئەشکەوتەکەو خۆی بۆ شەڕی تەن بە تەن ئامادە کرد.

یەکەم ئەڵمانی خۆی بە ئەشکەوتەکەدا کرد، کە گوێی لە چ تەقەیەك نەبوو بە خۆشحاڵییەوە هاواری کرد:

– بە دوای منا وەرن!...

دەیویست. بچێتە ژوورترەوە، پێی لە ماتۆڕەکە گیراو بە دەما ڕما، یەکسەر قۆناغی تفەنگەکەی ڤاسیا بەسەر سەریا داهاتەوە.

ناو ئەشکەوتەکە تاریکستانێ بوو، چاو چاوی نەدەبینی. نازییەکان لە ترسی ئەوەی نەبا بەرچاو بکەون، لایتیان هەڵنەدەکردو بە کوێرە کوێر دەهاتنە پێشەوە، هەرکەسێکیان دەگەییە ئاستی ڤاسیا، جەزرەبەیەکی توندی وێدەکەوت: ڤاسیا تفەنگەکەی لە بری کوتەك بەکار دەهێنا.

ئاخو ناڵەی نازیان و نەڕەی شێرانەی ڤاسیا دەگەیینە گوێی مەهدی. سەربازێکی دیکەش پێی لە ماتۆڕەکە گیراو بەدەما ڕما، ڕێك کەوتە باوەشی ڤاسیاوە و ڤاسیا تفەنگەکەی لە دەستی دەرهێنا. ڤاسیا دەستی نایە بینی کابرای ئەڵمانی و خەریك بوو دەیخنکاند، بەڵام لەم کاتەدا یەکێك لەو ئەڵمانیانەی ڤاسیا لێی دابوو و بورابۆوە، بە هۆش هاتەوە، بە لەپە کوتێ تفەنگەگەی خۆی دۆزیەوەو دەستڕێژێکی کرد بەو شوێنەدا کە دەنگی مشتو مڕی لێوە دەهات...

ڤاسیا هەڵپلا، دەستی بە سکی خۆیەوە گرتو ئەڵمانییەکەی بەرەڵلا کرد: یەکێك لە گوللەکان بەر سەربازە ئەڵمانییەکە کەوتبوو و کوشتبووی.

ڤاسیا لەمە هەرچییەکی کرد لە شەهامەتی خۆیەوە بوو(ڤاسیا هێزی لێبڕا بوو). هەستی دەکرد ئەمە دوا شەڕو شەڕی یەکجارەکی ئەوە، ئازارەکەی خۆی فەرامۆش کرد، دەستی دایە تفەنگی سەربازە ئەڵمانییەکەو دوو دەستڕێژی دوا بە دوای یەکی کرد.

ژمارەی ئەو ئەڵمانیانەی کە بە زندوویەتی مابوون زۆر نەبوو،لە چوار نەفەر تێنەدەپەڕین، کە گوێیان لە تەقە بوو ئەوانیش بە پەلە پڕۆزێ ولە تاو گیانی خۆیان بەغار ئەشکەوتەکەیان بەجێهێشتو ڕایان کرد.

ڤاسیا ئاگای لە هیچ نەما بوو... تەنانەت نەیدەزانی ئەڵمانەکان لە کوێوە هێرش دێنن. لە بری ئەوەی بۆ کن مەهدی بچێ، بەلارە لار بەرەو زارکی ئەشکەوتەکە چوو. ڤاسیا پێی لە جەنازەیەك گیراو بە دەما کەوتو خزی. حەزی دەکرد هەوای پاك هەڵمژێ، ئەشکەوتەکە پڕ ببوو لە بۆنی

دووكەڵو باروت. ڤاسيا دەخزیو بەسەر جەنازەكاندا ڕەت دەبوو، ئەو چەكەی كە كە هەنووكە لێی ببوو بە بار ، لە خۆی دوور نەدەخستەوە.

بێدەنگیو خامۆشی ئەشكەوتەكە سامی خستە دڵو دەروونی مەهدییەوە، بە ئەسپایی بانگی كرد:

– ڤاسیا!

چ وەڵامێك نەبوو.

ئێستا كەس تەقەی لە مەهدیش نەدەكرد. مەهدی هەستا، چوو بۆ شوێنی پێكادانەكەی ئەم دواییە. هەموو لایەك پڕ بوو لە جەنازە. مەهدی بە لەپە كوتێ كەوتبووە نێو جەنازەكانو بۆ ڤاسیا دەگەڕا. دەستی لە خوێنی كوژراواندا لینج ببوون. زەلامێك لە تەنیشتیەوە تەكانێكی داو ناڵەیەكی بۆ كرد.... مەهدی بەسەریا دانەوییەوەو دەستی بە سەروچاویا گێڕا: كەپو زل، تەوێل باریك، قژ زبرو لینج... مەهدی بە قێزەوە دەستی گێڕایەوە.

مەهدی گەییە ماتۆڕەكەو دەستێكی پێدا هێنا، هەوای تایەیەكی فش ببۆوە، ئێستا مەهدی زانی كە ئەو هاژەیە چی بوو. مەهدی بەسەر ماتۆڕەكەدا پازی داو لەبەر زاركی ئەشكەوتەكەدا ڤاسیای بینی كە لەسەر ئەرزەكە دانیشتووە. مەهدی بە خۆشحاڵییەوە هاواری كرد:

– ڤاسیا!

بەڵام ڤاسیا بێدەنگ بوو... ڤاسیا لە نێو گۆمێكی خوێنا دانیشتبوو، بە جۆرێ تفەنگەكەی بەدەستیەوە گرتبوو لە تۆ وایە ئێشكی ئەشكەوتەكە دەگرێ.

مەهدی بەسەر ڤاسیادا دانەوییەوە. ڤاسیا چاوەكانی دەرپەڕی بوونو ئەبڵەق دەیان نواند، دەتگوت دەپرسێ: "ئەرێ ئەم هەراو هەنگامەیە چییە لە دەورو بەری ئێمە ؟..."

مەهدی بە دەنگێكی نزمو لەرزۆك گوتی:

– ڤاسیا، هەستە با لێرە بڕۆین...

ڤاسیا بێجوڵە عەینی پەیكەر، دانیشتبوو. مەهدی دەستی گرت، دەماری دەستی بە ئاستەم لێی دەدا... هێشتا گەرمی ژیان لە بەدەنی ڤاسیادا مابوو. بەڵام كە مەهدی پاڵتۆكەی لەبەری داكەند، زانی ئەم گەرمییە زۆر بڕ ناكا. شوێنی ساغ بە بەدەنی ڤاسیاوە نەمابوو.

ئیدی وەختی ماتەڵ بوون نەبوو. مەهدی خۆی بە ئەشكەوتەكەدا كردەوە، بە هەزار حاڵ ماتۆڕەكەی خستە لاوەو گەڕایەوە بۆ لای ڤاسیا. مەهدی ڤاسیای دا بە كۆڵیاو بە نێو جەنازەی كوژراواندا لە ئەشكەوتەكەی بردە دەرێ. ئەڵمانییە بریندارە كەپو زلەكە هێشتا هەر دەیناڵاند. مەهدی هەر ئاوڕیشی لێنەدایەوە. كە لە ئەشكەوتەكە دەرچوو بە جادەیەكی شاخاویدا كەوتە ڕێ.

لە پڕ گوێی بە دەنگی كزی ڤاسیا زرینگایەوە:

– مەهدی!

مەهدی خۆشحاڵ بوو وگوتی:

– ڤاسیا! ڤاسیا من لەگەڵتم...ڤاسیا ئەمە منم من!...

ڤاسیا دەستی جوڵاندو بەر گوێیە بریندارەکەی مەهدی کەوت و کولاندییەوە. چیوای نەما بوو مەهدی لە تاوا پڕ بە زار هاوار بکا.

ڤاسیا دووبارەی کردەوە:

– مەهدی! مەهدی...

هەرچەندە دەنگی کز بوو، بەڵام بۆنی شادی لێدەهات.

– ڤاسیا، دان بە خۆتا بگرە! دان بە خۆتا بگرە! هەر ئێستا دەگەینە گوندێك و لەوێ تیمارت دەکەین. برینەکەت سووکە. ڤاسیا، چ نییە تەنیا تۆزێ ماندوو بوویت...

سەدای ڤاسیا تین و تاوی خستە بەر مەهدی. هەر ساتێك لەمەبەر پێی وابوو ناتوانێ بە زیندوێتی بگاتە نزیکترین گوند. کەچی ئێستا دڵنیا بوو کە دەڕوات و هەر دەگاتە گوندەکە.

ڤاسیا دووبارە هاتە قسان:

– ئازار کوشتمی...

– ڤاسیا چ نییە، تۆزێکی دی خۆت بگرە، هەر ئێستا لەو ملەیە رەت دەبین و لەو دیو ملەکەوە گوندێك هەیە.

شەو لە تەواو بوونا بوو. مەهدی پەلەی دەکرد. لە پڕ لەجێی خۆی وشك بوو... دوو ئەڵمانی چەکدار لە پشت تاوێرێکەوە وەدەرکەوتن. رێگای مەهدییان گرت. چ شتێك لەمە ناخۆشتر نەبوو پاش ئەو هەموو شەڕە لەگەڵ یەك تیپی تەواوا رزگار بێ و ئێستا تەسلیمی دوو سەربازی ئەڵمانی ببێ! ئەگەر ڤاسیا نەبوایە مەهدی بەگژیاندا دەچوو. بەڵام نەیدەتوانی دەست بەرداری ڤاسیا بێ...

مەهدی چ قسەیەکی نەکرد، چاوەڕوان بوو بزانێ کاردانەوەی ئەڵمانییەکان چ دەبێ. بیری لەوەش دەکردەوە کە چی بکا تا هەم خۆی ئەسیر نەبێت وهەم ڤاسیا بەم ئازارەوە بەر دەستی ئەوان نەکەوێت.

سەیری دەوروبەری خۆی کرد. لای ڕاستی تاوێرێن ڕك و رووت،و لای چەپی هەڵدێری هەزار بە هەزار بوو.

مەهدی وردە وردە بەرەو هەڵدێرەکە کشایەوە. لە خوارەوە، لە نێو قوڵایی دۆڵەکەدا تەمێکی سپیواژ گێژی دەخوارد... خۆ ئەگەر خۆ هەڵدێرن ئەوا ماوەیەکی زۆر بە ئاسمانەوە دەبن. هەڵدێرەکە یەکجار قوڵە. دەبێ بە جۆرێ خۆم بە عاردی دا بدەم کە ڤاسیا بەسەر مندا بکەوێ. یەك هەنگاوی دی و... دوا هەنگاو لە ژیانی...

لە پڕ یەکێك لە ئەڵمانەکان گوتی:

– هاوڕێ!

ئەڵمانی دووەمیش گوتی:

– هاوڕێ!

مەهدی وێستا، سەری هەڵبڕی، ئاخۆ ئەمە داو بێ؟ ئەوجا بە دەنگێکی نزم گوتی:

– نەیەنە پێشەوە!

ئەڵمانییەکان هەستیان کرد کە ئەم پارتیزانە متمانەیان پێناکا. تفەنگەکانیان لەسەر جادەکە داناو خۆیان هەندێ کشانەوە. مەهدی تیا مابوو، ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕا نەدەگەیشت.

یەکێك لە ئەڵمانییەکان کە نیشانەی سەر دەستەیی بە قۆڵەوە بوو گوتی:

– ئێمە نامانەوێ شەڕی ئێوە بکەین!

مەهدی لێبڕاوانە گوتی:

– دوور کەونەوە!

سەربازەکان ڕۆیشتن. لە جادەکەوە داگەڕان و چوون بۆ مێرغوزارێکی پشت تاوێرێکی ئەو ناوە.

مەهدی ماوەیەکی زۆر لە دواوە سەیری کردن. ئەوجا ئاوڕێکی دایەوەو سەیری کرد تەمە سپیواژەکەی ناو دۆڵەکە بووە بە تەمێکی کەوەیی تۆخ و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ. ئەم دۆڵە یەکجار قوڵ بوو. مەهدی کە دوا بڕیارەکەی خۆی بیرکەوتەوە تەزوویەکی سامناکی پێدا هات. هەرچەندە ئەگەر ئەم حاڵە جارێکی دی دووبارە بوایەتەوە ئەویش لە بڕیارەکەی خۆی ژێوان نەدەبووەوە...

ئەڵمانییەکان مات و مەلول لە نێو سەوزەگیاکە دانیشتبوون. سەرەنجام یەکێکیان گوتی:

– ئەریخ گوێ مەدەیێ!من جگە لەمە هیچ تەسەورێکی دیکەم نەبوو! خۆ ناکرێ یەکسەر باوەڕمان پێبکەن، قەیدی نییە لێیان مەگرە.

ئەریخ بە گلییەوە وەڵامی دایەوە:

– نا، هانس، بەخۆمان بەختمان نییە. ئاخر ئێمە لە یەکەمین دەرفەتدا هەڵاتوین بۆ ناو ئەمان! کەچی باوەڕمان پێناکەن، پیاو بە دەست خۆی نییە،دڵی دەشکێ...

هەڵبەتە هەق بە هانس بوو، چۆن خەڵکی وا زوو بە زوو باوەڕ بە سەربازی سوپایەك بکەن کە کاروپیشەی چاندنی تۆوی مەرگ و ئاگرو وێرانی بێ!. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە چما ئەم دوو سەربازە (نەك هەر ئەم دووە) حەزیان بە کوشتن و بڕین و وێرانی وسووتاندن دەکرد؟ پێویستیان بە شەڕ بوو؟ ناخۆشترین ژیانی ئەریخ ئەو ڕۆژە بوو کە جلی عەسکەریان لەبەر کردو چەکیان پێ هەڵگرت. لە دڵی خۆیدا وای هەست دەکرد کە بەخۆرتی واداریان کردووە خیانەت لە هەموو شتێك و لە هەموو ئینسانێك کە خۆشی ویستوون بکات.....

بابی کابرایەکی دارتاشی ئاسایی بوو. بابی ئەویش وەکو زۆربەی ئەو بابانەی کە خۆیان لە خوێنەواری بێبەش ببوون، حەزی دەکرد کوڕەکەی خوێندەوار بێ. پیرە دارتاش شانازی بەوەوە دەکرد لە ڤیمار لە دایك بووەو لە ڤیماردا دەژی، چونکە "ڤۆلڤگانگ گوتە"ی مەزن چەندین ساڵ لەم شارە ژیا بوو. گەلێ لە شیعرەکانی گوتەی ئەزبەر بوو. ڕۆژانی پشوو کۆنە پاڵتۆ ڕەشەکەی لەبەر دەکردو کڵاوێکی ڕەنگاوڕەنگی دەکردە سەری و دەستی کوڕەکەی دەگرت و دەیبرد بۆ هۆڵی کۆنسیرت و ئەو ئۆرگەی نیشان دەدا کە کاتی خۆی "باخ" عەزفی پێکردبوو.

لە مەیدان و فولکەکانی شارا ڕادەوەستاو ماوەیەکی زۆر سەیری پەیکەرەکانی دەکرد. ئەگەر ئەریخی کوڕی لە مۆزەخانانی نیگارکێشیدا بە دەنگی بەرز قسەی کردبا ئەوا سەرکۆنەی دەکرد.

ئەریخ ئارەزوویەکی هەبوو کە ئارەزوو و ئاواتی باپیشی بوو، ئەم باوکە بۆ ئەوەی کوڕەکەی مۆسیقا بخوێنێ ، شەوو رۆژی بە دیار خشە خشی دەزگای دارتاشیەوە دەبردە سەر.کوڕە کە خوێندنی مۆسیقای تەواو کرد بۆی دەرکەوت کە نابێ بە سازڤانێکی باش. !

ئیدی ئەریخ بە سوود وەرگرتن لەم پەندە کۆنەی کە دەڵێت: ئینسان حەماڵێکی باش بێ نەك دکتۆرێکی خراپ. لە شاری ڤیماری زێدی خۆیدا بوو بە وەستای چاککردنەوەی پیانۆ.

مەگەر هەر خۆی بزانێ چەند پیانۆی عەبەنوسی خراپو شکاوی دەنگ ناساز، بە دەستی ئەو چاککرابوونەوە!.

کە پیانۆیەکی تەواو چاك دەکردەوەو تازەی دەکردەوە هەستی بە شادیەکی زۆر دەکرد.

خەڵکی (ئەریخ)یان خۆشدەویستو رێزیان دەگرت، بۆیە ئەویش لەبەردەم بابیا خۆی بە شەرمەزار نەدەزانی.

ئەریخ وەختێ لە شەقامەکاندا تەپە تەپی هەنگاوو هەراو هەنگامەی لە شکرکێشی بینیو لە رادیۆە گوێی لە قسە هەلەقو مەلەق و عەربەدەکانی ئەو شێتە پەتەڕییە بوو و لە ئەڵمانیادا کەوتنە کتێب سووتاندنو جولەکە کوشتنو داوایان لە خەڵك دەکرد وڕێنەکانی ناو"خەباتی من" لەبەر بکەن ، هەستی بەوە کرد کە بەرانبەر بە خۆی، کەسوکاری، دۆستو برادەرانی، بەرانبەر بە نیشتمانەکەی شەرمەزارە.

ئەریخ بە نیگەرانییەوە لە خۆی دەپرسی: "باشە ئاخری؟".

ئەریخ کۆمۆنیست نەبوو، بۆ یەکەمجار رووسەکانی دەبینی. تەسەوڕێکی یەکجار کەمو گۆنگی لەمەڕ مارکسیزم هەبوو، بەڵام مرۆڤێکی دڵسۆزو سادەو ئابڕوومەند بوو. زۆر لەوە رەنجا کە رووسەکان متمانەیان بەوو بە هانس نەکرد بوو... ئەریخ ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. باشە ئەم پارتیزانە زامدارە بە تەمای چییە؟

مەهدی کەوتە ڕێ.

کە مەهدی گەییە ئاستی چەکەکان ویستی دانەیەکیان هەڵگرێ، بەڵام کە بیری کردەوە،ئێستا نەك هەڵگرتنی تفەنگێك، بەڵکو هەڵگرتنی زەڕەیەك تۆزو غوباری زیادەش زۆرەو لە توانای ئەودا نییە بە نووکە پێیەك تفەنگەکان و تووڕ دانە دۆڵەکەوە هێواش دەڕۆیی، لە شەکەتیدا بە لایا دەهات، هەنگاوێکی دەناو تاوێ دەوەستا، لێی ئەسەح بوو کە ناتوانێ لەوە زیاتر ڕێبکا... ئەنجام زرانییەکانی شل بوون، دانیشتو بە وریاییەوە ڤاسیای لەسەر عاردەکە دانا... مهدی نەیدەزانی چەندێکە بەم حاڵەوە بەڕێوەیە، سەعاتێ، یان دووان... هەستی کرد یەکێك لە پشتییەوە وەستاوە. مەهدی چاوی کردەوەو ئاوڕی دایەوە، هەردوو سەربازە ئەڵمانییەکە بوون، ئەوان ڤاسیایان جوانتر لەسەر سەوزە گیایەکە دانا.

یەکێکیان بە هاوخەمییەوە پرسی:

– باشە تۆ دەتوانی بە خۆت بڕۆی؟

مەهدی بەسەرسامی سەیری کرد، هێشتا هیچی بۆ دەرنەکەوتبوو.

– ئاخر شەرم مەکە، ئەگەر ناتوانی بڕۆی، ئێمە بە نۆرە دەتکەینە کۆڵو هاوڕێکەت بە باوەش هەڵدەگرین.

مەهدی گوتی:

– من خۆم دەڕۆم...

ئەوجا بەبێ باوەڕییەوە پرسی:

– بۆ کوێمان دەبەن؟

– مەیلی تۆیە، تۆ پێمان بڵێ بۆ کوێ بڕۆین.

هەموو ڕێگاکەیان بەبێ دەنگی بڕی.

سروشت بە شادییەوە پێشوازی لە کازیوە دەکرد. پەڵە هەور بەری ئاسمانیان گرتبوو، بەڵام ئاسمان لەبەری ڕۆژهەڵاتەوە بەرە بەرە روناك دەبوٚوە.مەهدی ئێستا چاکتر ئەڵمانییەکانی دەبینی. ئەڵمانییەکی باڵابەرزی کەتە، کە جلکی سوپایی لەبەر بوو، ڤاسیای خستبووە سەر دەستی و دەیبرد.ئەڵمانیەکەی دی کە لە پاش مەهدییەوە دەهات بە تەمەنترو کورتە باڵاتر بوو. دەموچاوێکی لاوازی مەندی هەبوو ، نیشانەی سەر دەستەیی بە یەخەی جلە سوپاییەکەیەوە دورابوو.

سەردەستەکە گوتی:

– من تەقەم لێتان نەکرد. ئێمەیان نارد کە لە دواوە پەلامارتان بدەین، بەڵام ئێمە تەقەمان نەکرد. نە منو نە ئەو! (سەردەستەکە ئیشارەتی بۆ لای سەربازەکە کرد):ئەمە گەنجێکی چاکە. هاوڕێکانی ئەو لە جەبهەی ڕۆژهەڵاتا دەچنە ناو رووسەکانەوە، بەڵام لێرە زەحمەتە. لێرە پەنا بۆ کێ ببەی؟..

کەمێ بێدەنگ بوو:– من ناوم هانس ریختەرەو ئەویش ئەریخ زولینگ. من جەمەلۆن ساز بوومو ئەریخ وەستای پیانۆیە.

بزەیەکی تاساو چارەی شەکەتو ڕەنگی هەڵبزڕکاوی مەهدی روناك کردەوە. بەدەم خەیاڵەوە بەسەر جادەیەکی شاخاوی باریك دا دەڕۆیی... لە پڕ ڤاسیا بە دەنگێکی کز گوتی:

– من هیلاك بووم...

مەهدی ڕاچڵەکیو بەسەر دەستەکەی گوت کە بوەستە . ڤاسیایان بە ئەسپایی لەسەر سەوزە گیایەکی ئاونگ لێنیشتوو دانا.

ئەریخ گوتی:

– من دەچم تاقیبی ئاوی خواردنەوە دەکەم.

هەردوو زەمزەمییەکەی خۆی و هاوڕێکەی برد.

هانس پێی گوت:

– ماتەڵ نەبێ!

ئەریخ ڕۆیی. هانس کەمێ چووە ئەو لاوەو دانیشت سەیرێکی مەهدیو ڤاسیاو کردو زۆری بەلاوە سەیر بوو کە چۆن ئەم دوو کەسە توانیان لە شەڕی تەن بە تەندا بەسەر بیست سەربازی

ئەڵمانیدا سەربکەون. هانس بیری کەوتەوە کە چۆن ئەم دووە بە ماتۆڕ بە هەڵدێرەکەدا داگەڕان و چۆن لە مەدای تیشکی بلاجکتۆرەکان دوور دەکەوتنەوە.

هانس حاڵی نەدەبوو کە مەهدی چی بە ڤاسیا دەڵێ، بەڵام بە قسەکانیانا بۆی دەرکەوت کە هەردووکیان ڕووسن.

کە مەهدی سەیری "هانس"ی دەکرد، هانس بە شەرمەزاری و هاوخەمییەوە بە روویەوە دەگرژییەوە..

ڤاسیا درێژ ببوو، چاوی کرابۆوە.دەتگوت لە پشت پەردەی مەلمەلێکی تەنکەوە ترۆپکی دارکاژەکان کە چووبوون بە ئاسماندا دەبینێ.. دەموچاوە بریندارو لاوازەکەی کە خوێن قەتماغەی لەسەر بەستبوو، زیخیشی نیشتبووە سەر.بەڵام چاوە شین و درشتەکانی سەرڕێژ بوون لە مەیل و ئارەزووی ژیان.

ڤاسیاکە بە زەحمەت دەیتوانی قسە بکات، بە گلەییەوە گوتی:

– بۆ لەوێ هاوارت بەسەرما کرد؟

– لە کوێ ڤاسیا؟

– لەوێ، لە نزیکی کەندەکە... کاتێ کە بۆ تریست دەچووین...

مەهدی سەرسام و غەمگین لە دڵی خۆیدا گوتی: "بەم حاڵەشەوە ناتوانێ ئانژلیکا فەرامۆش بکا!" ئەوجا وەڵامی ڤاسیای دایەوە:

– ڤاسیا ،چارم نەبوو، دەبوایە وام کردبا...

ڤاسیا،بە نیگایەکی سەرزەنشتامێزی ئەوتۆوە ڕوانییە مەهدی کە مەهدی خۆی پێ نەگیراو گوتی:

– ڤاسیا، بمبوورە!

– کە تۆ هاوارت بەسەرما کرد... من زانیم... ئانژلیکا لەوێندەرە...

ڤاسیا بێدەنگ بوو، ئەوجا لەسەری رۆیی...

–...ئەو پەندەی کە تۆ دەتگوت چۆن بوو؟... "شێر لەلانە بێتە دەر چ نێر بێ چ مێ"؟...

ڤاسیا دیسان بێدەنگ بوو.

مەهدی لە کانگای دڵەوە گازی دەکرد: "ڤاسیا، ڤاسیا!"، بەڵام ڤاسیا لە کۆچا بوو و ئەوی بەجێ دەهێشت و کۆچی ئەو کۆچی دوور بوو، کەس بۆی نە دەگێڕدرایەوە.

مەهدی گوتی:

– ڤاسیا گوێ بگرە، من دەزانم ئانژلیکا تۆی خۆشدەویست...

ڤاسیا گوێی لە قسەکانی مەهدی دەگرت، سیمای جدی تر دە بوو.

لەپڕ لە ڕۆژهەڵاتی ئاسمانەوە هەورەکان رەوینەوەو لێکدی دابڕان و گزنگی هەتاو میرغوزاری رازاندەوەو هەزاران دڵۆپە ئاونگی داگیرساندو سیمای ڤاسیای روناك کردەوە.

مەهدی بۆ ساتێك وشك بوو ولە پڕ بە نائومێدییەوە هاواری کرد:

– ڤاسیا!

هاوارەکەی مەهدی بە شێوەیەکی غەمگین لە کۆسارو جەنگەڵەکاندا دەنگیدایەوە.

ڤاسیا بێدەنگ بوو. چاوەکانی واز بوون. لێوە قەڵەشاو وشکەکانی بە ئاستەم لیکدی ترازا بوون. لە تۆ وایە دەیەوێ شتێکی یەکجار گرینگ بدرکێنێ، شتێك کە تا ئێستا لێی بێئاگا بووەو تازە لێی تێگەیشتووە.

مەهدی بە شێوەیەکی نارەحەت بەدیار ڤاسیاوە هەڵتروشکا بوو، ملی درێژ کردبۆوەو هەناسەی لەبەر خۆی بڕی بوو. چەند دڵۆپە ئارەقێکی سارد نیشتە سەر تەوێڵی.

سەراپای خوێناوی، جلەکانی شڕو شەپڕێو، چەپکێ لە قژە نمدارە بریقەدارەکەی بەسەر هەنیەی دا ڕژابوو، سیمای ترسناك بوو. هانس چاوەڕێ بوو کە هەر ئێستا مەهدی لێی شێت بێ‌و لە ڕق‌و داخا پەلاماری بداو شاپ تڕێنی بکا، چونکە سەربازانی تیپەکەی ئەو ڤاسیایان کوشتبوو.

ئەریخ بە مەتارە ئاوەکانەوە لە مان نزیك دەبۆوە.

مەهدی بێئەوەی چاو لە ڤاسیا بگوازێتەوە،بە ئەسپایی لە ئەرزەکە هەڵدەستا. ئەریخ شپرزە و نیگەران دەیویس دەست بداتە باڵی و یارمەتی بدا، بەڵام مەهدی دەڵەکی دا، مەتارەکە کەوتە سەر زەوی و تەق و تۆقێکی سووکی لێبەرز بووەوە.

مەهدی وەکو یەکێك خۆی بدوێنێ گوتی:

– ڤاسیا ڕۆیی.

مەهدی دانەوییەوە، دەستێکی خستە ژێر شانی ڤاسیاو دەستەکەی دیکەی خستە ژێر ئەژنۆی، کردیە باوەش‌و بەلارە لار هەستایە سەر پێ.

ئەریخ و هانس هاتنە پێشەوە تا یارمەتی بدەن، بەڵام مەهدی گوتی:

– واز بێنن!

مەهدی بە لارە لارو هەنگاوی هەڕاوەوە بەسەر جادە شاخاوییەکەدا کەوتە ڕێ.

هانس‌و ئەریخ بە دوو دڵییەکی کەمەوە هەندێ وەستان‌و پاشان کەوتنە دوای ئەو. چۆمێکی بە هاڕەو هاژەو خوڕ ڕێگاکەی دەبڕی. مەهدی بێئەوەی سەیری بەر پێی خۆی بکا لە چۆمەکە پەڕییەوەو درێژەی بە ڕێگای خۆی دا.

هانس‌و ئەریخ لەملاو لەولای ئەوەوە دەڕۆیشتن.

دیمەنێکی سەیر بوو: پارتیزانێکی بریندارو بێچەك جەنازەی هاوڕێکەی گرتبووە باوەش‌و دەڕۆیی و دوو سەربازی دوژمنیش وەکو ئیسکۆرت، بەڕێزەوە بەم لاو بەولایدا دەڕۆیشتن.

ڕۆژ بەرە بەرە ڕوناکتر دەبووەوە. سەوزە گیای تازە خۆی دەنواندو باڵندان دەیانخوێند.

مەهدی نە هیچی دەبینی و نە هیچی دەژنەوت.

ئەڵمانییەکان هەر چەند دەیانزانی مەهدی زۆر ماندووەو بە زەحمەت خۆی بە پێوە دەگرێ، بەڵام زاتیان نەدەکرد پێی بڵێن با یارمەتی بدەن.

له پڕ کیژه دێهاتییان له پێچی جادەکەوە پەیدا بوون. ڕێك له بەرانبەرەوە دەهاتن، ریزیان بەستبوو و هەر یەکەیان سەبەتەیەك یا گۆزەیەکیان بەسەر سەرەوە بوو. ئەمانە هەمان ئەو کیژانە بوون کە ماوەیەك لەمەوبەر دوا ئازوقەی ناچیزی خۆیان بۆ پارتیزانەکان هێنا بوو.

کیژێکی جوان کە خاڵێکی درشت بە لا لێویەوە بوو لە پێش هەموویانەوە دەڕۆیی. کیژەکان کە سەربازە ئەڵمانییەکان و مەهدیان بینی کە جەندەکی ڤاسیای بە باوەشەوە بوو ترسان و وەستان. کیژە خاڵدارەکە مەهدی و ڤاسیای دەناسی. مەهدی و ڤاسیای لە سەرکردایەتی تیپدا بینی بوون و ڤاسیا چەند شەوێکی لە گوندەکەی واندا قەتاند بوو.

مەهدی تەواو لە کیژەکان نزیك ببۆوە. کیژە خاڵدارەکە هەڵوەستەیەکی کردو ئەوجا بە ئیشارەت دەستە خوشکەکانی گازکردن بۆ نك خۆی. کیژەکان مەهدییان ڕاگرت و جەنازەکەی ڤاسیایان لێوەرگرت.

کیژەکان هێندە مەردانەو دڵسۆزانە هاتنە دەست کە مەهدی نەیتوانی دەست بە روویانەوە بنێ. مەهدی دەستی شل کرد. بە چاوی گێژو مات و مەلولەوە روانییە دەوروبەری خۆی و کەوتە دووی کیــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــژەکان

مەهدی وڕو کاس بوو،هەرچەند ئێستا باری سووك ببوو و ڕێکردنی ئاسانتر بوو،بەڵام لێکدا لێکدا بەلادا دەهات و نوچی دەدا... دەتگوت لە خەودایە.ئە حاڵەتەی ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. کراسی رەنگاو رەنگی کیژەکان لە بەردەمییەوە دەبینراو جەنازەکەی ڤاسیا بە سووکی لەسەر دەستیان دەجولا. هانس و ئەریخ شان بە شانی مەهدی دەڕۆیشتن...

له قەراخ ئاوایی تووشی کۆمەڵە جووتیارێك بوون، کیژەکان جەنازەکەی ڤاسیایان دایە دەستی جووتیارەکان.

ئەوان جەنازەکەی ڤاسیایان لە پێشەوە دەبردو مەهدی بە لارەلار دوایان کەتبوو.ئێستا کیــژەکان جەنازەکــەیان نــەدەبرد، بــەڵکو جەنازەکــە بەســەر دەســتی گەنجــە دێهاتییــە کێونشینەکانەوەبوو. هەندێکیان پۆتین و گۆرەوی بەنی زبرو هەندێکیان پۆستاڵی چەرمی بۆیاخ نەکراویان لە پێ بوو.

کە گەیشتنە گوندی دووەم ،کە بریتی بوو لە چەند کەوێلێك، ئاوی ساردیان لە کانییەکە بۆ مەهدی هێنا، مەهدییان لەسەر تەختێکی شەق و شڕی خوارو خێچ لە ژێر درەختێکا دانیشاند.شتێکیان پێی دەگوت، بەڵام مەهدی نەیدەژنەوت.

دووبارە ڕێگای کۆساریان گرتەوەبەر. پیرەمێردێکی نەناس کە پەستەکێکی فەرووی لەبەر بوو باڵی مەهدی گرت و بردی.

ڤاسیایان خستبووە سەر دەستە بەرەیەك و لەپێشەوە دەیان برد، شوردبویان و سەریان شانە کردبوو، کراسێکی جاوی پاکیان لەبەر کردبوو، جووتێ پێڵاوی نوێیان لە پێی کردبوو.

ئەم گوندە نووسابوو بە تاوێرانی تەق تەقان وسەختەوە، لەم گوندەدا وەستان. هەمان پیرەمێردی نەناس و چەند گەنجێك لەپاڵ مەهدی دانیشتبوون: دەنگی چپە چپێك دەهات. مەهدی گوێڕایەڵانە پێکێ شەرابی خواردەوە.دوو دەستی ساردی کەسێك، زامەکەی گوێی کە

خـوێنی لێـدەهات بەسـت. کـە لـە گونـد دەرچـوون مەهـدی چـەند گـوڵێکی سـپی درشـتی بەسـەر سینگی ڤاسیاوە بینی. ئەم گوڵانە ئەو دیاریانە بوون کە زەوی ، پاش ڕابوون لـە خـەوی زستانە، بە دنیای بەخشی بوون.

پاشان ڤاسیا لەسەرئەرزەکە درێژ کرا، خەڵکێکی زۆر لە دەوری خڕبووبوونەوە. دەنگی تەقەی تفەنگان بەرز بۆوە، فرەڕۆ کۆڵەمستی گوشراوەوە کەوتە وتاردان ، پاشان خـۆی پێنـەگیراو چووە سوچـێکەوە، دەستەسـڕێکی گـەورەی زبـری دەرهێنـاو لـووت و چـاوانی سـڕین. ئـەوانی دی، بولغارییـە تۆکمەکـە، مارکوسـی مەجـەڕی بـە قـژە سـوورە ئاگرینەکـەی و کـڵاوە قووچـە نـوێک تیەکەیەوە کە بەپشتا بردبووی، جویسی ڕەش پێستیش قسانیان کرد. جویس بە هیچ جۆرێ ڤاسیای نەدەناسی، بەڵام لە ژیانیا بۆ کەس ئەوەندە نیگەران و پەشێو نەبوو. ئـەم ڕووداوە یەکـەم مەینەتی گەورەی ژیانی نوێی ئەو بوو. هاوڕێی خەباتگێڕەکەی کوژرا بوو...

یەکێك لە پشت مەهدییەوە دەنکە شقارتەیەکی پێکرد تا جگەرەکەی دابگیرسێنێ، مەهدی ئاوڕی دایەوە: سیمای میهرەبانی خەم لێنیشتووی سیرگی نیکۆلایوڤیچ بوو، بە لێوە لەرزێ مژی لە جگەرەکەی دەداو گوپە گۆشتنەکانی بە ئاستەم دەلەرزین.

مەهدی بەرانبەر بە گردۆلکەیەکی بچووك دانیشتووە، گردۆلکەکە یەك پارچە گەڵای دارکاژو گوڵی بەهارە بوو، چوار دەوری کۆمەڵە شاخێکی سەخت بوو چوو بوو بە ئاسماندا...

مەهدی نە هەستی بە ئازار دەکرد، نە فرمێسکی دەڕشت و نە گریەو زاری دەکرد– چ شتێك لە دڵیا نەبوو، دەوروبەری چۆڵ و هۆڵ بوو....

مەهـدی کـە سـەرنجی بەرانبـەری خـۆی دا سـەیری کـرد سـیلویوف و ڤـیرا لـە پـاڵ گۆڕەکـەی ڤاسیادا بە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە وەستاون.

مەهدی لە دڵی خۆیدا گوتی:

– ڤاسیا ڕۆیی:

بۆ یەکەم جار لەم ڕۆژە بێکۆتاییەدا هەستی کرد هەناسەی سوارەو بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرێ و ئازارێکی کوشندە لەسینگیدایە....

لە گەڵ ئازارەکەدا لە ناخی ویژدانەوە بیرێکی تەواو بەرجەستە هێرشی بۆ هێنا: خوێنی ڤاسیا لە نێو دەمارەکانی ئەودا دەگەڕێ و دڵە خەمبارەکەی ئەو دەجوڵێنێ.

خوێنی گەرمی ڤاسیا!

مەهدی بەخەیاڵ ڤاسیاو ئانژلیکای لە شوێنەکەی ئێستای سیلویوف و ڤیرادا دەبینی. ئـەوجا ڤاسیای بە تەنێ بینی کـە ئۆنیفـۆرمی ئـەڵمانی لەبـەر بـوو، ئـەو سـەربازە ئەڵمانیـەی کـە بەکوڕك، ناسرابوو و گۆنای دەلەرزی بینی. ئەوجا ڤاسیای هاتەوە بەرچاو کە لە بێشەکەدا یارمەتی ئەوی دەدا تـا لـە جەنگەڵەکـەدا پیاسـە بکـات: لـەو کاتـەدا دوای برینـداربوونی مەهـدی هێشـتا هێشـتا کەسـیرەو بێتاقـەت بـوو، ڤاسـیاش هـەمان گـەنجی سـپیلکەی دەموچـاو نمـووس بەشـادی و خۆشییەوە باسی نزیك بوونەوەی بەهاری دەکرد.

ئێستا ڤاسیا نەماوەو بریتییە لەم بارستە گڵە.

مەهدی لەبەردەم بارستە گڵەکەدا، کە گەڵاو گوڵ دایپۆشی بوو، بە بێدەنگی دەگریا.

مەهدی گوێی لێنەبوو چۆن‌و لە کوێوە، لە خاڵێکی دوورە دەستەوە دەنگی ناڵەیەکی گەورە گەییە ئێرە. ڤیراو سیلویوف پەشۆکان، بەڵام لە جێی خۆیان نەجولان. خۆ ناکرێ مەهدی بە تەنێ بەجێ بهێڵن. ناڵەکە دووبارە بووەوەو ئەوجا بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا.

ئەم ناڵەیە، ناڵە ناڵی ژنە چیکوسلوفاکییەکە بوو: ناڵەی لیدیا پلانیچکا بوو.لە کاتی ناشتی ڤاسیادا، لیدیا هەستی کرد کە حاڵی باش نییەو تێگەیی:کاتی ئەوە هاتووە بشێت ناوی دایکی لێبنرێت. پلانیچکا لە نێو ئاپۆراکەدا چاوی بۆ خانمە پەرستارەکە گێڕاو لە کاتێکا لە جیاتی دارعاسا خۆی بەسەر تفەنگەکەیدا دابوو ، خۆی گەیاندە چۆڵەوانییەکی پەنا تاوێرەکان.

لیدیا کوڕێکی بوو، پەرستارەکە منداڵەکەی هەڵگرت و ناڵە ناڵی دایکەکەی دەگەییە لای گۆڕەکەی ڤاسیا.

ڤیرا هاتە پێشەوەو لەپاڵ مەهدیدا کە جوڵەی لێبڕابوو، دانیشت.

مەهدی ئەوەی بیرکەوتەوە کە چۆن ڤاسیا دەستی ڤیرای گرت‌و لە "بنکەی تێکەڵاو" هێنایە دەرێ‌و چۆن ڤیرا لە ترساندا وەکو شەقشەقە دەلەرزی...هەمووی ماوەیەك لەمەوپێش بوو، کەچی دەتگوت چەندین ساڵی بەسەردا رۆییشتووە.

بێدەنگی باڵی بەسەر زەویدا کێشاوە. رۆژگارێ ڤاسیا دەیگوت: تەنیا دەنگی گۆرانی‌و ئاواز دەبێ بێدەنگی‌و خامۆشی بشڵەقێنێت. ئێستاش دنیا کپ‌وخامۆشە... نا، ئەمە ئەو خامۆشییە نییە کە ڤاسیا دەیویست؟...

مەهدی هەستا، بۆ ماوەی دەققەیەك لە هەنبەرگۆڕەکە وەستا. پاشان هێدی هێدی بە جادەکەدا شۆڕ بووەوەو بەرەو ئۆردوگا چوو.

پارتیزانەکان لە میرگوزارەکەی بەردەم یەکێك لە چادرەکان خڕ ببوونەوە. دکتۆر وەکو هەمیشە کردبووی بە هەراو هەنگامەو دەیگوت دەبێ پلانیچکا لە خەستەخانە بخەوێ.

پلانیچکاخۆی دابوو بەسەر تفەنگەکەیداوتازە خۆی گەیاندبووە ئەوێندەر، هەرچەند شەکەتی ئازار بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا سیمای گەش بوو.

مەلۆتکەکە کە لە خاولییەکی سپی خاوێنەوە پێچرا بوو،و پارتیزانەکان ئەم دەست‌و ئەو دەست دەیانگێڕا.هەر هەموویان بە کونجکاوییەوە دەیانڕوانیە سیمای ئینسانێك کە ئەو ساتە هاتبووە دنیاوە.

ساواکەیان دایە مەهدی تا ئەویش منداڵەکە ببینێ.

مەهدی ماوەیەکی زۆر ئەم کوڕەی لەسەر دەستی راگرت‌و تەمەشای کرد، چونکە ئەم کوڕە لەو رۆژەدا هاتە دنیاوە کە برا خوێنییەکەی ئەو -یانی ڤاسیا-ی تێدا کوژرا، لە سەعاتێکدا چاوی بە دنیادا هەڵێنا کە ڤاسیایان لە وڵاتێکی بێگانەداو لە نێو تاوێراندا بەخاك سپارد.

بیریان لەوە دەکردەوە چ ناوێ لەم کوڕە بنەن . هەندێ وتیان با بە ناوی بابە شەهیدەکەیەوە ناوی بنەن جوزیف - هەندێکی دی وتیان دەبێ ناوی بنەن ڤاسیا.

پلانیچکا بە ئەسپایی گوتی:

– ڤاسیا!

لەوەیە ئەمرۆکەش کوڕێك کە بابی ئیتاڵی و دایکی چیکی و ناوەکەی روسییە، لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا بژی....

## فەسڵی دەیەم

زامەکانی مەهدی بە خێرایی ساڕێژ دەبوون.

زامەکەی گوێی ساڕێژ ببوو. برینە چکۆلەکەی کە دیاربوو گوللەیەك تیغی کردبوو وبە ئاستەم ڕووشاندبووی چاك بووەوە، بەڵام زامێکی دی،زامێکی قووڵتر کە هەرگیز ساڕێژ نەدەبۆوە: مەهدی داخی لە دۆستە لە دەست چووەکەی دەخواردو وای هەست دەکرد کە ڤاسیا پارچەیەك لە دڵی ئەمی لەگەڵ خۆیدا بردووە.

مەهدی هەوڵیدا خۆی بە تابلۆکەیەوە خەریك بکاو ئازارەکانی هەندێ فەرامۆش بکا.

مەهدی بە تاسەوە فڵچەی بەسەر پەردەکەدا دەهێناو بە یەك دنیا هیواوە کاری دەکرد. پاشان ماوەیەکی زۆر بێئەوەی بیر لە هیچ شتێ بکاتەوە دەیڕوانییە پەردەکە. کارکردن لەسەر تابلۆکە سەختو دژوار بوو.

هۆیەکی دیکەی دژواری کارەکەی ئەمە بوو کە مەهدی دەیویست ناوەڕۆکێکی گەورەتر لە تابلۆکەدا بەرجەستە بکا.

ئەوەی مەهدی لە تابلۆکەیدا بەرجەستەی دەکرد تەنیا کەڵکەڵەو ئارەزوویەکی کاتی نەبوو. بەڵکو ژانو کۆڤانی بێ سنوور بوو.

دۆستانی جەنگاوەری مەهدی دەچوون بۆ چالاکی، بەڵام مەهدییان لەگەڵ خۆدا نەدەبرد. مەهدی دڵگران نەدەبوو. چاوەڕوانی خەمڵینی کارەکەی بوو.

سەرکردایەتی تیپ ئێستاله گوندێکی بچووکد بوو بە ناوی گرانیك، گرانیك کەوتبووە سەر ڕەوەزە شاخێکی بەرزەوە. مەهدی لە باخێکی بچکولەی بەرانبەر خانوویەکی گڵی سەربان تەختدا، کاری دەکرد.باخەکە تەنیا چەند درەختێکی بچکۆڵەی کەم لق و پۆپی تێدا بوو..

حەرەسێك لەم سەربانەدا پیاسەی دەکرد.

هانری دیز، بە سەعاتان بە دیار مەهدیەوە دادەنیشت. ئێستا لە جاران زورتر دەکۆکی (بەهار بۆ سیلداران وەرزێکی نالەبارە). هەرچییەکیان لەگەڵ دەکرد کە چەك دانێ و واز بێنێ، رازی نەدەبوو.

دویز دڵنیابوو، ئەو ڕۆژە دەبینێ کە مەهدی لە تابلۆکەی دەبێتەوە.دویز کامیرای هەبوو. بە دزییەوە وێنەیەکی مەهدی لە کاتی کارکردندا گرت و وێنەکەی بە مەهدی پێشکەش کرد. هەروەها نوسخەیەك لەم وێنەیەی پێشکەش بە کیژە باڵابەرزە خاڵدارەکەش کرد. کیژی نێو براو لەم گوندەدا دەژیا. زۆر جار دەهاتە نێو باخەکە تا بە بێدەنگی و بە دزییەوە پارتیزانی بەناوبانگ کە چاوانی ڕەش و میهرەبانی هەبوو، ببینێت.

مەهدی لە وێنەکەدا: سەری تۆزێ بردبووە دواوەو فڵچەکەی بە دەستەوە گرتبووو دەیڕوانییە تابلۆکە. دەمانچەکەی لە قەدی بەستبوو. حەرەسی سەر بانەکەش لە وێنەکەدا دەرکەوتبوو. هەر ئەم دیمەنە،پارتیزانێکی چەکدار لە کاتی دەستبەتاڵیدا خەریکی نیگارکێشییە، بۆ خۆی بابەت و ناوەڕۆکی تابلۆیەکی زندوو بوو. کە دویز قسەی لەگەڵ مەهدیدا دەکردمەهدی زۆر بە کورتی وەڵامی دەدایەوە، بەڵام ئەم گەنجە ڕەشتاڵە "کورس"ییە کە تا سەر ئێسقان باوەڕی بە حەقانیەتی "تۆڵەی گەورە" هەبوو، مایەی خۆشەویستی مەهدی بوو.

.... پەنجەرەی خانووەکە کرایەوە.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ لە پەنجەرەکەوە سەری کێشاو بە روو خۆشییەوە بانگی کرد:

– مەهدی! هەمووتان وەرن بۆ ئێرە!...

بە دەگمەن سیرگییان بەم حاڵەوە دەبینی. پارتیزانانی نێو باخەکە بە نیگەرانی بەرەو خانووەکە غاریان دا! مەهدی بە غار خۆی  بە ژوورەکەدا کرد و لەبەر دەرگاکە بە حەپەساوی وەستا:

ئەو ڕادیۆ بە هێزەیان، کە ماوەیەك لەمەو پێش لە ئەڵمانەکانیان گرتبوو، لە ژوورێکی سپی کاری کراودا خستبووە کار. لیدیا پلانیچکا مەسئوولی ڕادیۆکە بوو، نەك هەر لەبەر ئەوەی شارەزای ئەم کارە بوو کرابوو بەم مەسئولی رادیۆکە، بەڵکو وەزعی ئێستای هەر ئەم بابەتە کارە ئارامەی هەڵدەگرت.

لیدیا پلانیچکا منداڵەکەی گرتبووە باوەش و لە بەردەم رادیۆکە دانیشتبوو. چەند کەسێك لە فەرماندەی پەلەکان و فرەرۆ لە ژوورەوە بوون، هەندێکیان دانیشتبوون و هەندێکیان بە پێوە بوون.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ قامکی خستە سەر لێوی.

مارشی ڕادیۆی مۆسکۆ لە دوورەوە بەڵام بە جوانی دەبیسترا.

دڵی مەهدی کەوتە خورپە و راچەنین، بە وریاییەوە شانی بە لاشیپانەی دەرگاکەوە دا.
دەنگی ئارام پڕ خرۆشی بێژەری رادیۆیەکە بەرز بووەوە: " فەرمانی سەرکردایەتی باڵا...."
فەرمانەکە باسی ئەوەی دەکرد کە جەنگاوەرانی شورەوی لە سنور ڕەت بوون‌و بەدەم شەڕەوە چوونە ناو خاکی رومانیا و چیکوسلوفاکیاوە .
دوای بیستنی ئەم هەواڵە چ هەراو بەزمێك لە ژوورەکەدا بەرپا بوو!! فرەرۆ، سیرگی نیکولایوفیچی ماچ کرد. دویز کەوتە شایی‌وهەڵپەڕکێ.. مەهدی باوەشی بە یەکێك لەپارتیزانەکاندا کرد.پلانیچکا کوڕەکەی خۆی لە ڕادیۆیەکە بردە پێشی و لە تۆ وایە دەیەوێ کوڕەکەشی ئەم دەنگە ئارامەی کە لە وڵاتێکی دوورەوە دەهات، بژنەوێ.
.... تەقەی خۆشی لە مۆسکۆدا دەکرا،بڵاچەی تیشکی تەقەی خۆشی شارەکانی چیکوسلوفاکیاو مەجەڕستان‌و بەندەرەکانی مارسی،ئیستاندی لەندەن و کارخانەکانی تورن و بناری کۆجاڕەکانی کورس و گوندی چۆڵ و کوێستانی گرانێکی روناك دەکردەوە..
مۆسکۆ مژدەی نزیك بوونەوەی سەرکەوتنی بە خەڵکی جیهان رادەگەیاندو هەموو خەڵکی گوێیان لە دەنگی مۆسکۆ دەگرت.
مەهدی پاشان لە باخەکەدا لە سەر ئەوجۆلانەیەی کە بە پاڵتۆکەی خۆی دروستی کردبوو ڕاکشا. سیرگی لە تەنیشت مەهدییەوە لەسەر ئەسکەمیلۆکەیەك دانیشت وخەریکی تاشینی داریك بوو.
مەهدی زۆر بە ئەسپایی گوتی:
– ئیدی تەواو، بەم زووانە هەموو شتێ تەواو دەبێ، وایە سیرگینیکولایوفیچ ؟
سەرهەنگ دارەکەی توڕدایە لایەکەوە، سەری هەڵبڕی‌و بێئەوەی سەیری مەهدی بکا گوتی:
– وایە، بەم زووانە... مەهدی دەزانی هەمیشە سوچێکی شاری مۆسکۆم لەبەر چاوە: شەقامی ئاخوتنی ریاد، باغی ئەلکساندروفسکی، مەیدانی مانژ... خەڵکی لە دەوری مەیدانەکە وەستاون‌و بە شادییەوە سەیری گڕی فیشەکە شێتەی پاش تەقەی خۆشی دەکەن.تانیا و پتیاش لە نێو ئاپۆراکەدا ن.. ئێستا پیتەر گەورە بووەو لە دایکی کەڵەگەت ترە!
– بەڵام سیرگی نیکۆلایوڤیچ من هەمیشە ئەوەم لەبەر چاوە کە لەو ئاپۆرایە رەت بین‌و بە مەیدانی سوورا تێ بپەڕین، یانی دوو شەقاوێك لەولای کڵێسای ڤاسیلی براژنییەوە شەقامەکانی باکۆ دەست پێدەکەن...
فەرماندەی تیپ، سەرهەنگی داواکرد، پاشان مەهدی داوای کرد.
دوو هەواڵی گرینگ گەیی بووە سەرکردایەتی تیپ. هەواڵی یەکەم هەموویانی خۆشحاڵ دەکرد، بەڵام هەواڵی دووەم هەموویانی خستبووە بیرکردنەوەوە.
کە مەهدی وەژوور کەوت، سەرهەنگ پێی گوت:
– قسەکەی تۆ بوو. شوێنی دانیشتنی کارانتییان بە تەواوی دەست نیشان کردووە.
مەهدی بە هەڵچوونەوەو پرسی:
– شەقامی ڤیافورتونا؟

– بەڵێ، ئێستا ئەدرەسی تەواوەتی ئەومان لەلایە .

مەهدی لە هەڵچوونا شپرزە بووبوو:

– سیرگی نیکولایوفیچ، هاوڕێ فرەرو من بۆ تریست بنێرن!...

– ئارامت بێ مەهدی، ئارامت بێ، مەسەلەکە لەوە ئاڵۆزترە کە تۆ تەسەوری دەکەی!.

بەڵام مەهدی نەیدەویست گوێ لە هیچ بەڵگەو بیانوویەك بگرێ:

– وا خەیاڵ نەکەن ئاگری تۆڵە هانم دەدا! نەخێر، من دەمەوێ خەتەری دوژمنێك کە زانیارییەکی زۆری دەربارەمان هەیە و لە ڕادەبەدەر کۆسپە لە بەردەمماندا، لەسەر تیپەکەمان نەهێڵم،

فرەرۆ قسەکەی مەهدی بڕی:

– هەموو ئەمانە دروستن، بەڵام ئێمە زانیاری لەمە گرینگترمان بە دەست هێناوە.

مەهدی گوتی:

– بۆم هەیە بیزانم؟

– مەسەلەی مان‌و نەمانی تیپەکەمان لە گۆڕێدایە. مەهدی دەزانی ئەو دوو سەربازە ئەڵمانییەی کە هاتنە ناو ئێمە ڕاستیان کرد. قەشە پیرەکەش لە خۆوە بە تۆی نەگوتبوو کە ئەڵمانییەکان لە تریستدا خڕ بوونەتەوە. سبەینێ لەشکری کوێستانی نازییەکان بە سەرکردایەتی سەرهەنگ گوڵباخ لەگەڵ تاریکبوونی دنیادا هێرشمان بۆ دێنن. لێبڕاون کۆ لە هیچ نەکەنەوە: دێهات بسوتێنن، خەڵکی گوللە باران بکەن، جەنگەڵ و لێرەواران وێران بکەن...

مەهدی گوتی:

– ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ناو ئەواندا دروست کردنی " ناوچەی مەرگ"ی پێدەڵێن.

سەرهەنگ گوتی:

– بەڵێ، دەیانەوێ ناوچەیەکی بێ ئاوو ئاوەدانی دروستبکەن‌و تیپەکەمان لە نێو بەرن. بەڵام هێزی ئێمە لە چاو هێزی پڕ چەکی نازییەکاندا یەکجار کەمەو ڕێگای پاشەکشەشمان نییە.

– یانی مەسەلەی کارانتی جارێ دوا دەخرێ؟

سیرگی نیکۆلایوڤیچ وەڵامی دایەوە:

– هەرگیز! پێدەچێ گوڵباخ بە نهێنی ڕاوێژ و تەگبیری تایبەتی لەگەڵ کارانتی بکا...

سیرگی نیکۆلایوڤیچ دەستی خستە سەر شانی مەهدی و لەسەری ڕۆیی:

– ... دۆستی ئازیزم، ئێمە دەزانین کە نابێ تۆ لە تریستدا دەربکەوێ. تەنیا کارانتی دەتوانێ گومان بۆ ئەو نەخشەیە بەرێ کە من و فرەرۆ گەڵاڵەمان کردووەو ڕەنگە ئەم بەدنیهادە تەگەرەو کۆسپی گەورەمان بۆ دروستبکات!

مەهدی بزەیەکی کرد:

– ئێوە بە جۆرێ قسەم دەگەڵ دەکەن وەکو ئەوەی من نەزانم لابردنی کارانتی لە سەر ڕێی خۆمان بۆ ئێمە چەند گرینگە!

مەهدی دەیزانی ئەم ماموریەتە لە هەر هەموو ئەوماموریەتانە خەتەرترە کە تا ئێستا ئەنجامی دابوون.. ئەوانی دیکەش ئەم حەقیقەتەیان دەزانی. فرەرۆ هەندێ ڕاماو ئەوجا گوتی:

– نەخشە دەخەینە موناقەشەو دەنگدانەوە!

پاش پێنج دەقەقە هەموو سەر لقەکان وهانری دویز لە ژوورەکەدا خڕ بوونەوە.

بولغارییە چوستو چالاکەکە بە کورتی باسی وەزعو حاڵی دژواری خۆیانی کردو ڕێی قسەکردنی بە سیرگی داو، سیرگی دەستی بە شەرح کردنی نەخشەکەی خۆی کرد، بە پێی ئەم نەخشەیە دەکرا ڕێ لە فاشیيەکان بگیرێو نەتوانن دزە بکەنە ناو شاخاکانەوە.

نەخشەکەی سیرگی نیکۆلایوڤیچ نەخشەیەکی سادەو ئازایانە بوو، هەر ئەوەندەی دەویست کە هەر فەرماندەو جەنگاوەرێك لەلای خۆیەوە زیرەکی و دلاوەری خۆی بخاتە کار. نەخشەکە بەمجۆرە بوو: دەبێ دوو سەد پارتیزان بە سەرکردایەتی ئەم فەرماندانەی کە لێرەدا حازرن. بچن بۆ دەوروبەری تریست و هەموو ئەو رێیانەی بۆ چیاکان دێن مینرێژ بکەنو ئەو چەکانەی کە لە ئەڵمانەکانی دەگرن دابەش بکەن بەسەر جووتیارانی لایەنگری خۆیاندا، پارتیزانەکان ئەو چوار تۆپو پازدە رەشاش و چوار زرێپۆشەی پێشتر لە ئەڵمانەکانیان گرتبوو، لەگەڵ خۆدا بەرن. زرێپۆشو تۆپەکان دەبێ زۆر بە وریایيو شێنەیی لە نزیکی تریستدا ئامادە بکەن و شوێنی دامەزراندیانی لەسەر نەخشەکە دیاریی کرد. ئەوجا پارتیزانەکان بەدەوری شارا بسوڕێنەوەو بڕۆن بۆ ئۆپچینا.

پاش ئەوەی بەشی سەرەکی هێزی سەرکوتکەری ئەڵمان بە بەردەمیانا رەت بوو، پارتیزانەکان پشتیان لێبگرنەوەو هەرکە ئیشارەتی تایبەتییان بینی، ئەلمانەکان دەخەنە ژێر ئاگربارانی تۆپو بە زرێپۆش پەلاماریان دەدەن. بە کورتی دەبێ پارتیزانەکان درێغی لە شێواندنی ریزەکانی دوژمن نەکەنو کارێکی وا بکەن کە فاشیيەکان سەریان لێ بشێوێت و وابزانن کەوتوونەتە داوەوە. دەبێ هەندێ لە پارتیزانەکان بە دزییەوە خۆیان بگەیەننە گەڕەکە کرێکارنشینەکانو لەوێندەر چاوەڕێی ئیشارەت بن.

هاوزەمان لەگەڵ ئەو جەزرەبەیەدا کە لە پشتەوە لە فاشیيەکان دەدرێ، لە بەریشەوە جەزرەبەیەکی دیان لێدەدرێ. خۆ ئەگەر دوژمن بەو حاڵەشەوە هەر سوور بێ لە سەر پێشڕەوی ئەوا مینەکانیان پێدا دەتەقێتەوەو سەریان لێدەشێوێو نازانن لوولەی چەکەکانیان بکەنە کام لا. تا ئاگادار دەبنەوە کە هێزێکی بچکۆلەی "٢٠٠" کەسی پشتی لێگرتوونەتەوە، کوشتارێکی زۆر دەدەن. پارتیزانەکان دەبێ بەسەر دەستەی ١٠– ١٥ کەسیدا دابەش بن. ئەڵمانییەکان بە خەیاڵی خۆیان نەخشەی هێرشەکەیان تەواو شاردۆتەوە و بە حوکمی خۆپەسندی خۆیان، دڵنیان کە کەس بەم نەخشەیەی نەزانیوەو لەو ڕووەوە هیچ حیسابێکیان بۆ هیچ ڕووداوێکی کوت و پڕ نەکردووە، بۆیە هەر بەو مەبەستە خۆیان هێمن دەنوێننو کارێکی وا ناکەن کە مایەی گومان بێ. جا ئومێدی سەرکەوتنی کارەکەی ئێمە لەوەدایە دوژمن غافڵگیر بکەین. نیشانەی دەست بەکار بوونمان هەڵدانی تەنویر دەبێت. سەنگەرەکانی پشتەوە دەبێ بەپێی چۆنێتی دامەزراندنی فاشیيەکان بگۆڕدرێ.

لەم چالاکییەدا تەنیا ئەو کەسانە بەشداری دەکەن کە خۆیان دەیانەوێ، چونکە ئارامیو بێ باکی تایبەتی لەم جۆرە چالاکیانەدا پێویستن.

سیرگی نیکۆلایوڤیچ پاش ئەوەی ئەرکو شوێنی هەر یەکێك لە فەرماندەکانی دیاری کردو شوێن پەلامارو کشانەوەی دەست نیشان کردن ئیزنی دان.

لە ئۆردوگادا ئاژێری جەنگی لێدرا.

پاش سەعاتێك "٢٠٠" پارتیزانبۆ ئەنجامدانی ئالۆزترین ئەرك ئامادە بوون. سیلویوف بە فرەرۆی راگەیاند کە هەموو زرێپۆشەکانی فەحس و ئامادە کردووە. سیلویوف دەبوا بە خۆی یەکێك لە زرێپۆشەکان باژوێ.

مامورانی شناسایی و مەهدی لە پێشی پێشەوە دەڕۆیشتن. کە دەگەیشتنە گوندەکان خەڵکیان بۆ خەبات هان دەدا، خەڵکی چەکیان لە پارتیزانەکان وەردەگرتو کوێرە رێگاکانی شاخیان دەگرت، لە مین نانەوەی سەر رێگاکاندا یارمەتی پارتیزانەکانیان دەدا.

لەشکری سەرکوتکاری فاشییان دەبوا لە سەعات دوانزەی نیوەشەوی رۆژی پاشتردا لە شاری تریست وەدەربکەونو دەست بە پێشڕەوی بکەن. پارتیزانەکان لە سەعات دەی شەوا خۆیان گەیاندە دەوروبەری تریست، پاش ئەوەی زرێپۆشو تۆپەکانیان لە نێو کەندو پەناکاندا شاردەوە بە دەوری شارا سوڕانەوەو چوون بۆ ئوپچینا. دەبوا لە حەوشی خانووەکەی مارتاکوبیلدا یەکدی بگرنەوە. نزیکەی پەنجا پارتیزان لێرەوە یەك یەك هاتنە دەرێو بەرەو شار چوون. کابرایەکی تۆڕنەچی خەڵکی تریست کە نزیکترین هاوکاری هاوڕێ "پ"بوو، کرا بوو بەم مەسئولی پێوەندی، ئەم تۆڕنەچییە پارتیزانەکانی لە گەڕەکە کرێکار نشینەکانا دابەش کرد..

ئەو شەوە ئارامییەکی نائاسایی باڵی بەسەر تریستدا کێشا بوو. حەسحەس وشەوگەڕان بەکاوە خۆ لە شارا، لە گەڕەکە کرێکار نشینەکاندا دەسوڕانەوە. بەڵام کەسیان نەبینی. شار هێند کپو بێدەنگ بوو لە گۆڕستان دەچوو. بەڵام ئەمە هەر ڕواڵەت بوو. چونکە رێك لەم کاتەدا لە رۆژئاوای شاردا هێزێن فاشییان ریزیان دەبەست و بەنزینیان دەکردە ترومبێل و ماتۆڕەکانەوە، لەشکر چاوەڕوانی ئیشارەت بوو تا دەست بە پێشڕەوی بکات .

لەم کاتەدا مێردمنداڵانی تریستی بە هەشتاو بە پەنای دیوارەکاندا بۆ کلێسای سان- جستو دەچوون. مەسەلەکە بەم جۆرە دەستی پێکرد: کوڕێك بە ناوی ماریو گوێی لێبوو یەکێك بە ئەسپایی لە دەرگا دەدا، بابی لە نێو جێگاکەی هەستاو دەرگای کردەوە. کوڕیژگەکە هێواش هێواش خۆی گەیاندە بەر دەرگای ژوورەکەی داك وبابیو گوێی نا بە کونی کلیلکەوە. ماریو چ شتێکی لە قسەکانی بابی و میوانەکەی هەڵنەکڕاند. بەڵام هەستی کرد شتێکیان لە بن سەرە. کوڕیژگەکە بە حوکمی دۆستایەتی لەسەری بوو ئەم هەواڵە بە هاوڕێکانی خۆی بگەیەنێ...بەمجۆرە ڕاکە ڕاك لە شەقامەوە بۆ ئەو شەقام، لە گەڕەکەوە بۆ ئەو گەڕەك دەستی پێکرد. مێرد منالان بۆ وەی رووداوەکانی شار بە جوانی بدینن بڕیاریاندا بچنە سەر بورجی ناقوسی کلێسای سان- جستو کە هەموو شار لەوێندەرەوە بە جوانی دەبینرا.

مەهدی رێك لە نیوەشەوا لە ماڵەکەی مارتا کوبیل وەدەرکەوت. جانتاکەی دابو بە شانیاو دوو پاکەت دینامیت لە جانتاکەی دابوو. بۆ یەکەمین جار بە تەنێو بێیاوەر دەچووە مامورییەت.

مەهدی کە بەرەو شار شۆر دەبووەوە، گوێی لە ڤرە ڤرِی ئۆتۆمبێل و هارە هارِی تانك‌و ماتۆرِو تەپە تەپی سەدان پۆستاڵی ناڵچە لە بن بوو.

مەهدی لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەستی پێکرد" زیاتر پێی هەڵگرت.

***

ئەو شەوە کارانتی زۆر بە کەیف بوو. تازە تەلەفۆنی بۆ سەرهەنگ گۆڵباخ کردبوو، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستبوو، بەڵێنی دابویێ کە لە کاتی پێویستدا یارمەتی بدا. تکای لێکردبوو لە چۆنیەتی عەمەلیاتەکە ئاگاداری بکا. گوڵباخ لە نەخشەکەی خۆیدا کوێرە رێگاکانی دەست نیشان کرد، پەناو پاسارو شوێنی پارتیزانەکانی بە ڕوونی لە بەرچاوی خۆی بەرجەستە دەکرد..

کارانتی بە خۆشحاڵییەوە بە خۆی دەگوت: "ئان ئاخری پارتیزانەکان لە نێو دەبرِێن!" برِیاری دا ئەمشەو نەنویێ‌و چاوەڕوانی هەواڵی یەکەم سەرکەوتنی لەشکرەکەی گوڵباخ بکا: قەرار بوو بە تەلەفۆن هەواڵەکانی پێرابگەیەنن. کارانتی بۆوەی بێتاقەت نەبێ رادیۆ گرامافۆنەکەی پێکرد.

... پارتیزانەکان لە پەناگاکانی خۆ هاتنە دەرێ‌و کەوتنە سەنگەر گرتن.

هەڵچوون و چاوەڕوانی باڵی بەسەر گوشتاپو و، ئەو یەکە "S.S"انەی لە شارا مابوونەوە کێشا بوو،بە پەرۆشەوە چاوەڕوان بوون. ئەڵمانییەکان لە کارانتی خۆشحاڵتر بوون: "پارتیزانەکان لە نێو دەچن‌و ئیدی مرۆڤ دەتوانێ بۆ خۆی کەمێ ئیسراحەت بکا".

تەنانەت ، نیو سەعات پاش نیوە شەو، لە شەقامەکانی تریستدا گۆرانی دڵخوازی فاشییەکان "لیلی مارلن" لێدەدرا.

... مەهدی برِیاری دا بەو حەوشانەدا برِوا کە دوو دەرگا بوون، تا بە قەدبرِ خۆی بگەیەنێتە شەقامی ڤیافورتونا. پاش دە دەقیقە گەیییە شەقامی نێو برِوا، کەوتە گەرِان بۆ ماڵی مازلی. مەهدی کە گوێی لە دەنگی ئەو ئینزیباتانەی کە بەرِز دەرِۆییشتن بوو،هەڵوەستەیەکی کرد، خێرا خۆی کرد بە یەکەم دەرگای سەر رێگادا،کە گڵۆپێکی سوور بەسەر یەوە دەسووتا. تەنیا چەند نازییەکی مەست لێرەدا بوون. خاوەن دەزگاکە بەرەو پیری مەهدی هات، بزەیەکی ڕیاکارانەی بە روویاداو گوتی:

– ئاغا، ئەمرِۆ زەمانەتی تەواو هەیە کە هیچ تەقینەوەیەك لە شاردا روو نادات، کیژانی ئەم دەزگایەش بە تەنیا بێتاقەت دەبن... تکا دەکەم...

مەهدی لە کاتێکا گوێی بۆ دەنگی پێی ئەو ئینزیباتانە گرتبوو کە لە شەقامەکەوە رەت دەبون گوتی:

– من هەر خۆم نیم، جەماعەتیکین.

خاوەن دەزگاکە بە خۆشحاڵییەوە پرسی:

– ئەدی ئەوانی دی کوان؟

– منیان نارد تا سەرێکی دەزگاکەی ئێوە بدەم‌و بزانم پیاو دەرفەتی رابواردنی دەبێ یان نا، ئەوجا بچمەوە بە شوێنیان دا.

خاوەن دەزگاکە گوتی:

– هەڵبەتە دەتوانن ڕابوێرن! تەنیا دوو مشتەری لێرە ماونەتەوە (خاوەنی دەزگاکە ئاماژەی بۆ لای ملازمێکی ئیتاڵی کرد کە مەست‌و بێئاگا لەسەر تەختێك پان ببۆوەو) گوتی: – ئەمەش سێیەمیانە کە لە نرخی نەبوودایە...

ملازمە ئیتاڵییەکە هێندە مەست بوو ئاگای لە دنیا بڕا بوو.

– چاکە، وا دەچمەوە بە شوێن هاوڕێکانما.

خاوە دەزگاکە لە دواوە بانگی کرد:

– خێراکەن! دەنا خانمەکانمان لە داخا دیق دەمرن!

مەهدی لەوێ وەدەرکەوت، سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد، بە ڕاستە شەقامەکەدا کەوتە ڕێ. چاوی بە تەلارێکی روخاو کەوت کە چەپەرێکیان بە دەوریدا کێشابوو. ئەمە هەمان "کارخانەی تێکەڵاو" بوو کە ماوەیەك لەمەوبەر لەگەڵ ڤاسیادا تەقاندبویانەوە. وێنەی ژنی نیمچە رووت‌و بەو پارچە ئیعلاناتانەوە بوو کە بە چەپەرەکەوە هەڵواسرا بوون.

مەهدی لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەها... پاش دوو خانووی دی، ئیدی یەکسەر ئەو خانووەیە کە کارانتی خۆی تێدا شاردۆتەوە".

ئەنجام گەییە ئەو خانووەی کە پارتتیز بە درێژایی ئەم ماوەیە بۆی گەڕابوون. دنیا تاریك‌و خامۆش بوو. خانووەکە وادەهاتە بەرچاو کە یەك تاوێری گەورە بێت وەستایانەتاشرا بێت. مەهدی هاتە بەردەرگا گەورەکە. دەبێ دوگمەی زەنگەکە لەلای چەپی دەرگاکەوە بێ. بە پەلەکوتێ زەنگەکەی دۆزییەوە. دەبێ سێ زەنگی کورت و زەنگێکی درێژ لێبدا.مەهدی بێترس پەنجەی بە دووگمەی زەنگەکەدا نا. ئیستا تەنیا یەك ترسی هەبوو، ئەوە بوو کە کارانتی لە ماڵ نەبێ. بەڵام مەحاڵ بوو کارانتی لەگەڵ ئەڵمانییەکاندا رۆیی بێ! پارتیزانەکان دەیانزانی کە کارانتی نایەوێ خۆی کەشف بکا کە چ دەورێکی لە عەمەلیاتەکانی داهاتوودا هەیە.

لە پشت دەرگاکەوە دەنگی سووکی پێیان هات، دەرگا کرایەوە، سیمای "ئانای" کارەکەری کارانتی لە نێو دەرگاکەوە دەرکەوت. کارەکەرەکە ویستی لە کابرای نەناس بپرسی کەچی دەوێ، بەڵام مەهدی دەرفەتی نەدا، توند دەمی گرت‌و وەژوورکەوت. باقی عەمەلیاتەکە هەمووی چەند چرکەیەکی خایاند. مەهدی دەست‌و پێ‌و دەمی کارەکەرەکەی بەست‌و توند بە قاڵدرمەکەیەوە بەست، دەرگاکەی قفڵ داو چوو بۆ نهۆمی سەرەوە. مەهدی بە دەمانچەی سوارو بە وریاییەکی زۆرەوە بەراڕەکەوەدا دەڕۆیی. ئەمجارە نابێ دەرفەتی "بنت" بدا کە دەست پێشکەری بکا....

.... ڕادیۆ گرامافۆنەکە لە ژوورەوە کردبووی بە هەراو هەنگامەیەك هەر مەپرسە. روناکی چل چرایەکی بلورین لە نێو دوو باڵانمای دیوارییەوە عەکس دەبووەوە. کارانتی لەکاتێکا بە فیکە گۆرانی عەسکەری ئەمریکایی "بزەتان بێ"ی دەوتەوە، خەریکی ئەو بەکرانە بوو کە تازە بۆی هاتبوون تا بیخاتە سەر رادیۆ گرامافۆنەکە وتاقیان بکاتەوە، کارانتی بەکرەی "بوگی‌و ڤگی" لە

پێش هەموو بەکرەکانی دیکەوە خستە سەر ڕادیۆ گرامافۆنەکەو بە خۆشیو ڕەزامەندییەوە سەرە شانە کراوەکەی هەڵبڕیو لە جێی خۆی وشك بوو.

ئاوێنەیەکی چوارچێوەداری بە نەخشو نیگار، بە دەستە چەپی رادیۆ گرامافۆنەکەوە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، کارانتی لە نێو ئەم ئاوێنەیەدا زەلامێکی بە جلی ئەفسەری ئەڵمانییەوە بینی کە سەیری ئەمی دەکرد. نیگای چاوە رەشەکانی زۆر تووڕەو بێبەزەیی بوو.

کارانتی هێندە مەنگ بووبوو کە بۆ تاقە جارێکیش ئاوڕی لەو زەلامە نەدایەوە کە لە پشتییەوە وەستا بوو. بۆ چەند ساتێك لە ئاوێنەکەدا سەیری یەکیان کرد.

ئەوجا لێوە تەنکەکانی کارانتی جوڵانو دەستی برد بۆ ئەو دەلاقەیەی کە دەمانچەکەی لە سەر بوو، دەستی لە حەوادا وشك بوو: کارانتی ئەوەی بیر کەوتەوە کە میخائیلۆ ئەنگێوەیەکی کارامەیە.

شەیپووری مسینی جاز بۆ ماوەیەکی زۆر ئاهەنگێکی بەرزو پڕ ژاوە ژوی لێدەداو لە هەمان کاتدا تەپڵەکەش شێتانە لێیدەدا.

کارانتی ئاوڕی لای مەهدی دایەوە... بزەیەکی ناشیرین کەوتە سەر لێوی و گوتی:

– تۆ... میخائیلۆ... تۆ نابێ من بکوژی!... ئێستا هەموو شتەکانت بۆ باس دەکەم...

مەهدی سەرێکی بادا:

– نا، کارانتی قسەکردنی منو تۆ بێسوودە. شتەکە تەواو ئاشکرایە. تۆ خۆت بە دۆستی ئێمە لە قەڵەمدەدا. کەچی خیانەتت لێکردین. من وام خەیاڵ دەکرد تۆ زۆر ئازایانە پێشوازی لە مەرگی خۆت دەکەی.

مەهدی بە ئەسپایی لە کارانتی چووە پێشەوە. کارانتی پاشەوپاش کشایەوە و بە ڕادیۆ گرامافۆنەکەوە چەسپی. ئارەقە بە گۆناکانیا دەچۆڕایەوە، ڕەنگی هەڵبزڕکا. بەڵام هەوڵی دەدا ترسو لەرزەکەی وەشێرێ، هاواری کرد:

– بەڵام من... هیتلەری نیم!

مەهدی بە وشکی گوتی:

– تۆ لە هیتلەرییەکان باشتر نیت.

مەهدی بەرە بەرە لێی نزیك دەبووەوە. کارانتی چاوی لێ نەدەگواستەوە، پەشۆکاو و شپرزە دەستی بە دەلاقەکەدا دەگێڕاو بۆ دەمانچەکەی دەگەڕا بەڵام نەی دەدۆزییەوە.

– میخائیلۆ، گوێ بگرە من.... من.... من یەك ملیۆن پوڵم خڕکردۆتەوە... یەك ملیۆنی خشت!... ئەم کارە گەوجێتییە... گەوجێتییە...

مەهدی بە تەواوی لێی نزیك بووەوە، چارلز بنت لە چاوانی مەهدیدا کە لەم دواییانەدا ئەم هەموو ڕووداوە خەمین و هەوراز و نشێوانەی بینی بینی بوو، حوکمی مەرگی خۆی خوێندەوە.

کارانتی وەستا بوو، وەکو دڕندەیەك کەوتبێتە داوی راوچییانەوە بەم لاو بەولادا هەڵی دەڕوانی، لەپڕ دڕندە ئاسا نەعرەتەیەکی کێشاو پەلاماری مەهدی دا. مەهدی کە هەوڵی دەدا

خۆی لە هەر دەنگەدەنگێکی زیادە بارێزی تەسەوری ئەم رەفتارەی دەکرد. دوو گوللەی بانەوبان یەك زۆر بە هێواشی تەقین. مەهدی رووبە ڕوو تەقەی لە دوژمن کرد.

بنت بەسەر مەهدیدا کەوت. بە ئەسپایی داخزی و گرمۆڵە بوو. کەوتە بەر پێی مەهدی. گوللەکان چوو بوون بە زگ و سینگیا.

مەهدی بە نووکە پێیەك وەری گێڕاو تەمەشای دەموچاوی کرد، بنت خڵتانی خوێن ببوو. بەڵام هێشتا هەناسەی دەدا، دوا ساتەکانی ژینی لە تەواو بوونا بوو. ئەو دوو گوللەیە بەر فیل کەوتبان دەیکوشت، ئاوازی "بوگیو ڤگی" لە ژوورەکەدا دەنگی دەدایەوە. لە رادیۆ گرامافۆنەکەوە سەدای زیقە زیق و فیك و هۆڕ و درینگە درینگ و سەدای مینگن ساکسیفۆن ژوورەکەیان پڕ کردبوو.

مەهدی گەڕایەوەو لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

چارلز بنت لە ژوورەوە،بەدەم ئاهەنگی رادیۆ گرامافۆنەکەوە گیانی دەدا. بۆ ساتێك مێشکی زرینگایەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: "بەڵێ، نەمدەتوانی رێی لێبگرم! هەر دەبوایە بهاتبایە... درەنگ یا زوو هەر دەبوایە بهاتبایە! هەنووکەش هات...و هەموو شتەکان بەم ئاسانی و بەم شێوە بێ مەعنایە کۆتایی هاتو بڕایەوە".

بنت هەستی دەکرد میخائیلۆ لەو بە تواناترە، بەڵام ئێستاو ئەوسا هەر بۆی دەرنەکەوت کە سەرچاوەی توانای مەهدی لە کوێ دایە.

بنت یەك بە خۆی هاواری دەکردو فریاد رەسی داوا دەکرد، بەڵام بە هۆی درینگە درینگی جازەکەوە کەس گوێی لە دەنگی نەدەبوو. هەوڵیدا هەستێ، بەڵام نەیتوانی. لە دڵی خۆیداو لە بن لێوەوە گوتی: "خۆزگە ئەم مۆسیقایە زووتر تەواو دەبوو، تۆ بڵێی ئانا نەیەت؟ فریام نەکەوێ؟ بریا ئەم مۆسیقایە زووتر تەواو دەبوو!".

بەڵام مۆسیقاکە تەواو نەدەبوو، ڕادیۆ گرامافۆنەکە ئۆتۆماتیکی بەکرەکانی دەگۆڕی و هێشتا دە بەکرەی دی مابوو. بنت هەرگیز تەسەوری نەدەکرد بە دەم ئاهەنگی مۆسیقایەکی واوە بمرێ. کە بە تەواوی کەوتە گیانەڵڵاو زانی کاری کراوە، شریتی عومری رابوردووی وەکو خەون هاتنەوە بەرچاوی: ئەو وڵاتو شوێنانەی کە گەڕابوو، ئەو کێردەی بە پشتی میخائیلۆیدا کردبوو، مارتاکوبیل کە لە سێدارەیان دابوو، ئانژلیکای ئەشکەنجە دراو، مازلی کوژراو، هەر هەموو وەکو شاشەی سینەما بە بەرچاویا ڕەت دەبوون. مۆسیقاکەش شێتانە بە دەنگی بەرز و ناساز بەگەڵ ئەو دیمەنانە دەکەوت و بەڕێی دەکردن.. لە پڕ چارلز لوەی کە ئەو دەمرێت و ئەم موسقایە دەمێنێ پەست بوو...

...قەمسەڵەکەی مەهدی لە خوێنا هەڵکشا بوو، بەڵام مەهدی گوێی نەدایێ. بە قاڵدرمەکانا هاتە خوارێو لە تەنیشت ئانای دەستو پێ بەستراو وەستا. هەناسەی سوار ببوو ودەموچاوی شین هەڵگەڕا بوو.

مەهدی دەمبێنەکەی لە دەمی کردەوە.

کارەکەرەکە ،لە ترساندا نیوە مەرگ بووبوو، پرسی:

- دەنگو باسی سەریّ؟

مەهدی بە شەکەتییەوە بزەیەکی کردو گوتی:

- ئەدی گویّت لیّ نییە؟ مۆسیقا لیّ دەدا...

مەهدی دیسان دەمبێنەکەی لە دەمی کردەوە.

ئانا بە ترسەوە تەمەشای دەکرد کە مەهدی چۆن لە ماڵەکە دەردچێت .

مەهدی دەرگای ئەم ماڵەی( ئەو دەرگایەی کە دەتگوت بەسەر دنیایەکی دیکەدا،دنیایەکی کرێت و بێگانەدا دەکرایەوە) لە دوای خۆیەوە داخست. مەهدی بە خۆیشی نەیزانی بۆ لەم کاتەدا یادگەی هاڕوژا. ئانژلیکاو فرەرۆو ژمارەیەکی زۆر ئیتاڵی شەریفی هاتنەوە یاد کە چۆن لە چیادا،دەژین‌و دەژیان، لە نێو بەفرو سەرمادا لە پاڵ ئەمەوە ڕادەکشان، دوا پارووی نانی زوڕاتیان برا بەش لە نێو خۆیاندا دابەش دەکەن‌و دەکرد، چۆن لە پێناوی ئازادی‌و لە ڕێگای ژیانێکی ئابڕومەندانەدا دەچوونە شەڕەوەو گیانیان بەخت دەکرد... مەهدی ئەوانی خۆش دەویست‌و بە برای خۆی دەزانین.

مەهدی دەمانچەکەی سوارکرد بووبەڵام لە گیرفانی دەر نەدەهێنا،بەم حاڵوە بەڕاستە شەقامەکەدا تێپەڕی و لە حەوشەیەکی تاریکی تەلارێکا ون بوو. زۆری حەز بەوە بوو بە حەوشەی ماڵاندا بڕوا.

..... ئەو مێرمنداڵانەی لەسەر بورجی کڵێسای سان جستو دانیشتبوون لە پڕ تەنویرێکیان بینی چوو بە ئاسماناو دنیای روناك كردەوە، تۆپ‌و هاوەن لە دەوروبەری تریستەوە کەوتنە گرم‌و هۆڕ... پاش دەقققەیەك ئاژیری خەتەری ئەو ئوتومبیلانە بەرزبووەوە کە بەلەز بە جادەکانی تریستدا تێدەپەڕین و بەرەو قەراخی شار دەڕۆییشتن، جوابی تۆپبارانەکەیان دەدایەوە. ئەم ئوتۆمبیلانە چەکداری "S.S" یان تیا بوو.

مەهدی کە گوێی لە هۆڕین‌و فڕکان فڕکانی ئەو ئۆتومبیلانەبوو کە بە شەقامەکاند تێدەپەڕین خۆی دایە پەنای دەرکەی تەلارێك.

ئەگەر نازییەکان بگەیشتنایە پشت جەبهەی پارتیزانەکان، ئەوا دەیانتوانی بە شێکی تەواوی هێزی پارتیزانەکان بە شەڕەوە مژول بکەن‌و کارە سەرەکییەکەیان لێتێك بدەن. مەهدی لێبڕا بە هەر شێوەیەك بووە یارمەتییەکی دۆستە جەنگاوەرەکانی خۆی بدا. لەلای خۆیەوە حیسابی زەمەنی نزیك بوونەوەی ئوتۆمبیلەکانی کرد. بەستەیەك دینامیتی لە جانتاکەی دەرهێنا، کەپسوولی تەرەقەیەکی پێنج دەققەی هەڵپچڕی‌و تەرەقەکەی خستە ناو دینامیتەکەوە. پاش چوار دەققە ترێلەکان لە سوچی شەقامەکەوە دەرکەوتن. ئەم کارەی مەهدی زۆر خەتەر بوو، لەوە بوو حسێبی وەختەکە دروست دەرنەچووبایە، یا وەکو هەندێجار روو دەدا دینامیتەکە زووتر لە وەختەکە بتەقایەوە.بە ڕاستی غیرەتی دەویست سوور بزانی دەقققەیەکی دی دنامیتەکە دەتەقێتەوەو چاوەڕێی نزیك بوونەوەی ترێلەکان بکەی. یەکەم ترێلە گەییە ئاستی ئەو، ئێستا بەبەر دەرگاکەدا ڕەتدەبێ. مەهدی ڕێك لە کاتی خۆیدا، پاکەتە دینامیتەکەی توڕدایە ناو عەرەبانەی ترێلەکەوەو لە تاریکییەکەدا لە چاو ون بوو...

پاکەتە دینامیتەکە ڕێك کەوتە سەر نازییەکانی سەر بۆدی ترێلەکە ، هەموو لە ترسا خۆیان دایە پاڵ قەراخ بۆدییەکە، لە پڕ گرمەیەك هەستاو بۆی گوڕین چوو بە حەواداو پارچە پارچە بوو! ترێلەکەی دواوە بە هۆی تەقینەکەوە وەرگەڕاو ڕێگاکەی لە ئۆتومبیلەکانی دیکە گرت. نازییەکان بە پەلە دابەزینو بەرەو دەروازەیەك غاریان دا، سەربازە برینداەکان کە دیتبوویان دینامیتەکە لە کیدەرەوە هەڵدرابوو، دەروازەکەیان بەوانی دی نیشاندەدا.

مەهدی وەکو بروسکە بە شەقامەکەدا بەرەو خوار بۆی دەرچوو. کە بەدەستە چەپا پێچی کردەوە، دوو ئینزیباتی بینی بەرەو ئەم غاریان دەدا. ڕێگای گەڕانەوەی نەبوو. مەهدی بەرەو ئینزیباتەکان غاری دا. نە مەهدی و نە ئینزیباتەکان تەقەیان نەدەکرد. وەختێ تەواو لێکدی نزیك بوونەوەو هەر دە دوازدە هە نگاویان بۆ یەکدی مابوو، مەهدی بە ماتە مات خۆی گەیاندە پاڵ شۆستەکەو درێژ بوو. ئەو دەست ڕێژانەی کران بەسەر ئەواتێپەڕین. مەهدیش دوو دەست ڕێژی کرد. یەکێك لە ئینزیباتەکان بەدەما رماو کەوتە سەر زەوی. دووەمیان لە پاڵ دیوارێکا دانیشتو هەر بە دانیشتنەوە گیانی دەرچوو. مەهدی هەر هەستاو کەوتە غاردان. بە دەم غاردانەوە تفەنگی ئینزیباتە مردووەکەی پاڵ دیوارەکەی هەڵگرت.

مەهدی هێشتا نەگەیی بووە ئەوسەری شەقامەکە کە لە دواوە بەرگوللە درا. مەهدی خێراتر کەوتە غاردان وخۆی گەیاندە دەرێی شار، لە کاتێکا هیتلەرییەکان دوورو نزیك بە دوایەوە بوون، مەهدی بەرەو گوندی "ڤلیکی دال" بۆوە.

ماریو بە هاوڕێیەکی تەنیشتی خۆیەوە کە ئەویش ماریو ئاسا جل و بەرگێکی شڕو شەپڕێو و سەیری لە بەربوو و هیچ مەعلووم نەبوو بۆچی کوڕەکان لە نێو خۆیاندا پێیان دەگوت"تننتە" واتا ملازم، گوتی:

– ئەمە میخائیلۆ بوو!

...بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی تریست ەوە شەڕێکی دژوار دەستی پێکرد.

یەکەم گوللە تۆپ ڕیزی لەشکرەکەی گوڵباخی شێواند. نازییەکان کە هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتبوو تۆپباران بکرێن، تەواو پەشۆکانو سەرەتا هەرچییەکیان دەکرد سەمتی تۆپبارانەکەیان بۆ دەست نیشان نەدەکرا!

پاشان دڵنیا بوون کە کەس لە ناو تریستەوە هێرشیان ناکەتە سەر...!بۆ ئەوەی بەر لە پارتیزانەکان بگرن، کە بە باوەڕی ئەوان لە چیاکانەوە هێرشیان هێنا بوو، کەوتنە سەنگەر گرتن. بەڵام نازیەکان هێشتا فریای دامەزراندنی تۆپخانەی خۆ نەکەوتبوون کە دیسان ئاگری تۆپو هاوەنیان بەسەر داباری. گوللە تۆپێك بەر ترێلەیەکی پڕ تەقەمەنی کەوتو ژمارەیەکی زۆری لە هیتلەرییەکانی کوشت ... گوڵباخ بۆی دەرکەوت کە پارتیزانەکان بەچاکیو جوانی سەنگەرەکانی ئەمان دەبینن، دەستوری دا بە شێوەیەکی کاتی بەرەو تریست پاشەکشە بکەن. ڕاستە کارانتی پێی گوتبوو ژمارەی پارتیزانەکان لە چیادا زۆر نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا پێویستی نەدەکرد خۆی تووشی بەڵا بکا: مادامێکی پارتیزانەکان زاتیان کردووە پەلاماری لەشکرەکەی گوڵباخ بدەن دیارە پشتیان بە شتێك قایمە!

نازییەکان پاشەکشەیان کرد.لەم کاتەدا نەخشەکەی سیرگی نیکولایوفیچ بە تەواوەتی سەری گرت. ئەو پارتیزانانەی کە لە قەراخ شار خۆیان لە بۆسەدا نابوو، وەستان تا نازییەکان نزیك بوونەوەو ئەوجا کەوتنە هێرش بردن. پارتیزانەکان ببوون بە دەستەی بچووك بچووكو لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ نازییەکان دەبردو، خێرا پاشەکشەیان دەکردو دەستیان بە هێرشێکی تازە دەکردەوە. ئاگری بێوچانی تۆپو هاوەنیش پشتیوانی هێرشی پارتیزانەکانی دەکرد.

فەوجەکەی هانری دویز بەوپەڕی قارەمانێتییەوە لە ناوەندی جەبهەکەدا سەرگەرمی شەڕ بوو: پارتیزانەکان نازییەکانیان نارنجۆکباران دەکرد. فەوجەکەی کوڕە بولغارییە تۆکمەکە لە قوڵێکی جەبهەکەوە بە تفەنگێن ئۆتوماتیکی هیتلەرییەکانیان دروێنە دەکرد. سیلویوف بە زرێپۆشەکەی ملی بە ئەڵمانییەکانەوە دەناو دەیکردنە ژێرەوەو تەقەی لێدەکردن. پاش ئەوەی کاری خۆی تەواو دەکرد لە پڕ ون دەبوو و لە ناکاودا لە شوێنێکی دییەوە سەری هەڵدەدا.

سەرەنجام نازییەکان گەیینە قەناعەت کە دوژمن هێزێکی گەورەی کردۆتە سەریان، حاڵبوکی پارتیزانەکان تەنیا دوو سەد کەس بوون، دوو سەد خەباتگێڕی دلێری ڕێگای ئازادی!.

گوڵباخ بۆی دەرکەوت کە لە قوڵی تریستەوە تۆپباران دەکرێن، یەکسەر ئەوەی بە بیرا هات کە کارانتی خیانەتی لێکردوون، کارێکی وای کردووە ئەڵمانییەکان هێزەکەیان لە تریست بەرنە دەرێو ڕێ بۆ هاوپەیمانەکان خۆش بووەو هێزیان دابەزاندۆتە ناو تریست. فەرمان بە لەشکرەکە درا بەرەو چیا پاشەکشە بکەنو لەوێ سەنگەری خۆیان بگرن: پاش ئەوەی کەمێ هێور ببنەوە ئەوسا فریادەکەون سەیرێکی بارودۆخ بکەنو بزانن لە پشت جەبهەی لەشکرەکەیانەوە چ باسە. بەڵام پاشەکشە بۆ کۆسار، بۆ ئەڵمانەکان زۆر خراپ بوو، تانکەکان بەسەر مینەکاندا ڕەت دەبوونو دەتەقینەوە، زەوی لە بەر پێی فاشییەکاندا دەلەرزی. لە قەراخ شارەوە تۆپو هاوەنیان بەسەرا دەباری، لە سەمتی چیاشەوە دەنگی تەقە بەرز بۆوە.

گوڵباخ کە لە داخا هار بووبوو، دەستوری بە پێش قەرەوڵەکانی خۆی دا رووی تۆپخانەکە دوور بوردەکان بکەنە شاری تریست.

کە تۆپخانەی دووربوردی گوڵباخ کەوتە تۆپبارانی تریست، فرەرۆ فرمانی بەهێزەکانی خۆی دا تەقە بوەستێننو بە دزییەوە دوور بکەونەوە. نەخشەکە جێبەجێ کراو لەشکری سەرکوتکاری دوژمن تەفرو تونا بوو.

ئەم ئۆپەراسیۆنە زۆر گران لەسەر پارتیزانەکان کەوت: هانری دویزو بولغارییە تۆکمەکە لەو "٢٠٠" کەسەی کە لەگەڵیان بوون تەنیا "٤٠" کەسیان گەیاندەوە بارەگای تیپ. بەڵام لەم ڕێگایەوە توانیان هێزی سەرەکی تیپەکە بپارێزن.

...پاش ماوەیەك، گوڵباخ بە پاشماوەی هێزە بەزیوەکەیەوە بێئەوەی تووشی هیچ جۆرە مقاوەمەتێك ببێ، چووە ناو تریستو بۆی دەرکەوت کە شار بەدەستی.... هیتلەرییەکانەوەیە! ئەو هیتلەرییانەی لە شاریش بوون زۆریان بەلاوە سەیر بوو کە تۆپخانەی خۆیان، شاری تۆپباران کردووە!.

گوڵباخ یەکسەر ناردی بە دووی کارانتیدا. هەواڵیان دایێ کە کارانتی کوژراوە. پاش ئەوەی دەستو پێی کارەکەرەکەیان کردبووەوە، باسی کردبوو کە شەوێ کابرایەکی نەناسو بەسام هاتبووە دیدەنی کارانتی. پاشان بۆیان دەرکەوت کە هەر زوو دوا بە دوای ئەم دیدارە، زەلامێك لە نزیکی شەقامی ڤیاڤورتونادا دینامیتی هەڵداوەتە ناو ترێلەی نازییەکانەوە. هەموو نیشانەکان ئەوەیان دەردەخست کە هەردوو کارەکە یەك کەس کردوونی.

ئەڵمانەییەکان تەقاندنەوەکەی ماوەیەك لەوە پێشی "ایل پیك کولو" و شەڕی نا ئەشکەوتەکەیان بیرکەوتەوە...

گوڵباخ دەستەیەکی تازەی نارده هانای ئەوانەوە کە تاقیبی مەهدییان دەکرد.

مەهدی بەر لەوەی خۆی بگەیەنێتە گوندی فلیکی دال، رێگایەکی دوورو سەختی بڕی. مەهدی ڕێگای خۆی گۆڕی ، بڕیاری دا تا نازییەکان دەگەنە ئەو دەوروبەرە ئیسراحەتێ بکاو ئەوجا بکەوێتە ڕێ. تەواوی خەڵکی گوندەکە هەستابوونە سەر پێ: هەراو هوریای شەڕ لەو دوورەوە دەگەییە ئێرە. جووتیارەکان هەرکە زانیان مەهدی پارتیزانە زۆر بە گەرمی و دڵسۆزی پێشوازییان کرد.

مەهدی خەوێکی قورسی لێکەوتبوو و جووتیارەکان هەموو رێگاو بانەکانیان خستبووە ژێر چاودێری.هێشتا نیو سەعاتێك نەبوری بوو کە کیژێك بە هانکە هانك خوێ گەیاندە ئەو ماڵەی کە مەهدی لێ خەوتبوو و هەواڵی هێنا کە ئەڵمانییەکان خەریکە گوند گەمارۆ دەدەن. جووتیارەکان مەهدیان خەبەر کردەوەو ڕێگای گوندی "ڤتوفلە"یان نیشاندا.

مەهدی دیسان لە دەستی دوژمن هەڵدەهات... لاقەکانی لە دووی نەدەچوون، زۆرجار پێی لە بەردان هەڵدەنووتاو بەدەما دەکەوت و دووبارە هەڵدەستایەوەو بێئەوەی ئاوڕی پاشەوە بداتەوە هەر دەڕۆیی و دەڕۆیی. لە ئەندازە بەدەر شەکەت بووبوو.

تاقەت وتوانای ئینسانیش سنووری هەیە!... هەر چوونێکی مەهدی بۆ تریست بە قارەمانێتیەك دەژمێردرا، چەندین جار چوو بووە ناو شاری تریست، چەندین جار خۆی بە لانە وبنکەکانی دوژمندا کردبوو و کاری وای کردبوو لە ئەقڵ بەدەر بوو، سەرکەوتووانەش دەرباز بووبوو.

ئێستاش شەکەتو ماندوو هەر ئەوەتا خۆی بە پێوە دەگرت، لە دەستی دوژمن هەڵدەهات "خۆزگە دەکرا تۆزێ ئیسراحەت بکەم، هەریەك ساتئیسراحەتم کردبا!"

گوندی ڤتوفلە لە بەردەمییەوە لەبەر روناکی هەتاوی هێشتا تەواو هەڵنەهاتوودا دەرکەوت. مەهدی جارەهای جار لەم گوندەدا شەوی رۆژ کردبۆوە. مەهدی خۆی دابوو بەسەر تفەنگەکەیداو بە لەقە لەق خۆی بەگوندەکەدا کرد. جووتیارەکان ناسیانەوە، شاردیانەوەو زامەکانیان بەست.

هیتلەرییەکان پاش دوو سەعات ئەم گوندەشیان ئابلوقەدا. هەموو رێگاکانیان گرت، تۆپخانەکەشیان هێنایە نزیکی گوند. هێشتا شەڕی ئەشکەوتەکەیان لە بیر مابوو، تۆپخانەیان بۆ شەڕی تاقە پارتیزانێکیش بە پێویست دەزانی.

غەڵبە غەڵب و هەراو هەنگامەی ناو کوچەو کۆڵانەکان مەهدی خەبەر کردەوە. لە پەنجەرەی ژوورەکەوە ڕوانییە ژێر جەمەلۆنەکە، سەیری کرد هیتلەرییەکان جووتیارەکانیان پێش داوەو بۆ مەیدانی گوندیان دەبەن. مەیدانەکە زۆر لەوماڵەوە کە مەهدی خۆی تیا شاردبووەوە دوور نەبوو.

نازییەکان، ژنی منداڵ لەبەر، پیرەمێرو تەنانەت نەخۆشیانیش لە ماڵەکان دێنایە دەرێ. سەگی ماڵان پەلاماری سەربازەکانیان دەداو هیتلەرییەکانیش تەقەیان لێدەکردن ودەیان کوشتن. هیتلەرییەکان بە قۆناغە تفەنگ بەر دەبوونە وێزەی جووتیارەکان. بەڵام هیچ جووتیارێك ئاخ و ئۆف لە زار نەدەهاتە دەرێ. بەڵام نازییەکان هەر هات و هاواریان بوو،. جووتیارەکان بێدەنگ و خامۆش، بەرەو مەیدانی گوندەکە دەڕۆیشتن. کە هەموو جووتیارەکان لە مەیدانەکەدا خڕ کرانەوە، ئەڵمانەکان داوایان لێکردن حەشارگەی پارتیزانەکەیان پێبڵێن، بەڵام تاقە جووتیارێك قسەی نەکرد. ئیدی هیتلەرییەکان کەوتنە هەڕەشەی ئەوەی کە ئەگەر شوێنی پارتیزانەکەیان پێ نەڵێن ئەوا گوندەکە دەسوتێنن و گەورەو بچوکی گوند، بە ژن و منداڵ و پیرەوە دەکوژن. خەڵکەکە مات و بێدەنگ و ئەبڵەق دەیان ڕوانییە نازییەکان.

مەهدی سەیری کرد نازییەکان بەتەمان هەڕەشەکەیان بکەن بە ڕاست، بە چاوی خۆی بینی کە بڵێسەی ئاگر لە یەکەم خانوو بەرزبۆوە، بینی کە خەریکە جووتیارکانیش کە لە مەیدانەکەدا وەستاون، گوللە باران بکەن. ماسولکەکانی دەموچاوی مەهدی گرژ بوون، تفەنگە ئۆتۆماتیکەکەی خۆی هەڵگرت. مەهدی نەیدەتوانی گیانی خەڵکی بێتاوان و بێگوناح بخاتە خەتەرەوە.

دەستڕێژێکی بە نێو نازییەکاندا کردو ژمارەیەکی لێخستن. ئەم دەستڕێژە گوندەکەی لە مەترسی سووتان و نابووتی وگیانی خەڵکەکەی لە چنگی مەرگ خەلەساند.

مهدی،بەم تەقەکردنە لە نازییەکان، شوێنەکەی خۆی بۆ کەشف کردن و نازییەکان بە هاواری شادییەوە هێرشیان بۆ ماڵەکە برد.

مەهدی لە دڵی خۆیدا گوتی: "تازە کارم کراوە" تۆپەکان ڕووی لوولەکانیان کردە ژووری ژێر جەمەلۆنەکە.

نەقیبی هێزی"S.S"ەکان هاواری کرد:

– تەسلیم بە! تەقەت لێناکەین!

مهدی وەڵامی نەدایەوە.

– بەرگری بێهودەیە! تەسلیم بە!

مهدی بێدەنگ بوو. لە دڵی خۆیدا دوعاخوازی لە هەموو ئەو شتانە دەکرد کە لە دڵیا شیرین و خۆشەویست بوون. شاران و خەڵکی لەبەر چاوی بەرجەستە دەبوون. شارانی ئازیزو خۆشەویست! باکۆ، شەقامی قاسم ئیسماعیلوف کە سەردەمی منداڵیی خۆی لەوێ قەتاند بوو، هونەرستانی هونەرە جوانەکان... مۆسکۆ – دەتگوت دەنگی زەنگی سەعاتەکانی بورجی سپاسکی دەژنەوێ!... لینینگراد، رووباری نڤا، خورە خوڕی ئاوی زوڵاڵی نافورەکانی کۆشکی

پتر هوف. تەفلیسی جوان، ستالینگرادی قارەمان!... وڵاتی گەورەو بەرین!... خەڵکی هێژاو خۆشەویست... سیرگی نیکۆلایوڤیچ ی خۆڕاگرو میهرەبان، ڤاسیا! ڤاسیای ئازیز! داپیرەی کە ئەمی بەخێوکردبوو... هەستی دەکرد داپیرەی بە دەستی خۆی کە لە پیریدا زبر بووبوون دەست بە قژیدا دێنێت و بە ئەسپایی دەڵێت: "کوڕم... مەهدی... مەهدی، من دەمویست بەم شێوەیەت پەروەردە بکەم... تەنیا بەم شێوەیە".

نازییەکان چاوەڕێی وەڵامی پارتیزانەکە بوون، بەڵام چ وەڵامێ نەبوو.

هەنگێ نەقیبی هێزی "S.S"ەکان یەکێك لە پیرەمێرانی گوندی گازکردو ئەمری پێکرد کە بچێ بە پارتیزانەکە بڵێ ئەگەر خۆی تەسلیم بکا، نازییەکان بەڵێن دەدەن کە نەیکوژن. بەڵام ئەگەر مقاوەمەت بکا ئەوا بە تۆپ دەیکوژن... پێنج دەقەقەش بۆ ئەو، تا بیربکاتەوە.

یارۆی پیرەمێرد، مات و بێدەنگ بەرەو خانووەکە چوو، خۆی وەژووردا کردو چوو بۆ ژووری بن جەمەلۆنەکە. ئەم خانووە ماڵی ئەو بوو. مەهدی چەندینجار لە ماڵی ئەم پیرەمێردەدا خۆی شاردبووەوە. پیرەمێرد، کە گەییە ئاستی مەهدی بەسیمای خەمبارەوە لەبەردەمیا وەستا.

مەهدی بە ئەسپایی پرسی:

– تینتی، چییە؟

– کوڕم، بۆ من زەحمەتە...

مەهدی بزەیەکی کرد:

– بڵێ بزانم بە چ پەیامێکەوە تۆیان ناردووە؟

پیرەمێرد گوتی:

– نا، ئەوەی پەیامەی ئەوان بە زمانی مندا نایەت!

– سوپاست دەکەم تینتی!

پیرەمێرد، بەگازاندەوە گوتی:

– باشە تۆ بۆ شوێنەکەی خۆت بۆ کەشف کردن؟

– تینتی ئەم کارە پێویست بوو...

– ئاخر ئەوان دەیانویست ئێمە بترسێنن.. لە کوێ دەیانزانی کە تۆ لێرەی؟

– تینتی، ئەم"ترساندنە" زۆر لەسەر ئێوە دەکەوت...

پیرەمێرد، بە نەوازش و میهرەبانییەکی باوکانەوە سەیری مەهدی کردوئەوجا گوتی:

– پاش چوار دەقەقەی دی دەکەونە تۆپباران...

– تینتی من خەمی خانووەکەی تۆمە.

پیرەمێرد، کە بە زەحمەت جڵەوی فرمێسکەکانی خۆی دەگرت گوتی:

– ئێمە لە شوێنی ئەم خانووەدا باخچەو گوڵستانێکی گەورە دروست دەکەین و پەیکەری میخائیلۆی سەربازی جەنگاوەری شورەوی تیا دادەنەین...کورانی ئێمەو کوڕی کوڕەکانمان پشتاو پشت داستانی تۆ بۆ یەکدی دەگێڕنەوە.

– تینتی خوا حافیز، ئێوه خەڵکانێکی ئابڕومەندن... قەدری خۆتان بزانن‌و ئابڕوتان بپارێزن! هێشتا تەجرەبەی سەخت‌و دژوار لە پێشن.

– میخائیلۆ، ئێمە تۆ لە بیر ناکەین.

–تینتی خوا حافیز!

پیرەمێرد، خاوە خاوی لە دەرچوون دەکرد. مەهدی پەلەی لێکرد:

– تینتی بڕۆ، تەنیا یەك دەققە ماوە!.

تینتی بەبێ مەیلی لە خانووەکە دەرچوو. بە کاوەخۆ لە قاڵدرمەکانەوە دادەبەزی.

مەهدی کە بینی نازییەکان خەریکە سێرە لە ژووری ژێر جەمەلۆنەکە دەگرن هاواری کرد:

– تینتی، خێراکە؟

وەختی تینتی لە خانووەکە وەدەرکەوت، نەقیبی"S.S"ەکان بەرەو رووی غاری دا سەعاتەکەی پێنیشان داو بە پەرۆشەوە گوتی:

– چیت کرد؟ مۆڵەتەکە تەواو بووە!

پیرەمێردەکە بە کورتی وەڵامی دایەوە:

– ئەو بە خۆی ئەمە دەزانێ.

نەقیبەکە دانەکانی جیڕ کردنەوەو فەرمانی دا:

– لێدەن!

هەرکە نازییەکان دەستیان بە تەقان، بەرەو ژوورەکەی ژێر جەمەلۆنەکە کرد، بارانی نارنجۆکیان بەسەرا داباری. نازییەکان خۆیان لە پشت خانووەکەوە،حەشاردا. دەیانزانی زەخیرەی نارنجۆك‌و فیشەکی پارتیزانەکە هێندە زۆر دەوام ناکا. مەهدیش دەیزانی نازییەکان بە تەمای چین، بۆیە چاوەڕێی دەکرد تا سەر لە نوێ هێرش بکەنەوە. نازییەکان سێ هێرشیان کرد، بەڵام هەر سێجارەکە شکان‌و کوژراوەکانیان بەجێ هێشت‌و پاشەکشەیان کرد.

بەڵام زوو توانیان خۆ بە خانووەکەدا بکەن. مەهدی گوێی لە هات‌و هاواریان بوو، کە بە قاڵدرمەکانا سەردەکەوتن، مەهدی دوا دوو نارنجۆکی هەڵدایە ناویانەوە. نازییەکان بەسەر قاڵدرمەکانا خل بوونەوە. لەم کاتەدا گوللەیەك بەر شانی چەپی مەهدی کەوت‌و ئێسقانەکەی شکاند...خوێن لە برینەکەی دەڕۆیی‌و هەر تەقەی دەکرد. دوا فیشەکی تەواو بوو، تفەنگەکەی کپ بوو.هەنگێ مەهدی دەمانچەکەی بیرکەوتەوە، بە زەحمەت لە گیرفانی دەری هێنا، یەدەکی دەمانچەکە تەنیا چوار فیشەکی تێدا مابوو. مەهدی لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا: "یەکێکیان بۆ خۆمە!" سێ گوللەی بە هیتلەرییەکانەوە نا و شتاقیان بە خەسار نەچوو.

مەهدی لەدڵی خۆیدا گوتی: "ئێستا تەواو. وەختی ئەوە هاتووە کە...."

لە پڕ چاوی بە جانتاکەی کەوت کە لەو گۆڕە کەوتبوو، چۆن جانتاکەی فەرامۆش کردبوو! خۆ هەر یەك پاکەت دینامیتی هەڵدایە ناو ترێلەکە، پاکەتەکەی دی لە جانتاکەدایە! مەهدی کەپسول و تەرەقەکانیلە گیرفانی دەرهێنا، تەرەقەیەکی دە دەققەیی هەڵبژاردو بە ددان

کەپسولەکەی هەڵپچڕی و خستییە ناو دینامیتی ناو جانتاکەوە و جانتاکەی لە ناو دەرگای ژوورەکە دانا...

وەختی کار گەیی... مەهدی دەمانچەکەی سەح کردەوە. تەنیا یەك فیشەکی تێدا مابوو. دەستی چەپی لە کار کەوتبووو مەهدی هەستی دەکرد چۆن خوێن لە دەستی دەڕوات... نازییەکان دەستیان لە تەقە کردن هەڵنەدەگرت. مەهدی چاوی نوقاندو بە کاوەخۆ لوولەی دەمانچەکەی لە دڵی خۆی نزیك خستەوە... دوا شەڕی قەراخ ستالینگرادی بیرکەوتەوە کە چۆن فیشەکێکی نا بەسەر دڵی خۆیەوە تا بە یەخسیری بەردەستی ئەڵمانەکان نەکەوێ.ئەو کات گوللەکە بە تەنیشت دڵیا ڕەت بوو نەیکوشت... پاشان خەڵکانی دی هەوڵی کوشتنیان دەدا، بەڵام ئەو هەر نەمردو ژیاو خەباتی کرد. مەعلومە کە خەڵکانی وەکو مەهدی بۆ ژیان هاتوونەتە دنیاوە! بەڵێ بۆ ژیان! ... بۆ ئەوەی بژین!.بەڵام ژیان بە مەرجی ئابڕو پاراستنی خۆ! مەهدی بە ترسەوە بە خۆی دەگوت:"فیشەکەکەم بە فیڕۆ نەچێ!نەکا فیشەکەکەم بە فیڕۆ بڕوات!..".

هەموو بوونی مەهدی بە مەرگ نا قایل بوو. ئێستا کە دەبێ لە ڕێگای خەباتا چەند هەنگاوێ بنێ، تا وەکو سەربازی تابلۆکەی خۆی هەقی گەڕانەوە بۆ وڵاتی هەبێ ،حەیف نییە بمرێ! ئێستا کە ئەم هەموو تابلۆیە ماوەو هێشتا ڕەسمی نەکردوون ئاخر چۆن بمرێ! هێشتا ئەم هەموو کارە ماوەو ئەنجامی نەداون،! لە کاتێکا پێویستە بەرگری لە سەرکەوتنی هەرە گەورەو سەخت بکا، حەیف نییە بمرێ! مەهدی بە هەموو بوونییەوە دژی بیری مەرگ بوو.

بە ئاستەم پەنجەی لە پەلەپیتکە توند کرد – ئەمجارە گوللەکەی بە فیڕۆ نەچوو...

لەشی نوشتایەوە، لە چوارچیوەی پەنجەرەکەوە هاتە دەرێ، دەیان گوللە چوون بە لەشیا وسارد بوونەوە. ژنانی گوندی ڤتوفلە گەرمەشینیان بەرپا کرد، داخ ناخی پیاوەکانی سمی. بەڵام نازییەکان بە شادییەوە بەرەو خانووەکە غاریاندا... پەیژەیەکیان دۆزییەوە، یارۆی نەقیب لە پێش هەموویانەوە سەرکەوت. هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە جەنازەکەی مەهدی کە بە پێکەنی شادییەوە دەستی بەتەقان کرد.نزیکەی چل هیتلەری هڕیان کردبووە ژووری بن جەمەلۆنەکە، دەیانویست ئەو پارتیزانە ببینن کە لەم دواییانەدا ئەو هەموو حەشرەی پێکرد بوون. بەسەر سامیو کونجکاوییەوە دەیانڕوانییە مەهدی... چ شتێکی نا ئاسایی لە مەهدی دا بەدی نەدەکرا... وەکو هەموو پارتیزانەکانی دی بوو.

یارۆی نەقیب بە قاقای پێکەنینەوە هاواری کرد:

– گوللە بارانی بکەن! گوللە بارانی بکەن!

لەشی مەهدییان بە گوللە دابێژا. بەڵام ئەو هەستی بە هیچ ئازارێك نەدەکرد. دەمووچاوی ئارامو بە سام بوو!... هیتلەرییەکان لە جەنازەکەشی دەترسان، تەقەیان دەکردو گوللەیان پێوە دەناو کەیفیان بەوە دەهات کە مەهدی نەیدەتوانی دەستیان لێبکاتەوە.

جەستەی کون کونی مەهدی بەرە بەرە لە پەنجەرەکەوە خزیو بە قورسی کەوتە سەر شەقامەکە. ڕێك لەم کاتەدا گرمەیەکی هەورە تریشقە ئاسا دنیای هێنایە لەرزە. نازییەکانی بن

جەمەلۆنەکە شتاقیان بە سەلامەتی دەرنەچوون، هەموویان بێ ڕیزپەڕ کەوتنە ژێر دارو پەردووی وێرانەی سووتاو ودووکەڵاوی خانووەکەوە.

مەهدی تۆڵەی دەستاند، تەنانەت جەنازەکەشی تۆڵەی دەستاند.

ئەو نازییانەی بەخت بەهانایانەوە هاتبوو و رزگار ببوون، بە هەڵەداوان لەم گوندە، لەم گوندەی کە خانووەکانی لە خۆوە دەتقینەوە، وەدەردەکەوتن وبە ڕاکە ڕاك دەگەڕانەوە! یەك سەڵەف و بێ ئاوڕدانەوە غاریان دەداو وایان وێنا دەکرد کە هەر ئیستا زەوییەکەی ژێر پێیان لە پڕا دەتەقێتەوە، وەکو چۆن ئۆردوگاکەیان، وەکو چۆن ڕستورانی فراڤینەکەیان، وەکو چۆن هۆڵی سینەما و گازینۆکانی جێگەی ڕابوادن و عەیش و نۆشیان ، یەك یەك تەقینەوە! نا، دەبێ خێراکەن و تا زووە خۆیان لەم کوشتارگەیە رزگاربکەن!.

لەم کاتەدامندالآن و ژنان، لاوان و پیران، هەموو خەڵکی گوندی ڤتوفلە ماڵاوایيان لە جەنازەکەی مەهدی دەکرد.

تینتی پیر رووی کردە خەڵکەکەو دەستی بە قسان کرد:

– میخائیلۆ پێی وتم ئێوە خەڵکانێکی ئابڕومەندن. گوتی پێویستە قەدری ئابڕوی خۆ بزانین و بیپارێزین. گوتی هێشتا تەجرەبەی سەخت و دژوارمان لە پێشە...

خەڵکی ڤتوفلە سوێندیان خوارد کە میخائیلۆ لە بیر نەکەن.

مەهدییان لە بناری گردێکی بەرزو جواندا بە خاك سپارد. خەڵکی شەوو رۆژ پاسەوانی گۆڕەکەی ئەم قارەمانە ناودارەیان دەکرد.

جووتیارانی گوندەکانی دیکەش دەهاتنە سەر گۆڕەکەی مەهدی. کیژانی گوندی گرانیکش هاتنە سەر گۆڕەکەی و چەپکە گوڵی تەڕو تازەی وەنەوشەیان لەسەر گۆڕەکەی دانا. بە رووسی بەم گوڵانە دەوترا "چاوانی انوتا" یەك خەرمان گوڵ لەسەر گۆڕەکەی مەهدی کەڵەکە بوو، خەرمانە گوڵەکە بەردەوام بەرزترو گەورەتر دەبوو. خەڵکی پۆل پۆل دەهاتن و دەهاتن...

***

ڕۆژێکی مانگی نیسان بوو، دنیا زۆر خۆش بوو. فڕۆکەی سووکەڵەی مەشقی، باڵ بە ئەستێرەی سوور نەخشێنراو، یەك یەك لە فڕۆکەخانەی مەشقی، نێو دەشتە بەرینەکانی ئۆکرانیا دەنیشتنەوە.

خانوو و تەلارێن چکۆلەی سەر بەقرمیدی شێنباوی جوان بە تەنیشت یەکەوە گیرسابوونەوە. یەکێك لە یانە فڕۆکەوانییە وەرزشییەکان، کە نموونەیان لە سەرانسەری ولآتی شورەویدا زۆرە، لێردەدا گیرساوەتەوە. ئەمڕۆ سیرگی نیکۆلایوڤیچ لوبیموڤی، سەرهەنگی هێزی ئاسمانی،بە مەبەستی دیدەنی فرۆکەوانە گەنجەکان هاتووە بۆ ئێرە.

فڕۆکەوانەکان –ئەو لاوانەی کە هەتاو دەموچاوی بردبوون و قژیان بەسەر هەنیەیاندا رژابوو دەیانزانی ئەم سەرهەنگە لە ژیانی خۆیا چ ڕێگایەکی سەخت و پڕ لە شانازی بڕیوە!

کە شەو داهات و، تەشقی گەرمای رۆژ شکا، فڕۆکەوانەکان تکایان لە سیرگی نیکۆلایوڤیچ کرد کە کورتەیەکی ژیان و بەسەرهاتی خۆی بۆ ئەوان بگێڕێتەوە.

سەرهەنگ کە لە گەڵ فڕۆکەوانەکاندا لە خوارنگەکە دانیشتبوو ئەوەی بۆ باسکردن کە میخائیلۆی پارتیزانی ناودار چۆن ژیا، چۆن شەهید بوو، بە چ تاقیکردنەوەیەکی زۆرا رەت بوو، چەند قارەمانێتی لە پشت جەبهەی هیتلەرییەکانەوە ئەنجام داو بە چ چەلەنگی و بیرتیژییەك هەوڵیدەدا پەی بە نهێنی رووداوەکانی ئەو رۆژگارە بەرێت، چۆن تابلۆی دروست دەکرد، چۆن لە پێناوی ئەوەی کە خەڵکی بتوانن شاران دروست بکەن.باغان پەروەردە بکەن، کتێبان بنووسن‌و منداڵانی خۆ پەروەردەو بە خێو بکەن، دەجەنگی.

ئەو شەوە، لە یانەی فڕۆکەوانیدا، هەموو فڕۆکەوانەکان بێ ئەوەی مەهدییان دیتبێ وایان تەسەوردەکرد مەهدیان لەگەڵدایە...

لیدیا پلانیچکا بە شەقامەکانی پراگدا دەڕۆیی. دەستی کوڕەکەی، ڤاسیای گرتبوو و لە قوتابخانەوە بۆ ماڵ دەبردەوە، ئەو ڤاسیایەی لە ناو "تیپی پارتیزانی"داو لە ڕەخی دەریای ئادریاتیك هاتبووە دنیاوە.

دەستەیەك پێشەنگی دیدەوانی بە ناوەندی شەقامەکەدا ڕەت دەبوو و لیدیا پلانیچکا باسی ژیانی ئەو مرۆڤە شورەوییەی بۆ ڤاسیای کوڕی دەکرد کە لە جەنگدا گیانی خۆی بەخت کرد،تا کوڕەکەی ئەویش، ڤاسیاش بتوانێ ببێ بە پێشەنگ .

کە مارکوس دابی قژ زەردی، قژ ئاگرین پاش ئاوارەییەکی زۆری نێو ئۆردوگایانی تایبەتی، بۆ مەجەڕستانی نوێ گەڕایەوە، کوڕەکانی پێشەنگ بوون.

مارکوس دابی بوو بە بەرپرسی یەکێك لە دەزگا هەرەوەزییە جووتیارییەکان.ئەم هەرەوەزییە خاوەنی ئەو زەوی و زارانە بووکە کاتی خۆی هی یەکێك لە نەوەکانی بنەماڵەی (استرهازی) بوو.

مارکوس دابی، هەردوو دەمانچە توپڵییەکەی خۆی کە، جەنگی لە پێناوی ژیانی نوێ و پرشنگدارا، بەو دوو دەمانچەیەوە دەست پێکردبوو،بە دیواری ژووری پێشوازی کۆشکەکەی جارانی استرهازی یەوە هەڵواسی.

کە باسی ئەم شەڕەی دەکرد، زۆرجار ناوی میخائیلۆی دێنا، مارکوس هەرچەندە ناوە ڕاستییەکەی میخائیلۆی (مەهدی حسین زادە)بە غەڵەت تەلەفوز دەکرد، بەڵام جووتیارەکان بەو حاڵەشەوە، هەناسەیان لە خۆ دەبڕی و بە تاسەوە گوێیان لە قسەکانی دەگرت.

لویچی فرەرۆ لە ڕێگای رۆژنامە پێشکەوتنخوازەکانی ئیتاڵیاوە بۆ سەدان هەزار کەسی گێڕایەوە کە لە رۆژانی شەڕی سەخت و مەرگباری، دژە فاشیزمدا چ کەسانێك لە ژێر سەرکردایەتی ئەوا بوون.هەمان ئەو پارتیزانە ئازایانەی کە پاشان لە ئیتاڵیادا خرانە زیندانەوە و غەددارانە لە باخە زەیتونەکانی ناپولیدا یا لە قەراخ شاری رۆمدا گولله باران کران.

فرەرۆ باسی میخائیلۆشی کردو ڕایگەیاند کە پارتیزانەکان پاشماوەی ئێسك‌و پروسکەکەیان گواستەوە بۆ "چیکوانی" و دوا کڕنۆشیان بۆ مەزارەکەی بردو ڕۆژی ناشتنەکەیان کرد بە رۆژی تازیەباری.

ئێستا لە نزیکی چیکوانی، کێلێکی گەورە لەسەر گۆڕێك چەقێنراوە و لە سەری نووسراوە:

"بنوو ئەی مەهدی خۆشەویستی ئێمەو ڕۆڵەی بە ئەمەك و كارامەی خەڵكی ئازربایجان! یادی قارەمانییەكانی تۆ لە پێناوی ئازادیدا، هەمیشە لە دڵی دۆستانی تۆدا زیندووە".

بەڵێ، خەڵكی مەهدی لە بیرناكەن: مەهدی شەهید بوو تا خەڵكی بژین، تا وڵاتی ئێمە پڕ بێ لە گوڵ و شكۆفە!..

داپیرەی زورهان تا دوا هەناسەی تەمەنی خۆی هەر چاوەڕوانی مەهدی بوو — داپیرە دنیای بە جێ هێشت و هەر دڵنیابوو كە مەهدی زیندووە. خوشكان،هاوپۆلانی مەهدی، دۆستەكانی مەهدی بە جۆرێ باسی مەهدیان بۆ داپیرە دەكرد كە زیندووەو هاتنەوەی لە ئەمڕۆ و سبەیدایە،دەبێ چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو بێت.

ئەوان لە ڕاستیا درۆیان دەگەڵ داپیرەدا نەدەكرد: چونكە مەهدی لای ئەوان زیندووە و قارەمانێتییەكانی زیندوون و نایەڵن ناوی كوێر بێتەوە.

دوژمنانیش تا ماوەیەكی زۆر مەهدییان لە بیر دەمێنێ! شولتس قەت مەهدی لە بیرناكات. لە دەست دانی لاقێكی نابێتە ڕێگر لەوەی كە بە دڵ وگیان ار بۆ ژیانەوە"وهرماخت" بكات،و وادیارە كاتێ ئۆقرە دەگرێ كە سەری خۆی دابنێت.

مەهدی لە كاتی شەڕا، دوور لە خاكی وڵاتی خۆی، لە ڕەخە دوورەدەستەكانی دەریای ئادریاتیكدا نەیتوانی تابلۆكەی خۆی تەواوبكات. بەڵام تەماشاكردنی تابلۆ نیوە چڵەكەی مەهدی بۆ دوژمانی مەهدی بە كەڵكە: لەم تابلۆیەدا سەربازێكی چەلەنگی شورەوی، كە بە خوێن سەركەوتنی بە دەست هێناوە، بەرەو پیری گزنگی خۆر دەڕوا. دەورو بەری ئەو—خاكی زێد و زاگە وئازیزی ئەو بە زێوەری بەهاری ڕازاوەتەوەو پڕە لە هەڵهەڵەی شادی .سەربازەكە، بەختیارو لە هەمان كاتدا وریاو گوێ قوڵاغە، وای بە حاڵی ئەو كەسەی بیەوێ ئەو شادییەی لێ تێكبدا.

كۆتایی

*بڕوانە كتێبی: دور ازمیهن / ع، قاسموف*

*ترجمە: ح، سعید بیلی*

*چاپی چوارەم / پایزی ١٣٦١*

*لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٨٧دا لە یاخسەمەر تەواوم كرد.*

*ح. ع*